# خودایێکی ڕاستەقینە لە مرۆڤێکی ڕاستەقینەدا

نوسینی

فواد عوسمان

ئەم کتێبە

بۆ ناسینی خودایە لە دەرەوەی ئاینەکان

## وتەی نوسەر

غەریزەی باوەڕبوون بە خوداو سۆزبەخشین پێی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزو وزە خۆڕسکەی کە بوون وژیانی هەر شتێکە. کە هیچ کەسێک ناتوانێ بەبێ بوونی ئەو غەریزەیە بژی، چونکە خودی ئەو غەریزەیە سەرچاوەکەی لە خوداوەیە .هەربۆیە بە درێژایی مێژوو ئەو غەریزەیە بە گوێرەی دەرکەوتەو دەرهاوێشتەی بیروباوەڕی خەڵک گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە . وە تێکەڵ کراوە بە کاریگەریەکانی دەوروبەرو بەستراوەتەوە بەو کەلتووو فەرهەنگە ناوچەییانەی کە بوونەتە ئاین لە دواییدا .

ئەو هەستە ئاوێتەی هەموو شتێک بووە . تا لە دەرەنجامدا ئەفسانەی (پەیوەندی مرۆڤ بە خودا) سەری هەڵداوە. ئینجا ئەفسانەی قسەکردنی خودا (بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ) لە دایک بووە. دەرەنجامی ئەو پەیوەندیەش بۆتە سەپاندنی ئەو تێڕوانینە لاهوتیانەی کۆمەڵێک نوخبەی نێو کۆمەڵگا بۆتە پڕەنسیپ وبیروباوەڕی تەواوی خەڵکی ناوچەیەک وپشتگیری ماددی و مەعنەوی خەلکەکەش لە پێناو پاراستنی کەلتووری کۆمەڵگاو پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی کۆمەڵی دامەزرێنەر وای کردوە کە بە کۆمەڵێک بەڵگەو بەهانەوە پەل بکێشێ بۆ دەوروبەر یان سەپاندنی بە زەبری هێز بەناوی خوداوە. هەموو ئەو بابەتانە بۆ برەودان و گرنگی پێدان و بەردەوامی دان بووە بەو غەریزەیە (هەست بە خودا کردن )

خوداناسی یەکەم لەسەر بنەمای غەریزە بەشێوەیێکی دروست هاتۆتە دونیا. ئینجا بە تێپەڕبوونی کات ،خەڵک خووی پێوە گرتوەو بە گوێرەی فەرهەنک و پڕەنسیپەکان، کەسایەتی وخوڕەوشتەکەی قاڵبی وەرگرتوە. سەیرەکەش لەوەدایە کە هەر لەنێو خودی پەیڕەوە ئاینیەکاندا ئەو کاریگەربوون و خو پێوەگرتن و لە قاڵب دانانە بەکارێکی نەشیاو دەزانێ کەچی هەرخۆیشی بە بیانوی باوەڕو ئیمان و ملکەچی وگوێڕایەڵی و

بەندایەتی ڕەواج وبرەوی پێدەدا. لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ جار دەرەنجامەکان سلبی بوون ، بەڵام هەندێ جاریش ئیجابیاتی چاکی هەبووە. کە واتە چۆنیەتی ئاراستە کردنی ئەو غەریزەیە کاری سەرەکی مرۆڤە. دەبێ بزانێ چۆن ئنراستەی دەکات و بۆ کام مەبەست و ئامانج.

بەو پێوەرە هەرشتێک ئاراستەیەکی خۆی هەیە بۆ ئەو ئامانجە ، بۆیە

ناتوانرێ وا بە ئاسانی ڕاست و هەڵە یان چاک و خراپی ئەو بابەتە لێک جیابکەینەوە، یان هەموو شتەکان کۆک بن لەسەر یەک ڕێگەو هەرشتێک داماڵرێ لە ڕێگە تایبەتیەکەی خۆی. لەو حاڵەتەدا ئەو بوونانەی کە ئەرک پێ سپێرراون جیا بکرێنەوە لەو بوونانەی کە نیشانەن بۆ ڕێنمایی کردنی ئەرک پێ سپێردراوەکان. بوونە ئەرک پێ سپێردراوەکانیش بریتین لە هۆشمەندەکان (بۆ نموونە: مرۆڤ) .هەرچەندە لە ڕاستیدا هەموو هەبوێک ئەرک پڕ سپێرراوە. هیچ هەبوێک بێ ئەرک وبەرپرسیارێتی و بێ مەبەست نیە لەهەمان کات. بگرە ئەو ئەرک و بەپرسیارێتی و مەبەستانەن کە بوونەتە بونیادی هەبوونی هەر شتێک .

بەڵام تیشک خستنە سەر ئەرکی مرۆڤ وەک سەرداری زەوی و سەنتەری ئاوەدان کردنەوەو ڕێکخستنەوی سردشت و گەشەپێدان بە ڕۆڵی هزرو تێگەیشتن لە شتەکان ، مانابەخشین پێیان ، کارەکەمان ئاسانتر دەبێ لەوەی کە مرۆڤ ڕۆڵێکی سەرەکی یان کاریگەرر زیاتری هەبێ . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدامرۆڤ یەکسانە بە هەر شتێک کە هەیە.

ئەم جیاکاریە نابێتە بەهانە بۆ خۆ سەپاندن . لە هەمان کاتیشدا پارێزگاری کردن لە ئەزموونە دەستهاتوەکان و کاریگەری کەلتوورو فەرهەنگەکان نابێتە بەهانەی شەرعیەت دان بە دروست کردنی هەر ڕێچکەو ڕێبازێک بەناوی خوداوەو بەخشینی میدالیای مافی ڕەهوای ڕەها تا سەر.

ناڵێم با ئاینێکی تر دامەزرێنین، چونکە بە بیانوی پارێزگاری کردن لە ئاین و ئەو قسانەی کە بە ناوی خوداوە لەنێو پەڕاوە تەقدیسکراوەکانیانەوە ، پارێزگاری لەو کەلتوورە باوە سەپێنراوانە کراون کە تەمەنیان هەزاران ساڵە لەنێو کۆمەڵگاوتەنانەت کاتی گۆڕینیانی هەزاران ساڵە تێپەڕیوەو کەچی کەس ناوێرێ دەستیان بۆ بەرێ لەبەر تەقدیس کردنیان. بۆیە نامەوێ کەلتووری هیچ ئاینێک بە نموونە بێنمەوە. چونکە نموونە هێنانەوە لە هەر ئاینێکدا ، دەبێتە مایەی تیروتوانجی شوێنکەوتوانی و بە ئەنتی ئاینێکی دیاریکراو لێکدەدرێتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ،خودا مافێکی سرووشتی و بنچینەیی خۆمانە کە باسی لێوە دەکەین ، ئیدی لە کوێوە یەکدەگرینەوە یان دەبین بە هاودژ، کارمان پێی نیە و لەسەری ناوەستین و موجامەلەی کەسیش ناکەین ڕێگەی خۆمان بۆ خۆمان و ڕێگەی خۆیان بۆ خۆیان. نە دەچینە سەر ڕێگەی کەس و کەسیش بە زۆر ناخەینە سەر ڕێگەی خۆمان باوەڕی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە(کە هەر کەسەو دەبێ شوێنکەوتەی عەقڵی خۆی بێ ، نەک هیچ کەس شوێنکەوتەی هیچ کەسێک بێ) .

ئەمە سەبارەت بە غەریزەی خودا کە لێکەوتەکەی ئاینە. بەڵام خاڵێکیتر کە بووە هەوێنی خوێندنەوەیەکی تازە بۆ بابەتی خودا لەم پەرتووکەدا، ئەویش بابەتی ڕیکلام و بانگەشە بۆ خودا بەدیوە ئەرێنیەکەی وچاوپۆشی کردن لە دیوە نرێنیەکەی . وەک خودای ڕووناکی یان خودا ڕۆشناییە . ئەگەر خودا ڕۆشنایی بێ ،ئەی تاریکیە لە بەرامبەر ئەو دا کە هێزەکەی یەکسان وهاوتا دەبێتەوە چی؟ ئایا ئەویش خوداییێکیترە؟ یان خودای چاکە. ئەی خراپە چیە؟ ئەویش خوداییێکیتر سەرپەرشتی دەکا؟ یان خودڵی پاکی. ئەی پیسی چیە؟ ئایا ئەویش خوداییێکیتر سەرپەرشتی دەکا؟ یان خودای جوانی. ئەی دیوە ناشیرینەکە چیە؟ ئایا ئەویش خوداییێکیترە؟ هەموو ئەمانە خوداییێتی بەو خوێندنەوە ئاینیانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی کە حەقیقەتی خودا وەک خۆی باس بکەم لە ڕوانگەی خۆمەوە. بەبێ چاوپۆشی کردن وشەرم کردن لەو حەقیقەتە.

پێشەکی

بیرم لە پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە کردەوەو بە چاکم زانی لە شێوەی مەنهەج بیخەمە دوو توێی کتێبێکەوەو وەکو یەکەم هەوڵی لەم شێوەیە بۆ ئاڕاستە کردنی ئارەزوومەندان و هەواداران و ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ خۆیانی لێ بەهرەمەند بکەن و ئەوانەش کە دەیانەوێ خۆیانی پێ بەهێز بکەن و کانیاوی بیرو هۆشیانی پێ دەوڵەمەند بکەن و خۆیانی پێ ئاڕاستە بکەن بەبێ ئەوەی خۆیان وا بەستە بکەن بەهیچ کەسێکەوە. دڵنیام ئەو کتێبە سوودی زۆری دەبێ ،بۆیە هەوڵم دا خۆمی پێوە ماندوو بکەم و لە کاتی خۆمی پێ ببەخشم ولە تەمەنی خۆمی لەسەر دانێم . چونکە دەزانم ئارەزوومەندان شایەنی باشترینن . ئیتر وشەی شوێنکەوتەیی لە فەرهەنگی من دا نییە . بەڵکو تەنها وشەی ئارەزوومەندی لە فەرهەنگی من دا هەیە

ئەم کتێبە

لە دوو تەوەری سەرەکی پێک دێت کە بریتیە لە هەردوو تەوەری (خودا، مرۆڤ) وپەیوەندی نێوانیان ، خوێندنەوەیەکی نوێیە لە بابەتی خوداناسی و خودناسی . ئەمە وە نەبێ کە یەکەم هەوڵ بێ ، بەڵکو هەوڵی تر هەبوون وەک موعتەزیلەکان و ابن عەرەبی و جلال الدین ڕومی وچەندانی تر ، بەڵام ئەمانەو چەندانی تریش هەر لەنێو خودی ئاین هەڵتۆقیون ، واتە دووبارە شەرعیەتدانەوە بە ئاین لە بەرگێکی تازەدا کە ئەمە بەهەموو شێوەیەک لەنێو ئەم کتێبەدا ڕەت کراوەیەو بێ ئاینی کراوەتە بنەما لەنێو ئەم پەرتووکەدا . چونکە لە سەردەمی تازەدا ئاین هیچ وەزیفەیەکی نەماوە کە ئەدای بکا . هەرخۆی ئاین لە بۆشایی نەبوونی یاسادا بەشێوەی قۆرخکاری لە سەردەمانی ڕابردوو لە دایک بوو . واتە بۆ سەردەمی خۆی سەرئێشە بوو، بۆ سەردەمی ئێمە پڕ کێشەیە.

لەم کتێبەدا بە هەموو شێوەیەک خودای بەرجەستەکراو لە کۆمەڵێک کەلتوورو فەرمان و یاسای عورفی وناوچەیی و خودای بەرجەستە کراو

لە داروبەردو توخمەکانی سرووشت و خودای خەیاڵی و خودای بوونێکی دیارکراو. بە هەموو شێوەیەک خودای خاوەن سیفەتە ئاژەڵی و مرۆییەکان و خوڕەوشت ونەریتە کۆمەڵایەتیەکان ڕەت کراوەن . بەهەموو شێوەیەک پیرۆزی و موعجیزەو غەیب ونازانم وخودا دەیزانێ وپێشبینی و نوێنەری خوداو قسە کردن بەناوی خوداو قسە کردن لەجیاتی خوداو قسە هەڵبەستن بەدەم خوداو خۆ کردن بەدەم ڕاستی خوداو خۆکردن بە پارێزەری خوداو خۆ کردن بە جێگری خودا ڕەت کراوەن.

لەم کتێبەدا بەهەموو شێوەیەک تقووس و تەقدیس و شەعیرەو فەریزەو واجب و سوننەت و حەرام وحەڵاڵ وکوفر و ئیمان ودروشم و دروشمبازی و ڕیکلام وڕازاندنەوەو بانگەشەوهەموو ئەو چەمکانەی کە ئاینی لەسەر دامەزراون ،ڕەت کراوەن . بەڵکو لەبری ئەمانە هەمووی ، عەقڵ کراوەتە مەرجەع و مرۆڤ کراوەتە سەنتەر .

ئەم کتێبە خودا جیا دەکاتەوە لەو هەموو بیروبۆچوون وتێڕوانینە ئاینیانەی کە سەپێنراوە بەسەر خودایەتی خودا. هیچ پرسیارێک بە مەترسی و بڤە نازانێ و دەرگا بەسەر هەموو پرسیارێکدا دەکاتەوە. ماف بە مرۆڤ دەدا کە لە خودا بپێچێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکا ، وە هەر پرسیارێک کە وەک خورپە بە ناخیدا دێت، بە پێویستی دەزانێت کە دەری بڕێت وگوزارشتی لێ بکات. چونکە پێی وایە کە هەموو پرسیارێک، ڕێگایەکی تازەیە دەربارەی خوداناسی.

نامەوێ هەموو شتێک لە پێشەکیی پەرتووکەکەدا بەکورتی بخەمە ڕوو . دەرفەت دەدەم بە کتێبەکە کە بە ڕوونی وڕەوانی و بە نەفەسێکی درێژەوە پەنجە لەسەر تەواوی بابەتەکان دابنێ . بەهیوام سوودی بۆ گشت لایەک هەبێ.

# بەشی یەکەم

# چییەتیی خودا

## ڕاستیەکی بنەڕەتی

خودابوون لە ئاگایی مرۆڤدا، لەگەڵ لێکدانەوە هزریەکان و هەستکردنەکان و پرسیارەکان لە دایک دەبێ و پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات، لەو گۆشەنیگایانەوە حەقیقەتی خودا دەردەکەوێ . خودا ڕاستیە بنەڕەتیەکەیە بەڵام هەرئەوەندە نیە کە ئێمە پێی گەیشتوین . یان ئەوە نییە کە ئێمە لێی تێگەیشتوین . تەنانەت دارێک و بەردێکیش هەست بەو ڕاستیە بنەڕەتیە دەکات بەڵام بەپێی ئاستی ئەو هەست و هۆشەی کە هەیەتی
بەڵێ خودا هەستە . وە دەرکەوتەی ئەم هەستەش واتە ئیمان . بەڵام کاتێک بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی ئاگایی و دەگەیەنرێبە هۆش دەبێتە خوداناسی. خودا بوونە،بوونە لەنێو هەموو هەبووێکدا. واتە هیچ هەبووێک بێ ئەو بنچینەیە نابێت. بۆیە ئەو بوونە بەپێی ئەو پێگەو شوێنەی کەهەیەتی لە هەست و هۆش ، ئەوا هەست بەو بنچینەیە دەکات. لەو چوار چێوەیەدا تەنانەت هەست کردن بە بوونی خۆیشت هەمان ڕاستیی بنەڕەتیە. ئەگەر چی جیاکراوەتەوە لەو ڕاستیە بنەڕەتیە.

ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکان.

خودا واتە بوون و ژیان .بوون و ژیانیش ، ئەو دوو ڕاستیە پێکەوەبەستراوەن لەهەر شتێکدا. واتە: هەرشتێک بوونی هەبێ، بێگومان ژیانیشی هەیە. هەموو هەبووێک لەنێو ژیاندا گەشە دەکات و لەدۆخێکەوە دەچێت بۆ دۆخێکی تر . بۆنموونە: هێلکەی پیتراو لەناو ڕەحمی ئافرەتدا بوونی لە دۆخێکدایەو ژیانی بریتیە لە جیهانی ڕەحمی دایک ،گەشە دەکا ولە قۆناغێکەوە دەچێت بۆ قۆناغێکی تر .واتە :لەخانەیەکەوە بۆ دوو خانە. دواتر لە دوو خانەوە بۆ چوار خانە ،ئینجا لە چوارەوە بۆ هەشت. تاکو دەبێتە بوونەوەرێکی بەرهەڤ بوو بۆ جیهانێکی تر . ئەمجارە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر ،واتە لەجیهانێکی ترەوە بۆ جیهانێکی تازە (هو جیهانەی کە ئێمەی تێدا دەژین) بەو شێوەیە بوون و ژیان دەستەملانێی یەکترن تاهەتایە.چونکە(خودا:بوونە) وهەتاهەتاییە.وە ژیان گەشە بەو بوونە دەدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی ترو لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر .
بەڵام جاری واهەیە (دوو هەبوون) یەکدەگرن بەمەبەستی پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نوێ لە بوون دا. بۆ نموونە: زیندەوەرە ئاویەکانی سپێرمی پیاو لەگەڵ هێلکۆکەی ئافرەت لەو بارەدا بوونێکی تازە لە دایک دەبێت و لە بارودۆخێکی تازەدا گەشە دەکات. ئەو هاوکێشەیە تا هەتاییەو وەک (٢+٢=٤) گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. واتە ئەگەر تەمەنی زەویش کۆتایی هات، لەهەسارەیەکی تر هەمان هاوکێشە خۆی دووبارە دەکاتەوە.
ژیان بەوشێوەیە لەنێو هەموو بوون دا بەردەوامە. هیچ بوونێک بێ ژیان نیە. بوون و ژیان، دوو ڕاستیی پێکەوە بەستراون و لێک جیانابنەوەو ئاوێتەی یەکترن.

# خودا چیە؟

لە ڕاستیدا خودا ئەو حەقیقەتەیە کە هەستی پێ دەکەین . ئەو هەستەش پەیوەندی بە ئاستی هۆش و ئاگاییەوە هەیە . واتە هەست کردنی مرۆڤ باڵاترە لەهەستی ئاژەڵێک بۆ خودا . ئەو باڵاییەش پەیوەستە بەو ئاستە ئاگاییەوە کە لە بوونێکەوە بۆ بوونێکی تر دەگۆڕێت.
بۆیە (خودا بوون) نییە تاکو بوون و نەبوونی بسەلمێنرێت. بۆیە گرەو کردن لەسەر سەلماندنی بوون و ڕەتکردنەوەی ، دروست نیە. چونکە ئەگەر خودا (بوون)بێ ، دەبێ بوونێکی دیاریکراو بێ . بوونێکی دیاریکراویش بریتیە لە قەبارەو کێش و شێوە. بەو پێیە دەبێ هێزێکی باڵاتر دەستی هەبێ لە هەبوونی ئەو بوونە.
بۆیە دەڵێین: خودا ئەو حەقیقەتەیە کە ماهیەتی بوون وباڵابوونی ڕێک و پێکیە لە نێو شتەکاندا.
هەموو شتەکان لە پەرتەوازەییەوە بەرەو ڕێک وپێکی و ئەندازەگیری دەچن، چونکە بەرەو حەقیقەتی باڵابوون دەچن باڵابوونیش لە ڕێی کەڵەکەبوونی ئەزموونە ئاگاییەکانەوە بە دەست دێ .
باڵابوونی ئەو هەستە لای من ، دەگەڕێتەوە بۆ کەڵەکەبوونی ئەو هەموو مەعریفەو ئەزموونانەی کە من و مێژووی خوداناسی پێیدا تێپەڕیوین. گەیشتووم بەو ئاستەی ئێستای خوداناسی.
بە هەمان شێوەی ئاگایی لە خوداناسیدا، بوونی من لە شێوەی مرۆڤدا بەندە بەو دیزاینە ئاگاییەوە کە بە تێپەڕبوونی ملیۆنەها ساڵ ئەو شێوەیەی منی وەرگرتوە.
کەواتە خودا ئەو ئاگاییەیە کە بەردەوام دەبێتە هێزو وزەو سووتەمەنی خۆراکی بوون لە هەر شێوەیەکدا.

بناغەی چیەتی وچۆنیەتی خودا.

مرۆڤ جۆری کەسایەتی و باوەڕداری خۆی لەسەر ئەو چیەتی وچۆنێتیە دادەمەزرێنێ . واتە جۆری مرۆڤبوون بەندە بە جۆری ئەو چیەتی وچۆنێتیەی خودای ناخ و بیروباوەڕ.
بۆیە ئاساییە کە شوێنکەوتەی باوەڕێک یان ئاینێک ، خوێنی هەموو خەڵکی خەسمەکانی بە حەڵاڵ بزانێ . یان موڵک وماڵیان بە حەڵاڵ بزانێ.
هەر بەپێی ئەو بنەمایە ، ئاساییە شوێنکەوتوانی ئاینێک بەدڕەوشتی بە ڕەوشت بەرزی بزانن وبە پێچەوانەوەش کە هەموو ڕەوشتێکی جوان بەبێ ڕەوشتی بزانن . چونکە چیەتی وچۆنیەتی خودایان لەسەر بنەمای ئەو ئاینە هەڵچنیوە کە کۆمەڵێ ڕەفتاری ناشیرینی بەناوی خوداو ئاین و بیروباوەڕو و پیرۆزی و فەرمان و حوکم و شەریعەتەوە شەرعاندوە.
بۆیە پێویستە چیەتی وچۆنیەتی خودا لەسەر بناغەیەکی پتەووڕێک و پێک دابمەزرێ و ڕەچاوی قەواعیدوسونەنی گەردوونی بکرێ و لۆژیک هاوتا بکرێ لەگەڵ چیەتی وچۆنیەتی خودایەتیی خودا.
دەبێ ئیمان بەخودا بە بەها جوانەکان و ڕەفتارە چاکەکان و ڕەوشتە بەرزەکان گۆش بکرێ. چونکە ئەمانە هێزی ڕاستەقینەی چیەتی وچۆنێتیی خودا نیشان دەدەن.

## خودا چیە؟ خودا کێیە؟ خودا چۆنە؟

ئەو سێ پرسیارە سەرەکیەی بە بیرمان دا دێ و خۆمانی لێ دەدزینەوە. بەڵام هیچ پرسیارێک بێ وەڵام نیە ، چونکە لە هەناوی هەر پرسیارێکدا وەلامێک یان چەند وەڵامێک هەیە ، بۆیە لە سێ وەڵام کۆیان دەکەمەوە.

خودا چیە؟
کاتێک دەڵێین خودا چیە؟ کە واتە ئێمە پرسیار لە چییەتیی خودا دەکەین. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین: خودا هۆکارە. هۆکاری بوونی شتەکانە. ئەو هۆکارەش سەرچاوەی هێزو وزەیە بۆ هاتنە بوونی هەر شتێک

خودا کێیە؟
لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا خودا ئەو هێزو وزەیەیە کە شتەکانی هێناوەتە بوون و ژیان و لە ڕێی هەستەوە ئاماژەو هێماکان و نیشانەکانی پێمان دەگات و ڕاپۆرتی زانیاریەکان لە ڕێی هەستەوە دەگات بە عەقڵ و عەقڵیش بەرجەستەی دەکات لەو ماهیەتانەی ڕاستیە بنەڕەتیەکانی حەقیقەتن .

خودا چۆنە؟
لە وەڵامی ئەم پرسیاڕەش باسمان کردوە کە خودا بوونی هەموو هەبوێکە. واتە وجوود وەک ئاوێنەیە کە تێیدا هەرشتێک بە شێوەیەک وێنەی خودا دەداتەوە.
وەڵامی ئەو سێ پرسیارەش دەبێتە بناغەی باوەڕو خوداناسی لەسە بنیات دەنرێ.
کەواتە :خودا چیە؟
خودا هۆکارە بۆ هاتنە بوون.
خودا چۆنە؟
خودا بوونی هەموو هەبوێکە.
خودا کێیە؟
خودا سەرچاوەی هێز و وزەی هەموو شتێکە.
لە دەرەنجامی ئەو هاوکێشەیەدا دەڵێین : خودا هۆکاری هێزو وزەی ناو شتەکانە و بەو هۆیەوە بوونی هەموو هەبوێکە.

## خودا چیی لە ئێمە دەوێ؟

وەزیفەی سەرشانی ئێمە بریتیە لە مانابەخشین بەحەقیقەتی خودابوون لە ڕێی ناسینیەوە،
بەڵام ئەی خودا چیی لە ئێمە دەوێ؟
بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی شارستانی و بەرهەم هێنەرو داهێنەرەو دەستی هەیە لە ئاوەدان کردنەوەی سەرزەوی و ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی سەرزەوی و گۆڕینی دیاردە سرووشتیەکان و شوێنگرتنەوەی دەستچێکردوەکانی مرۆڤ لەو بوارەدا، گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کە ئەوەی خودا لە ئێمەی دەوێ، بریتیە لە داهێنان لە گشت بوارەکان . واتە ئێستا کە هەشت ملیار کەس هەیە لەسەر ڕووی زەوی، کەواتە هەشت ملیار هەلی داهێنان هەیە کە مرۆڤ داهێنان کاری تێدا بکا. خودا بۆتە فەراهەم هێنەری هەموو پێداویستیەک بۆ پێویستیەکانی وجوود، تەنها بۆ داهێنانە بۆیە دەبێ مرۆڤیش داهێنانی هەبێ.داهێنانیش پشت بەستوە بە لێکۆڵینەوەوبەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و ئەزموون وتاقیکردنەوە.
کاتێک دەڵێین خواستی خودا لە ئێمەداهێنانە، بەو ماناو مەفهومە نا کە خودا بەرجەستە بکەین لە کائینێکی وجوودی و پێمان وابێ کە ئەم کائینە ئەمەیە خواستەکەی . بەڵکو لە نیشانە خوداییەکان تێفکریوین و زەرورەتی داهێنانمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە خواستێکی واقیعیە. ئێمەش دەبێ ڕەچاوی ئەو خواستە بکەین.

## حەقیقەتی گشت و حەقیقەتی ڕەها (حقیقة الكلیة وحقیقة المطلقة)

حەقیقەتی گشت وحەقیقەتی خود ، یەک حەقیقەتن . هەردوو حەقیقەتەکە بەیەکەوە واتە(خودا). بەڵێ خودا حەقیقەتە . ئەو حەقیقەتەش بەهەردوو ئاڕاستەی گشتی (حەقیقەتی هەموو شتێک) لەگەڵ حەقیقەتی ڕەها (ئەو حەقیقەتەی کە لەنێو هەموو شتەکان دا ئەزەلیەت و ئەبەدیەتی هەیە) ئەو حەقیقەتە هەموو ئەو مانایانە دەبەخشێ کە ئێمە هەستی پێ دەکەین و تەفسیری دەکەین . بەو پێیەش بوونی هەموو شتەکان هەرهەبوون . بەهۆی بوونی ئەو حەقیقەتە ڕەهایەی کەلەنێو بوونی شتەکەدا هەیە و بەهۆی ئەو بوونە ئەویش هەیە .تەنها گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە بەو شێوەی حەقیقەی ئێستا

کەواتە: هۆکاری حەقیقەتی بوونی شتەکان ئەو حەقیقەتە ڕەهایەیە کەتیایەتی . کەواتە بوونی خودا ئەو حەقیقەتەیە کە وەک ئەو شێوەیەی لەنێوان دوو ئاوێنەی بەرامبەریەکتر دانرابێ و بێکۆتا دەبنە کاردانەوەی وێنەدانەوی ئەو حەقیقەتە لەنێوانیان دا.

با بەشێوەیەکی ماتماتیکیانە نموونە بۆ ئەو حەقیقەتە بێنمەوە ،ئینجا بەراوردی نێوان هەردوو حەقیقەتەکە دەکەم . وەک(٢+٢=٤) لەو حاڵەتەدا ژمارە (٢) دەبێتە کۆلکە بۆ ئەنجامەکە ، واتە دەکرێ کۆلکەکە گۆڕانکاری بەسەردابێ لە پێناو ئەنجامەکە بۆ نموونە(١+٣=٤) وە٤+٠=٤ یان١×٤=٤یان٤÷١=٤ یان٥-١=٤ دەبینین لەهەموو حاڵەتەکاندا ،ئەنجام هەر چوارە.
واتە : وجوود حەقیقەتێکی گۆڕاوە وەک کۆڵکەی ژمارەکان ، بەڵام خودا حەقێقەتێکی چەسپاوە (ثابت) ە وەک ئەنجامەکە .
ئینجا بەدەر لەو نموونە ماتماتیکیە . با لە شێوەیەکی تردا نموونە بۆ هەردوو جۆر حەقیقەتەکە بێنینەوە. بۆ نموونە : جەستەی مرۆڤ بچووککراوەی هەردوو جۆرە حەقیقەتەکەیە . جەستەی مرۆڤ وەک حەقیقەتە چەسپاوەکە (ثابت) بریتیە لەو ئەندامانەی کە جەستەکەی لێ پێکهاتوە، وەک دەست و قاچ و سەرو بەشەکانی سەرو هەتا دوایی کە گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت و بەو پێکهاتەیە شێوەی جەستەکە بە دیاریکراوی دەناسرێتەوە. بەڵام حەقیقەتە گۆڕاوەکە بریتین لە خانەکان بۆ جەستەکە ، خانەکانی جەستە ڕۆژانە هەڵدەوەرێن و لە چەشنی خۆیان لە جێگەی خۆیان خانە دروست دەبێتەوە بە هەمان جۆری پێکهاتەی خانەکە . ئەم حاڵەتی هەڵوەرین و لەناوچوون و سەرلەنوێ دروست بوونەوەیە لەو جەستەیەدا بەردەوامە بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی هەبێ لە گۆرینی شێوەی جەستەکە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر .
بەڵێ. حەقیقەتی وجوود بە بەراورد بە حەقیقەتی خودا بەم شێوەیە کە وجوود بەردەوام لە لەناوچوون و دروست بوونەوەیە لە نێو حەقیقەتە ثابتەکە کە خودایە و وە خوداش ڕاستیەکی بنەڕەتیەو هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نایە.

هەموو شتێک سەربەخۆیەو سەربەخوایە.

هەموو شتێک لە ڕواڵەت دا سەربەخۆیە لە جم و جۆڵ و هەڵس وکەوت و چالاکی دا . بەڵام لە ناوکاکڵەدا سەربەخودایە و هەرئەو سەربەخودابیەشە کە پاڵنەرو جوڵێنەری ڕواڵەتی شتەکەیە . ئەم سەربەخویی و سەربەخودابیە سنووری دیاریکراوی وجوودی هەرشتێکە . هەموو شتێکیش لەو دوو بەشە پێک هاتوەو سیفەتە تایبەتیەکانی ئەو شتە بۆتە هۆکاری دیزاین کردنی شتەکەو جیاکردنەوەی لە وانی تر و بۆتە شوناسی سەربەخۆی و پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە.
با بە نموونەی دارەکەوە بیبەستینەوە. بۆ نموونە : درەخت ئەسڵ و بنچینەیە بۆ هەموو ئەو لق و پۆپ و گەڵاو گوڵ و بەرەی کە هەڵی گرتوە . لەگەڵ ئەوەی هیچیشیان دابڕاو نین لە ئەسڵەکەو بنجەکە و هەمووشیان سەربەو درەختەن کە یەک درەختەو بەشەکانی کە لێیەوە پەیدا بووە بە هەزارەهایە.
بەڵام لە هەمان کات دا کە سەر بەو دارەن وسەربەخۆیشن
چۆن؟ سەیری هەر بەشێک لەو بەشانە بکە لە ڕواڵەتدا لەیەک ناچن ، واتە لقەکە بە گەڵاکە ناچێت و گەڵاکەش بە گوڵەکە ناچێت و گوڵەکەش بە بەرەکە ناچێت . بەڵام هەرهەمووشیان سەربەو درەختەن و بۆ یەک مەبەست وجودیان هەیە . واتە یەکیەتی وجوود لە پێناو مەبەستێک .

## چۆن وێنای خودا بکەین.

ئەمە ناوکاکڵەی بابەتەکەیە کە دەبێ بە جدی باسی لێوە بکرێ ، چونکە ئەمە پرسیاری عەقڵە ، عەقڵیش تیشکدانەوەی وێنای خودایە . خودا تەنها لە چیەتی و ماهیەت دا بەرجەستە دەبێ ، ئەم ڕۆڵەش بە عەقڵ سپێرراوە. بۆ ئەم بابەتەش عەقڵ پشت بە زانست دەبەستێ .خودا سەلماندنی خوداییێتی خۆی لەنێو زانست چاندوە ،واتە تا دەربارەی خودا بزانین ،هەنگاوێک لە خودا نزیک بوینەتەوە.

ئەی سەرچاوەی زانست چیە؟
سەرچاوەی زانست بریتیە لە بوونی شتەکان ، واتە لە ڕێگەی بوونی شتەکانەوە زانستمان دەست دەکەوێ ، ئەگەر هیچ نەبێ ، زانست چۆن دەبێ؟ بۆ نموونە ئەگەر چاو نەبێ . ئایا بوونی ڕووناکی و تاریکی هیچ مانایەکی دەبێ تاکو زانستمان هەبێ دەربارەی؟خۆ لەوانەشە کۆمەڵێک شت هەبن لە دەرەوەی هەستەکانی ئێمەو کاتێکیش کە هەستیان پێ ناکەین ئەوا هیچ زانیاریەک نیە کە لە ڕێگای هەستەوە بگات بە هۆش وئاوەز تا شیکاروتەفسیری بکات.
خودا لە ڕێی بوونی شتەکانەوە خۆی دەناسێنێ وماهیەتی خۆی دەسەلمێنێ. مرۆڤیش لە ڕێی بوونەوە هەست بە بوونی ئەو ماهیەتە دەکات و ئەو هەستە دەگوازێتەوە بۆ هۆش و لە ڕێی زانینەوە ئەو ماهیەتە بەرجەستە دەکات.
بە کورتی / وجوود نیشاندەری خودایە بە مرۆڤ لەهەر شتێک بەهەر شێوەیێک.

ئێمە تۆوێک دەچێنین . زەویەکە دەبێتە بنچینە بۆ گەشەکردنی تۆوەکە ماددەخۆراکیەکان و ئاو ،دەبنە سەرچاوە بۆ چۆنیەتی ژیان کردنی تۆوەکە کات دەبێتە قۆناغەکانی گەشەکردن بۆ تۆوەکەو تێیدا تۆوەکە گەشەو گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێ. تۆوەکە دەبێتە بنچینەی ڕەگ ، ڕەگیش دەبێتە بنچینەی قەدی دارێک ، قەدی دارەکە دەبێتە بنچینە بۆ گەڵاو گوڵ وبەر ، بەریش دەبێتە کارگە بۆ بەرهەم هێنانی تۆوێکی وەک خۆی و لەهەمان کاتیشدا دەبێتەوە بنچینە بۆ تۆو. دووبارە خاک دەبێتەوە بنچینە بۆ تۆو ،تۆو دەبێتەوە بنچینە بۆ ڕەگ و ڕەگیش دەبێتەوە بنچینەی قەدی دارەکەو قەدەکەش دەبێتەوە بنچینەی گەڵاوگوڵ وبەر. واتە بوونی دارەکە

بەناو بازنەیەک لە بنچینەکان لەنێو خودی خۆیدا بەردەوامی تا هەتایی دەدا بە سووڕی بوونی خۆی ، واتە بوونی وێنەو شێوەی دارەکە تا هەتاییە بەناو قۆناغە بێکۆتاکانی مردن و ژیان دا گوزەر دەکا . مامەڵەی خودا لەگەڵ هەر بوونێک بەو شێوەیەیە . بەدەر لە لێک هەڵوەشانەوەو یەکگرتنەوەی هەرشتێک هەموو ئەو لێک هەڵوەشان ویەکگرتنەوەو سووڕی ژیان بەناو مردن و زیندوو بوونەوەداو زنجیرەی بنچینە یەک بەدوای یەکەکانی ناو بازنەی وجوودی شتەکە ،بۆ گوێزانەوەو دەستاودەست کردنە

بۆ گوێزانەوەی هەموو سیفەت وئاکارەکانی خودی درەختەکە کە بۆتە شێوەی ژیانکردنی درەختەکە ، مرۆڤیش هەمان سووڕی ژیانی هەیە، واتە مرۆفیش لەنێو هەمان بازنەدا دەخولێتەوە. بەڵام ئایا مانای وایە کە ژیان تەنها خولانەوە بێ بەناو بازنەدا؟ ئەگەر وابێ ، ژیان شتێکی پڕوپووچە . بەڵام بە پێی ئەوەی کە لە هەر چرکەساتێکدا ، شتێکی تازە فێردەبین و دەزانین، بۆمان دەردەکەوێ کە ژیان موعجیزەیە )موعجیزەی فێربوون و زانین و مرۆڤیش لە ڕاستیدا تەنها لەو حاڵەتەدا هەست بە ئاسوودەیی دەکا چونکە ئاسوودەیی تەواو لە فێربوون و زانین دایە ( نەک ژیان بریتی بێت لە پووچگەرایی.

خودا جولێنەروخولێنەرەوەی شتەکانە بەنێو سووڕی چۆنیەتی ژیانکردنیان لە جیهانی ڕاستگەڕیدا. هەروەک چۆن تەزووی کارەبا بەناو سووڕی وایەردا تێدەپەڕێت و نابینرێ خوداش بەهەمان شێوەیە لەنێو ئەم سووڕی

ژیانکردنە تایبەتیەی هەر شتێک . هەروەک چۆن تەزووی ئەو کارەبایە بۆتە هۆکار بۆ پەیدا بوونی هەزاران ئامێری کارەبایی و هەریەکەو لە بوارێک لەکاردایە بەهۆی تەزووەکەوە. بەهەمان شێوەش خودا بۆتە هۆکار بۆ هەموو شتێک و هەرشتێکیش بەهۆی ئەو هۆکارەوە لە کاردایە.
بەڵام ڕۆڵی هەبوونی شتەکان هۆکارە لە بەرەو پێشڤەچوونی ئاگایی کە بە هۆی ئەزموونی ئەو ئاگاییەوە ،گەردوون بەردەوام لەخۆڕێکخستنەوەدایە لە دۆخێکی ڕێک وپێکیەوە بۆ دۆخێکی تری ڕێک وپێکتر.

چۆن بزانین ئەو خودایەی کە وێنامان کردوە ڕاستەقینەیە ؟

هەرکاتێک خودات شوبهاند بە جۆرێک لە دروستکراوەکان چ لە لایەنی جەستەیی و چ لە لایەنی هەست و ئیحساس ، ئەو کاتە ئەو خودایە خودایێکی دروستکراوو ساختەیە. نیشانەکانی ئەو جۆرە خودایە بەو شێوەیە . چیی گوتبێ هەر ئەوەیەو لەوە زیاتر هیچی تر نالێ . دیاری کردنی سەرەتایێک وکۆتاییێک بۆ پڕۆژەو بەرنامەکانی . چەقبەستوویی و دۆگمایی لە هەڵوێست و کرداری . باوەڕی بە گۆڕانکاری و لادان نیە . باوەڕی بە ئازادی و بیرکردنەوە نیە. هەمیشە بیری لای کۆیلە کردن و ملکەچ پێکردنە. هەمیشە تەرکیزی لەسەر یەک خاڵە ، ئەویش خوایەتی خۆی . هەمیشە باسی خۆی دەکا .هەمیشە ستایشی خۆی دەکا . هەمیشە تۆ لەخۆیدا ون دەکا. ترس دەسەپێنێ . منەت دەکا . چاوی لە دانەوەی قەرزە چونکە پێی وایە کە هەرچی پێ بەخشیوی بە قەرز پێی بەخشیوی خۆسەپێنەرە . دەسەڵات بەکارهێنەرە . زاڵکەرە. هێزو توانای خۆی بەراورد دەکا بەهێزوتوانای دروستکراوەکان. چاودێرە . هەڵەژمێرە. لە بۆسەدایە. بە بیانوە . بیانووگرە. توڕە دەبێت و دڵخۆش دەبێت . زانستی خۆی بەراورد دەکا بە زانستی بوونەوەرەکان. جیاوازیی دەخاتە نێوان لایەنگرانی خۆی و نەیارانی خۆی . هەندێ کەس بە دوژمنی خۆی دەزانێت و هەندێ کەس بە دۆستی خۆی. ڕق ئەستورە .حەزی لە کورسیی دەسەڵاتەو حەزی لە حوکم کردن و فەرمان دەرکردنە. ناتوانم تەواوی سیفەتەکانی ئەو خودایە ساختەتان بۆ بژمێرم ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە حەقیقەتی خودای ساختەیە.
بەڵام خودای ڕاستەقینە، ڕێک پێچەوانەی ئەو سیفەتانەیە کە باسمان کرد نیشانەکانی : لەو ڕێگایەوە خۆی پێمان ناناسێنێ کە ئێمە بیرمان لێکردۆتەوە ) نە لە ڕێگەی قسەکردن لەگەڵ هیچ کەس ، نە لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن نە لە ڕێگەی خۆسەپاندن ، نە لە ڕێگەی دەسەڵات و خۆ بەگەورە زانین و هێز بەکار هێنان و خۆ بەراورد کردن و هەموو ئەو جۆرە بابەتانە(هەموو شتەکان سەرەتاو کۆتاییان لەنێو قۆناغەکاندایە ونە هیچ سەرەتایەکی دەسپێک و نەهیچ کۆتاییەکی کۆتا بوونی نیە. چەقبەستوویی ودۆگمایی نیە لەهیچ کاروبارێکدا.

تەواوی سیفەتەکانی بەخشیوە بەتەواوی شتەکان نەک بەخۆی (بۆ نموونە هێز و دەسەڵات . خودا دابەشی کردوەو بەخشیویەتی بەهەموو شتێک و خۆی پێویستی پێی نیە . نموونە : دەسەڵاتی بەخشیوە بەسرووشت بۆ گەشەپێدان و ژیان کردن لەهەر شوێنێکی گەردوون ، وە هێزیشی پێ بەخشیوە بۆ وێران کردن) هەموو گۆڕانکاریەکی خستۆتە ناو خودی گەشەکردنی شتەکانەوە. ئازادی بەخشیوە بەهەموو شتێک وهیچ شتێک لەخودی خۆیدا کۆیلەیی قەبوڵ ناکا. هەرگیز باسی خودایەتی نەکردوە چونکە بە پێویستی نەزانیوەو نەیویستوە هیچ کەسێک لەو بەرگەدا خۆی لەوانیتر بکات بەخودا. مەدح و ستایش لەگەڵ خودی شتەکاندا گەشە دەکا و هەموو شتێک شایانی مەدح کردنە بۆ خودی شتەکە تاکو بەو مەدح وستایشە جوانتر گەشە بکات.

هەموو شتێکی بەهەموو شتێک بەخشیوە نەک بە قەرز. ویژدانی کردوە بەچاودێر نەک خۆی چاودێرت بێ . عەقڵی کردوە بە ڕابەر نەک خۆی ڕابەرت بێ .

ڕێگری لە هیچ شتێک ناکا لە بە دەست هێنانی هەر شتێک. بەخشندەیی ئەو لە هەبوونی شتەکانە نەک لەوەی کە هەبووەکان خۆیان بە دەستی دێنن. ئەو بابەتە ئەگەر لەسەری بنوسم هەرگیز تەواو نابێ ، بەڵام مشتێک نموونەی خەرواریکە.

شێوەی خودا و تێگەیشتنی مرۆڤ.

وێناکردنی شێوەی خودا، سرووشێکی خوداییە لە سرووشتی مرۆڤدا. شێوەی خودا لای زانایەکی فیزیایی جیایە لە شێوەی خودا لای زانایەکی بواری کیمیا . هەروەها شێوەی خودا لای زانایەک جیایە لە شێوەی خودا لای نەزانێک . وە شێوەی خودا لای زانایەک جیایە لە شێوەی خودا لای باوەڕدارێک . وە شێوەی خودا لای باوەڕدارێک جیایە لە شێوەی خودا لای ئاینپەرستێک. وە شێوەی خودا لای ئاینپەرستێک جیایە لە شێوەی خودا لای ڕۆشنبیرێک . وە شێوەی خودا لای ڕۆشنبیرێک جیایە لە شێوەی خودا لای هونەرمەندێک .وە شێوەی خودا لای هونەرمەندێک جیایە لە شێوەی خودا لای وەرزشوانێک . وە شێوەی خودا لە نەتەوەییێکەوە جیایە لە شێوەی خودا لای نەتەوەییێکی تر. وە شێوەی خودا لە تەمەنێکەوە جیایە لە شێوەی خودا لە تەمەنێکی تر. وە شێوەی خودا لە زەمەنێکەوە جیایە لە شێوەی خودا لە زەمەنێکی تر .

بۆیە وێناکردنی خودا بەدەر نیە لە هەست و هزرو کات و شوێن. بەڵام هەر کەس مافی ئەوەی هەیە کە چۆن وێنای خودا بکا، دیارە ئەمەش مافێکە خودا بەهەر کەسلکی ڕەوا بینیوە. شێوەی خودا بەندە بەو تێگەیشتنەی تۆ بۆ خودا . بۆیە هەوڵ دە تێگەیشتنەکانت لە هەمبەر خودا ڕاست کەیتەوەو بەشێوەیەکی تەندروست لە خودابوون تێبگە.

ئاینەکان خودا دەخەنەپێش بوونەوە ، وەک ئەوەی سەرەتا تەنها خودا بوونی هەبووبێت. بەو پێوەرە چەندین هەڵەو کەم وکووڕی لە بوونی خوداو خودا و بوون دا دروست دەبێت . هەر بۆ نموونە: ئەگەر خودا پێش بوون ، بوونی هەبووبێت ، ئەی بوونی خودا هەرخۆی لە خۆیدا بوون نیە؟ یان ئەگەر خودا بوونی هەبووبێت ، ئەی ئەمەش خۆی لە خۆیدا نایسەلمێنێ کە خوداش وەک هەر بوونێکی تر بوونی هەیە؟ واتە دروستکراوە؟ )چونکە بە تێڕوانینی ئێمە ، هەموو بوونێک دروستکراوە ( دواتر ئەو بوونە چۆنە؟ لە چ ماددەیەک دروستکراوە؟ دووبارە لێرەوە تووشی شۆکێکێ تر دەبین چونکە ئێمە پێمان وابوو بوونی خودا پێش هەموو بوونێکە . کەواتە ئەگەر بوون بێ ، دەبێ ئەو بوونە شێوەی هەبێ قەبارەی هەبێ و ئەو شێوەو قەبارەیە دەبێ لە ماددەیەک دروستکرابێ ، دەی باشە کێ دروستی کرد؟ لە چ ماددەیەک دروستی کرد؟ ئەرێ بەدەست ئێمە نیە . ئەمە پرسیارەکانی عەقڵە . عەقڵیش خودا بەو شێوەوکوالێتی ومیکانیزم وبەرنامەڕێژیە داویەتی بە مرۆڤ ، قەبووڵی خودا ناکا بەو شێوەیە . کەواتە دەبێ بەو شێوەیە نەبێ کە ئێمە بیروباوەڕی خۆمان لەسەر بنیات ناوە. بۆیە: هەر خودایەک
بەرامبەر پرسیارەکانی عەقڵی مرۆڤ خۆی نەگرێت و هەرەس بێنێ ، ئەوە خودا نیە. بەڵکو تەنها وەهمە. بۆیە شیاوترین وەڵام بۆ پرسیارە عەقڵیەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە خوداو بوون ئاوێتەی یەکترن(یان یەکن). وە بوون سەرەتاو کۆتای نیە . تەنها قۆناغبەندیی هەیە. واتە لە قۆناغێکەوە ئەو بوونە دەچێتە دۆخێکەوە لە قۆناغێکی تر دەچێتە دۆخێکی تر . واتە : خوداو بوون، دوو دیوی یەک حەقیقەتن. ئەوەی کە دەیبینین تەنها بەهۆی پەرەسەندنەوە گەیشتۆتە ئەو بارودۆخەی ئێستای. وە ئەوەی کە لەسەر ئێمە پێویستە ، چۆن خوێندنەوەیان بۆ بکەین و چۆن مانایان پێ ببەخشین.

# جیاوازی خوداو بوون.

هیچ شتێک لە دەرەوەی خودا  بوونی نیە؟ هەموو شتێک بۆ جیاکردنەوە لە شتەکانی تری دەوروبەری سنورێکی هەیە یان سنورێک لەنێوانیان دا هەیە. لە ڕاستیدا قەبارەی هەرشتێک سنووری شتەکەیە . وە شێوەی هەر شتێک پێناسەی شتەکەیە.
عەقیدەی دروست بۆ خودا بریتیە لەوەی کە (خودا پێویستی بە هیچ نیە بۆ هیچ) یان بەشێوەیەکی تر بڵێین ( خودا پێویستی بە هیچ شتێک نیە بۆ هیچ شتێک)
بەڵام وجوود خۆی لە خۆیدا پێویستیە . واتە لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی پێویستیەکانەوە بۆتە وجوود. بۆ نموونە من پێویستیەکی گەردوونیم ، پێویستە( بۆ باڵانس ڕاگرتنی وجوود)من هەبم . وە لە منیشدا هەربەشێک لە ئەندامەکانی لەشم پێویستیەکن بۆمن ، بۆیە هەن. من پێوێستیم بە بیرکردنەوەیە ،بۆیە خودا بۆتە بیرکردنەوە بۆ من.
من پێویستم بەدەستە پێویستم بە قاچ و چاووگوێچکەو هەموو ئەم بەشانەیە.
کەواتە بوون بەهۆی پێویستیەوەیە کە بۆتە بوون بەڵام خودا بێ پێویستیە.
خودا بوونە بۆ هەموو هەبوێک .چونکە هەموو هەبوێک پێویستی بەو بوونەیە.

هەوڵەکان لە بە دوادا گەڕان و بەڵگە هێنانەوە لەمەڕ بوونی خودا کارێکی نالۆژیکیانەوە هەوڵێکی شێتانەیە. چونکە وەک ئەوە وایە بوونی تەنێکی نادیار بسەلمێنی . چونکە هەر لە بنەڕەتدا خودی پرسیارەکە بەهەڵە وڕوژێنراوە . چونکە دەبوایە پرسیار لە چۆنیەتی خودابوون بکرایە. کاتێک بەدوای سەلماندنی بوونی خوداوەین، تەنها کات کوشتنە . چونکە جۆگەلەیەکە ئاوەکەی دەڕژێتە ڕووباری قەبارەیەک بۆ خودا. ئەویش دەڕژێتە دەریاییێک کە دەستنیشان کردنی ئەندامانی جەستەیە بۆ خودا. ئەویش دەڕژێتە زەریاییێک کە دیاریکردنی قەبارەیە بۆ خودا. خودا، بوون نیە تاکو بسەلمێنرێ. بۆیە خودا بۆ سەلماندن نابێ. بەڵکو دەبێ لە بری ئەوە (خودابوون) جێ بکەینەوە لەنێو بیروباوەڕی خۆمان دا. (خودابوون) لەنێو هەموو شتێکدا. چونکە خودا بنچینەوسەرچاوەی هەموو شتێکە . هیچ شتێک بێ ئەو بنچینەیە، بوونی لەسەر پێ ناوەستێ. هەرچی هەستی پێ دەکەی هەبوێکە لە پێکهاتەی خودابوون لە جیاتی ئەوەی بوونی خودا کۆکەیتەوە لەنێو قەبارەیەک و جەستەیەک و ئەندامەکانی جەستە. پێویستە ئەو بیروباوەڕە جێی بگرێتەوە کە خودابوون هەموو شتێک دەگرێتەوە.

ئەو کاتە تەواوی بوون واتە خودا . خودا ڕۆڵگێڕە لە هەردوو دیوی بوون چ لە دیوی ناوەوی شتەکان کە بەڕێوەبەرو گەشەپێدەرو جوڵێنەری شتەکانە. چ لە دیوی دەرەوەی بوون کە پێکەوە بەستێنەرەوەی هەموو بوونە لە پێکهاتەیەکدا. واتە خودا سەرچاوەیە بۆ هەموو قەبارەوشێوەو کێش و بارستەیەک .

## هەبوون کاردانەوەی هۆکارێکە

هەر هەبووێک هۆکارێکی هەیە بۆ دروست بوون . بێنە پێش چاوی خۆت تۆ دەتەوێ گۆمێک بشلەقێنی ،کاتێک بەردێک دەگریتە گۆمەکە . سەرەتا یەکەم کاردانەوە دروست بوونی شەپۆلێکە شەپۆلێکی ورد کە ڕەنگە سەرەتا هەر هەستی پێ نەکرێ ، دواتر دێتە ژێر کۆنترۆڵی هەستەوەو هەستی بینینت پەی پێ دەبا . ئینجا سنوورو بازنەی شەپۆڵەکە بەرەو فراوانی دەچێت تا وای لێ دێت کە سەرت سوڕ دەمێنێ لە شەپۆڵە هەرە گەورەکە کە بەرەنجامی ئەو شەپۆڵە بچووکەیە کە بەچاو نەدەبینرا . بە هەمان شێوە بوون هەمان حاڵەتی شەپۆڵەکەی لە خۆ گرتوە لە جیهانی بەردەوام لە فراوان بووی گەردوون دا.

لێرەدا دەگەینە ڕاستییێک کەوا ئەو جیهانەی ئێستای کە ئێمەی تێداین لە بەرەنجامی کاردانەوەی هۆکارێکە کە سەرەتا بە بچووکیەکی لە ڕادەبەدر دەستی پێکردوە (کە دەڵێین لە بچووکیەکی لە ڕادەبەدەر واتە لەو هیچەی کە ئێمە پێی ئاشنا کراوین) کە وەک وردە شەپۆلەکان گەشەیان کردوە بۆ قۆناغی ئێستای بوونمان .

کەواتە هەبوون کاردانەوەی هۆکارێکە بەڵام نەک بە ڕێکەوت وەک هەندێک وای بۆ دەچن . بەڵکو پێویستییێک بۆتە هۆی هۆکاربوونەکە.

هیچ شتێک بەدەر نیە لە خودا، واتە: ئەو هێزی پەیوەندیەی کە لەنێوان بەشەکانی وجوددا هەن بونگەراییەکی خوداییە . کە بریتیە لە یەکیەتیی بوونگەرایی. بەڵام بوون نە سەرەتاو نەکۆتاو نە سنوورو نەقەبارەی دیارە بە بەراورد بە هەست و تێگەشتنەکانی ئێمەوە.
کەواتە پێناسە کردنی ئەو بونگەراییە . بەو پێوەرانە ناکرێ کە سنووریان دیاری کراوە. یان سنوورێکی دیاری کراویان هەیە . هەر بەشێکی بوون بەشێکە لەو یەکیەتی بوونگەراییەدا ، کە هەر بەشێک لەو بەشەبوونانەدا پێناسەی لایەنێکی ئەو یەکیەتی بوونگەراییە دەکات.
بەڵام بوونەوەری هۆشمەند (جا چ مرۆڤ بێ یان بوونەوەرێکی تر لە هەسارەیەکی تر) نەخشەیەکی بچووککراوەی ئەو یەکیەتی بوونگەراییەیە بۆیە بۆ ناسینی ئەو یەکیەتی بوونگەراییە ، پێویست ناکا هەموو کەنارەکانی دونیا بپشکنی . چونکە هەموو کەنارو گۆشەکانی دونیا لەناو ئەو نەخشە بچووککراوەدایە کە لەبەر دەستی خۆتە (ئەویش هەر خودی خۆتە) واتە: بۆ خوا ناسین ، خۆناسین شیاوترین کارێکە کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی.

خوداو مانا.

ئایا بۆچی مرۆڤ جیایه له گیانەوەرانی تر؟ چونکه مرۆڤ بیر دەکاتەوه که مانا بەهەموو شتەکان ببەخشێ. ئەگینا هەموو گیانەوەرانی تریش بیر دەکەنەوه له چۆنیەتی ژیان کردن و خۆپاراستن له مەترسیەکان و خۆپاراستن لەگەرماو سەرماو گەڕان بەدوای خۆبژێوی و خۆتێر کردن وغەریزه تێرکردن وپێکەوەنانی ماڵ ولانەو هاوسەرگیری وبەرپرسیارێتی هاوسەرگیری و وەچه خستنەوەو سێکس وووووو لەهەموو ئەو شتانه ، ئێمه یەکسانین لەگەڵ ئاژەڵانی تر . ئەوەی که جیامان دەکاتەوه تەنها بیرکردنەوەیه له مانابەخشین بەهەموو ئەو شتانەی که باسمان کرد. لەناو هەموو ئەو بابەتانەشدا ، بابەتی خودایەتیی خودایه که دەبێ مانای پێ ببەخشین . ئەگینا خودایەتیش دەبێته شتێکی بێ مانا . چۆن ؟

بێنه پێش چاوی خۆت هەموو شتەکان هەن وەک خۆی. تەنها مرۆڤ نیه ئایا هیچ مانایەک هەیه بۆ خودا لەو حاڵەتەدا؟ بەڵێ خودا و بوون دەبنه شتێکی زۆر بێ مانا له غیابی مرۆڤ دا . کەواته بوونی مرۆڤ بەو کوالێتیه چەنده پێویسته که هەبێ ، هێندەش پێویسته ئەو مرۆڤه مانا ببەخشێ به خودایەتی خودا. کەواته خوداو بوون و ژین هەموویان پێکەوه گرێ دراون و هیچیان بەبێ ئەوی تر تەواو نیه ، وەمرۆڤیش ( له ڕیزی بوون دایه) مانابەخشه به خوداو به بوون و به ژیان.

خودا ،مانایەو مرۆڤیش مانابەخشه پێی . وه ژیانیش قوتابخانەیه بۆ ئەزمون کردنی خوداو مانا پێ بەخشینی.

## تواناى مرۆڤ و ماناى خودا.

یەکێک لەو پەیوەندیانەی نێوان مرۆڤ و خودا ، ئەو توانایە مرۆییەیە کە سەرچاوەی وزەکەی لە خوداوەیەو ئەو مانایەیە کە مرۆڤ بە خودای دەبەخشێ . باوەڕی من لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە (ئەگەر شتێک نەبێ بەناوی مرۆڤ ، هیچ مانایەکیش نابێ بۆ خودا . ئەو بەشە گرنگەش لە مرۆڤ دا بریتیە لە هۆش و عەقڵ . عەقڵیش لەڕێی هەستەکانەوە توانستە عەقڵیەکانیان بۆدێت بۆ شیکارکردن و هەرس کردنی هەر بابەتێک) خودا توانابەخشی عەقڵە و ئاگاییە لە ڕێی هەستە دەرەکیەکانەوەو کاریگەری دادەنێ لەسەر هەستە ناخەکیەکان و دەینێرێ بۆ هۆش و هزری مرۆڤ . هەموو ئەو نێردراوانە بۆ عەقڵ بریتیە لەو سووتەمەنیەی کە دەبێتە توانست بۆ جوڵەو بزاوتی عەقڵ تا لە ڕێیەوە چۆنیەتی بوون و ژیان و خودا لێک گرێ بدات و لەو ڕێیەوە مانایەکی ڕاست و دروست بە خودا ببەخشی.

بێنە پێش چاوی خۆت. تۆ هەموو هەستەکانت لە دەست داوە و ماوەی چەند ساڵێکە لە ژوورێکی تاریکی بێدەنگ بەند کراوی و مێشکت بەتاڵ کراوەتەوە لە هەموو یادەوەریەک لەنێو یادگەکەتدا. لەو کاتەدا ئایا هەست بە چی دەکەی؟ بیر لەچی دەکەیتەوە؟ هیچ... تەنها هەست دەکەیت کە هەیت و هیچی تر.

ئەی کاتێ کە هەموو هەستەکانت پێ دەدرێتەوەو ئازاد دەکرێی لەو شوێنە؟ سەیری دەوروبەر دەکەی ، بە دەست خۆت نیە هەر لە خۆتەوە هەزاران پرسیار دەربارەی بوون و سرووشت لەلات دروست دەبێ. هەر ئەم پرسیارانەیە کە ئاستی هۆشمەندی لە پلەیەکەوە سەردەخات بۆ پلەیەکی سەرووتر. شیکاری بابەتە نێردراوەکان لە هەستەوە بۆ هۆش ئەزموون دەکرێ و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێ و شتی تازەی لێ هەڵدەهێنجرێ. ئەو کاتە هۆش دەگاتە ئەو ئاستەی کە بگەڕێ بەدوای بنچینەی بوون و سەرچاوەی شتەکان و ماناى خودایەتیان بکات بە بەردا . جا هەیە ناوی لەو خودایە ناوە سرووشت ، هەیە ناوی لێناوە ڕێککەوت ، هەیە ناوی لێ ناوە دروستکار، هەیە ناوی لێ ناوە پەروردگار.. هیچ کێشەیەک لە ناوو ماناو مەدلوول و مەغزای ناوەکە نیە. گرنگ ئەو بە دوادا گەڕانەیە کە

پلەیەک بەرزتر سەرت دەخاتە سەرەوەی حەقیقەتەکەوە . ئەم حەقیقەتەش ڕووێکی ڕووناک و ڕووێکی تاریکی هەیە لە هەر ئاست و پلەیەک دا بێ. هەردوو ڕووەکەش وەک دووڕووی یەک دراو وان ، هیچیان بێ ئەویتر ، بوونی نابێ.
وە لە ڕاستیدا ئەوەی کە هەر شتێک لە نەبوونەوە دەکات بە هەبوو ئەو دووڕییەیەتی لە پاک وپیس ،جوان وناشیرین ، تاریک وڕووناک ،سالب و موجەب.هتد

ئێمە تەنها مانا بە خودا دەبەخشین.

خودا هەستی پیّ بەخشیوین بۆ هەست کردن بە شتەکانی دەوروبەرمان. بەو پێیەی کە خودا لە ڕێگەی هەستەکانەوە بە فلْتەری سرووشتی وجوودمان دا تێدەپەڕێت (کە خودا،سەرچاوەی سروشتمان و بنچینەی بوونمانە) و پاکی دەکاتەوە لە هەموو ئەو تۆزو گەردانەی کە لە ڕێی کەڵەکەبوونی کاریگەریەکانەوە نیشتوون لەسەرحەقیقەتی خودابوون. ئینجا وێنای ئەو خودایە دەگات بە هزروئاوەزی مرۆڤ و شیکاری دەکات و وێنایەکی خوداییانە دەبەخشێ بە خودا. هەرچەندە ئێمە تەنها لە چوارچێوەی زەمان ومەکان وئێستای خۆمانەوە بەو شێوەیە وێنای خودا دەکەین . واتە ئێمە تەنها دەتوانین ماانا ببەخشین بە خودا . ناتوانین خودا لەچوارچێوەی زەمان و مەکانی خۆمان دا کۆت و بەند بکەین.

## ئایا خودا بەبێ وجوود ، هیچ مانایەکی هەیە؟؟

ئاین پێی وایە کە جەستە تەنها هەڵگری ڕۆحەو کردەوەکانی مرۆڤ گرنگن و جەستە تەنها خاک و خۆڵە. وە کاتێ مرۆڤ دەمرێ، ئەو جەستەیە دەبێتەوە خاک و خۆڵ و هیچ نرخ و بەهایەکی نیە . بەڵام دواتر دێتەوە ناو گۆڕەپانی جیهانی ماددەو نرخی بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێ : مرۆڤ زیندوو دەبێتەوەو جەستەیەکی نوێی پێ دەبەخشرێ بۆ ئەوەی چێژو لەززەتی سزا یان پاداشت وەربگرێ . باشە دەپرسم : ئەرێ گەلۆ ئەگەر خودی جەستەکە نەبێ  چ مانایەک هەیە بۆ ڕۆح ؟ چ مانایەک هەیە بۆ هێزوتواناو ویست و بیرکردنەوەو سۆز وهەست و پەیوەندیەکان و چی و چی ؟ ئەم بابەتە هەر لەنێو خودی جەستەکەدا بارگاوی کراوەو هەر بەشێکی جەستە خاوەن وەزیفەیێکە لەو وەزیفانە. بۆ نموونە هەستەکان هەموو شێوەو وێنەکان دەگوازنەوە وەک کەرەستەیەکی خاو بۆ ئاوەز . ئاوەزیش بابەتە فیکری و سۆزداری و داهێنانەکانی لێوە بەرهەم دێنێ. کەواتە جەستە (ماددە) کارگەی بەرهەم هێنانی مانایە (ئاگایی) ئەمە لە کاتێکدا کە هەر خودی ماددە (جەستە بە نموونە) سەرچاوەی بوونی لە خوداوە هاتوە  کەواتە جیهانی ماددە بۆ ڕەسم کردن و وێنەکێشانی مانای خودابوونە بە پشت بەستن بەو ئاگاییەی کەلێیەوە بەرهەم هاتوە.  بۆ نموونە ئەگەر من جەستەم نەبێ ئەی چۆن هەست بکەم کە هەم ؟ هەست بە چی بکەم؟ چۆن بیرکردنەوە بەرهەم دێ ئەکەر کەرەستەی لهەستی لەبەر دەست دا نەبێ؟ ئەگەر بیرکردنەوە نەبێ ، ئەی چۆن ئاگایی دەخوڵقێ؟

خودا سەرچاوەی وجوودە لەپێناو مانایەتی خودابوونی خۆی . کەواتە جیهانی ماددە مانای خودایەتی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات.

## حەقیقەتی خودا

هەروەک چۆن باسمان لەوە کرد کە یەکێک لە وەزیفەکانی مرۆڤ بریتیە لە مانا بەخشین بە خودا ، بە هەمان شێوە وەزیفەیەکی تری ئەوەیە کە لە چەند لایەکەوە وەک ( ناساندنی حەقیقەتی خودا، سەلماندنی حەقیقەتی خودا، ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی خودا) ئەو بابەتە شیتەڵ بکا.
سەلماندنی حەقیقەتی خودا (کە دەڵێین سەلماندنی حەقیقەتی خودا ، مەبەستمان سەلماندنی بوونی خودا نیە ، چونکە خودا بوون نیە تاکو بسەلمێنرێ ) : بریتیە لە بەڵگەی هەبوونی بوون . واتە هەبووبنی بوون دەرخەری حەقیقەتی خودایە بەو مانایەی کە مرۆڤ هەڵیدەهێنجێ لە وجوود.
ناساندنی حەقیقەتی خودا : بریتیە لە پێناسەکردنی خودایێتی خودا بەو شێوەیەی کە توانا عەقڵیەکان پێی گەیشتوە . نەک ڕیکلام کردن بۆی چونکە حەقیقەت ڕیکلامی ناوێ.
ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی خودا : بریتیە لەوەی کە نهێنیە مەتەڵ ئامێزە کۆد کراوەکان دەربارەی ئەو حەقیقەتە شی بکەیتەوەو ڕوونی بکەیتەوە. نەک دروست کردنی وەهمێک بەناوی حەقیقەتەوە.

ئایا خودا ڕاستیەکی بنەڕەتیە یاخود ڕاستیەکی سەلمێنراو؟

دوو کۆ دوو دەکاتە چوار . ئەمە ڕاستیەکی بنەڕەتیە .بیردۆزە نیە و موڵکی زانایەک نیە و بەڵگە نەویستەو پێویستیی بە سەرچاوە نیە.
زانینی ئەو ڕاستیە هیچ کەس پێی نابێتە زانا ، بەڵام نەزانینی ئەم ڕاستیە واتە نەزانی.
بەڵام ڕاستی سەلمێنراو ئەو ڕاستیەیە وەک بابەتەکانی زانستی فیزیاو کیمیا، پێویستیی بە دۆزینەوەیە . هەردۆزینەوەیەک پێویستی بە بەڵگەیە بۆ سەلماندن . وە دەبێتە سەرچاوە بۆ زانین . ڕاستیی سەلمێنراو بە زانینی دەبیتە زانا ،بەڵام بە نەزانینی نابیتە نەزان.
بەم پێیە خودا لە چوارچێوەی ڕاستیە بنەڕەتیەکانە . بۆیە پێویست بە سەلماندنی ئەو ڕاستیە ناکا . چونکە هەموو کەرەستەکان و پێداویستیەکان و هەبوونەکان لەبەر چاوو لە ژێر دیدگای هەستەکانماندان. ئەم ڕاستیەش سەلماندنی لەلایەن ئاینپەرستەکان و داواکردنی بەڵگە لە لایەن دژەئاینەکان پووچەڵ دەکاتەوە.

## ماناى خودا+ حەقیقەتى خودا = جوان کردنى خودا

دواى ئەوەى کە مرۆڤ هەڵدەستێ بە ئەرک و وەزیفەى ڕاستەقینەى خۆى لە خوداناسیدا کە بریتیە لە مانا بەخشین بە خوداو دەرخستنى حەقیقەتى خودا، دەرەنجامى ئەو کارەشى دەبێتە جوانکردنى خودا . کەواتە گەیشتن بە پلەى خوداناسى مرۆڤ دەکاتە هونەرمەندى نەقشاندنى خودا بەو نەقاشیەى کە خودا چاندوویەتى لە عەقڵى مرۆڤ دا . بۆیە گوتومە عەقڵ ماڵى خودایە ، لە هەمان کاتیشدا شوێنى ئەو نەققاشیە بریتیە لە بیرکردنەوە کە حەرەمى خودایە.

کەواتە خودا بە حەقیقەتەوە جوان دەبێ ، حەقیقەتێک کە ماناداربێ . خودا بە جوانیەکان (بەو شتانەى کە ئێمە پێمان وایە جوانە) جوان نابێ . چونکە لەوانەیە هەندێ شت لاى من جوان بێت ولاى تۆ جوان نەبێت ، ئەو کاتە جوانیى خودا بەتاڵ دەبێتەوە. یان لەوانەیە لاى گەلێک بەشێوەیێک جوان کرابێ کە لەلاى تۆ ناشیرین دەردەکەوێ . بۆیە دەبێ لە ماناى خودابوون تێبگەین ئینجا حەقیقەتى خودا بناسین .

## خودا - بوون- ئاگایی - ژیان - کات – مردن

خودا سەرچاوەی هەموو شتێکە بە هەموو شێوەیێک ، بەڵام ئەم بابەتە تەنها دەتوانین بە وردبوونەوە لە سرووشت وخوێندنەوەی سرووشت لێی بڕوانین ولێی تێ بگەین ئەگینا بە دیوە زانستیەکەی ،پڕۆسەیەکی بەردەوامی هەمیشەیی لە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون دۆزینەوە هەیە . ئینجا وەزیفەی ئەو شتە بەرهەمهێنانە لە هەرشێوەیێکدا، واتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانە. ئەو بەرهەمەش بریتیە لە ئاگایی ئەو شتە بۆ چۆنیەتی ژیان کردن و بەردەوامیی ژیان، واتە ئاگاییش بەرهەمهێنەری ژیانە. ژیانیش لەهەر شتێک دا ماوەیێکی کاتیی دیاری کراوە (فترة زمنية محددة( بۆ بە چیرۆک ناساندنی هەر شتێک بە دەوروبەرەکەی خۆی . واتە ژیانیش بەرهەم هێنەری کاتە. کاتیش سەرەتاوکۆتاییەکی هەیە بۆ هەر شتێک کە دێتە بوون سەرەتاییێکی هەیە بۆ هاتنە بوون و کۆتاییەکیشی هەیە بۆ لەناوچوون . ئێمەش بەو کۆتایی و لەناوچوونە دەڵێین مردن .

بەم شێوەیە.

خودا سەرچاوەی هەر شتێکە بە هەر شێوەیەک و لە هەر شێوەیەکدا.

ئەوشتەش سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئاگاییە بۆ چۆنیەتیی ژیان کردن.

ژیانیش ماوەیێکی دیاری کراوە بۆ تەمەنی هەر شتێک ، هەر شتێکیش لە چارەی نوسراوە (بە سیستماتیک کراوە) بەو ئەرک و وەزیفەیەی کە پێی سپێرراوە.کۆتا هاتن بە وەزیفەکەش واتە خانەنشین بوونی شتەکە (مردن)

بۆ نموونە: بەردێک کە کۆگای هەڵگرتنی کۆمەڵێک ماددەی بەسوودە لە خۆیداو بۆتە پێکهاتەی وجوودی بەردەکە ، ئەرک و ڕۆڵی وجوودی ئەو بەردە ئەوەیە کە پارێزگاری کردوە لەو ماددە بەسوودانەو لە ڕێگەی دەرخستنی خۆی لەسەر ئەم شێوەیەی کە هەیەتی تاکو دەستێک وهەستێک پێی دهزانێت و شی دەکاتەوەو دابەشی دەکا بەسەر ئەو بەشانەی کە لێی پێکهاتوەو هەربەشێکی تێکەڵ دەکات لەگەڵ ماددەیەکی ترو دەیکاتە بابەتێکی تازە ، تا ئەو کاتە کە پارێزگاری کردنە ڕۆڵ دەبینێت و بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ ،دوای شیکردنەوەکە (مردن) کۆتایی بە ڕۆڵی بەبەرد بوونی دێت و دەبێتە وجوودێکی تر بۆ ئەرک و ڕۆڵێکی تر.

ئەگەر زیاتر کورتی بکەینەوە.
خودا سەرچاوەی بوونە. بوون سەرچاوەی ئاگاییە . ئاگایی سەرچاوەی ژیانە . ژیان بەجێگەیاندنی ئەرکێکە ، مردنیش کۆتا کاتی تەواو بوونی ئەرکەکەیە.

## خودا بنچینەی هەبوونەو سەرچاوەی بیرو ئەندێشەیە

بەلاتەوەسەیر نەبێ ئەگەر بڵێم: هەموو بیرو ئەندێشەیەک سەرچاوەکەی لە خواوەیە . چونکە خودا بۆ هەر هەبووێک بنچینەو سەرچاوەیە . واتە بنچینەیە بۆ لایەنە ماددیەکەی ، وە سەرچاوەیە بۆ لایەنە مەعنەویەکەی . بنچینەیە بۆ لایەنە ماددیەکەی و لەسەر ئەو بنچینەیە ، ئەو ماددەیە (ئەو بوونەیە) گەشە دەکات. وە سەرچاوەیە بۆ لایەنە مەعنەویەکە (بیرو خەیاڵ و ئەندێشە) واتە : بیرو ئەندێشە لەو سەرچاوەیەوە دێ. خۆ ئەگەر ئەو سەرچاوەیە نەبوایە ، ئەوا بیرکردنەوەو ئەندێشە بوونی نەدەبوو .
بەو پێیە (کە خودا سەرچاوەیە بۆ بیروئەندێشە) ئەوا دەبێ لەڕێی زانست و خەیاڵی زانستیەوە پێداچونەوە بۆ ئەو بابەتە بکەین و زانست بکەینە سەرچاوەی عەقیدەو بیروباوەڕ.
بۆیە دیوە سرووشتیەکەی مرۆڤ بە هەردوو بارەکەدا (ماددی و مەعنەوی) لەسەر ئەو بنەمایە ئۆقرەو ئارام دەگرێ کە خودا بنچینەی هەبوونی شتەکان بێت و سەرچاوە بێ بۆ بیرو ئەندێشەی ئەو هەبووە. کەواتە مرۆڤی خوداناس ،ئەو مرۆڤەیە کە بۆ خوداناسی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە.

خودا لەنێو شتەکان دایەو شتەکانیش لەنێو خودا دان.

هیچ شتێک نیە لە دەرەوەی خودا . کەواتە خودا دابەش بووە بەسەر هەموو هەبووێک دا ، دابەش بووە بەسەر شتەکاندا . خودا لەنێو هەموو شتەکان دایە .بەڵام بەو تێڕوانینە نا کە پێمان وا بێت خودا بوونێکی دیاریکراوی بەرجەستەبووە. هەروەک چۆن شتەکان لە دەرەوەی خودا نین ونابن ، بەهەمان شێوە شتەکان بەبێ خودا، ژیان و جووڵەیان نابێ . واتە هەرکاتێ خودا جیابوویەوە لەو شتە یان جیا کرایەوە لەو شتە، ئەو کاتە ئەو شتە نامێنێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە هیچ هەبووێک بەبێ خودا نامێنێت . ئەی ئەو شتە چیی لێ دێت ؟ بێگومان ئەو هەبووە دابەش دەبێتە سەر هەبووەکانی تر . وە لەگەڵ هەبووە لەناوچووەکانی تر هەبووێکی تازە دێتە وجود و هەبووە لێک هەڵوەشاوەکە هەر لە قۆناغی یەکبوون دا بۆ بوون بە هەبووێکی تازە .

39

## گەر خودا هەموو شت بێ ، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین ؟

ئەگەر خودا بریتی بێ تەنها لە بوون ، ئەوا نەبوون بەر لە بوونیش هەر هەبووە .کەواتە نەبوون لە پێش خوداوە هەبووە . بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بیروباوەڕە بەرنامەڕێژ کراوە سرووشتیە خواییەی کە هەمانە،تەریب بێ لەگەڵ خوایەتی خوا ، ئەوا پێویستە هیچ شاشی و کەلێن و بۆشاییەک لەو خوداناسیە پەیدا نەبێ . ڕاستە ململانێیەکی توند لەنێوان بیرکردنەوەو عەقیدەدا هەیە لە بارەی خواوە . عەقیدە بەو سیفەتەیەی کە چوارچێوەیەک بۆ خوا دەکێشێ و بیرکردنەوەش ئازادانە بیر لە خوا دەکاتەوە. بەڵام خوداناسی لەگەڵ ئاستی باڵابوونی تێگەیشتن لە خوا، ئەویش گەشەدەکات و لە کۆتاییدا (هەرچەندە بێ کۆتاییەو کۆتایی نایە) مرۆڤ یەکسان دەکاتەوە بە خودا.

بۆیە مامەڵەی ئێمە لەگەڵ شتەکان دەبێ لە ئاستی شتەکان دا بێت و بە گوێرەی سرووشتی شتەکان بێت . بۆ نموونە (بەردێک، بەشێکە لە خوا) بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە نەوێرین دەست لە بەردەکە بدەین و بە دەستنوێژەوە دەستی بۆ بەرین . سەرەتا دەبێ ئێمە خۆمان خاڵی کەینەوە لەو پیرۆزیەی کە ئاین بە باڵای خودا دا دایڕشتوە. وە خودا بەدیوە حەقیقیەکەی بناسین نەک بە دیوە پیرۆزیەکەی . بۆتۆ ،تەنها ئەو بەشە خواییە پیرۆزە کە لەتۆدایە . پیرۆزی هەرخوایێک بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە بەشێکە لێی.

## خودا نە ژمارەیەو نە ژمارە (یەک)

خودا ناخ و شێوەی هەرشتێکە. خودا کاکڵە وتوێکڵی هەموو شتێکە. خودا شێوەیە بۆ هەموو شتێک ، هەموو شتێک ئاوێنەی وێنەدانەوەی خودایە. خودا سەرچاوەی بوونی هەر شتیکە. خودا بنچینەی بوونی هەرشتێکە، خودا هۆکاری بوونە.
خودا ئەگەر ژمارە بێت و لە ڕیزبەندی ژمارەکانیش ژمارە یەکی پێ بەخشرا بێ واتە ناڕاستەوخۆ بەرجەستە بوونە لە یەک لە جەستەدا ، بەرجەستەبوونە لە یەک شێوەدا . بەرجەستەبوونە لە یەک وجوود . ئەو کاتە خودی خودا دروستکارێک لەسەری دەبێتە واجب . بەو شێوەیەش خودایەتی خودا لە ڕەهاییەت و ئەزەلیەت و ئەبەدیەت دێتە دەرەوەو لە کاتێک و شوێنێک و قەبارەو شێوەو جەستەیەک لە چوار چێوە دەدرێ و مانایەتی خودابوون لە دەست دەدا . بۆیە خودا نە ژمارەیەو نە ژمارە یەک.

## من یەکم نەک خودا

ئایا هیچ کەسێکیتر هەیە ناوی وەک من فؤاد بێت باوک وباپیری ودایک و داپیری هەمان ناوی منیان هەبێت؟
ئایا کەس هەیە بەو خەسڵەتەی سەرەوە هەمان ئەو کارە بکات کە من دەیکەم ؟
ئایا کەس هەیە بەهەمان ئەو خاڵانەی سەرەوە لە هەمان بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی من دا بژیەت؟
ئایا کەسیتر هەیە بەهەمان ئەو خاڵانەی سەرەوەشەوە کە وەکو من بیر بکاتەوەو خاوەن هەمان ئایدیۆلۆژیای من بێت؟
ئایا کەس هەیە وەکو من بەهەمان ئەو خاڵانەی سەرەوەشەوە هەمان سرووشتی منی هەبێ بۆ خەوو خۆراک و سێکس ؟
ئایا کەس هەیە بەهەمان شێوەی من کە هەمان خەون وخەیاڵ و هیواو ئاواتی هەبێ؟

ئایا کەس هەیە بەهەمان شێوەی من منداڵەکانی هەمان شێوەی منداڵەکانی منیان هەبێ ؟
ئایا کەس هەیە خێزانی وەکو هەمان خێزانی من بێ بە هەمان ناوو خاوو خێزانیەوە کە لێی هاتۆتە دونیاوە؟
ئایا کەس هەیە وەکو من هەمان پلان وستراتیژیەتی هەبێ بۆ داهاتوو؟
بێگومان ئەوە تەنها منم کە بەم شێوەیەم ، من جیهانێکی سەربەخۆمم ، منم یەک و یەکێکیتر نیە وەکو من.

## خودا لە ماهیەتی هەر شتێکدا یەکە نەک لە دەرەوەی شتەکان

ئاین بەهانەیەکە بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاستی . کاتێک ئاین دەڵێ: خودا یەکە. دەیەوێ ڕاستیەکە بەلاڕێدا ببا بۆ یەکبوونیەتی. بەڵام ئەم یەکە پێویستی بە ڕاستکردنەوەی ئەو تەحریفە هەیە کە ئاین بەشێوەیەکیتر تەفسیراندوویەتی ئێمە کاتێک دەڵێین ئۆتۆمبێل ، وتنی ئەم دەستەواژەیە ، یەکیەتیەک دروست دەکات لەنێوان هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل . بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە تەنها یەک جۆر ئۆتۆمبێل هەیە؟ نەخێر .چونکە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرمان هەیە ، پاس ، گواستنەوە، ئاگرکوژێنەوە، فریاکەوتن و زۆر جۆرو شێوەیتر ئاین دەیەوێ وامان تێبگەیەنێ کە نەخێر تەنها یەک ئۆتۆمبێل هەیە و هەمووومان تەنها پێویستمان بەو تاکە ئۆتۆمبێلەیە.
ئینجا با وردتری بکەینەوە. با لەنێو ئەو هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلە تەنها یەک جۆر دیاری بکەین . بابڵێین تویوتا. ڕاستە تویوتا یەک جۆرن . بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە لەهەموو دونیادا تەنها یەک تاکە تۆیۆتا هەیە؟
کەواتە بەلاڕێدا بردنی حەقیقەتی ئەو یەکیەتی بوونە لێرەوە دەست پێدەکا کە خودا لە بوون دا یەک نیە ، بەڵکو لە ماهیەت وکوالێتیەکەیدایە ،چۆن ؟ چونکە هەموو ئۆتۆمبێلەکان وەک یەک ،تایەیان هەیە ،وەک یەک، گێڕیان هەیە ، ئیستاپ و بەنزینیان هەیە مەکینەیان هەیە کە ئەمانە خاڵی هاوبەشن لەنێوان هەموو ئۆتۆمبێل و جۆرەکانیدا . کەواتە خودا لە ماهیەتدا یەکە نەک لە وجووددا.

کاتێک دەڵێین : خودا بنچینەیە بۆ بوون و بوونیش لەهیچەوە)نەبوون)ەوە هاتۆتە بوون، ترسێک لەناخی هەموومان دا ڕاماندەچڵەکێنێ، ئاخۆ چۆن دەبێ خوا(هیچ)بێ. بەڵام لە ڕاستیدا (هیچ)ئەو ژمارەیە نیە کە لە مێشکی ئێمەدا بێ بەهایە و لە شێوازە ماتماتیکیەکەماندا بێ مانامان کردوە. بێنە پێش چاوت . ئەو هەموو ئەستێرەو هەسارەو گەردوونانە ، ئەگەر بۆشاییەک (بە مانای هیچ) نەبێ ، ئایا چ بوونێکی تر دەتوانێ لەخۆی بگرێ چونکە ئەو هیچە گەردوونیەش بنچینەکەی خودایە. خودا ئەو بەهاو پیرۆزیەیە کە لەنێو عەقیدەی ئێمەدا ڕەگی داکوتاوەو پێ بەپێ زیاتری لەبارەوە فێر دەبین و دەزانین.
هیچ ئەو فێربوون و زانستەیە کە دەبێتە بیروباوەڕ لەلامان. بۆیە هیچیش شتە واتە بوونە . خوداش بنچینەیە بۆ بوون. لە پێش ئەو هیچەش بێکۆتایی هەیە لە پێچەوانە بوونەوەداهیچ تەنها ناوەڕاستی هەردوو جیهانی بوونە بە هەردوو دیوی دژە یەک .
)هیچ)، هیچ ترسێکی ناوێ بەڵکو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی دەوێ بۆ فێر بوون و زانینی زیاتر .هەرفێربوون و زانینێک باوەڕێکی تازەیە.

بوونی خودا وەک بوونێکی دیاریکراو لە کۆمەڵێک سیفەتی کۆکراوەو بەرجەستەکراو لە بوونێکدا، لەهەمان کاتیشدا بەرجەستە کردن لە جەستە یان شێوەیەک لە جەستە . کە ناکرێ خودا بەو شێوەیە وێنا بکرێ کە لەگەڵ سروشت وبیروباوەڕدا هاودژبێ. ئەمە تەنها حەزێکە (حەزی وێناکردنی خودا لە شێوەیەکی تایبەت دا) ئەم حەزە لە قۆناغی غەریزەدا شتێکی ئاساییە بەڵام مانەوەی ئەو حەزە لەو دۆخەدا ، شتێکی باش نیەو دەبێتە خولانەوە بە دەوری ئەو حەزەدا کە هەر لە دۆخی غەریزەدا دەخولێتەوە. ئەو حەزە کە لە ڕێی هەستکردنەوە دەچێ بۆ هۆش و بیر ، ئەوا لەوێ شەن کەو دەکرێ و پرسیارو لێکۆڵینەوەدەربارەی بابەتەکە سەر هەڵدەدەن. هۆش وبیر بە دواداگەڕان دەکا بەدوای ڕاستیەکانیداو حەقیقەتی لێ هەڵدەهێنجێ . بەمەش لەو حالەتە تێدەگات و تێگەیشتنی زیاد دەکات.

ئەمە کورتترین پێناسەیەکە بۆ خودا : بوونی هەرشتێکە بەسیفەتەکانیەوە. خودا ، بوونی گوڵێکە بەو ڕەنگ و بۆنە خۆشەی کە بۆتە سیفەتی . بوونی مرۆڤێکە بەو بیروباوەڕو تێگەیشتن و مەعریفەتەی کە بۆتە سیفەتی . بوونی خۆرە بەو ڕووناکیەی کەبۆتە سیفەتی . نەوەک خودا وەک هەر شتێکیتر ، بوونێکی دیاریکراوو تایبەتی هەبێ.

تەنانەت ئەو بوونانەش کە لەلای ئێمە ناحەزو دزێون، جا چ بە ڕەنگ و شێوەیان یان بە سیفەتەکاایان، ئەوا زانین ڕووی ڕاستەقینەی نیشان دەدات لە دواڕوژو بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ شتێکی ناحەزو دزێو بوونی نیە.

هەموو بوونێک جوانە، بەڵام جوانی دوو ڕوخساری هەیە (ڕوخساری دەرەکی و ڕوخساری ناوەوە) ئەوانەی ڕوخسارەی دەرەوەیان جوانە، زووتر دەکەونە بەرچاو. بەڵام ئەو شتانەی ناوەوەیان جوانە، دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و جوانیەکەی ئاشکرا بکرێ.

بەو پێیە : خودا بوونە، بوونی هەرشتێکە ، شێوەیە بۆ هەموو شتێک . بۆیە هیچ شتێک ناحەزو دزێو نیە. هەموو شتێک جوانە ، تۆمەتبارکردنی هەرشتێک بە ناشیرینی ، لە نەزانیەوەیە.

# خودای (گشت) وخودای(خود)

کاتێ دەڵێین خودای (گشت) واتە : ئەو سیستمەی کە گەردوون وبوون کاری پێ دەکا . کاتێکیکیش کە دەڵێین خودای (خود) واتە : بە سیستماتیککراو . ئینجا دوای ئەوەی مەبەستی خۆمان ڕوون کردەوە لەسەر خودای (گشت) و خودای(خود) .

ئێمە خودای (خود) لە دەرەوەی بوونی خۆمان هەست پێ دەکەین کە سیستمێکەو ئێمەش بەشێکین تێیدا . بەڵام خودای (خود) هەمان سیستمە گەردوونیەکەیەو گوزراوەتەوە ناوەوەی ئێمە و لە خودی خۆمانەوە هەستی پێ دەکەین و خودی بوون لەسەر بنەمای ئەو سیستمە ، سیستماتیککراوە.
با نموونەیەکی سادە بێنینەوە لەسەر ئەو بابەتە تاکو جوانتر ڕوون بێ بۆ گشت لایەک . کاتێک دەڵێین خودا ڕزق و ڕۆزی دەرە ، با بزانین بە گوێرەی ئەو سیستم و سیستماتیکە چۆنە. بیهێنە پێش چاوی خۆت ،تۆ کە دەتەوێ ڕزق و ڕۆزی ملیارەها خانەی جەستەی خۆت بدەی . ئایا چۆن ئەو کارە دەکەی؟ بێگومان تۆ ناکرێ و ناچێتە عەقڵەوە کە خانە بەخانەی جەستەت بە دەستەکانی خۆت نان بدەی . بەڵکو تۆ پشت بەستووی بە سیستمێک ئەویش بریتیە لەوەی تۆ خۆراک دەخۆیت و لەڕێگەی سیستمی هەرسەوە ، ئەو خۆراک و جۆری خۆراک و ئەو خانانەی کە پێویستیان بەهەر جۆرێکە لە خۆراک بەشێوەیەکی یەکسان و لە یەک چرکە ساتدا هەر هەمویان ڕزق و ڕزۆی دەدەی . ئەم شێوازی سیستم و سیستماتیکە خوداییەی گەردوون بەهەمان شێوەیە لە بەخشین دا . کە هەست پێنەکراوە. بەڵام ڕێکخراوو هاوئاهەنگ کراوە و پێکەوە بەستراوەتەوە. .

جیاکردنەوەی خودای ڕاستەقینە لە خودای دەسکرد.

1-هەموو بوونێک یەک (وحدە – یەکە)ی سەربەخۆیە . بەڵام پێکەوە بەستراون لە پێکهاتەیەکدا . (خودای ڕاستەقینە) لەگەڵ هەر یەکەیەکدا ئاوێتەیە وبنچینەیە بۆ هەر یەکەیەک. بەڵام بوونی شتەکان یەک یەکە نین بەڵکو پێکهاتەن . واتە: پێکهاتوون لە دوو یەکە یان زیاتر لە دوو یەکە و تا دەگاتە ملیارەهای یەکە (کە هەر یەکەیەک سەربەخۆیە) . کەوتا خودا بنچینەی یەکەیە ، بەڵام شتەکان پێکهاتەن لەو یەکە سەربەخۆیانە. هەریەکەیەکیش لەخۆیدا پێکهاتەی چەندان یەکەیتر بەهەمان سیستم لە کاردایە . بەڵام خودای ئاینەکان پێکهاتەن لەو ئەندامانەی کە پێکهاتەی شتەکان هەیانە

2- دیارو نادیاری خودای ڕاستەقینەو خودای دروستکراو.
خودا بنچینەیە بۆ هەردوو دیوی دیارونادیاری بوونی شتەکان . بۆ نموونە: دیوی دیار وەک جەستەی شتەکە ، دیوی نادیاریش وەک هێزو وزە و جوڵەو خێرایی (کە پشت بەستوون بە هەست وهۆش و بیرکردنەوەو خەیاڵ و ئەندێشەو ئاگایی و یادگەی شتەکان، بە پێی ئاستی بوونی خۆیان ) . بەڵام خودای دروستکراو، خودی خۆی وەک جەستەیەک دابەش بووە بەسەر دیوی دیارو نادیاردا. بۆ نموونە : خودای دروستکراو وەک هەر پێکهاتەیەکی تر ، دەستی هەیەو قاچی هەیەو چاوی هەیەو گوێی هەیەو هەموو ئەندامەکانی جەستەیەکی پێکهاتەی شتەکانی هەیە ، ئەمە وەک دیوی دیاری خودا. بەڵام دیوە نادیارەکەی لەو سیفەتانە پێکهێنراوە کە سیفەتی پێکهاتەکانن واتە هەبووەکان.

3- خودای ڕاستەقینە بەرهەم هێنەرە، بەڵام خودای دەسکرد بەکار هێنەرە.
خودای ڕاستەقینە سندوقی دەنگی بەرهەم هێناوە بۆ گۆکردنی پیتەکان بە دەنگە ژێیەکان، ئەمەش بۆ ئەوەیە چونکە مرۆڤ پێویستی پێیەتی نەک خودای ڕاستەقینە پێویستی بە دەنگە ژێ هەبێ و پێویستی بە قسەکردن بێ لەگەڵ خەڵک ، بەڵام خودای دەسکرد ئەو دەنگەژێیە بەکاردێنێ ، چونکە پێویستی پێیەتی ،وە پێویستی بەوەیە کە خەڵک کوێی لێ بگرن. ئیتر ئەم بابەتە بۆ هەموو ئەندامەکانی تری جەستە دروستە کە خودای ڕاستەقینە پێویستیی پێیان نیەو خودای دروستکراو پێویستیی پێیانە.

خودای ڕاستەقینە بەرهەمهێنەری هەموو پێویستیەکانە بۆ وجوود ، بەڵام خودای دەسکرد پێویستی بەهەموو ئەو پێداویستیانەیە بۆ بەکارهێنان.

4- خودا پێویستی بەو پێداویستیانە نیە کە بە مرۆڤی بەخشیوە بۆ پەیوەندی و ڕایەڵە لەنێوان خۆی و مرۆڤ دا. چونکە
یەکەم /خودا لە دەرەوەی ئێمە نیە تاوەکو ڕایەڵەیەک هەبێ لەنێوان ئێمەو ئەودا.
دووەم / بوونی هەرشتێک هێماو ئاماژەو نیشانەیە بۆ هەموو شتەکانی تر، وە بە بارێکی تردا ، بوونی هەموو شتەکان ،هێماوئاماژەو نیشانەن بۆ بوونی هەر شتێک بەڵام خودای دەسکرد، هێماو نیشانەوئاماژەکان بە زمانێکی مرۆڤئاساییانە بە نموونە دێنێتەوە بۆ سەلماندنی بوونی خۆی.

5 – خودای ڕاستەقینە ، هیچ ئاماژەیەک بەوە نادا کە پێویستی بەوە بێ کە بوونی خۆی بسەلمێنێ . چونکە هەموو شتەکان بەشێکن لەو . بەڵام خودای دەسکرد . هێزو دەسەڵات و تواناو موعجیزەو هەموو هەوڵێک بەکار دێنێ بۆ سەلماندنی وجوودی خۆی.

6- کتێب و دەقە پیرۆزکراوەکان
هەر هۆکارێک کە ببێتە خۆ سەلماندنی هەر خودایەک بۆ خۆ سەپاندن، ڕەتکراوەیە.یەکێک لەو هۆکارانە ئەو کتێب و پەڕاوو دەقە پیرۆزکراوانەن لەنێو ئاینەکاندا کە بریتین لە کۆمەڵێک بەڵگەو نیشانە بۆ سەلماندنی ئەو خودایەی کە خودی ئاینەکە لەچوارچێوەی مەبەستێک دایڕشتوە.
بۆچی پەیامی سەرکاغەزو نوسراو ناشێ بدرێتە پاڵ خودا؟ ئێمە هەر لە خۆمانەوە ئەو بۆ چوونەمان فڕێ نەداوەتە ناو باسەکەوە، چونکە ئەمە دەبێتە نەنگیەک لە خودایەتیی خودا و هەرگیز لەگەڵ خودایەتیی خودا یەک ناگرێتەوە. چونکە دەلالەتە لەوەی کە خودا نەیتوانیوە ئەو مرۆڤە ڕاستەڕێ کا، دوای ئەوەی کە ئەو مرۆڤە دەبێتە قوربانی کومەڵێک کێشە و دەبێتە کۆمەڵێک ئەزموونی کەڵەکە بوو بۆ خودا، ئینجا خودا یاسای بۆ دەنێرێ . کە ئەمە لە دوو لاوە دەبێتە نەنگی بۆ خودا .
یەکەم / واتە: خودا کەوتۆتە دواوەوی ئەزموونەکانی مرۆڤەوەو ئەزموونی

مرۆڤ بۆته مەرجەعی خودا كە ئەمە هەرگیز لە خودایەتیی خودا ناوەشێتەوە.
دووەم / واتە: خودا دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو كتێبەوە هەڵەكانی خۆی ڕاست كاتەوەو مرۆڤ بخاتە سەر ڕێی ڕاست . كە هەڵەكردن نەنگییێكە بۆ خودایێتیێ.
كتێب ونوسراوەكانی تریش وەک هەر پێداویستیەكی گەردوونی ، یەكێكە لە پێویستیەكانی كە مرۆڤایەتی پشتی پێ دەبەستێت و خودا بێ نیازە لێی .
هەروەک گوتمان خودا پێویستی بە هیچ شتێک نیە بۆ هیچ شتێک . ئەگەر سەیری دەقەكانیش بكەین ، هەر دەقێک كراوەتە بەدیلی ئایەتێكی خودا (جێگرەوەی نیشانە خوداییەكان) . بەڵام لە ڕاستیدا بەڵگەونیشانە خوداییەكان پێویستیان بەوەیە لە بارەیانەوە بنوسرێ ،نەک لەنێو كتێبێكدا قەتیس بكرێ . بەڵگەوئایەتە خوداییەكان لەهەر چركە ساتێكدا پێویستی بە نووسینەوەی هەزارەها كتێب هەیە لەسەری وكۆتاییان نایە. ئەگەر بەڵگەونیشانە خوداییەكان كۆتاییان هات، واتە خودا مرد كە ئەمەش لەگەڵ باوەڕی خوداناسانەدا یەكناگرێتەوە.
كتێبە پیرۆزكراوەكان لە چەند دەقێک پێكهاتوون و سەرەتاو كۆتاییەكیان هەیە و لەسەردەمێكی دیاریكراوو بەزمانێكی تایبەت نوسراونەتەوە كە ئەمانە هەموویان بەڵگەن لەسەر خودایەكی دەسكرد كە دەستی لەوكارەدا هەبێ نەک خودای ڕاستەقینە
مەبەستیش لە پێكهێنانی ئەو كتێبانە ئەوەیە كە كۆمەڵێ كەسی بەدەوردا كۆبكرێتەوەو دوای جێبەجێ كردنی ڕێنماییەكان و شوێنكەوتنی ڕاسپاردەكان، بپەرسترێن بەبیانووی پیرۆزیەوە.
بەڵام خودای ڕاستەقینە پێویستی بە پەرستن و پیرۆزكردن وخۆسەلماندن و خۆسەپاندن نیە.
ئەی پەیامی خودا چۆنە؟
پەیامی خودا واتە بەڵگەكانی . بوونی شتەكان بەڵگەونیشانەكانی خودان. لە قوتابخانەی گەردوون دا هەموو كەس دەتوانێ بخوێنێت بێ جیاوازی .
مەگەر كەسێک چاوی بنووقێنێ وحەز نەكا هیچ ببینێ و هیچ بخوێنێ . لەو قوتابخانەیەدا دەكرێ هەموو كەس بێ جیاوازی بیروڕاو ئاین و مەزهەب ونەتەوەو كەلتوروزمان و مێژوو پێگەودەسەلات ، بەرزترین شەهادەی خوداناسی بە دەست بێنێ.

7- خودای ڕاستەقینە پێویستیی بەوە نیە خۆی بە خاوەندار بزانێ. ئەوە خودای دەسکردە کە خۆی بە خاوەنی هەموو یاسا خوداییەکان دەزانێ. یاسا خوداییەکان پێویستیەکانی ژیانن ، واتە: ئەگەر ئەو یاسایانە نەبێ ،بوون و ژیان نابێ . بوونی شتەکان بە ئەندازەگیریەکی یەکسان دامەزراون کە هەمووی پێویستی بە هەموو هەیە ، واتە: چۆن من پێویستیم بەهەموو شتەکانی دەوروبەرمە ، بەهەمان شێوەش هەموو شتەکانی دەوروبەرم پێویستی بە منە . ئیدی منەت کردنی خودای دەسکرد لێرەوە بەتاڵ دەبێتەوەو هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە.

8 – گەڕانەوە بۆ خود یان پەیوەندی کردن بە خودا.
حاڵەتێکی تر کە ئاینەکان پشتی پێ دەبەستن ، چۆنیەتی پەیوەندی کردنە بە خوداوە لەلایەن پێشەوا ئاینیەکانەوەو شوێنکەوتەیی خەڵکیش بۆ ئەوان بەناوی (اتباع و سوننەت) . لەسەرێکی تریشەوە بیدعەی نوێژیان داهێنا بۆ چۆنیەتی پەیوەندی کردن بە خوداوە لەو ڕێگەیەوە. بەڵام هەروەک باسمان کرد، خودا بوونێکی دیاریکراوو جیاکراوە نیە لە وجوود و خاوەن جەستەیەکیش نیە کە جەدەلی چۆنیەتی خەڵق بوونی خودا بەدوای خۆیدا بێنێ. ئەم جۆرە پەیوەندی کردنە بە خوداوە ، تەنها پەیوەندی کردنە بە خودایێکی دەسکردەوەو هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خودای ڕاستەقینە.
ئەی چۆن پەیوەندی بە خودای ڕاستەقینەوە بکەین؟
بێگومان عەقڵ وەک ئەو هۆشەی کە لەنێو هەموو شتێکدایە ،جێگرەوەی خودایە بۆ کاروبارەکانی بوونی هەرشتێک ، کەواتە لەو حاڵەتەدا ناتوانین بڵێین پەیوەندی دەکەین بە عەقڵمانەوە ، بەڵکو دەبێ بڵێین : گەڕانەوە بۆ عەقڵ . کەواتە عەقڵ حەرەمی خودایە و بیرکردنەوەش پەیوەندی کردنە بە خوداوە . عەقڵ حەرەمی خودایەو بیرکردنەوەش نوێژ کردنە لەناو ئەو حەرەمە خوداییەدا.

9 – هێزی چاکەو هێزی شەڕ یان خوداو ئەهریمەن
لە ڕاستیدا هەردوو هێزەکە لەیەک دەرچەوە دەردەچن و ئاڕاستە دەکرێن و هەردوو هێزەکەش لە خوداوەیە. بەڵام ئەزەلیەت و ئەبەدیەتی بوون دابەش بووە بەسەر هەردوو ئاڕاستەداو لەو حاڵەتەشدا ئاساییە هۆشمەندی مرۆڤ لە هەردوو بارەکەدا بەرامبەر یەک دژە هەڵوێست بن و دڕدۆنگ بن لەگەڵ یەک .

واته: له ڕاستیدا هیچ خودایەکی چاکەخواز نیە کە بانگەشەی چاکە بکات لە دژی خراپە ، چونکە گەر وابێ ، ئەوا دەمێک بوو بە ویستی خودا، خراپە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشرا بوو . بەڵام دەبینین کە هەمیشە لە بەرامبەر چاکەدا خراپە هەر هەبووەو هەر دەشبێ . چاکەو خراپە دوو هێزی تەحەددین بەرامبەر یەک . هەر بەهۆی ئەو ململانێیەوەیە هێز گەشە دەکا . واتە ئەگەر  خراپە نەمێنێ ، ئەوا بەرە بەرە چاکە هێز لە دەست دەدا تا هیچ هێزێکی تیا نامێنێ و ژیان دەوەستێ. .
جەمسەربەندی حەقیقەتی بوونە . وەک تاریکی وڕووناکی ،ساردوگەرم، چاک وخراپ و......نکوڵی کردن لەهەر هێزێک ،ڕازی نەبوونە بە ویست و قەدەری خودا. هیچ هێزێک نیە لە دەرەوەی ویستی خودا بێت و ویستێکی تر دروستی کردبێ . هەر کەس وا بیر بکاتەوە، بڕیاری دوو خودای داوە.

10 – خودا سیفەت بەخشە
خاڵێکی تر کە خودای ڕاستەقینەی پێ جیا دەکرێتەوە لە خودای دەسکرد ئەوەیە کە خودای ڕاستەقینە بوونە لە پێکهاتەی هەر هەبووێکدا. واتە هەرشتێکی کە هەیە، کۆمەڵێک خەسڵەت و سیفەتی پێداوە کە تایبەتمەندێتیە بۆ ئەو بوونە . بەڵام بوونی خودایەک کە خاوەن سیفەت بێ و لەبەر ئەو سیفەتانە ئیعتیباری خودایەتی پێ بدرێ ، ئەوە خودای ڕاستەقینە نیە بەڵکو دەسکردە. پێکهاتەی هەر شتێک بە کۆمەڵێک سیفەت دەناسرێتەوە کە بەرگری لە مانەوەی دەکا .خودای دروستکرو سیفەت پێ بەخشراوە نەک خودای ڕاستەقینە، خودای سیفەت پێ بەخشراو ئەو خودایەیە کە لە لایەن ئاین و ڕێبەرانی ئاین و بیروباوەڕی خەڵکەوە سیفەتە مرۆییەکانی پێ بەخشراوەو بەو سێفەتانە پێی دەناسرێتەوە.

11 – خودای عەقڵانیەت وخودای گفت گۆی دەروون
خودای ڕاستەقینە دەرەنجامی عەقڵانیەتە کە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی بۆ دەکا لە ڕێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا هەڵکەوتووەو هەر بیروباوەڕێک لە دەرەوەی عەقڵەوە سەبارەت بە خودا، ڕەت دەکاتەوە . تەنها لە ڕێی لێکدانەوە عەقڵیەکان باوەڕ بە خودا دێنێ و هەر دەرەنجامێک بدا بە دەستەوە، قەبووڵی دەکات. بەڵام خودای دەسکرد ئەو خودایەیە کە لە دەرەنجامی گفت و گۆی دەروونیەوە دروست کراوەو گفتوگۆ دەروونیەکان

کراون بە گفت وگۆی نێوان خوداو  مرۆڤ و کراوە بەدین و سەپێنراوە بەسەر خەڵکیدا . ئەم گفت وگۆ دەروونیانە جیهانێکی فانتازی بۆ خەکانی شوێنکەوتە دروست کردوە کە لە ڕەگەوە هاودژە بە عەقڵانیەت ، ئەو عەقڵەی کە جێگرەوەی خودایە لە هەڵوێست و بڕیاردان.

12 – خودای حەق و خودای پەرستراو

کاتێک کە دەڵێین خودای حەق ، مەبەستمان ئەو حەقیقەتەیە کە واقیعە(ڕاستگەڕە) لەبەر چاومان . هەموو ئەو بوونانەی کە هەستیان پێ دەکەین . وە هەموو ئەو شتانەی لەبەر دووری یان لەبەر وردی ،پێویستمان بە هۆکارێکی ترە بۆ هەست پێکردن . ئەگەر چی لەو بابەتەدا نامەوێ بچمە ناو قوڵایی هەستی سرووشتی (خودا پێداوی) و ئەو هەستە دەسکردانەی (مرۆڤ کردەیی) کە دەبنە هۆکار بۆ سەلماندنی ئەو بوونانەی کە بە هەستە سرووشتیەکان هەستی پێ ناکەین.. بە هەر حاڵ : حەقیقەتی ئەو واقیعە ، مانای خودایەتیی خودایە(خودای حەق)
بەڵام خودای پەرستراو ئەو خودایەیە کە پشکی خودا ڕاستەقینەکەی بەر کەوتووە (هەڵبەتە پێیان بەخشیوە) ،دیوێکی تری ئەفسانەییان پێ بەخشیوە بەناوی خودای نادیار(غەیب) واتە ئەو خودایەی کە خۆی لە خەڵک شاردۆتەوە، کە ئەمە هیچ ئەسڵێکی نیە خودا بەو شێوەیە بێ. چۆن دەبێ خودا شەرمی بە خودایەتی خۆی بێ .ئەمە تەنها بەلاڕێدا بردنی هەستەکانە لەهەمبەر خودا. خودا نامۆ نیە تا نامۆکان بکا بە چاوساغی ناسینی خۆی.

# جۆرەکانی خودا

لە بابەتی پێشوودا (جیاکردنەوەی خودای ڕاستەقینە لە خودای دەسکرد) باسی ئەو جیاکاریانەمان کردوە بە شێوەی بەراورد کردن بەڵام لەم بابەتەدا باسی جۆرەکانی دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم / خودای حەق : بریتیە لەو خودایەی کە هۆکاری بوونە . بنچینەو ئەسڵی هەموو شتێکە.سەرچاوەی ژیانە.بوونی هەموو هەبووێکە.

دووەم / خودای پەرستراو (معبود) ئەو خودایەیە کە ئاینەکان بۆ بەندەکان و شوێنکەوتوانی خۆیان دروستیان کردوە و خواست و ویستی خەڵک و ڕابەرانیان کراوە بە ویستی خودا و داب ونەریت کراوە بە فەرمانی خودا تێیدا ، بۆ شوێنکەوتەیی و گوێڕایەڵی و پەرستش

سێیەم / خودای (خودا وەند) ئەویش بریتیە لەو مرۆڤانەی کە لە ڕێی دەسەڵاتەوە، خۆیان لە ژێردستەکانیان کردوە بە خودا. لەو ڕێیەوە خەڵک چاوترسێن و ئاڕاستە دەکەن بە ویستی خۆیان.

چوارەم / خودای تەوتەمی : ئەو جۆرە خودایە کە لەڕێی باوەڕدارانەوە پلەی خودایەتیان پێدراوە ، بریتین لەو ئاژەڵانەی کە دەیانپەرستن ،وەک (مشک ، مانگا ، مەیموون ، پشیلە.....) هەرچی پیرۆزیەک هەیە ، کراوە بەبەریان دا.

پێنجەم / خودای دروست کراو کە بریتین لەو شتانەی کە مرۆڤ بەدەستی خۆی دروستیان دەکات و دەیان پەرستێ . وەک پەیکەرە لە قوڕ دروستکراوو لە بەرد دروستکراوەکان.

شەشەم / خودا بێ گیانەکان وەک (مانگ ، ڕۆژ ، ئەستێرە ، هەسارە ، تاریکی ، ڕووناکی +) بریتین لەو شتانەی کە هەن و مرۆڤ کردوویانن بە خودا.

حەوتەم/خودای وەهمی  (خەیاڵی) بریتیە لەو خودایەی کە بە بیانووی غەیب و نادیارەوە خۆی نیشان نادات و لەهەمان کاتیشدا دەستی هەیەو قاچی هەیەو دەم و گوێچکەو هەموو ئەندامەکانی جەستەی مەخلوقێکی هەیە.واتە بوونی لەشێوەیێکدا لە قالب دراوەو کەچی نادیارە (غەیب) هەموو ئەو خودا داتاشراوانە کە خەسڵەتی خودای حەقیان وەرگرتوە (جگە لە خاڵی یەکەم) وهەمان خودایێتی خودای حەقیان پێ بەخشراوە، پووچ و بەتاڵن . مرۆڤ دەبێ لە بیروباوەڕی خۆیدا هاوێریان بکات و لە خودای حەق جیایان بکاتەوە.

دوو جۆر هەستمان هەن
هەستە دەرەکیەکان کە بریتین لە ( بینین ، بیستن ، تام کردن ، بۆن کردن ، بەرکەوتن) کە لە ڕێیەوە هەست بە شتە ماددیەکان دەکات.
هەستە ناخەکیەکان وەک (هەست کردن بە مەترسی ، هەست کردن بە دڵخۆشی ، هەستی نیگەرانی ، هەستی ناڕەحەتی)
بەڵام لە دەرەوەی ئەو دوو هەستەدا ، هەستێکی خودایی بوونی هەیە کە بە هۆیەوە هەست بە خودایەتی خودا دەکەین (بۆیە دەڵێم هەست کردن بە خودایەتی خودا، چونکە خودا ، بوونێکی دیارێکراو نیە تاکو بڵێین : هەست کردن بە بوونی خودا)
بۆیە ئەم هەستە خوداییەش دابەش دەبێ بۆ دوو خاڵ.
یەکەم / هەست کردن بە خودایەتی خودا . ئەمە هەستێکی ڕاستەقینەیە . چونکە بەهۆی ئەو هەستەوە مرۆڤ هەموو ڕێک و پێکیەکان و کامڵێتیەکان دەداتە پاڵ ئەو خودایەی کە لەناخیدا چێنراوە. نموونە وەک (خودا پێویستی بە هیچ نیە ، خودا ئەزەلی و ئەبەدیە، خودا خودای هەموو شتێکە) مامەڵەی ئەو هەستانە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا دەگوازرێتەوە بۆ هۆش . هۆش خودا وێنا دەکا لە باشترین حاڵەتی دروست دا.
دووەم/هەست کردن بە بوونی خودا .ئەمە هەستێکە لەلایەن ئاینەکانەوە کاری پێدەکرێ و هەستێکی دروستکراوی ئاینەکانەو لەلایەن دژە ئاینەکانەوە بەردەوام ڕەت دەکرێتەوە
ئەو هەستە ،خودا وێنا دەکا لە حاڵەتێکی بەرجەستەبوودا . وەک (خودا خالیقە ، خودا بەتوانایە ، خودا ئاگادارە. خودا بە بەزەییە . خودا زانایەو زۆر سیفەتی تریش) کە ئەم سیفەتانە کۆمەڵێک سیفەتی نێو وجودن ، بەهۆیەوە خودای ڕاستەقینە دادەبەزێنرێتە مەقامی بوون ، کە خودا دەکاتە بوونێک وەک هەر بوونێکیتر . بەڵام لە شوێنێکی بەرزوباڵاتری مرۆڤ واتە دەسەڵاتی پادشای پێ دەبەخشرێ.
ئەم حاڵەتەش پرسیارو جەدەل زۆر هەڵدەگرێ و شوێنکەوتوانی تووشی پینەو پەڕۆی (حیساب وکیتاب و قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ و تووڕەیی

و هیدایەت و ڕەوانە کردنی پەیام و پێغەمبەرو ئاین و بەندایەتی و ئەمروفەرمان و شەرع و دروشمی ئاینی و گوێڕایەڵی و شوێنکەوتەیی و سوننەت و فەڕز و واجب و حەڵاڵ و حەرام و خێرو کۆمەڵێک شتی تر) کردوە

دەرەنجامەکەشی بریتیە لە دروست بوونی چوار هەزار ئاین وهەر ئاینێک دابەش بۆتە سەر کۆمەڵێک مەزهەب و عەقیدەو فیکرو ئایدیاو لەنێو هەموو ئەمانەشدا ، هەستی خۆ بەڕاست دانانی ڕەهای لەناو هەموو ئەمانەدا دروست کردوەو هەر کۆمەڵەیەک خۆی بە ڕاست دەزانێت و پێی وایە حەقیقەتی ڕەهاو باڵا لای خۆیەتی.

هەموو ئەمانە لە دەرەنجامی ئەو هەستە دروستکراوە سەرهەڵدەدات و کێشەیەکی ڕاستەقینە بۆ خودایەتی خودا دروست کردوە.

بۆیە بەوە هەستی سرووشتی لەو هەستە دەسکردە جیا دەکەینەوە کە هەستە سرووشتیەکە دوای مامەڵەو ڕەفتار لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا دەردەکەوێ و وەڵامی بۆ هەموو حاڵەتەکان پێیە .

با بەراوردێک لەنێوان هەردوو هەستەکە بکەین لە مامەڵەیەکی ڕۆژانەدا. هەستە دروستکراوەکە بەپێی پەیڕەوی ئاینەکەی مامەڵە دەکات . بۆ نموونە ئەگەر ئاینەکەی پێی بڵێ : جولەکەو گاور پیسن بۆگەنن ، کاتێ ئەو مرۆڤە بەلای ئەو دوو جۆرە کەسەدا دەڕوا، خۆی دەپارێزێ چونکە هەست بە پیسی دەکا . بەڵام هەستەسرووشتیەکە لە ویژدانەوە بڕیار دەدات . واتە: هەر جۆرە مرۆڤێک بەلایدا تێپەڕێ، ئەو بەپیسی نازانێ بەڵکو هەموو دروستکراوەکان بە ئایەتی خودا دەزانێتو دەزانێت هیچ بوونێک بێ خودا نایەتە بوون، تەنها لەو حاڵەتەدا کە ئەو کەسە کارێکی قێزەون (بۆ نموونە دزی و گزی)بکا، تەنها لەو حاڵەتەدا مرۆڤەکە بە پیس دەزانێ.

هەرچی دەربارەی خودا دەیڵێین ، تەنها بەشێکی ڕاستیەکەیە.

هەر بەشێکی ڕاستیەکان لەگەڵ وجوود دێنە وجوود. ئەگەر بەهۆی وجوودەوە نەبوایە، کەس نەیدەزانی نیشانەکانی ڕاستی لە کوێوەیە. هەر خۆی وجوود سەرتاپا ڕاستیە. کەس ناتوانێ ئەو ڕاستیە قەبوڵ نەکا یان نکوڵیی لە بوونی بکا.بەڵام ئەوە ئێمەین لەنێو ئەم ڕاستیەدا کە ئەدای هەندێ شت دەکەین لەگەڵ ڕاستیدا نەگونجاوە . ئەم ناڕاستیەش ئەزموونێکە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕاستیدا.بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، ئەوەی ئێمە دەربارەی خودا دەیڵێین بەشێکی ڕاستیەکەن ،چونکە ئێمە خۆمان بەشێکین لەو ڕاستیە. چونکە هەموو ڕاستیەکان دەربارەی خودا پەرت بڵاون بەهەموو لایەکداو ناتوانرێ لە یەک بازنە یان لە یەک خاڵدا کۆبکرێتەوە. چونکە خودا ، بوون نیە . بەڵکو بوون خۆی خودایە. بێنە پێش چاوی خۆت تۆ هەبووێکی وەک هەر هەبووێک . هەر خانەیەک لە جەستەتدا بوونێکە بە هەموو ئەو خانانە یەک بوونیان پێک هێناوە ، ئەویش تۆی . بۆیە بەهەمان شێوەش . هەموو ئەو بوونانەی هەستیان پێ دەکەین . بەهەموویان یەک بوون پێکدێنن کە خودایە . بۆیە دەڵێم : خودا، بوون نیە. بەڵکو بوون خودایە . بۆیە هەربوونێک لە چوارچێوەی بوونی خۆیدا بەشێک لەو ڕاستیە دەبینێ کە خودایە. بۆیە هەموو بەڵگەکان دەربارەی بوونی خودا لە ڕوانگەی یەک شتەوە یان لە یەک ڕوانگەوە ناڕاستە.

# بەشی دووەم
# ناسین و باوەڕ بوون بە خودا

## موعجیزەی ئیمان.

لەسەر چەمکی (موعجیزە) و (ئیمان) ناوەستین. لێی دەگەڕێین بەو شێوەیەی خۆی کە لە تێگەیشتنی خەڵکیدا ڕەسمی گرتوە. بەهەر حاڵ ئایندارەکان موعجیزە بۆ خودی پیرۆزیەکانی ئاینەکانیان دەگێڕنەوە. بۆ نموونە : لای موسوڵمانەکان پەرتووکی قورئان بە موعجیزە دادەنرێ . بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خودی ئیمانی خەڵکە کە موعجیزەی بۆ دەخولقێنێ

بۆ نموونە: هەمان فۆکسی ئیمان بخە سەر تێکستێکی ئەدەبی یان زانستی یان فەلسەفی ، هەمان ڕۆڵ دەگێڕێ لە تەفسیر کردنی ئەدەبیانە یان زانستیانە یان فەلسەفیانەی تێکستەکە تا هەتایە . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوە ئیمانە لە ڕێگەی تەفسیراتەکانەوە موعجیزە بۆ دەقەکان دەخولقێنێ نەک دەقەکان موعجیزە بن.

موعجیزەی ڕاستەقینە لەخودی شتەکاندایە . واتە هەر شتێک بیگری بە نموونە ، ناتوانرێ لەشێوەی ئەو دروست بکرێتەوە . بۆ نموونە دڵۆپێک ئاو کەس ناتوانێ هاوشێوەی ئەو دروستی بکاتەوە . دۆش دامان بەرامبەر هەرشتێک واتە موعجیزە. نەک تەفسیراندنی دەقێک بۆ چەندەها جۆری تێگەیشتن.

هەرچەندە ڕەنگە ڕۆژێک دا بێ لە ڕێگەی کۆپی کردنەوە . بتوانرێ کۆپی هەموو شتێک بکرێ و ئەوەی کە پێی دەڵێین موعجیزە، کۆتایی پێ بێ. بەڵام بەهەرحاڵ بابەتەکەمان ئەوە نیە بەڵکو موعجیزەی ئەو ئیمانەیە کە فۆکس لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دادەنێ و زیاد لە ڕووبەری خۆی فراوانتری دەکا. بەڵام بە ناسین وناساندنی بابەتە دەزانین ڕووبەرەکەی چەندە.

ئەم چەمکە چەمکێکی هەرە بنەڕەتیە کە ئاینەکانی لەسەر دامەزراوە. جا هەر ئاینێک بە پێی بیروباوەڕی خەلک و بیروبۆچوونی پێشەوا ئاینیەکە لە چوار چێوەی چەند دەقێکی کۆنکرێتی داڕێژراوو پیرۆزکراودا داڕێژراوەو شوێنکەوتوانیان خول دەخۆن بە چوار دەوری دا.

لێرەدا نامەوێ ڕەخنەو دژبەریەکچونم هەبێ لەگەڵ هیچ ئاینێک وهیچ بیرو

باوەڕێک دا . بەڵام مافی خۆیشمە وەک خوداناسێک شەن و کەوی ئەو چەمکە بکەم . چونکە وەک خوداناسێک پێویستیم بە هەموو ئەو چەمکانە دەبێ کە من دەکاتە مرۆڤێکی تەواو کامڵ لەو بوارەدا.

سەرەتا ئایا باوەڕ لە کوێی مرۆڤ دا جێگیر دەبێ ؟

بە پێی ئەوەی کە باوەڕدەرەنجامی ئەو هەستە خۆڕسکەیە کە هەر لە ساتی هەست کردن بەخۆت و دەوروبەر،چرۆ دەکات و سەردەردێنێ و دەبێتە غەریزەیەک لە مرۆڤدا. بەڵام ئەم هەستە، لە دوای هەڵسەنگاندن و سەلماندنەوە کە دەبێتە ئەو زانیاریەی باوەڕ پشتی پێ دەبەستێ و ڕەگ دادەکوتێ لە ناخی ئەو مرۆڤەدا . ئەو شوێنەش عەقڵە کەوا لە دەرەنجامی شیکارکردنی هاوکێشەی باوەڕەوە کە پشت دەبەستێ بەو ڕاستیە پێکەوە بەستراوو بنەڕەتیانەی بنچینەی بوون و ژیانن . بۆ نموونە (٢×٣=٦) ئەنجامی شیکاری ئەو هاوکێشەیە پەیوەستە بە عەقڵەوە نەک شوێنێکی تری جەستەی مرۆڤ ، عەقڵ سەلماندوویەتی کە ئەنجامەکە دەکاتە (٦)و نەگۆڕە کەواتە باوەڕ لە عەقڵدا جێگیر دەبێت و سەلماندنی ئەنجامەکە دەبێتە بنەمای نەگۆڕی باوەڕ.لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە عیرفانیەتی خوداناسی دادەمەزرێ . کەواتە لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕ دەبێتە بنچینە عیرفانیەتی خوداناسی ، بەڵام باوەڕ تەنها ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە پێی دەگوترێ )خوداناسی) . بەو پێیە پلەوپایەی خوداناسی بەرزترە لە باوەڕ.

لە بازنەی باوەڕدا (نازانم) بوونی نیە. (نادیار) بوونی نیە. (سەروو هۆش) ُبوونی نیە . هەر باوەڕێک لەسەر ئەو بنەمایانە بە هەر بڕوبیانوێک کرابێ بە بنچینەکانی باوەڕ، لە ڕاستیدا بێباوەڕیە نەک باوەڕداری. چونکە باوەڕی تەواو واتە(دڵنیایی تەواو).

بۆیە بۆ باوەڕ بوون بە خودا پێویستمان بەو کەرەستانەیە کە ڕاستیە

بنەڕەتیەکانی ژیان و وجوودن. ناکرێ بڵێی من باوەڕم بە خودایە بەڵام نازانم خودا چیە؟ یان ئەو لق و پۆپانەی کە لکێنراون بە باوەڕبوون بە

خودا بۆ نموونە باوەڕبوون بە واسیتەیەک لەنێوان مرۆڤ و خودا . یان

دهقێکی نووسراو بەناوی خودا بۆ ناساندنی خودا.

سەرەتا دەبێ بپرسین ئایا خودا وجوودێکی دیاریکراوە تا لەوێوە بۆ ئێرە پێویستی بە کۆمەڵێک هۆکاروئامرازی گەیاندن هەبێ؟ ئایا خودا ماددەیە کە شوێنێکی لە بۆشاییدا داگیر کردبێ ؟ ئایا خودا هەستی هەیە تا ئازار

بچەژێ یان دڵخۆش بێ، ئایا خودا سیفەتی هەیە تا تووڕە بێ یان ئارام بگرێ یان ڕەزامەندبێ؟ ئایا ئەگەر خودا وجوودێکی دیاریکراوی هەبێ، ئەو وجوودە لە چی دروست بووە ، ئایا ئەو چیەیە چۆن هاتۆتە بوون؟ یان ئەگەر وجوودێکی دیاریکراوی هەیە، شێوەی ئەم وجوودە چۆنە ؟ قەبارەی چەندە ؟ چونکە هەر تەنێک شێوەی هەبێ، دەبێ قەبارەشی هەبێ . باشە

ئەگەر ئەو وجوودە شێوەو قەبارەی هەیە دەبێ کێشی هەبێ؟ ئەگەر کێشی هەبێ ،دەبێ هێزی کێش کردنی لەگەڵ کام تەنی گەردوونیدا بەریەککەوتنی هەبێ؟ کاتێک خودا دەخەینە ناو تەنێکی بەرجەستەکراوی وجوودێکی

دابڕاو لە تەواوی بوونەکانی تر ، ئەوا لە کۆتاییدا خۆیشی مەحکوم دەبێ بە پێکهاتەیەکی دروستکراو لە لایەن هێزێکی ترەوە. بۆیە پێکهاتەی باوەڕ لەنێو ئاینەکاندا چونکە ترس و شەرم و تەقدیس کردن و دۆگمایی زاڵ بووە بەسەریدا. کە لەو ڕێگەیەوە پێوەری باوەڕ بۆتە ئەوەی کە لەرز بتگرێ و

موچوڕک بە لەشتدا بێت و تەزوو بە گیانتدا بێت . بەڵام لە ڕاستیدا باوەڕی ڕاستەقینەو تەندروست ئەوەیە کە هەستێکی خۆش و ئارام بەخش سەرتاپای لەشت دابگرێ و دڵنیایی بدا بەتەواوی هۆش و هەستەکانت.

بۆیە باوەڕ واتە دڵنیایی و گرێنتیی تەواو. ئەمەش تەنها ئەو کاتە دەبێ شوێنکەوتەی ڕاستیەکان بین ئەو ڕاستیانەی کە دەمانگەیەنن بە دەرەنجامێکی تەواوو دروست. واتە: باوەڕ بە دەرەنجامی ڕاستیەکان. نەک باوەڕ بە کائینێکی وجوودی یان کائینێکی خەیاڵی. چونکە خودا خەیاڵ نیە

هەروەک چۆن وجوودیش نیە تاکو وجوودی خودا بسەلمێنین. چونکە وجوودیش لەبەردەم کۆمەڵێک ئەگەردایە .بۆ نموونە: کێ دەڵێ ئێمە خۆمان وجوودین تاکو وجوودی خودا بسەلمێنین؟ یان کێ دەڵێ ئێمە لە خەوێکی قووڵدا نین و بە مردن بێداربینەوەو ئەو کاتە حەقیقەت شێوەیەکی تری هەبێ

یان کێ دەڵێ وجوود خۆی وجوودە لە ڕاستیدا تاکو خودا ببەستینەوە بە بەڵگەکانی وجوودەوە؟ بۆ نموونە : ئەگەر وجوود خۆی وجوودە ، ئەی

باشە ئەو پانتاییە بەرفراوانە لەکوێوە هات کە ئەو هەموو گەلەستێرانە لەخۆ بگرێ؟ ئەی کێ ئەو شوێنەی دابین کرد بۆیان؟ ئەی خۆی شوێنی لەکوێیە؟ ئەی شوێنەکەی ئەو کێ دابینی کرد؟

لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە عەقڵ کارگەی پرسیار دروست کردنە و نابێ ڕێی لێ بگیرێ چونکە بە ویستی خودا ئەو کارگەیە کەوتۆتە کاروکەوتۆتە بیرکردنەوەو دروست کردنی پرسیار؟ هەر خۆی ئەو پرسیارانە نیشانەی خودایین کە لەسەر عەقڵ شوێنی خۆیان گرتوە. کە دەڵێین : عەقڵ ، مەبەستمان لە عەقڵ ، هۆشی هەموو خانەکانی جەستەیە بەگشتی و پایتەختی تاوتوێ کردنی زانیاری هەموو هۆشەکانیش مێشکە. کە دەڵێین مێشک ، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەگەر دڕکە پەتک لە ملەوە بپچڕێ، ئەوا هیچ زانیاریەک لە جەستەوە ناچێت بۆ عەقڵ و هیچ ئاگاداری و فەرمانێکیش لە مێشکەوە ناگا بە جەستەو لە ئەنجامدا جەستەیەکی زیندووی لە کارکەوتوو دەبینین .

باوەڕ بۆ بابەتە سەلمێنراوەکانە .هەرچەندە خودی خودا پەیوەندی بە سەلماندنەوە نیە ، بەڵکو حەقیقەتی خوداا پەیوەندی بە سەلماندنەوە هەیە واتە: لە دوای سەلماندن باوەڕ دروست دەبێ. کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی بریتیە لە کارکردن لەنێو چوارچێوەی ڕاستیە بنەڕەتی ونەگۆڕەکان . بەڵام خودا بابەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ حەقیقەتێک کە لەگەڵ پرسیارەکانی مرۆڤدا دەبێتە وەڵامدەرەوەیەکی تازە . ناسینیش ئەو حاڵەتەیە کە ئارەزووی پرسیارکردن و بەدواداگەڕان لە زەینی مرۆڤ دا گەشە پێدەدات .

ئەو ژوورەی کە دەتپارێزێ لە هەموو کاریگەریە دەرەکیەکان ، پێکدێت لە هەشت گۆشە (چواریان لە ژێرەوەت، چواریشیان لە بان سەرت ) وە پێکدێت لە شەش لا (یەکیان لە ژێرەوەت ، یەکیان لە بان سەرتەوە،

چواریشیان بە چوار دەورتەوە ). لایەکان (دیوارەکان) دەبێ بە شێوەیەک بن کە هەموو کەموکووڕیەکانت دابپۆشێ لە چاوی دەوروبەر . وە دەرگایەکیش بۆ کردنە دەرەوەی شتە خراپەکان و هێنانە ناوەوەی شتی باش وە پەنجەرەیەکیش بۆ هەواگۆڕکێ و ڕووناکی . بۆ باوەڕبوون بە خودا پێویستیت بە ژوورێکی لەم شێوەیەیە لە هەموو بوارەکان . واتە دەبێ ژووری دڵنیایی باوەڕ بەو کوالێتیە بنیات نرابێ. ئەگینا پارێزراو نابیت لە کاریگەریە دەرەکیەکان . بەڵام خۆت سەربەستی لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی کە باوەڕەکەتی پێ بینا دەکەی . وە سەربەستی لە چۆنیەتیی دیزاین کردنی ئەو ژوورە . وە سەربەستی لە قەبارەی گەورەو بچووکی ئیمانەکەت کە تا چەندە جێگەتی تێدا دەبێتەوە. وە هەروەها سەربەستی لە

بنیات نانی باوەڕەکەت لە هەر کوێیەک . کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە باوەڕ چەندە پێویستە، هێندەش ئازادی لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیدا. واتە: چەندە پێویستت بە باوەڕە بۆ بەرگری کردن لە خۆت ، هێندەش ئازادی لە بنیات نانی ئەو قەڵایە بە دەستی خۆت.

جا لەبەر ئەوەی کە لە ماڵی باوەڕی کەسدا ناتوانی بحەسێیتەوە جگە لەو ماڵە بچکۆلانەیەی خۆت، بۆیە شوێنکەوتەی باوەڕی کەس مەبە . بەڵکو تەنها ئارەزوومەندبە بۆ جوانکردن وپتەو کردنی ماڵەکەی خۆت.

پایەکانی باوەڕ پەیوەستە بە سەرکەوتن بەسەریدا . خەڵات نیە دابەشکرابێ بەسەر هەندێک کەسەوەو هەندێکی تری لێ بێ بەش کرابێ. من گەیشتووم بە پایەیەک لە پایەکانی ئیمان . بەڵام ڕەنگە زانایێکی بواری فیزیایی گەیشتبێتە ئاستێکی باڵاتر لە من ، کەواتە لەو حاڵەتەدا ، ئەو لە من ئیماندارترە. یان ڕەنگە فەیلەسوفێک گەیشتبێتە ئاستێکی باڵاتر لە حەقیقەت. کەواتە ئەو لە من ئیماندارترە . یان بەیانی نەوەی دوای ئێمە . دەگەن بە

پایەیێکی تر لە حەقیقەتی خودا ، کەواتە ئەوان گەیشتوون بە پایەیێکی تر لە ئیمان ، کەواتە ئەوان لە ئێمە ئیماندارترن . بەڵام بەو مەرجەی کە دەڵێین حەقیقەت ، مەبەستمان ڕاستیە بنەڕەتی و ڕێژە نەگۆڕەکەی حەقیقەت بێ واتە : چۆن (٢+٢=٤) بەو شێوەیە ڕاستیە بنەڕەتیەکەی حەقیقەت سەلمێنرابێ. وە حەقیقەتیش لەلامان وەک ڕێژەی نەگۆڕ بێ هەروەک چۆن لە ماتماتیکدا دەڵێین : ٢٢/٧یا ٣,١٤ ڕێژەی نەگۆڕەو هەرگیز گۆڕانکاری بەسەردا نایە ، بەهەمان شێوەش حەقیقەت نەگۆڕەو گۆڕانکاری بەسەر دانایە .

کەواتە هەر حەقیقەتێک پایەی بێکۆتای خۆی هەیە بۆ سەرکەوتن بەسەریدا بۆ هەر ئیماندارێک لەو بوارەدا . واتە: هەر باوەڕێک پەیوەستە بە حەقیقەتێک و هەموو حەقیقەتەکان پێکەوە ،حەقیقەتی خودان. واتە: تۆ هەرچەندە باوەڕداربی بە خودا ، لە گۆشەنیگای حەقیقەتێکەوە باوەڕداری بە خودا. کۆی باوەڕی مرۆڤایەتی دەبێتە باوەڕی تەواو بە خودا. بەڵام پێشبڕکێی ڕاستەقینە لە نێوان ئەو باوەڕدارانەیە کە زووتر بە حەقیقەتەکە دەگەن لە هەر بوارێک دا.

## تازەبوونەوەی باوەڕ بوون بەخودا.

لەنێو ئاینەکاندا چەقبەستوویی باوەڕ بوون بەخودا، بەندە بەو بەندو بڕگانەی کە لەنێو دەقە ئاینیەکاندا داڕێژراون .واتە باوەڕهێنانە بە دەق نەک خودا. ئەمە پێی دەگوترێ دەقپەرستی. باوەڕبوون بە خودا کە بناغەیە بۆ خوداناسی ،نابێ لە ژێر هیچ کاریگەریەک دابمەزرێ ، بەڵکو دەبێ ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بەو حەقیقەتانەی کە دەبنە بنەمای باوەڕ. دەتوانی سوود لە هەموو دەقێک ببینی. بەو پێیەی کە بەشێکی ئەزموونکراوی خوداناسیە .کەڵەکەبووی مەعریفەی بەشێک لە خوداناسانە . بەڵام ئەمە

ئەوە ناگەیەنێ بە بیانووی شوێنکەوتەیی ببیتە وا بەستەی یەک دەق و بیکەی بە بنەمای باوەڕ . لەم حاڵەتەدا ئەمە نابێتە باوەڕی ڕاستەقینە، بەڵکو دەبێتە شوێنکەوتەیی . جا چ شوێنکەوتەییەکی بەرچاو ڕۆشنی بێ یان

کوێرانە، هیچ جیاوازیەکی نییە. چونکە بناغەی ڕاستەقینەی باوەڕ نیە.

بناغەی ڕاستەقینە بەستراوەتەوە بەو حەقیقەتانەی کە لە ڕێی زانست و زانیاریەوە بەدەستی دێنی . زانست و زانیاریش لە ڕێی فێربوون و زانینەوە بە دەست دێ.

با بزانین فێربوون و زانین چیە؟ فێربوون ، واتە: ئەو زانیاریە کەڵەکە بوو ودەسکەوت و بەدەست هاتوانەی دەربارەی خودا کە تاکو ئێستا لەبەر دەستدان. وە زانینیش بریتیە لەو زانیاریانەی کە لە داهاتوودا دەربارەی خودابوون دەیزانین وفێری دەبین .کەواتە لەهەردوو باردا باوەڕ بوون بەخوداپشت بە زانست دەبەستێ . زانستیش چوارچێوەیەکی دیاری کراو نیە لە دوو توێی کتێبێکدا قوفڵ بدرێ و ناوی لێ بنرێ کتێبی پیرۆزو پیرۆز بکرێ . بەڵکو زانست بەپێی کات و زانین بەرەو پێش دەچێ. کەواتە باوەڕ بوون بەخودا ، بەردەوام لە تازە بوونەوەدایە بە پێی کات و زانین.

.بیروباوەڕ بنچینەی عەقڵە

بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە  بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و تەندروست بیر بکەینەوە ، پێویستە بنچینەی بیرکردنەوەمان شەن وکەو بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕاستیە بنەڕەتیەکانی ژیان و بزانین لە کوێی گۆشەنیگای شتەکانەوە لە ماناکانی ژیان دەڕوانێ.

بێنە پێش چاو. ئاینێک بنەمای بیروباوەڕەکەی بەو شێوەیە داڕشتبێ کە خودا دەست و قاچ و چاوو گوێچکەو سەرو دەم و زمان و چی و چی هەیە.

ئینجا وا وێنای بکا کە ئەو خودایە بەو کارە تووڕە دەبێت و بەم کارە دڵخۆشدەبێت.

لەو حاڵەتەدا عەقڵ بەو بیروباوەڕە فێڵی لێ دەکرێت و دەخەڵەتێت و لە ژێر کاریگەری ئەو بیروباوەڕەدا بڕیار دەدا . بۆیە  دەبێ سەرەتا بیروباوەڕ بە ڕاستیە بنەڕەتیەکانی ژیان فۆرمات بکەینەوەو وێنای حەقیقەتی خود بکەین وەک خۆی . ئەو کاتە عەقڵ هەموو نهێنیەکان دەدۆزێتەوە . بەڵام ئەگەر لە لایەن بیروباوەڕێکەوە بەلاڕێدا برابێ ، ئەوا نەک هەر نهێنیەکان نادۆزێتەوە بەڵکو نهێنیەکانی لێ دەبێتە تەلیسم و مەتەڵی ئاڵۆزو بۆی هەڵنایە.

بیروباوەڕی ڕاست و دروست و تەندروست ، ڕێگا بۆ عەقڵ ڕۆشندەکاتەوە تاکو بەرهەمی هەبێ ، ئەو بەرهەمەش دەرهاوێشتەی بیرکردنەوەیە کە بەهۆی عەقڵەوە بەدەست هاتوون.

کەسی وا هەیە پرۆفیسۆرەو  کەچی بیروباوەڕی ها لای مانگا پەرستی و خۆ چەماندنەوە بۆی . مەبەستم تەنها ئاینی هیندۆسی نییە بەڵکو ئەو بەزمە لەنێو هەموو ئاینەکاندا هەیە. بۆیە کەسێک باوەڕداری تەواوە کە خاوەن بیروباوەڕی ڕاست و عەقڵی تەندروست بێ.

## کەی ئیمان (باوەڕ ) گەندەڵ دەبێ.

بەو پێیەی ئاین لەچوارچێوەی پڕەنسیپێک کە بەگوێرەی بەرژەوەندیەکان داڕێژراوەو لە ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی لایداوەو تەنها لە خزمەت ئایدیای ئاینەکەیە، بۆیە هەر لەو ساتەوە ئیمانی ڕاستەقینە لای ئەهلی ئیمانداری ڕاستەقینە سڕاوەتەوەو گەندەڵی تێکەوتوە. بۆیە چەند نیشانەیەکی ئیمانی گەندەڵی ئیماندارانتان پێ دەناسێنم سا بەڵکو ببێتە بەرچاو ڕۆشنیەک بۆتان لە ناسینەوەی .

یەکەم/ هەر کاتێک بینیت ئەو ئیمانە مرۆڤە ئیماندارەکەی گۆشەگیرکردوەو خۆپارێزی دەکات لە دەوروبەرو کۆمەڵگاو هەستیاری ناو کۆمەڵگای لەلا دروست کردوەو تووشی نەرجسیەتی ئاینی هاتوە، بزانە کە ئیمانی ئەو ئیماندارە گەنەی گەندەڵی لێیداوە . چونکە ئیمانی ڕاستەقینە مرۆڤ هان دەدا بە تێکەڵبوون لەگەڵ کومەڵگا. وە هیچ جۆرە هەستیاریەک دروست ناکا.

دووەم/ هەرکاتێک بینیت ئەو کەسە بەهۆی ئیمانەکەیەوە تووشی خۆپەرستی بووەو کۆنتاک و هەماهەنگی ناکات لەگەڵ هیچ کەسێک . ئەوە بزانە ئیمانی ئەو کەسە تووشی گەندەڵی بووە .چونکە ئیمانی ڕاستەقینە مرۆڤ دەکاتە کەسێکی لەخۆ بوردوو خاکی.

سێیەم/ ئەگەر بینیت ئەو کەسە شانازی دەکات بە ئیمانەکەی خۆیەوە ، چونکە شانازی کردن بە ئیمانەوە ، ئیمان بەرەو چەق بەستوویی دەبات و چەقبەستوویش بیرکردنەوە بە بنبەست دەگەیەنێ.بەڵام ئیمانی ڕاستەقینە هەر ڕۆژەو فێرژنێکی تازەیە . زەڵکاو نیەو کانیاوە.

چوارەم / هەرکاتیک بینیت ئەو کەسە هەر خەریکی خۆیەتی وسەرقاڵی خۆیەتی وخەمی خۆیەتی و نەفسی نەفسیی خۆیەتی. ئەوە بزانە کە ئیمانی ئەو کەسە گەندەڵیی تێکەوتوە . چونکە ئیمانی ڕاستەقینە مرۆڤ دەکاتە هەوێنی کۆمەڵگاکەی خۆی و ئاوێتەی کومەڵگاکەی خۆی دەکا.

پێنجەم/ هەر کاتێک بینیت ئەو ئیمانە تەنها لە خزمەت بیروباوەڕەکەیە کە ئاینەکەی لەسەر دامەزراوە ، ئەوە بزانە گەندەڵی لێیداوە. چونکە ئیمانی ڕاستەقینە مرۆڤ دەکاتە چاکسازی کۆمەڵگاو ژینگەپارێزو مرۆڤدۆست و نیشتمان پەروەرو خزمەتکاری کۆمەڵگاو نوێخوازو پێشکەوتنخواز. زۆرن نیشانەکانی گەندەڵی ئیمان . بەڵام من تەنها ئەو چەند نموونەیە دێنمەوەو زیاتر بابەتەکە درێژناکەمەوە.

شەشەم/ ئیمانی ڕاستەقینە تەنها خودا دەکاتە مەبەست .نەک ئاینێک یان پەڕاوێک یان پەیامبەرێک. هەرکەسێ بەم شێوەیە بوو . ئیمانەکەی گەندەڵە.

هەر پڕوپاگەندەیە دەبێتە بیروباوەڕ.

بە درێژایی مێژوو هەر شتێک خواستی لەسەر بووبێ ، لە لایەن بەرژەوەندخوازانەوە ڕەواجی پێدراوەو پڕوپاگەندەی بۆ کراوە.
خواستی خەڵک و ڕەواج پێدان لەلایەن بەرژەوەندخوازانەوە نرخی کاڵاکەی زۆر بەرز کردۆتەوە. سوێندخواردنی خودا بە کاڵاکان (ئەمە بەبیروباوەڕی ئاینەکانە کەچەند سوێند خواردنێک بە دەمی خواوە لەنێو کتێبە پیرۆزەکانیاندا تۆمارکراون لە کاتێکدا ئەمە لە خوایەتیی خودا ناوەشێتەوە) بە تێپەڕ بوونی کات و برەودان بە بابەتەکەو فراوان بوونی بازنەی خواست و ڕەواج و پڕوپاگەندەکان ، کارێکی وای کردوە کە خەیاڵ لای خەڵک ببێتە واقیع و وەهم ببێتە حەقیقەت.
بۆیە گەلی وا دەبینی کە پەیکەرێک یان بتێک یان دارێک یان بەردێک یان وەهمێک و خەیاڵێک یان تەنانەت پاشەڕۆی ئاژەڵێک بەرگی هەموو پیرۆزیەکانی کراوەتە بەر. لە هیچەوە بۆتە هەموو شت.
بۆیە ئەو بیروباوەڕانەی کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە ، لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەو شرۆڤەیان بکەو شی یان بکەوە بۆت دەردەکەوێ کە تەنها هیچەو دەستی گرتوە بەسەر هەموو شتێکدا .
خودی ئەم هیچە، لەسەر خواستی خەڵک برەوی پێدراوەو لەلایەن بەرژەوەندخوازانەوە نرخی لەسەر دانراوەو بەهۆی پڕوپاگەندەوە چۆتە نێو هەموو ماڵێک و نێو هەموو دڵێک و نێو هەموو عەقڵێک و بووە بەبیرو باوەڕ. ئیتر ئەمەیە بارودۆخی بیروباوەڕ کە خەڵک خوی پێوە گرتوەو هەموو شتێکی پێوە بەستۆتەوە.
بۆیە دەبێ باوەڕمان بەحەقیقەتێک هەبێ کە پێی دەڵێین خودا نەک باوەڕ بە بوونی خودایێک کە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ.

باوەڕ واتە : تۆ باوەڕت بە کۆمەڵێک پرەنسیپ هەبێ بۆ ژیان ، کە بەهای جوان و شیاون بۆ ژیان . بۆ نموونە تۆ باوەڕت بە دادگەری هەبێت کە بەهای ڕاستەقینەی ژیانە . ئەو کاتە تۆ بەشێک لە باوەڕت هەیە ، خۆ ئەگەر هەڵسی بە ئەنجامدان وجێبەجێکردن و کارپێکردنی ، ئەوا تۆ باوەڕداری ڕاستەقینەی.
کەواتە باوەڕداری ڕاستەقینە کەسێکە کە باوەڕی بە یاسا ڕێک و پێک و جوانەکانی خودا هەبێت نەک باوەڕبوون بەخودا. ئەمەش هەر لەخۆوە ناڵێین ، بەڵکو بەڵگە هەیە کە چەندین ئاین هەن لە پەنا خوداوە ،کۆمەڵێک یاسای نارەوایان داتاشیوە و دەڵێن : باوەڕ بوون بەخودا ،واتە: جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە . ستەمیان کردۆتە بنەمای باوەڕیان . بۆیە باوەڕبوون بە خودا تەنها بیانوێکە بۆ برەودان بەستەم . بۆیە باوەڕبوون بەخودا هەڵەیەکی گەورەیە ، بەڵکو دەبێ باوەڕمان بەو یاسایانە هەبێ کە ژیانی بوون و مرۆڤایەتی پێیەوە بەندە ، باوەڕمان بەو یاسایانە هەبێ کە مانای ڕاستەقینە دەگەڕێننەوە بۆ هەموو شتێک ، باوەڕمان بەو یاسایانە هەبێ کە بەهای ڕاستەقینە دەگێڕنەوە بۆ هەموو شتێک ، باوەڕمان بەو یاسایانە هەبێ کە نرخ بۆ هەموو شتێک دادەنێ . باوەڕبوون بە مرۆڤبوون لە پێناوی ژیانێکی شایستەترو جوانترو ئاسانتر.
لە دەرەوەی ئەو باوەڕە، هەموو باوەڕێکیتر ، بێباوەڕیە.

باوەڕداری واتە ئازادبوون لە بێ مانایی.

گێڕانەوەی مانا بۆ شتەکان یان یان مانابەخشینەوە بە شتەکان یان دۆزینەوەی مانا بۆ شتەکان .هەرسێکیان سێکوچکەی باوەڕن . واتە دەبێ باوەڕ لەسەر ئەم سێکوچکەیە دابمەزرێ.
بەو پێوەرە، ئایا هەر بەڕاستی ئەوانەی بانگەشە بۆ باوڕداری دەکەن ، باوەڕدارن؟؟
کەسێک هەژارە . ڕێزی ناگرن، یارمەتی نادەن ، کە مردیش ، کەس بە دوای تەرمەکەیەوە نیە . کەس باسی ناکا. لە کاتێکدا ڕەنگە لە خۆ بوردوویی بووبێتە هۆکاری هەژاریەکەی. چەندین زاناو بیرمەند بوونە سووتەمەنی هەژاری و نەبوونی ، تەنها لە پێناو لێبڕان بۆ مرۆڤایەتی و ژیان دەرفەتی نەدان ( لەبەر خزمەت کردن بە کۆمەڵگاکەیان یان لەبەر مرۆڤایەتی) دوای ژیانی تایبەتی خۆیان کەون. سەرباری ئەوەی ڕۆڵیان نەنرخێنرا ، بەگژیاندا چوونەوە لەسەر ئەوەی کە هەڵگری بیری جوان بوون بۆ گۆڕانکاری لە چۆنیەتیی ژیانکردن. سووکایەتیان پێکرا . دەربەدەر کران . زیندانی کران، لە سێدارە دران ، کتێبەکانیان سووتێنرا. لەولاوەش، کەسێکی فێڵبازو مشەخۆر بەسەر خوێنی خەڵکەوە کە بۆتە بار بەسەر کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیەوە. ئینجا دەبینیت سەدان کەس پاسەوان و کۆیلەو چەپڵەو چەلاوخۆریەتی . کاتێکیش مرد ، ناوی دەچێتە ناو پەڕەکانی مێژووبەشان و باڵیدا هەڵدەدەن و بەدوای تەرمەکەیەوە دەچن.
ژیان لەنێو ئەو هەموو نادادگەریە بێ مانایەدا گوزەر دەکا. کەچی هەر ئەو کۆمەڵگایە بانگەشەی ئیمان (باوەڕ) دەکا. لەکاتێکدا هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە . ئەو هەموو بێ باوەڕە پێی وایە باوەڕدارە ،کەچی باوەڕدارەکان بە بێباوەڕ لە قەڵەم دەدرێن. بێ ئاگا لەوەی کە بێباوەڕی ،واتە : ئەو بێمانایییەی کە تێیدا ژیان گوزەر دەکا.
بۆیە تاکو ژیان ،مانای ڕاستەقینەی خۆی پێ نەبەخشرێ، هیچ کەسێک باوەڕدار نییە. وەزیفەی مرۆڤی باوەڕدار، بریتیە لە:

یەکەم/ مانا گێڕانەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە مانا ڕاستەقینەکەیان لێ سەنراوە.

دووەم/ مانا بەخشینەوە بەو شتانەی کە مانا ڕاستەقینەکەیان ون بووە ، یان ون کردوە.

سێیەم / مانا بەخشین یان مانا دۆزینەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە تازە سەردەردێنن.
مانا، واتە بەها کە بەشێوەیەکی دادوەرانە لە دادگای ژیان )کە مرۆڤ تێیدا داوەربێ( بگێڕدرێتەوە بۆ هەموو شتێک. ئەو کاتە مرۆڤایەتی باوەڕداره کە ئەو دادگایە سەروەرو مەرجەع بێ . ئەگینا هیچ کەس باوەڕدار نیە.

ئێمە مەحکومین بەکاتەوە ، واتە گۆڕانکاریەکان تاکو بەناو کات دا تێپەڕنەبن ڕوونادەن. بۆیە هەموو تێڕوانین وبیروباوەڕەکانمان بەندە بەکاتی ڕووداوەکانەوە. بۆ نموونە : ئەو ئەستێرەو هەسارانەی کە دەیانبینین وا دەزانین هەربەو شێوەیە بوون بۆیە باوەڕمان وایە کە ئەم شێوەی ئێستای شێوەی پێشوترو ئێستاو داهاتوشیەتی . لە کاتێکدا هیچیان بەر لە ملیۆنان ساڵ وانەبوون . بگرە لەوەش زیاتر ئەو شێوەیەی کە ئێستا دەیبینم تەنها وێنەی گوازراوەی ڕووداوێکە کە هاتۆتە بەر زوومی هەستەکانی منەوەو بۆیە بیروباوەڕ لەڕێی هەستەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆهۆش و دەبێتە ئاگایی بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنها حاڵەتی هەست پێکردنەکەیە . چونکە لەوانەیە ئەو ئەستێرەی کە دەیبینم چەندەها ساڵە لەناو چووەو ئەمە تەنها وێنەی شێوەکەیەتی کە بەناو کات و شوێن دا تێپەڕدەبێت وبەرەو هەستەکانی من کەوتۆتە ڕێ . واتە: ئەو ئەستێرەیەی کە دەیبینم و لەلای من بۆتە باوەڕی تەواو چەندین ملیار ساڵە تۆزیشی نەماوە. واتە : تەنها باوەڕداریم بەوێنە گوازراوەکەیەتی نەک حەقیقەتەکەی . بۆ نموونە ئاسنگەرێک لە دووری کیلۆمەترێکەوە دەبینی چەکوشەکەی دەوەشێنێ ، تۆ چەکوش وەشاندنەکە دەبینی. بەڵام هەست دەکەی دەنگەکەی کەمێک درەنگتر دەگاتە بەرگوێت. کەواتە: باوەڕ مەحکومە بەهەست پێکردنەوە ،هەست کردن بەو وێنەیەی کە دەیبینی نەک هەمان چرکەساتی وجوودی شتەکە یان ڕووداوەکە. باوەڕبوون بەخوداش بەهەمان شێوەیە . ئێمە باوەڕمان بەخودایە لەچوارچێوەی ئەو شتانەی کە هەستی پێ دەکەین یان باوەڕمان تەنها لە چوارچێوەی هەستەکانمان دایە نەک باوەڕ بە خودی خودا . ئێمە تەنها دەرک بەوە دەکەین کە لە پشتی ڕووداوەکانەوە شتێک هەیە کە هەستی پێ ناکەین . بۆ نموونە : هەست بە دووکەڵ دەکەین و هیچ ئاگرێکیش نابینین ، بەڵام دەزانین سەرچاوەی دووکەڵەکە ئاگرێکە. بەهەمان شێوە ئێمە هەست بە بوونی شتەکان دەکەین بەڵام سەرچاوەی هاتنەبوونی شتەکانمان لێ دیارنیە. بەڵام دەزانین سەرچاوەیەک بۆتە هۆکاری ئەو بوونەو ناومان لێناوە خودا.

هەرچەندە ئیمان لە زمانی عەرەبیدا خۆی لەکۆمەڵێک مانادا دەبینێتەوە ،وەک ( دڵنیایی، بەڕاست زانین، باوەڕ) بەڵام ئەوەی کە ڕەسمی گرتوە لە بیرو باوەڕی ئێمەدا ، ئیمان واتە: باوەڕ . وە مەعریفەت بە مانای پێناسین ئاین داکۆکیی دەکاتەوە لەسەر باوەڕبوون بە خودا ، بەڵام لە ڕاستیدا باوەڕ بۆ حاڵەتێکە کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەستمان پێکردبێت و بوویێتە تابلۆیەک لەنێو هۆش و بیرمان دا. بەڵام لە مەعریفەت  (پێناسین) دا ، دەرک کردنە بە ماناکەی . واتە لەبری ئەوەی بڵێین باوەڕدارین بە خودا ، دەڵێین : خوداناسین . لە بەرامبەر بێ باوەڕیشدا دەڵێین : خودانەناسی. سەبارەت بە ئیسلام کە لە تەسلیم بوون وخۆڕادەست کردن هاتوە، واتە ناچارکردنی مرۆڤ بەو حەقیقەتە ئاینیەی کە بەسەریدا سەپێنراوە . ئاینیش جەخت دەکاتەوە لەسەر تەسلیم بوون و خۆڕادەست کردن بە خودا لە بەرامبەر فەرمانەکانی و مەشیئەتی و هێزو دەسەڵاتی ئەو . ئەم بابەتانەش تەنها ئاین چوارچێوەی بۆ داناوەو پێی وایە خودا وەک کائینێکی وجوودی بەرجەستەکراو سەپاندویەتی بەسەر مرۆڤدا. بەڵام سروشتی مرۆڤ بەشێوەیێکە ئەم حاڵەتە ڕەت دەکاتەوە کە خودا بەو شێوەیە بێ. بۆیە لە بری خۆڕادەست کردن  (ئیسلام)  ، قەبووڵ کردن شیاوترە . واتە قەبووڵ کردنی خودا لە ئەو پەڕی خراپیەوە بۆ ئەو پەڕی چاکی ( چونکە بوون پلەبەندیە لەنێوان ئەوپەڕی خراپیەوە بۆ ئەو پەڕی چاکی ،بۆ نموونە مرۆڤ لە ئەو پەڕی شێتی و بێعەقڵی و گەمژەییەوە پۆلێنبەندە تاکو ئەو پەڕی ژیری و هۆشمەندی) یان لەو پەڕی ناڕێکیەوە بۆ ئەوپەڕی ڕێک وپێکی (بۆ نموونە: مرۆڤ لە ئەو پەڕی کەم وکوڕیە جەستەییەکانیەوە وەک ئیفلیجی ونەبوونی ئەندامێک یان چەند ئەندامێکی جەستەیی بۆ ئەو پەڕی کامڵیەتی و تەواویەتی جەستەیی) کە پێویستە مرۆڤ ئەو حەقیقەتە  وەک خۆی کە هەیە قەبووڵ بکا . بۆیە لە بری ئیسلام ، قەبووڵ کردن شیاوترە بۆ خودا بە کورتی / لە بری باوەڕ بوون بە خودا  (ئیمان) ، خوداناسی. وە لەبری خۆڕادەست کردن (ئیسلام )  ، قەبووڵ کردن

## پێوەری کوفرو ئیمان ،یان هۆشیاری و ناهۆشیاری؟

به پێی ئەوەی ئاینەکان دروست کراون.بەپێی ڕێنمایی ئاین و لەژێر ڕۆشنایی فەرمانەکانی ئایندا کە پشت دەبەستێ بە کۆک و ناکۆک یان لەگەڵ و دژ . بۆیە کۆمەڵگاکان دابەش دەکاتە سەر دوو کۆمەڵەی هاودژو بە کوفرو ئیمان هاوێریان دەکات . وە بەپێی ئەوەی کە ئاین خۆی دروستکراوە بۆیە هەموو بنەماکانیشی دروستکراون و نابنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن. بەڵام هۆشیاری و ناهۆشیاری پشت بەستووە بە عەقڵ و ئاوەز ، ئەوەش دەستی مرۆڤی تێدا نیەو سرووشتکارە (هەرچەندە سرووشتکاریش بەپێی تێگەیشتن وئاستی تێگەیشتن وبەرەو پێشچوونەکان گۆڕانکاریان بەسەردادێ و لە دۆخی سرووشتیەوە دەچێتە دۆخی دەستکاری) ئەو هێزە سرووشتکارەش پشت دەبەستێ بە بەکارهێنان یان بەکار نەهێنان ، لە دەرەنجامدا هۆشیاری و ناهۆشیاری لێ دروست دەبێ و هیچ لەبەریک ڕاچوونێکیش نیە لەنێوانیان هەرچەندە ململانێ بنبڕ نابێ ،بەڵام دەتوانرێ ئاڕاستەو کاریگەریەکانی کەم بکرێتەوە. خۆ ئەگەر هەر هیچ نەبێ، دەتوانرێ پیرۆزی ئاینی لێ وەربگیرێتەوە یان ئەو شەرعیەتی کە پێی دراوە، لێی بسەنرێتەوە. بەڵام هۆشیاری وناهۆشیاری تەنها پلەبەندی لەنێوانیاندا هەیە و مرۆڤ بەهۆی پلیکانەکانەوە دەتوانێ زیاتر سەرکەوێ بەسیفەتی ئەوەی کوفروئیمان شەڕو کوشتاری لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بە بنەماییکی پەسەند نازانرێ بۆ پۆلێن بەندی مرۆڤایەتی ، بەڵام هۆشیاری و ناهۆشیاری تەنها پێشبڕکێ کردنی مرۆڤانەی لێ دەکەوێتەوە ، بۆیە شیاوترە بکرێتە پێوەر. چونکە دەکرێ هەر لەناو خودی کۆمەڵی ئایندارردا ،چینی هۆشیارو ناهۆشیار هەبێ ، وە لەناو کۆمەڵی دژە ئاینیش دەکرێ چینی هۆشیاروناهۆشیار هەبێ. بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم پێوەری هۆشیارو ناهۆشیار بە پەسەندتر دەزانم بۆ پۆلێنبەند کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەک پێوەری کوفرو ئیمان.

هۆشیارو ناهۆشیار.

ئاین پشت بە بنەمای ملکەچ کردن و سەرپێچی کردن (ئیسلام و کفر) یان باوەڕداری و بێ باوەڕی . واتە: بە ڕەش و سپی شتەکان دەبینێ. بەڵام لە ڕاستیدا بۆ جیاکردنەوەو پۆلێن کردنی مرۆڤایەتی ، ئێمە پێویستمان بە پێوەرێکە کە هەموو ڕەنگەکان لەخۆ بگرێ . بۆیە هەموو ڕەنگەکانی مرۆڤبوون لەنێوان هۆشیاری وناهۆشیاریدا جێی دەبێتەوە. هۆشیاری پشت بەستووە بە مەعریفەت و ڕۆشنبیری لە گشت بوارەکانی ژیاندا ، هۆشیاری پشت بەستوو نیە بە زیرەکیەوە ، چونکە چەندان مرۆڤی زیرەک و شەهادەدارو خاوەن ماجستێرو دکتۆرا دەبینین کە کڕنۆش بۆ شتانێک دەبەن کە مایەی گاڵتەجاڕین.

بۆیە بیروباوەڕی دروست و تەندروست ئەوەیە کە مرۆڤ بە هۆشیاریەوە بژی . هۆشیاری وناهۆشیاری ، شەڕوجەنگی لێ ناکەوێتەوە . بەڵام باوەڕداری و بێباوەڕی ، لە خاڵێکدا بەریەککەوتنیان هەیە کە خۆری مرۆڤایەتی تێیدا ئاوا دەبێ . مرۆڤایەتی لە نێوان تەسلیم بوون وسەرپێچیدا (ئیسلام وکوفر) دا دەکەوێتە سەر خاڵێکی چەقبەستوو کە کۆمەڵگا ناچار دەکا هەڵبژاردەی خۆی بکا . لەو حاڵەتەشدا خۆیەکلایی کردنەوە دەبێتە ملکەچ بوونی بە زۆری کە سرووشتی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەدا یەک ناگرێتەوە بە زۆر پەلکێش بکرێ بە ئاراستەیەکدا . بۆیە کۆمەڵگا بەرەو جەقبەستوویی و دۆگمابوون دەچێ ، یان بەرەو پارادۆکسی و ئیزدیواجیەت و نیفاق دەچێ . لەو حاڵەتەشدا ڕادەستبوون وسەرپێچی کۆمەڵگایەکی نەخۆش و ناتەندروست پێشکەش بە جیهان دەکا. بەڵام هۆشیاری، کۆمەڵگایەکی تەندروست پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکا.

عیرفانیەت بە واتای ناسین ، وە ئیمان بەواتای دڵنیایی . واتا کاتێک دەڵێین (عیرفانیەت سەرووی ئیمانە) مەبەستمان (خوداناسی لەسەرووی باوەڕەوەیە) ئیمان یەکەم قۆناغی فیطری (سرووشتیانە) یە کە مرۆڤ دەبێ پێیدا تێپەڕ بێ . چونکە خودا توێکڵ و کاکڵەی هەموو شتێکە . کەواتە شتێکی بەدیهیە (بەڵگەنەویستە) کە ئیمان لەناو هەموو شتێکدایە. ئیمان بنچینەی خوداناسیە بەڵام خوداناسی مەبەستە ڕاستەقینەکەیە.

بۆ نموونە : منداڵێک کە هێشتا نازانێ ئازاری سووتان چیە؟ پێی دەڵێن : دەست لەو ئاگرە مەدە دەسووتێی . بەڵام ئەو منداڵە دەیەوێ لەڕێی هەستەکانیەوە ئەو ئاگرە ئەزموون کات. کاتێ دەستی بۆ دەبات و ئازار دەچێژێ ، ئەو ئازارە لە ڕێی هەستەوە دەگاتە عەقڵ . عەقڵ شیکاری بۆ دەکات و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. ئەزموون کردنی ئازاری ئاگرەکە لەڕێی هەستەوەو لێکۆڵینەوەو شیکارکردن و هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکە لەڕێی عەقڵەوە دەبێتە ئاگایی لە لایەن منداڵەکەوە.

بەهەمان شێوە : ڕۆڵی ئیمان وەک ڕۆڵ بینینی هەستەکانە لە مرۆڤدا . وە ئەزموونە ئیمانیەکان دەبنە دەرەنجامی خوداناسی. خوداناسی واتە ئاگایی مرۆڤی ئیماندار.

بۆیە مانەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ئیمانداریدا ئەسڵ نیە لەمرۆڤدا ، بەڵکو ئەسڵ لە مرۆڤبووندا سەرکەوتنە بۆ سەرووی ئیمان کە خوداناسیە.

خودا له باوەڕەوە بۆ ناسین.

هەر لەگەڵ گەشە کردنی هەستەکان ،هەست کردن بە خودا جێگەی خۆی دەکاتەوە لە ناخی هەر کەسێک دا . خودا لەو قۆناغەدا (کە قۆناغێکی سرووشتیانەیە) دەبێتە جێگەی باوەڕ و خاوەنی باوەڕەکە دەبێتە باوەڕدار تا ئەو کاتەی کە باوەڕدار هەست دەکا کە هێشتا زیاتر حەز دەکا لەو بارەوە شت بزانێ ، واتە ئیشتیاق وعەشقی باوەڕ وای لێ دەکا کە زیاتر هەوڵ بدا ئەو کاتە دەچێتە بارودۆخ و قۆناغێکی ترەوە کە دەبێتە عیرفانیەت و خوداناسی . لەو قۆناغەدا (قۆناغی عەقڵانی بوون) مرۆڤ دەچێتە بارودۆخێکی ترکە بۆچوونی تازە دەخولقێنێ دەربارەی خودا .واتە :(قۆناغی عەقڵانی بوون) دەبێتە مەسکەن و ئارامشی مرۆڤ بۆ خودا.
هەرخۆی وەزیفەی ڕاستەقینەی عەقڵ خوداناسیە. بەڵام لەنێو عەقڵیشدا شوێنێکی تایبەت هەیە کە ( بیرکردنەوە لە خودا) کاری سەرەکیە تێیدا. ئەو شوێنە حەرەمی خودایە و نابێ بیرکردنەوەی نامۆ بچێتە ناویەوە.

ناسین پێش زانینە . بۆ نموونە بە کەسێک دەڵێی : چاک دەتناسم بۆیە دەزانم بای چەندی. ناسین (معرفە)و زانین(علم) کارەکانیان جیایە،بەڵام تەواوکەری یەکترن . سەرەتای هەموو شتێک بە ناسین دەست پێدەکا . بۆ نموونە کەسێک بۆ جاری یەکەمە دەبێتە هاوڕێت ، پێی دەڵێی : دەکرێ یەکتربناسین؟ ناتوانی ڕاستەوخۆ پێی بڵێی: دەتوانم بزانم تۆ کێی ؟ چونکە زانین بەبێ ناسین بەدەست نایە ، چونکە لە بەردەوامی پەیوەندی لە یەکترناسیدا دەزانی ئەو کەسە یان ئەو شتە چۆنە.

ناسین بۆ وەسفی شتێک یان کەسێکە ، بەڵام زانین بۆ سیفەتەکانیەتی. بۆیە ئێمە تا خودا نەناسین ،نازانین چیە. ناسین کۆگاییێکە زانستی تێدا ئەنبار دەکرێ . بەڵام زانین کارگەیێکە زانستی تێدا بەرهەم دێ . واتە لە ناسینی خودا، هەموو زانیاریەکان دەربارەی خودا لەلای خوداناس ئەنبار دەبێ. ناسین دەبێتە داڕێژەری دەقێکی تەواوو کورت و پوخت لەسەر هەر شتێک بۆ نموونە : من فلانم ،ئەوە تەمەنم ،ئەوە ئیشم ، ئەوە خەون وهیواوئاواتم بەڵام لە زانین دا تەحقیق لەو ناسینە دەکرێ و شی دەکرێتەوەو ڕوون دەکرێتەوە . بۆ نموونە : ڕاستە تۆ فلانی ، بەڵام پێویستم بە ناسنامەکەتە تا بزانم ناوی تەواوی تۆیە یان نا، ڕاستە ئەوە کارو پیشەکەتە ،بەڵام با لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم بزانم ئایا بە ڕاستی تۆ لەسەر ئەو کارە ماوی یان نا ، یان تا چەندە بەو کارەی خۆت هەڵدەستی ، یان بزانم تۆ لە چ ئاستێکی ئەو کارەی ، یان کام تایبەتمەندیت لەو کارە هەیە. بەم شێوەیە هەڵسەنگاندن بۆ پێناسەی هەر شتێک دەکرێ لە ڕێی زانستەوە. واتە دەبێ لە ڕێگەی زانستەوە هەڵسەنگاندن بکەین بۆ هەر پێناسەیەک دەربارەی خودا لەلایەن هەر ئاینێک یان ئایدیاییێکەوە کە کراوە . واتە ناسین بە زانین لە بێژینگ دەدرێ .

ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بابەتەکەمان کە گوتمان : دەتناسم بۆیە دەزانم چیت . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ناسین و زانین بەدەوری یەکدا دەخولێنەوە . واتە تاکو شتێک نەناسی ، هیچ دەربارەی نازانی ، وە هەتا نەزانی شتەکە چۆنە ، ناتوانی پێناسەیەکی دروستی شتەکە بکەی.

ناسینی خودا پێویستی بە زانین هەیە.

ئێمە کە باسی خوداناسی دەکەین . باسی کائینێکی وجوودی ناکەین وەک ئەو بیروبۆچوونە ئاینیانەی کە بوونەتە عەقیدەو ئیمان لای شوێنکەوتوانیان چونکە خوداییێکی لەو شێوەیە هەرچیەک بکەی بۆ پاساو هێنانەوە لە کارەکانی لەنێو گەردوون دا . ئەوا خودا تووشی چەندەها کاری نەشیاو دەبێتەوە . بۆیە خوداییێکی لەو شێوەیە هەر نەبێ باشترە . چونکە دەبێتە مایەی شەرمەزاری بۆ شوێنکەوتوانی . چونکە هەموومان ڕەسمی واقیع و سرووشت و وجوودمان لەبەر چاوە. ئیتر هیچ پاساوێک بۆ خوداییێکی لەو شێوەیە قەبوڵکراو نییە. بەڵام بە پێی ئەو هەست و سرووشتەی مرۆڤبوونمان و ئەو واقیعەی لەبەرچاوە بەڵگەیەکمان دەداتێ لەسەر خوداییێتی خودا لەو هەموو کاروبارانەدا. بەڵام نەک خوداییێکی دروستکراو لە شتە جوانەکان بەڵکو خوداییێکی بابەتیانە لە گشت بوارەکان . ناسینی ئەو خودایەش تەنها لە ڕێی زانستێکەوە دەبێت کە لە گشت بوارەکان دا لەو بارەوە لێکۆڵینەوە بکا. بەو پێیە ئێمە تەنها لە مانا حەقیقیەکانی وجوود خودا بەرجەستە بکەین . بەو پێیەش دەبێ خودا بریتی بێت لە هێزێک کە خۆی خۆی نوێ کاتەوەو بەردەوامی بە پرۆسەکە بدا. وجوودیش ڕەنگدانەوەی پرۆسەکەیە لە هەموو بوارەکاندا.

بیروباوەڕی دەسکرد پێی وایە کە خودا ،خودی خۆی خۆی بە خەڵک دەناسێنێ . کە ئەمەش خودا یەکسان وبچووک دەکاتەوە بۆ ئاستی مرۆڤێکی باڵاتر لە خۆی.چونکە خودا خودێکی تایبەت نیە.

بۆ نموونە لە شێوازی خۆناساندن بەشێوەی قسەکردن و گفت وگۆ کە خودا دێنێتە ئاستی ئەوەی کە مرۆڤگەلێکی دروست کردوەو نەیزانیوە لە خودی خۆیەوە بەرنامەڕێژی کا بە شێوازێکی ڕێک وپێک و تەندروست. بۆیە ناچار بووە کە پەنا بۆ ئەو شێوازە بەرێت لە پەیوەندی کردن و خۆی بێنێتە سەر زمانی مرۆڤ و وەک مرۆڤ قسە بکات وبدوێ (کە قسە کردن پێویستی بە دەم ولێو سندوقی دەنگ و زمان و مەڵاشوو لووت هەیە بۆ گۆ کردنی پیتەکانی کە لە دەمی مرۆڤەوە دەردەچێت ، ئینجا ناچار بێ بەهەمان ئەو زمانە قسە بکات کە مرۆڤ لێی تێدەگات ،واتە خودا بێتە ژێر بارەوە نەک مرۆڤ فێری زمانی خودا بێت ) کە ئەم بۆچوونەی بیروباوەڕی دەسکرد لە چەندین لاوە کارەساتە بۆ ئەو بیروباوەڕە سرووشتیەی کە مرۆڤی پێ بەرنامەڕێژ کراوە لەلایەن خودای ڕاستەقینەوە هەڵبەت بیروباوەڕی دەسکرد خودای دەسکردی هێناوەتە بوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا ئەگەر خودا قسە بکات ،کەواتە ئەویش هەمان ئەو کەرەستانەی دەنگی هەیە کە مرۆڤ هەیەتی . بەو پێیەش دەبێ خوداییێکی تر هەبێ کە ئەم کارەی کردبێ وئەم خودایەی خوڵقاندبێ . لەلاییێکی تر ئەگەر خودا ناچار بێ بەهەمان زمانی مرۆڤ ،مرۆڤ تێبگەیەنێ ، کەواتە نەیتوانیوەو نەیزانیوە مرۆڤ بەرنامەڕێژ کات بەو شێوەیەی کە هەیە ، ئەمەش لەگەڵ بیروباوەڕی سرووشتی مرۆڤ یەکناگرێتەوە کە باوەڕی وایە خودا پێویستی بە هیچ هۆکارێک نیە بۆ خۆ ناساندن. ئەمەش مرۆڤگەلێکی دروست کردوە لە بیروباوەڕی دەسکردو کردویەتی بە ڕۆبۆت لە بیرکردنەوەدا.

له ڕاستیدا خودا پێویستی به هیچ هۆکارێکی گەیاندن نیه بۆ تێگەیاندنی مرۆڤ . چونکه خودا خۆی بوونه بۆ هەبوونی شتەکان . بەڵکو خودا خودی شتەکانی کردۆته هۆکار بۆ خودناسی خودا.
چونکه ڕووداوەکانی ناو گەردوون و بوون وژیان ، هەر جۆره کائینێک دەخاته ژێر پرسیارو گومانەوه که له دەرەوەی خودی شتەکانەوه بێت و هەر هەڵەو کەم وکوڕیەکیش دەبێته کەم وکوڕی له دەسەڵاتی ئەو وجووده دیاریکراوه . بۆیه بۆ خودی خودا وا گونجاوتره که بەو شێوەیه نەبێ . چونکه گەر بەو شێوەیه بێ ، ئەوا شایستەی ئەو باوەڕه نابێ که مرۆڤ به سرووشتی خۆی هەیەتی . چونکه باوەڕی ڕاستەقینەی مرۆڤ ڕێ به خودابوونی خودایەکی لەو شێوەیه نادات.

# بەشی سێیەم

# هەست و هۆش و خودا

خواناسی تاسەو تامەزرۆییە نەک سۆزو عەشق

ئاین شوێنکەوتوانی لەسەر ئەو بنەمایە گۆش دەکا کە سۆزیان بۆ خوداهەبێت و عاشقی ئەو بن . بەڵام لە ڕاستیدا حەقیقەتی خودا بە دەرە لەو تێگەیشتنە ئاینیە ، چونکە خودا پێویستی بە سۆزو خۆشەویشتی نیە. بەڵکو ئەوە پێکهاتەی ئێمەیە کە بە ناسینی خودا زیاتر هەستەکانمان لەنگەرو ئارام دەگرێ .

بەدواداچوونەکانی مرۆڤ لە بابەتی خوداناسیدا بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ زیاتر بە تاسەو تامەزرۆیە لە ناسینی زیاتری خودا . وە لەبەر ئەوەی ناسینی خودا دەریاییێکی بێ پایانە ، بۆیە مرۆڤ لە ناسینی خودا تێر نابێت و ناسینی خودا بێکۆتایەو تەواو نابێ .

بۆیە مرۆڤ بە دەست خۆی نیە کە کاتێک عەقڵ بەرهەمهێنەری پرسیاری سەیروسەمەرەیە لەسەر خوداناسی. پرسیاریش سرووشی خودایە بۆ ئەو خوداناسانەی کە تامەزرۆی خوداناسین .

واتە هەرکاتێک تۆ پرسیارێکت لە بارەی خوداوە بە مێشکدا هات، بزانە کە خودا حەز دەکات بیناسیت . خوداش تەنها خۆ بەو کەسانە دەناسێنێ کە عەودالی ناسینی ئەون.

لەوانەیە بپرسن و بڵێن: ئایا جیاوازی ئێمە لەگەڵ خودادا چیە؟ پرسیارێکی بەجێیە

خودا هۆشێکی مەزنە لە نێو هەرشتێکدا بوونی هەیە . کاتێک دەڵێین )بوونی هەیە( واتە: هەست کردن بە ژیانی تێدایە. دیزاینی ئەو بوونە پەیوەستە بەو هۆشەوە. بەپێی ویستی ئەو هۆشە، ئەو بوونە دیزاین دەکرێ. سەبارەت بە بوون . بوونیش تەنها هەستێکە کە ئەو هۆشە مەزنە بەو بوونەی بەخشیوە . واتە ئێمە لە ڕێی ئەو هەستەوە دەزانین کە دەژین و لە ژیانداین .

جیاوازی ئێمە لەگەڵ خودادا ئەوەیە کە (خودا بریتیە لە هۆشێکی مەزن . وە بوونیش بریتیە لە هەست کردن بە ژیان) ئێمەش وەک مرۆڤ ، مەودای نێوان ئەو هەست و هۆشەین.

ئاین خودای وابەستەکردوە بەو ئیمانەی کە لە دڵدایە یان دەچێتە ناو دڵەوە. بەڵام لە ڕاستیدا خودا نە بابەتی دڵە و نە بابەتی عەقڵ . لەبەر ئەوەی

یەکەم / دڵ هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتی هۆش وبیرکردنەوەوە نیە . دڵ تەنها ئەندامێکی خوێن هێنان و بردن و پاککردنەوەی خوێنە . ڕاستە لە هەندێ بابەت دا دڵ دادەخورپێ ، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە فەرمانی عەقڵەوە هەیە بە پەیام ناردن بۆ لەش لە ڕێگەی لەش یان داواکردنی بڕێکی زۆر لە خوێن . بۆیە لەم جۆرە دۆخانەدا خێرا لێدانی دڵ یان دڵ داخورپان ڕوودەدا. چونکە بارودۆخێکی لەناکاوو نامۆ هاتۆتە پێشەوە.

دووەم / عەقڵ هیچ پەیوەندیەکی بەم بابەتەوە نیە ،چونکە ئەرک و وەزیفەی دڵ ، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی لایەنە وجودیەکەی ئەو بابەتەیە و ئەمەش لەگەڵ بابەتی خودابوون یەکناگرێتەوە ،چونکە خودا بوونێکی تایبەت و جیاکراوەو دیاریکراو نیە. لەو دۆخەدا عەقڵ پشت بە سەرچاوەی زانیاریەکانی هەستەکان دەبەستێ . بۆیە لێرەوە دەچینە سەر خاڵی سێیەم

سێیەم / هەست ، هەست پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە بابەتی خودابوونەوە هەیە ، چونکە هەست هەر لەگەڵ لە دایک بوونی مرۆڤ وردە وردە چەکەرە دەکا و بەگوێرەی ئەزموون و زانیاری و تێفکرین و تێگەیشتن زیاد دەکا. هەست شوێنێکی دیاریکراوی نیە لەنێو جەستە ، بەڵکو دابەش بووە بەسەر هەموو ئەندامانی لەش داو لەو ڕێیەوە ڕاپۆرتی زانیاریەکان دەچێ بۆ عەقڵ و شیکاری ئەو بابەتە دەکا

هەر لەو ساتەوەی کە وجوودین ئەو هەستە خوداییەش لە ئێمەدا مەوجوودە ئەو هەستە غەریزەییێکە خودا بەخشیویەتی بەمرۆڤ . خودا لە ڕێی ئەو هەستەوە دڵنیایی دەدا بە مرۆڤ لە خودایێتی خۆی. ئەو دڵنیاییە پێی دەگوترێت (ئیمان)

بەڵام ئیمان قۆناغێکی سرووشتیانەیەو پێویستە لەو دۆخە سرووشتیەوە بگۆڕێ بۆ بارودۆخێکی تر ، کە پێی دەگوترێت: خوداناسی (عیرفانیەت) ئەمەش لە کاتێکدایە کە هۆش بارودۆخی دڵنیایی دەگۆڕێ بۆ ئاگایی. واتە ئیمان دەگۆڕێ بۆ عیرفان . پلەو پەیژەکانی عیرفانیەت بێکۆتایە. تا زیاتر سەرکەوی، زیاتر بەرزتر دەبیتەوە بەسەر ئەوانی دەوروپشتت. دەگەی بە حاڵەتێک کە خودایەتی خودا لە عیرفانیەتی تۆدا بەرجەستە دەبێ تا ئەو بەرجەستە بوونە ڕوونترو بێگەردتر بێ ، زیاتر حەقیقەتی خودا کەشف دەبێ لەڕێی تۆوە بۆ خۆت و بۆ دەوروبەر . مرۆڤبوونی تۆ بەندە بەو خوداناسیە (عیرفانیەت) چونکە تۆ لەو ئاستەدا دەچیتە نێو سیستمێکەوە کە بە یاسا خوداییەکان داڕێژراوە. ئەو شێوە فیزیکیەی تۆ دەبێتە تەرجوومەی میتافیزیکی ئەو عیرفانیەتەی کە لە تۆدا بەرجەستە بووە.
کاتێ کە تۆ دەبیتە تەرجومانی حاڵەتی میتافیزیکی عیرفانیەت ، ئەوا تۆ دەبیتە ئەو نوێنەرە خوداییە ڕەسەن و ڕاستەقینەیەی کە ناویان لێ ناوە پێغەمبەرایەتی ، ئەو کاتە وەزیفەی تۆ بریتی دەبێ لە گەیاندنی پەیامی ڕوون و ڕاستەقینەی خودا کە بریتیە لە یاساکانی ناو ئەو سیستمە خوداییەی کە تۆی تێدای.

واتە دەبیتە ئەو پەیامبەرەی کە پەیامەکانی خودا وەک خۆی دەگەیەنی بەبێ تەحریف کردن. ئەم گەیاندنە دەبێتە ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرشانت تا

ئەو کاتەی کە لەو ژیانە دەچیتەدەر .یان تا ئەو کاتەی کە ئەو ڕۆڵەی پێت دراوە، دەگەیەنی بە ئامانج.

ئەمەش هەروا ئاسان نیە ،چونکە ئاگایی دەبێ بە قۆناغی سەخت و دژوارو پڕ لە قوربانیدان و ئەزموون کردنەوە تێپەڕ بێت تا خوداناسی (عیرفانیەت) بەدەست بێ. کاتێک ئەو عیرفانیەتە لە ڕێی ئاگاییەوە بە دەست دێ ، ئیدی دەبێتە قەڵغانێک بۆت و دەتپارێزێ لە باوەڕی پڕ لە وەهم وخەیاڵ وخورافە ئەو کاتە هەموو گۆشەنیگاکانی خوداناسی بە دەلیل ئیسپات دەبێ. ئەم دەلیلانە دەبنە ڕێنیشاندەری تۆو ئەوانەش کە ئارەزوومەندو هەواداری ئەو عیرفانیەتەی تۆن.

خودا پڕیەتی لە هەستی شاراوە.

ئەگەر لای ئاینەکان پڕ بوون لە ئیمان لوتکەی مەبەستە ئەوا لای ئێمەی خوداناس ، خودابوون مەبەستە.
چونکە خودابوون حاڵەتێکە گرێدراوی هۆشە . ڕاستە ئێمە کۆمەڵێک هەستی سرووشتیمان هەن کە لەو ڕێگەیەوە هەست بە خودابوون دەکەین و ئەو هەستە خوداییەش بۆتە باوەڕ لەلامان.
بەڵام دەزگاییێکی ترمان هەیە کە پێی دەڵێن (هۆش) لە ڕێگەی ئەو باوەڕەوەی کە لە هەستەکانەوە پێی دەگا، خوداناسی بەرهەم دێنێ .
خوداناسی لە خودابوونەوە سەرهەڵدەدات و پڕیەتی لەو هەستە نەدیوو نەبینراوو هەست پێنەکراوانەی ڕۆتینیاتی هەست کردنەکانمان.
چێژی خوداناسی ڕاستەقینە لەو هەستانەدایە کە تازە سەر هەڵدەدەن.
بەختەوەری ڕاستەقینە لە سرەوتن لەنێو ئەو هەستە تازانەدایە کە خۆت پێی دەگەیت و مەقامی خوداناسیی تۆیەو تەنها موڵکی تۆیە. چەندە زووترو زیاترو زۆرتر دەستت بەو هەستە شاراوانە بگات، هێندە مەقامی خوداناسیت بەرزە.
ڕەنگە ئەو هەستانە کۆتاییان نەبێ . بەڵام ئەگەر کۆتاییان هات، واتە تۆ پڕ بویتە لە خودا . مرۆڤیش بەبێ هەست وهۆش بوونی نیە . وە مرۆڤ دوا خشتی هۆشمەندیە لەنێو دیواری گەردوون.

ئەو کاتە خودا خۆی بە مرۆڤ ناساند ، کە مرۆڤ هەستی پێی کرد.

ئەو کاتەی کە مرۆڤ هەستی بە خودا کرد ، ئەو کاتە خوداناسی سەری هەڵداو مرۆڤ وێڵ بوو بە دوای حەقیقەتی خودادا . خودا لە ڕێی هەستەوە (هەڵبەتە مەبەستم هەستە ناخەکیەکانە نەک هەستە دەرەکیان) تەرجومەی حاڵی خۆی دەکا بۆ مرۆڤ و ئەو حاڵەتە لە ڕێی هەست کردنەوە دەگوازرێتەوە بۆ هۆش و بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتنی ئەو هۆشە، حەقیقەتی ئەو حاڵەتە بۆ ئەو کەسە ڕۆشنتر دەبێتەوە .
ناسینی خودا بەردەوام لە فراوان بوون دایە بە گوێرەی فراوان بوونی بیرو هۆشی مرۆڤ.
وە هەر مرۆڤێک و ڕێگەی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ ناسینی خودا . ڕێگەی هیچ کەس ناچێتەوە سەر ڕێگەی هیچ کەسێکی تر . لە وانەیە دەستەیەک یان گرووپێک یان کۆمەڵەیەک لەسەر بنەمای یەک ئاین و یەک ئایدۆلۆژیا بە یەک ئاڕاستەدا بەرەو ئەو حەقیقەتە بڕۆن ، بەڵام لەو حاڵەتەشدا تەنها ڕێگەکەیان هاوتەریبن و هەر کەسەو خاوەنی ڕێگەکەی خۆیەتی .
کەواتە بەر لەو قۆناغە (قۆناغی پێش هەست پێکردن) مرۆڤ ئاژەڵێک بووە وەک هەر ئاژەڵێکی تر . بەڵام دوای ئەو قۆناغە (قۆناغی هەست کردن بە خودایەتیی خودا) کاتێ ئەو قۆناغە زیاتر گەشەی کردوە ، لەچوارچێوەی ئاین دا بووە بە بیروباوەڕ . واتە دوای قۆناغی هەست کردن قۆناغی باوەڕ هاتوە .بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئاین کەڵەکەبووی کۆمەڵێک ئەزموون وعەقڵ
و کەلتوورو فەرهەنگ بووە ، بۆیە کراوەتە بەرنامەیەک بۆ باوەڕدارانی و خوداش بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە داڕێژراوە. بەڵام دوای ئەو قۆناغە، قۆناغی شۆڕشی عەقڵ هاتەپێشەوەو نەرمە کودەتایەکی ئەنجام دا بەسەر قۆناغی پێشوویدا و لە ئێستادا هەر عەقڵەو یەکەیەکی سەربەخۆیە لە بیرکردنەوەدا، واتە هەر عەقڵێک وجیهانبینیەک و ڕوئیایەک و بۆچوون و ئاینێکی تایبەت بەخۆیەتی . لەو قۆناغەدا بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە ڕەهایە لە بیرکردنەوە لە خوداو خوداش بە قەد فراوانی بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەو پانتاییەیە کە عەقڵ پەی پێ دەبات و پێی دەگات.
بۆیە لە ئێستا مرۆڤ قۆناغی باوەڕی تێپەڕاندوەو چۆتە ناو قۆناغێکی ترەوە کە بریتیە لە ناسینی خودا .

## تەنها عەقڵ ، ماڵی خودایە .

عەقڵ کۆگای زانیاری و یادگاری و ئەندێشەکانە، دەتوانێ هێندەی هەموو بوون و گەردوون ، زانیاری لەخۆ بگرێ . شوێنی شیکردنەوەو شیکار کردن و ڕاڤە کردن و بەراورد کردن و بڕیاردانە .

ئەو شوێنەیە کە خودای تێدا دەناسی وتێیدا بیر لە خودا دەکەیتەوە ، هەر شتێک دەربارەی خودا ، هەڵە بوو عەقڵ ڕەتی دەکاتەوە . ئەمە واتە ماڵی خودا شتی هەڵەوپەڵە لە خۆ ناگرێ .

عەقڵ شوێنێکە کە مرۆڤ خۆی تێدا دەدۆزێتەوەو هەست بە بوون و پێکهاتەی خۆی دەکات.

عەقڵ شتی تازە بەرهەم دێنێ . هەروەک چۆن سیستمی ژیان شتی تازە دێنێتە کایەوە.

عەقڵ شوێنی مەعریفەو هۆش و بیرە و مانا دەبەخشێ بە شتەکان . شوێنی ڕاستەقینەی خودا ، عەقڵە .

چونکە خودا تەنها لەو شوێنە جێی دەبێتەوەو پارێزراو دەبێ لە بێ مانایی و خورافەو خەیاڵات و وەهم و شتی پڕوپووچ و تەنها لەو شوێنە دەتوانێ

بەردەوام لەو نوێبوونەوەیە دابێ کە پێویستە خودای حەق بەو شێوەیە بێ تەنها عەقڵە پرسیارە گرنگ و هەستیارەکان دەوروژێنێ ، ئەمەش تەنها لە خودا دەوەشێتەوە کە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئەنجامی بدا . جگە لەو ماڵەیە ، هەر ماڵێکی تر کرابێ بە ماڵی خودا ، تەنها بۆ خەڵەتاندنی خەڵکەو تەنها داروپەردوە.

لەم باسە دێینەسەر ئەوەی کام جۆر پەیوەندی دروستترو تەندروستترە . ئەو پەیوەندی کردنەی کە ئاین مرۆڤی بەخوداوە وا بەستە کردوە پێی دەگوترێ :وەحی (سرووش) بەڵام لەڕاستیدا ئەم پەیوەندیکردنە تەنها گفت وگۆی دەروونی بووە لەلایەن کەسێکەوە. لەبەر ئەوەی کە گفت وگۆی دەروونیش حەقیقەتێکی هەیە لەو هۆشە ناخەکیەی (ویژدان) کە دەنگ هەڵدەبڕێ لە هەندێ دۆخدا بەڵام ڕۆچوون لەو حاڵەتە گفت وگۆی دەروونیی لێدەکەوێتەوەو گفت وگۆی دەروونیش لە هەندێ حاڵەتدا وە لە بەرزترین ئاستدا گوزارشتی سەیرو سەمەرەو لە هەمان کاتیشدا سەرنجڕاکێش دێنێتە کایەوە کە دەبێتە مایەی سەرنجی خودی کەسەکەو کەسانی دەوروبەری . وە زیاد لە پێویست گرنگیدانیش بەو دیاردەیە دەبێتە باوەڕێکی پتەوو دارشتنەوەی کەسێتی ئەو کەسەو وەهەروەها ئەو کەسانەش کە ئەو کاریگەری لەسەر داناون لە دواییدا وەک پرەنسیپی ئەو ناوچەیە یان ئەو میللەتەو بە تێپەڕبوونی کات و لە ڕێر تەقدیس کردن وپیرۆز کردنەوە بووە بە ئاین و لەلایەن ڕابەرانیشەوە بە پینەو پەڕۆ کردنی کەم وکوڕیەکانی پرەنسیپەکەو دزە کردنی بیرو زانستی سەلمێنراوو تۆمارکردنیان بەناوی پێشەوا تەقدیسکراوەکەو باوەڕ پێکردنی شوێنکەوتوانیش کە بۆتە بەردی بناغەی باوەڕداری بەو ئاینەوە، هەموو ئەو هۆکارانە دەبنە دارێژەری ئاینێکی دامەزراو لەسەر بنەمای گفت و گۆی دەروونی کەسێک (کە ڕەنگە کەسێکی ناتەواوو دەروون نەخۆشیش بووبێ) یان ئەو پەیوەندی کردنەی کە لەسەر بنەمای عەقڵ ولۆژیک دامەزراوە کە لە ڕاستیدا هەر بە تەنها خودی عەقڵ ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە بابەتی خوداناسی بەبێ هیچ تەقدیس کردنێک و پینەو پەڕۆیێک و هیچ زیادەو کەم کردنێک و موجامەلەیەک و جوان کردنێک و ڕیکلام کردنێک و زاڵ بوونی هیچ لایەنێکی هەست وسۆز و ویژدان وکاریگەربوون بەهیچ کەلتورو فەرهەنگێکەوە کە عەقڵ خۆی دەزانێ چۆن دوا بڕیار لەسەر خودابوونی خودا دەدا. لە ئەنجامدا خودا حەقیقەتی خۆی لەو ڕێگەیەوە بەیان دەکا کە تاکە دەرچەی ئەو ڕووناکیەیە بەسەر خودی مرۆڤەوە.

## خودا ، بیرکردن و بیرکردنەوەیە (زیکرو فیکر)

هەر شتێک بیری نەکەی ، لە بیری دەکەی . هەر شتێکیش لە بیرت کرد ، نابێتە هۆکار بۆ بیرکردنەوە . بۆیە هۆکاری هەر بیر کردنەوەیەک سەرەتا بیر کردنیەتی . من بیری هاوڕێیەکم دەکەم . ئەو بیرکردنە دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لە ڕەخساندنی دەرفەتێک لە بە یەکگەیشتن و تێیدا بیری ڕۆژانی ڕابردوو بکەین . بەڵام ئەگەر بیری کەسێک نەکەم ، بیر ناکەمەوە کە پلان بۆ یەکتر بینین دابڕێژم . بە هەمان شێوە ، خوداش تا بیری نەکەی بیرناکەیەوە لە خودایەتیەکەی . بیرکردنەوەش لە خودایەتیی خودا، بەڵگەت لەسەر خودایەتیی خودا پێدەدا . خوداناسیش واتە دەستخستنی بەڵگەکان . بۆیە خودا واتە زیکرو فیکر . وە خوداناسیش واتە دەستخستنی بەڵگەی خودابوون.

## تا تێگەیشتنمان بەرزتر بێتەوە، خوداناسیمان فراوانتر دەبێ .

ئەم حاڵەتە دەچوێنین بە هەردوو هێلی یەکتربڕی ئاسۆیی و ستوونی نێوان مرۆڤبوون وخودایێتی. لەو حاڵەتەدا تا ئێمە بەهۆی ئەزموونکردن و زانینەوە ئاستی تێگەیشتنمان بەرزتر بێتەوە لەسەر هێڵی ستوونی ، ئەوا ناسینی خودا لەسەر هێڵی ئاسۆیی زیاتر دەکشێت و فراوانتر دەبێ .
بۆیە نە مرۆڤ لە یەک خاڵدا دەوەستێ بەهۆی ئەو ناسینەوە ،نە خودا لە یەک خاڵ دا دەوەستێ لە چوارچێوەیەک دا .
بۆیە هەروەک چۆن ناتوانرێ تێگەیشتنی مرۆڤ بەهۆی ئەزموون و زانینەوە بوەستێنرێ ، بەهەمان شێوە ناتوانرێ خوداش لە شێوەیەکدا بەرجەستە بکرێ.

# بەشی چوارەم
# مەقام و حاڵی خودا

هیچ گفت و گۆیەک لەنێوان خوداو مرۆڤ ڕووی نەداوەو ڕوونادات.

بە درێژایی مێژوو لە دەرەنجامی کۆمەڵێک ڕووداوی مێژووییەوە خودایەک لە شێوەی مرۆڤ بەرجەستە کراوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕە پیرۆزکراوەی خەڵک و سوود لێ بینینی لەلایەن کەسانێکەوە کە حەزی خودایەتی لەناخ و خوێنیاندا سەری هەڵداوە، هەڵبەتە حەڵەقەیەکی پچڕاویش هەیە لە ڕاستیی ڕووداوەکان کە تێکەڵکراوە لەگەڵ ئەفسانەکان و کۆمەڵێک چیرۆکی ئاینی لێ داتاشراوەو کراوە بە حەقیقەت . یان بە دیوێکیتر ڕووداوی ڕاستەقینەبوون لەبەر پیرۆزکردن و زۆر پیاهەڵدان و زیاد لە قەبارە گەورەکردن ،لە حەقیقەتەوە ترازاوەو بووە بە ئەفسانە . بەهەرحاڵ ، ئەو خودایەی بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکرێ کە کەوتبێتە گفت وگۆ لەگەڵ مرۆڤ ، لە دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی هێزێکی نادیار بەولاوە هیچیتر نییە. بە درێژایی مێژوو بە دوو ئاڕاستەدا نمایشی خۆی کردوەو بەردەوامی بە بوون وهێزو دەسەڵاتی خۆی داوە. کە
یەکەم / ئەو هێزە لە هەر سەردەم وبارودۆخێکی تازە دەرکەوتوودا بە ئەزموون وفێرژنی تازە گەڕاوەتەوە ناو کۆمەڵگاو پارێزگاری لە هێزو دەسەڵات وبوونی خۆی کردوە. لەم سەدەی بیست ویەکەمەشدا بەهەمان شێوە جارێکیتر دەگەڕێتەوە یان لەوانەیە گەڕابێتەوە ناو کۆمەڵگا.
دووەم / کۆمەڵگا پارێزگاری لەو سیستمە خوداییە کردوە کە پارێزگار بووە لەو داب ونەریت و مۆڕاڵە باوانەی کە کۆمەڵگا پەسەندی کردوون.
بەڵام لە ڕاستیدا خودای دیزاینەری وجوود هیچ دەرچەو دەروازەیەکی لەو شێوەی لەنێوان خۆی و هیچ شتێکیتردا نەکردۆتەوە .چونکە خودی شتەکان بە مرۆڤیشەوە خۆیان دەرچەو دەروازەن بۆ پەخش کردنی ئەو حەقیقەتە خوداییە .بەو شێوەیەش هەرشتێک نوێنەرو پێغەمبەرێکە لە خوداوە بۆ تەواوی شتەکانیتر . بەو پێیە هەرشتێک تەواوکەری هەموو شتەکانیترە و مرۆڤیش بەشێکە لەو سیستمە خوداییە.
بۆیە ئەو خودایە نە پێویستی بەو زمانە بەشەریە هەیە کە وەسفی خۆی پێ بکا ونەپێویستی بە وەسف کردنی خۆی هەیە لەبەردەم مرۆڤ داو نە مرۆڤیش پێویستی بە خودایێکی لەو شێوەیە هەیە کە قسەی بۆ بکا لەکاتێکدا تەواوی وەسفە خوداییەکان هەر لە ئەزەلی وجوودیەوە تێیدا بەرمەجەکراوە

## ناوی ڕاستەقینەی خودا

لە ڕاستیدا خودا هیچ ناوێکی تایبەتیی لەخۆی نەناوە. هەر چ ناوێک هەیە هەمووی داهێنراوی زەینی مرۆڤە بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی بە شێوەزارو زوبانی خۆی بە دەستەواژەیەک گوزارشتی لە خودا کردوەو خودای پێ لە بابەتەکانی تر جیاکردۆتەوە. ئێمەش کە بە دەستەواژەی خودا ناوی دەبەین ، مەبەستمان لەو وزەوهێزەیە کە لەنێو خودی هەموو شتەکاندایەو هەر ئەو وزەوهێزەیە کە شتەکان لە نەبوونەوە دێنێتە بوون ودەیانخاتە جوڵە(ژیان). وە گەرنا خودا هیچ پێویستی بەوە نیە بە ناوێکی دیاریکراو خۆی لە شتەکان جیا بکاتەوە ، چونکە هەر خۆی جیاکردنەوەی خودا لەهەر شتێک دەبێتە لەناوچوون و نەمان و ون بوونی ئەو شتە بەشێوەیەک کە هەر نەبووبێ. بۆیە لە بیروباوەڕی ئێمەدا خودا بوونێکی دیاریکراوو جیاکراوە نیە لە هیچ شتێک . هەموو شتێک بەپێی وجوودی خۆی لەهەر شێوەو قەبارەیەکدا گوزارشتە لە خودایەتی خودا. بۆیە کێشەمان نیە لەگەڵ هیچ ناوێکی تر بە هەر زمانێک. وە خودا ئەو کائینە نیە کە خۆی بناسێنێ چونکە ناسینی خودا لەسەر هەموو شتێکدا تۆمار کراوە.

بۆیە هیچ پێویستی بە فۆتۆشۆپ نیە کە ڕێنووسی زمانێک یان گۆکردنی ناوی خودا بە زمانێک بکەن بە موعجیزەو لەسەر توێکڵی گەڵاوگوڵ ودانەوێڵە بینەخشێنن. بۆ فریودانی خەڵک و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری ئەو ئاینەی کە خۆت مەبەستتە.

وە بۆیە ئەو گوزارشتەمان هەڵبژارد، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕی ئێمە یەک دەگرێتەوە (واتە سەرچاوەی هێزو وزەیە لەنێو خودی هەموو شتێک) وە لەلایەن خەڵکیشەوە بە گشتی ئەو ڕۆحیەتە خوداناسیەی وەرگرتوەو بۆتە خاڵی هاوبەشی نێوانمان. ئێمە پێویستمان بەناوێک نیە کە بۆتە شوناسی ئاینێک یان بۆتە ڕەمزو سیمبوڵی ڕووداوێک و چیرۆکێک ، بەڵکو ئێمە پێویستمان بەناوێکە کە شوناسی ڕاستەقینەی خودا بێت و مانا ببەخشێ بە خودایەتی خودا نەک تەقدیس بکرێت و تەقدیس کردنەکەی ببێتە باوەڕ لامان.

سەرچاوەی هێز(خودای پەروەردگار) سەرچاوەی وزە (خودای میهرەبان)

هەندێ جار دەستەواژەکان کراون بە بابەتی عەقیدەو پیرۆزیان کراوە بەبەردا. بۆیە پێویستە مانا ڕاستەقینەکان بگێڕینەوە بۆ بنەچەی حەقیقەتەکان. بوونی شتەکان پەیوەستە بە هێزێکەوە لە پێکهێنان و پێگەیاندن و گەشەپێدانیان. بۆیە خەڵک ناویان لەم هێزە ناوە پەروەردگار کە ئەم خەسڵەتە بەشێکە لە خودا ، واتە خودای پەروەردگار . بەڵام وجوودی هەر شتێک پێویستی بە وزەیەکە بۆ مانەوەی شێوەو قەبارەو کێش و بارستە تایبەتەکەی خۆی تا کاتی دیاری کراو ، ئەم وزەیە کە دەبێتە ژیانی ئەو شتە خەڵک پێی دەڵێن (خودای میهرەبان) . وە خوداش کە هۆکاری ئەو هێزو وزەیەیە. واتە: هۆکار سەرچاوەی هێزو وزەیە. ئەو هۆکارە پێی دەڵێن (خودا) .

کەواتە کاتێک دەڵێین (خودای پەروەردگار) واتە : ئەو هۆکارەی کە سەرچاوەی هێزە لە بوونی هەر شتێکدا. وە کە دەڵێین (خودای میهرەبان) واتە: ئەو هۆکارەی کە سەرچاوەی وزەیە ، ئەو وزەیەی کە دەبێتە جوڵەی هەر شتێک یان تەنۆلکەکانی هەرشتێک و پێی دەڵێین (ژیان).

بەڵام تا ئێرە گرفتمان نیە لە چەمک و دەستەواژەکان و ماناو مەبەستەکانیان بەڵکو گرفتەکە لێرەدایە کە دوای تێپەڕ بوونی کات و سەردەم بەسەریان داو کەڵەکە بوونی پیرۆزیەکان بەسەریان دا، ناسینەوەیان بە بارێکی تردا ئاوەژوو بۆتەوەو عەقیدەی خەڵک لە دەربڕینی هەست و سۆزو ئینساف و ئەمەک و وەفا بۆیان ، بۆتە پەرستش و بەندایەتی و کۆیلایەتی و ملکەچی و خۆچەماندن کە ئەم دەستەواژانەش تێگەیشتنی تایبەت بەخۆیان هەیە.

بەو پێیەی کە هۆکارێک سەرچاوەیە بۆ هێزو وزەی بوون و ژیانی هەموو شتێک ، کەواتە هۆکارەکە بنچینەکەیە و هێزو وزەکەش لق وپۆپیەتی، واتە بە گوێرەی گوزارشتی خەلک ، خودا یەکە و پەروەردگارو میهرەبانی لق و پۆپەکانیەتی. بەڵام ئەم یەکە، یەکەی(وحدە)ی هەر بوونێکە کە هەبووەکانی لێ پێک هاتوە . وە هەر یەک یەکەیەکیش خاوەن ئەو لق وپۆپەیە کە پێی دەڵێین هێزو وزە .

بۆ نموونە: با بزانین سوپاسگوزاری لە چ حاڵەتێکدایە .ئایا باوەڕ دەکەی ئەو هەموو ملیارەها ئەستێرەو هەسارە زەبەلاحەی نێو گەردوونەکەمان

سەرەتا یەک دەنکۆڵەیەک بووە و دوای تەقینەوەکەی بیک بانگ بەو شێوەیە لە فراوان بووندایە بە بەردەوامی ؟ ئایا باوەڕ دەکەی کە ئەستێرەی وا هەیە کە هێزە چڕ بووەوەکەی بە قەد کەوچکێکی چا لەسەر زەوی کێش بکەی کێشەکەی نۆ تەنە (نۆ هەزار کیلۆگرام) ؟
ئایا بەو پێیەی کە ئەو سەرچاوەیە ، هۆشی هەموو گەردوونی لە جەستەی تۆدا چڕ کردۆتەوە، ئایا نابێ تۆ سوپاسگوزاری ئەو هێزو وزە زۆرو زەبەلاحە بکەی ؟ (هەرچەندە سوپاسگوزاری بەلای ئێمەوە واتە کەشف کردنی ڕاستیەکان)هەر ئەو سەرچاوەیە نموونەی خستۆتە بەرچاوت لەو جەستانەی چڕ بوونەوەی هۆش و ژیری تێیاندا کەمە کە حاڵیان چۆنە بە بەراورد بە حاڵی تۆ .
لەوەش زیاتر ، هەر لە توخمی خۆت کەسانێکی هێناوەتە بوون کە چڕ بوونەوەی هۆش و بیر تێیاندا کەمە بە بەراورد بە هۆش و ژیریی تۆ . ئەم هەموو نموونانە (کە هەموو شتێکی گەردوون نموونەیێکە بۆ تۆو نیشانەن بۆ ڕێنمایی تۆ) هەموو شتێک لەو گەردوونەدا ڕایەڵەیەکی هەیە لەگەڵ هۆش وبیری تۆ (واتە هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە هۆش و ژیری تۆوەو هۆش و ژیری تۆش بەستراوەتەوە بە هەموو شتێکەوە لەو گەردوونەدا)
کەواتە ئەو ڕایەڵە بەهێزو چڕو پڕو وردە بۆ ئەوەیە کە تۆ هەستی ئەرێنی بنێری بۆ هەموو شتەکان ( وەک : سۆز ، وەفا ، خۆشەویستی، سوپاسگوزاری..)واتە تۆ زمانی گەردوونی بۆ دەربڕینی هەستی گەردوون بۆ خودا.
بەڵام ئەم هەست دەربڕینە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم و کەڵەکەبوونی تەپ وتۆزی پیرۆزیەکان لەسەری گۆڕاوە بۆ کۆیلایەتی و ملکەچی و بەندایەتی و خۆ بچووککردنەوەو خۆ سووککردن. بەڵام لە ڕاستیدا هەستی مرۆڤبوونمان (ئەو هەستەخوداییەی کە بنیاتی مرۆڤبوونمانە) پێمان دەڵێ : کە بەرامبەر بوونمان و مرۆڤبوونمان ، سوپاسگوزاربین و بەرامبەر ئەو هێزو وزەیەش بە ئینساف و بە وەفا بین.

## گەڕاندنەوەی مافی خودایەتی بۆ خودا.

کاتێ دەڵێین )خودا( واتە گەڕاندنەوەی ماف بەحەقیقەت ، واتە شەرعیەت دان بە حەق . ئەگینا ئەو خودایەی کە لە سرووشتی مرۆڤدا وێنەی نەقش بووە ، جیایە لەو خودایەی کە تەرجومە کراوەتە سەر بیروباوەڕ ، کە دەڵێم: بیروباوەڕ ، مەبەستم ئاینە .
ئاینەکان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو مەبەستە لە دایک بوون ، کە شەرعیەت بۆ خودا بگێڕنەوە . بەڵام بەرژەوەندیەکان بابەتەکەیان بەلاڕێدا بردوە. وە ئاین لە ئامرازێکی چاکەوە کراوەتە ئامرازێکی خراپ .بۆ دەسکەوتە دونیاییەکان . واتە : بەکارهێنانی خوا بۆ دەسکەوتە دونیاییەکان.هەڵبەتە منیش نامەوێ بەشوێن پێی ئەواندا بچمەوە . بەڵام دەبێ لە ئاست ئەو چاکسازیەدابم ((گەڕاندنەوەی ماف بۆ حەقیقەت و شەرعیەت دان بە حەقیقەت))
جونکە تەنها لەو ڕێگەیەوە ڕاستیەکان بەجوانی و بەتەواوی و بەرەهایی دەردەکەون. ئەم ڕێگەیەش تەنها بە زانست ڕۆشن دەبێ . وە بە ئەزموون و لێکۆڵینەوە ، نهێنیەکانی ئاشکرا دەبێت و هەنگاوی دواتر ، بابەتی نوێتر دەدۆزێتەوە.
نەک وەک ئاینەکان کە چەقبەستوویی لەو بوارەدا تەقدیس و پیرۆز دەکەن. واتە : بوونی خودا ماهیەتەکەیەتی نەک ماددەیەک (جەستەیەکی نەخشێنراو لە مێشک بەپێی تێگەیشتنی مرۆڤ لە ئەزموون کردنی خودا بە دیوێکی ماددیانە) وە کاتێک دەڵێین : بوونی خودا خۆ دەبێ لە بەرامبەریشدا نەبوونێک هەبی بۆ لە خۆ گرتنی ئەو بوونە . چونکە هەموو بوونەکان
بەهۆی نەبوونەوە بوونیان ئیسپات دەبێ . بۆیە ئەگەر خودا، بوونێکی ماددی بێ ، کەواتە نەبوون ئەو بوونەی دروست کردوە. ئەو کاتە بەو پێوەرە ، خودا دەبێتە مەخلوق و نەبوون دەبێتە خالیق . ئەمەش لەگەڵ حەقیقەتی بیروباوەڕ یەکناگرێتەوە. بۆیە سەر لەبەری ئەو جۆرە بیروباوەڕە دەبێتە هەڵەو پێویستە مافی خودابوون بگێڕینەوە بۆ خودایەتی خودا. ئەو کاتە حەقیقەت وەک خۆی دەردەکەوێ.

به لاڕێدا بردنی حەقیقەتی خوداناسی.

لەنێو ئاینەکاندا حەقیقەتی خوداناسی لکێنراوە بە هەندێک بابەتەوە کە نە پەیوەندی پێیەوە هەیەو نە پێویستەو نە سوودبەخشەو نە ڕاستیە. بۆ نموونە حەقیقەتی خوداناسی لە ڕابردوودا لکێنراوە بە هەندێ چیرۆکی وەک ئادەم و حەواو ئیبراهیم وکوڕەکانی و نوح و چەند داستانێکی تری ئەفسانەیی ،واتە قەتیس کردنی حەقیقەتی خوداناسی لە هەندێ چیرۆکدا تەنها بۆ نیشاندانی گەورەیی ڕووداوەکەو پیرۆزی ڕووداوەکە لە بەرژەوەندی گەلێک ونەتەوەیەک یان کەسایەتیەک لە شوێنێک .
وە بۆ داهاتووش حەقیقەتی خوداناسی لکێنراوە بە هەندێک سیناریۆوە کە لە بەرژەوەندی سەرکەوتنی گەلێک یان ئاینێک وەک هاتنی دەجال لە بەرژەوەندیی جولەکەکان و هاتنەخوارەوەی عیسا لە بەرژەوەنی مەسیحیەکان و دەرکەوتنی محمدی مهدی لە بەرژەوەندی موسوڵمانەکان و دەرچوون و دەرکەوتنی یەجوج ومەئجوج و نیشاندانی هێزی خوداکەی خۆیان بە سیناریۆی لەناو بردنی ئەو گەلە. ئینجا نمایش کردنی بەهەشتێکی خەیالی لە لایەن ئاینەکانەوەو هەریەک بەجۆرێک و لە پێناو بەرژەوەندی ئاینەکەی خۆیان و هەریەکەو بە کۆمەڵێک ئیمتیازو فەخری ئاینیەوە . ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر نیشاندانی خودایێک کە لە بەرژەوەندیی ئاینەکەی خۆیاندایەو هیچ پەیوەندی بە جەوهەری حەقیقەتی خوداناسی خودای ڕاستەقینەوە نیە. بەڵکو تەنها بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی خوداناسیە لە چۆنیەتی دارشتنی خودایێک بۆ ئاینەکەی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی گەلەکەی خۆیان یان کەلتوورو فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان.

خودای ڕیکلام یان خودای بابەتی.

مرۆڤ پێویستە هەڵسەنگاندن بکا لەنێوان دوو باردا کە کامەیان زیاتر بۆ خودا دەشێن.

یەکەم / خودای ڕیکلام ، ئەرێ هەر بە ڕاست خودا پێویستی بە ڕیکلام کردن هەیە بۆی؟ یان ئایا دەکرێ خوداڕیکلام بکا بۆ خۆی؟

شێوازەکانی ڕیکلام:وەک زەق کردنەوەی لایەنە باشەکان لە پێناو زیاد کردنی خەلک بۆی وڕەواج پێدانی بۆ نموونە خودا بەهەشتی هەیە خودا بەتوانایە خودا میهرەبانە خودا جوانە خودا ڕۆشناییە . لە بەرامبەریشدا هەرچی کارە نارێک وقێزەونەکانی ناو گەردوون سرووشت هەن بە پینەوپەڕۆ پەردە پۆش بکرێن لە پێناو ئەوەی خوداکەیان هیچ نەنگیەکی نەیەتەوەسەر .هەر کەسێکیش بیەوێ حەقیقەتەکە وەک خۆی دەرخا بە کافری بناسێنن. بۆیە لە بەرامبەردا کۆمەڵێک ترس وتۆقاندنیان داناوە وەک هەڕەشەیەک ئەگەر لەو کاڵایە نەکڕێ یان بە دڵی نەبێ .وە خودا دۆزەخی هەیە ،خودا سزای هەیە ،خودا تۆقێنەرە،خودا تۆڵەسێنە، خودا تووڕەیە، خوداگومڕاکەرە

دووەم/ خودای بابەتی بریتیە لەو خودایەی کە نیشان دەدرێ بۆ ناسین .بۆ هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی . ئەم خودایە کاڵا نیە تاکو بە ڕیکلام ساغ بکرێتەوە .بەڵکو پێوستییێکە بۆ سوود لێ بینین .

ئەم خودایە خودای مامەڵەو سەودا نیە تا مرۆڤ کارێکی بۆ بکات و ئەویش لە بەرامبەردا پاداشتی بکات. بەڵکو ئاشنا بوونە بەو هێزەی کە پێویستە هەبێت. خودای مەعریفەو دەریای زانستە . ئاوێنەی ژیانە. نیشانەی ڕێنماییەکانە. هیچ پەیوەندی بە لایەنی چاکەو خراپەی گەردوونەوە نیە . هەموو شتێک لەوە .بۆیە خودای بابەت هۆکارە بۆ پێویستیەکان نەک کاڵا بێ بۆ مامەڵەو سەودا کردن لەگەڵیدا.

بیروباوەڕی زۆربەی خەڵک لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە خودا خاوەن سیفەتەو ئێمەش دەبێ بەپێی ئەو سیفەتانە مامەڵە لەگەڵ خودا بکەین و باوەڕمان پێی هەبێت و ملەکەچ و گوێڕایەڵیان بین. سفەتەکانیش کت و مت هەمان ئەو سیفەتانەن کە لە مرۆڤ دا هەن ، وەک (تووڕەی خودا، ئارامگری، شکۆمەندی، دەوڵەمەندی، تواناداری، تۆڵەسێن، بەخشەر، لێ سێنەرەوە، دانا، زانا، نەرم ونیان، زاڵ، ترسێنەرو زۆر سیفەتی تر) کە لە ڕاستیدا سیفەت دانەپاڵ خودا ، خودا لە خودایەتی دێنەتە خوارەوە بۆ پلەی مرۆڤبوون. چونکە خودا پێویستیی بە هیچ شتێک نیە بۆ هیچ شتێک. چونکە سیفەت پێویستییێکە بۆ بوون و مانەوەی هەر شتێک .خوداش بوونێکی دیاریکراوو لە چوار چێوەدراو نیە تاکو لە پێناو بوون و مانەوەیدا خاوەن سیفەت بێ.

بۆیە ئەگەر پێمان وا بێ کە دەبێ خودا جیا بێ لە مرۆڤ ، ئەوا نابێ هەڵگری هەمان ئەو سیفاتانە بێ کە لە مرۆڤ دا هەن. چونکە سێفەتە مرۆییەکان بە تایبەتی و سیفەتە ماددی و مەعنەویەکان بە گشتی ، پێویستییێکە بۆ بوون و مانەوەی شتەکان . شتەکان بە گوێرەی جۆری پێکهاتەیان ، پێویستیان بەو سیفاتانەیە بۆ خۆ گونجاندن و مانەوەو چۆنیەتی مامەڵەکردن لە ژیان دا وچۆنیەتی ژیانکردن. بەڵام خودا پێویستی بە هیچ سیفەتێک نیە تاوەکو لەگەڵ شتەکان خۆی بگونجێنێ یان بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بەو سیفەتانەبێ .

بۆیە بیروباوەڕی دروست و تەندروست ئەوەیە کە خودا پێویستی بە هیچ سیفەتێک نیە بۆ هیچ شتێک .

لە فەرهەنگی خوداناسیم دا ، خودا حەقیقەتی بوونەو بوونیش ئاوێنەی وێنەدانەوەی خودایە بەسەر شتەکانەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەم بیروباوەڕە بکەمە سنوورێک بۆ خودا .چونکە خودا سنووری نیە. بۆیە وێنەدانەوەی خودا لە هەر کەسێکدا (یان با بڵێین لە هەر شتێکدا) بە پێی پێوەری ئاوێنەکەیە.
بە پێوەری ئاین خودا بەخشندەیە (کاتێک دەڵێم ئاین ، مەبەستم ئەو ئاینە باوو بەربڵاوەی ناو کۆمەڵگاکەمە) کەواتە بەو پێوەرەبێ ،هەر شتێک کە خودا پێی بەخشیوین لە دەست وقاچ و چاوو گوێچکە و لووت و دەم و ددان عەقڵ و هەر شتێکیتر ، ئەوا بەخشیش خودا وەریناگرێتەوە، کەچی ئاین دەڵێ ئەمانە ئەمانەتن لای مرۆڤ لەو دونیا لێپێچینەوەی لەسەرە. بەڵام چونکە ئاین لەسەر لۆژیک دانەمەزراوە بۆیە بابەتی هەبوون لەلاییێکەوە بە بەخشندەیی تێگەیشتوەو لەلاییێکی ترەوەش بە ئەمانەت . بەڵام لە ڕاستیدا هەبوون هیچ کامێکیان نیە ، بەڵکو پویستییێکەو دەبێ هەبێ . بۆ نموونە من دەبێ هەبم . چونکە ئەگەر نەبم هاوسەنگی سرووشت تێک دەچێ لە زۆر بوارەوە کە تەنها زانست دەتوانێ ئەو بابەتە هەڵسەنگێنێ و شی بکاتەوە، هەر بۆ نموونە من ئۆکسجین وەردەگرم و دوانۆکسیدی کاربۆن دەدەمەوە ، کە دوانۆکسیدی کاربۆن خۆراکە بۆ دارودرەخت و گژۆگیاو گژوگیاو دارودرەختیش خۆراکن بۆ گیانەوەران .کەواتە لەو ڕووەوە گەر من نەبم بەو شێوەیە لەو ڕووەوە سرووشت تێک دەچێ . کەواتە هەبوونی من پێویستییێکە کە دەبێ هەبم لەبەر ئەو هۆکارەو چەندین هۆکاری تریش ، وە هەروەها لە منیشدا هەر ئەندامێکی جەستەم پێویستییێکە کە دەبێ هەم بێ ئەگینا ژیانی ڕۆژانەم بەشێوەیەکی دروست وتەندروست ناچێ بەڕێوە ، بۆ نموونە دوو چاوم پێویستییێکە کە هەم بێ. ئەگەر نەم بێ ، ئەوا ناتوانم وێنەو شێوەو ڕەنگەکان ببینم و تەفسیری تەواوی بوونم پێ ناکرێ.
واتە لە جیاتی ئەوەی بڵێین خودا دوو چاوی پێ بەخشیوین ، ڕاستیەکەی ئەوەیە کەبڵێین خودا بۆتە دوو چاو بۆ ئێمە تاکو شێوەی شتەکانی پێ ببینین و شێوەکان دەست نیشان کەین و لێکیان جیا کەینەوە. لە جیاتی ئەوەی بڵێین خودا عەقڵی پێ بەخشیوین ، دەبێ بڵێین خودا بۆ تە عەقڵ بۆمان تاکو بەهۆیەوە بیر بکەینەوە. هەروەک چۆن چاو بۆ بینینی مەزهەری شتەکەیە،

عەقڵیش بۆ بۆ بیرکردنەوەیە لە جەوهەری شتەکە. بەهەمان شێوە بۆ هەموو بەشەکانی تری بوونی شتەکان.لە جیاتی ئەوەی بڵێم خودا دوو دەستی پێ بەخشیوم ، بڵێم خودا بۆتە هەردوو دەست بۆ من بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانم و جێبەجێ کردنی پێداویستیەکانم .
بۆیە کەماڵی خودا لە کەماڵی بوونی هەرشتێکدایە لەهەر شێوەیەک . بەڵام ویستێک هەیە بۆ هەموو ئەو پێکهاتە خوداییە کە ئازادە لە چۆنیەتی مامەڵە کردندا ، واتە خودا بۆتە عەقڵ بۆ من بۆ بیر کردنەوە ، بەڵام من ئازادم لە چۆنیەتی بیرکردنەوەدا . واتە خاوەن ویستێکی تەواو سەربەخۆم.

خاوەنداریێتی.

لە ڕاستیدا هیچ هێزێک نیە لە دەرەوەی شتەکان کە خاوەنی شتەکان بێ . هەموو شتێک خۆی خاوەنی خۆیەتی . چونکە هەرگیز ئەو خالیقیەتە نابێ بەو خالیقیەتەی کە لە هیچەوەو لە نەبوونەوە شت دێنێتە بوون. ئەو خالیقیەتەی لە شتێکەوە، شتێکی تر دروست دەکا یان لە چەند شتێکەوە، شتێک دەسازێنێ.نابێتە خالیقی هیچ شتێک.بەڵکو دەبێتە خالیقی داهێنراوێ شتە بنەڕەتیەکان خۆیان خاوەنی خۆیانن . بە پێچەوانەی ئاین کە پێی وایە خودایەک لە دەرەوەی شتەکان ،خاوەنی شتەکان بێ.

## خودا سەرچاوەی هێزو وزەیە لە هەموو شتێک دا

خودا سەرچاوەی هێزو وزەیە بۆ هەموو شتێک . هێز بۆ هێنانە وجوودی هەر شتێک و وزەش بۆ بە جووڵە خستنی هەر شتێک بە شێوەیەکی سرووشتی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. بەڵام سەرچاوەی ئەو هێزو وزەیەش هۆکارێکە .بۆیە جەوهەرو ماهیەتی خودا بریتیە لەو هۆکارە. بەڵام ناتوانین ئەو هۆکار بخەینە نێو چوارچێوەی مەبەستەوەو پێمان وابێ کە خودا مەبەستێکی هەیە لەو هۆکارە . چونکە مەبەستەکان تەنها بۆ مرۆڤ دەبن نەک خودا. کەواتە لە دەرەنجامی ئەو لێکدانەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە خودا بێ نیازو مەبەستە ، کەواتە ئەو بوونەی کە هەستی پێ دەکەین ، بێ مەبەست دروست کراوە ، بـۆیە وجوود بێ مەبەستە بەڵام بێ هۆکار نیە. بێ مەبەستی واتە پوچگەرایی ، بەڵام هۆکار واتە مانا . بۆیە ئەرکی ئێمە خۆ دەربازکردنە لە پوچگەرایی بۆ مانا بەخشین بە هەرشتێک .

خودا له هەموو شتێکدا بێ مەبەستە.

خودا واتە ئەو هێزەی هەمووشتێکی هێناوەتە بوون و ئەو وزەیەی کە دەیخاتە جوڵە (ژیان کردن تا ماوەیەکی دیاریکراو) سەرچاوەی ئەو هێزو وزەیەش هۆکارێکە . بە پێی ئەو هاوکێشەیە،من هۆکاری خۆم هەیە کە مرۆڤم ، بەردیش هۆکاری خۆی هەیە کە بەردە. ئاویش هۆکاری خۆی هەیە کە ئاوە. بەڵام خودا بێ نیازو مەبەستە لە مرۆڤ بوونی من یان بە بەردبوونی بەرد یان بە ئاو بوونی ئاو. بێ مەبەست بوون واتە : پوچگەرایی . من بێ مەبەست مرۆڤم . کەواتە من لە دۆخی پووگەرایی دام .بەڵام بێ هۆکار نیە کە مرۆڤم. واتە ئەرکێکم هەیە کە مرۆڤم . ئەویش بریتیە لە خۆ دەربازکردن لە پووچگەراییەوە بۆ مانداری بەهۆی مرۆڤبوونمەوە.

بەڵام ئەی مانای چیە خودا بێ مەبەستە؟

من چاکەیەک دەکەم و یارمەتی کەسێک دەدەم ، ئەو چاکی و یارمەتیدانە بێ مەبەست نیە . کەواتە مەبەست گرێ دراوی بەرژەوەندییێکە ، هەر لەبەر ئەوەیە کە دەڵێین خودا بێ مەبەستە ،چونکە لە پێناو هیچ بەرژەوەندییێک شتەکانی نەهێناوەتە بوون . بۆیە دەڵێین خودا شتەکانی بێ مەبەست هێناوەتە بوون. ئەوە ئێمەین مەبەستێکمان هەیە لە ڕێکخستنەوەی شتەکان ، مەبەستەکەش بریتیە لە ژیانێکی خۆشترو ئاسانترو زووتر گەیشتن بە مرازەکان (هیواو ئاواتەکان)

کەواتە بوونی شتەکان ، کەرەستەی خاون لەبەر دەستی مرۆڤ دا . بۆیە ئێمە ناتوانین ڕەخنە لە هەمەجیەت و تێکەڵی و پێکەڵیەکانی ناو گەردوون بگرین و بڵێین : چۆن دەبێ خودا کارەکانی وا شڕو شەپڕێو بن؟ نەخێر، چونکە ئەمە تۆی کە ڕاسپێردراوی بۆ ڕێکخستنەوە . نەک منجە منج و بۆڵە بۆڵ و ڕەخنەگرتن لە خودا.

بۆیە بێ مەبەستی خودا (بێ بەرژەوەندێتی) لەگەڵ مەبەستداریی مرۆڤ (مصلحة) مانا دەبەخشن بە هەموو شتێک ، تەنانەت دەرەنجامی ئەو هاوکێشەیە دەبێتەوە بە مانا بۆ خوداو بۆ مرۆڤیش.

## کام ئایەت (نیشانە) لە خوداوەیە؟

سەرەتا دەبێ لە چەمکی ئایەت (نیشانە) تێ بگەین . ئایەت واتە :ئەو نیشانانەی کە بۆ هەمووان وەک یەکە بۆ ڕێنمایی کردن بێ جیاوازی ، بۆ نموونە : نیشانەکانی هاتووچۆ بۆ شۆفێران ڕێنماییە بۆ هەموو جۆرە شۆفێریەک و ئۆتۆمبیلێک بێ جیاوازی ، واتە نیشانەکان یەک ئامانجیان هەیە بۆ یەک مەبەست و هەمووان دەخاتە سەر یەک ئاڕاستە . واتە : هەمووان لەسەریەک بنەما کۆ دەکاتەوە.

کەواتە ئەگەر هەر نیشانەیەکت بینی کە هەموو مرۆڤەکان یەک دەخا بەیەک ئاڕاستەدا، ئەوە بزانە کە ئەم نیشانەیە ئایەتی خودایە . نەک ئەو چەند کۆمەڵە ڕێنماییە ناوچەیی و لۆکالی و کەلتووری و فەرهەنگییەی کە بەناوی خوداوە سەپێنراوە بەسەر خەڵکدا ، لە کۆمەڵێک ڕستە وگوزارشت و پەیڤ دا کۆ کراوەتەوەو کورت کراوەتەوە کە هەریەک لەو نیشانەو ئایەتانە ، کۆمەڵێک زاناو موفەسسیرو بیرمەندی تێدا هەڵکەوتوەو هەریەکەو بەجۆرێک تەفسیری دەکات و هەریەکەو بەجۆرێک مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێرێک ئاڕاستە دەکات. هەر ئایەتێکتان بەم شێوەیە بینی ، ئەوا بزانن کە ئەمە ئایەتی خودا نیە .

ئەمە لەسەرێک. لەسەرێکی ترەوە ، هەر ئایەتێک ناڕۆشن و مەتەڵ ئامێزو غامز بێ ، ئەمەش بەڵگەیە کە ئایەتی خودا نییە ، چونکە لە ڕاستیدا نیشانەی ڕێنماییەکان دەبێ بەشێوەیەک بێ کە ئاشکراو ڕوون وسادەو دیاربێ و هەموو چین وتوێژێک ئاشنابێ پێی و بیناسێ و بیزانێ. ئەمەو جگە لەوەی کە لە پەنا ئایەتە دروست و ساختەکان ، کۆمەڵێک تێگەیشتن و مەبەست کراونەتە تێ بینی و ڕوون کەرەوەی تاکە کەسی و وەک ئایەتی خودا بەسەر خەڵکیدا سەپێنراون . زۆر پێویستمان بەوە هەیە کە ئایەتە خوداییە ڕاستەقینەکان بدۆزینەوەو لە شوێنە شیاوو هەستیارو دیارەکان و گرنگەکان دابنرێنەوە. تاکو مرۆڤ لەسەر یەک بنەما کۆکاتەوەو ئاڕاستەی بکا ، ئەو کاتە کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی جێبەجێکاری ئایەت ونیشانە دروستەکانی خودا.

## خودای حاڵەتە دەروونیەکان.

زۆر کەس هەن خودای حاڵەتە دەروونیەکانیان کردۆتە بنەمای پێوەرەکانی گەڕانەوەی بێ شوماری خەڵک بۆ لای خودا و باوەڕهێنان و تەوبە کردن بۆ خودا. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنها خودای حاڵەتە دەروونیەکانەو هیچی تر . بۆ نموونە : کەسێک کە هەست دەکات لە مردن نزیک بۆتەوە. یان بەهۆی نەخۆشیەوە وا هەست دەکا پێویستی بە خودایێکە شیفای بدا . یان کەسێک لە ئەوپەڕی هەژاری و دەستکورتی وقەرزاری و بێکاری و بێچاری و نەداری و بێ نەوایی و لێقەوماوی وچی وچی.. یان کەسێک کەوتۆتە دۆخێک لە کەوتنە خوارەوە یان پێکدادانی ئۆتۆمبێل کە لە حاڵەتی گیانەڵڵادایە یان لەنێو جەنگ و کوشت و کوشتاری . یان لە کاتی پیری دا کە هەست دەکا کەس هاوەڵی ناکا و واهەست دەکا کە خودایەک هەبێ وەک هاوەڵێک هاوەڵیی بکات. یان کەسێکی ناشیرین و کەمئەندامەو کەس نایەوێ هاوڕێیەتیی بکات . یان کەسێکی هەژارو داماوە ،لە جیاتی هاوەڵی کردن ،خەڵک بەزەی پیا دێتەوە. ئەویش وا هەست دەکا خودایەک هەیە گرنگی پێدەدا، یان هەرخۆی وەهمەکەی خۆی کردوە بە خودا بۆ دڵنەوایی کردن. یان کەسێکی گۆشەگیرو یان لە ژوورێکی تەنهاییدا بەند کراوە یان جورئەت ناکا ئەوەی کە لەناخیدایە بۆ دەوروبەری هەڵیڕێژێ ، ئیتر خودایەک لە خەیاڵ بۆ خۆی دروست دەکا و چیی لە دڵیدایە بۆی هەڵدەڕێژێ. یان ناتوانێ کارێک ئەنجام بدا یان متمانەی بەخۆی نیە ، خودایەک لە هێزو توانای خەیاڵی بۆ خۆی دروست دەکات و باوەڕی پێ دێنێ یان کەسێک تا دوێنێ بەناوبانگ و ناسراو بووە لەنێو خەڵک بەهۆی بەهرەو تواناو لەش ولارو جوانی وشۆخ و شەنگی و ئێستاش باوی ئەو نەماوەو کەسانی تر باویانە . هەموو ئەو خودایانەی لەو جۆرە حاڵەتانە کە لە مێشک وخەیاڵ و ئەندێشەو وەهمی مرۆڤەکان دروست دەکرێن، هیچیان خودای ڕاستەقینە نین. چونکە خودای ڕاستەقینە پێویستی بەوە نیە کە مرۆڤەکان بە بارودۆخەکانەوە ناچار بکات تا باوەڕی پێ بێنن ، باوەڕبوون بە خودا غەریزەیە ، مرۆڤ هەر لەو ساتەوەی کە پەیوەندی وهەماهەنگی لەنێوان هەست وهۆشیدا دروست دەبێ ،هەست بە خودایێتی خودا دەکا. باشترین باوەڕ بوونیش بەخودا ، هەست کردنە بەخودا . ئەگینا باوەڕەکانی تر ،هەموو دروستکراوەو هیچیان وەک باوەڕی هەست ، سرووشتی نین.

خوداو بەکارهێنان.

خودا هەردوو دەستە بۆ من چونکە پێویستمە بەکاری بێنم . خودا چاوە بۆ من چونکە پێویستمە بۆ بینین ، بەو پێوەرە ئەگەرچی خودا دابین کەری پێویستیەکانی مرۆڤە، لەهەمان کاتیش دا بەکارهێنراوە لەلایەن مرۆڤەوە .
بەڵام ئایا ڕاستە مرۆڤ خودا بەکاردێنێ؟
نموونە/ کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبێل تۆ پێویستت بە ئۆتۆمبیلێکە ودەیکڕی. ڕاستە تۆ تەنها یەک ئۆتۆمبیل لە کۆمپانیاکە بەکاردێنی . بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کەتۆ کۆمپانیاکە گشتی بەکاردێنی؟ بێگومان نەخێر، تۆ تەنها ئۆتۆمبیلەکەی خۆت بەکاردێنی کە بۆتە موڵکی خۆت . بەهەمان شێوە تۆ تەنها ئەو بەشە خوداییە بەکاردێنی کە موڵکی تۆیە )ئەویش جەستەکەتە( نەک هەموو وجوود . چونکە لە هەموو وجوود دا هەر وجوودێک بەشی خۆی هەیە وخاوەن موڵکی ئەو بەشەیە .وجوودیش پێویستییێکە کە دەبێ ببێ .چونکە بێ وجوود ،خودا مانای نیە.
حەقیقەتی مانای خودابوون یان مانا بەخشین بە خودا پێویستی بە وجوودە. ئەمە لە کاتێکدا خودی وجوودیش پێویستییێکە بۆمانابەخشین.
نموونە/ وجوودی من . ئەگەر من نەبم ، خەیاڵ چۆن ببێ ، بیرکردنەوە چۆن ببێ ،هەست وسۆز چۆن ببێ؟ ئەمە ئەم وجوودەیە کە هەموو ئەمانەی لە خۆیدا بەرجەستە کردوە .
من ئەو بەشە خوداییە بەکاردێنم کە بۆتە موڵکی من و بۆتە وجوودی من. وە ئەم شێوەیەی من پێویستییێکە بۆ مانا بەخشین بەخودا . بەهۆی ئەو پێکهاتەیەوەیە کە دەتوانم بیر بکەمەوەو کاربکەم وهەنگاو بنێم . بەبێ بوونی هەر بەشێک لەو پێکهاتەیە کەلێنێک دەکەوێتە پێویستیەکانەوە بۆ مانابەخشین بە خودا.
نموونە/ ئەگەر من عەقڵ لەنێو سەرم دا نەبێ، ئایا دەتوانم بیربکەمەوە؟ یان بەچی بیربکەمەوە؟یان چۆن بیربکەمەوە کەواتە وجوودی عەقڵ لە من پێویستییێکە بۆ بیربکردنەوە لە خودا. بەو پێیە بەشەکانی تریش هەموویان هەروان.

## ئایا یادی خودا حاڵەتە یان حەرەکەت؟

بیرکردنەوە لە خودا یان یادی خودا کات وساتی دیار نیە . واتە: نوێژێکە کاتی دیارکراوی نیەو چرکەساتی سفرە . مولزەم بوون نیە بەهیچ جوڵەیەکی جەستەو هیچ کاتێکی دیاریکراو. یادی خودا)نوێژ( تەنها لە ژێرکۆنترۆڵی ویستی خودا دایە کە لە چ کاتێک ولە چ بارودۆخێک دێت بەسەر هەر شتێک بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی.

واتە مرۆڤەکان بڕیاردەری کات و حاڵەتەکە نین . نوێژ نە فەرمانی خودایە و نە مولزەم بوونە بە کاتێکی دیاریکراوو حەرەکەتێکی نامۆو سەیرو سەمەرەو دیارکراو. خودا خۆی دێت بۆ نوێژ نەک مرۆڤ بچێ بۆی . بێنە پێش چاوی خۆت . لەهەندێ شوێن وکات تووشی ئەو حاڵەتە دەبی کە هەرخۆت سەرت سوڕ دەمێنێ لەوەی کە ئەمە چی بوو بەسەر تۆدا هات و ئەمە چی بوو ڕوویدا. نەک تۆ خودا ڕابکێشیتە نێو کات و شوێنێکی دیاری کراوەوە بە نواندنی چەند حەرەکەتێک خۆت فریو بدەی و پێت وا بێ خوداش وەک تۆ بەو دیاردەیە فریو دەخوا.

ئیدی خودا لە جوڵەو سەما سەیرو سەمەرەو نامۆکانی خۆتان دوور خەنەوە. خودا پێویستی بەو حاڵەتە نیە کە بە ئەنقەست ناوتان لێناوە نوێژ.

# بەشی پێنجەم
# ویست و مەبەستی خودا

کاتێک خۆت بارگاوی دەکەی بەو هەستەو ئەو ئاراستەیە وەردەگری . ئیدی بەلاتەوە چیدی گرنگ نابێ کە فلان کەس لەسەر کام دین و لەسەر کام مەزهەبە ، بەڵکو تەنها خودایەکەی ئەوت لا مەبەست دەبێ. نەک هەر لە مرۆڤدا ، بەڵکو لە تەواوی شتەکاندا خودات لا مەبەست دەبێ . کاتێ کە بەو هەستە گەیشتی توانیت بەو هەستە بژیت . ئیدی هیچ ئاین و ئایدیایەکت لا مەبەست نابێ ، بەڵکو تەنها خودات لا مەبەست دەبێ . ئەو کاتە هەموو شتێکت لەلا دەبێتە ئامراز بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.
بەڵام مەبەستمان لە خودا بۆ ئەوە نیە کە ئێمە بەرژەوەندیەکمان لەگەڵ خودادا هەیە یان بەرژەوەندیەکمان لە خودادا هەیە بە پێوەرە ماددیەکە . بەڵکو مەبەستمان لە گەیشتنە بە حەقیقەتێک کە ئێمە ناومان لێناوە خودا. وە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی مرۆڤیش لە بەرژەوەندخوازیدا بریتیە لە گەیشتن بەو حەقیقەتە کە ڕێ لەبەردەم هەموو ئەگەرێک دەکاتەوە.

# ئایا خودا مەبەستە یان ئامانج ؟

ئەگەر خودا ئامانج بێ ،چی ڕوودەدا؟ بیهێنە پێش چاوت.تۆ دەتەوێ ئامانجێک بپێکی . بێگومان دەبێ ئامانج خاڵێکی دیاری کراو بێ ، وە کاتێکیش ئامانجەکەمان پێکا، ئەوا دەبێتە کۆتایی پرۆسەکە (پرۆسەی بە ئامانج گەیشتن یان ئامانج بەدەست هێنان) بۆیە لەو حاڵەتەدا ئەگەر خودا ئامانج بێ ، ئەوا دوای بە ئامانج گەیشتن، مرۆڤ خاڵی دەبێتەوە لە خودا. ئەو حاڵەتەش لەگەڵ مەقامی ئەو خودابوونەدا ناسازێ کە لە سرووشتی بوونمان چێنراوە . بۆیە دەبێ خودا مەقامێکی تری هەبێ جیا لەو مەقامە. ئەو مەقامەش هەروەک باسمان کرد، بریتیە (خودامەبەست بوون لە هەموو شتێکداو لە هەموو کاتێکداو لە هەموو ژیانمان دا) چونکە ناتوانرێ لە هیچ لایەکەوە خودا بە ئامانج بگیرێ.
بۆیە خودا مەبەستە لە هەموو شتێکدا و هەموو شتێک ئامرازە بۆ ئەو مەبەستە. نەک شتەکان لە پێناو بە ئامانج گەیشتن . واتە : خودا ئامانج نیە تاوەکو نیشانەیەک بپێکی و کۆتایی بە خودابوونی بێت. چونکە بە ئامانج گرتنی خودا واتە: کۆتایی هێنان بە خودا . کە ڕەنگە زۆربەی زانستەکان و فەلسەکان لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابن ، بۆ کۆتایی هێنان بە خودا. وە جیاوازی خوداناسیش لەگەڵ بێباوەڕ ئەوەیە کە خوداناس لە هەموو شتێکداو لە هەموو کاتێکدا خودای لا مەبەستە. بەڵام بێباوەڕ لە هەموو شتێکداو لە هەموو کاتێکدا خودای کردوە بە ئامانج تا وەک نیشانە بیشکێنێ.

خودا سەرپەرشتیارە.

خودا هۆکاری هاتنە بوونەو ئەو هۆکارەش سەرچاوەی هێزو وزەیە بۆ هەموو شتێک و هەرشتێکیش شێوەییێکە بۆ خودا. وە لە هەمان کاتیشدا سەبارەت بە دەسەڵات، خودا سەرچاوەی دەسەڵات بە شتەکان .بەڵام خۆی بێ نیازە لە دەسەڵات چونکە پێویستیی پێی نیە. بەو جۆرە حاڵەتەش دەگوترێ ( سەرپەرشتیاری ) کەواتە: ڕۆڵی سەرەکی خودا لە کاروبارەکانی ناو وجوود بریتیە لە سەرپەرشتی کردن.
واتە :ڕۆڵی کارکردنی هەر شتێک و گەشەکردنی هەر شتێک ، دەگەڕێتەوە بۆ خودی شتەکە بە سەرپەرشتی خودا. کەواتە : هەموو شتەکان ئەندامێکی کاراو سەربەخۆو کارگەری ناو پێکهاتەیەکن کە بە سەرپەرشتیی خودا بنیات نراوە.

بوون لە نەبوونەوە نەهاتۆتە بوون . بەڵکو بوون هەر هەبووە و هەیەو هەر دەشبێ ، هەروەها نەبوونیش بەهەمان شێوە . خودا بنچینەو سەرچاوەی بوونە . ویستی خودا لەسەر گۆڕانکاریە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکیتر، ئەم ویستە خودایە تا هەتاییەوهیچ بەربەستێکی بۆ نیەو کۆتایی نایە. هەروەها ویستی خودا لەسەر گەشە پێدانی بوونە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر . بەڵام ویستی مرۆڤ لە هەڵبژاردنە لەنێوان کردن و نەکردنی کارێک یان سوود و زیانێک .

مرۆڤ وەک بوون و خوداش سەرچاوەوبنچینەی ئەو بوونە،سەربەستن لە ویست ، چونکە هیچ بەریەکەوتنێک نیە لەنێوان هەردوو ویستەکە . واتە مرۆڤ ناتوانێ بەهیچ شێوەیەک دەسکاری ویستی خوا بکا ، بەو پێیەی ویستی خودا لەنێو بووندایە ، بۆ نموونە خودا ویستی لەسەر هاتنە دونیام بووە ،من ویستم لەو هاتنە دونیایە نەبووە ، بەهەمان شێوە من ویستم لەسەر کردنی کارێکە . خودا ناتوانێ هیچ کاریگەریەک لەسەر ویستی من دابنێ ویستم لەسەر ڕێگەی چاکەیە یان ڕێگەی خراپە ، خودا هیچ بەرکەوتەی نیە لەگەڵ ئەو ویستەی من دا . هەریەکەمان ئازادین لە ویستەکانمان . بە پێچەوانەی ئاینەکان کە پێیان وایە مرۆڤ لە ڕێگەی دوعاو پاڕانەوە دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەرویستی خودا ، یان پێی وایە کە خودا دەتوانێ کاریگەری دابنێ لەسەر ویستی مرۆڤ لە گرتنی ڕێگەیەکی چاک یان خراپ .

نەخێر. خوداو مرۆڤ هەردووکیان ئازادن لە ویستی خۆیان چونکە ویستەکانیان جیان و هیچ بەریەککەوتنێک لەنێوانیان دا نیە.

هەموو شتێک لە خوداوەیە ، تەنها(ویست) لە مرۆڤەوەیە.

هەرچی لە جەستەت دا هەیە بۆ بەکار هێنانە . بەکارهێنانیش هەر بەو کەرەستانەیە کە بریتین لە ئەندامەکانی لەش . بۆ نموونە دەزگای هۆش و بیر ، شوێنێکە بۆ بیرکردنەوە(کە لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە داهێنان و شیکاری و بەراوردو نوێ بوونەوە و گۆڕانکاری وووو....و) بەڵام ئەو دەزگایە پێویستی بە ویستێکە بۆ بەکارهێنان ، مرۆڤ تەنها خاوەنی ئەو ویستەیە. مرۆڤ خاوەن ویستی خۆیەتی لەسەر کردن و نەکردنی هەرکارو کردەوەیەک. خودا بەگوێرەی سنوورێکی دیاری کراو ئەو ویستەی داوە بە هەر شتێک . بەڵام ویستیش پەیوەستە بەو سیفەتانەی کە لەنێو شتەکان دا هەن . هەندێکیان ڕاستەوخۆ ئەو ویستە بەکار دێنن . هەندێکیان ویستەکەیان پەیوەستە بە دەوروبەریانەوە .
لەنێو خودی مرۆڤیشدا ویست دابەش دەبێ بەسەر چەند بەشێکەوە . لە هەندێ بەش ،ویستی مرۆڤ زۆر کەمە . تەنها بەهۆکارێک کاریگەری لەسەر دەنوێنێ . بۆ نموونە: لێدانی دڵ . ویستی مرۆڤی لەسەرە . تەنها لە حاڵەتی ڕاکردن یان خەمخواردن یان لەکاتی ترس یان لەکاتی دڵخۆشی مرۆڤ دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئەو ویستە دابنێ. هەروەها هەناسەدان بۆ تەنها ماوەیەک دەتوانی هەناسە بوەستێنی ، واتە ویستت هەیە لەسەر وەستانی هەناسەدان ، بەڵام )پێویستی(ناچارت دەکا کە دەست لە ویستەکەی خۆت هەڵگری. ئینجا چاوتروکان، تۆ دەتوانی پێلوی چاوت لە تروکاندن بوەستێنی ، بەڵام کاتێ خەوت دێ ،ناچار دەبی پێلوی چاوت دابخەی. پێ بەپێ ویستی مرۆڤ لە بەشەکانی تر زیاد دەکا ، وەک: کۆ ئەندامی هەرس، مرۆڤ ویستی هەیە لەسەر تێرکردن و تێرنەکردنی ، بەڵام ناتوانێ بەتەواوی کۆنترۆڵی بکا لەبەر (پێویستی) لێرەوە (پێویستی) کاریگەری دەبێ لەسەر ویست.
بەڵام ویستی مرۆڤ لە (بیرکردنەوە) دا تەواو لە هەڵکشاندایە کاتێ مرۆڤ ویستی لەسەر بیرکردنەوەیە .بەڵام هێشتا (پێویستی) ڕێژەیەکی بەرچاوەو هێشتا کاریگەریی خۆی هەیە . بەڵام لە خەیاڵ کردن و ئەندێشە ، ڕێژەکەی یەکجار کەم دەکات وهیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێ لەسەر ویست .

بەڵام لە دەرەوەی لەشی خۆیدا (ویست) بەتەواوی ئازاد دەبێ لە بەکارهێنان دا . کەواتە مرۆڤ تەنها خاوەنی (ویست) ە و خاوەنی هیچ شتێکیتر نیە . تەنانەت خاوەنی خۆی نەبوو کاتێ هاتە دونیاوە ، چونکە بەبێ ویستی خۆی بوو.
بۆیە دەبێ بڵێین هەموو شتێک لە خوداوەیە ،تەنها (ویست) نەبێ کە لە مرۆڤەوەیە.

## خوداو مرۆڤ و ویست و بڕیاردان.

خودا ویستی لەسەر هەر شتێک بووە کردویەتی و ئێستا ئەوە لای ئێمە بۆتە وجوود ، واتە ویست و بڕیاری خودا پێشینە )مسبق(ە . بەڵام مرۆڤ ویست و بڕیارەکانی لە داهاتوودایە ، بۆیە هەموو پێشبینیەکان پووچەڵ دەبنەوە کاتێک کە مرۆڤ بڕیار لەسەر کردن و نەکردنی هەر شتێک دەدا. واتە داهاتوو بە تەواوی لەژێر دەستی مرۆڤ دایەو خودا بڕیاری لەسەر نادات.
ئەوە تەنها مرۆڤ خۆیەتی کەوا ویستی لەسەر بڕیاردانی خۆیەتی (بەو مەرجەی کە تەواو ئازاد بێت و لە ژێر هەڕەشەو فشاردا ڕووبەڕووی بڕیاردانی نەکەنەوە) و هیچ هێزێک ناتوانێ لە جیاتی ئەو بڕیار بدات .
بە کورتی : ویست و بڕیاری خودا پێشترە (مسبق) ە. بەڵام ویست و بڕیاری مرۆڤ لە داهاتوودایە.
خودا بڕیاریدا منداڵ بەو شێوەیە لە دایک بێت و دەسەڵاتەکەشی دا بە سرووشت بۆ هەڵسوڕاندنی ئەو کارە. بەڵام لەولاوەش عەقڵی داوە بە مرۆڤ کە دەسکاری ئەو یاسایە بکات و لە شێوە سرووشتیەکەوە بیگۆڕێ بۆ ئەو شێوە دەسکردەی کە خۆی دایهێناوە لەشێوەی منداڵی بلووری ، خۆ لەوانەیە لە داهاتووشدا مرۆڤ ویستی لەسەر بێ کە بڕیاری گرنگتریش بدا لەو بارەوە. لەو حاڵەتەدا ویستی مرۆڤ دەبێتە درێژە پێدەری ویستی خودا بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کاروبارەکان . خۆ لەوانەشە هەر خودی ئامانج لە بوونی مرۆڤ بەو کوالێتیە بۆ ئەو مەبەستە بێ.
بەهەر حاڵ خودا ڕێگرنیە لە هیچ ویستێکی مرۆڤ . بۆیە لەهەر بوارێکدا مرۆڤ سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەوە نیشانەی ویستی خودایە لەسەر ئەو ویستە مرۆییە .

توانا هێندەی ئازادیە.

خودا ئازادیەکی ڕەهای داوە بە مرۆڤ . بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئازادی تێکەڵی حەزو غەریزە بکرێ . ئازادی ڕەها بەمانای ئازادی بێ سنوور نیە .چونکە گەر ئازادی سنورەکانی یاسا خوداییەکان (سرووشتیەکان) ببەزێنێ ، ئەوا پەرچەکرداری یاساکان تێکی دەشکێنن . هەروەها ئازادی ڕەها ، مانای سنور بەزاندنی یاسا مرۆییەکانیش نیە ، کاتێ کە دەبێتە مایەی ماف خواردنی یەکێکی تر ،واتە بەزاندنی سنوری خۆت و سنوری کەسی بەرامبەر .

گریمان سنورە سرووشتیە مرۆییەکانیشت بەزاند و تووشی هیچ پەرچە کردارێکیش نەبویتەوە. لەو حاڵەتەدا خودا لە پلانی دووەمدا )پلانBی) توانای بەسرووشت و بە شتەکان بەخشیوە . واتە کاتێ گەندەڵیەکانی مرۆڤ دەگاتە ڕاددەیەک هاوسەنگی سرووشت تێک بدا ، ئەوا هێزە سرووشتیەکانی وەک وشکە ساڵی و باران بارینی زۆر و گەرمای زۆر و سەهۆڵبەندانی زۆر و لافاوو سووتانی دارستانەکان و وشک بوونی بەرووبووم و دانەوێڵەو بوومەلەرزەو چەندەها جۆری تر. ڕووبەڕووی بارودۆخەکە دەبێتەوە .

بەڵام سەبارەت بە توانا مرۆییەکان ، خودا ویستی بە مرۆڤەکان داوە بۆ بەکارهێنانی تواناکان لە دژی ستەمکاری و گەندەڵیەکان بەناوی ئازادی لە سنور دەرچوو. لەو حاڵەتەشدا توانا مرۆییەکان پرۆسەیەکن دەبێ بەچەندین ئەزموونی سەرکەوتن و شکست بپاڵێورێن و بەهێز بکرێن و فراوان بکرێن بەڵام لەو حاڵەتەدا ئاین دێت و بەناوی سپاردنی ستەمکارو گەندەڵکار بە هێزێکی دەرەکی )خودایەکی وەهمی(جگە لەوەی کە خۆ فریودانە ، لە هەمان کات دا کپ کردنی توانا مرۆییەکانیشە . بۆیە لەهەر شوێنێک ئاین بەقووڵی ڕەگی داکوتا بوو ، لەو شوێنە ستەم و گەندەڵیەکی بەر فراوان بوونی هەیە.

بۆیە پێویستە گوێ بەو بیروباوەڕە پروپووچانە نەدەین و تواناکانمان بگەیەنینە ئاستی ئازادیەکان . بۆ ئەوەی ئازادیە نەرێنیەکان لە سنووری خۆیان دەرنەچن

## ئایا خودا دەسەڵاتدارە ؟

کەی خودا دەسەڵات ڕادەست دەکات؟
ئایا خودا دەسەڵاتی خۆی ڕادەست دەکات؟
ئایا خودا دەسەڵات ڕادەست بە کام جۆر ژیانەوەر دەکات؟
ئایا خودا دەسەڵات ڕادەست بەکام چین دەکات؟
ئایا خودا لە ڕێگەی چ هۆکارێکەوە دەسەڵات ڕادەست دەکات؟
ئایا خودا چۆن دەسەڵات ڕادەست دەکات؟
ئایا خودا چەندە دەسەڵاتەکانی خۆی رادەست دەکات؟
ئایا بۆ دەبێ خودا دەسەڵات ڕادەست بکات؟

ئەم بابەتە زیاتر خیتابە لەگەڵ ئاین ، ئەگینا دەسەڵات بۆ دروستکراوەکانە تاکو کاری ڕۆژانەی خۆیان پێ ئەنجام بدەن و لە فەرهەنگی خوداناسیدا شتێک نیە بەناوی دەسەڵاتی خودا.

پێویستە شەرم نەکرێ لە وەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێک مادام عەقڵ کراوە بە سەنتەری وەڵامدانەوە بە ویستی خودا.

بێنە پێش چاو ،تۆ سی ساڵە بە فەرمایشتی ئاینەکان گوێڕایەڵی خوداکەیان بویت و بەندایەتیت بۆ ئەنجامداوە . لەو حاڵەتەشدا تۆ دەکەویتە ژوورێکی کڵۆم دراوو داخراوەوە . چەند سانتیمەترێکت پێویستە پەنجەکانت بگەن بە کلیلی دەرگاکە . ئایا لەو حاڵەتەدا خودا پەنجەکانت بۆ درێژ دەکاتەوە تا بگات بە کلیلەکە؟ یان هەر لەو ژوورەدا پەرداخێک ئاو هەیەو ئاگات لێ نەبوو ،دەستت بەر پەرداخەکە کەوت و ئاوەکە ڕژا .تۆش زۆر تینووت بوو. ئایا خودا ئامادەیە تەنانەت یەک دڵۆپە ئاویشت بۆ بگێڕێتەوە ناو پەرداخەکەوە؟ ئایا دوعاکردن هیچ سودێکت پێ دەگەیەنێ؟ بۆیە پێویستە ئێمە سەرەتا لەهێزو دەسەڵاتی خودا تێبگەین ، ئینجا بڕیاری لەسەر بدەین وقسەی لەسەر بکەین. ئەو زەمەنە زەمەنی پیرۆزکردن و موجامەلە کردنی دەقە ئاینیەکان نیە ،بەڵکو زەمەنی داڕشتنەوەی دەقی تازەیە لەسەر بنچینەو بنەمای عەقڵ ولۆژیک.

خوا خۆی دانابەزێنێتە ئاستی دەقە پیرۆزکراوو سواوەکان بەڵکو ئەمە دەقەکانە کە دەبێ هاوتا بکرێنەوە لەگەڵ حەقیقەتی خودا. نابێ عەقڵ کۆت وبەند بکرێ لەنێو دەقەکاندا ،بەڵکو دەبێ عەقڵ داڕێژەری دەق بێ.

بۆیە دەربارەی هێزو دەسەڵاتی خودا دەڵێین کە هەر لە بنەڕەتەوە خودا دەسەڵاتی خۆی ناسەپێنێ بەسەر هیچ دەسەڵاتێکدا. چونکە هەر دەسەڵاتێک کە ئێمە هەستی پێ دەکەین ،لە هێزو دەسەڵاتی خوداوە هاتوە، واتە خودا سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتە . دەسەڵاتی خودا هەر ئەو دەسەڵاتانەن کە هەن،چۆن دژیان دەوەستێتەوە؟

بۆیە پێویستە بەو تێگەیشتنە تازەوە لە دەسەڵاتی خودا بڕوانین. کاتێک هێزو دەسەڵاتێکی گەورە لەسەر زەوی بەرچاومان دەکەوێ . دەبێ بزانین ئەو هێزودەسەڵاتە دڵۆپە ئاوێکە لە چاو دەریاییێک لەو هێزو دەسەڵاتە خوداییەی کە بۆتە سەرچاوە بۆی.

ئایا دەسەڵاتی خودا گۆڕانکاری بەسەردادێ لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر ؟ دەڵێین بەڵێ.

چونکە ئێمە زۆرجار کە ئاژەڵێکی بێ دەسەڵات دەبینین کە لەلایەن کۆمەڵێک ئاژەڵی ترەوە سەرپەرشتی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی کراوە. واتە: دەسەڵاتی خودا دابەش بووە بەسەر جیهانگەرایی لە لایەنی کۆمەڵایەتیدا (بەڵام لە کاتی ئاسایی) بۆیە دەبینین چەندان شێت و ئیفلیج و ئۆتیزم و پیرو پەککەوتەو کەڕو کوێرو لاڵ هەن لەنێوانماندا، زۆر ئاسایی ژیان دەکەن . بەڵام ئایا لەکاتی نائاساییدا (واتە کاتی بەریەک کەوتنەکان وجەنگ و کارەساتە سرووشتیەکان) ئەو دەسەڵاتە خوداییە هەر بەشێوە ئاساییەکەی خۆی هەڵسوکەوت دەکا یان دەکەوێتە حاڵەتی نائاسایی؟

لە ڕاستیدا خودا هێز دەبەخشێ بە دەسەڵاتەکان نەک خۆی دەسەڵاتدار بێ سەیرکە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکان هێزە . ئێمە نموونەمان بە ڕژانی پەرداخە ئاوەکە هێنایەوە ، لە ڕاستیدا خودا هێزی بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی هەبێ لە کۆکردنەوەی ئاوەکە ،جا بە هەر هۆکارێک بێ .نەک خۆی هێز ببەخشێ بە دەسەڵاتی خۆی بۆ کۆکردنەوەی ئاوی ڕژاوی ناو پەرداخەکە. کاتێ وەڵامی یەکەم پرسیار بەو شێوەیە دەدەینەوە ، یەک بە یەک ڕیسی پرسیارەکانی تر دەبێتەوە بە خوری و پرسیارەکانی تر بەو وەڵامە لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە.

هەر موعجیزەیەکی دەسەڵاتی نادیار ،خودایەکی دەستکرد یان خوداییێکی

دروستکراوی لە پشتەوەیە . وە ئاینەکانیش پشت بەم جۆرە خودایە دەبەستن بۆیە خودای ئاینەکان جێی متمانەو باوەڕ نین . چونکە خودای ڕاستەقینە هێز بەخشە بە هەموو شتێک نەک خودی خۆی دەسەڵاتدار بێ، وە ئەو هێزە خوداییە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە لە وجوودو خودا هیچ پێویستی بە دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵات نیە.

کاریگەری خودا.

بێنە پێش چاو، تەزووی کارەبا لەیەک سەرچاوەوە دێت و بگات بەهەر ئامێرێک ،دەیخاتە کار.بەهەمان شێوەش ئەو وزە خوداییەش گەیشتۆتە هەموو شتێک و هەموو شتێکی خستۆتە جوڵە و لەهەمان کاتیشدا بۆتە داینەمۆی هێز بۆ هەموو شتەکان. کاریگەری ئەم وزەوهێزە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لە بەکارهێنانی شتەکان. واتە هەر ئەم وزەیەیە کە بۆتە بەرهەم هێنانی هێز بۆ هەموو شتێک و لەو وزەیەوە هێز بەرهەم دێ بۆ بەردەوامی هەرشتێک . بەو پێیە هەر شتێک کە تۆ دەیبینی ، بەدەر نیە لە کاریگەری خودا.ئەو کاریگەریی تەواو ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر هەموو شتێکەوە.

## تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی خودایی.

خودا هیچ کەسێک تاقی ناکاتەوە .بەڵام هەموو شتێک وشوێنێک وکاتێک بەناو چەندەها وێستگەی تاقیکاریدا تێپەڕدەبن کە تۆ پیایاندا گوزەر دەکەی.واتە هەموو شتێک وهەموو شوێنێک و کاتێک بۆتۆ تاقی کردنەوەیێکە .تۆ تەنها لەنێو ئەو تاقیکردنەوانەدا خۆت دەدۆزیتەوەو خۆت بەتەواوی دەناسی . واتە: ئەو تاقیکردنەوانە بۆ ئەوە نیە کە خودا تۆ بناسێ بەڵکو بۆ ئەوەیە کەتۆ خۆت خۆت بناسی.

ئاین و زانست و فەلسەفەو بیرکردنەوەو کۆمەڵێک بابەتی تر تاکو خۆت بناسی و هاوسەنگی خۆت بپارێزی . ئەمانە پێوەرەکانی تاقیکردنەوەی خوداییین بۆ ویست و بڕیاردانی تۆ . نەک پێبەخشین و لێ سەندنەوەو کارەسات وهەبوویی و نەبوویی وفەرەحنایی.

بەڵێ. چەندین کەس بەهۆی دینەوە مرۆڤبوونی خۆیان دۆڕاند. چەندین کەس بەهۆی فەلسەفەوە خۆیان لەناو برد. چەندین کەس بەهۆی زانستەوە داماڵران لە مرۆڤبوون ولەو تاقیکردنەوانە دەرنەچوون. چەندین کەسیش نمرەی چاکی مرۆڤبوونیان تۆمارکرد.

تاقی کردنەوەکانیش لەنێو هۆڵێکی داخراودا نیە ، بەڵکو لەنێو هۆش و بیرو هەست ونەست و ویژدانی تۆ ئەنجام دەدرێ . ڕەنگە ژیان تەنها خەواندنێکی موگناتیسی بێ و تۆش تەنها خەونێک بیت . واتە : ڕەنگە تۆ بە تەنها خەونێک تاقی بکرێیتەوە بۆ مانەوە لە قۆناغێک و سەرکەوتن بۆ قۆناغێکی تر.

تاقیکردنەوەکان بۆ پاراستنی کەسایەتیت . تاکو چ ئاستێک کە دەتوانی کەسێتی خۆت نەدۆڕێنی . ئەو تاقیکردنەوانە بۆ هاوسەنگی مرۆڤبوونتە لەنێوان ژیانی ئاژەڵی و دانایی و شەڕەنگێزی و نەفامی و چاکەخوازی و خراپەکاری وڕێککاری و گەندەڵی .

تاقیکردنەوەکان بۆ کردارو جوڵەو هەنگاوو داهێنان یان تەمبەڵی و کات کوشتن وکات بەفیڕۆدان و پاشکەوتن و کۆمەڵێک بابەتی تر .

بە کورتی/ ژیان هەمووی وهەموو چرکەساتێکی تاقیکردنەوەیە. تۆش لەنێو ئەو تاقیکردنەوانەدا کەسایەتی وجۆری کەسایەتی ومرۆڤبوونی خۆت دەدۆزیتەوە. خودی خۆت و سرووشتی خۆت دەناسی و دەناسیتەوە. دەزانیت ئاست ونمرەو پلەت چەندە.

سەرچاوەی هەموو وزەو هیزوتوانایەک لە خواوەیە ،کاتێک دەتەوێ کارێک ئەنجام بدەی، پەنا بۆ ئەو هێزوتوانایە دەبەی کە خودا پێتی بەخشیوە. ئەم هێزوتوانایە دەتخاتە جم وجۆڵ و چالاکی .تا متمانەی زیاترت بەو هێزوتوانایە هەبێت و پشتی پێ ببەستی ، ئەوا زیاتر بەرەو پێشەوەت دەبات.
نەک وەک تێڕوانینە ئاینەکە ،کە لە جیاتی ئەوە پشت بەو هێزوتوانایە ببەستی کە خودا پێتی داوە، تۆ لە دەست ئەو هێزوتوانایە ڕابکەیت و خۆت بخەیتە پەنا خوداوە لە دەست هێزوتواناکانی خۆتەوە. لەو حاڵەتەدا بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە .چونکە تۆ دەست لەهێزو تواناکەی خۆت هەڵدەگریت و چاوت لەهێزوتواناییێکە کە هی خۆت نیە و کە هەر نیە .
واتە: لە جیاتی ئەوە ئەو بیروباوەڕە بتخاتە جوڵە، لە جووڵە دەتوەستێنێ.
هێزو توانا هەر لە ناو جەستەی خۆتدا خودا چاندویەتی ، ئەوە تۆی کە هەمیشە پەروەردەی دەکەیت و ڕۆژبەڕۆژ ئەویش زیاد دەکات.
خودا هیچ وێستگەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هیچ شتێکدا نیە. بەڵکو هۆکارەکانی کردۆتە وێستگەیەک لەنێوان خۆی و شتەکان. هێزو تواناکانیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وێستگەییێکە لەنێوان تۆو خودا، واتە: ئەگەر دەتەوێ پشت بە خودا ببەستی، پشت بەهێزو تواناکانی خۆت ببەستە.

# بەشی شەشەم

# دروشم و پەرستنشی خودایی

چەمکێکە لەنێو ئاین وبیروباوەڕەکان دا بەکار دەهێنرێت. بۆیە لەنێو هەر نەتەوەیەک کە هەڵگری ئاینێک یان بیروباوەڕێکن ، بەو شێوەیەی کە خۆیان مەبەستیان بووە گوزارشتیان لێکردوە وە میللەتەکەی ئێمەش یەکێکە لەو میللەتانەی کە بە بیروباوەڕی خۆی گوزارشتی لێکردوە .

لە بیروباوەڕی ئێمەدا بە (خوداپەرستن) گوزارشتی لێکراوە. کەچی کاتێک لە بنج وبناوانی مانای ڕاستەقینەی چەمکەکە دەکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ مانایەکی تری هەبووەو بەرگی پیرۆزیی کراوەتە بەرو ئەو تێگەیشتنەی ئێستای لێ هاتۆتە بەرهەم.

چەمکی خودا پەرستن لە (خودا پەرەستن)و ئەویش لە (خودا پاراستن) و ئەویش لە (خود پاراستن) و ئەویش لە (خۆ پاراستن)ەوە ،وەرگیراوەو هیچ پەیوەندیەکی بە (خودا) و بە (پەرستش)ەوە نیە.

بۆیە زۆربەی زۆری چەمکە ئاینیەکان ، چەمکی سادەو سرووشتی بوون

لە بنەڕەت دا . بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و ڕۆحیەتی تازە بەبەردا کردن

و پیرۆز کردن و مانا بەخشینی نوێ و تەفسیری نوێ ، وای کردوە کە چەمکەکە لە دۆخێکەوە بچێ بۆ دۆخێکی ترو گۆڕانکاری زمانەوانیش ڕۆڵی خۆی هەبووە لە قووڵ کردنەوەی گۆڕانکاریەکان .

بۆیە شتێک نیە بەناوی خوداپەرستن و سەرچاوەکەی لە خۆپاراستنەوە وەرگیراوە کە ڕەنگە دەستەیەک یان کۆمەڵەیەک بووبن کە خۆیان لە

تاوانەکانی ناو کۆمەڵگا پاراستبێ یان خۆیان لە پیسی ژینگە پاراستبێ یان خۆیان لە خۆراکی پیس یان مامەڵەو سەوداو کڕین و فرۆشتنی شتی پیس پاراستبێ.

بۆیە ئەگەر بابەتەکە پاراستنی خودا بێ، ئەوا خودا پێویستی بە هیچ پارێزەرێک نییە. لەسەرێکی ترەوە ،ئەمە کەلتووری بتپەرستیە کە

خواکانیان دەپاراست لە دەستی تێکدەر ئەگەر بیانویستایە خوداکانیان بشکێنن یان ناشیرینی بکەن یان بیشێوێنن . خۆ ئەگەر بابەتەکەش پەرستش بێ، دووبارە خودا پێویستی بە هیچ جۆرە پەرستشێک نیە. هەرچی پەرستشی ناو ئاین هەیە ، هەمووی داهێنراوی ئاینەکانەو هیچ پەیوەندیەکیان بە خوداوە نیە. خۆ ئەگەر مەبەستەکە پاراستنی خودا بێ ، ئەوا دیسان دەڵێین: کە خودا پێویستیی بە پاراستن نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو شتێک پارێزراوی لای ئەوە.

چ بپەرستین.

بەڵام دەبینین ئاینپەرستان وازیان لە پاراستنی هەموو شتێک هێناو تەنها پارێزگاریان لە خوداکەی ئاینەکەیان دەکرد. وازیان لە پاراستنی ژینگەو خاک و نیشتمان و فەرهەنگ و وڵات و دەسکەوت وخێزان و .... هێنا و بۆ هەموو ئەمانە خودایان لەو شوێنە دانا ، لەکاتێکدا کە خودا پێویستی بە پاراستن نیە. چونکە ئەوە خۆیەتی کە ئەرکی پاراستنی شتەکان وبوون و سرووشتی لە ئەستۆگرتوە. ئەوان ڕەنگە وایان بینیبێ کە هەرشتێک پێویستی بە پارێزگاری کردن بووبێ ، خوایەکیان بۆ پاراستنی ئەو شتە لەو شوێنە داتاشیبێ و پێیان وابێ ئەو خودا دروستکراوە بۆیان دەپارێزێ ، لە بیریان چۆتەوە کە دەبێ خۆیان بەو کارە هەڵسن کە پاراستنی شتەکەیە.
بۆیە لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین : کە پێویستە ئێمە ژینگە پەرست و خاک پەرست و نەتەوە پەرست و نیشتمان پەرست و..... بین نەک خودا .
بۆیە پێیان وا بووبێ کە مادام خودا ئەو هەموو شتەیان بۆ دەپارێزێ ، ئەمانیش خودا داتاشراوەکە بپارێزن لەو دەستانەی کە دەیانەوێ بیشکێنن و تێکی بدەن ،بۆیە خوداپەرستن (خوداپاراستن) بە هیچ شێوەیە شیاوی خودا نیە ،چونکە ئەوە خودایە لە بەرامبەر ئەو هەموو پارێزگاریەی ئێمەدا ، ئەو دەمانپارێزێ. یان بە دیوێکی تر بڵێم : هەروەک چۆن خودا پارێزگاری لە ئێمە دەکات ، دەبێ ئێمەش پارێزگاریی لە هەموو ئەو شتانە بکەین کە بوون و ژیانی ئێمەی پێوە بەندە.

## خوداپەرستی واتە حەقپەرستی.

خوداپەرستن وشەیەکی داڕێژراوە لە هەردوو وشەی (خودا - پەرستن) ئەم چەمکە لە وشەی (خوداپەرەستن) وەرگیراوە .خواپەرەستنیش لە (خوداپاراستن) وەرگیراوە. خودا پاراستنیش واتە (پارێزگاری کردن لە خودا) . وە خودا پەرستن بە مانای (عبادە) نیە لەزمانی عەرەبیدا ، بەڵکو بەندایەتی واتە (عبادە) .

بەهەرحاڵ خودا هیچ پێویستیەکی بە پاراستن نیە تاکو پارێزگاری لە خودا بکەین، بەڵکو پێویستە پارێزگاری لەو حەقیقەتە بکەین کە خوداییتیی خودای لەسەر دامەزراوە. ئەوە حەقیقەتە کە شێر ڕاوچیەو مامز نێچیر. چونکە واقیعە لەبەر چاومان . ئیدی پێویست بەچاو نوقاندن ناکا لە ئاست ئەو حەقیقەتەدا ، بە پێچەوانەوە بەڵکو دەبێ پارێزگاری لەو حەقیقەتە بکەین لەوەتەی دونیا هەیە ،کۆمەڵێک نەفام وکۆمەڵێک زانا هەیە ئەمە پێویست بەنکوڵی لێکردن ناکا . لە هەمان کاتیشدا پێویست ناکا وەک چەکێک لە دژی خوداییتیی خودا بەکاری بێنین. بەڵکو ئەمە حەقیقەتێکەو خودی حەقیقەتیش بەو شێوەیەو پێویستە لەسەر ئێمەش بە حەقی بزانین و پارێزگاریشی لێ بکەین .

ئەمە حەقیقەتە کە هەموو شتێک لە لاوازیەوە پەیدا دەبێت و بەردەوام لە خۆڕێکخستنەوە دایە تا ئاستی بێکۆتایی لە ڕێک وپێکیدا بەرەو بەهێزی .

حەق لای هەر شتێ بوو یان لای هەر کەسێ بوو ، پێویستە پشتگیری لێ بکەین و گوێ نەدەین بەوەی کە ئەو کەسە لەسەر چ جۆرە بیروباوەڕێکە یان لە چ نەتەوەیێکە یان لە چ ئاستێکە .

هەر کاتێ بەم شێوەیە بوویت ،تۆ حەق پەرستی . حەق پەرستیش واتە خودا پەرستی.

ئەمەش چەمکێکی ترە کە ئاین دایهێناوە بۆ دەستەمۆکردنی شوێنکەوتوانی بە تێکڕا ئاین دابەش بووە بەسەر دوو دەستەدا . ئەوانەی کە پارێزەری خودان (خوداپەرست) وە ئەوانەی بەندەی خودان (عبادالله) . لە بابەتی پێشوودا خودا پەرستانمان باس کردو ڕوونمان کردەوە مەبەستەکە چیەو لە چیەوە سەری هەڵداوە .

لەم بابەتەشدا ڕوونی دەکەینەوە کە بەندەی خودا(عبادالله ) کێن . سەردەستەی ئاینداڕەکان خوداپەرستەکان بوون کە فەرمانڕەوایی ژێردەستەکانیان دەکردن لە ژێر ناوی بەندە (واتە: کۆیلە) . پلەو پایەکانی کۆیلە بوونیش بریتی بوون لە (ملکەچی) کە خودا مرۆڤی هۆشمەندانە خولقاندوە بۆ ئەوەی کە بە ئازادی بیر بکاتەوە نەک ملکەچ بکرێ.

(ڕادەست بوون – تەسلیم بوون) کە خودا دوورە لەو سیفەتە ناشیرینە ، چونکە ئەمە سیفەتی سەرکردەی سەرکەوتوو بوو بەسەر سەرکردەی دۆڕاو لە جەنگدا کە دەبوایە خۆی ڕادەست بکات.

(کڕنۆش بردن)کە ئەمەش داهێنراوی ئاینەو لەو کەلتوورەوە ڕژاوەتە ناو ئاین ،کاتێک سەرکردەیەک بە دیلی دەکەوتە دەست سەرکردەکەی بەرامبەر ناچار دەکرا کە کڕنۆش بەرێ بۆ سەرکردە براوەکە لە جەنگدا.

(چەمانەوە -انحناء ،رکوع) ئەمەش هەروەک کڕنۆش بردنە . جێبەجێ دەکرا بەسەر سوپای شکستخواردوودا لە جەنگ .

(گوێڕایەڵی -مطیع) ئەمەش پلەیەکی تر بوو . کە دەبوایە هەمووان گوێڕایەڵی سەرکردەی زاڵ و سەرکەوتووبن.

به  تێکڕا هەموو پلەو پایەو ئاستەکانی کۆیلە بوون لە جەنگ دا ، بەرگی پیرۆزی کرایە بەر بەهۆی شانازی کردنەوە لە بردنەوەی جەنگەکاندا . دواتر بۆ مانەوەی ئەو سەرکەوتنانە بە نەمری ، لەنێو ئایندا شوێنیان گرت.

ئەمەی لێ دەرچوو کە ئێستا بووە بە ڕاستگەری حاڵ و تەنانەت شانازی بوو بۆ پێغەمبەرانیشیان کە پێیان بگوترایە (عبد ، عبدالله ، عبد صالح) لەڕاستیدا خودا هیچ پێویستیەکی بە کۆیلەبوونی مرۆڤەکان وکۆیلەیی نیە

ئەم بابەتەش ، دوورونزیک هیچ پەیوەندیەکی بە خوداوە نیە. تەنها کەلتووری سەپاوی ئاینە  بەسەر خەڵکی عەوامدا. بۆیە  لە فەرهەنگی خوداناسیدا ،هەردوو چەمکی (خودا پەرستن و کۆیلەبوون بۆ خودا)نیە. دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین.

# چۆن دەگەین بە خودا ؟ (گەیشتن بە خودا)

حەقیقەتی خودا بەو شێوەیەی کە هەستمان پێکردوە بە شێوەیەکی سرووشتی، پێی دەگوترێت : باوەڕ.بەڵام هەرکاتێ دەگەین بە حەقیقەتێکی تازەتر بۆ خوداناسی ، ئەمە حەقیقەتی ڕاستەقینەیە بۆ خودا تا ئەو چرکەساتەی کە پێی دەگەین. واتە : گەیشتن بە خودا. لێرەدا پێناسەکردنی خودا بەکۆتا دێت کاتێ دەڵێین :خوداحەقیقەتە .بەڵام حەقیقەتی ڕەها بۆ خودا بریتیە لەو ئەزەلیەت و ئەبەدیەتەی وجوودی ئێمەی تێدا بۆتە ناوەڕاست. ئەزەلیەت و ئەبەدیەت لەسەر هێڵێکی بازنەییدا کە هەر خولانەوەیەک قۆناغێکەو خولانەوەکەش بەسەر ئەو بازنەیەدا بێکۆتاییەو خوداییێتی خوداش چەقی بازنەکەیە. بۆیە ئەم حەقیقەتە کۆتایی نیە.

بۆیە بیرمان نەچێ کە نابێ حەقیقەت لە قاڵب بدەین ونوقتە سەردێڕی بۆ دابنێین و پێمان وابێ حەقیقەت سەرەتاو کۆتایی هەیە . نەخێر .حەقیقەت نە

سەرەتای هەیەو نەکۆتا . تەنها دەرکەوتەی هەیە کە بەپێی ئاستی هۆشیاری زیاتر پەی پێ دەبەین. . لە ئەنجامدا گەیشتن بەهەر دەرکەوتەیەک لە ئەزەلیەتی حەقیقەت یان لە ئەبەدیەتی حەقیقەت ، ئەوە دەبێتە ( گەیشتن بە حەقیقەت ) گەیشتنیش بەحەقیقەت ، واتە : گەیشتن بە خودا . چونکە خودا حەقیقەتی ڕەهایە.

هەموو ئەو چەمکە حەقیقیە خوداناسیە ناخەکیە سرووشتیانەی مرۆڤ کە هەن ، بەلاڕێدا بردراون . بۆیە یەکێک لەو چەمکانە ناویان ناوە (بەڕۆژووبوون) هەرچەند دەبوایە ناوێکی تری بوایە یان چەمکە ڕاستەقینەکە وەک خۆی بمایەتەوە.
بەهەرحاڵ، بەڕۆژووبوونی ڕاستەقینەی خودایی بریتیە لەڕێجیم کردنی دەرەکی و ناوەکیی مرۆڤ. مەبەستمان لە ڕێجیم کردن ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ ڕێک دەخاتەوەو ڕێک وجوان نیشانی دەوروبەری دەدات.
ڕێجیم کردنی دەرەکی وەک (ڕێجیم کردنی هەستەکان) بۆ نموونە ڕێجیمی زمان بریتیە لەوەی کە هەموو ساتێ زمانت لە قسەی خراپ بگریتەوە هەستی کەس بریندار نەکەی .کەس تەریق نەکەیتەوە. دەمت لە تام کردنی شتی خراپ بگریتەوە وەک تلیاک و حەشیش و چی وچی .
هەستی بۆن کردنت لەو شتانە بگریتەوە کە بێهۆش و سەرخۆشت دەکەن ، هەستی بیستنت لە وتەی خراپ بگریتەوە. هەستی بینینت لە بینینی شتی خراپ بگریتەوە. هەستی بەرکەوتنت لە شتی خراپ بگریتەوە . هەرچەندە شتی خراپ وچاک لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە . بۆیە ئەو بابەتە جەدەلی زیاتر هەڵدەگرێ. بەڵام لەم حاڵەتەدا ویژدان بکە حەکەم و عەقڵت بخە کار.
هەستە ناوەکیەکانی وەکو (بیرکردنەوە، خەیاڵ و ئەندێشەو بیرهاتنەوەو یادگاری و چی وچی) واتە بیرکردنەوەت لە شتی خراپ بگرەوە، خەیاڵت لە شتی خراپ بگرەوە، شتی خراپ بەبیر خۆت مەهێنەوە، لەگەڵ یادگاری خراپ مەژی.
وە ئەم جۆرە ڕۆژووە کە ڕۆژووی حەقیقەتی خوداناسیە، کاتێکی دیاریکراو یان ڕۆژێکی دیاریکراو یان مانگێکی دیاریکراوی بۆ نیە. بەڵکو حاڵەتی دیاریکراوی هەیە.
واتە لەو کاتەی کە دەکەویتە ناو حاڵەتەکەوە ، بەخۆت بوەستی . خۆ ئەگەر لە شەوو ڕۆژێکدا تووشی دەیان هەڵوێستی نەشیاو بویت و خۆت گرتەوە یان هەر هەڵوێستێکی نەشیاو کە بە بیروهۆشت دادێ خۆت گرتەوە، ئەوا وەکو ئەوە وایە کە هەزار ساڵ ژیانت لە خوداناسیدا بردبێتە سەر.

ئەم بابەتەش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم پێگەیشتنی هەست و هۆشی مرۆڤ کە لەکاتی تەنگانەدا هانا بۆ کێ بەرێ. لەو کاتانەی کە تووشی کارەساتە سرووشتیەکان بووە ژیانە ئاساییەکەی لێ تێک چووە

(هەڵبەتە بەگوێرەی تێگەیشتنی ئێستای ئێمە سادە بووە، بەڵام بە بەراورد بە ژیانی سەرەتایی ئەوان ، پێشکەوتنێکی گرنگ بووە) بۆیە هانای بۆ

هێزێکی نادیار بردوە کە بەهێزتر بێ لە هێزی سرووشت تاکو بەر بەو

کارەساتە بگرێ . هەرچەندە لە بنەڕەتدا پاڕانەوە مرۆڤبوون دەخاتە ژێر

پرسیارەوە . چونکە پاڕانەوە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەشۆرێ . ئەمە بۆتە یەکەم هەنگاوی کۆیلەبوون و مل کەچ پێکردنی مرۆڤ و وردە وردە خووی پێوە گرتوەو بووە بە بەشێک لە کەسایەتیەکەی و ئیتر شانازی کردوە بەو خووە.

بەڵام لە ڕاستیدا پاڕانەوەو دوعا بەرهەمی چەوسانەوەو بێچاری و نالەباری بووە . دواتر بۆتە کەلتوورو فەرهەنگی ئاینەکان . یان بەدیوێکی تر

بەرهەمی یەکەم قۆناغی مرۆڤایەتی بووە . بەڵام بە پێی ئەوەی کەوا مرۆڤ چەندەها قۆناغی مرۆڤبوونی بڕیوە ،چیدی پێویستی بەو خوە سەرەتاییە نەماوە.کە هیچ وەڵامدانەوەو کاردانەوەیەکی لێ بەدی ناکرێ.

ناردنی هەست لە بری دوعاو پاڕانەوە.

باسمان کرد کە دوعاوپاڕانەوە لە سرووشتی مرۆڤدا بوونی نیە ،بەڵکو ئەمە بەرنامەڕێژیە بۆ ملکەچی و زەلیلی و کۆیلەیی لە ڕێگەی پاڕانەوەوە. ئینجا تەمبەڵ کردنی مرۆڤە لەهەوڵ وکۆشش بۆ بە دەست هێنانی ئامانجەکانی . ئەمەو بێجگە لەوەی دزی وگزی کردنە لە هەوڵ وکۆششەکان . چونکە مرۆڤێک کە هەوڵ دەدا شتێک بە دەست بێنێ ، کاتێ کە بە دەستی هێنا، ناوێرێ لەبەر بیروباوەڕەکەی بڵێ: خۆم بە دەستم هێنا . بەڵکو دەبێ بڵێ : ئەمە بەرهەمی دوعاکانم بوو ،خودا پێی بەخشیم . بەو شێوەیە هەوڵ و کۆششی مرۆڤ سفر دەبێتەوەو خودی هەوڵ و کوششیش بێ مانا دەکا.
لەگەڵ ئەمەشدا بنەماییێکی هەیە بەڵام بەلاڕێدا براوە. بنەمایەکەش ئەمەیە کە مرۆڤ هەست دەنێرێ بۆ گەردوون و وەکو سەدای دەنگدانەوە ئەو هەستە بۆی دەگەڕێتەوە. با ڕوونتر قسە لەسەر ئەوە بکەم .
تۆ یارمەتی کەسێک دەدەی . هەستێکی خۆش دەنێری بۆ دڵ و دەروونی ئەو کەسە . ئەو کەسە پێی دەگەشێتەوە. هەمان ئەو هەستی گەشانەوەیە بۆ تۆ دەگەڕێتەوەو دڵ و دەروونت گەش دەکاتەوەو ئەو هەستە گەڕاوەیە بەدەوروبەر پەرش و بڵاو دەبێتەوە. لە هەموو لایێکەوە هەستی ئەرێنی ڕووەو تۆ دێ. دڵی باوکت یان دایکت دەشکێنی ، ئەو هەستە شکستخواردوە بۆت دەگەڕێتەوە وە بە هەموو دەوروبەرت دا پەرش و بڵاو دەبێتەوە. لە هەموو لایێکەوە هەستی نەرێنیی ڕووت تێ دەکات و تووشی شکستت دەکا.
بۆیە هەستی باش بنێرە نەک ناردنی دوعا.

# وەڵامدانەوەی خودا چۆنە؟

وا لە خەڵک گەیەنراوە کە وەڵامدانەوەی خودا بۆ کەسێک واتە : وەڵامدانەوەی کەسێکی دەسەڵاتدارو دەستڕۆیشتوو بۆ کەسێکی بێ دەسەڵات و بێچارە . بەڵام لە ڕاستیدا بەم شێوەیە نیە کە ئێمە لە یاساکانی کۆیلەبوون بۆ گەورەکانەوە وەرمان گرتوە . بەڵکو بریتیە لە هەوڵ وتێکۆشان و بەرهەم هێنان و خزمەت کردن . بۆ نموونە تۆ بە گوێرەی ڕێنماییەکان خزمەت بە ناشتنی نەمامیک و پەروەردەکردنی دەکەی ، ئەویش لە بەرامبەردا بەرهەمێکی چاکت پێ دەبەخشێ . ئەو بەرهەمە ، وەڵامی خودایە بە خزمەتەکەی تۆ . بە هەمان شێوە ، تۆ کارێکی گرنگ یان شاکارێکی مەزن ئەنجام دەدەیت و بەهۆیەوە دەبێتە سوودو قازانج بۆ خۆت و ئاسانکاری بۆ خەڵک ، بەو هۆیەوە ناوبانگ پەیدا دەکەیت و خەلکێکی زۆر ئاماژە بەو ڕۆڵە گرنکەی تۆ دەکەن . ئەو ناوبانگە کە بە هۆی ئاماژەدانی خەلکەوە بە دەستی دێنی ، ئەوە وەڵام دانەوەی خودایە بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە خودا وەڵام دانەوەی باشیشی هەیەو وەڵام دانەوەی خراپیشی هەیە. بۆیە هەر کاتێک لە ڕێگەیەکی خراپەوە ناوبانگت پەیداکرد ئەوە وەڵامدانەوەی خراپی خودایە بۆ تۆ .

بەڵێ خودا وەڵام دەداتەوە . بەڵام ئەم وەڵامە چاوەڕوانکراوە بەرجەستەیە نیە کە ئاینەکان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن .وەڵامی خودا بۆ مرۆڤ، بریتیە لەو هەوڵ و توانایانەی کە مرۆڤ ویستی لەسەرە .

خودا لە ڕێی ئەو هەوڵ و کۆشش و توانایانەی کە مرۆڤ ویستی لەسەرە، بەو شێوەیە دێتە وەڵام.

خودا هەم دابین کەری هێزو وزەی ئەو هەوڵ و کۆششانەی مرۆڤە کە ویستی مرۆڤی لەسەرە، وەهەم ئەنجامەکانیشیەتی .

واتە: هەر ئەوەی کە ئاین پێی دەڵێ : ڕزق و بەرەکەتی ڕزق . ڕزق بە مانای هەوڵی ڕۆژانەو بەرەکەتیش بە مانای سەرەنجامی هەوڵ و توانای ئەو ماوەیەی کە هەوڵت داوە بۆ ئەو خواستەی کە ویستت لەسەری بووە. بە کورتی ، واتە: خودا دابین کەری هێزو وزەیە بە تواناکانی مرۆڤ بۆ هەوڵدان و ڕزق و بەرەکەتیش بەرەنجامەکەیەتی . مەرجی وەڵامدانەوە بەو شێوەیەیە ،نەک دوعاو نزاو پاڕانەوە.

# بەشی حەوتەم

# سۆزو ڕەزامەندیی خودا

میهرەبانی ( هاوسەنگیە لەنێوان هەموو شتەکان).

بیهێنە بەرچاوی خۆت .چەندجارێک دەرفەتی زێڕین بۆ منداڵەکەت دەخوڵقێنی ، کەچی ئەو نازانێ سوودی لێ ببینێ ،یان نایەوێ دەرفەتەکە بقۆزێتەوە. سەیرکە تۆ لەو کاتەدا چەند دڵ گران دەبی . حەز دەکەی باجێکی قورس بخەیتە سەر منداڵەکەت لە بری ئەو گەمژایەتیەی .
ڕەنگە باجەکە دوو هێندەی دەرفەتەکە بێ کەتۆ بیری لێ دەکەیتەوە . بەڵام سەیرکە ، ژیان هەر چرکەیەکی دەرفەتێکە ، هەر دەسکەوتێکی دەرفەتێکە ، هەرقۆناغێکی دەرفەتێکە . ڕەنگە تۆ لە یەک ملیۆن چرکەدا تەنها سوود لەیەک چرکە وەربگری ، واتە لەنێو یەک ملیۆن دەرفەتدا تۆ تەنها سوود لەیەک دەرفەت وەربگری . خۆ ئەگەر ئەو ملیۆن دەرفەتەی لەکیست چوو ، هەرچرکەیەک و دووهێندە باجی خۆی هەبوایە، ئەوا هەرگیز ڕزگارت نەدەبوو . بەڵام ڕەنگە باجی یەک ملیۆن چرکە ئەگەر کۆی بکەیتەوە . تەنها هێندەی گازگرتنی مێشوولەیەک کاریگەری هەبێ لەسەر تۆ. بۆچی؟؟
خودا میهرەبانی چاندوە لەنێو سرووشت و ژیان و بوون دا ، گەر وانەبوایە هاوسەنگی لەنێوان ژیان و سرووشت و بوون تێک دەچوو . بۆیە دەڵێم : میهرەبانی هاوسەنگیە لەنێوان هەموو شتەکان.

( خۆشەویستی هێزی کێش کردنە . سۆز ژیێنەرە .هۆش خولقێنەرە. سۆزو هۆش پێکەوە دیزاینەری خەلقن. بوون ڕەزامەندی خودایە.)
لەم باسەدا باسی میهرەبانیی خودا دەکەم کە بریتیە لە فراوانی . وەک فراوانی شوێن بۆ پشوودان ، فراوانیی زەوی بۆ گەڕان و سووڕان بە دوای ژیانێکی شایستەدا. فراوانی گەردوون تاکو هیچ هەسارەیەک بەر هەسارەیەک نەکەوێ. بێنە پێش چاوی خۆت زەوی هێندە بچوک بوایە کە شوێنی تەنها چەند کەسێک بوایە . یان هەسارەکان هێندە لێک نزیک بونایە هەر ساتێک هەسارەیەک بەر هەسارەیەک بکەوتایە چی ڕوویدەدا. زاناکان پێیان وایە کە گەردوون بەردەوام لە فراوان بوون دایە . ئەمە مانای وایە بەردەوام میهرەبانی خودا لە فراوان بوون دایە .بەڵام ئاینەکان پێیان وایە کە خودا لەناو ئەم بۆشایی گەردوونەدا لە گەڕان وسووڕان دایە ،ئەمە وەک ئەوە وایە کە بڵێی خودا لەناو ئەو میهرەبانیەی خۆیدا لەگەڕان و سووڕان دایە. واتە : وەک ئەوە وایە کە بڵێی خودا خۆی لەژێر باڵی میهرەبانی خۆیدا خودایە.

## سۆزی خودایی

له ناخی هەریەکێکماندا سۆزی خودایی هەیه . ئەو سۆزه هەموو شتێک دەگەشێنێەوه . مرۆڤیش پێکهاتەیەکه له پێکهاتەکانی بوون که خاوەنی ئەو سۆزه سرووشتیەیه . بەپێی بیروباوەڕو تێگەیشتنی خۆی ، سۆز دەردەبڕێ ئەمه پلەی مرۆڤ بوونیەتی ،لەهەمان کاتیشدا وەفاییێکه بۆ ئەو هەستەیەی که لەناخیدایه. سۆزی خودایی هەستێکی خۆش وئارام دەبەخشێ به مرۆڤی خوداناس .

ئاینەکان ئەم سۆزەیان پاوانخواز کردوه بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان و دەرفەتیان نەداوه مرۆڤ وەک خۆی ،سۆز بۆ خودا دەربڕێ . بەڵکو هاتوون دەستوەردانیان کردوەو به فلْتەری ئایندا بردوویانه تاکو کەس نەتوانێ له تۆڕی ئاین ڕزگاری بێ . هەر سەرەداوێک که مرۆڤ به خوداوه ببەستێتەوه ،ئەوان سەرەداوەکەیان له تۆڕی ئاین بەستۆتەوه تاکو هەرکات سۆزت بەهەر جۆرێک بۆ خودا جوڵا ، قاچت بکەوێته نێو تۆڕەکەوەو بکەویته داوی ئاینەوه. هیچ شتێک بێ سۆزی خودایی نییه. مرۆڤیش بێ سۆزی خودایی نابێ . مرۆڤی بێ سۆزی خودایی ،ناخی تاریکه . سۆزی خودا، ڕۆشنایی بەخشه. مرۆڤ بەو سۆزەوه بژی ، هەست بەتەنیایی ناکا.

ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین کە گۆشتخۆرەکان چەند دڕندانە نێچیرەکان هەر بە زیندوێتی لەت و پەت دەکەن و دەیخۆن. کە ئەو دیمەنە دەبینین و بە دەست خۆمان نیە کە ئەو پرسیارە بە مێشکمان دادێ و دەڵێین : بۆچی؟ بەڵام لە ڕاستیدا هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە کە پێویستیەکان ، هۆکاری هاتنە بوونی هەر شتێکن. سەرچاوەی پێویستیش دەگەڕێتەوە بۆ پێویست بوونی هاوسەنگی ، واتە ئەگەر گۆشتخۆر نەبێ ، هاوسەنگی سرووشت تێک دەچێ . لەلایەکی تریشەوە گەر نێچیر نەبێ ، هاوسەنگیی سرووشت بەو یاساو هاوکێشانەی کە لەسەری بنیات نراوە تێک دەچێت ونامێنێ. کەواتە سرووشت لە پێناوی مانەوەی خۆیدا سۆزو بەزەیی نازانێ. سۆز تەنها ئەرکێکی خێزانیە کە باوان بۆ کۆرپەکانیان دەبێ پێی هەڵبستن بۆیە گۆشتخۆر بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ کە بەرپرسیارێتیە لە پێناو مانەوەی خۆی و وەچەکانی . بۆ هاوسەنگی ڕاگرتنی سرووشت وسوودەکانی هەریەک لەو گۆشتخۆرانە کە زانایانی ئەو بوارە دەتوانن زیاتر لێی ورد ببنەوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەن و ڕوون کردنەوە بدەن لەسەری . بەهەمان شێوە نێچیریش بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ لە پێناو مانەوەو بەرگری وپارێزگاریکردن لە خۆی و وەچەکانی لە پێناو هاوسەنگی سرووشت . واتە هەردوولایان بەو دیمەنەی کە لە پێش چاومانە بۆ مانەوەو درێژەدانە بە سرووشت. لەمەشیاندا ڕەنگە دەستی مرۆڤ بکەوێتە ناو بابەتەکەو دووبارەو سەرلەنوێ بەشێوەیەکیتر یاساکان دابڕێژێتەوە.

سەرت سوڕ دەمێنێ لە باس و خواسی ئاینەکان دەربارەی سەوداو مامەڵەکردنی خودا لەگەڵ مرۆڤ بە تایبەتی. ئاین پێی وایە ئەگەر مرۆڤ گوناهی کرد ، خودا لێی تووڕە دەبێ . ئەگەر نوێژی کرد ،خوا لێی ڕازی دەبێ . یان پێی وایە خودا بە ئارەزووی خۆی خەڵک ڕێنموویی دەکات ،یان گومڕایان دەکات . ئاین پێی وایە خودا بە ئارەزووی خۆی هەندێک دەوڵەمەند دەکات و هەندێکیش هەژار . ئاین پێ وایە خودا بە میزاجی خۆی ،هەندێک تەندروست دەکات و هەندێکیش ناتەندروست. ئاین پێی وایە خودا کارەساتت بەسەر دێنێ ،یان خێر دێنێتە ڕێگەت . ئاین پێی وایە خودا بڕیاردەری کاروڕەفتارەکانمانە بەناوی قەزاوقەدەر.
خوڵاصەی کەلام، ئاین پێی وایە کە هەموو جوڵەیەکی مرۆڤ بەندە بە میزاجی خوداوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەگەر کەمێک عەقڵی هەبێ، دەزانێ خودا بەو شێوەیە مامەڵە ناکات. ئێمە دەبێ بۆ بابەتی خوداناسی ، سەیری سرووشتی مرۆڤ و بیروباوەڕی مرۆڤ بکەین لە بەرامبەر خوداناسی . سرووشت و بیروباوەڕ تەرجومە بکەینە سەر تایبەتمەندێتی خوداو کوالێتی خودابوون. تاکو حەقیقەتی خوایەتیمان بۆ دەرکەوێ. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە خودا هەموو شتەکان لە خۆ دەگرێ ، بەڵام مامەڵەو سەودا سەری ناکا لەگەڵ هیچ شتێکدا. وە خودا نابێ پەرچەکرداربێ (ردفعل) واتە: من کارەکە ئەنجام بدەم و ئەویش پەرچە کردار بێ بۆ کارەکەم . ئەمە خودایێکە لە وەهم وخەیاڵ دروست کراو نەک خودای ڕاستەقینە.

نیشانەی ڕەزامەندی خودا و ناڕەزایی خودا.

ئێمە دەبێ چاو کراوە بین لە نیشانەی ئاگاداریەکان و خوێندەوارێکی تەواوی نیشانەکان بین .
کاتێک دکتۆر پێت دەڵێ گۆشت خواردن سوودی هەیەو لە هەمان کات دا زیانیشی هەیە ،وەکاتێک پێت دەڵێ : نوخبەی هەمان سوود و پاڵفتەی هەمان سوود ،لە شیرەکەیدا هەیە، بێگومان ئەمە نیشانەی ئاگادارکردنەوەی خودایە لە حەرام کردنی گۆشتی ئاژەڵ و بەکارهێنانی بە دیلەکەی کە (شیر) ە، وە کاتێک لە باڵندەش دا هەمان نیشانە بەدی دەکەین و هێلکە کراوەتە نوخبەو پاڵفتەی سوودەکان . پێویستە ئێمە تەواو ڕووەکی بین و ڕووەکی بژین. وە کاتێک بەو نەخۆشیانە ئاگادارمان دەکاتەوە لە ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر ئەو هەموو سەربڕین و خوێن ڕشتنەی کە ئێمە پێی هەڵدەستین ، کە هەر نەخۆشیەک نیشانەیەکە بۆ جۆرێکی ناڕەزایی خودا . کەچی ئاینەکان لە جیاتی ئەوەی پێمان بڵێن : کە ئەو جۆرە نەخۆشیانە نیشانەی ناڕەزایەتیی خودان ، پێمان دەڵێن : ئەو نەخۆشیانە نیشانەی خۆشەویستیی خودان بۆ تاقی کردنەوەی ئەو مرۆڤە .وگوناهی پێ هەڵدەوەرێ
لە ڕاستیدا بوونی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێک و پێک دامەزراوە کە هەموو حاڵەتێکی زیادەڕۆیی و ناپەسەندی و خراپ ،بەنەخۆشی لە جەستەدا دەردەکاتە دەرەوەی لەش .
لە کۆتاییدا دەڵێم : نەخۆشی وناخۆشی نیشانەن بۆ ئاگادار کردنەوەی خودا

هەر شتێک نیشانەیێکە لە نیشانەکانی خودا. یاساکانیش ئاماژەی خودایین لە گەردووندا و لەسەر ئێمەش پێویستە بیخوێنینەوەو لێی تێ بگەین و پابەندبین پێیەوە. نیشانەکانی (ئایات)ی خودا ، ئەو نوسراوانە نین کە بەناوی خوداوە پیرۆز کراون و هەموو شتێکی بە دەوردا دەخولێننەوە. دەرەنجامەکانیشی ڕوون و ڕەوانن و پێویست بە پاساو بۆ هێنانەوە ناکا . ئەوانەی بوونەتە شوێنکەوتەی نیشانە وئاماژە گەردوونیەکان ، بوونەتە زانا (هەریەکەو لە بوارێک) ڕۆژ بەڕۆژیش بەرهەم و ئەنجامەکەیان دیارە و ڕۆژبەڕۆژیش لە هەڵکشان و پێشکەوتن دایە . بەڵام شوێنکەوتەی ئایات وئیشارەتی کتێبە پیرۆزکراوەکان ، لەیەک شوێن وەستاوو چەقیون ، بگرە لە چاو پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا، لە پاشاگەردانی و بەرەو دواگەڕانەوەیە. زاناکانی گشت بوارەکان ڕۆژبە ڕۆژ ڕاستیی تازە دەدۆزنەوە ،کەچی شوێنکەوتوانی ئاین تەنها ئەو ڕاستیانەیان قەبووڵە کە لە کتێبە ئاینیەکانیان دا هەیەو باوەڕیان پێیەتی.. و لە دەرەوەی ئاین ،هەر نوێبوونەوەیەک بە بیدعە دەزانن.

# بەشی هەشتەم

# هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر خودا

# ئایا خودا فێڵ لە مرۆڤ دەكات؟

ئاینەكان كۆمەڵێک ترس و وەهم و خەیاڵیان بەناو خەڵكدا بڵاو كردۆتەوە بەناوی خوداوە تەنها لە پێناو ئەوەی خەڵک بترسێنن وناویان لە ترسەكە ناوە (ترسان لە خودا) واتە : بەناوی خوداوە ئەو ترسەیان پیرۆز كردوە تاكو مرۆڤ شانازی بكات بەو ترسەوەو ئیمان بەو ترسە بێنێت و لەلای ببێتە یەقین وڕاستی وحەقیقەت .بەڵام لە ڕاستیدا خودا فێڵ لە خەڵک ناكاو نابێ فێڵ لە خەڵک بكا بەوەی بە كۆمەڵە ترسێكی نادیارو وەهمی خەیاڵی وەک (دۆزەخ ، عەزابی گۆڕ، جنۆكە، لێپرسینەوەووووو)خولقاندوە. هەرخۆی خودایەتیی خودا لەسەر بنەمای ترس دانامەزرێ.

مرۆڤ بارمتەی كردەوەكانی خۆیەتی و خاوەنی دونیای بیركردنەوەكانی خۆیەتی، هەروەک باسمان كردوە كە فەرمانەكانی خودا پێش بوون دراوە بەهەمان شێوە ئێستای مرۆڤ بەرهەمی دوێنێی خۆیەتی واتە پێشتر بڕیاری داوە خۆی لەو بارودۆخەی ئێستای خۆیدا بێت (هەڵبەتە مەبەستمان بارودۆخی چۆنیەتی ژیان كردنە نەک بوونی خۆی)

خودا فێڵ لە خەڵک ناكا كە بەشێوەیەكی تەلیسماوی قسە بكات و قسەكانی پێویستی بە كۆد هەبێ بۆ كردنەوەی . خودا فێڵ لە كەس ناكا بەشێوەیەكی ناڕوون و مەتەڵ ئامێز قسە بكات تاكو كۆمەڵێک موفەسسیر قسەكانی شی بكەنەوە. قسەكانی خودا ، فەرمانەكانیەتی و پێش بوون دەركراون و سەلمێندراون ، ئێمە تەنها تەحقیق لە سەلماندنەكان دەكەین و ئیمان بە سەلماندنەكان دێنین.

بە كورتی / خودا ئەوەیە كە هەستی پێ دەكەین ، ئەو حاڵەیە كە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەموو شتێک بە چاک وخراپەوە ، بە تەواوو ناتەواوەوە ، بە تەندروست وناتەندروستەوە. خودا بریتیە لە هەست وهۆش ،مرۆڤیش پێكهاتەكەی لە هەست و هۆش بەرجەستەكراوە ولەو لەش ولارە دیزاین كراوە . مرۆڤ بەبێ هەست و هۆش بوونی نیە . هەموو ویستێكی خوداش ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر هەست و هۆش دا . كەواتە: مرۆڤ هەست بەو ویستە دەكات و لەڕێی هۆشەوە بەجێی دەهێنێ.

## تەنیایی بۆچی ؟ تا کەی؟

کۆدو ژمارەی نهێنی هەر شتێک و هەرکەسێک تەنها لای خوداکەی خۆیەتی . خودا دەسکردەکان و خودای ئاینەکان نازانن ئەو کۆدە چیە ، بۆیە ناتوانن ئەو ناخە بکەنەوەو ئاوێتە بن لەگەڵیدا. هەموو بوونێک بنچینەی خۆی هەیە واتە هەرشتێک خودای خۆی هەیە. هەموو شتێک خوداکەی خۆی ، وێنەدانەوەی خۆیەتی . واتە لەگەڵ هەرساتێکی پێشوەچووندا ، بەو شێوەیە خۆی نیشان دەداتەوە. کاتێک مرۆڤ کوێر دەبێ لە ئاست ئاوێنەکەی خۆیدا ، هەست دەکا بوونی نیە یان بوونی بریتیە لە تەنها وەهمێک وخەیاڵێک . خۆدۆزینەوە بریتیە لە خودا دۆزینەوە.

تەنیایی بۆچی؟

چونکە خوداکەی خۆت لێ ونە. تا لەگەڵ ئەو هەستەدا بژیت، تۆ دابڕاوی لە خوداکەی خۆت .

تەنیایی تاکەی؟

تا ئەو کاتەی خوداکەی خۆت دەدۆزیتەوە ، تۆ هەرتەنیای واتە: باشترین پێوەر بۆ ئەوەی خۆت بناسی کە لە چ حاڵەتێکی خوداناسیدای، بارودۆخی هەست کردنە بەتەنیایی ئەو هەستە ،هیچ پەیوەندیەکی نیە بە هەندێ کەس و هەندێکی تری لێ بێبەش بێ.حاڵەتێکە تەنها کەسەکە خۆی دەیزانێت. تەنها خۆت دەتوانی خوداکەی خۆت بدۆزیتەوە .داوا لە کەس مەکەو لەهیچ مەپاڕێرەوە.

کەی بەتەواوی غەرق و ئاوێتەی خودایت؟

ئەو کاتەی کە بە تەواوی (هەست کردن بە تەنیایی)ت بیر دەچێتەوەو وا هەست دەکەی لە جیهانێکی پڕ لە (خودی خۆت)دا دەژیت.

## گاڵته بەخوا مەکەن .

کۆمەڵگای مرۆیی هەرگیز دابڕاو نەبوە لە هەستی خوداناسی. بۆیە بۆ ئەو مەبەستە ، پێش قۆناغی کشتوکاڵی ،پەرستگەی بۆ دروست کردوه. بەپێی تێگەیشتنی خۆی ، چەند بیرو باوەڕێکی خستۆتە سەر ئەو هەستە تایبەتە مرۆییە . بەپێی گۆڕانکاریەکان و پێشکەوتنی مرۆڤ لەگشت بوارەکان دا و هاوشان پەرەسەندنی کلتوورەکان ، ئەویش چۆتە قۆناغێکی تر و ئاینی لێ پێکهێناوە .واتە ئاین کۆکەرەوەی داب ونەریت وکلتورو خوداناسی و سیحرو جادوو و زانست و پێشبینی و لەهەمان کاتدا سیاسەت و هێزی چەکداری و بەرگری و کاهینی ئاینی و کۆمەڵێک بابەتی تریش .تاوای لێهات ئەو هەستە خواییە لەنێو ئەو هەموو مەعمەعەیەدا ون بوو . خودا تەنها وەک قەڵغانێک بەکاردەهێنرا بۆ ئەو هەموو ژانرانەی کە ئاین دەستی بەسەردا گرتبوون .
تا لە دوا لوتکەی دایناسۆریدا گەیشتە پەلهاوێشتن بەناوی جەنگ و جیهادو بانگەشەو بانگەواز و دروستکردنی ئیمبڕاتۆریەت . تا کار گەیشتە سەر بیرۆکەی یەک قوتبی و دەست گرتن بەسەر هەموو دونیادا. بۆیە لەهەر قۆناغێکی گۆڕانکاریدا کۆمەڵێک ئاینی تازە هاتنە دونیاوە،تا ژمارەی ئاینەکان لە ئێستادا گەیشتۆتە (٤٣٠٠) ئاین هەر ئاینێک یان هەر کۆمەڵە ئاینێک ،جۆرە ڕوئیایەکیان بۆ خوداناسی هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بیروباوەڕە دەسکردانەدا ، هێشتا باڵادەستی ئاین بەسەر بیروباوەڕی خۆڕسکانەی خەلکدا نەیتوانی خوداناسی ڕاستەقینە لەناو بەرێ . چونکە بیروباوەڕی خوداناسانەی ڕاستەقینە، هەر لەگەڵ لە دایک بوونی مرۆڤ بوونی هەیەو لەگەڵ گەشە کردنی هۆش و تێگەیشتنی مرۆڤ چەکەرە دەکات و گەورە دەبێ. بۆیە هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێ ئەو هێزە ناوەکیە تێک بشکێنێ . تەنها دەتوانێ پەردەیەک بدا بەسەریاو لێڵی بکات. بۆیە دەبینین خوداناسە ڕاستەقینەکان لەهەرکوێیەکی دونیا بن و لەسەر هەر دینێک بن ، هەمان ڕوئیاو هەمان ئاڕاستەی خوداناسیان هەیە. واتە: خوداناسی، سرووشتی مرۆڤە .بەڵام ئاین دەسکردی مرۆڤە.

بەڵام ئەوەی کە گرنگە بیڵێم ئەوەیە : بەشێوەیەکی گشتی ،هەمووم‌رۆڤەکان خوداناسن. تەنها هۆکارێک وای کردوە کە لەسەر ئەم دین و ئەو دین بن جا لەوانەیە هۆکارەکە داب و نەریت بێ یان جوگرافیا یان نەتەوە یان ئایدۆلۆژیا یان فیکرێک یان فەرهەنگێک بێ.
بۆیە گاڵتە بەخوای هیچ کەسێک مەکەن . چونکە هەموومان خوداناسین و یەک جۆر خودا ناسیمان هەیە.هەبۆیە پێویستە سەرلەنوێ ئاین لەسەر ئەو بنەما خوداناسیە سرووشتیە بینا بکرێتەوە..

پشت به خودا بەستن یان پشت به خود بەستن ؟؟؟؟؟

لەو باسەدا دەمەوێ وا له خوێنەر بگەیەنم که خودا هەر خودی شتەکانه نەک بەشێکی دابڕاو له شتەکان . چونکه مرۆڤ کراوەته دەرەوەی خودی خۆی بەناوی خوداوە (که له ڕاستیدا هەردووکیان هەریەک شتن و ئاین لێکی دابڕیون . یان هەردووکیان پێکەوە بەستراون لێک جیاناکرێنەوە) به هەرحاڵ مەبەستەکە ئەوە نیه که مرۆڤ بکەینە خوداو بەرەو ئەوە بچین ببینە خودپەرەست ، بەڵام حەقیقەتەکە ئەوەیە. بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی تەندروست و دروست و ورد ، لێی بکۆڵینەوەو هەڵی سەنگێنین.
پشت به خود بەستن هەر هەمان پشت بەخودا بەستنه که ئاینەکان باسی لێوە دەکەن . بەڵام به گۆشەی سەدو هەشتا پله لێک جیاوازن. چونکه ئەو پشت بەستنەی که ئاینەکان باسی لێوە دەکەن ، بریتیه له خۆ بەتاڵ کردنەوە لەو هێزە ناخەکیەی که داینەمۆی به جووڵه خستنی تواناکانی مرۆڤه له خودەوە سپاردنی بەهێزێکی نادیار که به هیچ پێوەرێک ئەو هێزە بوونی نیه له دەرەوەی خود . با گریمان ئەگەر هەشبێت . ئەو کاته مرۆڤ دەبێته کائینێکی ئیفلیج و بێدەسەڵات و هیچ لەباردا نەبوو .
هەموو شتەکان ، ئەو هێزە دەرەکیه بۆ مرۆڤی هەڵدەسوڕێنێ (که له ڕاستیدا ئەمه حەقیقەتی مرۆڤبوون نیه) چونکه حەقیقەتی مرۆڤبوون ئەوەیه که شوناسی خۆی بدۆزێتەوە لەو هێزە ناخەکیەی که له خودی خۆیدایەتی نەک خۆی لێ ون بێ لەو هێزە دەرەکیه ( هەروەک عاریفان ناویان لێ ناوە فەنابوون)
بویه ئەو کاته تۆ ئیمانداری سەد دەر سەدی که ئیمانی سەد دەر سەدت بەخودی خۆت هەبێ . خۆ ئەگەر گومانت له خودی خۆت لێ پەیدا بوو ، ئەوا تۆ ئیمانداری ڕاستەقینه نیت.

# هیچ هیوایێک لەسەر خودا هەڵمەچنن.

خودا خودی خۆتە .تواناکانی ئەو لەتۆدا دەردەکەوێ ، واتە تۆ نیشاندەری توانای خودای بەگوێرەی قەبارەی بوونی خۆت و هێزوهەوڵ و تواناکانت. بەو شێوەیە تۆ نوێنەرایەتی نیشاندانی ئەو هێزوتوانا خودابیە دەکەی کە لە تۆدا بوونی هەیە.نەک وەک ئاینەکان بە پێچەوانەوە وێنەکەیان نیشان داوی خودا هیچ شتێک و هەموو شتێکە.واتە: هیچ کارێکت بۆ ئەنجام نادات و هەموو شتێکیشی خستۆتە بەردەستت تاوەکو وەک ئامرازێک بەکاریان بێنی بۆ بینا کردنی خەون وخۆزگەو هیواو ئاواتەکانت . چیتر بە دوای خوایێکەوە مەبە کە شتێکت بۆ بکا. ئەم جۆرە خوایە، لەلایەن ئاینەکانەوە دروست کراوەو ڕیکلامی بۆ دەکرێ .تەنها بۆ گەرم کردنی بازاڕی ئاینەکەیە.

خودا هەموو جۆرە هێزێکی پێداوی و هەموو شتێکیشی خستۆتە بەردەستت و هیچ هێزێک لە دەرەوەی هێزە ڕاستەقینەکەی خۆتت پێ نابەخشێ و هەر هێزێکیش لە دەرەوەی هێزو توانا ڕاستەقینەکەی خۆتەوە بێ ، بێگومان و بە دڵنیاییەوە حەقیقەتی تۆ دەرناخا .دەبێ خۆت هەوڵ دەی بەهۆی هێزو تواناکانتەوە ،ئەوەی مەبەستتە بە دەستی بێنی.

تەنها خۆت جێگەی هیوای خۆتی . تەنها هیوات بە خۆت و هێزوتواناکانی خۆت هەبێ . هیوای خۆت بدەیتە پاڵ هەرشت و هێزێکەوە ، تەنها لە خەونەکانی خۆت دوور دەکەویتەوە. خودا مەڕازێنەوە بەهیواکانت

چونکە خودا جێگەی هیوا نیە . خودی خۆت بڕازێنەوە بەهیواکانت ، چونکە خودا هەموو هێرو ویست و توانایەکی لەتۆدا بۆ ئەو مەبەستە چاندوە تۆ کێڵگەی خودایت و خوداش هەموو جۆرە بەرووبوومێکی لەتۆدا ڕواندوە. پێویست ناکا بۆ هیچ جۆرە بەرووبوومێک داوا لە خودا بکەیت هەرچی تۆ دەتەوێ ، لەخۆت دا هەیە، هەرچیت دەوێ ، لەخۆت دا هەیە هەرچیت بوێ ، لە خۆت دا هەیە.

هەرکەسێک هیواکانی خۆی لەسەر خودا هەڵچنێ ، بەدەست بەتاڵی لێی دێتە دەرەوە و هیچی دەست ناکەوێ و چرکەساتەکانی ژیانی بەفیڕۆ دەڕوا بێ هوودەو لەکۆتایشدا پەشیمانی دادی نادا ، تەوبەکردنیش هیچ سوودێکی بۆ پەشیمانی نابێ.

## بەهرەکان هۆکارن بۆ ڕزق وڕۆزی ،نەک هێزێکی غەیبی.

هەر کۆمەڵەیەک کۆمەڵێک ڕاستی بنەڕەتی هەیە کە بەیەکیان دەبەستێتەوە. واتە ئەو پێکەوەبیە کردوونیەتی بەیەک کۆمەڵەو ژیانی هەرتاکێکیان بەندە بەو پێکەوە بەستنە. ئەمە بۆ هەر کۆمەڵەیەک . وە کۆمەڵەکانیش کۆمەڵێک هۆکار بەیەکیەوەی بەستونەتەوەو لە ئەنجامدا کۆمەڵگای لێ پێکهاتوە. وە کۆمەڵگاش لە شوێنێکی وەک هەسارەی زەویدا نیشتەجێن .
وە هەسارەی زەویش لەگەڵ کۆمەڵێک هەسارەو مانگدا یەکیان گرتوەو کۆمەڵەی خۆریان پێکهێناوە .وە کۆمەڵێک کۆمەڵەی خۆریش گەردوونیان پێکهێناوە.وە کۆمەڵێک گەردوونیش پێکەوە کۆمەڵەی گەردوونیان دروست کردوە . هەموو ئەم کۆمەڵەو ئەو کۆمەڵگایانەی کەلێیەوە پێکهاتون وەک خشتی دیوار بە ئەندازەیەکی زۆر ڕێک و پێک لەسەریەک و لە تەنیشت یەک و لەژێر یەک و لە دوای یەک دانراون . هەموویان ژیانیان بەیەکەوە بەستراوەتەوە. هەرخشتێک لەو خشتانە گەر دەری بێنی هەموو بەسەریەکدا دەکەوێت و وێران دەبێت . کەواتە ژیانی ئێمە بەستراوەتەوە بە هۆکارەکان و هەریەک لە ئێمە هۆکارێکی هەیە بۆ ژیان کردن بەهەر جۆرێک . تەنانەت شێتێکیش.
ئەو هۆکارانەش بریتیە لەو بەهرانەی کە وجودەکان هەیانە . بۆ نموونە من بەهرەی بیرکاریم هەیە بۆ وانە وتنەوەو فێرکردن . کۆمەڵێک بابەتیش هەن پەیوەستن بەو بابەتەوە . لە ئەنجامدا دەوڵەت پێویستی بە منە بۆ وانە وتنەوە . وە منیش پێویستم بە دەوڵەتە بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانە .
بازنەی هەریەک لەو بەهرەو هۆکارانە بەگوێرەی فراوان بوونیان ڕزق و ڕۆزی بۆ خاوەن بەهرەکە زیاد دەکا .
وە بە پێچەوانەوە .بەرتەسک بوونەوەی ئەو بازنانە ژیانت تەنگ دەکا.
کەواتە :بەهرەکان هۆکاری ڕزق و ڕۆزین نەک هێزێکی غەیبی. ئەمە سەبارەت بە پەیداکردنی ڕزق وڕۆزی .بەڵام سەبارەت بە میکانیزمی دابەش کردن . جەستەی خۆمان گەواهیدەرە . واتە ئێمە ناتوانین تەواوی خانەکانی جەستەی خۆمان ڕزق بدەین . بەڵام کاتێک خۆراکێک دەخۆین، بەبێ ئەوەی کە ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان هەبێ بەسەر شێوازی دابەشە کردنی خۆراکەکە بەسەر هەموو خانەکانی جەستە ، ئەوا کۆئەندامی هەرس و سووڕی خوێن ئەو کارە دەکەن .

بەڵام سەبارەت بە ئەرکە خوداییەکەی نێو گەردوون ، هەر لەسەر نەخشە بچووککراوەکەی جەستەی خۆمان دەیسەلمێنین کە هەموو وجوودێک لە بەرامبەریدا واجبێکی خودایی هەیە . بۆ نموونە : من چاوم هەیە . بەهرەی چاو بینینە کە من پێویستیم بەو بەهرەیە هەیە . کە پێویستم بەو بەهرەیە هەیە ، کەواتە واجبە لەسەرم کە پارێزگاریی لێ بکەم و ڕزقەکەی بۆ دابین بکەم تاکو بەکارەکەی خۆی هەڵسێ واتە من خودای جەستەی خۆمم ، بەڵام جیاوازی من لەگەڵ خودای حەقیقەت ئەوەیە کە من پێویستم بە ئەندامەکانی خۆمە و لە بەرامبەریشدا پێویستە بەو ئەرکەی سەرشانم هەڵسم . واتە وجوودی هەرشتێک لە مندا ،واجبێک دەخاتە سەرشانم لە پارێزگاری لێ کردن و ڕزق دانیان . ئەم ڕزق دانەش لەڕێی هەستەوە (کە هەست بەبرسێتی دەکەم) فەرمان دەدا بە هۆش کە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێ . بەڵام خودا نە پێویستی بەو هەستەیەو نە پێویستی بەو وجوودەی منە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە بەرامبەر وجوودی هەر شتێک، ئەو بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە بە هەمان میکانیزمی سیستمە جەستەییەکە ڕزقی هەموو هەبووێک بدا.

بەختەوەری لە ناخدایە نەک لە ئاسمان.

مرۆڤی باوەڕداری ئایندار ، بەختەوەری خۆی بەستۆتەوە بەو وەهمەی کە ناوی لێ ناوە خوا (پێی وایە کە خواکەی لە ئاسمانەو شوێنێکی دیاریکراوی هەیە) لە کاتێکدا هیچ شتێک نیە بە بوون و نەبوون کە ئەو بەشە خواییەی تێدا نەبێ . واتە :ئەگەر بەختەوەری بریتی بێ بە وابەستە بوون بەخوا،

ئەوا تۆ دەرهاوێشتەی خودایت وهەموو شتێک لە هەمان سەرچاوەوە دەرهاوێشتەی بوونی خۆیەتی .خۆی هیچ دەرهاوێشتەیەک بەبێ ئەو سەرچاوەیە نابێ. کەواتە ئەگەر بە دوای بەختەوەری دا دەگەڕێی ، ئەوا لە ناخی خۆت دایە نەک لە دەرەوەی خۆت و لە ئاسمان . بەڵام ئەوە گرنگە تا کۆدی ئەو بەختەوەریەت دەست دەکەوێ . زۆربەی زۆری ئەوانەی لە خودی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە ڕوو لەو وەهمە دەکەن (کە پێی دەڵێن ئاین و دژی هەموو سرووشت و بنەمایەکی ئەو ناخەیەی خۆتە و ناویان لێ ناوە گەڕانەوەو تەوبە، لە ڕاستیدا ئەمە گەڕانەوە نیە ،بەڵکو هەڵگەڕانەوەیە لە سرووشتی خۆتخۆ) . بۆیە ئەو بەختەوەریەی کە ئاینەکان وێنەیان کێشاوە لە مێشکی باوەڕداری ئایندار، بێهۆشکردنی عەقڵە بە وەهم نەک بەختەوەری

لە ڕاستید مرۆڤ هەتا بەتەواوی خۆی نەدۆزێتەوە، ناتوانێ بەختەوەر بێ ئەوانەی نائارامن ، نائارامیەکەیان نیشانەو بەڵگەیە کە خۆیان ون کردوە خۆ دۆزینەوە ، خوادۆزینەوەیە ،خۆدۆزینەوە، بەختەوەریە.

# بەشی نۆیەم

# پیرۆزیەکان ونەفرەتیەکان

## پیرۆزیەکان

ئاینەکان پیرۆزیەکانیان لەنێوان خۆیان و خودادا دابەش کردوە. واتە چەندەها شتیان هاوتا کردۆتەوە لەگەڵ خوادا بەناوی پیرۆزیەوە. بۆ نموونە (حجرالاسود ، کعبە ، قیبلە ، ئاین ، پێغەمبەر ، کتێبی پیرۆز ، فریشتە ... وە چەندەها بابەتی تریش ) بەڵام لەڕاستیدا پیرۆزی چەمکێکی داهێنراوەو هیچ پەیوەندیەکی بە خوداو دەسکەوتە خوداییەکانەوە نیە.بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە دەسکەوتە مرۆییەکانەوە . بۆ نموونە : پیرۆزبایی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵ . ئەمە دەسکەوتێکی مرۆییە و بەو چەمکە داهێنراوە (پیرۆزبایی) گوزارشتی لێ دەکرێت. خودا دەسکەوت نیەو پێویستیشی بەم چەمکە داهێنراوەی ئێمەش نیە . وە هەموو ئەو دەسکەوتانەش کە بەناوی خوداوە پیرۆز کراون . هیچ پیرۆزیەکیان بۆ نیە.

## پیرۆزی بۆچیە؟

بەڕاستی پیرۆزی بۆ ئەو شتانەیە کە سەرچاوەی ژیانن . وەک ( ئاو ، هەوا ، خاک ، وە هەر شتێک کە دەبێتە هۆکاری دابین کردنی ژیان ) بەڵام پیرۆزی بەو مانایە نیە کە هەر شتێک سەرچاوەی ژیان بوو یان هۆکاری دابین کردنی ژیان بوو ، ئیدی دەبێ ژیانی ئێمە تەنها لە خزمەتی ئەودا بێ . نەخێر بە پێچەوانەوە پیرۆزیەکان لە خزمەتی ئێمەدان بۆ ژیان کردن و چۆنیەتی ژیانکردن.
پیرۆزیەکان ژیانیان پیرۆز کردوە بەبەر مرۆڤدا . نەک مرۆڤ توخمەکانی ژیان پیرۆز کات. بەڵکو دەبێ مافی پیرۆزی لە شتە پڕوپووچەکانەوە وەربگرێتەوەو پێیانی ببەخشێتەوە.

پیرۆزی خودا.

خەڵک لەبەر ئەو هەموو پیرۆزیەی کە بەخودایان بەخشیوەو خودایان لەنێو پیرۆزیدا هەڵکێشاوە، لەبەر پیرۆزیەکان خودا ون بووەو خەڵک ناوێرێ بیر لە خوایەتیی خودا بکاتەوە. بەشێوەیەک بیرکردنەوە لە خودا(بەو شێوەیەی کە بیروهۆش مەیلی لەسەرە) ، بۆتە بڤە. لە کاتێکدا سرووشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتوە کە حەز دەکا بیر لە خوایەتی خودا بکاتەوە. دەرفەتێک بدەن بە مرۆڤ با بە ئازادانە بیر لە خودا بکاتەوە. دەرفەتێک بدەن بە مرۆڤ ، با خۆی خوداکەی خۆی بدۆزێتەوە .
ئەو پیرۆزیانە تێک بشکێنن کە کردوتتانە پەرژین بە چوار دەوری خوداوە. پێویست ناکا پیرۆزیەکان بکەنە پاسەوان و بەرگری خودا . خودا زۆر لەوە باڵاترە کە ئێمە پاسەوان و بەرگریکاری بین. ئەو باکی پێ نییە
بێ هەستە بەرامبەر هەموو پیرۆزیەک . تۆ خۆت ئاوێنەی تیشکدانەوەی خودای لەنێو گەردووندا . ئیتر بۆچی خودا لە پیرۆزیەکان دەئاڵێنیت و لەخۆتی دەشاریتەوە .
بوون و نەبوون ، هەمووی خودایە ، ئیتر بۆ شەرم دەکەی لە بەشێکی و شانازی دەکەی بە بەشێکی تر ؟ ئەمە بیروباوەڕت لەق دەکات و لاسەنگی دەکات . تاریکی و ڕووناکی هەر خودایە ، ئیدی بۆچی بەشێکی بەخودا دەزانیت و بەشێکی تری بە دژی خودا . دیوی ئەرێنی و نەرێنی هەمووی خودایە ئیدی بۆچی خودا دابەش دەکەی بەسەر ئەو بەشەی کە خۆت لە لات پەسەندەو بە پیرۆزی دەزانی.
خودا وەک خۆی بناسە . نەک لەودیوی پیرۆزیەکانەوە.

ئاینەکان وەهمێکیان لە حەقیقەت داتاشیوە بەناوی (ئەهریمەن ، شەیتان ، دێو ) هەموو ئەو بابەتانەی نەفرەتین یان نەفرەت لێکراون، دراونەتە پاڵ ئەوە. بەڵام لە ڕاستیدا بابەتی نەفرەتی لەنێو خودی شتەکاندایە نەک هێزێکی نەفرەتی فەرمانڕەوایی لە نەفرەت کردن بکات. بۆ نموونە: من نەفرەت دەکەم لە دیاردەیەک ،لەوانەیە ئەو دیاردەیە لای تۆ ئاسایی بێ یان لەوانەیە هەر خودی بابەتەکە ئاسایی بێت و شایانی نەفرەت لێکردن نەبێ. یان بۆ نموونە : جۆرە دەنگ و ئاوازێک سەرنج ڕاکێش بێت و جۆرە دەنگ و ئاوازێکی تر ناساز و قێزەون بێت کە مایەی نەفرەت لێکردن بێت کەواتە: نەفرەت لێکردن بابەتێکە خۆمان دروستی دەکەین نەک خودا مەخلوقێکی بۆ نەفرەت لێکردن دروست کردبێ .شەیتان تەنها بتێکی لە وەهم دروستکراوە.
نەفرەت لێکردن ئەو کاتە هەستی پێ دەکرێ کە هێزێک بیرۆکەیەکی کردوە بە بنەماییێکی نەگۆڕ لە خۆیداو تەنها ئەو بنەمایە بە ڕاست دەزانێ یان تەنها لەسەر ئەو بنەمایە ڕێ دەکا بۆ نموونە (بێ باوەڕی) ئیدی خودان بێ باوەڕی بەلایەوە گرنگ نیە چەندە بابەتێک جێگەی باوەڕە یان نا ، بەڵکو ئەوەی لەلای ئەو گرنگە ،باوەڕنەکردنە . یان باوەڕداری . ئیدی باوەڕدار بەلایەوە گرنگ نیە کە ئایەتێک یان حەدیسێک یان بنەماییێکی ئاینەکەی چەندە ڕاستە یان نا، لەلای ئەو بابەتەکە تەواو بڕاوەتەوەو بۆتە باوەڕ .
شوێنکەوتوانی ئەم حاڵەتانەو هاوشێوەکانیان بەر نەفرەتی کەوتون. چونکە حاڵەتەکەیان بە بنبەست گەیشتوەو بەر نەفرەتی بیروباوەڕەکەیان کەوتوون.

# بەشی دەیەم
# حوکم و شەریعەت و یاسا و فەرمانەکانی خودا

جیاوازی چیە لەنێوان فەرمانە خوداییەکان و فەرمانە مرۆییەکان ؟

هەرچەند ئاین هەموو فەرمانێک دەگێڕێتەوە بۆ خودا و ڕەهاییەتی فرمان وبڕیارەکان دەدات بە خوداو مرۆڤ دەکاتە ئامێرێکی ڕۆبۆتی بەرنامەڕێژکراوو بەناوی خوداوە گشت فەرمانە مرۆییەکانی قۆرخ کردوە لەناو ئایندا. گوایا خودا بەو شێوەیە فەرمانی کردوە. تەنانەت لەناو هەندێ ئایندا فەرمانەکانی خودا ئیستیناد دەکاتە سەر عورف و نەریتی کۆمەڵگای سەردەستەی دامەزرێنەری ئاین. بۆ نموونە دەڵێن : خودا فەرمانی کردوە ژن و ژنخوازی بەو شێوەیە بێ جیابوونەوەو تەڵاق بەو شێوەیە بێ، فڵان جۆری خۆراک حەڵاڵ بێت و فڵان جۆری حەرام بێت، فڵان جۆر جلوبەرگ دروست بێت . خودا فەرمانی کردوە بەو شێوەیە بچیتە ماڵان و بەو شێوەیە لە دەرگا بدەیت و بەو شێوەیە سڵاو بکەیت و هەڵسوکەوت بکەیت و چی وچی . ئەمە وجگە لەمانەش زۆربەی وردەکاری ناو فەرمانەکانیش کراون بە فەرمانی خودا، لە کاتێکدا ئەم فەرمان وبڕیارانە، فەرمان و بڕیاری مرۆیین نەک خودایی. چونکە عەقڵە خوداییەی مرۆڤ بۆ فەرمان و بڕیارە مرۆییەکانە و خۆی هیچ سلکێکی ڕاستەوخۆی نیە لەگەڵ ئەو بڕیارو فەرمانانە. خودا تەنها خۆی وابەستە کردوە بە فەرمانە ئەزەلیەکان ، واتە ئەو فەرمانانەی کە وجودی بەو شێوەیە هێناوەتە بوون و لەهەناوی ئەو شێوە بوونەدا مرۆڤ هاتۆتە بوون و هەر خودی مرۆڤ خۆی فەرمانێکە لە فەرمانەکانی خودا . ئیدی ئەو کائینە وجوودیە خوداییە فەرمان پێکراوە، بە شێوەیەک بەرنامەڕێژکراوە کە خۆی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ یاسا ئەزەلییە خوداییەکان لە پێناو مانەوەو چۆنیەتی مانەوەدا.

بە کورتی/ فەرمانە خوداییەکان بەوە جیا دەکرێنەوە لەگەڵ فەرمانە مرۆییەکان ، کە فەرمانە خودایەکان بەر لە بوون دراون و بە مەبەستی هێنانەبوون. بەڵام فەرمانە مرۆییەکان دوای بوون دەستیان پێکردوە . فەرمانە خودایەکان لە ڕابردوو دەرکراون بۆ ئێستا. بەڵام فەرمانە مرۆییەکان ئانی و ئێستایین لە پێناو داهاتوداو لە ئەزموونە مرۆییەکانەوە هەڵقوڵاون و بە ئەزموونە ئێستاییەکاندا تێدەپەڕن بۆ داهاتوو.

حوکمی خودا ئەزەلیە .

هیچ بڕیارێکی خودا ، زەمەنی و مەکانی نیە.
واتە کات /شوێن نیە.
حوکمی خودا ئەزەلیە .واتە هەرهەبووەو هەرهەیەو هەردەبێ ، چونکە حوکمی خودا هەر خودی خودا خۆیەتی . پێشخستنی هەر بابەتێک لە پێش حوکمی خوداوە ، ئەوا حوکمی خودا لاواز دەکات و دەیسەلمێنێ کە ئەمە حوکمی خودا نیە .
بۆ نموونە دروست بوون و لەناوچوون حوکمی خودایە . لەوەتەی دونیا هەبووەو هەیە ، هەر هەبووەو هەر بەو شێوەیەیە.
بەڵام داتاشینی حوکم بۆ خودا بەناوی ئاین ،هەموو حوکمەکانی ئەزەلی نین و کاتین وکات و شوێنی خۆیان هەیە و دەیسەلمێنێ کە ئەمە حوکمی خودا نییە. بۆ نموونە حوکمێک بەناوی حیجاب و نیقاب ،لەسەردەمی ئاینە ئیبراهیمیەکان دروست بووەو پەیوەستە بەکات و شوێنێک کە وڵاتی شام ودوورگەی عەرەبی دەگرێتەوە. لە سەرێکی ترەوە پێشخستنی ویستی مرۆڤ بەسەر حوکمی خوداوە ، حوکمەکە لاواز دەکات و دیسەلمێنێ کە ئەمە حوکمی خودا نیە .
واتە: خودا دەستەپاچە بووبێ بەرامبەر بڕیاردان تا ئەو کاتەی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستی قوماش دروست کردن وسەردەمی ڕستن وچنین ، ئینجا دەست کراوە بووبێ لە بڕیاردان بە حیجاب کردن و نیقاب کردن. بۆیە ئەو حوکمانەی کە لەنێو پەیامە ئاسمانیەکاندا هەن ، هەمووی حوکمی ئاینین و هیچ پەیوەندیەکیان بەخوداوە نییە.

یاسای خودا لەگەڵ شەریعەتی ئاینەکان هاودژە.

شەریعەتی ئاینەکان لەسەر بنەمای کەلەپوروکلتور دارێژراوە. لە کاتێکدا خودی مرۆڤ دروستکەری ئەو کەلەپوروکلتورەیە. ئایا دەچێتە عەقڵەوە خودا یاساکانی خۆی بخاتە دواوەی کەلەپوروکلتورە مرۆیەکانەوە؟
یاساکانی خودا سرووشتین و ئەزەلی و ئەبەدین . ئایا دەکرێ یاسا سرووشتیەکانی خودا بخرێنە دوای یاسا دەسکردەکانی مرۆڤ؟
بۆ نموونە : لە یاسای خودادا هەرگیز خودا لە نێو کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا هەرگیز دوو پۆلێنبەندی دژەیەکی دروست نەکردوە . تاکو بەشێکیان بەشەکەی تر لەناو ببا . بۆ نموونە : میکرۆب .هەرگیز خودا لە هەمان جۆری میکرۆبدا زیان بەخش و سوود بەخشی دروست نەکردوە. خۆ ئەگەر قاعیدەیەکی شازیش هەبێ لەو لایەنەوە ،هەرگیز ڕێنمایی نەداوە بە میکرۆبە سوودبەخشەکان بۆ لەناو بردنی میکرۆبە زیانبەخشەکان. بۆ لەناو بردنی میکرۆبە زیانبەخشەکان، کۆمەڵەی تری دروست کردوە ، بۆ نموونە خرۆکەی سپی لە لەشدا .واتە میکرۆب بەرامبەر خرۆکەی سپی نەک میکرۆب بەرامبەر میکرۆب بۆ لەناو بردن و قڕکردن.
بەڵام لە شەریعەتی ئایندا وانیە . بەڵکو لەهەمان پۆلێنبەندیدا ڕێگە بەو کارە دراوە. واتە مرۆڤی سوودبەخش ،مرۆڤی زیانبەخش لەناوبەرێ . ئەمە پێچەوانەی یاسای خوایە چونکە بە گوێرەی یاسای خودا ، دەبێ مرۆڤە زیانبەخشەکان کۆمەڵەیەکی تر لەناویان بەرێ نەک لەهەمان گروپ و کۆمەڵە.
ڕێوڕەسم وداب ونەریتی هاوسەرگیری بە نموونە. یاسا سرووشتیەکە ئەوەیە کە هەر نێرەیەک بۆ مێیەیەکە .واتە هەر سالبێک بۆ مووجەبێک . ئەمەش هەر بەپێی یەکگرتنەکە ، واتە دوو دڵ یەکتریان بوێ ، واتە لەسەر بنەمای یەکترویستن ویەکتر قەبوڵ کردن . بەڵام ئاین پێی وایە کە دەبێ هەردوو لایان لە پێناوی خوداو شوێنکەوتەی هەمان ئاین بن ، ئینجا هاوسەرگیریەکە دروست دەبێ. ئەمەو چەندەها یاسای تری ناو شەریعەتەکان کە لەگەڵ یاسنی خودا یەکناگرنەوەو بەناوی خوداش کراوە بە یاسای شەریعەت و بەسەر خەڵکەوە جێبەجێ دەکرێن. ئەمە بەڵگەیە کە شەریعەتی ئاینەکان هەڵقوڵاوی کەلەپورو کلتورە و هیچ پەیوەندیەکی نیە بە یاسای خوداوە..

ئەو دەقە ئاینیانەی کە لەبەر دەستماندان یان ڕوونتر بڵێم : لەبەر دەستی پیاوانی ئاینین ، هەر ئەم دەقانە ئەگەر لە ڕابردوودا بەشێوەی قانون و یاساو دوور لە ئاین کاریان لەسەر بکرابا، ئێستا باویان نەما بوو . ئێستا لێرەوە تێدەگەین کە چەندە هەرشتێک بەرگی خوای کرایە بەر )ئەگەر درۆیەکی ڕاستەقینەش بێ( ئەوا کەس لاری نیە و کەس سەرپێچیکار نابێت و بەڵگەشی ناوێت و بە پێچەوانەوە، موحافیزکاریشی بۆ زۆر دەبێ . ئەمەو جگە لەوەی کە بەرگی پیرۆزی کراوەتە بەرو دەکرێتە بەری. هەر ئەم پیرۆزیە ،موحافیزکار بەرهەم دێنێت و دەقەکە بەبێ دەسکاری وەک خۆی دێڵێتەوە بە دۆگمایی و چەقبەستوویی.
بەڵام ئەوەی کە جێی داخە ئەم دەقە پیرۆزکراوانە ،هیچی لەخواوە نین و دراونەتە پاڵ خوا. کێشەکە لێرەدا لەوەیە کە لە پەنا خوا، شوێن پێی خۆیان لەناو دڵ و دەروونی خەڵکدا قایم کردوە. هەر هەمان دەقی پیرۆزکراو بەسەلماندن ، پیرۆزیەکەی لێ بکەوەو دووبارە بەشێوەیەکی مۆدێرن دایڕێژەوەو بەبێ ناو هێنانی خوا پێشکەشی کۆمەڵگای بکەرەوە. دەبینی هەر ئەو خەڵکەیەی کە پێشتر بە پیرۆزی دەزانی، ئێستا هیچ نرخ و بەهایەکی بۆ دانانێ.
بۆیە کێشەکە لە دەقەکە نیە، بەڵکو لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی دەقەکەیە لەلایەن خەڵکەوە. بۆیە خودا بەکارهێنان بە شێوەیەکی ناتەندروست لەهەر بوارو بابەتێکدا، کارەسات بۆ عەقڵی مرۆڤ دروست دەکا. پێویستە عەقڵ نرخ و بەهای ڕاستەقینەی خۆی بۆ بگێڕدرێتەوە. ئەگینا هەر لە خولانەوەدا دەبێت بە دەوری بازنەی بەتاڵ دا.

بنەمایێک بۆ حەڵاڵ و حەرام بەبێ گەڕانەوە بۆ ئاین.

جارێ لە پێشدا هەردوو دەستەواژەی (حەڵاڵ و حەرام )واتە: ڕێگەپێدراوو قەدەغەکراوەکان )بە زمانی ئێستامان (کتێبە پیرۆزکراوەکان بە پشت بەستن بە کەلتورو فەرهەنگە پێشینەکان و ناوچەییەکان هەندێ شتیان حەرام کردوە کە لە پۆلبەندی ئەودا هەموو بەشەکانی تر حەڵاڵ کراون . بۆ نموونە لە پۆلبەندی گۆشتدا ،گۆشتی بەراز حەرام کراوە بەتەنها )بە پشت بەستن بە کەلتوری سۆمەریەکان ،چونکە ڕقیان لە بەراز بوو( بەڵام لە ڕاستیدا هەموو جۆرە گۆشتێک حەرامکراوە بە پشت بەستن بە ئایەتی خودایی کە لە سرووشتدا بۆی ڕوونکردوینەتەوە. با لە ڕووەکەوە دەست پێ بکەین ، ڕووەک خۆی بەرهەمهێنەرە و ئەوەی کە بەرهەمی دێنێ، بریتیە لە بەرەکەی و ئێمەش لە بەرەکەی دەخۆین ، ئایا هەرگیز زانیوتە دارەکە بخورێ لە جیاتی بەرهەمەکەی؟ نەخێر .
بۆیە بەو پێیە تەنها بەرهەم دەخورێ نەک بەرهەم هێنەر . بە هەمان شێوە ئەگەر لە ئاژەڵە شیردەرەکان وپەڵەوەرەکان بڕوانین ، دەبینین هەردوو پۆل ئاژەڵ بەرهەم هێنەرن . بەو پێیە گۆشتخواردنی شیردەرەکان و پەڵەوەرەکان حەرامە ، چونکە بەرهەم هێنەرن ،بەرهەم هێنەریش خواردنی حەرامە مەگەر نەخۆشێک دکتۆر وەک دەرمان جۆرە گۆشتێکی بۆ دەستنیشان کردبێ. وە شیرو هێلکەی هەموو ژیانداران حەڵاڵە مەگەر شیروهێلکەی پۆلێک ژیاندار زیانی هەبێ بۆ تەندروستی . لەو کاتەشدا ئەزموون و زانست ڕۆڵ دەگێڕن نەک ئاین وئیمان.
بۆیە دەتوانین لەسەر ئەو بنەمایە ، ڕەگەزەکانی حەرام و حەڵاڵ دەست نیشان بکەین .

# بەشی یازدەیەم
# خوداوەندو شەیتان

لەو بابەتەدا پەردە لەسەر هەموو ئەو نهێنیانە لادەدەم کە لەلای خەڵک بۆتە کۆدو شەفرەی نهێنی و مەتەڵی ئاڵۆز . بەڵام ئەم بابەتە هیچ پەیوەندیەکی نیە بەبیردۆزی پیلانگێری . تەنها ئەوەیە کە لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە ، حەقیقەتی خودا هەم دابەش کراوە وە هەم ون کراوە وە هەم بە لاڕێدا بردراوە.
لە ڕاستیدا ئەوەی کە لەلای خەڵک بۆتە بیروباوەڕی (خوداو شەیتان) لە ئەفسانەکانەوە هاتوون . پەیوەندی بە خودا بوونەوە نیە. بۆیە ئێمە ناومان لە هەردوو هێزەکە ( خوداو شەیتان ) ناوە خوداوەند .
بابەتەکەش پێویستی بە زنجیرەیەک باس وخواس هەیە ، بۆیە لە چەند خاڵێکدا بەو شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە بۆتان.

یەکەم / بازنەی داخراوی سرووشت.

خودا خۆی هیچ ناوێکی بۆخۆی دانەناوە . هەموو ئەو ناوانەی کە هەن ، لە لایەن مرۆڤەوە بۆ خودا دەست نیشان کراون، هەر ناوێکی خودا لەناو هەر گەلێک ، گوزارشتە لە بیروبۆچوون و تێڕوانینی ئەو گەلە بۆ خودا، واتە خوداکان بە گوێرەی ناوەکان دروستکراون. بۆیە دەستەواژەی خوداو ئەهریمەن ، تەنها گوزارشتی مرۆڤن بۆ هەردوو هێزی چاکەو خراپەو دواتر بە لاڕێدا براوە بۆ هەردوو جەمسەری دەوڵەتی قووڵی نهێنی و لەناو خەڵکی عەوامیشدا بەرگی پیرۆزی کراوە بەبەریدا.
ئەو دوو دەوڵەتە (من پێم وایە لە سەرووی هێزو تواناکانی مرۆڤ و هۆش و بیری مرۆڤەوەن) ململانێی نێو خۆیان وای کردوە کە ببنە دوو هێزی شاراوە . مرۆڤیش لەو نێوەندەدا تەنها ئامرازو بەکارهێنراوی دەستیانەو هێزی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆیان لەسەر مرۆڤایەتی تاقی دەکەنەوەو مرۆڤ ئەزموونێکەو لەنێوان خۆیان دا گرەو لەسەر هێزی خۆیانی پێدەکەن.
بەڵام هەرکاتێک مرۆڤایەتی ویستبێتی ئەو قۆناغەی کۆیلایەتیەی هەردوو هێزەکە تێپەڕێنێت ، لەڕێی شارستانیەتەکانیانەوە . ئەوان کەوتوونەتە

خۆیان و مرۆڤایەتیان هێناوەتەوە سەر خاڵی سفر، واتە : مرۆڤ بەردەوام لە قۆناغی کۆیلایەتی دەخولێتەوەو نابێ لێی دەربچێ . دەرچوون لە قۆناغی کۆیلایەتی ، واتە: یاخی بوون و دەرچوون لە ویستی ئەو دوو هێزە . بۆیە هەر کاتێک مرۆڤایەتی گەیشتبێتە ئەو سنوورە، ئەو دوو هێزە کەوتوونەتە خۆو شارستانیەتەکەیان لەناو بردوون ، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوان هەر لەناو ئێمەدا دەژین. مرۆڤایەتی بە درێژایی تەمەنی، هەر لەو بازنەیەدا دەخولێتەوەو خولاوەتەوە. ئەگەر مرۆڤایەتی سوود لە ڕابردووی خۆی وەرنەگرێت و نەیکاتە ئەزموونێکی نوێ بۆ مانەوەی ، ئەوا هەر لەو بازنە داخراوەیەدا دەمێنێتەوە.

دووەم / مەدح وسەنای خوداوەند

ئەو هەموو مەدح و سەناو پیاهەڵدانانەی لەنێو پەیامە ئاسمانیەکاندا ،بەڵگەن لەسەر هەبوونی دەستێک لە پشتەوەی بابەتی خودا لە پێناوخوداوەندەکەیان. چونکە خودا پێویستی بەو هەموو مەدح و سەناو پیاهەڵگوتنە نیە بەخۆیدا ئەم جۆرە مەدح و سەناو پیاهەڵگوتنە بۆ کەسێکە کە نەخۆشی دەروونی هەبێت نەک خودا . خودا پێوستی پێ نیە، بەڵکو ئەو دەوڵەتە قووڵە نهێنیە پێویستی پێی هەیە کە لەپەنا ناوی خوداوە، سەرجەم مرۆڤایەتی ڕام دەکات و هیچ بوارێک بۆ مرۆڤایەتی نایەڵێتەوە بۆ پشوودان لەنێو بیرکردنەوەیەکی قووڵی تەندروست دا.
بەڵکو مرۆڤ دەخاتە ژێرباری قەرزێکی قووڵی خوداوە کە هەرگیز خودا هیچ شتێکی بەقەرز نەداوە بە مرۆڤ ، چونکە خودا خۆی خودی شتەکانە و هیچ پێویست بە منەت کردن ناکات و منەت کردن لەخوا ناوەشێتەوە. بەڵکو ئەوە خودی ئەو دەسەڵاتە نهێنیەیە بە ناوی خوداو لە پەنای ئاین دا منەت دەکا بەسەر مرۆڤایەتیەوەو ژێرباری ئەو قەرزەی دەکا . مرۆڤ بەهیچ شتێکی خودا قەرزار نیە . چونکە هەرخودی مرۆڤ، بەشێکی دانەبڕاووجیانەکراوەیە لە خودا ، مرۆڤیش وەک سەرجەم شتەکانی تر

ئەندامێکی بوونە. ئیتر مەخخەڵەتێن بە چەواشەکاریەکانی ئاین بەناوی خوداوە. ئەمە تەنها بەرنامەیەکی داڕێژراوی ئەو دەوڵەتە قووڵەیە کە باسم کرد بۆتان.
بیرت نەچێ هەموو ئاینەکان ڕووبارێکن ،ئاوەکەیان دەڕژێتە سەرچاوەی ئەو دەریالووشە قووڵەی دەوڵەتە نهێنیەکەوە.

سێیەم / خودا یان خودا وەند؟

کورد کە دێرینترین نەتەوەی ناوچەکەیە و داهێنەرو دروستکەری یەکەم ئاینە لەسەر زەوی ، بۆیە لەهەموو میللەتان باشتر دەسەڵاتەکانی ( خوداو خودا وەند) ی لێک جیا کردۆتەوە، هەرچەندە بەهۆی هاتنی ئاینی تازە بۆ ناوچەکە، کورد لەژێر کاریگەری بیروباوەڕە تازەکەدا هەردووکیانی لێ تێکەڵ بووەو بۆ یەک مەبەست بەکاری دێنێ . بەڵام لە ڕاستیدا کورد لەو بابەتەدا ، پێش هەموو گەلانی ناوچەکە کەوتۆتەوە. وە سنوورێکی دروستی لە نێوان (خوداو خودا وەند ) دا دروست کردوە . با بزانین خودا وەند مانای چیە.

ڕوونە کە خودا مانای چیە ، بەڵام پاشگری (وەند ) کاتێک بۆی زیاد دەبێت، مانایەکی تر دەبەخشێت . دیارە زمانی کوردی ، یەکێکە لەو زمانانەی کە لە تێکەڵ کردنی دوو وشەدا ، وشەیەکی تازە دەخوڵقێنێ ،بە پێچەوانەی هەندێ زمان کە هەندێ وشەی ، دوو مانای هەیە. بۆیە تێکەڵ کردنی هەردوو وشەی (خودا ) لەگەڵ (وەند) مانایەکی تازە دێنێتە کایەوە کە جیاوازە لە مانای وشەی(خودا ) کاتێ پاشگری (وەند) بۆی زیاد دەکرێت، دەبێ بزانین (وەند) مانای چیە . چونکە کاتێک دەڵێین تێکەڵکردنی دوو وشە ، وشەیەکی تازە دێنێتە ناو زمانەوە، لە هەمان کاتیشدا تێکەڵبوونی مانای هەردوو وشەکەش ، مانایەکی تازە دەخوڵقێنێ . کە ئەمە یەکێک لە بنچینەکانی زمانی کوردیە.

به هەر حاڵ مانای (خودا) ڕوونە کە چیە. وە مانای وشەی (وەند) یش کە لە بنەڕەتدا لە (بەند) ەوە هاتوەو بە تێپەڕ بوونی کات ،دەستەواژەکە لە (خودا بەند) ەوە گۆڕاوە بۆ (خودا وەند).
تا ئێرە زانیمان بنەچەی وشەکە چیە . باشە (خودا بەند) واتە ئەو شتانەی کە بەندن بە خوداوە . کە لەسەر کێشی (دەربەند، پابەند ، دڵبەند ) کە بە مانای پردی بەیەکگەیاندنی هەرشتێک ، بەو وشە داتاشراوەی کە ماناکەی لەسەر بنیات نراوە. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە (خودا وەند) واتە : پردی بەیەک گەیاندنی نێوان شتێکی دیاری کراوە بە خودا. مانای ( خودا) لە بیروباوەڕی کورددا . واتە حەقیقەتی وجوود. بەڵام (خودا وەند) لە بیروباوەڕی کوردیدا ، واتە : ئەو وجوودەی کە دەسەڵاتدارە . دەسەڵاتیش ڕوونمان کردۆتەوە کە خودا هێزو وزەیە بۆی لە هەر شتێکدا. کەواتە دەسەڵات لە مرۆڤدا واتە بوونی خوداوەندێک (کە دەسەڵاتدارە) هەر ئەو ئاستە بەرزەش وای کردوە کە کورد هەست بکا دوو هێزی دژ بە یەک هەن لە سەرووی ئاستی تواناکانی مرۆیی و هەر یەک لەو هێزە ، مرۆڤ بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ . هەر ئەمەش بووە هەوێنی ئەو بەشانە لە زنجیرە باسی (خوداو شەیتان) .
بەڵێ. کورد گەیشتبوە ئەو ئاستەی کە دوو هێز هەن لە سەرووی تواناکانی مرۆڤەوەن و هەریەکێکیان مرۆڤایەتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. بۆیە کەسێکی وەکو پەیامبەر زەردەشت هەست بە هێزە شەیتانیەکە دەکات و ئەوان لە ترسی زەردەشت خۆیان لە ژێر زەویدا دەشارنەوە. بۆیە لە بیروباوەڕی کوردیدا ، دەوڵەتە نهێنیەکەی شەیتان لەناو قووڵایی زەویدایە و وە دەوڵەتە نهێنیەکەی (خودا وەند ) یش لە ئاسماندایە ، ئەمە وەک ئاماژە پێکردنێک بۆ سنووردارێتی تواناکانی مرۆڤ کە پێیان وا بووە ، تواناکانی مرۆڤ سنووردارەو دەستی ناگاتە ئەو دوو دەوڵەتە کە پشێویان خستۆتە ناو ژیانی مرۆڤایەتیەوە.

چوارەم / جیا کردنەوەی خودا وەندی ئاسمانی لە خودا وەندی زەمینی.

ناگەڕێینەوە سەر ئەفسانەکانی سۆمەری و ئاسووریەکان ، هەرچەند من پێم وایە کە هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نیە . ئەگینا ئەو وردەکاریانەی کە لەنێو ئەفسانەکاندا هەن ، کۆمەڵێک کۆدونهێنی وایان تێدایە ، ڕەنگە دوای سەدان ساڵ لە تێپەڕبوون بەسەر شارستانیەتەکەمان نەتوانرێ شی بکرێنەوە. ئێمە گەر پێمان وابێ ئەو کۆمەڵگایانە کۆمەڵگای سەرەتایی بووبێتن ، ئەی چۆن ئەم شتانەیان زانیوە؟
تەنانەت دەستەواژەی (ئورارتوو) لە لایەن ئاسوریەکانەوە بەکار هێنراوە واتە (بوونەوەری ئاسمانی) ئایە دەکرێ بەمە بڵێین ئەفسانە؟ بێگومان بابەتەکە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە بەشێوەیەکی سادە بیری لێکراوەتەوە بەڵام ڕاستیەک هەیە کە دەبێ ڕوون بکرێتەوەو بزانرێ کە حەقیقەتی خودا بەو شێوەیە کە تەنێکی ئاسمانی بێ . بێگومان تەنها دەستەواژەی خوداوندند شایستەیە بە تەنێکی ئاسمانی .
بیرۆکەی خوداوەندێکی ئاسمانی ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەفسانەیەی کە بوونەوەرە ئاسمانیەکان لەسەرزەمین بوونیان هەبووەو دەستیان هەبووە لە پیتاندنی مرۆڤێک بەناوی (ئادامو) کە بەزمانی ئەوان واتە (مرۆڤێک کە ڕەنگی وەک خاکە) ئیتر وەک ئەرکێک هەڵساون بە ئاراستەکردنی ئەو بوونەوەرە تازەدا لەنێو خەڵکی سەرزەوی (ئاینەکان پێیان وایە ئێمە نەوەی ئادەمین ، بەڵام ئادەم کەسێکی داهێنراوی نموونەیی بووە لەنێو مرۆڤەکانی ئەو کاتەدا ،نەک ئێمە هەمووومان نەوەی ئادەم بووبێتین ، تەنانەت کۆدی ئەو نهێنیەش لەنێو قورئان دا باس کراوە کاتێک دەڵێ : ان الله اصطفى آدم ونوحا وآل ابراهيم وآل عمران على العالمين.. واتە خودا ئادەمی هەڵبژاردوە. کەواتە ئادەم هەڵبژێردراوە لەنێو خەڵکانی سەردەمی خۆی نەک یەکەم کەسی سەرڕووی زەوی بووبێ) نموونەی ئەو ئاراستەکاریەش خۆی لە فێرکردنی زمان دەبینێتەوە لەوەی مرۆڤیان فێری قسەکردن کردوە لە ڕێی ئادەمەوە ، وە فێری نووسینیان کردوون. کەواتە خوداوەندە ئاسمانیەکان ، پێشەنگ بوون لە فێرکردنی مرۆڤ،وە مرۆڤیان لە دۆخی ئەشکەوت نشینی گواستۆتەوە بۆ دۆخی شار نشینی و دروست کردنی شارستانیەت .تەنانەت دروست کردنی ئاسن ، زانایانی تووشی شۆک

کردوە بەوەی کە ئەو کارە لە کاری مرۆڤ ناچێت، بەڵکو عەقڵیەتێک لە سەرووی عەقڵیەتی مرۆڤەوە ، مرۆڤی فێری ئەو کارە کردوە.
کەواتە: لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ خودا وەندە ئاسمانیەکان وەک ئەرکێکی ئەخلاقی هەڵساون بە پێشخستنی مرۆڤ لە گشت بوارەکان دا . وە لە دوای ئادەمیش کۆمەڵێک خەڵکی تریان کردوە بە هەڵبژاردەی سەرزەوی و هەریەک لەو هەڵبژێردراوانەیان فێری پیشەیەکی تازە کردوە وەک ڕستن و چنین و بەرهەم هێنانی ئاسن و کۆمەڵێک بابەتی تر. بەڵام دوای دیار نەمانی ئەو خودا وەندانە وە لە فەراغی نەمانی خودا وەند لەسەر زەوی ، ئیدی مرۆڤگەلێک هەر لە خودی مرۆڤ خۆیان کردوە بە خودا وەند لە خەڵک و چیرۆک و ڕووداوی ئەو هەڵبژێردراوانەیان بە باڵای خۆیاندا هەڵبڕیوەو کۆمەڵێک ئەفسانەیان بۆ زیاد کردوەو خۆیان پێ گەیاندۆتە پلەی خودا وەندێتی . لێرەوە خوداوەند لە خالیقیەتی مرۆڤەوە دەگۆڕێ بە خوداوەندێک هەر لە خودی مرۆڤ کە بریتیە لە خوداوەندی دەسەڵات.
خاڵی جیای نێوان هەردوو خودا وەندەکەش ئەوەیە ،کە خودا وەندانی ئاسمان فێرکار بوون ، بەڵام خوداوەندانی زەمین فەرمان کەر بوون ،خودا وەندانی ئاسمان دادگەربوون بەڵام خودا وەندانی زەوی ستەمکار .خودا وەندانی ئاسمان هەردەم لە هەوڵی دەستەمۆکردنی ( ماڵی کردنی( مرۆڤ دا بوون ، بەڵام خودا وەندانی زەوی لە هەوڵی کۆیلە کردنی مرۆڤ دا بوون لە پەیامە ئاسمانیەکان دا ئاسەواری هەموو ئەو سیفەتانە دیارن کە خودا وەندی ئاسمانی هەیان بووە ، بەڵام پەیامە ئاسمانیەکان بەدەر نین لە تێکەڵی و پێکەڵی ، بەڵکو سیفەتی خودا وەندانی زەویشیان تێکەوتوە .
بە هەرحاڵ ئێمە بانگەشە بۆ خودا وەندێتی ناکەین ، چونکە خودا وەندێتی هەر خۆی لە خۆیدا شتێکی باش نیە . بەڵکو تەنها مەبەستمان ئەوە بوو کە بەرچاو ڕوونیەکتان هەبێ لەسەر خودا وەندێتی .

پێنجەم / هەردوو دەوڵەتەکە داکۆکی لەسەر یەک جۆر خودا دەکەنەوە.

ئەو دەوڵەتەی سەرپەرشتیاری کاروبارە ئاینیەکانە بۆ دەستەمۆ کردنی خەڵک. داکۆکیی لەو سیستمە دەکاتەوە کە پەیڕەوی لێ دەکات . لە بەرامبەریشدا ، دەوڵەتی قووڵی دووەم تەنها داکۆکی لە ڕەت کردنەوەی تەواوی سیستمەکە دەکات. ئەگەر لێیان بپرسی ئێوە کە ئەو سیستمە ڕەت دەکەنەوە ، بەدیلتان چیە؟ هیچ بەدیلێکیان نیە جگە لە بەهانە هێنانەوە. بۆ نموونە ئەگەر لێیان بپرسی : ئێوە کە خودای ئاینەکان ڕەت دەکەنەوە ، ئەی چ خودایەکی ڕاستەقینە هەیە ئێوە پێمانی بناسێنن؟ ئەوان تەنها لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە خودا ڕەت بکەنەوە وەک پەرچە کردارێک . بەڵام لە حەقیقەت دا وانیە . چونکە ڕێگایەکیتر هەیە بۆ خوداناسی کە هەردوو ڕێگاکەی تر ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ: بەڵێ خودا هەیە. بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە ئاین بۆ خۆیانیان پاوان کردوە. ڕێگەی سێیەم تەنها خودا دەسکردەکان ڕەت دەکاتەوە نەک خودای ڕاستەقینە ، وە ئازادی دەدا بە بیرکردنەوە لە خودا ،نەک ملکەچ کردن بۆ خودای دەسکرد. کەواتە لەو نێوەندەدا هێزی سێیەم هەیەو بیروڕای خۆی هەیە دەربارەی خودا.

شەشەم / خوداوەندی پیرۆزیەکان و خوداوەندی نەفرەتیەکان .

مرۆڤ هەر بە سرووشت ئەو شتانەی کە  هەستیان پێ دەکا، یان قەبووڵی دەکا یان ڕەتی دەکاتەوە. بۆیە ململانێی هەردوو هێزەکە لەسەر ئەو هەستەیە . واتە هەریەک لەو دوو هێزە پڕەنسیپەکانی خۆی لەو ڕێگەیەوە دەڕازێنێتەوە بۆ مرۆڤ . ئینجا دەوەستێە سەر خواستی مرۆڤەکە بە پلەی یەک و نیشاندانی بەڵگەو نیشانەی بەهێزی هەردوو هێزەکەش بە پلەی دوو لەو حاڵەتەش دا مرۆڤ هەر کامێکیانی پەسەند کرد ، ئەویتر ڕەت دەکاتەوە. پەسەند کردنی هەریەکێکیشیان ئەگەر گەیشتە ڕاددەی پیرۆز کردن، ئەوا قەبووڵ کردنی خودایێتی ئەو خوداوەندەیە بەسەر خوداوەندەکەی تردا. وە ڕەت کردنەوەی هەریەکێکیشیان تا ڕاددەی نەفرەت لێکردن، دەبێتە ڕەتکردنەوەی خودایێتیی ئەو خواوەندە. بۆیە بۆ ئەوەی نەکەوینە ژێر کاریگەری هێڵی پیرۆزی و نەفرەت . پێویستە هەردوو هەستەکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بێڵینەوە. چونکە نە هیچ هەستێک تا سەر مایەی پیرۆز کردنە ، وە نە مایەی نەفرەت لێکردنە. پیرۆز کردنی هەر شتێک تا گەیشتن بە حەقیقەتێک یان ئامانجێک ،پیرۆزە دوای ئەوە پیرۆزیەکەی نامێنێ. وە نەفرەت لێکردنیش تا دەرکەوتنی بەڵگەیەک یان نیشانەیەک یان ڕوون کردنەوەیەک نەفرەت لێکراوە. دوای ئەوە نەفرەتیەکەی لەسەر نامێنێ.

حەوتەم / کێ دەڵێ خوداو شەیتان دوژمنی یەکترن؟؟؟

هەردوو هێزەکە لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکی و بیروڕا جیاییەی نێوانیان. کەچی لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوتوون. وەک

یەکەم / شوێنکەوتەیی . هەردوو خوداوەندەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دەبێ گرۆی بەشەر شوێنکەوتەی ئەوان بێ و کەس لە ژێر هەیمەنەی ئەوان دەرنەچێ .

دووەم/ دزینی توانا مرۆییەکان. هەردوو خوداوەندەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە تاڵان کردنی هەموو هەوڵ وکۆشش وتوانا مرۆییەکان بۆ خۆیان بە ڕەوا بزانن.

سێیەم/ لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە هیچ دەستەو تاقم وگرووپ وهێزێک نەبێ ونەمێنێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیان.

چوارەم / لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە مرۆڤ بۆ هێزو دەسەڵات و مەرام وئامانجەکانی خۆیان بەکار بێنن.

پێنجەم / پێدانی زانیاری. هەردوو خوداوەندەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە زانیاریی ئەو سیناریۆیانەی لەبەر دەستیانە بە ڕابەرانی شوێنکەوتوانیان بڵێن بەناوی عیلمی غەیب.

شەشەم / کۆیلەیی و ملکەچی و خۆڕادەستکردن و زەلیلی. هەردوو دەسەڵاتەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە مرۆڤ نابێ وەک خۆی بێ ، بەڵکو دەبێ ملکەچ و کۆیلەو زەلیل بێ و خۆی ڕادەستی یەکێک لەو دوو دەسەڵاتە بکا.

ئەمە وەکو خاڵە زەق و دیارو ئاشکراکان . بەڵام ئاخۆ چەندی تریش هەبێ بۆ کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤ و ئێمە پێمان نەزانیبێ یان پێی نەزانین.

بەهەر حاڵ / ئەم دوو خوداوەندە ،خاڵە هاوبەشەکانیان زیاترە لە خاڵە ناکۆکەکانیان . بەڵام ناکۆکیەکان قوولْتر دەبنەوەو هەردوو دەسەڵاتەکە لە مامەڵە کردن دا بە بنبەست دەگەن و بەرامبەر مرۆڤ شەکەت و ماندوو دەبن و لە کۆتاییشدا مرۆڤ سەردەکەوێ.

هەشتەم / دەسەڵاتی شاراوەو دەسەڵاتی ئاشکرا

ئەو دوو هێزە (خوداوەندە) دەسەڵاتیان لەنێوان خۆیان دا دابەش کردوە. دابەشکردنی ڕۆڵی شاراوەو ئاشکراش دابەش کاریەکی ترە لە نێوان ئەو دوو هێزەدا .

یەکەم / خوداوەندی شەیتان کە کار لەسەر خود دەکات و بریتیە لە دەسەڵاتە شاراوەکە .دەستی گرتوە بەسەر ویژدانی مرۆڤ دا . لە ڕێی وەسوەسەی گومانەوە خەریکی مراندنی ویژدانە.

دووەم / خوداوەندی بەخوداکراو کە کار لەسەر دیوی دەرەوەی مرۆڤ دەکات و بریتیە لە دەسەڵاتی ئاشکرا.دەستی گرتوە بەسەر ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤدا. لە ڕێی وەسوەسەی ئیمانەوە خەریکی لەبار بردنی ڕەوشت و ڕەفتاری ڕاستەقینەی مرۆڤە .

بەڵام عەقڵ لە لایەن ئەو دوو خوداوەندەوە ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ چونکە حەرەمی خودای حەقیقەتە . بۆیە لە هەموو حاڵەتەکاندا پەنا بردنە بەر عەقڵ خوداناسیی ڕاستەقینەیە. وە هەر عەقڵیشە کە دەتوانێ ویژدان و ڕەوشت لەژێر کۆنترۆڵی هەردوو خواوەندەکە بێنێتەدەر.

نۆیەم / ڕێککەوتن لەسەر گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ ڕابردوو.

هەردوو هێزەکە ڕێککەوتوون لەسەر گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ سەردەمانی ڕابردوو ، بۆ ئەوەی لەو پێشبڕکێیە (خودا، شەیتان ، مرۆڤ ) دا، مرۆڤ جێ بمێنێ ، پێشبڕکێیەکە ئاڕاستەکەی بگۆڕێ بۆ ململانێ . بۆیە سرووشتی مرۆڤ لەگەڵ ململانێدا یەکناگرێتەوە . لەو نێوەندەشدا هێزە خوداییەکە (خوداوەندی بە خودا کراو) بەرنامەی وایە مرۆڤ بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە لە ململانێدا (لە بەرامبەر هێزی شەیتان ) سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە کەرەستەی خاوە تا بیکاتە سووتەمەنی ، وە مرۆڤیش باشترین سووتەمەنیە بۆ ئەو کارە هێزی شەیتانیش (خوداوەندی بە شەیتان کراو) ئەویش دەیەوێ بیگێڕێتەوە بۆ سەردەمانی ئەشکەوت کە مرۆڤایەتی هیچ هەست و هۆشێکی نەبووە بۆ سنووردانان لەبەردەم سەرپێچیەکان ( سەرپێچیی یاسا خوداییەکان) بەڵام مرۆڤیش بەو پێیەی ڕۆژبەڕۆژ هەستەکانی گەشە دەکات و ئەزموون وەردەگرێ لەسەر هەڵەو کەموکوڕیەکان وژیانی خێراتر دەبێ ، بۆیە پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێ و شوێنە تاکو خێراتر بگاتە مەنزڵی حەقیقەت . بەهەر حاڵ ناسینەوەی هەرسێ هێزەکە دیارەو بەڵگەنەویستەو دەناسرێتەوە بەوەی کە هێزە خوداییەکە دەیەوێ مرۆڤ بخاتە نێو قەفەسی کۆیلایەتی و هێزە شەیتانیەکە و دەیەوێ مرۆڤ بکاتەوە ژیانەوەرە کێویەکەی نێو ئەشکەوت و شاخەکانەوە، وە هێزە مرۆڤایەتیەکەش دەیەوێ شارستانیەت بنیات بنێ و بەرەو پێش بچێ . بەڵام کات ناگەڕێتەوە دواوەو مرۆڤایەتی زاڵ دەبێ بەسەر هەردوو هێزەکەی ترو هەموو کۆت و پێوەندەکانی ئەو دوو هێزەو تەلەو فاقەکانیان تێک دەشکێنێ.

دەیەم / دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە لایەن هەردوو هێزەکەوە.

خەڵک وا دەزانێ بەهۆی زۆریی و بەرفراوانی ئاینەکانەوە، بەڵگەیەکە کە خودا دەسەڵاتی باڵای هەبووە لەسەر زەوی . بەڵام ئەو دەسەڵاتە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١٠) هەزار ساڵێک بەر لە ئەمڕۆ . پێش ئەو دەسەڵاتە ، هێزەکەی تر ( هێزی خوداوەندی بە شەیتان کراو) دەسەڵاتی زەوی لە ژێر دەستدا بووە . تەنانەت مێژوونوسانیش ،هەر وایان پۆلێنبەند کردوە . واتە قۆناغی سیحر و جادوو ئینجا قۆناغی ئاین . بەڵام لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانس ، شۆڕشێکی مرۆیی دەستی پێکردوە بۆ کودەتا کردن بەسەر هەردوو دەسەڵاتەکەو پێی دەگوترێ قۆناغی زانست .
هەرچەندە لە ئێستادا بە پشتگیری دەسەڵاتداران )کە بەرژەوەندیان لە ئاین و جادووە( کەوتونەتە ململانێیەکی سەخت لەگەڵ قۆناغی نوێ (زانست) بەڵام زانست ڕووناکیەو ئاین وجادوو تاریکیە . هەر زانست دەیباتەوە .

یازدەیەم / ململانێی ڕاستەقینەی هەردوو هێزەکە.

ناگەڕێینەوە بۆ سەرەتای چۆنیەتی پێکهاتەو (خەلق) و دروست بوونی مرۆڤ . بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤ ( هەرچەند خەلق و بیرکردنەوە دوانەیەکی ئاوێتەیی مرۆیین لێک جیا ناکرێنەوە، بەڵام لەو چرکەساتەوە دەست پێ دەکەین کە مرۆڤ وەک ئەو پەیکەرە جەستەییەی کە هەیە ) ئەو کاتەی کە بیری کردۆتەوە کە دەبێت هێزێک هەبێت ئەم هەموو شتانەی دروست کردبێت، ئیدی بازاڕی نمایشی هێزەکان لێرەوە دەستی پێکردوە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە.
سەرەتا بە سیحرو جادوو دەستی پێکردوە کە پشت دەبەستێ بە فێڵ کردن لە چاو بە نمایشی کۆمەڵێک سیحر بۆ فریودانی چاو بە دان نان بەو ڕاستیەدا. وە فێڵ کردن لە بیستن بە گێڕانەوەی کۆمەڵێک داستان و چیرۆکی خەیاڵاوی و خورافیاتی . کاتێ خەڵک لە دەوری ئەو کۆمەڵەیە

کۆ بوونەتەوە بۆ چارەسەری گرفتەکان ، هاتون بە کۆمەڵێک سیحر وجادوو کردن لە بیروباوەڕی خەڵک کێشەکانیان بۆ چارەسەر کردوون .
بەو شێوەیە مرۆڤایەتی لەژێر باڵی شەوەزەنگی ئەو قۆناغەدا ماونەتەوە، بەڵام کە کاریگەری نەرێنی زۆری کردوەتە سەر خەڵک و لە جیاتی چارەسەر بۆتە کێشە. ئەو کاتە بەدیلی بۆ پەیدا بووە هەر لە خودی هێزەکە بەڵام ئەمجارەیان هەر هەمان سیحروجادوو بەناوی خوداوە ئەنجام دراون ئەمجارەیان بەشێوەیەکی نوێترو پێشکەوتووترو بەهێزترو پڕ ئەزمونتر هاتۆتە مەیدانەوە . بەشێوەیەک کە سەرەتا هەر خودی مرۆڤەکان لە پاڵ ئەو سیحرو جادوانەدا خۆیان بە خودا ناساندوە. دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی هۆش وبیری کۆمەڵایەتیانەی خەڵک ، ناچاربوون هەر جارەو بە جۆرە شوناسێکەوە بگەڕێنەوە ناو خەڵک ، جارێک ناویان لە خۆیان ناوە کوڕی خودا، دوای ماوەیەکی تر وتویانە خوێنی خودا لە جەستەی ئێمەدایە . دواتر گوتویانە ئێمە نوێنەرانی خوداین .
بەڵام هاوشانی موعجیزە، سیحر بەو شێوەیەی خۆی مابوو، بەردەوام لەگەڵ قۆناغی نوێ (موعجیزە) لە کێشەو ململانێدا بوو لەسەر دەسەڵات . سەرەتا کێشەو ململانێ لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردن دابووە ، بەڵام بەدەرکەوتنی مرۆڤی پڕۆفیشناڵ لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات، هەردوو هێز سەنگەری خۆیان گواستۆتەوە بۆ بۆ ململانێ لەسەر دەسەڵاتی ڕۆحی بەسەر خەڵکەوە . بەڵام لە هەموو بارودۆخەکان دا لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا ، ئەوانیش خۆیان بە شێوەیێکی تازە نوێ کردۆتەوە. تا گەیشتە قۆناغی فەلسەفە
سەرەتا فەلسەفە کاریگەری دوو هێزەکەی تری بەسەرەوە بووە ،زۆرجار بەرابەرانی فەلسەفە گوتراوە پێغەمبەر، بەڵام دواتر سەربەخۆیی خۆی بە دەست هێناوە . سەربەخۆیی فەلسەفە ،واتە لە دایک بوونی مرۆڤی ڕاستەقینە. ئەمەش تەخت وبەختی دوو هێزەکەیتری هێنایە هەژان و کەوتنە وێزەی ئەو شۆڕشە ڕاستەقینەیە.بەڵام لە ئیفلاسی سیحرو جادوو بەرامبەر ئەو هێزە مرۆییە ڕاستەقینەیەدا ، ئاین بەتەنیا مایەوە لەگەڵ ئەو هێزە تازە گەشەسەندوەدا . بەدروست کردنی ئاینی تازەو نیشاندانی موعجیزە بۆ سەلماندنی نوێنەرەکانیان کە لەلایەن خوداوە نێرراون.

بەڵام ئاینی تازە بۆ دەسەڵات و خۆسەپاندن نەبوو . بەڵکو لە پاڵ ئاین فیکر لە دایک بوو بە دارِشتنی کۆمەڵێک دەق بەناوی خوداوە ،گوایە لە خوداوە ئەو دەقانە نێرراون. بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ فەلسەفە . بەڵام هەژموونی فەلسەفە ناچاری کردن پەنا بۆ توندو تیژی بەرن بەرامبەر هەڵگرانی بیری فەلسەفە. بۆیە ئەو شۆڕشە تازەیە لەبەر ئەوەی هێزودەسەڵات و جەماوەری کەم بوو، بۆیە بە زەبری شمشێر خامۆشکرایەوە. بەڵام ئەمە هەروا ئاسان نەبوو . بەڵکو کەلتوورێکی نوێی هێنایە ناو ئاینەوەو ئاینی لە فێڵ و تەڵەکەبازی و فریودانەوە بردە قۆناغی توندوتیژی و شمشێر هەڵکێشان بەناوی خوداوە.

ئیدی بوو بە بەکەلتووری ئاینە تازە سەرهەڵداوەکان . هەر ئاینێکی تازە ، ئاینە کۆنەکەی بە زەبری شمشێر دەسڕیەوە .تا کار گەیشتە ئەوەی هەر لەناو خودی ئاینەکان مەزهەب و دەستەو تاقمی تازە سەرهەڵداو پەیدا بوون و بە کەلتووری شمشێر هەڵکێشان دەکەوتنە وێزەی یەکتر.

ئاین توانی تا نزیکەی هەزار ساڵی تریش لەسەر ئەم ، درێژە بە تەمەنی خۆی بداتەوە. تا ئەوە بوو جارێکی تر فەلسە سەری هەڵدایەوە. بەڵام ئەمجارەیان ئاینێکی شەکەت و ماندوو بە دەست جەنگەکانەوەو ئیفلاس لە بیروباوەڕەوە کەوتە پاشەکشێ و فەلسفە وردە وردە شوێنی گرتەوە بەو ئەزموونەی کە بە دەستی هێنابوو ،بە سوود وەرگرتن لە

هیلاکی وئیفلاسیی ئاین توانی لەسەر پێکانی خۆی بوەستێ و شوێن پێکانی خۆی بکاتەوە. لە هەناوی فەلسەفەشەوە ، زانست لە دایک بوو کە بووە سەردەمێکی تازەی دروست کردنەوەی مرۆڤ بەشێوەیێکی ڕێک و پێکتر ئەگەر چی تا ئێستاش ئاین بای ئەوە وزەی تێدا ماوە کە ململانێکانی لەگەڵ ئەو قۆناغە نوێیەدا بەردەوام بکات ، بۆیە تا ئێستا ململانێکان لەگەڵ ئاین دا لە هەڵکشان و داکشان دایە .

چونکە ئاین لەو بارودۆخەی ئێستایدا توانیویەتی سوود لە وزە ڕۆحیەکانی خەڵک وەربگرێت و وەک سووتەمەنی بەکاری بێنێ بۆ مانەوەو بەرەو پێش چوون. بۆیە ئەوەی کە لەسەر ئێمە پێویستە ، ئەو سووتەمەنیە لە ژێر دەستی ئاین دەربێنین و کۆتایی بە هەردوو هێزەکە بێنین و ڕیشەکێشی بکەین و تەنها هێزی مرۆیی لەسەر زەمین بمێنێتەوە.

(ناکۆکیەکان ، شەڕو پاڵۆزیەکان ، دووبەرەکیەکان ، جیاوازیەکان) ئەمانە هەمووی ناوونیشانی ڕاستەقینەی ناسینەوەی ئەو دوو زلهێزە شاراوەیەن کە عەقڵی مرۆڤیان بەرنامەڕێژ کردوە بەوەی گوایە ( ئەمە حەقیقەتی مرۆڤبوونە) تومەز بۆ ئەمەیە کە لەو دەرچانەوە مرۆڤایەتی بەیەکدا بدەن و مرۆڤ بەدەستی خۆی ، خۆی لەناو بەرێ. وە بە دەستی خۆی ، خۆی بەرەو پاشاگەردانی بەرێت و شارستانیەتەکانی خۆی وێران بکات. هەرخۆی بنیاتنانی شارستانیەت و ئاوەدان کردنەوەی زەوی دەیسەلمێنێ کە کارو وەزیفەی مرۆڤ ، بنیاتنانە نەک وێرانکاری . بنیاتنانی شارستانیەت و ئاوەدان کردنەوەی زەویش لەڕێی زانست و تەکنۆلۆژیاو هونەر و وێژەو ئەو جۆرە ژانرانەوەیە. هەر ژانرێکی تر کە نامۆ بێ بەمانەوە ، ئەوە لەلایەن ئەو دوو زلهێزە نهێنیەوە ئاڕاستە دەکرێ. خوداپەرستان )ئاینبپەرستان )و پووچگەراکان (دژە ئاینەکان) شوێنکەوتوانی ئەو دوو زلهێزەن کە بە درێژایی مێژوو نەهیچ سوودو خێرو خۆشیەکیان هەبووە بۆ مرۆڤایەتی ، نەهیچ کارئاسانی و ڕێنیشاندانیکیان هەبووە ، جگە لە سەرلێشێواندن و داماڵینی مرۆڤ لە مرۆڤبوونی خۆی و کردنی بە کۆیلەو کردنی بە ئاژەڵێکی دڕندەی بەڕەڵلا و خوێنڕێژی و کوشت وکوشتاری مرۆڤ.

ئەم دوو دەوڵەتە نهێنیەش تەنها کار لەسەر مرۆڤ دەکەن . بەڵگەش بۆ ئەمە : هیچ کۆمەڵە گیانەوەرێک نیە کە هێرش بکاتە سەر هەمان کۆمەڵەی وەک خۆی بۆ پاکتاوکردن . واتە کۆمەڵەی شێر هێرش ناکاتە سەر کۆمەڵەی شێرێکی تر بۆ پاکتاوکردن. تەنها کۆمەڵەی مرۆڤ ئەمە دەکا . بەڵام ئەگەر بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین دەبینین تەنها کۆیلەی ئەو دوو هێزە جەنگ و کوشتار ئەنجام دەدەن. لەو دوو حاڵەتەشدا پێویستە ناونیشانێکی تر بدۆزینەوە بۆ هێزی بنیاتنەری سرووشت و چیتر نەکەوینە ژێر کاریگەری خورافەی خوداو شەیتان

سێزدەیەم/ خودا بۆ کۆیلەیی و شەیتان بۆ بەرەڵلایی

( خوداوەندی بە خودا کراو ) بەو مەفهومە کەلتوریەی کە لە نێو ئاینەکاندا بڵاو بۆتەوە ، وەزیفەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ دەستەمۆ بکات و ملکەچ و کۆیلەی بکات . بە بیانووی فەرمانبەرداری و حەقی موتڵەق بەخۆی دەدا لە هەر بوارێکدا ، کەواتە بەدەر لەوە ، خودای ئاینەکان هەموو چەمکە مرۆڤایەتیەکان وەک ئامرازێک بەکاردێنێ لە پێناو کۆیلە کردن و دەستەمۆ کردن لە ژێر ناونیشانی باوەڕهێنان و خۆڕادەست کردن.
لە سەرێکی ترەوە ( خوداوەندی بە شەیتان کراو ) پێچەوانەکەی دەبینێ لە بەرەڵلایی و بێباوەڕی.لەو پێناوەدا ئەویش هەموو چەمکە مرۆڤایەتیەکان بەکار دێنێ لە پێناو ئەو مەبەستەدا . کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا مرۆڤ کراوەتە قۆچی قوربانیی هەردوو دەوڵەتە زلهێزە نهێنیە شاراوەکە. قوربانیەکەش بریتیە لە لایەنی مرۆڤبوون و مرۆڤ سالاری مرۆڤ بۆ هەردوو هێزەکە.
بۆیە مرۆڤ دەبێ بگەڕێتەوە سەر بنەما مرۆییەکانی خۆی سەرەداوەکانی مرۆڤبوون و مرۆڤسالاری لێک بداتەوەو خۆی لە کۆیلەیی و بەرەڵلایی ڕزگار بکات و ئیتر لەژێر هەژموون و کاریگەری هەردوو هێزەکە خۆی ڕزگار بکا

چواردەیەم / باوەڕداری کۆیلە و بێباوەڕی ئازاد.

ئەو دوو سیستمە جیهانگەراییە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە مەرجی باوەڕداری تێیدا بریتیە لە دەستەمۆ بوون بۆ دەق و پرەنسیپە موقەددەسەکان و ملکەچ بوون و پابەندبوون بە فەرمایشتەکان وگوێڕایەڵی کردنی ئەو پێشەوایانەی کە هەڵگرو ڕاگری ئەو دەق و فەرمایشتانەن . بۆیە مەرجی باوەڕداری تەواو بریتیە لە خۆڕادەست کردن و ملکەچی و گوێڕایەڵی تەواو کە هەموو پێکەوە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەشۆرن و دەیکەنە کۆیلەیەکی تەواو.
لە سەرێکی ترەوە. لە ڕەهەندی ئازادی لە بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و

ئازادی لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت بەبێ ڕەچاو کردنی ئاکارو بەهاکانی کۆمەڵگا و گومان کردن لە هەموو شتێک کە سەردەکێشێ بۆ پووچگەرایی و بێ متمانەیی و بێباوەڕی . بە هەر حاڵ شوێنکەوتوانی هەردوو بەرەکە هەموو جۆرە گوێ گرتن و گوێ پێدانێک لە دەرەوەی جەمسەرەکەی خۆیان ڕەت دەکەنەوە.
هەردوو حاڵەتەکە لە دۆخێکی سرووشتیدا زۆر ئاساییە کە بەسەر مرۆڤدا گوزەر بکا. بەڵام دەستێک هەبێ و دەست بەسەر جەمسەربەندیەکانی هەردوو هێزەکەدا بگرێت و لە لوتکەی هێزو دەسەڵاتەوە مرۆڤ پەلکێش بکا بۆ مەرامەکانی و بەکارهێنانی ئەو ڕەوتە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بەلوتکەی دەسەڵات ، تەنها بە زیانی مرۆڤایەتی دەشکێتەوە.
لەو نێوەندەدا ڕاستیە ون بووەکە ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕدارێکی ئازاد بێ ) لە چوارچێوەی ئارەزووەمەندی لە باوەڕو ئازادیدا نەک شوێنکەوتەیی( ئێمە لەوە زیاتر ناپەرژێینە هەمەڕەنگی ڕەنگەکان لە نێوان )باوەڕداری کۆیلەو بێباوەڕی ئازاد ( بەڵکو ئەوەی لامان گرنگە کە چۆن سوود لە ڕێگەی سێیەم وەربگرین کە بەشێکی بە ئاینەوە لکێنراوە وە بەشەکەی تری بە دژە ئاینیەوە لکێنراوە. بۆیە تاقی کردنەوەیەکی زۆر سەخت دەبێ بۆ مرۆڤی باوەڕداری ئازاد کە بتوانێ هاوسەنگی خۆی ڕابگرێ لەنێوان هەردوو هێزەکە دا. سەرەتا دەبێ لە چەمکی باوەڕ تێبگا کە مەبەست لە باوەڕ بەخۆ بوون و باوەڕ بە دەرهاوێشتە عەقڵی وناخەکیەکانی خۆیەتی لەلاکەی تریش ئازادانە لە نمایش کردنی ڕاستیەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ شێوازەکانی ملکەچی وگوێڕایەڵی و خۆڕادەستکردن کە لە ئەنجامدا سەردەکێشێ بۆ کۆیلەیی . سەرباری ئەمانەش ، کاریگەر نەبوون و ژێربارنەبوون بۆ حەشیمەتی خەڵکی بە دەوری دوو هێزەکەی ترەوە.
بۆیە تۆ مەحکومی بە دوو هێزی زۆرو زۆردارو بەهێزو دەسەڵات و بە تاقی کردنەوەیەکی سەخت دا گوزەر دەکەی بۆ خۆ پاراستن لە چۆنیەتی باوەڕداریە ئازادانەکەت لە دەست چەتەی دوو هێزەکەی تر . چەندە پێویستت بە هاوسەنگی دەبێ لە نێوان ئەو دوو هێزە ، هێندەش پێویستیت بە نەخلیسکان دەبێ بەرەو دۆلایی هەریەک لەم دوو هێزە ، لەگەڵ ئەمانەشدا تاقی کردنەوەی تری مرۆڤبوونت لەو ڕێگەیە دەکەوێتە پێش

کە ئەویش بریتیە لەو دوو پاڵەپەستۆیەی کە دەکەوێتە سەرت لە پێشڤەڕۆیی و پاشەگەردانی . کە هێزێکیان بە توندی دەتکێشێ بە دیواری پێشکەوتنەوەو ئەویتریش بە هەموو هێزێکیەوە بۆ دواوەت دەگێڕێتەوە

پازدەیەم / بەکارهێنانی جۆری ڕەگەز .

یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەو دوو هێزە شاراوەیە بەکاری دێنن، جۆری ڕەگەزی مرۆییە. هەر چەند دوو پۆلێنی سەرەکی هەیە کە بەشێوەیێکی ئاشکراو بەربڵاو مرۆڤی پێ جیا دەکرێتەوە کە بریتیە لە ڕەگەزی نێرو مێ . بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە جۆری تریش نین ، زۆر جۆری تریش هەن وەک نێرەمووک و دوو ڕەگەزو چەندین جۆریتریش.
بەڵام ئەوەی کە بۆتە مایەی لێک جیاکردنەوەی هەردوو جۆرەکە ،لایەنی زاڵی مەیلی سێکسیە کە دوو کۆمەڵەکەی بەسەردا دابەش دەبێ ئەم دوو هێزە هەردوو کۆمەڵەکە وەکو چەک بەکاردێنن. هێزە خوداییەکە جوڵێنەری پاڵنەرە سێکسیەکانی نێرینەیە. بۆیە هەموو موفرەداتە ئاینیەکان و ڕابەرە ئاینیەکان نێرینەن. وە هێزە شەیتانیەکە جوڵێنەری سێکسی مێیینەیە .بۆیە لە ململانێکاندا هەردوولا چەکی خۆیان بەرامبەر یەکتر بەکاردێنن . بە زاڵ کردنی مێیینە بەسەر نێرینەدا یاخود نێرینە بەسەر مێیینەدا.
لە ڕاستیدا ئەم هەستە لە هەموو دوو جەمسەرە جیاوازەکاندا هەیەو بەشێوەیەکی سرووشتی کارلێکی خۆی دەکا. بەڵام کاتێک بەشێوەیێکی ناسرووشتی کارلێک دەکا ، ئەوا کێشەو ململانێکان سەرهەڵدەدەن . بۆیە پێویستە مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ دیوە سرووشتیەکەی بکا . وە هەر کاتێک هەستی کرد کە بەشێوەیەکی ناسرووشتی حەزو ئارەزووەکانی دەوڕوژێن ئەوا دەبێ بزاێ کە دوو هێزەکەی دەرەوەی ویستی خۆی بەسەریدا زاڵ بووە.

سەیرکەن ئاین چۆن بەشێوەیەکی سیستماتیک ، مرۆڤی داشۆریوە لە مرۆڤبوون . مرۆڤ بەشێوەیەکی سرووشتی حەز بە ئازادی دەکا . کەچی ئاین ،کۆیلەیی لێکردوون بەشتێکی پیرۆزو بە بەها . مرۆڤ حەز بە دونیا دەکا . کەچی ئاین ،دونیا ناشیرین و بێ بەها دەکا . مرۆڤ حەز بە واقیع دەکا . کەچی ئاین خەیاڵاتی دونیاییێکی وەهمی خستۆتە جێگای . مرۆڤ حەز دەکا بیر لە خودا بکاتەوە . کەچی ئاین نایەڵێ بیر لە خودا بکاتەوەو بە بڤەی داناوە. مرۆڤ حەز دەکا پرسیار دەربارەی هەموو شتێک بکا . کەچی ئاین پرسیارکردنی پێناخۆشە. مرۆڤ حەز دەکا خۆی یاسا بۆخۆی دابنێ . کەچی ئاین کۆمەڵێک حوکمی بەسەردا سەپاندوە.
هەست دەکەی کە ئاین چۆتە ناو هەموو بابەتێک و بەچەواشەکاری خۆی تێدا هەڵقورتاندوە. هەست دەکەی لە جیاتی چارەسەر، کێشەی خولڨاندوە .لە ڕووی ئەخلاقیشەوە، مرۆڤ هان دەدات بۆ هەموو جۆرە تاوانێک و لە کۆتاییدا پێت دەڵێ بەیەک تەوبە هەمووی دەسڕێتەوە. لە ڕووی توندو تیژیشەوە کەس هێندەی ئایندارەکان توندڕەو نین . کەس هێندەی ئەوان ڕیاباز نین بە ناوی سوننەتەوە ڕیش دادەنێن کەچی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە کە خەڵک بە پیاوی ئاینیان بزانێ. کەس هێندەی ئەوان دووڕوو نین . بەوەی لەسەرەوە جۆرێک خۆیان نیشان دەدەن و لە ژێرەوە جۆرێکی تر خۆیان نیشان دەدەن بەناوی کەتمی ئیمان .
نموونەی تر زۆرن . بەڵام تەنها ئەوەندە باس دەکەین بۆ ئەوەی بابەتەکەمان درێژدادڕ نەبێ. ئەمە هەمووی بەروو بوومی ئاینە کە بەشێوەیەکی سیستماتیک لە لایەن هەڵسووڕێنەرانی دەوڵەتی قووڵ داڕێژراون .
بە پێچەوانەوەش بە هەمان شێوە ، باڵەکەی تر بەناوی سیحرو جادوو ئەستێرەناسی و کەرامات و ئەو جۆرە بابەتانە بەشێوەیەکی تر خەریکی لە خشتە بردنی مرۆڤن و لە سرووشتی مرۆڤبوونی خۆی دووری دەخەنەوە. لە ڕاستیدا هەردوو ڕێچکە ،سەر بە دوو دەوڵەتی نهێنی قووڵن بۆ لەخشتە بردنی مرۆڤ و پێویستە مرۆڤ خۆی بپارێزێ لێیان و فریو نەخوا بە دروشمبازیان. ڕێگەی ڕاستەقینەی مرۆڤ ڕێگەی زانستە ڕێگەی ئاوەدان کردنەوەی زەویە . ڕێگەی خۆناسی و ڕێگەی خۆشەویستی و ڕێگەی

گەشبینی و هەوڵدان و کۆڵنەدان و سەرکەوتن و پێشکەوتن و ڕۆشنبیری و تەندروست بیری وبیرکردنەوەو پرسیار کردن و بە دوادا گەڕانە.

حەڤدەیەم / ڕقی پیرۆز

دەسەڵاتی ( خوداوەندی بە خودا کراو ) کە لە ڕێی بە پیرۆزکردنی ڕقەوە هاتەسەر تەختی دەسەڵات و تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی ئاینی بە چوار دەورەی دونیادا کێشاو ئابلۆقەی هزری خستەسەر تەواوی جیهانی مرۆڤایەتی و بووە دەرکەوتەی چوار هەزار ئاین . ئێستا خۆری ئەو دەسەڵاتە خودابیە لە ئاوا بوونەو وەک دارێکی کلۆری لێ هاتوە ، هاکا گەردەلولی جەنگێکی گەورە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەری هێنا ، چونکە لە بەرامبەردا ،دەوڵەتی قووڵی نهێنیی شاراوەی شەیتان کەوتۆتە خۆو هاتۆتەوە سەرخۆو
کەتۆتەوە سەرپێ. لەو نێوەندا ڕقی پیرۆز کە لەلایەن هێزی دەوڵەتی قووڵی خوداوە بەکار دەهێنرا. توانی مەبەست و مەرامەکانی بەدی بێنێ بەبێ گوێدان بە مرۆڤ و سروشتی پاکی مرۆڤ ، بەڵام ڕقی پیرۆز کراو لەبەر ئەوەی پەردەپۆش کرابوو بە ئیمان، بۆیە نەک هەر کەسایەتیی مرۆڤ تێک نەشکاند ، بەڵکو کەسایەتیی مرۆڤی بەشێوەیەکی تر داڕشتەوەو لەسەر بنەمای ئاین و ئیمان دایمەزراند ، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای مرۆیی ڕاهاتوە لەسەر ئەو ڕقە پیرۆزە ، بۆیە هەست بە دەرکەوتەو دەرهاوێشتەکانی ناکا لەسەر مرۆڤسالاریی خۆی.
لە بەرامبەر ئەوەشدا دەوڵەتی قووڵی نهێنیی شاراوەی شەیتان ، ئەویش هێزێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ بەرگری کردن و تەکتیکی هێرش بردن. کە لە نێو ئاینەکاندا ناوی لێ نراوە (وەسوەسە ) هەرچەندە ئاین دان بەوەدا دەنێ کە ئەم چەکە ، چەکێکی بەهێزی دەوڵەتی قووڵی شەیتانە ، بەڵام هەوڵ دەدا لەپێش چاوی شوێنکەوتوانی بچووکی بکاتەوە بەوەی کە ئەو چەکە هیچ کاریگەریەکی نیە بەرامبەر کەسێک کە باوەڕی تەواوی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی خودا هەبێ. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەوڵەتی قووڵی خودا پشت بە چەکی ئیمان دەبەستێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەتی شەیتان و دەوڵەتی شەیتانیش پشت بە چەکی وەسوەسە

دەبەستێ ، لە دەرەنجامدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەردوو هێزەکە یەکسانن تەنها هۆکار کە دەسەڵاتە خوداییەکە زەبەلاحتر نیشان دەدا ئەوەیە کە لە حاڵی حازردا ئەو دەسەڵاتە حوکمڕانی تەواوی جیهانەو دەسەڵاتی شەیتانیش وەک ئۆپۆزیسیۆن دەردەکەوێ ، بۆیە لاواز دەردەکەوێ .
لەو نێوەندەدا ڕقێک هەیە کە پیرۆز کراوە بۆ ململانێکان . بەڵام بە ڕاستی مرۆڤ بێ گوناهە لەو ململانێیەو تۆمەتبارە بەو ڕقە پیرۆزە . بۆیە دەبێ مرۆڤایەتی بەهۆش خۆی بێتەوە بەر لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا کە هەموو وزەو تواناکانیان لە تێکشکاندنی مرۆڤ وەرگرتوەو بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ بۆتە سووتەمەنی ئەو ململانێیەو باجی مەرامەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە دەدا.

هەژدەیەم / مەرامی هەردوو هێزەکە دیارە چیە.

ئەو هێزەی کە خۆی کردۆتە خودا ، لەژێر دروشمی باوەڕداریدا دەیەوێ خەڵکەکە دەستەمۆو ڕام کا بۆ ملکەچی و زەلیلی و کۆیلەیی و دانان بەو دەسەڵاتەدا و وەرگرتن و قەبوڵ کردنی هەرشتێک کە لەو دەوڵەتەوە پێی دەگات بەبێ دوودڵی و بێ سێ و دوو کردن جێبەجێیان بکات. پرسیارکردن بەهەموو شێوەیەک حەرامە، گومان کردن کوفرە لادان بڤەیە، سەرپێچی کردن ستەمە، هەڵگەڕانەوە کافر بوونە.ڕێبەرانی ئەو ڕەوتە لە دەوڵەتی قووڵیی نهێنیدا، شوێنکەوتوانیان وا ئاراستە دەکەن کە بە هەموو شێوەیەک پارێزەری ئەو بنەمایانە بن . جەنگ بکەن لەو پێناوەدا خوێن بڕێژن قوربانی بدەن ، باج بدەن ، باج کۆکەنەوە. خۆیان بە ڕاست بزانن ، خۆیان بەچاک بزانن ، خۆیان لا پەسەندبێ. هەموو شتێک لە دەرەوەی خۆیان بە دوژمنی خۆیان بزانن. هەموو چاکەکان بە موڵکی خۆیان بزانن. هەموو ڕاستیەکان بدەنە پاڵ خۆیان . خۆیان بە دەمڕاستی هەموو سەرزەوی بزانن. بە پێچەوانەوە . دەوڵەتی قووڵی نهێنی دووەم کە ناوی زڕێنراوە بە شەیتان، ڕەت کەرەوەی هەموو ئەو تۆمەتانەی سەرەوەیە. بەڵام بە بیانووی

ئاژەڵاندنی مرۆڤ . بەوەی کە لە پێناوی هەوەس و ئارەزوو چاوچنۆکی و بەرەڵڵایی و باوەڕ نەبوون بەهیچ شتێک و نرخ دانەنان بۆ هیچ شتێک و سڕینەوەی ڕابردوو وچاوپۆشی کردن لە ئێستاو چاو نوقاندن لە داهاتوو بە کورتی: هێزی یەکەم بۆ دیل کردن و بەند کردنی مرۆڤە. وە هێزی دووەم بۆ ئاژەڵاندن و بەرەڵڵایی مرۆڤ. کە لە ڕاستیدا هیچکام لەو دوو هێزانە، خوازیاری ئەوە نین مرۆڤ بچێتەوە سەر ئەسڵ و بنەچەی مرۆڤبوونی خۆی و هەرکاتێک بزانن ئەو هێزە سەری هەڵداوە، لە دژی ئەو یەکدەگرن و لەناوی دەبەن یان بەلاڕێیدا دەبەن یان هێزێک لەو دوو هێزانە بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێ . خۆ ئەگەر هەر سوودی نەبوو ، لەناوی دەبەن . سەیرکەن لە مێژوودا هەرکاتێک مرۆڤ گەیشتبێتە لوتکەی پێشکەوتن و شارستانیەت، لەناویان بردوە ، پەیامە ئاسمانیەکان خودی خۆیان شایەتحاڵن لەسەر ئەو وێرانکاریانە کە ئەنجامیان داوە.

هێزی سێیەم کە هێزی مرۆڤبوونە ، پشت دەبەستێ بە داتاو زانیاری و مرۆڤسالاری و پێشکەوتن و شارستانیەت وهونەرو ئەدەب و زانست کە بڕبڕەی پشتی ئەمانە ،هۆشمەندیە لە مرۆڤدا . هۆشمەندی ، مرۆڤ بێدار دەکاتەوە لەو هەموو پیلانگێڕیانەی ئەو دوو هێزە.

هەرچەند ناسینەوەی حەقیقەتی مرۆڤبوون کاڵ بۆتەوە بە دەست هەردوو هێزەکەوە .چونکە خەسڵەتە مرۆییەکانیشیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردوەو بە موڵکی خۆیانی دادەنێن. بۆیە سەرەتا مرۆڤ دەبێ ئەسڵی خۆی بدۆزێتەوەو بەموڵکی خۆی بزانێت و خاوەندارێتیان بکات ولەو دوو دەوڵەتەی بسەنێتەوەو خۆی بپارێزێ لێیان.

نۆزدەیەم / دژایەتی و جەمسەربەندی.

لەنێو هەموو ئاینەکان ئەم دوو جەمسەربەندی و دژایەتیە بوونی هەیە و هەستی پێ دەکرێت. بەڵام تۆخ بوونەوەی ئەم دژایەتیە تا ڕاددەی هاندانی هەواداران و شوێنکەوتوان و هاوئاوازان و هاوسۆزان بۆ کوشت و کوشتارو جەنگی خوێناوی ،دەیسەلمێنێ کە ئەم بابەتانە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خودای ڕاستەقینەوە . ململانێ ڕاستەقینەکە لەسەر ئەوەیە کە هێزێک ئیددیعای خوایەتی دەکات و هێزەکەی تریش ئەو درۆیە ڕەت دەکاتەوە. چونکە هەر خودی خودا خۆی بوونەو هەموو شتێکە . بەو پێوەرە ،ناچێتە عەقڵەوە کە بەشێکی خودا دوژمنی سەرسەختی بەشەکەی تری خۆی بێ لێرەوە دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە ململانێی هەردوو جەمسەرەکە) جەمسەری خودا بۆ کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤ لە بەرگی کۆیلایەتیداو جەمسەری شەیتان بۆ بەرەڵا کردنی مرۆڤ لە بەرگی ئازادیدا( هیچیان ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەرناخەن .بە پێچەوانەوە هەردوو جەمسەری خودا و شەیتان ، مرۆڤ وەک کاڵایەک و ئامێرێک و ئامرازێک بەکاردێنن و کردویانەتە سووتەمەنیی ئەو جەنگە.
بۆیە مرۆڤ هەرگیز بەهرەمەند نابێ لە وەرگرتنی بەهرە لەو دوو هێزە زلهێزە (دەوڵەتی قووڵی نهێنی) و وەشوێنکەوتنی ڕێنماییەکانیان و هەربابەتێکی تر ، تەنها زیان بە سرووشتی مرۆڤ دەگەیەنێ . بۆیە پێویستە مرۆڤ لە کۆیلایەتی هەردوو جەمسەر بێتە دەرەوەو بە دوای ئەسڵی ڕاستەقینەی خۆیدا بگەڕێ .وە یاساکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە گشت بوارەکاندا لەسەر ئەو بنەمایە سەر لەنوێ دابڕێژێتەوە .وە شەرم لە سرووشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ بوونی خۆی نەکات و نەترسێ لە دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤ بوونی خۆی .
لە بیرت نەچێ . هەموو ئاینەکان ڕووبارێکن و دەڕژێنە دەریالووشی قووڵ و فراوانی ئەو دەوڵەتە قووڵە نهێنیەوە.

بیستەم / بەرهەمی هەردوو دەسەڵاتەکە .

هەرچی دەسەڵاتە خوداییەکەیە (خوداوەندی بە خودا کراو) بەکوشت وکوشتاروتاڵانی دەست پێدەکات و سەری لە موعجیزەو کەشف و کەرامات (جۆرە زانستێکە بۆ فریودانی خەڵک ) دەردەچێت و لەو ڕێیەوە دەسەڵات دەگرێتە دەست (یان دەیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست) یان دەیەوێ ببێتە باوکی ڕۆحی یان مەرجەعی کۆمەڵگا. لە دواییش دا سەری لە بێ ڕەوشتی دەردەچی .
هەروەها ، هەرچی دەسەڵاتە شەیتانیەکەشە (خوداوەندی بە شەیتان کراو) ئەویش لەڕێی فرت و فێڵ و گزی و خیانەت و درۆ دەست پێدەکات و سەری لە سیحرو جادوو هێزی ڕۆحی و فاڵگرتنەوەو ئەستێرەناسی و خوێندنەوەی ڕوخسار (کە ئەمانەش کۆمەڵێک زانستن بۆ فریودانی خەڵک) دەیەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست و لە کۆتاییدا سەری لە ئاشووب و ئاژاوەو پشێوی وفیتنە و بەدڕەوشتی و بێ ڕەوشتی دەردەچی .
کەواتە خاڵی هاوبەشی هەردوو هێزەکە بریتیە لە ( فێڵ کردن لە خەڵک و گرتنە دەستی دەسەڵات و بێ ڕەوشتی) بۆیە مرۆڤایەتی پێویستە ڕووبەڕوویان بوەستێتەوە. چونکە ئامانجی هەردوو هێزەکە ، دەستەمۆکردن و کۆیلە کردنی مرۆڤە.

بیست و یەکەم / مرۆڤی ( ماڵی) و مرۆڤی ( کێوی)

ململانێی ڕاستەقینەی هەردوو هێزەکە، گرەو کردنە لەسەر چۆنیەتی بە ئاژەڵ کردنی مرۆڤ .
سەیری هێزی یەکەم یەکەم بکە . پڕەنسیپەکەی بریتیە لە ماڵی کردنی مرۆڤ بەناوی (عبدا صالحا، عبادالرحمن، عبداللە) کە تێیدا مرۆڤ دەخرێتە نێو قەفەسی ئاینەوەو ڕام دەکرێ و بە کۆمەڵێک یاساو ڕێساو پڕەنسیپ دەستەمۆو کۆت و بەند دەکرێ ،لە پێناو وەرگرتنی کۆمەڵێک ڕاهێنان و تەوجیهات و تەعلیمات ، پاداشتەکەشیان ،بریتیە لە مانەوەیان تاکۆتا نەفەس لەنێو ئەو قەفەسە ئاینیەداو پێ بەخشینی هەندێک دان و ئاوو خۆراک و

سێکس و پشوو . قەفەسێکی شایستە بەگوێرەی تواناو بەهرەی ئەو ئاژەڵە دەستەمۆ کراوەو بەڵێن دان بەوەی لە دونیاییێکی تریش هەمان ژیانی شایستە و چەندەها جار شایستەتری پێ دەبەخشرێ.
وە لە بەرامبەر ئەوەدا ،هێزەکەی تر مرۆڤ هان دەدا بۆ شکاندنی دەرگای قەفەسەکە ،لە پێناو ڕازی نەبوون بەو کۆت و بەندو زیندانە .ئەمەش نەک لە پێناو ئازاد بوونی مرۆڤدا. بەڵکو ئەویش مەرامی وایە کە مرۆڤ بکاتە ئاژەڵێکی کێوی و گوێ بەهیچ نەدات و بیگەڕێنێتەوە بارودۆخی سەرەتایی ژیانی مرۆڤایەتی و باوەڕ نەبوون بە هیچ شتێک و متمانە نەکردن بەهیچ شتێک و وەک ئاژەڵی کێوی وەفای نەبێ بۆ هیچ شتێک . لەو نێوەندەشدا هەردوو هێزەکە ، مەرامی خۆیان تاقی دەکەنەوە لە ڕووبەڕوو کردنەوەی هەردوو چینی مرۆڤە ڕامکراوو کێویەکەداو، وەک سەیرکەر لە توانای جەستەیی و مەعریفیەکەی هەردوو چینەکە ڕادەمێنن بۆ ئەوەی بزانن تا چ ئاستێک توانیویانە توانای ئاژەڵەکانیان بەرز کردۆتەوەو هەڵەکانیان لە کوێدایە تاکو لە دەرفەتی داهاتوودا هەڵەکانی خۆیان ڕاست کەنەوە. بۆیە ئەوەی لەسەر مرۆڤە ئەوەیە کە بزانێ چۆن تواناکانی خۆی بەکاردێنێت و ئاڕاستەی دەکات . دەبێ لەوە تێ بگا کە خۆی نەکا بە کاڵا بۆ هەردوو هێزەکە . دەبێ بزانێ سرووشتی مرۆڤ بوونی خۆی چیە.دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕەگ وڕیشەی ڕاستەقینەی مرۆڤ بوونی خۆی . کە بنچینەی مرۆڤبوونی ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤ لە هەوڵ و تێکۆشان دابێ لە پێناو بەرزتر کردنەوەی لایەنی مرۆڤایەتی و مرۆڤ سالاری و پشت بەستن بە زانست و هونەرو تەکنیک و فەلسەفەو داهێنان و ئاوەدان کردنەوەی زەوی و نوێبوونەوەو ڕێکخستنەوەو ژینگەپارێزی و یارمەتیدان و بەخشین و لێبووردەیی و سیفەت و ئاکارە مرۆڤایەتیە باڵاکان و پارێزگاری کردن لە شکۆو شەهامەتی مرۆڤبوون و نرخ و بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤسالاری و کۆمەڵێک شتی دیکە.

مردن دیاردەیەکی سرووشتیەو هەموو شتێک دەگرێتەوە و هیچ شتێک لێی بەدەر نییە . بۆیە پێویستە دان بەو ئەمری واقیعەدا بنێین کە مێوانی هەموومانە ، مردن ڕاگواستنی ماددەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر . مرۆڤیش یەکێکە لەو شتانەی کە مردن لە قۆناغێکەوە دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی تر . بەڵام گەورەکردن و شێواندن و زێدەڕۆیی تێدا کردن لەو بابەتە ، نیازێکی تری لە پشت دایە . دەوڵەتی نهێنی قووڵی خودا لەلایەن ئاینەکانەوە کە سەرپەرشتی دەکرێ . پێی وایە مردن ، لە دەستدانی ئەو دەرفەتەیە کە پێویست بوو خودا لە خۆت ڕازی بکەی . وە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە فشاری شوینکەوتوانی ، دونیایەکی خەیاڵئامێزی بەناوی ئەو دونیا ( بەهەشت و دۆزەخ) بنیات ناوە.ئەمەش لەجیاتی چارەسەری گرفتەکە ( خۆ دوورخستنەوە لە فشاری شوێنکەوتوان ) گرفتێکی تری زیاد کردوە ،ئەویش بریتیە لە هیواخواستنی شوێنکەوتوان بەو دونیایە.بۆیە پیاوانی ئاینی ئەمەیان بەهەل زانیوە کە خۆشەویستی ئەو دونیا برەو پێ بدەن و شوێنکەوتوان هان بدەن لەسەر خۆکوژی و خۆ بەکوشت دان . تەنانەت وێنای پێشەواکانیشیان دەکەن بەوەی لەسەر ئەم ڕێبازە خۆیان کردۆتە قوربانی یان بوونەتە قوربانی. ئەمەش وای کردوە کە شوێنکەوتوان لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونەدا ،چەندەها جەنگ بخولقێنن و خۆیان و دژەکانیان تێیدا بکرێنە سووتەمەنی جەنگەکان . بەو شێوەیە ئاین توندوتیژی بەرهەم هێناوە تا ئێستا.
لەسەرێکی ترەوە، دەوڵەتی قووڵی نهێنی شەیتان (دژە ئاین ) بە ڕۆچوونی شوێنکەوتوانیان لە بێ مانایی و بێ بەهایی و پووچگەرایی ، بارودۆخێکیان خوڵقاندوە کە شوێنکەوتوانیان هیوا بە مردن بخوازن نەک بە ژیان . ئەمەش بۆتە ڕێژەیەکی زۆری خۆکوژی ، هەروەها خراپ بەکارهێنانی شتەکان وەک مەی و جگەرەو تلیاک و چی و چی کە خودی ئەو دەوڵەتە ڕێبەری دەکات . ساڵانە چەندەها کەس لەناو دەبات . کەواتە لە دەرەنجامدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەردوو دەوڵەت ، تەنها مردنی مرۆڤایەتیان لا مەبەستە نەک ژیان .

بەڵام لە ڕاستیدا حەقیقەتی مرۆڤ جۆرێکی ترە کە بریتیە لە خۆشویستنی ژیان . هۆکارەکانی خۆشویستنی ژیانیش گرێدراوە بە ڕاستیەکانی ژیان کردن .
ڕاستیەکانی ژیان کردنیش بریتیە لەو کارو وەزیفە حەقیقیەی کە مرۆڤ پێویستە پێی هەڵسێ . وەک زانست و هونەرو ئەدەب و ژیاندوستی و کارکردن و هەوڵدان و بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەو ڕازاندنەوەی سەرزەوی بۆیە مرۆڤ تا لە کارو وەزیفە ڕاستەقینەکەی خۆی ڕۆبچێ ، زیاتر لە خۆزگە خواستن بە مردن دوور دەکەوێتەوە . ئەسڵەن بەهۆی سەرقاڵ بوونیەوە بە وەزیفە ڕاستەقینەکەی ، مردنی هەر بیر دەچێتەوە.

لەگەڵ بوونی هۆشمەندیەک لەسەرووی هۆشمەندی مرۆڤ بۆ کۆنترۆڵ کردن و ڕام کردن و کۆیلە کردن و بەرنامەڕێژکردنی مرۆڤ ، بەڵام ئەم دوو هێزە هەر بە شاراوەیی مانەوەو خۆیان دەرنەخست . لە پەیامە ئاسمانیەکان و کتێبە پیرۆز کراوەکانەوە بۆت دەردەکەوێ کە ئەو دوو هێزە لەبەر ترس ، خۆیان شاردۆتەوە لە مرۆڤ . هەرچەندە لەلایەن شوێنکەوتوانیانەوە وا نیشان دەدرێ کە لۆژیک نیە ئەو دوو هێزە ببینرێن بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤ بەکارهێنان بۆ ئامانجەکانیان و مرۆڤ کردنە قوربانی لە پێناوی خۆیان ، باشترین لۆژیکە کە ئەم دوو هێزە، هێزی ئازاو بوێرەکان نیە. ترسی ئەم دوو هێزە لە گەشەسەندنی توانا عەقڵیەکانی مرۆڤ و بەهەموو شێوەیەک ڕێگری کردن لێی ، ئەو ڕاستیەمان پێ دەڵێن ... چونکە ئازاو بوێرەکان ڕووبەڕوو دێنە مەیدان و خۆیان بە دەستی خۆیان ،ئەوەی کە مەبەستیانە ، بە دەستی دێنن . بەڵام ئەوانەی بە دەستی مرۆڤ مەبەستەکانی خۆیان بە دەست دێنن ، ترسنۆکەکانن.
هەر لە خودی کتێبە ئاینیەکاندا ئەو ترسەیان ڕەنگدانەوەی هەیە ،کە هەر کاتێ مرۆڤ شارستانیەتی بنیات نابێ، ئەوان لەناویان بردوە . وە بە شانازیەوەش باسیان لێوە کردوە. بۆ ئەوەی شوێنکەوتوانی ئەو دوو هێزە بناسیتەوە، ئەوانەن کە پلانی سەدان ساڵەو بە شێنەیی دادەنێن. بۆ داگیر کردنی بستێک خاک . ئەگینا هێز پێویستیی بەترس نیە ، بە تایبەتیش ئەگەر لەسەر حەق بێت . بەڵام ئەو هێزەی بە ترسەوەو بە خشکەیی پلانەکانی جێبەجێ دەکات، دڵنیابن شوێنکەوتەی ئەم دوو دەوڵەتەن.
هەر خۆی ترس لە مرۆڤ و لە تواناکانی مرۆڤ لە لایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە ، نیشانەی ترسنۆکیە.

هەردوو دەوڵەتەکە پشت بەو هێزە دەبەستن کە چاوبەستە بۆ مرۆڤ ، واتە تەنها فێڵ کردنە لە چاو . هێزی ( خوداوەندی بە خودا کراو ) بۆ پێغەمبەران ناوی لێنراوە موعجیزە . نموونەکانیش باسکراون لە پەڕاوە ئاسمانیەکان . هەندێک لەو نموونانە وەک : عیسا باڵندەی لە قوڕ دروستکرد و فووی پیا کردو بوو بە باڵندەیەک و هەڵفڕی . یان ئیبراهیم خرایە ناو ئاگر و ئاگرەکە سارد بوو ، مووسا دارەکەی هەڵداو بوو بە مار هەرچەندە هەندێک لە ڕووداوەکان بە لاڕێدا براون و وەک گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەیەی کە ئۆتۆناپیشتم بۆ گەلگامشی گێڕایەوە، کە لافاوێک هەموو دونیای گرتۆتەوەو تەنها خۆی و هاوسەرەکەی لەو لافاوەدا ڕزگاریان بووە، ئەم چیرۆکە بەرگی موعجیزەی کراوە بەبەرداو داویانەتە پاڵ پێغەمبەرێک بەناوی نوح. هەندێکی تریان لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوو باسی لێوە نەکراوە جگە لە کتێبە ئاینیەکان وەک شەق بوونی ڕووبار بۆ مووسا .
بەهەرحاڵ ، هێزەکەی تریش ( خوداوەندی بە شەیتان کراو ) بەناوی سیحروجادوو فاڵ و ئەستێرەناسی و سەرناسی وچی و چی ، هێزەکەی خۆی دەردەخا . چەندین ناوی نوێی بۆ دۆزراوەتەوە ، وەک پاڕاسایکۆلۆژی وخەواندنی موگناتیسی و حاسسەی شەشەم و هێزی ڕۆحی و ڕۆحانیەت و چی و چی .
بەڵام خودا ، هێزی ڕاستەقینەی خۆی لە ڕێگەی کەسبی نەفس و هەوڵدانی مرۆڤ و پڕۆڤەو مەشق و تێکۆشان و ماندوو بوون و کارکردن بۆ مرۆڤ دەنێرێ ، نەک بەو دوو شێوەیەی کە باسمان کردن ، ئەمە خاڵی جیاکردنەوەی خودای ڕاستەقینەیە لەهەردوو هێزی خودا وەندی بە خودا کراوو خوداوەندی بە شەیتانی کراو . هێزی خودا لە گەشەدان و فراوان بوون و زۆر بوونی شتەکانی نێو وجوود خۆی دەبینێتەوە کە پشت بەستوە بە یاسا سرووشتیەکانی ناو گەردوون . بەڵام هێزی هەردوو خوداوەندەکە بریتیە لە تێکشکاندنی یاساکانی خودا و بەکارهێنان و دووبارە داڕشتنەوەیان و گۆڕینیان .

بیست و پێنجەم / جەنگی ناخ و جەنگی ڕووکەش.

هیچ کەس نیە لە ئێمە ڕووبەڕووی ئەو جەنگە نەبووبێتەوە . جەنگێک لە ناخ و جەنگێکی تر لە دەرەوەی ناخ ،جەنگی دوو جەمسەربەندی . یەکێکیان پەلکێشت دەکا بۆ جیهانی کۆیلە بوون و ئەوەی کە خەڵک ناویان لێناوە خودا ،شوناسەکەشی ئەوەیە ملکەچ بیت و گوێڕایەڵ بیت و کۆیلە بیت و باوەڕداربیت و لە ژێر فەرمان دا بیت و وەک ڕۆبۆتێک لەلایەن ئەو جەمسەرەوە قورمیش بکرێیت و بەشێوەیەکی سیستماتیک ،هەموو سەرەداوەکانی عەقڵت لێ ئاڵۆز بکا. بە تلیاکی بەرنامەکەی، بێهۆشت بکات.
جەمسەرەکەی تر ، کە خەڵک ناوی لێناوە شەیتان ، پەلکێشت دەکا بۆ ڕەخنەگرتن و ئازادی ڕەها و بەڕەڵڵایی و گوێ نەدان بەو شتانەی کە مرۆڤایەتی ڕێزی لێ دەگرێ وسەرکەشی کردن و تەماع وچاوچنۆکی و خۆ دەوڵەمەند کردن و ناوبانگ و چەندین جۆریتر .
لەو نێوەندەدا مرۆڤ هەست بە نامۆیی دەکا لەنێوان هەردوو هێزدا . هەست دەکا هیچ کام لەم دوو هێزە ، خەمخۆری ڕاستەقینەی مرۆڤبوون نین . دوو هێزن تەنها دەیانەوێ مرۆڤ وەک ئامرازێک بەکاربێنن بۆ مەرامەکانیان. ئەم ململانێ و کێشمە کێشمە، دەیسەلمێنێ کە دوو دەوڵەتی نهێنیی لە پشتەوەی ئەو دوو جەمسەرەدان و شەڕەکەیان خستۆتە ناخی مرۆڤەوە. هەمان بارودۆخ وهاوکێشەش ،بۆ ڕووکەشی دەرەوەی مرۆڤ هەمان ڕاستیە. کە مرۆڤەکان وەک بووکە شووشە دەخەنە سەر ستەیجی دیبەیتە پڕ لە جەدەل ونیقاشەکان .
ڕاستتر وایە بڵێم کە بە زۆر پەلکێش دەکرێن و بەناوی دیبەیتەوە دەمەدەمێیان پێ ساز دەکەن . بەڵام سرووشتی مرۆڤ هەرگیز خوازیاری ئەو جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوانەوە نیە .ئەمانە هەموویان دەیسەلمێنن کە ئەو دوو هێزە ،هیچ پەیوەندیەکیان نیە بە سرووشتی ڕاستەقینەی مرۆڤەوەو مرۆڤ دەبێ خۆیانی لێ بەدوور بگرێ و بگەڕێتەوە بۆ سرووشتی ڕاستەقینەی خۆی .

بیست و شەشەم / ئاگاداری هێزی (بەلاڕێدا بەر – خادع) بە.

ئەو دوو هێزەی که لە لایەن هەردوو خوداوەندەکەوە کۆنترۆڵ کراون ، لە بنەڕت دا دوو هێزی سرووشتی مرۆییە ئەگەر لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا بمێننەوە ، ئەوا هیچ شتێک ڕوو نادا . بەڵام ئەگەر مرۆڤ لاواز بوو ئەوا دەکەوێتە دەست ئەو دوو هێزە دەرەکیەوە. بەهێزی مرۆڤیش لە سەربەست کردنی ویست وئیرادەدایە لەو حاڵەتەدا.
هێزی چاکەخوازی و خراپەکاری تەنها لە ڕووداوەکاندا ڕاستیەکەیان دەردەکەوێ ، نەک بەو پێناسە چوارچێوە داڕێژراوە دۆگماییانەی کە چاکەو خراپەی تێ ئاخنراوە. چۆن چاکەو خراپە بەستراوەتەوە بەڕووداوەکانەوە؟ بۆ نموونە: چاکە ئەوەیە کە یارمەتی هەژارێک بدەی ، بەڵام ئەگەر ئەو چاکە بووە هۆی ئەوەی کە هەژارەکە بە دوای هیچ کارێکدا نەگەڕێت و هەر تەنها چاوی لەو برە یارمەتیەی تۆ بێ، ئایا ئەمە دەبێتە چاکەخوازی؟ بێگومان نەخێر ، چونکە بەهۆی ئەو چاکەیەوە شکۆی کەسێک کەوتە خوارەوەو شکاو بووە ڕیسوای خێرێک. بۆیە هێزی بەلاڕێدا بەر ( خداع ) هەمان بارودۆخی هەیە. ئەوەی کە بەلای ئەوەوە گرنگە پێشڕەویت بکا لە لەڕێ دەرکردنت جا هەندێ جار بەناوی خوداو لە بەرگی ئایندا خۆی دەکات بەپیاوچاک تا ببیتە کۆیلەو شوێنکەوتەی . هەندێ جاریش لە بەرگی شەیتان دا خۆی لێت دەکات بە بیرمەندو زاناو دانا و کەسێکی ئازادیخواز تا ببیتە کۆیلەو شوێنکەوتەی ئەو .تەنها ئامانجی ڕاستەقینەشی کۆیلەکردن و شوێنکەوتە کردنی تۆیە بە ڕابەرایەتی خۆی . بۆیە ئەو خوداو شەیتانە داتاشراوە هەرخۆی دایتاشیوە بۆ شەرعیەت دان بەو کردارو ڕەفتارە سەیروسەمەرەیەی خۆی . جا ئاگاداربە تۆ پێویستت بە هیچ هێزێکی دەرەکی نیە. چونکە سەرچاوەی هەموو هێزەکان لەتۆوە هەڵدەقوڵێن نەک لە دەرەوەی تۆوە. تەنانەت بە ململانێی هەردوو هێزە دەرەکیەکەش (خوداو شەیتانی داتاشراو) فریو مەخۆ. چونکە تەنها سیناریۆیێکە بۆ بەلاڕێدابردنی تۆ لە خودی ڕاستەقینەی خۆت. هەموو ئامانجێکیان ئەوەیە وەک خێر پێکراوەکە خێرت پێ بکەن وبەو خێر پێکردنە ڕیسوات بکەن و لە مرۆڤبوونی خۆت داتشۆرن.

ئێمە تا ئێستا وا گۆشکراوین کە تەنها شەیتان وەسوەسە دەخاتە دڵی مرۆڤەوە. بەڵام لە ڕاستیدا خوداو شەیتان هەریەک لە دژی ئەویتر ئەو چەکە بەکاردێنن.
تەنها ڕوون کردنەوەیەکی سادە بۆ ئەو بابەتە دەکەم کە ئەو دوو هێزە هەر لە خودی خۆمان دا هەن . ئەو دوو هێزە نهێنیە تەنها کاریان ئەوەیە کە زیاتر هێزی پێدەدەن. بەڵێ. وەسوەسەی شەیتان ئەوەیە کە تۆ بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆت هەڵدەستی ، ئەو دەیەوێ سەرت لێ تێک بدات و لەو ڕاستەرێیەی خۆت نەچیت .بۆ نموونە تۆ بیرکردنەوەی خۆت لەسەر بابەتێک چڕ دەکەیتەوەو دەتەوێ لەو ڕێیەوە بوونی مرۆڤبوونی خۆت بسەلمێنی . یان دەتەوێ بگەی بە حەقیقەتێک . بەڵام ئەو دەیەوی تۆ سەرقاڵ بکا و بەشتی لاوەکیەوە بەلاڕێت دا دەبات.
وەسوەسەی خوداش بەهەمان شێوە ،بەڵام بە دیوێکیتر. ئەو دەیەوێ ئەو هەوڵ وماندوو بوونەت پوچ بکات و دونیایێکی خەیاڵیت لە پێش چاو برازێنتەوە کە ناوی لێناوە جیهانی میتافیزیکی . وە لادان لە فەرمانە وەسوەسیەکانی ئەو ، بریتیە لە نیشاندانی دۆزەخێکی خەیالی بەتۆ ، گوێڕایەڵی کردنی فەرمانی ئەو ، نیشاندانی بەهەشتێکی خەیالیە بەتۆ .
هەردوو وەسوەکەش مرۆڤ دەبەن بۆ کۆت و بەندی یان بۆ بەرەڵلایی و نایەڵن وەک مرۆڤ بەرێگای ڕاستی خۆتا گوزەر بکەی .

بیست و هەشتەم / وەسوەسەی شەیتان وخودا ( بەشی دووەم)

وەسوەسە بە گشتی خورپەیێکە بەناخ دا دێت و گومان دەخاتەسەر ڕاستیەکان و مرۆڤ مودمین وموعتاد دەکات بە خوێکەوە کە کەسەکەو دەوروبەری بەلایانەوە کارێکی نائاسایی دەبێ. خووگرتن بە هەندێ سلوک وڕەفتار بە هەندێ هەڵسوکەوتی لاوەکی . واتە هەموو جۆرەکانی خوو پێوەگرتن خۆ ڕادەست کردنە بە وەسوەسە بە هەردوو بارەکەدا . واتە ئەو کەسەی کە خووی گرتووە بە جگەرە کێشان ، هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ کەسێک کە خووی بە چەند وێردێکەوە گرتوەو دەیڵێت و دەیڵێتەوە. ئیتر درێژە بە جۆرەکانی خووپێوەگرتن نادەین و تەنها ئەوەندە دەڵێین کە هەموو خووپێوە گرتنێک وەسوەسە بەرهەمی دێنێ .
جیاکردنەوەی وەسوەسەی شەیتان لەگەڵ وەسوەسەی خودا تەنها ئەوەیە کە وەسوەسەی شەیتان کراوە بە فەرمانێکی ڕەتکراوە لای خەلک .بەڵام وەسوەسەی خودا کراوە بەفەرمانێکی قەبوڵکراو . بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو جۆری وەسوەسەکە خەتەرناکن بۆ سەر کەسێتی مرۆڤ . مرۆڤ دەبێ خۆپارێزی بکا لە گشت جۆرە وەسوەسەیەک.

بیست و نۆیەم / کۆنتڕۆلی نەفس و عەقڵ لەلایەن ئەو دوو زل هێزەوە.

پێش سەرە مەرگیەتی ،نوێژوطاعەت و عیبادەتێکی زۆری کردوە .کاتی لە دونیا دەرچوونیەتی . خەون دەبینێ بە حۆریەکان و بەنازو نیعمەتەکانی بەهەشت و خەون بە پێغەمبەرەکەیەوە دەبینێ بانگی دەکا بۆ لای خۆی. ئەویتر کەسێکە لە ڕێگەی عەقڵەوە شەهیەی پرسیار کردنی بۆتەوە . پرسیار لە داروبەرد دەکا ، تەنانەت پرسیار لە پرسیار دەکا ، ئیلهامی بۆ دێ ، هەر لەنێو خودی وەڵامەکەی تۆدا پرسیاری بۆ دروست دەبێ وپرسیارت لێ دەکاتەوە . گومان لەهەموو شتێک دەکا . گومان دەخاتە سەر هەموو شتێک . گومان دەخاتە سەر حەقیقەت ،گومان دەخاتە سەر خودی گومانیش.

کاتێکیش بە وردی لێکۆڵینەوە دەخەیتەسەر هەردوو پیاوە ڕۆحی و عەقڵیەکە . بۆت دەردەکەوێ کەوا لە سەرووی خۆیانەوە ، لە هەردوو دەرگای ناخ و عەقڵەوە ئەو شتە سەیرو سەمەرانەیان بۆ دێ . ئەم وەهم وشتە سەیرو سەمەرانە هیچیان لە هێزی ڕاستەقینەی بوونەوە بۆیان نایە . بەڵکو لەو دوو هێزەوە بۆیان دێ کەبۆتە عەقیدە لای خەڵک (هەردوو هێزە دەسەڵاتدارە شاراوەکە) ئەگینا نە هیچ بەهەشت و حۆریەک و نەهیچ پێغەمبەرێک بوونی نیە. وە نە هیچ گومانێکیش بوونی نیە ژیان ئەوەیە کەهەیە وەک ئەوەی لەبەرچاوتە . کەسانێک کە خۆیان کردوە بە پێغەمبەر چونکە ئەو دەسەڵاتە ڕۆحیە لەو سەردەمەدا باو بووە ،یان کەسانێک بە تێپەڕ بوونی کات لەبەر ڕێزو گەورەی و تەقدیس کردن لەلایەن خەڵکەوە پلەو پایەی پێغەمبەرێتیان پێ بەخشراوە ، ئەمانە هیچ نین . تەنها کەڵەکەبووی ورتە ورتی نێو خەڵکین بە پفدانیان لەلایەن هێزی نادیارەوە کراونەتە واقیع و ئەمری واقیع و بەرگی حەقیقەتیان کراوە بە بەردا. بەهەشت و حۆریش بەهەمان شێوە ،هەر لە دەرەنجامی موزایەدەو ڕیکلامی بەردەوامی ئاینەکان و پفدانیان لەلایەن هێزی نادیارەوە کراوە بە حەقیقەت ، وە هەروەها حیساب وکیتاب و لێپێچینەوە ودۆزەخ ،هەمووی داهێنراوە و هیچ وجودێکی نیە . تاکە وجودێک بۆ ئەو بابەتانە ، تەنها ترس وتۆقاندنە بۆ خۆ سەپاندنی هێزی شاراوەی نادیار بەسەر شوێنکەوتوانیان هێزە عەقڵیەکەش کە بەردەوام کەرەستە بەردەستە وجوودیەکان بەشێوەیەکی خراپ بەکاردێنێ ،تا لە ڕێگەیانەوە بە ئاسانترین ڕێگەو بە زۆرترین دەسکەوتەوە دەست بەسەر هەموو ڕاستیەکان دا بگرێت و بیشێوێنێ. ناسینەوەی ئەم دوو هێزە زۆر ئاسانە . هێزە ڕۆحیەکە پشت بە جیهانێک دەبەستێ کە هیچ قسەیەک هەڵناگرێ . واتە باشترین و پارێزراوترین تونێلی خۆ ڕزگار کردن لە حەقیقەت و لە پرسیارەکانی خەڵک .

هێزە عەقڵیەکەش پشت دەبەستێ بە مشەخۆری و گزی و فزی و گەندەڵی و سەختەچێتی و دزی و فێڵ . لە هەردوو بارەکەدا ئەوە تەنها حەقیقەتە کە وەک هۆکارێک لە لایەن هەردوو هێزەکەوە بە شێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنرێ . بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ حەقیقەت هۆکارێک بێ بە دەست زانستەوە بۆ ناسینی دیوی ڕاستەقینەی هەموو شتەکان.

پەلکێش کردنی ئەو دوو هێزە لە لایەنی جەستەییەوە نیە کە بە ئاشکرا بۆ لایەک کەمەندکێش بکرێ ، بەڵکو لە لایەنی مەعنەویەوە بۆ دەستەمۆکردنی بیرو هۆش و سۆز و بەهرەکانی ئەو مرۆڤەیە بەناوی ئازادی یان بەندایەتی. واتە: هەموو توانا مرۆییەکان کێش دەکەن و هەڵیان دەمژن لە پێناو برەودان و ڕێ ڕۆشن کردنەوەی بەرنامەکانیان . سەیری پەرستگەکانی هەموو دونیاکە بەملیارەها دۆلاری تێدا خەرج کراوە بۆ کۆیلە کردنی مرۆڤایەتی تێیاندا. وە سەیری گازینۆو مەلهاکانی هەموو دونیاکە ، بە ملیارەها دۆلاری تێدا خەرج کراوە بۆ ئاژەڵاندنی مرۆڤ. سەیری کتێبخانەکانی دونیا بکە بە ملیۆنەها کتێب کە بە ملیارەها دۆلاری تێدا خەرج کراوە بۆ برەو دان بە ئاینەکان بۆ کۆیلاندن. لەولاوە هەزارەها دراماو فیلم و گۆرانی نمایش دەکرێن کە بە ملیارەها دۆلار تیایاندا خەرج کراوە بۆ ئاژەڵاندنی مرۆڤ. ئەمە جگە لەوەی کە ڕەنج و ماندوو بوونی خەڵکە بەو شێوەیە بەهەدەر دەدرێ ، لەسەرێکی ترەوە بەهرەکانی مرۆڤە لەو پێناوەدا بە فیڕۆ دەدرێ . کەواتە : بەهرەو تواناکانی مرۆڤ دەدزن بۆ بنیاتنانی دوو دەوڵەتە زلهێزەکەی خۆیان لەژێرەوە بەناوی خوداو شەیتان بەڵام ئایا لە بەرامبەردا چەندی خەرج دەکرێ لە قوتابخانەو زانست و ڕۆشنبیری؟؟؟ کە ئەمە ئەسڵ و حەقیقەتی مرۆڤبوونە. هەر شتێک بەرهەمی بەرچاوی نەبوو . ئەوە ئەسڵی مرۆڤ نیە . حەفتا ساڵ لە پەرستگەیەک نوێژ بکە ، هیچ بەرهەمێکی لێ ناڕوێ ،پێویستیش ناکا هیچ پۆزشێکی بۆ بێنینەوە. حەفتا ساڵ تەمەنت لە گازینۆو مەلهاکان دا بەسەر بەرە، هیچ سوودێکی بۆخۆت و بۆ مرۆڤایەتی نابێ. بەڵام حەفت ساڵ لە بوارێکی زانستی یان هونەری خۆت یەکلا کەوە ،باشترین بەرهەمت دەبێ. ئەمە دیوی ڕاستەقینەی مرۆڤە .

ئەو حوکمانەی کە هەن لەناو پەیامە ئاسمانیەکان ، بەڵگەن لەسەر بوونی لیژنەیەکی پرۆفیشناڵ و پرۆفیسۆر کە بەشێوەیەکی سیستماتیک و دوای چەندین ئەزموونی شکست خواردوو لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر )واتە لە دەست بەکاربوونی ئاینێک و لەناوچوونی تا بنیاتنانی ئاینێکی تر( و پەیوەست بوونی حوکمەکان بە داب و نەریتی ناوچەیەکی دیاریکراوو بەرنامەی ئەو لێژنە )دەوڵەتی قووڵ( بۆ گۆڕینی ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی بەو ئاڕاستەیەی کە خۆیان مەبەستیانەو لەناوبردنی تەواوی ئەو بەڵگانەی سەلمێنەری حەقیقەتەکانی ژیانن لە لایەن ئەو دەستەیەوە بەناوی دەسەڵاتی غەیبیەوە .
ئەو دەستە بە نهێنیەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن . پەیڕەوو پرۆگرامەکانیان بەناوی خوداوە دەسەپێنن وبازنەی دەسەڵاتیان لەگەڵ بەکۆتا هاتنی هەر ئاینێک و دروست بونی ئاینێکی تازە فراوانتر بووە بەهۆی ئەزموون کردنی پرسیارە جەوهەریەکانی مرۆڤایەتیەوە . لەگەڵ کوتانی دوا بزمار لە تابووتی ئاین کۆتا هاتنی ئاینەکان ،دەسەڵاتی ڕەهایان گرتۆتە دەست. لە ئێستادا دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .
کاتێ دەڵێین ئاین، ڕووباری هەموو ئاینەکان دەڕژێتە نێو دەریای قووڵی ئەودەوڵەتە نهێنیەوە، چونکە لەنێو هەموو ئاینەکاندا ، کۆیلەکردنی مرۆڤ کراوەتە ئامانج.

سی و دووەم / ڕواڵەت.

هەموو ئاینەکان چەند ئارایشت و نمایشێکیان هەیە بۆ ناسینەوە. بۆ نموونە : ئاینێک بە سمێڵی گەورەو ئاینێک بەڕیش و ئاینێک بە نیقاب و ئاینێک بە کڵاوو ئاینێک بەشێوەی پۆشاک و ئاینێک بە ڕەنگی پۆشاک و ئاینێک بە شێوازێکی تر.
بەڵام تۆ بڵێی ئەوە هەروا لەخۆوە بێت ؟؟؟ نەخێر . ئەمە کۆمەڵێک کۆدو تەلیسم و نهێنین کە دەوڵەتی قووڵ دایڕشتون بۆ دیاری کردنی بلۆکی ئاینەکان و ئاستی شوێنکەوتوان .شوێن ونەخشەی ئاینەکان. تەنانەت ئەو زیکرو وێردانەی کە دەیڵێن ، هەریەکەو بە مەبەستێک و بۆ مەبەستێک دانراون ، کاتێک لەنێو ئاینێکدا دەوترێ فڵان زیکر شیفایە بۆ فڵان دەردوبەڵاو نەخۆشی ، دەبینین لە ئاینێکی تردا وێردێکی تر کراوە بە چارەسەروشیفا بۆ هەمان حاڵەت ،لەوانەیە هەردوکیان وەک یەک کاریگەریان هەبێ سەرەڕای جیاوازی ئاینەکان.
پرسیارت لە خۆت کردوە ، ئایا ئەمە ڕێکەوتە؟ یان موعجیزەیە ؟ یان لەڕێی ئەو کۆدو موشەففەراتە ئاینیانەوە پەیوەندی دەکرێ بەو دەوڵەتە قووڵەوەو چارەسەری دەگات بەو حاڵەتە. خۆی هەر لە بنەڕەتدا ئەو نەخۆشی و دەردو بەڵایانە نین . بەڵکو دەوڵەتی قووڵ دەینێرێ بۆ ئەو شوێنانەی کە شوێنکەوتوانیان تێیدا زۆرن . بۆیە دەبینین ئەو حاڵەتەی کە پێی دەڵێن (جنۆکە دەستی لێ وەشاندوە) تەنها لەنێو میللەتە دیندارەکاندا هەن وەشیفاوچارەسەریش خراوەتە دەستی پیاوانی ئاینیەوە لە ڕێگەی ئەو کۆدو موشەففەراتانەوە. تاوەکو خەڵکە شوێنکەوتوەکە بەئیمان لێی تێ بگات و هەمیشە لەڕێی پیاوانی ئاینیەوە (بەکرێ گیراوەکانی دەوڵەتی قووڵ) وابەستەو گرێ دراوی ئەو دەوڵەتە قووڵە نهێنیەوە بن ئەگینا سەیرکە ئەو میللەتانەی کە لەژێر دەستی ئاین هاتونەتە دەرەوە، ئەو جۆرە حاڵەتەیان تێدانیە.
بۆیە پێم وایە ئەو میللەتانەش کە لە ژێر دەستی ئاینەکاندا نین ، دەوڵەتی قووڵ بەردەوام لە پلاندایە بۆ لەناوبردن و ڕیشەکێش کردنی ئەو جۆرە گەلانە. چونکە ئەو جۆرە گەلانە بە تێڕوانینی دەوڵەتی قووڵ ، وەک باڵندەی کێوین و ماڵی ناکرێن.

هەر خۆی لەناوچوونی کۆمەڵێک گەل و نەتەوە لەسەردەستی پیلانگێڕانی دەوڵەتی قووڵ باشترین بەڵگەن کە لەنێو پەیامە ئاسمانیەکاندا باسیان لێوە کردوەو تۆماریان کردوە تاکو خەڵکانی تری پێ چاوترسێن بکەن و لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی ئەوان لانەدەن . چونکە لەوانەیە گەلە لەناوچوەکانیش دابێتیانە پاڵ دەوڵەتەکەی تر کە ئێمە ناومان لێناوە (شەیتان) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا هێشتا مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی ڕزگار بکا لە دەست ئەو دوو دەوڵەتە قووڵە نهێنیەو هەمیشە لەبەر ئەو دەوڵەتە داویەتیە پاڵ ئەو دەوڵەتە یان بە پێچەوانەوە. بۆیە مرۆڤ پێویستە لە ژێر هەژموون کاریگەری هەردوو دەوڵەتەکە بێتە دەرەوەو بگەڕێ بەدوای ئەسڵی خۆیداو بگەڕێ بەدوای شوناسی ڕاستەقینەی خۆیدا. ئەو کاتە مرۆڤێکە بەتەواوی مانا مرۆڤ.

سرووشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ وایە کە لەگەڵ نوێبوونەوەو تازەگەری و نوێخوازیدا هەڵدەکات و میزاجی ئارام دەگرێ . هەموو شتێکی تازە داهێنراو جیهانێکی تازە بەدوای خۆیدا دەهێنێ. ئەزموون کردن دەبێتە هەوێنی داهێنانی تازە،لەگەڵ هەر تازەبوونەوەیەکدا ، مرۆڤێکی نوێ لە تێگەیشتن و دونیابینی دێتە بەرهەم .بەڵام دۆگمایی و چەقبەستوویی و لە چوارچێوەدان ، ئەمانە هیچیان لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ ناگونجێن ونامۆن بەسرووشتی مرۆڤ . کەچی ئاین و دەسەڵات بە بیانووی بەرنامەو پەیڕەوو پڕۆگرام و پڕۆپۆزەل ، دەیانەوێ مرۆڤ لە چوارچێوە بگرن لە بەرگی بە کۆیلە کردنیدا

ئاین ، هەموو تازەگەریەک بە بیدعە ( داهێنراو) دەزانێ . دەسەڵاتیش داهێنانەکان دەخاتە خزمەتی خۆی و بەرژەوەندیەکانی خۆی . بەڵام لە ڕاستیدا داهێنانەکان پێویستە لە خزمەتی مرۆڤبوون دا بن . سەرکوت کردنی داهێنان بەناوی حەرام کردنەوە ، وە لە چوارچێوەدانی داهێنان بە بیانووی زاڵ نەبوون بەسەر دەسەڵاتدا ،هەردووکیان لەلایەن دەوڵەتی قووڵی نهێنیەوە سەرپەرشتی دەکرێن . ئەوەی کە هەیە و لەبەر چاوانە لە پێشکەوتن ، ئەمە بەهۆی جەربەزەیی و بوێری و ڕچەشکێنی و هەوڵ و ماندووبوون و عەقڵی مرۆڤەوەیە . ئەگینا ئەم بارودۆخە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکان و ئاینەکان نیە ، بۆیە ئاین ودەسەڵات بە شێوەیەکی سیستماتیک کەوتوونەتە وێزەی ئەم هەموو پێشکەوتن و داهێنانە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی لەنێو دەستی خۆیاندا. چونکە هەردوو دەوڵەتی قووڵ دەزانن کە بەتاڵ بوونەوەی سیحروجادووی هێزو دەسەڵاتیان ، لەسەر دەستی بێدار بوونەوەی مرۆڤە لەو ڕێگەیەوە. چەندین جار مرۆڤایەتی ، قۆناغی پێشکەوتووتر لە بارودۆخی ئێستای بڕیوە ، بەڵام هەردوو هێزەکە کەوتوونەتە خۆ بۆ کلۆر کردن وداڕزاندنی شارستانیەتەکان و لە کۆتایشدا لەناویان بردوە . نموونەی گەلی فیرعەون و عادو ثەموود و شارستانیەتی سۆمەرو چەندەهای تر، کە ل کتێبی پیرۆز بە شێوێنراوی و لە کتێبە مێژووییەکان بەشێوێنراوی دەخرێتە بەر دەست و بەرچاوی مرۆڤەوە.

سی و چوارەم / پەیوەندیی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بەو دوو دەسەڵاتەوە

ئایا ڕاستە دوو دەسەڵاتی لەم شێوەیە بوونی هەیە ؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ. جا بۆ ئەوەی وەڵامە ڕاستەکە وەربگرین ، دوو ڕێگەمان لەبەر دەستە

یەکەم / یان دەبێ هەموو پەڕاوە ئاسمانیەکان بە درۆ بخەینەوە کە خودایێکی لەو شێوەیە نیە پەڕاوی ناردبێ . چونکە ئەگەر پەڕاوی ناردبێ ، ئەوا حەتمەن دەبێ بە زاتێک ناردبێتی کە ئاینەکان شانازی بەوەوە دەکەن لە ڕێی فریشتەوە ئەو پەڕاوەیان پێگەیشتوە. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بەو هێزەوە ، وە قسە کردنی هەندێ لە ساحیرانیش کە گوایە قسەیان کردوە لەگەڵ شەیتانە گەورەکە .

دووەم / یان دەبێ باوەڕ بکەین بەو پەیامانە .بەڵام نەک لە خودای ڕاستەقینە بەڵکو لە یەکێک لەو دوو هێزە نهێنیە . وە هەموو سەرە داوەکانی ڕاستیی ئەوان لەنێو ئەو پەڕاوانەدایەو بە لێکۆڵینەوەی وردو دروست هەردوو دەستەکە کەشف دەبێ .

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم : بوونی پێغەمبەران و ساحیران باشترین بەڵگەن کە ئەمانە لەسەر زەویدا ، واجیهەی ئەو دوودەسەڵاتەن.

سی و پێنجەم / سەرهەڵدانەوەی سەر لەنوێی هەردوو هێزەکە بە ئاشکرا.

لەو قۆناغەدا چیتر هەردوو دەوڵەتەکە پێویستیان بە قۆناغی نهێنیی شاراوەیی نامێنێ و هەموو ئامادەکاریەکان تەواو بوون بۆ خۆ ئیعلان کردن لە سەعات سفردا هەردوو هێزەکە یەک لە دوای یەک خۆیان ئاشکرا دەکەن.
بە پێی سەرچاوە ئاینیەکان ، دەججال دێ . واتە دەوڵەتە نهێنیەکەی شەیتان خۆی ئاشکرا دەکا . دوای ئەو عیسا دێت ، واتە: دەوڵەتە نهێنیەکەی خودا خۆی ئاشکرا دەکا.
هەڵبەتە لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان ، ئایین نوسیویانەتەوە، بۆیە کاریگەری هێزو بەرژەوەندی یەکان بەر هێزە خوداییەکە کەوتووە . ئەمە تەنها ئەگەرێکەو سیناریۆیەکەی لەلایەن ئاینەکانەوە داڕێژراوە . هەڵبەتە هەریەک لە ئاینەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی ئاینەکەی خۆی، سیناریۆیەکەی داڕشتۆتەوە.
بەڵام ڕاستیەک لەنێو سیناریۆیەکەدا هەیە ، ئەویش دەرکەوتنی پیاوێک وەک مژدەدەرێکی چاوەڕوانکراو . ئەمە دان پیانانێکی باشە ، بەڵام هێشتا دان پیانانەکە تەواو نەبووە کاتێک پێی وایە دەرکەوتنی ئەو پیاوە هیچ پەیوەندیەکی بەهەردوو هێزەکەوە نیە ، هەرچەندە ئاینەکان ئەم سیناریۆیەیان شێواندوە . بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو پیاوە تەنها ڕەمزێکە بۆ دەرکەوتنی شارستانیەتێک کە پشت بەزانست و تەکنۆلۆژیا دەبەستێت و مژدەکە پێشکەوتنە و دادپەروەریەکەش سەروەر بوونی زانستە لەهەموو بوارەکانی ژیان و خۆراوا بوونی هەردوو دەسەڵاتەکەیە )دەسەڵاتی خوداو شەیتان و کۆتایی هاتنی هەردوو قۆناغی جادوو ئاین( بە خۆرهەڵاتنی تیشکی ڕۆژێکی نوێ لە قۆناغی مرۆڤ بووندا بە سەرۆکایەتی زانست.

سی و شەشەم / ئاشکرا بوونی هەردوو دەوڵەتە نهێنیەکە .

ئاشکرایە کە ئاینەکان بەگوێرەی ئەوەی ڕۆڵی هەردوو دەوڵەتەکەیان دابەش کردوە لە نێوان ئاینەکانی خۆیان.بەڵام بە گوێرەی ئەوەی کە لە ئاینە ئیبراهیمیەکان وجگە لە ئاینە ئیبراهیمیەکانیش هەمان دوو دەسەڵات بوونی هەیە، بۆیە ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە دەستێک لە پشتەوەی ئەم دوو دەسەڵاتەوەو هەیە

بەڵام ئەوەی کە لە میتۆلۆژیای ناوچەکەی ئێمەدا هەیە و بە سیفەتی ئەوەی کەوا ڕۆژهەڵاتی ناوین لانکەی ئاینەکانە (هەرچەندە ئاینی شامانی کۆنترینە)هاتوە کە دەوڵەتی خودا ( بە هاتنە خوارەوەی عیسا) خۆی ئاشکرا دەکا کە سەر بە گرووپی ئیبراهیمین . وە دەوڵەتی شەیتان (بە پەیدابوونی دەججال) کە جولەکەکان تێیدا پێشەنگ و دەست ڕۆیشتوون . خۆی ئاشکرا دەکا . کاریان تەنها سەرلێشێواندن و بە کۆیلەکردنی مرۆڤە کەواتە پێدەچێ ڕێککەوتنێکی نهێنی هەبێ لەنێوان هەردوو ئاینی جولەکەو مەسیحی (دوو دەوڵەتە نهێنیەکە) چونکە خۆیان بە شانازیەوە چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەو ڕۆژەن . لەو نێوەندەدا ئاینی ئیسلام (کە ئاینێکی دروستکراوە لەلایەن هەردوو ئاینی جولەکەو مەسیحی) تەنها پشتگیری لە هاتنی ئەو ڕۆژە دەکات و پشت ڕاستی دەکاتەوە.

بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی مرۆڤایەتی بە ڕابەرایەتی زانست هەردوو دەوڵەتەکە تەفروتونا دەکا ، هەرچەندە هەر هەمان میتۆلۆژیای ناوچەکە (وەک لە دینی ئیسلام دا هاتوە کە کەسێک بەناوی مهدي المنتظر پەیدا دەبێ و کۆتایی بە دەسەڵاتە شەیتانیەکە لەسەر دەستی دەججال و شوێنکەوتە بوونی دەسەڵاتی خودا لەسەر دەستی عیسا ) گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کە مرۆڤایەتی کۆتایی بەم بارودۆخە ناهەموارەی هەردوو دەسەڵاتە سەپێنراوەکە دێنێ. کە دەسەڵاتە مرۆییەکەش پشت بەستوە بە عەقڵی مرۆڤ کە بەرهەم هێنەری زانین وزانستە.

بەهەرحاڵ ، ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە هەردوو دەستەکە ئاشکرا دەبن و شۆڕشی زانست مرۆڤ لە سەر لێشێواوی ڕزگار دەکات.

سی و حەوتەم /
هەرسێ باس و خواسەکەی ژیانی ڕۆژانەمان (خودا، شەیتان، مرۆڤ)

لەنێو ئەفسانەکاندا بە چەندەها شێوەو بۆچوون ،بوونی هەیە . تەنانەت جۆری دروست بوونیشیان دیاری کراوە بەگوێرەی ئەفسانەکان. بۆ نموونە خودا لە (نوورر- ڕووناکی ) یە. شەیتان لە (نار – ئاگر) ە . مرۆڤ لە (طین – قوڕ) ە . هەڵبەتە ئەمە دیوی ڕاستەقینەی هیچ کام لەم سێ بابەتە نین ، تەنها بۆ ناسین و جیا کردنەوەو لێک هاوێر کردنی کۆمەڵەکانن تەنانەت کارو وەزیفەکانیشیان دیاری کراون . بۆ نموونە (خودا) وەک بۆ چوونە ئاینیەکە ، کارو وەزیفەی بریتیە لە کۆیلاندن و مەڕاندن و ملکەچ پێکردن .
وە (شەیتان) کارو وەزیفەی بریتیە لە دنەدنەو وەسوەسەو گوێنەدان بە بنەماکان و پڕەنسیپەکان . وە (مرۆڤ) کارو وەزیفتی بریتیە لە زانست و مەعریفەو هۆشیاری و ئاگایی و هونەرو ڕۆشنبیری و فەلسەفەو ئەدەب و وێژەو هەموو ژانرەکانی ژیان لەم شێوەیەدا .
بەڵام لە ڕاستیدا ، دوودیوە شاراوەکە ( خودا شەیتان) ئەوانیش هەر لەنێو خودی مرۆڤ دان ومرۆڤ دروستکەریانە . هیچ پەیوەندیەکی نیە بە خودای ڕاستەقینەو لە بەرامبەریشدا دروست کردنی هێزێک بەناوی شەیتان کە هیچ بوونی نیە و تەنها بیروباوەڕی پڕوپووچە.
لە کۆتایشدا ، ئەوەی کە هەیەو ڕاستەقینەیە و لەبەر چاوانە ، پێی دەوترێت ( مرۆڤ) ئەویش هەڵسێ بە کارو وەزیفە ڕاستەقینەکەی خۆی کە دەبێتە لەناو بەری هەردوو دەوڵەتە نهێنیەکەو مرۆڤایەتی دەکەوێتەوە سەر ڕاستە ڕێیەکەی خۆی.

دەسەڵاتی ئاینەکان ( خوداوەندی بە خودا کراو ) هەروەک زۆرجاری تریش باسم لێوە کردوە ، بریتیە لە دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵ کردن و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ، وە یەکێک لەو ڕێگایانەش کە دەیگرێتەبەر ، بریتیە لە بێهۆشکردنی مرۆڤ و بەنج کردنی مێشکی بە وەهم و خەیاڵاتی دونیاکەی تر و دابڕین و بێ ئاگاکردنی لە واقیعی دونیاو ئێستایی بوون . هەروەها دەسەڵاتی دژە ئاینەکان ( خوداوەندی بە شەیتان کراو ) بریتیە لە سەرمەست کردنی مرۆڤ بە چێژو لەززەت و خۆشیەکانی دونیاوەو سەرقاڵکردنی بە یاری وگاڵتەو گەپی بێ ئەنجام و بێ بەرهەم . بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مرۆڤ ، بریتیە لە بەرهەم هێنان و زانست و تەکنەلۆژیاو داهێنان و گۆڕانکاری و ئاوەدان کردنەوەو پێشکەوتن . لەهەر گۆشەیەکی دونیا مرۆڤەکانت بەو شێوەیە بینی ، کۆچ بکە بۆ ئەو شوێنە . چونکە ئەو شوێنە ، شوێنی ڕاستەقینەی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتیە گەر دەتەوێ وەک مرۆڤێکی ڕاستەقینە بژی . هەمیشە لەلایەن دوو هێزەکەی ترەوە ،گومان دەخرێتەسەر ئەو ڕەوتە ڕاستەقینەیەی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی . فریو نەخۆی بە زانستی گومانەکانیان ، چونکە تەنها لە گومان دروست کردن زانان.

# بەشی دوازدەیەم

## وجوود

بوونی هەرشتێک بەهۆی پێویستییێکەوەیە
هەر شتێک شێوەیێکە بۆ پێویستیێک
بوونی هەرشتێک گوزارشتە لە بوونی
پێویستییێک

کاریگەری شت (شیئ) و نا شت (لا شیئ) بەسەر یەکترەوە.

شت (شیئ) و نا شت (لاشیئ) کۆتایی هەریەکێکیان سەرەتایە بۆ ئەویترو هەردووکیشیان هۆکارن بەسەر بوونی یەکترەوە.
تەنها هۆکارێک هەیە کە لە شتەوە (شیئ ) دۆخەکە دەگۆڕێ بۆ نا شت (لاشیئ ) وە بە پێچەوانەوەش نا شت ( لاشیئ) دەگۆڕێ بۆ شت (شیئ) کاری هۆکارەکە تا هەتاییە . واتە تەنها هۆکار تا هەتاییە نەک شتەکان .
شت (شیئ ) بەرهەمی نا شتە (لاشیئ ) وە نا شتیش (لاشیئ) شوێنە بۆ شت (شیئ )

هەموو شتێک (شیئ ) لە نا شتەوە (لاشیئ) ەوە دەست پێدەکات و دەچێتەوە ناو نا شت (لاشیئ) وە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.بەڵام ئەمە سووڕێکی بەردەوامە خودا هۆکاری ئەم سووڕە بەردەوامەیە . واتە خودا هۆکاری بەردەوامی تاهەتایی حاڵەتەکەیە بۆ هەمیشە.
بۆیە هیچ شتێک (شیئ ) و نا شتێک (لاشیئ ) تا هەتایی نیە. تەنها هۆکاری شت بوون و نا شت بوون تا هەتاییە کە پێی دەڵێین (خودا)
بۆیە هیچ شتێک دۆخی تا هەتایی نییە، چونکە ڕۆڵی تا هەتایی شتەکان (شیئ ) دابەش بووە بەسەر شت و نا شت (شیئ،لاشیئ)

دونیا نەخشەیەکی بچووککراوەی ئەزەلیەت و ئەبەدیەتە . بۆ ئەوەی لەو حەقیقەتەو هەموو حەقیقەتێک تێ بگەین . پێویستە لەو جیهانە ورد بینەوە نەک دوای هەندێ بیرو بۆچوونی خەیاڵی بکەوین کە لەگەڵ واقیع ناگونجێ بەپێی ئەو واقیعیەتە دەبێ هەڵسەنگاندن بکەین بۆ هەر بابەتێک . سەبارەت بە بەردەوامیی سووڕی ئەبەدیەتی بوون با بزانین لەو نەخشە بچووککراوە جیهانیە چیمان لەبەر دەستە.

ئەگەر سەیرێکی سووڕی ژیانی ئاو بکەین لەسەر زەوی . دەبینین بەشێوەیەکی ڕۆتینی بریتیە لە هەورو چڕبوونەوەی هەور ،باران ،دڵۆپەی ئاو ،کۆبوونەوەی دڵۆپە ئاوەکان ، دروست بوونی جۆگە ،ڕژانی بۆ ناو ڕووبارەکان دواتر بۆ دەریاکان و ئینجا بوونە هەڵم و بوون بە هەوری گەورە و چڕبوونەوەی هەورو دووبارە دابارین.

بەردەوامی دووبارە بوونەوەی ئەو سووڕە و هەموو جار کارلێک کردن لەگەڵ ماددەکانی تر تا هەتایە )واتە تا زەمین مابێ(پێمان دەڵێ: سووڕی وجود هەر بەو شێوەیە . بەردەوام لە دووبارە بوونەوەدایە ،تا هەتایە )واتە لە ئەزەلیەتی ئەو بوونە تا ئەبەدیەتی (بەڵام لەوانەیە پێش ئەزەلیش بەشێوەیەکی تر بێ یان دوای ئەبەدیەت بە شێوەیەکی تر.

مرۆڤیش بە دەر نیە لەو سووڕە دا . بەڵام دروست بوونەوەی جەستە لەسەر هەمان ئێسکە پەیکەر نیە ،هەروەک چۆن دڵۆپە بارانەکە هەمان دڵۆپ نیە کە لە سووڕێکی تر دادەبارێتەوە . نەک هەر ئەوە ، بەڵکو ئاگاییەکەش هەمان پێکهاتە پێشوەکە نیەو ناچێتەوە ناو هەمان جەستە . تەنها دروست بوونەوەی بوونەوەرێکی هۆشمەندی ترەو لە قۆناغێکی تر . لە شێوەی بوونەوەرێک هەروەک مرۆڤ و بەردەوام تا هەتایە )واتە تا ئەو گەردوونە هەبێ (. مەبەستیش لەو سووڕە وجوودیە ، بەرەو پێشچوونی ئاگایی گەردوونیە.

خلودیەتی وجودیەت.

لەنێو خودی هەموو مرۆڤێکدا هەستی جاویدانی (خلود . نەمری) هەیە . بەڵام پێشنیازی مرۆڤ بۆ ئەو بابەتە بەو بیرو بۆچوونەی کە لە ئایندا نەخشەی بۆ داڕێژراوەو بووە بە (ئاین و ئیمان ) لای ئایندااران وئیمانداران.ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە جیهانێکی بێکۆتایی )بەهەشت و دۆزەخ(کورتەی بیرۆکەکە ئەوەیە کە مرۆڤ زیندوو دەکرێتەوەو هەرکەسەو بەپێی کارو کردەوەی خۆی دەبرێ بۆ جیهانەکەی خۆی ، ئیتر بەو پێیە ئەو مرۆڤە تا هەتایە لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە. ئیتر بەو شێوەیە خۆیان ڕادەست کردوەو بەگوێرەی ئەو هەستە )هەستی ژیانی تا هەتایی( کردویانە بە حەقیقەتی ڕەها.
بەڵام لە دەرەوەی ئاینیش ویستێک هەیە کە ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە (دەسەڵاتی خودای ئاینەکان) ڕەت دەکاتەوەو تێڕوانینی تری هەیە بۆ جیهانی نەمری . بەڵام تێڕوانینەکان پەرت و بڵاون و زۆرو هەمەچەشنەن بەڵام بەکورتیەکەی ئەوەیە کە پێی وایە خۆی دەسەڵاتدارە بەسەر داڕشتنەوەی خلودیەتی خۆی، بۆ نموونە پێی وایە جەستەکە مۆمیا بکرێ و بهێڵدرێتەوە تاوەکو ناوی ئەو کەسە بە نەمری بمێنێتەوە. یان پێی وایە بەرنامەیەکی ڕێکو پێک بۆ خۆراک یان ڕەخساندنی ژینگەیەکی پاک یان لەڕێی زانستەوە درێژ کردنەوەی تەمەن یان هەر پارچەیەک لەکار کەوت پارچەیەکی تری بۆ بچێنرێ تاوەکو بەنەمری بمێنێتەوە یان جۆرە خەواندنێک کە چەندین ساڵ بخایەنێ یان تێپەڕبوون و سەفەرکردن بەناو کات .هەموو ئەمانە ، نیشانەی دەرهاوێشتەی ئەو سرووشتە مرۆییەیە کە مرۆڤ هەستی پێدەکا لە مانەوە بە نەمری .
بێجگە لە ئاین و زانست، ئەفسانەش پشتگیری لەو خلودیەتە دەکات و باس لە جۆرێک ئاو دەکا کە لەسەر زەوی هەیەو مرۆڤ دەستی پێی بگات و لێی بخواتەوە ،ئەوا بۆ هەتاهەتایی دەژی .
جاری واش هەیە ئاین و ئەفسانە یەکیان گرتوە لە داڕشتنەوەی بیرۆکەی نەمری کە ئەویش خۆی لە نەمری شەیتان و زیندوێتی خدری زندەو هەڵکێشانەوەی عیسا بۆ ئاسمان و دووبارە هاتنەوە سەرزەوی و بوونی دەججال بە درێژایی چەندەها ساڵ لەناو دوورگەیەکدا تاکاتی خۆی دێت ئینجا دەردەکەوێت.

هەموو ئەو بیرۆکانەی ئاین و زانست وئەفسانە ، دەیسەلمێنێ کە نەمری هەیە . وەهەر ئەو هەستە سرووشتیەشە بۆتە داینەمۆی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە . واتە غەریزەی نەمری هەر لەگەڵ پەیدابوون و هەبوون دا بە تایبەتی هەبووێکی خاوەن هۆشی باڵا بۆتە سرووشتی هەبووی هۆشمەندو لەگەڵ زیاتر ئەزموون کردن و باڵابوونی لە ئاگاییدا ، ئەو هەستە زیاتر بەناخدا ڕۆدەچێ .

بەڵام هەموو ئەو بیرۆکانەی کە هەن تەنها داکۆکی لە یەک ڕاستی دەکەنەوە ئەویش بریتیە لە لەچوارچێوەدانی مرۆڤ لەو جەستەیەی کە ئێستا هەیەتی و پارێزگاریکردن لێی بەو شێوەیە. واتە هەموو بیرۆکەکان بەو ئاراستەیەن کە تەنها بوونی جەستەکە گرنگی هەیە لە نەمریدا. بەڵام من پێم وایە ئەمە هەڵەیێکە دەبێ ڕاست بکرێتەوە .

سەرەتا نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە ئینجا دەچمە سەر بیرۆکەکەی خۆم. بە پێی هەموو بیروبۆچوونەکان بیرۆکەکە ئەوەیە کە دارەکە مانەوەی گرنگە بەو شێوەیەی کە دارە و پێویستە تا هەتایە هەر بە دار بمێنێتەوەو مەحکومە بەو شێوەیە تا هەتایە. بەڵام ئەمە ڕاست نیە چونکە ئەم بیرۆکەیە، خودایەتی خودا دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، پرسیارەکەش ئەوەیە کە ئەو دارە تاوانی چیە تا هەتایەو لە جیهانی نەمریشدا هەر بە دار دەمێنێتەوە ، بۆچی لە شێوەیەکی تر داڕشتنەوەی بۆ ناکرێتەوە ؟ بۆچی ڕۆڵێکی تر نەبینی لەنێو جیهانی تا هەتایی وجودیەت دا؟

نەخێر . وانیە . بەڵکو بابێین بەشێوەیەکی مەیدانی گۆڕانکاری بەسەر دارەکەدا بێنین . با بۆ لەناو بردنی پەنا ببەینە بەر سووتان . دەبینین لەو حاڵەتەدا ئەو دارە، دابەش دەبێتە سەر دوو جیهانی تازەو جیاواز . ئەویش جیهانی خۆڵەمێش بوونی دارەکەو بوونە دووکەڵی دارەکەیە . خۆڵەمێشەکە وەک لایەنی ماددە ، تێکەڵ دەبێتەوە بە خاک و کارلێک دەکا لەگەڵ پێکهاتەکانی خاک ، بەشەکەی تر وەک لایەنی ئاگایی وجودیەتەکە(وزە) دەبێتە دووکەڵ و تێکەڵ بەهەوا دەبێت و لەگەڵ گەردیلەکانی هەوادا، پێکهاتەی تازە پێک دێنێ . بەو شێوەیە لە دوو جیهان بینیی تازەدا بە کارلێک کردن لەگەڵ جیهانە تازەکە بەردەوامی دەدا بە وجودو خلودی خۆی . مرۆڤیش بەهەمان شێوە. کاتێ دەمرێ ، بەشە ماددیەکەی کارلێک

دەکاتەوە لەگەڵ جیهانە ڕاستەقینەکەی خۆی کە جیهانی ماددەیەو ئامادەیە لە چوارچێوەی بوونێکی تر بێتەوە دونیا. وە هەروەها(هەروەک دووکەڵەکە) جیهانە ئاگاییەکەشی تێکەڵ دەبێتەوە بە دەریای جیهانی ئاگاییەکان و کارلێک دەکات لەگەڵ ئەو جیهانە تازەداو ئامادەیە وەک باران دابارێتەوە سەر وجودێکی تری لایەنی ماددی و گیانی بکاتەوە بەبەردا. جا مەرج نیە ئەو وجودە تازەیە هەمان وجودە پێشوەکەبێ . بەڵکو بەویستی خودا لە وجودێکی تازە بەردەوامی بەو نەمریەی خۆی دەدا تا کاتێکی دیاری کراوی ترو چونە قۆناغێکی تر.
لێرەدا بۆیە ئاماژەمان بەو جۆرە خلودیەتە نەدا کە درەختەکە لە ڕێگەی تۆوەکەیەوە جارێکیتر دەبێتەوە بەهەمان درەخت . ڕەنگە هەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە خلودیەت مرۆڤی هێنابێتە سەر ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ بەهەمان شێوە زیندوو دەکرێتەوە. نەخێر ئەمە خلودیەت نیە ، بەڵکو ئەمە سووڕی ژیانی زایەندیە کە لە هەموو زیندووێکدا هەیە ،ئەمە بۆ پاراستنی بنەچەو ڕەچەڵەکە کە نوخبەکەی لە تۆوێکدا هەڵدەگیرێ بۆ قۆناغێکی تر .
گریمان ئەگەر واش بێ . واتە زیندوێتی من لەناو هەناوی منداڵەکەم دا ،واتە هەر لە دونیایە نەک دونیایێکیتر.
گریمان گەر واشبێ ،لەکۆتاییدا ئەو درەختە ئەو بوونەی کە هەیەتی، هەر لەناو دەچێ. بەڵام مادام وجوود بێ ، لەناوچوونی بۆ نیە . بەڵکو شیبوونەوەی بۆ هەیە بۆ ماددەو وزە (ڕۆح) . بۆیە لەبارودۆخێکیتر بەشێوەیێکی تر دێتەوە جیهانی وجوود نەک شێوەی درەختەکە ،چونکە شێوەی درەختەکە تەنها لە زایەندیدا کۆپی دەبێ .

گەشە کردن بەنێو کات دا.

بوون گەشە دەکات بەنێو کات دا . واتە: سوننەتی خودا بۆ هێنانەبوونی هەرشتێک، بریتیە لە گەشەکردنی بەپێی تێپەڕبوونی کات.
کات چەند یەکەیێکە کە گەشە کردنی هەموو شتەکان دابەش دەبێ بەسەریدا.
بچوکترین یەکەیەک کە دەستنیشان کرابێ بۆ کات، بریتیە لە چرکە ( چرکەش ئەو کاتەی کە دەیخایەنێ، بە لەرەلەری سیزیۆم دەستنیشان کراوە کە بریتیە لە 9,192,631,770لەرە لەرە . بەنزیک کردنەوە ، واتە نۆ ملیار لەرەلەرە لە چرکەیەکدا) موعجیزەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە
هەر لەرە لەرێک گەشەیەکی شتەکەی تێدایە .واتە لەیەک چرکەدا هەرشتێک ، نۆملیارجار گەشە دەکا . بەڵام لەبەر ئەوەی کەهێندە وردو هەست پێ نەکراوە، بۆیە ئەو هەموو گەشەکردنە تەنها بەیەک چرکەدا تێدەپەڕێ.
ئەمە یەکەیێکی کات کە گەشەکردن پێیدا تێپەڕدەبێت. دێینە سەر یەکەی دووەمی کات کەپێی دەگوترێ (خولەک) بریتیە لە (٦٠) چرکە. لەمەشیان دا .
ناستەمە کە ئێمە هەست بە گۆڕانکاری بکەین لە گەشە کردندا . یەکەی سێیەم کەبریتیە لە (کاتژمێر) کە (٦٠) خولەک لە خۆ دەگرێ . لەم قۆناغەشدا ڕەنگە بە ئامرازێکی زانستی کە بەراورد بکا لەنێوان یەکەم خولەکی دەستپێک لەگەڵ کۆتا خولەکی دەسپێک ئینجا شێوازی گەشە کردن ڕوونبێتەوە. یەکەی چوارەم بریتیە لە شەووڕۆژ کە ڕەنگە ڕوون بوونەوەی گەشەکردن ئاسایی بێتەوە بۆ هەست پێکردنە سرووشتیەکانی مرۆڤ ، بەبێ پەنا بردن بۆ هۆکاری زانستی کە ئەمەش بەگوێرەی گەورەیی و بچووکی قەبارەی تەنەکە جیایە.
لەسەرێکی ترەوە دابەش کردنی گەشە بەسەر کات دا بەم شێوەیە . چرکە بۆ گەشەی گەردیلە خانە . خولەک بۆ خانە . کاتژمێر بۆ کۆمەڵێک خانە (شانە)وە شەووڕۆژ بۆ چرۆ دەرکردن (بۆنموونە لە ڕووەکدا) .هەفتە بۆ قەد. مانگ بۆ گەڵاو گوڵ . وەرز بۆ بەرهەم . ساڵ بۆ تەمەنی زەوی(ئەو زەویەی کە ڕووەکەکەی لێوە بەر دێ) . ملیارەها ساڵ بۆ گەشەکردنی زەوی . ئینجا یەکەکانی تری کات بۆ گەشە کردنی گەردوون و کۆمەڵەی گەردوون و چی و چی.

کەواتە : شتەکان لە نەبوونەوە دەچن بۆ بوون بەهۆی گەشەکردنەوە بە تێپەڕبوون بەنێو کات دا. کەواتە هەرشتێک کە هەیە ، لە نەبوونەوە گەشەی کردوە بۆ ئەو بوونە هەست پێکراوەی  هەستی پێ دەکەین.

لە لاوازیەوە بۆ بەهێزی .

با نموونەیەکی ترتان لەسەر مانەوەی بوون و گەشەسەندنی بوون بخەمە ڕوو . ئەگەر سەیری جیهانی سرووشتیانەی ئاژەڵان بکەین . دەبینین مێیینەکان بەدوای ئەو توخمە نێرینانەوەن کە بەهێزو خۆڕاگرن و سەرکەوتوو زاڵن ، لەبەرچی ؟ بۆ ئەوەی توخمێکی بەهێزتر لە توخمی ئێستای خۆیدا بێنێتە بوون . لەبەر چی ؟ چونکە توخمە لاوازەکان ئەگەر سیفەتی ڕاوچیان هەبێ (بۆ نموونە وەک شێر) ئەوا دەبێ شێرێکی بەهێزو خێرا بێ . ئەگینا نێچیری گەورەو خێرای پێ ڕاو ناکرێ و لە برسان دەمرێ. خۆئەگەر سیفەتی نێچیری هەبێ ( بۆ نموونە وەک ئاسک) ئەوا دەبێ ئاسکێکی سرک و چالاک و سووک و خێرا بێ و بتوانێ بەرگەی مانەوەی خۆی بگرێ و بێچووەکانیشی بپارێزێ بۆ قۆناغی پێگەیشتوویی واتە : لە هەردوو بارەکەدا ،ئێستای خۆی کردوە بە ئەزموون لەوەی چۆن مانەوە دابین بکات و بەرگەی ململانێکان بگرێ .
بوونیش بەهەمان شێوە . لەنێوان هەردوو باردا هەوڵی مانەوە دەدا لە بازنەیەکی تری فراوان بوونی ئەزموونەکان . کاتێ دەڵێین بازنەیەکی تری فراوان بوون لە مانەوەی بوون و گەشەسەندنیدا، ئەوا  دەبێ هێز دوو بەرابەر بێ ، واتە لەهەر بازنەیەکدا ئەو وزەیە پێویستی بەهێزی زیاترە بۆ گەورە بوونی بوونەکەو گەشەسەندنی . واتە لەناو خودی وزەکەدا هێزێک

هەیە بۆ گەشەسەندن و فراوان و گەورە بوون. کەواتە وزە هێزێکی زۆری تێدا کۆبۆتەوە کە لەوانەیە هەر خانەیەک لە لەشی ئێمەدا بەقەد فراوانی گەردوون هێزی تێدابێ کە بتوانین سوودی لێ ببینین. یان بە دیوێکی تردا بوونی ئێمە بەو شێوەی ئێستاو ئەو هێزەی کە هەمانە و بەکاری دێنین پێکهاتەی وزەیەک بێ ، بوونی شایستەی باس کردن نەبێ . هۆکاری ئەو بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ پێداکێشانی بەردەکە بە ئاوەکەو لە دەرەنجامدا ئەو شەپۆلانەی لێکەوتۆتەوە ، کەواتە ئەو (بوون ) ە هەست پێکراوەش بێ هۆکار نیەو فراوان بوونەکەشی تەنها دەرەنجامی هۆکارەکەیە.بوونی هەر شتێکیش تەنها کاردانەوەییێکە ، واتە بوونی ئێمە، کاردانەوەیەک بۆتە هۆکاری. وە گەشەی شتەکانیش بریتیە لەو هێزەی کە لە خودی وزەکەوە دەردەچن . بەو پێیە ،بوونی ئێمەش لە دەرەنجامی شەپۆڵەکانی ئەو هێزەوەیە کە لەو وزەیەوە دەرچوە بەهۆی هۆکارێکەوە کاردانەوەی لێ پەیدا بووە (کە ئێمە کاردانەوەکەین) هۆکارەکەش بریتیە لە پێکداکێشان کە ڕەنگە هێشتا زوو بێ بۆ زانینی ئەوە.

ئێمە نموونەی خودا لە وجوودەوە وەردەگرین چونکە باوەڕمان وایە کە خودا واتە هۆکاری وجوود. بۆیە نموونە بە وجوود دێنینەوە. بێنە پێش چاوت ؟ کۆرپەلە لەناو سکی دایکی سەرەتا تەنها خانەیەکی پیتێنراوە ، ئەم خانەیە خاوەن هۆشێکەو فەرمانی لێوە دەردەچێت بۆ گەورە بوون ، بۆیە ئەم خانەیە دەبێ بە دوو خانەو دووەکەش دەبێتە چوارو چوارەکەش دەبێتە هەشت و تا لە کۆتاییدا دەبێتە منداڵێک و ئیدی ئەم هۆشە وا دەکات ئەو منداڵە لەو شوێنە کۆچ بکات بۆ دونیایەکی تر . کاتێ دێتە ئەم ژیانەوە ، بەهۆی جم وجوڵ و چالاکیە جەستەییەکانەوە ڕۆژانە چەندین خانە لە جەستەی لەناودەچن . بە هۆی ئەم هۆشەوە لەسەر کۆپی هەمان خانەدا خانەیەکی چالاکتر دروست دەبێتەوە. کەواتە لێرەدا هۆش دەبێتە خالیقی جەستە . بەڵام نەک هۆش بریتی بێت لە تەواوی جەستەکە. بەهەمان شێوەش. جەستەی وجوود ، هۆشێکی مەزن خالیقیەتی . بەڵام هەروەک چۆن هۆش بەشێکە لە جەستەی ئێمە دا ، بەهەمان شێوەش هۆشی مەزن بەشێکە لە خودا . نەک خودا بریتی بێت لە تەنها هۆشێک.

هەست و سۆز ،خولْقێنەرە.

شیردانی ژیانداران، بەرهەمی کارگەی هەست و سۆزە . سەیری دایک بکە ، چ سۆزێکی هەیە بۆ ڕۆڵەکەی؟ ئەو کاتە تەواو هەست بە ئارامی دەکا ،کە شیر دەدا بە منداڵەکەی . ئەو کاتە دڵی خۆشە کە هەست بکا منداڵەکەی تێری خواردوە.

ئەم هەستە هەر لە خۆوە نەهاتوە . دەبێ چەندەها قۆناغ و چەندەها ملیار ساڵی بڕیبێ ، تاکو توانیبێتی کائینێکی وەکو ژیانداری شیردەری بەو شێوەیە لێ خولْقابێ و لەگەڵ ویستی خۆی سازاندبێتی. من ناڵێم تەنها هەست و سۆز خالیقی زیندەوەرو ژیاندارانە ، چونکە هەست و سۆز ، تەنها دوو گۆشەن لە گۆشەکانی ژیان ، ژیان کۆمەڵێک ئاراستەو کۆمەڵێک گۆشەی هەیە کە بەشدارن لە پێکهێنانی هەر شتێک کە ئێمە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەین . بەڵام ئێمە تەنها زوومی کامێراکەمان خستەسەر ئەو کارگەیەی شیر دروست کردنە کە لە مێیینەدا هەیە . باوەڕ دەکەن یان نا. ئەو کارگەیە بە ویستی ئەو هەست و سۆزە دروست کراوە ، هەر لە هەست کردنی ئەو مێیینە بە برسێتی منداڵەکەی تا دەگاتە جۆری شیر دروست کردن و گۆڕینی شیرەکە لە تەمەنێکی منداڵەکە بۆ تەمەنێکی تری. تا دەگاتە پڕ شیر بوونی مەمکەکان لە شیر و تاکو دیزاینی مەمکەکان بەو شێوە جوان و نەرم وناسکە کە بە دڵی نێرینەیە جا چ بۆ منداڵەکەی یان بۆ هاوژینەکەی یان بۆ کۆمەڵگا . ئەو پێکهاتە ئاڵۆزە بە پرس و ڕاوێژی هەست و سۆزو بە ویستی ئەو دروست کراوە .

بۆیە من پێم تاکە شتێک پێش بوون ، وجوودی هەبووبێ ژیانە )بەو هەموو گۆشە نیگایانەی کە هەیەتی و ئێمە کاریگەریەکانی دەبینین بەسەر هەموو بوون(.

خۆراک ، بخۆر دروست دەکا . کەواتە سرووشت خالیقە.

کۆنەدار مۆرانە هەڵدێنێ ، پارچە گۆشتێکی تێکچوو ،کرم هەڵدێنێ ، ئاردێکی کۆنە ، ئەسپێ هەڵدێنێ .سێوێک کرم لەناوخۆی دروست دەکا تەنەکەی خۆڵەکە ئەگەر پاشماوەی خۆراکی تێدابێ، دوای چەند ڕۆژێک کرم دروست دەکا. ئیتر ئەمە بۆ کێچ و پندو گەنەو قڕنەو زۆر شتی تر دروستە . بەڵام دەبینین لەگەڵ ئەوەی لە یەکەم دەسپێکی دروست بوونیەوە (بە پێچەوانەی یاسای زایەندی ئەو زیندەوەرە دەخولقێ) واتە یەکەم بوونەوەر لە خودی پێکهاتەکە دەخوڵقێ بەبێ ئەوەی بەیاسای زایەندیدا تێپەڕبووبێ. دوای یەکەم خولقان ژیانی ئاساییانەو یاساییانەی سوننەتی گەردوونی دەست پێ دەکات و زیاد دەکات. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە . ئایا خودا ڕاستەوخۆ هاتە ناو ئەو بابەتە بۆ خوڵقاندنی ئەو زیندەوەرە یان هەموو پێکهاتەکان خۆیان لەناو خۆراکەکە هەن و تەنها ویستێکی خوداییانەیە نەک دەسەڵاتی خودا بۆ خوڵقاندن؟

با نموونەیەکی ڕوونتر لەسەر بابەتەکە ئاماژە پێ بدەین. بۆ نموونە: هێلکەیەک ناوەوەی بریتیە لە سپیلک و زەردێنە ، لە ڕاستیدا ئەم دوو پێکهاتەیە هەردووکیان خۆراکن ، بۆیە هەر لەنێو خودی ئەم دوو پێکهاتەیەدا بخۆرێک پەیدا دەبێت کە پێی دەڵێین جوجەڵە . بەڵام ئایا بۆچی نەبوو بەو کرمە کەلەنێو گۆشتەکەدا پەیدا بوو؟ یان بۆچی نەبوو بەو ئەسپێیەی کە لەنێو ئاردەکەدا پەیدا  بوو، ئەوەیە کە دەڵێین دیزاینی خوڵقاوەکە هەر لەنێو خودی پێکهاتەی خۆراکەکەدایە.

خودا دەسەڵاتی داوە بەسرووشت بۆ خوڵقاندن . لەهەر شوێنێکی گەردوون خۆراک هەبێ ،بخۆری لێ پەیدا دەبێ  ئەو بخۆرە دەبێتە زیندەوەر بەو دیزاینەی کە هەیەتی لەو شێوەو قەبارەیەی کە ویستی خودای لەسەرە. کەواتە هەموو خوڵقاوێک بەویستی خوداو بە خالیقیەتی سرووشت دێتە بوون . خودا ویستە لە خولقاندن . بەڵام خالیق نیە. بەڵکو دەسەڵاتی خالیقیەتی داوە بەسرووشت . بۆیە خودا سەرچاوەی دەسەڵاتە نەک کائینێکی دەسەڵاتدار.

بەڵام بابەتی چۆنیەتی خوڵقان و شیکردنەوەی ئەو بابەتە بۆ زانست جێ دێڵم ، من تەنها لایەنە خوداناسیەکە باس دەکەم ،بەڵام لایەنە زانستیەکە کاری پسپۆڕانە لەو بوارەدا.

ئەزموون گەردوون ڕێک دەخا.

زۆر کەس پرسیار دەربارەی ژیانی دوای مردن دەکا. ژیانی دوای مردن تەنها وەسوەسەیەکی ئاینیە لەنێوان خەڵکیدا بڵاو کراوەتەوە. چونکە هیچ بوونێک دووژیانی بۆ نیە ، یان هیچ ژیانێک بۆ دوو بوون نیە ، یان دووجار بوون لە دوو ژیان دا . بەڵکو ئەوەی هەیە بریتیە لە ئەزموون کردنی ژیان بەنێو بوون داو ڕێکخستنەوەی بوونە لەسەر بنەمای ئەزموونی ژیان. بوونی ئێستای ئێمەش بەو شێوەیەی کە هەین، تەنها بریتیە لەو بوونەی کە لە ئاستی ئێمەو تێگەیشتنی ئێستای ئێمەدایە.
واتە : بوونی ئێستا ڕێکترە لە بوونی پێش ئێستا، بەڵام بەسوودبینین لە بوونی پێش ئێستا ، بوونی ئێستا ڕێکخراوە . وە بوونی داهاتووش بە هۆی بوونی ئێستاوە ڕێک دەخرێتەوە بەشێوەیەکی ڕێکتر لە بوونی ئێستا. وە ڕێکخستنەوەش دیزاینەکەی بەو شێوەیە نیە کە ئێمە تێیگەیشتوین . بۆ نموونە بوونی مرۆڤی پێش ئێستا بووبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی مرۆڤی ئێستا لە شێوەیەکی ڕێک و پێکتر ،یان بوونی مرۆڤی ئێستا ببێتە هۆی ڕێکخستنەوەی مرۆڤ لەشێوەیەکی ڕێکتر لە داهاتوو . یان تێڕوانینی لاهووتیەت بۆ ئەو بارودۆخە ،کە پێی وایە (مرۆڤ کاتێ مرد، ژیانێکی تر هەیە کەوا مرۆڤی تێدا ڕێک دەخرێتەوە بەشێوەیەکی ڕێکتر) نەخێر ئەو بۆ چوونانە هەموویان هەڵەن . چونکە لە ئەنجامی تێکەڵبوونەوەو ئاوێتە بوون و دەرهاوێشتەو لێک جیاکردنەوەدا . بوونی تازەو مۆدێرن بە دیزاینی نوێ سەرهەڵدەدەن. بەپێی ئەزموونی ئاگایی پێشووتر کە وجوود سوودی لێ بینیوە. واتە وجوود لە یەکپارچەییدا بەرەو ڕێک و پێکی دەڕوا نەوەک پارچەکان و بەشەکانی وجوود . واتە گەردوون هەمووی پێکەوە دەچێتە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە بەپێی ئەزموون کردنی بوون لە پێشوودا . نەک تەنها بەشێک (مرۆڤ) لەنێو ئەم بوونەدا.
ئەمەی باسمان کرد، تەنها دیوە سرووشتیەکەی ژیان ومردن بوو کە تا ئێستا هەر بەو ڕۆتینیاتەی مردن وژیان گوزەری کردوە. بەڵام دەکرێ لە ئێستاوەو لە داهاتوودا دەستی مرۆڤ بکەوێتە ناو بابەتەکەوەو دیوە سرووشتیەکەی خۆی لە دەست بدات و مردن وژیانێکی دەسکرد شوێنی بگرێتەوە.

## ژیان ئەزموونە.

مرۆڤ تەنها لە ڕێی ئەزموون کردنەوە دەگاتە ڕاستیەکان و هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە. ئەزموون کردن مرۆڤ لە دۆخێکەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخێکی تر .وشەی تاقیکردنەوەش لەچەند ڕوویێکەوە نزیکی هەیە لەگەڵ ئەزموون کردن . بەڵام تاقیکردنەوە بۆیەک جارە و دەرفەتی ڕاست کردنەوەو بەرەو پێش چوون و ڕێکخستنەوەی شتەکانی تێدا نیە. بەڵام ئەزموون کردن بۆ چەند بارە کردنەوەیە بۆ بەرەو پێش بردن و ڕێکخستنی ئەو شتەی کە ئەزموون دەکرێ.
ئەزموون ئەو لێهاتوییە یا ئەو زاڵێتییەیە لە ئاست ڕووداو یا بابەتێکدا کە بە هۆی بەرکەوتن یا تێوەگلانەوە بە دەست دێ.
لە کوردەواریشدا دەڵێین (سوار هەتا نەگلێت نابێتە سوار) ئەزموون کردن هاوسەنگی دەدا بەلاسەنگیەکان یان هاوسەنگیە بۆ لاسەنگیەکان.
بۆ ئەو مەبەستە مرۆڤ پێویستە هەردەم لەنێو بازنەی ئەزموون کردن دا بێت . ئەگەر لە بازنەیەکیش هاتەدەر پێویستە بچێتە نێو بازنەیەکی ترەوە.
لێرەدا هیچ شتێک بۆ ئیستیسناکردن کردن نیە . بۆ نموونە: تەنانەت خوداناسیش لە بابەتی ئەزموون کردندا نابێ ئیستیسنا بکرێ . واتە خوداناسیش هەر لەنێو بازنەی ئەزموون کردندایە . بۆ نموونە: لەگوێی باوەڕدارانیان ئاخنیوە کە خودا گوێی لە بەندەکانەو هەر دوعایەک بکات گیرا دەبێ . دەی تۆش ئەو بابەتە (خودا و دوعا) ئەزموون بکە و بزانە ئایا ڕاستە؟ خۆ ئەگەر ڕاست نەبوو ، ئەوە بێگومان تۆمەتێکە خراوەتە پاڵ خودا و پێویستە وازی لێ بێنی .
بەڵێ ژیان بۆ ئەزموون کردنە. خودا مرۆڤی سەربەست و ئازاد کردوەو سەربەستی ڕەهای پێداوە بۆ ئەزموون کردنی هەرشتێک . بەڵام ئاینەکان بەپێچەوانەوە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو بابەتەیان شێواندوە بەشێوەیەک کە مرۆڤیان کردۆتە ڕۆبۆت و خودایان هێناوەتە جێی مرۆڤ بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤ. واتە مرۆڤیان کردۆتە تاقیگەی خوداو لەو ڕێیەوە خودا لەڕێی ئەزموونەکانیەوە هەڵەکانی خۆی ڕاست دەکاتەوە لەسەر مرۆڤ کە ئەمە تۆمەتێکی ناڕاستە دراوەتە پاڵ خوا لەلایەن ئاینەکانەوە.
تەنانەت خودی ئاینیش بە پرۆسەی ئەزموون کردن گەیشتوە بەکۆتا. پێشکەوتن و گۆڕانکاریش هەرلە ڕێی ئەزموون کردنەوە بە دەست دێ.

ژیان تۆوێکە ،کام سەرزەمین لەبار بێ ، لەوێ گەشە دەکا.

هێلکەیەک بێنە وبیخە ژینگەیەکی لەبار کە بریتی بێت لە پلەیەکی گەرمی گونجاوو هاوسەنگ . دەبینی دوای چەند ڕۆژێک بەبێ دایک جوجەڵەیەک لەناو هێلکەکەدا سەردەردێنێ. ژیان ئاوایە . وەک ئەو هێلکەیە وایە لەهەرشوێنێکی گەردوون بێ ئەگەر شوێنەکە لەباربێ ئەوا ژیان تێیدا نەشونما دەکات و گەشە دەکات.
ئێستا لەسەر هەسارەی زەمینە .لەوانەیە کۆتایی بێ . ئەمجارە ڕەنگە لەسەر مەریخ کەش و هەوایەکی لەبار دروست بێ . ژیان لەوێ گەشە دەکات و سەر هەڵدەدات.
تۆوی ژیان لەهەموو شوێنێکی گەردوون هەیە . بەڵام کام شوێن لەباربێ لەوێ ژیان گەشە دەکا. بۆیە ژیان لەسەرزەمینی ئێمەدا نە یەکەم دەسپێکەو نەکۆتا ژیانە.
بەو پێیە . ڕەنگە ملیارەها هەسارە بەر لە هەسارەی زەوی ژیانی لەسەر بوو‌بێت و دواتر لەناو چووبێت . ئینجا ڕەنگە هەر لەسەر هەسارەکەی خۆمان هەزاران جار ژیان گەشەی کردبێت و لەناوچوو بێت. ڕەنگە لە ئێستای ئان وساتی ئێمەدا چەندەها هەسارە هەبن وژیانیان لەسەربێ و مرۆڤ و بوونەوەرانیان لەسەر بێ و ژیان بکەن . یان لەوانەیە لە داهاتوودا چەندەها هەسارەی تر ژیانیان لەسەر پەیدا بێ.
واقیعێک هەیە . ئەویش ئەوەیە کە بە داخەوە ڕۆژێک دێت ژیان لەسەر هەسارەکەی ئێمەش کۆتایی دێت . بەڵام ژیان کۆتایی نایە . بەڵکو ملیۆنان هەسارەی تر لە پێشوازی ژیاندان لە دوای هەسارەکەی ئێمە. ژیان هەرهەبووەو هەرهەیە و هەر دەشبێ.

خودا واتە بوون و ژیان ، لە هەمان کاتیشدا مرۆڤیش واتە بوون و ژیان . بەڵام جیاوازیەکە لە چیدایە؟ جیاوازیەکە لەوەدایە کە خودا بریتیە لە بوون و ژیان ، بەڵام مرۆڤ بەهۆی ئەو بوون و ژیانەوە شێوەی گرتوە.
هیچ بوونێک بێ ژیان نیەو نابێت ، بوون لایەنی ماددی هەرشتێکە . وە ژیانیش لایەنی مەعنەوی هەرشتێکە. بوون زۆر لەوە قوڵترە کە زانست پێی گەیشتوە . بەهەر حاڵ با وا دابنێین کە هەر خانەیەک لە جەستەی مرۆڤ خاوەنی بوون و ژیانێکی سەربەخۆیە.
کەواتە شێوەی من پێکهاتەی چەندەها ملیار بوون و ژیانە کە بەیەکەوە منیان دیزاین کردوە. من هیچ نیم جگە لە شێوەیێک کە بەرجەستە کراوی چەندەها ملیار بوون و ژیانم و خودی خوداش واتە ئەو بوون و ژیانانە.
من تەنها ڕۆڵی شێوە دەبینم لەنێو ئەو هەموو چەندەها ملیار بوون و ژیانەدا. کاتێکیش کە دەمرم ، تەنها شێوەکەمە لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوەونامێنێ . ئەگینا ئەو بوون ژیانانە لەناو ناچن . بەڵکو هەریەکەیان سەرلەنوێ بەشداری دەکاتەوە لە شێوەیێکی تازە پێکهاتوودا. واتە ئەو خانانەی کە شێوەی ئێستای منی دیزاین کردبوو . ئەمجارەیان ئازاد دەبێ لە پەرش وبڵاو بوونەوە بەسەر چەندەها ملیار شێوەی تازەی پێکهاتوودا.
واتە ڕەنگە یەکێک لەو بوون و ژیانانەی ئێستای پێکهاتەی شێوەی من بچێتە نێو دڵۆپە ئاوێک و بەشداری بکات لە پێکهاتەی شێوەی دڵۆپە ئاوێک وە ڕەنگە بوون و ژیانێکی تری من بەشداری بکا لە دەنکە خۆڵێک ، یەکێکی تر لە درەختێک ، یەکێکی تر لە بەردێک ،یان ماددەیەکی کانزایی ئەوەی کە گرنگە باسی لێوە بکەم ئەوەیە کە تەنها هۆش و تێگەیشتن و ئەزموونی من لە ڕێی هەریەک لەو بوون و ژیانانەوە ،لە دوای مردنی من دەگوازرێتەوە بۆ شێوەیێکی تازە بە دیزاین کردنێکی ڕێک وپێکتر لە پێشوو.
بۆیە پەرش وبڵاو بیرکردنەوەی ئێمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەریەک لەو چەندەها ملیار بوون وژیانەی کە ئێمەی لێ پێکهاتوە ، هەریەک لەوانە لە شێوەیێکی پێشووتر گوازراوەتەوە بۆ ناو پێکهاتەی شێوەی ئێستای من. بۆیە هەندێ جار ئاژەڵانە بیر دەکەمەوەو هەمان هەستی

ئاژەڵیم هەیە. هەندێ جار بلیمەتانە بیر دەکەمەوە ، هەندێ جار بیر ناکەمەوە هەندێ جار نامۆیانە بیر دەکەمەوە ، هەندێ جار هەندێ شت بە مێشکمدا دێت کە کەس بە بیری دا نەهاتوە. تەنانەت هەندێ جار پێشبینی هەندێ شت دەکەم یان هەست دەکەم هەمان ڕووداو دووبارە بووەوەیە . واتە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەی لە شێوەدا ڕێک وپێک وبە ئەندازەگیری پێهێنراوم ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڕەمەکیانە دروست بووم ، دەی ئەمە کاری سرووشتە. سەیری سرووشت کە لە دیزاینی دارستانەکان . دەبینی هەر دارێک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کەوتۆتە شوێنێک و بە گوێرەی ژیان و گوزەران لەو شوێنە پەیدا بوونەو هیچ دیزاین و ئەندازەگیری و نەخشەسازیەکی تێدا نیە . بەڵام لە هەمان کاتیشدا شێوەیەکی جوانیشی هەیە. ئەمانە هەمووی بەهۆی تۆماری لە پێشینەی شێوەکانی ترن لەسەر هەریەک لەو بوون و ژیانانەی کە شێوەی ئێستای منی کە لێ پێکهاتوە. بۆیە ئەم بوونەی ئێستای من مەحکومە بە دیوە سرووشتیەکەی بوونی من . لەوانەیە دەسکاریکردنی مرۆڤ بکەوێتە نێو ناوەڕۆکی منەوەو لەو پەرش وبڵاویەی بیرکردنەوە ڕزگارم بێ و بمکاتە مرۆفێکی تەواو ڕێکخراو لە ناوەڕۆکدا . واتە هەر لە خانەی جەستەی من مرۆڤێک بخولقێنرێ ، ئیدی چیتر وەک ئاژەڵێک بیر نەکاتەوەو ڕێکخستنی بۆ بکرێت و داماڵرێ لەدیوە ئاژەڵیەکەی و ئەو هەستەی تێدا نەمێنێ.

بەڵام ئاین پێی وایە کە ئەو بوون و ژیانانە ئازاد نین . بەڵکو مەحکومن بە چارەنووسی هەمان ئەو شێوەیەی کە ئێستا هەیەو لە دونیاییێکی تر هەمان ئەو بوون و ژیانانە ،هەمان پێکهاتەی شێوەی من دیزاین دەکەنەوە . بەو پێیە واتە خودا ئازاد نیەو بەندە لەنێو ئەو شێوەیەی کە من هەمە بەو شێوەیەی ئێستام .

بە کورتی : من کۆکراوەی هەموو شتێکم و بەنێو هەموو شتێکیشدا پەرش و بڵاو دەبمەوە.

مرۆڤایەتی حاڵەتێکە بەردەوام لەنێوان دروستبوونەوەو لەناوچووندایە. واتە هاتنە دونیای مرۆڤ و دەرچوون لە دونیای ،وەکو خانەکانی لەشی مرۆڤ وان کە هەرچەند چرکەساتێ کۆمەڵە خانەیەک لەلەشی مرۆڤ هەڵدەوەرێ وە کومەڵە خانەیەکی تازە دێتە دونیاوە. هێزێک هەیە لە نێو خانەدا کەکۆتایی بەتەمەنی ئەو خانەیە دێنێت و لە جێگەی ئەودا خانەیەکیتر دروست دەکاتەوە. بەڵام هیچ خانەیەک سەربەخۆ دروست نابێ ،بەڵکو لە پێکهاتەی خانەکانی ترەوە دووبارە لەهەمان شوێن و بەهەمان شێوە دروست دەبێتەوە ، هێز ڕۆڵی سەرەکی بریتیە لە دروست بوونەوەو لەناوچوون . بەڵام ئەوەی کە ئەو خانەیە دەخاتە کارو جوڵە ،ئەوە پێی دەگوترێ وزە . هێز لە دروستبوونەوەی خانەکەدا وەزیفەی دەگۆڕێت ودەبێتە عەقڵی خانەکە. هەموو زانیاریەکان وتەفسیراتەکان ئەرشیف دەکات و دەیکاتە ئاگایی بۆ خانەکە. ئەو ئاگاییە دەگوازرێتەوە بۆ ئەرشیفی عەقڵی مرۆڤەکەو هەموو ئەو زانیاریانەی کەتێیدا تۆمار کراون دەبێتە ئاگایی بۆ مرۆڤەکە . مردنی مرۆڤێک و هاتنە دونیای مرۆڤێکی تر لەسەر بنچینەی ئەم وێنەیەیە .

واتە ئێمە هێزێک هێناوینیە دونیاو وزەیەک گەشەی پێداوەو جوڵە دەخاتە هەموو هەڵسوکەوتەکانی ئەم بوونە بەو شێوەیەی کە هەیە. دواتر وەزیفەی هێز لە هێنانە دونیاوە دەگۆڕێت بۆ عەقڵی ئەو بوونە ، ئەو عەقڵەش زانیاریی شتە هەست پێکراوەکان تەفسیر دەکات و دەیکاتە ئاگایی بۆ ئەو بوونە. کاتێکیش ئەو بوونە تەمەنی کۆتایی دێت ، ئەوا ئەو هێزە کە چڕ بۆتەوە لە دروست بوونی ئەو بوونە ، وردە وردە یان بەخێرایی لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوەو شی دەبێتەوە.وە ئەو بوونە وزەی تێدا نامێنێت و هێزو وزەکە ئامادە کاری دەکەنەوە بۆ سەر لەنوێ دروستبوونەوەیەکی تر .بەڵام هەموو هێزو وزە لەناوچوەکان تێکەڵ یەکتر دەبنەوە نەک یەکەیەکی سەربەخۆبن . ئینجا ئەو عەقڵ و ئاگاییانەی کە لە دەرەنجامی هێزو وزەکانەوە دەرپەڕیون ، ئەوانیش لە جیهانی مەعنەویاتدا تێکەڵ دەبنەوە نەک هەر هەمان عەقڵ و ئاگایی بێتەوە ناو هەمان بوونەکەوە .

واته : بوونە تازەکە لەسەر بنچینەی تێکەڵبووی بوونەکانی ترەوە دێتە بوون نەک لەسەر بنچینەی هەر هەمان بوونەکەی پێشووتر وەک یەکەیەکی سەربەخۆ ، وە هەروەها عەقڵ و ئاگایی تازەش لەسەر بنچینەی عەقڵ و ئاگاییەکانی پێشووتر بەرزتر دەبێتەوە نەک هەر هەمان عەقڵ و ئاگایی پێشووتر وەک لە جەستەکەی پێشووتردا هەبووە.

واتە : من بوونێکم لە نێوان بوونێکی لەناوچووی بەئاگا بۆ بوونێکی تازەتر لە ئاگایی، واتە من تەنها خشتێکم بۆ تەواو کردنی دیواری وجوودێکی کامڵ و ئاگاییەکی ڕەها. وە هەموو کامڵێتی و ڕەهاییەک بۆ قۆناغێکە و قۆناغەکانی تر بێکۆتایین.

خودا واته ژیان و بوون . بەڵام ژیان و بوون یەکەی هەست پێنەکراون کە هۆشێکی مەزن هەر لە خودی لایەنی ماددی ومەعنەوی ژیان و بوون دا یەکیان دەخات و ویستێک هەیە لە دیزاین کردنی شێوەی هەر شتێک . بەو شێوەیە ژیان و بوون لە پێکهاتەیەکدا بەرجەستە دەبێ، کە مەبەست لێی نمایش کردنی خوداییێتی خودایە بەو شێوەیە لە هەر شتێکدا.

ویستی خودا لە ڕۆڵ بینین لە هەر شتێکدا بە هەر شێوەیێک ، ماناو مەغزای تایبەت بە خۆی هەیە . لەو نێوەندەدا مردن تەنها لێک هەڵوەشانەوەی شێوەی شتەکانە و ژیانیش دووبارە یەکگرتنەوەی یەکەکانە لە شێوەیەکی تر بە پێی ویستی هۆشێکی مەزن لەنێو خودی یەکەکانی ژیان وبوون دا.

واتە ئەو شێوەیەی کە ئێستا من هەمە ،هیچ نیە جگە لەوەی کە بەرجەستەی ئەو یەکانە دەکات و ئەو شێوەیەی ئێستام یەکێتیەکە لەنێوانیان لە هەماهەنگی و هاوبەشی . پێکهاتەی هەبوونی من نوێنەرایەتیان دەکات تا گەیاندنی ئەو پەیامەی کە دەیانەوێ لەو شێوە بەرجەستە بووەدا بیگەیەنن .

لەو نێوەندەدا من ویستێکم پێ بەخشراوە لەوەی کە هەڵبستم بە ڕۆڵ بینینی ئەو پەیامبەرێتیەدا ، وە هۆشێکی سەربەخۆم پێدراوە لە چۆنیەتی گەیاندنی ئەو پەیامە خوداییەدا. واتە دەتوانم بەو ئەرکە هەڵبستم کە پێم بەخشراوە، وە دەتوانم پێی هەڵنەستم بەو ئەرکە.

واتە من بەو پێکهاتەیەی کە هەمە و لە شێوەی مرۆڤ دا کە بەرجەستە کراوم ، خاوەن هۆشی خۆم و ویستی خۆمم لە پەیامبەرایەتی و گەیاندنی پەیامە خوداییەکە. وە ئەرکی من لەو پێکهاتە مرۆییەدا جیایە لە پێکهاتەی هەبوونی هەر شتێکی تر . چونکە ئەرکی گەیاندنی پەیامی خودایی لە هەر شتێکدا جیایە لە شتێکی تر .

دەمێنێتەوە بڵێم : من تەنها لەو قۆناغەدا وەک مرۆڤ ڕۆڵ دەبینم و لە مرۆڤ دا کۆکراومەتەوە . لە قۆناغێکی تردا پەرش وبڵاو دەبم بەسەر شێوەی شتەکانی تردا . نەک دووبارە مەحکوم بم بەهەمان شێوەی مرۆڤبوونم

## حەیاتی بەرزەخ یان قۆناغی هەڵوەشانەوە.

باسی پێکهاتەی شێوەی هەر هەبووێک و لێک هەڵوەشانەوەکەیمان کرد هیچ شتێک نیە بەدەر بێ لەو حاڵەتەو هەموو هەبووێک بەوشێوەیەی کە هەیە دەرهاوێشتەی بەریەککەوتنە.
سەبارەت بە ژیانی بەرزەخ ، ئەو شتە دەچێتە دۆخی شیبوونەوە بەڵام دەڵێین ڕۆحی خودا ، بەڵام بیرتان بەلای ئەوەدا نەچێ کە ئەو ڕۆحە بریتی بێت لە جەستەیەکی شەفافی خەیاڵاوی وەک ئەوەی هەندێ ئاین پێناسەی بۆ دەکەن . بەڵکو مەبەستمان لە ڕۆحی خودایی هەمان هێزو وزەیە کە ئەو وجوودە ماددیەی مرۆڤی لێ پێکهاتوە.
بوونی هەرشتێک سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وزەیەی کە لێیەوە هاتوە ئەویش پێی دەگوترێ : خودا واتە : خودا سەرچاوەی وزەی بوون و گەشەسەندنی هەموو شتێکە .بۆیە بەلای ئێمەوە خودا واتە (بوون) دەی باشە ئەگەر خودا بریتی بێت لە (بوون) ئەی ئەو بوونە کە دەچێتە قۆناغی لەناو چوون و مردنەوەچی؟ ئایا واتە خودا مرد؟ ئەمە لۆژیک نیە کاتێ کە ئێمە پێمان وایە خودا نامرێ. لە سەرێکی ترەوە، خۆ ئەو شتە لەگەڵ مردنەکەشیدا بوونی هەر هەیە تاکو شی دەبێتەوەو دەچێتەوە ناو دۆخە گشتیەکەوە (دۆخی یەکیەتی بوون)
ئەو دۆخە (دۆخی لێک هەڵوەشانەوە- حەیاتی بەرزەخ) دۆخێکە لەنێو خودا دەچێتە قۆناغێکی تری نوێبوونەوەو خۆڕێکخستنەوە.بە ڕۆحێکی نوێترو پێشکەوتووتر لەوەی پێشووتر . خودا بنەمای وجوودی لەسەر پەرش و بڵاوی دارشتوە. بەهۆی دۆخە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێکخستنەوەو لێک هەڵوەشانەوە(ژیان و مردن ( ماوەی نێوانیان ) گەشەسەندن و بەرزەخ)وجوود بەرەو کەماڵی ڕێکخستنەوە دەبات .
بەڵێ ژیانی بەرزەخ قۆناغێکە بۆ بارودۆخێکی تری شتەکان . بەو پێیە بوونی هەر شتێک بە چوار بارودۆخ دا تێدەپەڕێت. بەڵام لە سووڕێکی بەردەوام دایە . قۆناغەکان بریتین لە :

یەکەم/ گەشەسەندن (بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ وەربگرین) لەو قۆناغەدا لە سپێرمەوە دەست پێ دەکات و دەبێتە تاک خانەو جووت خانەو چەند خانەو

تاکو دەبێتە بوونێکی کامڵ و تەواو.بەڵام یەکەم پەیدابوون من پێم وانیە لەسەر بنەمای پەرەسەندن بووبێ ، بەڵکو لەسەر بنەمای هەڵهێنانە . واتە زەوی دایکی هەموو هەڵهێنراوەکانیەتی لەسەر زەوی و هەر بوونێکی سەرزەویش بەهۆی هۆکارێک و بارودۆخێک و پێویستییێکەوە، زەوی هەڵی هێناوە بۆ پاراستنی هاوسەنگی سرووشت لەسەرزەوی. هەرچەندە لەحەقیقەت دا ئەو ژیانەی سەرزەوی بەلای ئێمەوە ژیانە . ئەگینا لە ڕاستیدا من پێم وایە زەوی وەک کەڕووێک وایە لە بۆشایی ئاسماندا کە بۆتە سەرچاوە بۆ ئەو زیندەوەرانەی کە هەڵی هێناون.

دووەم/ قۆنااغی هاتنە دونیا (ژیان) لەم قۆناغەدا بوون ئامادەکراوە بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرک و وەزیفەیەی کە بەپێی شێوەو دیزاینی شتەکە پێی بەخشراوە.

سێیەم / قۆناغی هەڵوەشانەوەی بوونەکە (حەیاتی بەرزەخ) لەم قۆناغەدا دوای ئەوەی کە بوونی شتەکە بەئەرک و وەزیفەی سەرشانی خۆی هەڵساوە، ئینجا دەچێتە دۆخی هەڵوەشانەوە.کە ماوەیەکی پێدەچێ تا تەواو شی دەبێتەوەو دەچێتەوە ناو جیهانە ڕاستەقینەکەی خۆی کە جیهانی (یەکیەتی بوونە یان یەکانەیی بوون - وحدة الوجود)

چوارەم / قۆناغی یەکیەتی بوونەوەی ماددەکە (قۆناغی فەنابوون) لەو قۆناغەدا شتەکە بەتەواوی ئەو سیفەت و خەسڵەت و هەیئەت و شکڵ و شێوەیەی کە هەیبوو ، نایمێنێت و بەتەواوی فەنا دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە بەشێوازێکی ترەوە بگەڕێتەوە ناو مەیدانی ژیان.

خورافاتی زیندوو بوونەوە.

چەندین هەزار ساڵە ئاین مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بە بیانووی زیندوو بوونەوە.
بەڵام خودا هەموو بوونی لە نەخشەیەکی زۆر سادەو بچووکدا خستۆتە بەردەم مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا عەقڵی پێداوە تاوەکو شرۆڤەی بکات و هەڵیسەنگێنێ . بیهێنە بەرچاوی خۆت . ئەو هەستە سرووشتیانەی کە خودا داویەتی بە مرۆڤ ، کاتێک ئەو هەستانە لە دەست دەدەی ، هەرگیز جارێکیتر ئەو هەستانە بە شێوە سرووشتیەکەی خۆی بۆ مرۆڤ ناگەڕێنەوە، مەگەر هەستێکی دەسکرد بخرێتە شوێنی.
بۆ نموونە: مرۆڤ هەستی دەست لێدان و بەرکەوتنی لە دەست دەدا . کە لە ڕێگەی ئەو هەستەوە مرۆڤ هەست بەگەرمی و ساردی و ئازار جەشتن دەکات.بەڵام کاتێک بەهەر هۆکارێک تۆ ئەو هەستە بەتەواوی لەدەست دەدەی، ئەوا هەرگیز ئەو هەستە بەشێوە سرووشتیەکەی خۆی جارێکیتر بە دەست ناهێنیتەوە. مەگەر لە ڕێگەی زانستی تازەوە کارێک بکرێ بۆ گێڕانەوەی ئەو هەستەو خودی مرۆڤیش لەبەردەم هەر ئەگەرێکی زانستیدا کراوەیە بۆ تاقیکردنەوە لەسەری.
بەهەمان شێوە، ئەو ژیانەی کە بە ئێمە دراوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە
هەستێکی سرووشتیە (هەستی ژیان) واتە هەست دەکەین کە هەین . بەڵام کاتێک ئەو هەستە لە دەست دەدەین ئەوا هەرگیز جارێکیتر ئەو هەستەمان بۆ ناگەڕێتەوە. چونکە ئەمە یاسای خودایە بۆ هەستەکان.
مەگەر زانست هەستە خوداییە سرووشتیەکان بگۆڕێ بۆ هەستە مرۆییە دەسکردەکان.

لەناوبردن وخولْقاندنەوە .

بێنە پێش چاوت: بوونی هەر شتێک لەسەر ئەم هەسارەی خۆمان پیتێکە، هەر کۆمەڵەیێک (بۆ نموونە کۆمەڵە گیاندارێک) وشەیێکە، هەموو کۆمەڵەکان پێکەوە لەسەر هەسارەکەمان ڕستەیێکە، کەواتە گەردوون بابەتەکەیە. کەواتە بە داڕشتنەوەی پیت و وشەکان بۆ چەندەها جارو بە چەندەها شێوە ،بابەتی تازەی لێ پێک دێ و هەر بابەتێک مانایەک دەبەخشێ . لێک هەڵوەشانەوەی وجوودی هەرشتێک و هەموو شتەکان (لەناو بردن و خولقاندنەوە) لە لایەن خوداوە بۆ سەر لەنوێ داڕشتنەوەی بابەتێکی تری خەلقی وجوودە بە مانایەکی تازەتر.
لەم سەروبەندەدا، پیتەکان بنچینەن بۆ وشەکان ، وشەکان بنچینەن بۆ ڕستەکان، ڕستەکانیش بنچینەن بۆ بابەتەکان، بابەتەکانیش هەوێنن بۆ مانا ڕاستەقینەکان ، خوداش نوسەری پیت و وشەو ڕستەو بابەتە وجوودیەکانە.

خوداکردە چیەو دەسکردە چیە؟

سیفەتی خوداکردەیی دیارە چیەو چۆنە بریتیە لە هەر شتێک کە لە نەبوونەوە گەشە دەکات و دەبێتە بوون. هەر بوونێکیش خاوەن تایبەتمەندیێکە، خودا هێزی داوە بە سرووشت بە تێکەڵکردنی ماددەکان بۆ پێکهاتنی ماددەیەکی نوێ ، بۆ نموونە تێکەڵ بوونی ئاوو خاک ، ماددەیەکی تازەی لێ پێک دێ کە پێی دەڵێین : قوڕ (کە هەڵگری هەردووخەسڵەتەکەی ئاوو خاکە) کەواتە لێرەوە تێ دەگەین کە کاری خوداکردەیی چیەو کاری سرووشت کردەیی چیە . هەر ماددەیەک پێک هاتبێ لە دوو توخمی جیا ، ئەو ماددەیە دەچێتە خانەی ماددەیەکی دەسکرد . بەڵام هەر ماددەیەک کە بریتی بێ لە هەڵگری خەسڵەتێکی سەربەخۆ ، ئەوا خوداکردەییە. کەواتە بنچینەی شتەکان خوداکردەییەو لق و پۆپی شتەکان سرووشت کردەییە.

## خودا بەرهەمهێنە ،سرووشت بەکارهێنە

چۆن خوداکردەیی و سرووشت کردەیی لێک جیا بکەینەوە؟
خوداکردەیی هەرشتێکی بەرهەم هاتوو دەگرێتەوە کە پێشتر بوونی نەبووبێت. بەڵام بەکارهاتوو لەو بەرهەمانەوە پێک دێت کە پێشتر هەبوون و لەرێی کارلێکەکانەوە پێهکهێنراون.واتە بەرهەمهێنراوە بنەڕەتیەکان بەکارهێنراون . بەڵام ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ یەکەم بەرهەمی بنەڕەتی خوداکردەیی ،ڕەنگە پێچەوانەی بیرکردنەوەی تەواوی مرۆڤایەتی بێ ، ئەگەر پێی وابێ لە ماددەیەکی هێندە گەورەوە هاتبێ کە هۆش وێنای ناکا. بەڵکو لەوانەیە یەکەم بەرهەمی بنەڕەتیی خوداکردەیی بریتی بێت لە شتێکی هێندە بچووک کە مەحاڵ بێت هەست پێکردنی .

پرسیارەکان ،وەڵامەکانیان لەناو سرووشتدایە.

مرۆڤی زیندوو ئەو کەسەیە کە بەردەوام پرسیار دەخوڵقێنێ چونکە لەگەڵ خولقانی هەر پرسیارێک نهێنیەک ئاشکرا دەبێ و گرێ کوێرەیەک دەکرێتەوە. پرسیار وەحی (سرووش) ی خودایە. تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە زیندوون . چونکە زیندوەکان وەحیان بۆ دێ نەک مردوەکان.
هیچ پرسیارێکیش نیە کە وەڵامەکەی لەنێو سرووشتدا نەچێنرابێ.
پرسیار سەرە داوی کردنەوەی گرێ کوێرەکانەو ئاشکرابوونی نهێنیەکانە.
لەگەڵ باڵابوونی مرۆڤ و بەرز بوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری پرسیاری تازە دەخولقێن و وەڵامەکان دەبنە پردی پەیوەندی لەگەڵ نهێنیەکانی نێو سرووشت .
هیچ پرسیارێک تاوان نیە . هەموو پرسیارێک لە خوداوەیە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتێک . پرسیار ڕێبوارێکەو چاوساغەکەی ئەو وەڵامانەن کە لەناو سرووشتدا چێنراون. ڕەنگە وەڵام هەڵە بکا. بەڵام هەرگیز پرسیار هەڵە ناکا.

# بەشی سێزدەیەم

# مرۆڤبوون

ڕۆژانە جەستە چەندەها خانەی لێ هەڵدەوەرێ ئەم خانانە لەگەڵ خۆیاندا چەندەها یادگاری وبیرەوەری خۆش وناخۆش لە جەستە دەکەنە دەرەوە . واتە لەڕێگەی ئەو هەڵوەرینەوە ڕۆژانە جەستەی مرۆڤ خاوێن دەبێتەوە لە هەموو هەستەکان و بیرەوەریەکانی ڕابردوو، بەڵام لە شوێنی ئەم خانانە بە هەمان شێوەی خانەکەی پێشوو خانە دروست دەبێتەوەکە بەرهەڤە بۆ لەخۆگرتنی ڕووداوە تازەکان. لە ڕاستیدا ئەمە کاری ئەو وزە خودایيەیە کە پێی دەڵێین )ڕۆح – گیان ( ئەو وزە خودایيە تا بوونی هەبێ لەنێو ئەو جەستەیەدا ، ئەو جەستەیە یان ئەو تەن و تەنۆلکەیە بەردەوام لە جولەدایە وە بە هۆی ئەو وزە خودایيەوە بەردەوام لە یەک خانەوە گەشە دەکات تاکو دەبێتە پێکهاتەی جەستەیەکی تەواو. دوای ئەوەی کە بوو بە جەستەیەکی تەواو، ئینجا ئەو وزە خودایيە پارێزگاری لە مانەوەی دیزاینی ئەو پێکهاتەیە دەکات تاکو کاتی دیاریکراو . کاتێک ئەو وزە خودایيەی تیا نەما، ئیتر ئەو جەستەیە یاسای هەڵوەرینی خانە جێبەجێ دەکات . بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو وزە خودایيەی تیا نەماوە ، بۆیە خانەی نوێ شوێنی ناگرێتەوەو بەو پێیە وردە وردە ئەو تەنە یان ئەو جەستەیە دەپووکێتەوەو نامێنێ و کۆتایی دێ.

بەو پێیە هەر بوونێک گەردوونێکی بچووککراوەیە لە هاوشێوەی خۆیداو ڕێنمایی هاوشێوەکەی خۆی دەکا.

## دەوڵەتی قووڵی نهێنیی ناو جەستە .

هۆشی ڕاستەقینەی مرۆڤ دابەشکراوە بەسەر هەموو خانەکانی جەستەو هیچ بەشێک یان خانەیەک نیە کە خاوەن هۆشی تایبەت بەخۆی نەبێ . لەگەڵ ئەوەی کە کاروبارەکانی جەستە،لە ڕواڵەت دا عەقڵ بەڕێوەی دەبا، بەڵام لە ناواخنیدا دەوڵەتێکی قووڵی هۆشمەندی لە پشت ئەو کاراکتەرەوەیە. هەروەک چۆن ڕێڤەبەری و حوکمی هەر وڵاتێک لە ڕواڵەت دا بەدەست ئەو سەرۆکەوەیە کە لە لایەن خەڵکەوە( جا بە هەر شێوەیەک و سیناریۆیەک بێت) هەڵبژێردراوە . بەڵام لە ڕاستیدا چارەنووسی وڵاتەکەو بەرنامەو پلانی ڕاستەقینەی وڵاتەکە بەدەست دەوڵەتی قووڵی نهێنیەوەیە. جەستەش بەهەمان شێوە خاوەنی ئەو دەوڵەتە قووڵەی ناو جەستەیەو ڕەنگە خاوەنی جەستەکەش بەهەندێ نهێنیی ئەو دەوڵەتە قووڵە نەزانێ.

## یەکانەیی بوونی جەستە.

ئایا پێت وایە ئەگەر دڵی هندۆسێک لە سینەی موسوڵمانێک بچێنرێ، ئەوا ئەو موسوڵمانە دەبێتە هندۆسی؟

ئایا پێت وایە ئەگەر مێشکی ئەنیشتاین لە کەلەی سەری مرۆڤێکی گەمژە بچێنین، ئەوا ئەو مرۆڤە گەمژەیە دەبێتە ئەنیشتاین؟

ئەم بابەتە دەبێتە وەڵام بۆ ئەو دوو پرسیارە . چونکە تەواوی جەستە لەهەموو کاروبارێکدا پێکەوە گرێدراوو هەماهەنگسازی یەکترن . بۆیە هیچ بەشێکی دیاریکراو نیە لە جەستەی مرۆڤ کە بەتەواوی ئازادو بێ نیاز بێ لە تەواوی بەشەکانیتر . واتە کاتێ ئیماندارێکی موسوڵمان پێی وایە ئیمان دەچێتە ناو دڵەوە ، ئەوا دڵ دەبێتە عەرشی خوداو تەواوی ئەندامەکانی تری جەستە وەک کۆیلە دەبێ لە خزمەتی دڵدا بن. یان کاتێک زانایێک پێی وایە کە عەقڵ هەموو شتێکە لە جەستەی مرۆڤدا و ئەندامەکانی تری جەستە تەنها جێبەجێکاری فەرمانەکانی عەقڵن. ئەو کاتە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان دیندارێک وزانایێک کە جەستە دەکەنە کۆیلەی ئەو پارچە گۆشتانەی کە خۆیان بەلایانەوە ئازیزە.

نەخێر ، تەواوی جەستە بەبێ هیچ جیاوازیەک و وەکو یەک ئازیزە. هەربەشێک کاری خۆی دەکا و زانیاری بۆ تەواوی بەشەکانیتر دەنێرێ. تەواوی خانەکانی جەستە وەک یەک ،هەریەکەو عەقڵی تایبەت بەخۆی تێدایە . خانەکانی جەستە هەریەکەو وەک بوونەوەرێک و زیندەوەرێک وایە بۆ ژیانکردن. هەموو بەیەکەوە هەماهەنگن لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئەو جەستەیەی کە هەموانی پێکەوە بەستۆتەوەو یەکانەیی بوونی شێوەی ئەو جەستەیەی پێ بەخشیوە کە شانازی پێوە دەکات و بەلایەوە ئازیزە.

بنەمای نەگۆڕ لە سرووشتی مرۆڤدا.

مرۆڤ پێویستی بە بنەمایەکی نەگۆڕ هەیە لە ژیان کە لە هاوکێشەکاندا بەکاری بێنێ ، حەقیقەت دانە پاڵ خودا (خودایێک کە بەرجەستەکرابێ لە حەقیقەتەکان) دروستترین بنەمایە کە دەتوانرێ بەنەگۆڕی بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی لە هیچ حاڵەتێکدا مرۆڤ بۆ چەقبەستوویی بەرێ . هەرچەندە خۆ دانەپاڵ ئەو حەقیقەتەش خۆی لەخۆیدا هەر چەقبەستووییە . بەڵام ئەم چەقبەستووییە هیچ کاریگەریەکی نەرێنی نابێ لەسەر گۆڕانکاریەکان و نوێبوونەوەو تازەگەریەکاندا ، بگرە بە پێچەوانەوە هێزی گۆڕانکاری نوێخوازی دروست دەکا لەهەر هەنگاوێک و بارودۆخێکدا.
مەبەستمان لە ڕاستیە بنەڕەتیەکانە کە نەگۆڕن وگۆڕانکاریان بەسەردانایە. ڕاستیە بنەڕەتیەکانیش نابنە چەقبەستوویی.

سرووشت خولْقێنەری هەموو ژیانەوەران وزیندەوارانە بەپێی ئەو یاساو ڕێسا گەردوونیانەی کە بۆ پێکهێنانی هەر خولقێنراوێک ئامادە کراوە. مرۆڤیش یەکێکە لەو پێکهاتە خولْقاوە کە بەرجەستە بووە لەو یاساوڕێسا گەردوونیانە. بێگومان ئەو یاساو ڕێسا گەردوونیانە کە سرووشتی لێ پێکهاتوە ، دەسەلاَتێکی خوداییە بە سرووشت بەخشراوە بۆ چۆنیەتی ژیانکردن و گەشەکردنی هەر پێکهاتەیەک و گۆڕانی لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە سرووشت دەگرێتەوە. کەواتە کاری یاساو ڕێسا گەردوونیەکان پێکهێنانی شتەکانن و کاری سرووشتیش گەشەدان و فەراهەم کردنی ژیانە بۆ شتەکان ،لەنێویشیان دا مرۆڤ .
کەواتە ئەگەر ئێمە هەربەگوێرەی یاساو ڕێسا سڕووشتی و گەردوونیەکان ڕێگە بگرین ، ئەوا ژیانی ئێمە هەر تەنها بریتی دەبێ لە خواردن وخەوتن و وەچەخستنەوەو سێکس. بەلاَم ئایا پێت وانیە ئەگەر ژیان هەر تەنها خولانەوە بێ لە چوارچێوەی یاساو ڕێسا سروشتیەکان وگەردوونیەکان، ئەوا بێ مانایە؟؟
بەڵێ چەندان کەس گەیشتنە تڕۆپکی لەززەتی خواردن وخەوتن و سێکس کردن . بەلاَم لە کۆتاییدا نەک هەر بەختەوەر نەبوون . بەڵکو بە پێچەوانەی هەموو ژیانەوەران و زیندەوەران ، پەنایان بۆ دیاردەی خۆکوشتن برد . بۆچی؟؟ چونکە مرۆڤ پێکهاتەیەکی نموونەیی بەڕێوەبەری تێدایە بۆ سەرکردایەتی کردن و پێشەوایەتی کردنی گەردوون . بۆیە لە ناخەوە هەست بەو حەقیقەتە شاراوەوبەرنامەڕێژکراوە دەکا. بۆیە ئەو زیندانە سروشتیە بەجێگای خۆی نازانێ، هەرچەندە پایتەختی ژیانکردنیەتی. بۆیە سەرکردایەتی کردنی ژیان بە وەزیفەو ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ . بەلاَم هێشتا خۆی لەو ئاستەدا نەدۆزیوەتەوە. کە شایستەی ئەو شوێنەبێ ، بۆیە هەوڵی بۆ دەدا کە پێی بگا. ڕەنگە مرۆڤیش تاکە بوونەوەری بێ ڕکابەر نەبێ و چەندان بوونەوەری تری هۆشمەند هەبن لەو پێشبڕکێیەدا کە مرۆڤ هەستی پێ نەکردوون.
مرۆڤ تەنها چەقی نێو خاڵێکی گەردوونە ، وە لەنێو مرۆڤیشدا عەقڵ چەقی ئاگاییە . وە ئاگاییش چەقی مەبەستە لە مرۆڤدا.

ئەركی مرۆییمان و ئەركی خوداناسیمان.

هەر چەندە لە بابەتەكانی تر ئەو باسەم وڕوژاندوە. بەڵام ئەركەكان و ڕۆڵەكانم بە دیاریكراوی دیار نەكردوەو بە خێرایی تێمپەڕاندوە، بۆیە پێم باش بوو لەو باسەدا ئەرك و ڕۆڵەكان دیار كەم و لێكیان جیا كەمەوە. باسم كردوە كە ئەركە لەسەرمان داهێنان بكەین و مانا بە خودا ببەخشین. بەڵام لێرەدا هەریەك لەم دوو ئەركە (داهێنان و مانا بەخشین) لە چۆنیەتی مرۆڤبوون و خوداناسیدا ڕۆڵیان پێ ببەخشین . ئەویش بریتیە لە

یەكەم / ئەركی مرۆیی واتا داهێنان لە گشت بوارەكان بێگومان داهێنانیش كۆمەڵێك وێستگەی هەیە ،هەر لەسەر بەردێكی ڕووت داهێنان ناكرێ. وەك خوێندن وپسپۆڕی و لێكۆڵینەوەو توێژینەوەو ڕاهێنانكاری و ئەرموون و تاقیكردنەوەو شیكارو ئەنجام وووووو

دووەم/ ئەركی خوداناسی بریتیە لە مانابەخشین بە خودا واتە مانا بەخشین بە ماهیەتی خودا لە ڕێی داهێنانەكانەوەو چۆنیەتی بەرجەستە كردنی خودا لە مانای ماهیەتەكان و لەو حەقیقەتانەی كە عەقڵ قەبوڵی كردوون.

هەركەسێك بەو دوو ئەركە هەڵسێت كاری پێغەمبەرایەتی خۆی بەتەواوی ئەنجام داوە.كە بڕیارە هەریەك لە ئێمە لە ئاستی خۆی پێغەمبەرێك بێ و هەڵگری ئەو پەیامە بێ كە پێی سپێرراوە.

## مرۆڤ تاقیگەی خوداناسیە.

لە تەواوی زنجیرە باسەکانماندا گوتومانە: پێویستی، شتەکانی هێناوەتە بوون.واتە پێویستی هۆکاری هاتنە بوونە.بوون کاردانەوەی پێویستیەکانە ئەمەش وامان لێ دەکا کە هەموومان لە بووندا یەکسان بین. بەڵام ئەوەی کە ئێمە جیا دەکاتەوە لەهەر بوونێکی تر ، ئەو وەزیفە خوداییەیە کە پێمان سپێیرراوە. ئەویش بریتیە لە پەرەسەندنی توانا هزریەکان. بەشێوەیەک کە ژیان خۆشترو ئاسانتر بکات لەڕێی زانست و تەکنەلۆژیاو شارستانیەت و دامەزراندنی چەندەها جۆری تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

مرۆڤ تاقیگەی ئەزموونەکان بووە بۆ هەر شتێک کە پێشتر نەیزانیوەو دواتر پێی زانیوەو بۆتە زانستێکی سەلمێنراو لەلای.

لەو نێوەندەشدا هاوشانی هەموو زانستەکان ، زانستی خوداناسیش بۆتە بەشێک لەو زانستانە. لەو ڕێگەیەوە بە چەندین ئەزموونی خوداناسیدا تێپەڕیوەو چەندین خودای تاقی کردۆتەوە تا گەیشتوە بە قۆناغی ئێستای . ئەم پرۆسەیە بەردەوامەو دەرگای لەسەر دانەخراوە، چونکە خوداناسی پرۆسەیەکی بەردەوامە لە چیەتی و چۆنێتی و کێیەتی و کەیەتی و چەندێتی وپێویستی و هۆکارو کاردانەوەو چەندین بابەتی تریش.

ئەمەش لەبەر ئەوەی بوون و خودا ئاوێتەی یەکترن . مرۆڤیش بە سیفەتی ئەوەی بوونێکە وەک هەر بوونێکی تر، بەڵام ئەوەی کە جیای دەکاتەوە لە بوونەکانی تر، بریتیە لەو پەنجەرە ڕۆشناییەی کە خودا لە ڕێی عەقڵەوە بەسەر مرۆڤدا کردوویەتیەوە.

ناسینی خودا تەواو نابێ تاکو دەربارەی هەموو بوون نەزانین . زانستی ئێمەش دەربارەی هەموو بوون وەک دڵۆپێکە لە چاو دەریایێک . بۆیە ئێمە تەنها بەناو پرۆسەی خوداناسیدا گوزەر دەکەین نەک گەیشتن بە دوا لوتکەی خودناسیدا.

خودا لەسەرووی هەموو بیروباوەڕێک و ئاین و ئایدیاییێکە. خودا پرۆسەیێکە هەرگیز کۆتایی نایەو لەسەر هیچ بیروباوەڕێک ناوەستێ و لەنێو هیچ ئاینێکیش لە چوارچێوە نادرێ.

هەرکەس بەپێی ئاستی خۆی بەرپرسە

ئاستی مرۆڤ بەپێوەری هۆش وبیرو تێگەیشتنی هەڵدەسەنگێنرێ. ئەگەر شێت بێ ،بەپێی ئەو ئاستە بەرپرسە لە ڕەفتاروکردارەکانی . ئەگەر گەمژە بێ هەر بە هەمان شێوە. ئەگەر گەلحۆ بێ یان کەسێکی ئاسایی تا دەگاتە ئەو کەسانەی بلیمەت و بەهرەمەندو نائاساییین. هەر کەس بەگوێرەی ئاستی خۆی بەرپرسە لە کردارو ڕەفتارەکانی .

ئەمە بۆ بابەتی خوداناسیش هەروایە . هەرکەس بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی لێی بەرپرسە . بۆیە پێویست بە فشارو گوشار خستنەسەر هیچ کەس نیەو ناکا. هەیە لەو بابەتەدا تەواو کۆلەوارە هەیە دژیەتی ،هەیە زۆر پێوەی پابەندە ، هەیە بەشێوەیەکی خراپ یان باش مامەڵەی لەگەڵ دا دەکات.

بەهەرحاڵ . ڕێزی هەموو ئاستەکان بەپێی تێگەیشتنیان بگرە .چونکە لە کۆتاییدا تۆش لەنێو بازنەی یەکێک لەو ئاستانە دایت.

# مرۆڤی فێرکراو یان مرۆڤی فێربوو؟

ئەگەر سەیری هەرەمی ئاین بکەین لە بەرزترین لوتکەی ئاینەکەوە ڕابەرێک هەیە کە هیچ شتێک لە خۆوە ناکات و هەرچی هەیە لەسەرەوە بەناوی جیهانی غەیب و لە ڕێگەی وەحیەوە )سرووش- خستنە ناو دڵ)بۆی هاتوەو شوێنکەوتەکانیشی هەربەو شێوەیە پەیڕەوی لێ دەکەن .
بۆ نموونە لە باسی ئادەم دا چیرۆکە ئاینیەکان دەڵێن : ئادەم تاوانێکی کردو نەیزانی چۆن داوای لێخۆشبوون لە خودا بکا، خودا فێری کرد. ئەمەو جگە لەوەی سەرەتای مرۆڤ دەگێڕنەوە بۆ تووتی ئاسایی بوون بەوەی ئادەم هیچی نەدەزانی و ئەوان فێری هەموو شتێکیان کرد. ئەم چیرۆکانە مرۆڤ دەبەنەوە بۆ سەردەمێک کە تێیدا تووتی ئاسا بووە (واتە چۆن تووتی فێرە ڕستەیەک دەکەیت و ئەویش بەدوات دا دەڵێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ لە ماناکەی بزانێ( بە هەمان شێوە ئاین چەند دەقێکت دەخاتە بەردەم و شانازی ئەوەیە کە ئەزبەری بکەی و ئیمانت پێی هەبێ و گرنگ نیە لێی تێ بگەی و پێویست ناکا زۆر لێی بکۆڵیتەوە.
کەواتە کاری ئاین ئەوەیە کە مرۆڤێکی فێرکراوت پێشکەش دەکا نەک مرۆڤێکی فێربوو. بەڵام مرۆڤ لە دەرەوەی کایە ئاینیەکان ژیان ئەزموون دەکات و لە ڕێیەوە خۆی فێری حەقیقەتی ژیان دەبێ . بەو شێوەیە مرۆڤ لە دەرەوەی بازنەی ئاین سەربەستانە هەموو شتێک تاقی دەکاتەوە بۆ بەدەست هێنانی ڕاستیەکان و بەوە ناوەستێ کە کۆمەڵە ڕاستیەکی فرێشی لە قوتووکراو لەبەردەستیدا بێت و بەبێ ئەوەی هیچیان لێ تێ بگاو پیت بەپیت ئەزبەریان بکا. مرۆڤی ئەزموونکاری فێربووی قوتابخانەی ماناکانی ژیانە نەک فێرکراوو دەرغکارو شوێنکەوتە.

زۆر جار گەلەکەمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە (ئایا تۆ موسوڵمانی یان کورد)؟
لە ڕاستیدا هەریەک لەم دوو بابەتە ، کەلتوور و فەرهەنگ دروستی کردوون. هیچیان سرووشتی نین . هەردووکیان دروستکراوی مرۆڤن. هەرچەندە لە ئاین دا هەڵبژاردن هەیە تا ڕادەیەک ، بەڵام لە دایک بوونت لەنێو هەر نەتەوەیەک ئەمە لە دەرەوەی ویستی مرۆڤدایە . بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤبوون لەسەرووی هەموو ئەمانەوەیە ، چونکە مرۆڤبوونت ئەمانەتێکی خودایيە لە ئەستۆت. ڕەنگە هەندێ کەس ئاین یان نەتەوە بە بەرپرسیاریەتی بزانن . بەڵام ئاینداری یان نەتەوەخوازی بەرپرسیاریەتی مرۆڤبوون نیە . چونکە چەندین کەس دەبینین کە ئاینیان گۆڕیوەو هیچ کێشەیەک لە مرۆڤبوونی ڕووینەداوە. هەروەها چەندین کەسیش دەبینی کە زمانی نەتەوەکەی گۆڕیوەو هیچ کێشەیەکیش لە مرۆڤبوونی ڕووینەداوە. بەڵام گۆڕینی خەسڵەتەکانی مرۆڤبوونت ،داتدەشۆرێ لە مرۆڤبوون کە شوناسی ڕاستەقینەی تۆیە.

## مرۆڤ پێکهاتوه له (حەز،خودا ، شەیتان)

مرۆڤ له ڕواڵەت دا خاوەن یەک جەستەیه. بەڵام له حەقیقەت دا له چەندین بەشی لایەنیتر بەرجەسته بووه . که هەر کامێکیان تەواوکەری ئەویتریانەو کاریگەری هەیه بەسەر ئەویتر.له ڕوانگەی چیەتیەوه جەستەمان پێکهاتوه له سێ بەش یان دەتوانم بڵێم جەستەی ئێمه کۆکەرەوەی (من، دژەمن، ویژدان) ئەگەر به زمانێکی ئاینی باسی بکەین واته (حەز، شەیتان ، ویژدان) لەیەک کاتدا. نەخودا ئەو هێزەیه که له دەرەوەی من بێ، وه نه ئەهریمەن ئەو هێزەیه که له دەرەوەی من بێ، بەڵکو ئەوه هەر من خۆمم پێکهاتووم لەهەرسێ هێزەکه هێزی من (حەز) هێزی ئەهریمەن (دژه من) هێزی خودا (ویژدان)

ئەم سێ هێزە له حاڵەتی تەندروستدا که هاوسەنگی وهاوئاهەنگی هەیه لەنێوان هەرسێ هێزەکەدا، مرۆڤێکی ڕاستەقینه نیشان دەدەن. بەڵام له حاڵەتی نائاساییدا .واته تێک چوونی هاوسەنگی و هاوئاهەنگی لەنێوان هەرسێ پێکهاته مەعنەویەکەدا. خوداوەند دزه دەکاته ناو بابەتەکەوه . خوداوەندی حەزو ویژدان و شەیتان.

بۆیه پێویسته دەزگایەکی سەرووتر هەبێ بۆ چاودێری و پێداچوونەوه که دادگای حوکمکردن وحوکمدان بێ و دەسەڵاتی باڵای هەبێ . ئەویش بریتیه له ویست و ئیرادەی مرۆڤ.

ئێمە تا ئێستا هەر وتومانە مرۆڤ ئازادە لەوەی ویستی لەسەر هەر شتێک بێ بیکا. بەڵام جۆرەکانیمان ورد نەکردۆتەوەو پۆلێن بەندیمان بۆ نەکردوون . وە ویستە گونجاوەکان و دژەکانمان پێناس نەکردوە .هەرچەندە لە کۆمەڵناسیدا ،ویست دابەشکراوە بەسەر (ویستی سەربەخۆ ، ویستی جەبری ، ویستی هێز ، ویستی لاواز ، ویستی کۆمەڵایەتی ، ویستی مۆراڵ "ئەخلاق)

بەڵام لە فەرهەنگی خوداناسیمان دا هەریەک لەو جۆرە ویستانەی کە ئاماژەمان پێدان دابەش دەبن بەسەر ویستی خودایی (مانەوە) ، ویستی مرۆیی (گۆڕانکاری) ویستی شەیتانی (چەقبەستوویی) .

ویستی خودایی ئەو ویستەیە لە مرۆڤدا کە کردەوەکان بێ بەرامبەر دەکا و تێیدا هەست بە بەرپرسیارەتیێکی گەردوونی دەکات بۆ پارێزگاری لە شتەکان . بەرزترین ئاستی ویستە کە ناوی خاوەنەکەی بە نەمری دەهێڵێتەوە و کردەوەکانی ئەو کەسە لەناو خەڵک دوای مردنیشی هەر بە زیندوویی دەمێنێ. خاوەنی ئەم ویستە . لەسەرخۆیە ، ئارامە ، گەشبینە. ئازاری کەس نادا. دڵ فراوانە. بە بەرنامەو پلانە . پلانی درێژخایەنی هەیە .کارەکانی ڕێک و پێک ئەنجام دەدا. بە قەناعەتە. نەرم ونیانە. لەخۆ بووردوە.

ویستی مرۆیی ئەو ویستەیە لە مرۆڤدا کە هەردەم حەز بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوەو نوێخوازی و ئەبدێت بوونەوە دەکات و ئەو ویستە بە بەرپرسیاریەتیەکی مرۆیی دەزانێ. خاوەنی ئەم جۆرە ویستە ، سەرچڵە . بزێوە . ناوەستێ . سەرقاڵە. گەشبینە. ماندوونەناسە . بوێرە .ئازایە ئازادە.

ویستی شەیتانی ئەو ویستە کە وەک محافیزکار خۆی نمایش دەکات و دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنەکان و پێشڤەچوونەکان و داهێنان و تازەگەری و تۆمەتباریان دەکات بە تێکدەرو شێوێنەر. بە زۆری لەناو ئاینەکاندا شوێنی خۆیان کردۆتەوەو ئاینیان کردۆتە سەنگەر . خەڵکان لە دوو حاڵەتەکەی

تردا به كافرو لادەرو بيدعەچی و زەنديق وكۆمەڵێک ناوو ناتۆرەيترەوە پێناسە دەكەن . دژايەتيی هەموو شتێكی تازە دەكەن ،خاوەنی ئەم جۆرە ويستە ، دۆگماو چەقبەستوون . ناگۆڕێن. ناگونجێن . ناچنە ژێربار. باوەڕيان بە گفت وگۆ نيەو توندو تيژن .

## ویستی خودایی (ویستی مانەوە)

لە بابەتی پێشوودا ئاماژەمان بە هەر سێ ویستەکەی مرۆڤداوە . لێرەدا وردیان دەکەینەوەو هەر ویستێک بە درێژی باسی لێوە دەکەین .

ویستی خودایی ئەو ویستەیە کە لە پێناو مانەوەدا کار دەکا .

خاوەنی ئەم ویستە هەموو کارێک دەکا لە پێناو مانەوەدا ، جا هەندێ جار بە دیوێکی چاک و هەندێ جاریش بە دیوە خراپەکەیدا . هەرچەندە خودا مرۆڤی ئازاد کردوە لە چۆنیەتی بە کار هێنانی ئەو ویستەداو مرۆڤ مافی خۆیەتی هەرچۆنێک کە حەزی لێ بوو ئەو ویستە بەکار بێنێ . بەڵام لەبەر ئەوەی بنەمای مرۆڤبوون هەڵکشانە لە خراپەوە بەرەو چاکبوون ولە نارێکیەوە بەرەو ڕێک وپێکی ، بۆیە وا پێویست دەکا کە مرۆڤ ، ئەو ویستە لە چاکەو لە ڕێک و پێکی دا بەکار بێنێ . هەروەک گوتمان خاوەنانی ئەم ویستە، لە سەرووی خواستی خۆیانەوە ئەم ویستە بەکاردێنن . چۆن؟ بۆ نموونە کەسێک شەتڵە خورما دەچێنێ . ئەو کەسە چاک دەزانێ کە ئەو نەمامە لە سەردەمەکەی ئەودا بەر ناگرێ چونکە لەوانەیە دوای شەست ساڵ تاکو حەفتا ساڵ ئینجا ئەو نەمامە ببێتە دارێکی تەواوو بەر بگرێ . تا ئەو کاتەش ئەو کەسە ڕەنگە لە ژیان دا نەمابێت . ئەی چیی وای لێ دەکات کە ئەم نەمامە بنێژێ؟ بێگومان ئەم ویستە خوداییەیە وای لێ دەکات کە ئەم نەمامە بنێژێ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بەرەکەی بکات و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشتی ماندوو بوونەکەی لە هیچ کەسێک بکات و بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەرەنجامەکەی بکات ، لە خۆبووردوانە ئەم کارە دەکات بێ بەرامبەر تەنانەت چاوی لەو پاداشتە خوداییەش نیە کە ئاین بانگەشەی بۆ دەکات .

هەروەک گوتمان: خاوەنانی ئەم ویستە، لە خۆبووردوون ، پشوودرێژن ، ئارامگرن ، لەسەرخۆن ، بە قەناعەتن ، نەرم ونیانن ، پلان داڕێژەرن وخاوەنی پلانی درێژخایەنن وووووو کۆمەڵێک سیفەتی تریش کە ئەم ویستە دەبێتە هەوێنیان.

## ویستی مرۆیی )گۆڕانکاری(

ئەم ویستە ویستی شایستەو ڕاستەقینەی مرۆڤە و ئەرکە لەسەر هەموو کەسێک کە خاوەنی ئەم ویستە بێ . ویستی گۆڕانکاری و هاوشێوەکان وهاوواتاکانی وەک گۆڕانخوازی وتازەگەری نوێخوازی ونوێکاری و نوێگەری و نوێبوونەوەو زۆر شێوەیتر.

ئەم ویستە، مرۆڤ لە حاڵ ومەقامێکەوە دەبات بۆ حاڵ و مەقامێکی تر ، بەگوێرەی ئاستی کەسەکە . هەیە بە درێژایی ژیانی تەنها چەند جارێک ئەو هەوڵەی داوە ، هەیە ساڵانە ، هەیە مانگانە ،هەیە حەفتانە ، هەیە ڕۆژانە ، هەشە لە هەر چرکەساتێکدا . لە هەر ئاستێکدا کۆمەڵێک کەس دەبینی کە باوەڕیان بە گۆڕانکاری هەیە لە ژیانیان . تا گۆڕانکاریەکان خێراتر بن ، سیفەتەکان تیژتر و چڕتر دەبنەوە لەسەر ڕشتبوونی مرۆڤەکەو لە کەسایەتیەکەی باشتر ڕەنگ دەداتەوە.

هەروەک گوتمان: سیفەتەکانیش بریتین لە : سەرچڵی، بزێوی و ئازا ، ئازاد ، بوێر ، ماندوو نەناس ، گەشبین سەرقاڵ ، پرسیار کەر، لێکۆڵەر . و کۆمەڵێک سیفەتی تریش

ویستی شەیتانی )چەقبەستوویی (

لە بابەتەکانی پێشووتردا باسی هەردوو جۆری ویستی خوایی و ویستی مرۆییمان کرد ، لە دوا بەش دا باسی ویستی شەیتانی دەکەین . کە بریتیە لە چەقبەستوویی ، نەگۆڕان ، دۆگمایی ، موحافیزکاری و قۆرخکاری دەسکەوتەکان.
خاوەنانی ئەم جۆرە سیفەتە ، لە ڕابردوودا دەژین ، کۆنەپەرستن ، دڕدۆنگن لەگەڵ شتە تازەکان ، کۆنەپەرستی بەسەرو سیمایانەوە دیارە ، هەردەم خۆزگە بە ڕابردوو دەخوازن، شتە کۆنەکان بەلایانەوە پیرۆزە ، هەردەم لە بیری یادگاریەکانیان دان . واقیعی نین ، دوورەپەرێزن ، خۆپارێزن ، کەلەڕەقن ، شەڕەنگێزن ، هەردەم حەز دەکەن کۆمەڵگا بەرەو دوا بگەڕێتەوە ، هەردەم لە بیری ئەوەدان وڵات تووشی کارەسات بێ بۆ ئەوەی خەڵک بەرەو دواوە بگەڕێتەوە بە بیانووی گەڕانەوە بۆ باوەشی سرووشت وجوانی ، هەردەم حەز دەکەن هەر گۆڕانکاریەک ونوێگەریەک ، کێشەیەکی بەدواوە بێ ، ئەم خەسڵەتانەشیان وایان لێ دەکا کە بەریەککەوتنیان لەگەڵ نوێخوازەکان بۆ دروست بێ ، زۆر پێداگری لەسەر بەها باڵاکان و ئەخلاقی باب و باپیرانیان دەکەن، وەک چەکێک بەکاری دێنن دژی پێشکەوتوخوازان .

مرۆڤ بەرپرس نیە بەرامبەر ئەو شتانەی کە هەستیان پێ ناکا.

مرۆڤ بەرپرسە لەبەردەم ویژدان وعەقڵ بەرامبەر ئەو شتانەی کە هەستیان پێ دەکا. چونکە تێگەیشتنی مرۆڤ لەسەر ئەو بنەمایە دادەمەزرێ. هەرچەندە هیچ چوار چێوەو سنوورێکی دیاریکراو نیە بۆ عەقڵ و ویژدان .
لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگا کاریگەری هەیە لەسەر ئەو دوو بزوێنەرە . لەوانەیە لێرە بابەتێک ویژدانی بێت و لە کۆمەڵگەیەکی تر ، بابەتێکی تر ویژدانی بێت.
ئەمە سەبارەت بە عەقڵ و بیرکردنەوەو چۆنیەتیی بیرکردنەوەش هەروایە. بۆیە مرۆڤ بەرپرس نیە بە جیهانێک کە تێپەڕیوەو هیچ ئاسەوارێکی نەماوەو هیچی دەربارە نازانێ یان هیچی ئەو کاتە تێپەڕیوەی بە چاوی خۆی نەدیوە . وە هەروەها بەرپرس نیە بە داهاتوویێک کە هێشتا بە چاو نەیبینیوەو هیچی لەبارەوە نازانێ . وەهەروەها بەرپرس نیە بەرامبەر ئەو شتانەی کە ناکەونە چوارچێوەی هەستەکانی . تەنها مەگەر بەهۆی دۆزینەوەی هۆکارێکەوە دەرکیان پێ بکا.
مرۆڤ دوای بەکارهێنانی هۆکارەکان بۆ زیاتر هەست کردن و فراوانتر بوونی بازنەی هەستەکان لەو چوار چێوەیەدا ، ئەو کات بەرپرس دەبێ. تا بازنەی زانست و تێگەیشتن فراوانتر بێ ئەرک وبەرپرسیارێتی زیاتر دەبێ.

هەر شتێک شێوەی چۆن بێ ، هەستەکەشی بەگوێرەی شێوەکەیەتی . من بەم شێوەیەم بۆیە بەم شێوەیە هەست دەکەم . بەڵام بیرکردنەوە پەیوەندی بە کوالێتی عەقڵەوە هەیە. بەڵام ئایا هیچ پەیوەندیەک هەیە لەنێوان هەست وهۆش دا؟ وە ئایا کاریگەریان هەیە بەسەر یەکترەوە؟ بەڵێ پەیوەندی وهەماهەنگی وکاریگەریشیان هەیە بەسەر یەکترەوە . بۆیە شێوەی هەر تەنێک یان شتێک کاریگەری جێدێڵێ لەسەر چۆنیەتی هەست کردن. بۆ نموونە شێوەی مرۆڤ هەستێکی تایبەتی بەخشیوە بە مرۆڤ و ئەو هەستەش کاریگەریی هەیە لەسەر هۆش وبیرکردنەوەی مرۆڤ. ئەمە ئەگەر مرۆڤی پێ جیا بکەینەوە لە هەر شتێکیتر. بەڵام ئایا ئەم پێوەرە بە تەنها لەسەر مرۆڤ ڕاست دەردەچێ ؟ تا ڕادەیەک بەڵێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نا. چونکە ئەگەر وابێ ، دەبێ ئەو مرۆڤەی کە بە دیدی ئێمە ڕوخساری جوانە ، دەبێ بیرکردنەوەشی جوان بێ. یان ئەو مرۆڤەی ناتەندروستە، دەبێ بیرکردنەوەشی ناتەندروست بێ. کەواتە کاریگەریەکە لە شێوەدایە بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵەیەکیتر . نەک لە چیەتی وچۆنیەتی. بۆیە زۆر جار ئێمە کەسێکی زۆر ڕێک وپێک وشیک دەبینین وا هەست دەکەین کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر بێ . بەڵام بەداخەوە وا دەرناچێ یان کەسێکی زۆر سادە دەبینین کە پێمان وایە کەسێکی نەزان بێ بەڵام بە پێچەوانەوە دەردەچێ . بۆیە ئەو هاوکێشەیەی کە پێمان وایە (من بەم شێوەیەم بۆیە بەم شێوەیە بیر دەکەمەوە) دەبێ بگۆڕین بۆ ( من بەم شێوەیەم بۆیە بەم شێوەیە هەست دەکەم)

زۆر هۆکار هەن بۆ لایەنی گەشەسەندنی هۆشمەندیی مرۆڤ یان دەتوانم بڵێم : زۆر هۆیان باس کردوە سەبارەت بە هۆشمەندێتی مرۆڤ و جیاکردنەوەی مرۆڤ لە ژیانەوەرانی تر بەو لایەنە .
بەڵام من پێم وایە لە ئێستاداو لە ڕابردووشدا، تەنها یەک هۆکار هەبووە بۆ گەشەکردن و گۆڕانکاریەکان کە پەیوەندی بە هەستەوە هەیەو هۆش تەنها ئامرازێک بووە لەو پێناوەداو لە خزمەت گۆڕانکاریەکاندا بەکار هێنراوە . ئەویش تەنها هەست کردنە بە باشتر ژیان و ژیان کردن و هۆشی خۆی لەو پێناوەدا خستۆتە گەڕ ،واتە هۆش لە خزمەت هەست دا بووە . ئەگینا زۆر ژیانەوەر هەیە لە مرۆڤ زیرەکترەو هۆشمەندترە. ئێمە هەست بە خودایێک دەکەین و لەو پێناوەدا هۆش و هزرمان خستۆتەگەڕ بۆ ناسینی بە باشترین شێوە تا ئەو ڕاددەیەی کە هەست دەکەین تێگەیشتنمان لەبارەی خوداوە لە باشترین شێوەو ئاست وبارودۆخ دایە.
هەستمان بە سەختیی ژیان کردوەو هۆشمان خستۆتەگەڕ بۆ ئاسان کردنی ژیان . لەو پێناوەدا بەچەندین قۆناغی پڕ لە ئەزموونکاریدا تێپەڕیوین و گەیشتوین بەبارودۆخی ئەمڕۆکەمان. ئێمە تەنها ئەو هەستە جیامان دەکاتەوە لە گشت بوونەوەران و ژیانەوەرانی سەرزەوی . ئەوان ژیانی ڕۆتینیاتی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێدەکەن و ڕاهاتون لەگەڵ ئەو هەستەو پێیەوە بەرنامەڕێژ بوون. بەڵام مرۆڤ کاتێ بینیویەتی بەهۆی برووسکەوە ئاگرێک کەوتۆتەوە ، لە زستانی سارددا لێی نزیک کەوتۆتەوەو هەستی کردوە کە ئەو گەرمیە دەتوانێ لە سەختی زستانی سارد بیپارێزێ بۆیە لە پێناو ئەو هەستەدا عەقڵ و هۆشی خستۆتەگەڕ کە چۆن ئەو ئاگرە دروست کات و بیهێڵێتەوە، بۆیە لەو پێناوەدا بەچەندین ئەزموونی ئاگرکردنەوەدا تێپەڕیوە بۆ باشترو ئاسانتر ئاگر کردنەوە، تاکو گەیشتوە بە قۆناغی ئێستای ئێتر لەهەموو بوارەکانی تریش بەو شێوەیە بەرەو پێش چوە.

ئاگایی لە بەرەنجامی هۆشە ، هۆشیش بەرەنجامی واقیعە.

هۆش لایەنی زۆری هەیە. ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە تەنها ئەو بەشەیە کە مرۆڤ لە ڕێیەوە ئاگای لە خۆیەتی و هەڵدەستێ و دادەنیشێ و دەخوات و دەخەوێ وووو واتە ئەو هۆشەی لەلای سوژە ( مرۆڤ و گیانلەبەران) هەیە . بەڵام لەنێو ئەو هۆشەدا بەشێکی گرنگ هەیە کە بریتیە لە (ئاگایی – هۆشیاری) . ئاگایی (یان هۆشیاری کە هەریەک ماناو مەبەستە) لە بەرەنجامی هۆشەوە دروست دەبێ . وەهۆشیش بەرەنجامی واقیعە کە لە ڕێی هەستەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆی. واتە بۆ نموونە : من لەسەر مێزی نان خواردن دانیشتووم . لە ڕێی هەستی بینینەوە دەزانم پەرداخێک لەسەر مێزەکەیە (بەڵام بەتاڵەو ئاوی تیا نیە) ئەو وێنایە لە ڕێی هەستەوە دەگوازرێتەوە بۆ هۆش . کاتێک هۆش شیکاری بۆ پەرداخەکە دەکات ودەزانێ بەتاڵەو هیچ ئاوی تیا نیە . ئەمە دەبێتە هۆشیاری کە دەستی بۆ نەبا.
بە کورتیەکەی: ئاگایی ئێمە بۆ خودایەتیی خودا هەڵێنجراوی ئەو واقیعەیە تێیداین و بە گوێرەی ئەو واقیعە هەڵسەنگاندن دەکەین بۆ خودایەتیی خودا. ئێمە شتین . بەڵام لە بەرەنجامی شتێکی ترەوە بوین بەو شتەی ئێستا. وە لە بەرەنجامی ئەو شتەی ئێستاش دەبین بە شتێکی تر. بەڵام واقیعی هەر سێ حاڵەتەکەو حاڵەتەکانی تریش کە بوون و دەبن . دەبنە بەرەنجامی هۆشیاری قۆناغی خۆیان . واتە : هۆشیاری من دەربارەی خودا بە گوێرەی ئەو واقیعەی ئێستامە . ناتوانم بەو هۆشیاریەی ئێستامەوە بزانم لە قۆناغی پێش ئێستابوونمدا هۆشیاریم دەربارەی خودا چۆن بووە . وە هۆشیاری من دوای مردنم دەبێتە موڵکی وجوودو من هیچ مافێکم بەسەریەوە نامێنێ و دوای من دووبارە دیسانەوە دابەش دەبێتەوە بەسەر شتە تازە لە دایک بووەکانەوە. نازانم هۆشیاری من دەربارەی خودا لە واقیعی داهاتوودا چۆن دەبێ . بۆیە پێکهاتەی شتەکان لەم واقیعەی ئێستامان جۆرێکی ترە. ڕەنگە لە قۆناغی واقیعی بەر لە ئێستامان جۆرێکی تر بووبێ و بووبێتە جۆرێکی تر لە بەرەنجامی هۆشیاریمان بۆ خودا. بەهەمان شێوە لە وانەیە لە قۆناغی واقیعی داهاتوودا ببێتە بەرەنجامی جۆرێکی تر لە هۆشیاری دەربارەی خودایەتیی خودا.

نموونەی بچووککراوە هەر لە واقیعی ئێستای مرۆڤایەتیدا سەردەمانێک مرۆڤ پێی وابووە خودا واتە کەسێک کە پێشبڕکێی لەگەڵ کردوەو زۆرانبازی لەگەڵ دا کردوە. دواتر وایان داناوە کە خوداش وەک مرۆڤ خوێن لە لەشیدایەو سەرکردەکانیان خوێنی خودا لەناو لەشیاندایە ، دواتر پێیان وابووە بەریەککەوتن هەیە لەنێوان مرۆڤ و خوداو لەو ڕێیەوە کوڕی خودا پەیدا بووە، دواتر پێیان وا بووە خودا دڵ و عەقڵی هەیە ، ئینجا پێیان وا بووە خودا دەست و قاچی هەیە ، ئینجا پێیان وا بووە قسە دەکات و گوێ دەگرێ و گوێی لە هەموو کەسێکە ، ئینجا پێیان وا بووە خودا شوێنی هەیە و شوێنەکەی لە ئاسمانە .

بەکورتی خودایان لە کائینێکی وجوودی پێشکەوتووتر لە مرۆڤ شوبهاندوە ئینجا پێیان وا بووە کە خودا دەبێ جێنشینی هەبێ لەسەر زەوی و ئەو جێنشینە دەبێ ببێتە ڕابەری سەرجەم گەلەکەی ، ئینجا پێیان وا بووە کە ڕابەرەکەیان دەبێ ڕابەری سەرجەم مرۆڤایەتی بێ لە سەردەمەکەی خۆیدا ئینجا پێیان وا بووە کە دەبێ ڕابەرەکەیان بۆ هەتا هەتایە دەبێ بە ڕابەری و بە نەمری بمێنێتەوە لەنێو دڵ و دەروونی خەڵک دا . کە ئەم تێگەیشتنەی کۆتایی ،مرۆڤی بەرەو چەقبەستوویی بردوەو هۆشیاری مرۆڤی خستۆتە قەفەسەوە. یان بە دیوێکی تر. ئەو خودایە کە وێنایان کردوەو بەجەستەیان کردوە لە شێوەیەکدا. بە هۆی گەشەسەندنی هۆشیاریی مرۆڤەکانەوە دەستەکەی کەشف بووەو ناچار بوون کەوا ناوێکی تری لێ بنێن وبە جێنشینی خودایان لە قەڵەم داوەو خودا بەرجەستەکراوەکە لەبەر چاوان ون کراوەو نێرراوە بۆ ئاسمان . بۆیە پێویستە هۆشیاری مرۆڤ لەو قەفەسەدا ئازاد بکرێ دەربارەی خودا.

بابەتی خودا لەو حاڵەتەدا دەبێتە شتێکی ئاسایی و سادە. ئەو حاڵەتەی لای مرۆڤی ئاینپەرست بۆتە حاڵەتی نەخۆشیی دەروونی فۆبیاو ئایندار شۆک دەبێ بە پێدانی مافی تەواو بە عەقڵ تا ڕاددەی پۆست خودایی یان میتا خودایی (ئەودیوی خودایەتی) چونکە ئایندار پێی وایە کە خودا ئەزەلی و ئەبەدیە بێ هیچ شک وگومانێک . بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە . ئایا هیچ بەڵگەیەک هەیە بۆ ئەو باوەڕە؟؟؟ یان ئەو باوەڕەی لەکوێوە هێنا؟؟ بە چ پێوەرێک؟؟

لێرە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئێمە چەندە بەهۆی ترسەوە مێشکمان قوفڵ دراوە. ئایا تائێستا لەخۆمان پرسیوە کە بۆچی خودامان گرێ داوەو بەستۆتەوە بەو بیروباوەڕەی خۆمانەوە؟ ئایا خودا بەو جۆرە بیرکردنەوەیەی ئێمە ڕازیە؟ ئایا خودا ئاشنایە بەو بابەتە؟ یەک جار ئەو پرسیارانە بە مێشکی خۆت دا بێنە . ئەگەر مێشکت قەبووڵی نەکرد، بزانە لەبەر ترس و تۆقینە لە خودا یان لەبەر باوەڕداریەکەتە؟؟ وە ئەگەر مێشکت قەبووڵی کرد بزانە لەبەر ئازایی و ئازادی بیرکردنەوەتە یان لەبەر گومان و بێ باوەڕی.

من پێوەرێک هەیە لە ژیانم وکاری پێ دەکەم ئەویش ئەوەیە کە ( لە کاتی ترس ،عەقڵ بچووکترین شت، هەزاران جار گەورە دەکات. بەڵام لەکاتی ئارامیدا قەبارەی ڕاستەقینە بۆ شتەکە دەگەڕێتەوە)

لە بیرکردنەوە مەترسە تا دەتگەیەنێ بە ئاستی هەموو شتە قەدەغە کراوەکان و ڕێگەت پێ دەدا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەی هەرکەسێک عەقڵی کردبێتە کۆیلەی هەرباوەڕێک ، بێ باوەڕە نەک باوەڕدار.

ژیان وا بەستە نیە بە هیچ پەیڕەوو پڕۆگرام و ئاینێکەوە . ژیان بەپێی کات بەردەوام لە گۆڕاندایە . ژیان گرێدراوی هیچ بەرنامەیەک نیە ، هەر ئاینێک و بەرنامەیەک بۆ ژیان کاتیە . کە کاتی تێپەڕی هیچ موعجیزەیەک ناتوانێ ببێتە فریادڕەسی. ژیان ئاوایە خۆی سەرمەشقە. هەموو پەیڕەوو پڕۆگرامێک تەنها بۆ خۆ گونجاندنە لەگەڵ کات . خاڵی هێزیش بریتیە لە خۆ گونجاندن لەگەڵ کات و سەردەم . تەنانەت بانگەشەکردن و شانازی کردنیش بە ڕێک وپێکی ئاینێک یا پەیڕەوو پڕۆگرامێک ناتوانێ لەبەردەم هەژموونی گۆڕانکاریەکاندا (کە لەسەر دەستی کات دا بەڕێوە دەچێ) خۆی بگرێ . چەندین ئاین و مەنهەج و مەزهەب هاتن و چوون و لەناوچوون بەڵام ژیان هەر بەردەوامە لەسەر ڕەوتەکەی خۆی کە گرێدراوی گۆڕانکاریەکانە.

تەنانەت چاکی وخراپی بەرنامەو پەیڕەوو پڕۆگرامەکان وئاینەکانیش ناتوانن خۆیان بگرن لەبەردەم هەژموونی گۆڕانکاریەکان . ئەمە یاسای ژیانەو خودا دایناوە. وەک چۆن ساڵانە مار بەرگە کۆنەکەی پار فڕێ دەدات و بە بەرگێکی تازەوە دێتەوە ناو مەیدانی ژیان بە هەمان شێوەش ژیان وگۆڕانکاریەکان بە هەمان یاسادا تێدەپەڕن.

بەڵێ ڕاستە مانەوە بۆ بەهێزەکانە. بەڵام ئەمە لە بارودۆخی ژیانی جەنگەڵستان وایە. بەڵام لە بارودۆخی ژیانی شارستانیانەدا ئەم بابەتە دەگۆڕێ . چونکە لە بارودۆخی ژیانی شارستانیانەدا بەرژەوەندیەکان دەبنە هێز. واتە ئەو کاتە مانەوە بۆ چینی بەرژەوەندکارەکانە(ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان لە ژێر دەستدایە) خودی بەرژەوەندیش پشت ئەستوورە بە نرخ و بەهاکانەوە .نرخ و بەهاکانیش بەستراونەتەوە بەو ژمارەیەی کە لەسەر پەڕی دراوەکانەوە تۆمار کراوە . نرخ و بەهای ئەو دراوانەش پەیوەستە بە هێزو قورسایی دراوەکە لەنێو بازاڕەکان دا . واتە هەر کەسێک دوای ئەو سوننەت و ڕێکارانە کەوت، ئەوا مانەوەی مسۆگەر دەبێ.

کەواتە تاکو شارستانیەت پێش بکەوێ زانستی هێز قووڵ و فراوانتر دەبێ چونکە لەوانەیە لە ڕۆژگارێکی تردا هێز پشت بەکۆمەڵێک هۆکارو ئامرازی تر ببەستێ نەک بەرژەوەندی و پارە .

هەرچەند لە ئێستادا مۆدێلی هێز و خاڵی بەهێزی هێز بریتیە لە خۆگونجاندن و چۆنیەتیی خۆ گونجاندن. ئەمەش پێویستی بە فیکرو فەرهەنگ و خۆڕێکخستنەوە هەیە . چونکە لەو دۆخەدا خۆنەگونجاندن یان نەزانینی چۆنیەتی خۆگونجاندن دەبێتە خاڵی لاوازی کەسێتی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر قورسایی و ڕۆڵ بینینی مرۆڤ دادەنێ لەنێو کۆمەڵگادا.

سرووشتی مرۆڤ وبەرژەوەندیی دەسەڵات و کلتوری کۆمەڵگاو توڕاسی مێژوو لە نێو بیروباوەڕدا.

ڕیزبەندی ئەو ڕەهەندانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێدا، بە شێوەیەکی سیستماتیک مرۆڤی پێ ڕام کراوە . بەتێپەڕبوونی کات پیروزیان وەرگرتوە و بەناوی خوداوە تۆمار کراوە. لە یەکەم ڕیزبەندیدا پارێزگاری کردن لەتوڕاس دەبینرێ کە پایەکانی تری لەسەر دامەزراوە . بۆ نموونە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی یونس و موساو مەریەم و نوح ، کە توڕاسی ئەو ناوچەیەن ، لە ئاینێکەوە هاتۆتە ناو ئاینێکی ترو بەرگی پیرۆزی کراوەتەبەر . بەشێوەیەک کە پاڵەوانی داستانەکان پاشاو دەسەڵاتدارەکان بوون و بەهۆی پیرۆز کردنیانەوە کراون بە پێغەمبەر . بۆ نموونە)نوح( توڕاسی ئەفسانەی گەلگامشە هاتۆتە ناو ئاینە ئیبراهیمیەکان کە باس لەوە دەکا خواوەند تورە دەبێ لە مرۆڤایەتی و هەموویان لەناو دەبات تەنها ئۆتۆناپشتم و کۆمەڵێک خەڵک دەپارێزێ بەهۆی کەشتیەکەوە. ئیتر چیرۆکەکە دەستی دەستی کراوە لەنێو ئاینەکان دا، لەهەر ئاینێک و بەشێوەیەک .ئەمە تەوەرەیەک

تەوەرەیەکی تری پارێزگاریکردن لە توڕاس بریتیە لەو بەندایەتیانەی بۆ خواوەندەکان ئەنجام دراوە. بۆ نموونە حەج کردن . بۆ ئەو مەبەستە مەبەستە شوێنێک بەناوی کەعبە وەک مەڵبەندێک بۆ خودانشینی و کۆکردنەوەی خەڵکەکە لە چوار دەورەیدا وەک ئاماژەیەک بۆ کۆنفرانسێکی ساڵانەی جیهانی بۆ شوێنکەوتوان . ئەمە بەشێوەیەک پەرەی سەند کە تەنها لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بیست و هەشت کەعبە دروست کران بێجگە لەناوچەکانی تری دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی .

دروشمەکانی لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر هەروەک خۆی دەمایەوە بە کەمێک زیاد کردن و گۆڕانکاری تێدا کردن. بابەتەکانی تری وەک نوێژو ڕۆژوو هەرهەمان تەوەرن کە نامانەوێ زیاتر درێژەی پێ بدەین.

پایەیەکی تر کە بریتیە لە کلتوری کۆمەڵگا . بۆ ئەو مەبەستە هێزێک پێویست بوو بۆ پارێزگاری کردن لە داب و نەریت و کلتور و فەرهەنگی

کۆمەڵگا . بۆیە ئەو پایەیەش وەک پایەکەی تر پیرۆزی بەناوی خوداوە وەرگرت و لەسەر میللەتان تاپۆ کرا کە نابێ لەو کلتورانە لابدەن . لادان لەو کلتورانە واتە لادان لە فەرمانی خودا . بۆ نموونە حیجاب و نیقاب و پیاوسالاری و چۆنیەتی ژن مارەکردن و ڕاو کردن و جۆرەکانی پۆشاک پۆشین و ڕیش و سمێڵ و کام جۆرە خواردن و کام جۆرە خواردنەوەو چەندان بابەتی تر.

ئینجا پایەی سێیەم دێت کە چۆن دەسەڵاتێک هەبێ بۆ پاراستنی ئەو توڕاس و کلتورانە لەناو خەڵکیدا. لە پەنا دوو پایەکەی تر پایەی سێیەم هاتە دونیاوەو بووە پارێزگار . کە ئەویش بریتیە لە پایەی دەسەڵات. ئەم پایەیەش چەند تەوەرەیەک لە خۆ دەگرێ وەک تەوەری چۆنیەتی حوکم کردن کە ناویان لێ نا شەریعەت . کلتورەکان لە پەنا ئەو شەریعەتەوە یاسایان بۆ دارێژرا وەک چۆنیەتی نوێژ کردن و چۆنیەتی ژن هێنان و تەڵاقدان و چۆنیەتی بەڕۆژوو بوون و چۆنیەتی ڕاوکردن و چەندان چۆنایەتیی تر کە هەموو یاساکان بەناوی خواوە لەسەر خەڵک جێبەجێ کران.

تەوەرەیەکی تر لەو بابەتەدا بریتیە لە مانەوەی ئەو هێزو دەسەڵاتەو سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگاکانی تردا وەک جەنگ و جیهادو بانگەوازو تاڵانی و چۆنیەتی دابەش کردنی دەسکەوتەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە بن دەست دەکرێن .

تەوەرەیەکی تر بریتیە لە چۆنیەتی مافدان بەخۆ و شەرعیەتدان بە ئاین وەک وەرگرتنی باج و خەراج و زەریبە و بە حەلاڵ زانینی ژنی بە مێردی ئەو کۆمەڵگایانەو کەنیزەک و بەکۆیلەکردنی منداڵەکانی ئەو کۆمەڵگایانەو فرۆشتنەوەیان و حەڵاڵ کردنی تاڵانی بەناوی خوداوەو چەندان بابەتی تر. تەوەرەکانی ئەو پایەیەش زۆرن بەڵام هەر ئەوەندە پێویست بوو کە باسی بکەم .

لەو نێوەندەدا پایەیەکی گرنگی تر ماوە کە باسی بکەین ، ئەویش سرووشتی مرۆڤە لەنێوان ئەو هەموو بەرداشانەدا کە چەندە تێک شکاوەو تێیدا مرۆڤ

(سرووشت و تێگەیشتن و عەقڵ) ی شۆراوەتەوە.

تەوەرەیەکی تر لەو پایەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ، ئەوەیە کە سرووشتی مرۆڤ چەندە هەست بە خودای ڕاستەقینە دەکات و چۆن لێی تێگەیشتوەو چۆن بەراوردی دەکا لەگەڵ پایەکانی ترو چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکا.
ئەو پایانەی کە باسمان لێوە کردن ، ئاینیان لەسەر دامەزراوە بەڵام بابەتی خوداناسی بەدەرە لەو پایانەو پێویستە وەک پایەیەکی سەربەخۆ ،کاری لەسەر بکرێ و بە ئاینەوە نەلکێنرێ بەڵکو کۆی تێگەیشتنەکانی مرۆڤایەتی تێدا ئەرشیف بکرێ و بخرێتە بەر دەست مرۆڤ.

ئاین ناوی لە یاسای خودا ناوە شەریعەت ، وە ناوی لە یاسای مرۆییەکانیش ناوە قانوون . بەڵام ئێمە بۆ ئەو دوو مەبەستە (شەریعەت و قانوون ) ناگەڕێینەوە بۆ کلتوورە ئاینیەکە . چونکە کۆمەڵێک فەرهەنگ و داب ونەریت وکەلتووری گەلانی ناوچەکەن بەناوی خوداوە کراون بەشەریعەت و شەریعەتی ڕاستەقینەی خودا نین . چونکە شەریعەتی خودا دەبێ لە فەرهەنگی خوداناسانەی خوداناسانەوە کە سرووشێکی خوداییەو لە ڕێی ئەزموونی خوداناسیەوە دەگات بە مرۆڤ و هاوکات لەگەڵ یاسا گەردوونیەکان کە لە ڕێی زانست کە سرووشێکی خوداییە دەگات بە زانایانی گەردووناسی وژینگەناسی وزیندەوەر ناسیەوە بە مرۆڤ . واتە ئەو سرووشە خوداییانەی کە دەگات بە زاناو خوداناسان دەبێ بە شەریعەتی خودا . بەڵام شەریعەتی خودا بۆ سەپاندن نیە ، بەڵکو بۆ بەرچاو ڕوونیە. کۆمەڵگاکان ئازادن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بەگوێرەی داب ونەریت وفەرهەنگ وکلتوورە جیاوازەکان. ئینجا یاسا مرۆییەکان ، لەمەشیاندا کە ئاین خۆی سەپاندوەو قانوون ژێربارو دەستەمۆو دەستەپاچە کراوەو بە بیانووی ئەوەی کە شەریعەت مەرجەعە و لە چوار چێوەیەکی داخراوو بەرتەسک دا دەستوور دادەڕێژێ و کاری پێدەکات ، دەبێ لەو ژێربارەدا ڕزگار بکرێ و کۆمەڵناسان و مرۆڤناسان و دەروونناسان ویاساناسان بە دەر لە شەریعەت ، قانوون دابڕێژن لە چۆنیەتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاو ڕێکخستنی کۆمەڵگاو هەر بابەتێک کە پەیوەندی بە یاساوە هەیە دەمێنێ بڵێم : کە لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگا ئازاد بکرێ لە جێبەجێ کردنی ئەو شەریعەتە خودابیەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداو یاساش سەروەر بێ لە جێبەجێ کردن داو نابێ هیچ کەس لێی لا بدا.

## حوكم بۆ مرۆڤە نەک بۆ خودا.

ئاینەکان کۆمەڵێک حوکمی عورفیان کردۆتە فەرمانی خودا ، لەکاتێکدا خودا دروستکەری عورف نیە تاکو حوکم لە عورف وەربگرێ . چونکە ئەگەر وابێ ئەو کاتە حوکمی خودا دەکەوێتە دوای ویستی مرۆڤ بۆ عورف و دەکەوێتە دوای زانستی مرۆڤ لە ئەزموون کردنی ژیان . کەواتە ئەو کاتە مرۆڤ دێتە ڕیزبەندی یەکەم و خودا دەکەوێتە ڕیزبەندی دووەم .
بۆ نموونە : مرۆڤ ویستی لەسەر سەرپۆش کردنە بە گوێرەی داب و نەریت. کاتێ ئەو ویستە دەبێتە حوکمی خودا واتە خودا بۆ مەبەستی حوکم دان دەبێ پرس و ڕاوێژ بە ویستی مرۆڤ بکا.
لەسەرێکی ترەوە مرۆڤ بە پێی ئاستی زانستی خۆی گەیشتۆتە ئاستی دروست کردنی ڕستن و چنین . واتە خودا چاوەڕێی کردوە تا ئەو ڕۆژگارەی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستی دروست کردنی قوماش . ئینجا ئەو کاتە خودا هاتوە حوکمی داوە بەشێوەی سەرپۆش و پۆشاک پۆشین . لەهەردوو حاڵەتەکەدا واتە حوکمی خودا لە دوای ویستی مرۆڤ و زانستی مرۆڤەوە دێت . ئایا ئەمە ڕاستە ؟ یان بچووک کردنەوەی خودایە بۆ پلە دوو.
بۆیە حوکم هەر حوکمی مرۆڤە نەک خودا. بۆ نموونە : کەسێک ستەمت لێ دەکا. ئاین پێت دەڵێ بیدە دەست خودا چونکە ئەگەر خودا لە دونیایەش تۆڵەی لێ نەسەنێتەوە ئەوا لە دونیاکەی تر تۆڵەی لێ دەسەنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم دەربڕینە ئاینیە بە عەقڵ شرۆڤە بکەین ئەوا عەقڵ قەبوڵی شتێکی لەو شێوەیە ناکا . چونکە مرۆڤ حەز دەکا تۆڵە کردنەوەکە بە چاوی خۆی ببینێ و بۆ ئەو بێ . بۆیە لەو حاڵەتەدا تەنها دەوڵەت دەتوانێ ئەوە بکا (واتە قانون ) قانون و حوکمیش پێویستە خودی مرۆڤ دایڕێژێ و دەوڵەتیش پێویستە مرۆڤەکان دروستی بکەن . بۆیە لەجیاتی ئەوەی بیدەیتە دەست خودا بیخە نێو دەستی خۆتەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی یاسا سەروەر نەوەک بەناوی بەخوداوە و بە پشت بەستن بە خوداوەو بە پشت کردن لە دروست کردنی دەوڵەتێکی یاسا سەروەر لەو غیابەدا دەوڵەت بسپێری بە کۆمەڵێک شەللاتی و ناقانونی و ئەوانیش لە جیاتی ئەوەی تۆڵەت بۆ بسەننەوە بەشێوەیەکی یاسایی فریوت بدەن بەوەی کە خودایەک هەیەو تۆڵەت بۆ دەسەنێتەوە لە دونیایەکەی تر.

کەی مرۆڤ دەگاتە لوتکەی مرۆڤبوون یان مرۆڤی باڵا؟

هەموو قۆناغەکانی کە مرۆڤ پێیدا گوزەر دەکا ، گاگۆلکێ وگڕوگاڵەیە بە بەراورد بە قۆناغەکانی دواتر .کەواتە مرۆڤ بەرەو کەماڵبوون دەچێ کاتێ پشت بەتواناکانی خۆی دەبەستێت و هاوسەنگی وەردەگرێت و لەسەر پێی خۆی دەوەستێ لە هەنگاونان و بەرەو پێشچوون .
قۆناغی سرووشت سەرەتاییترین قۆناغی مرۆڤبوونە ، بەڵام باڵابوونی مرۆڤ واتە دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکە، مانەوەی مرۆڤ لە قۆناغی سرووشتی یان گەڕانەوە بۆ قۆناغی سرووشتی، پاشاگەردانیە لە مرۆڤبوونی ڕاستەقینە و گەیشتن بە قۆناغی باڵایی . بۆیە پێویستە مرۆڤ هەردەم لە جوڵەدا بێ بەرەو پێشەوە بێ دوودڵی ، واتە حاڵەتی هەنگاونان نەک حاڵەتی خولانەوە )تەواف کردن( بە دەوری ناوکێکدا(وەک ئەوەی ئاینەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و بۆتە فەلسەفەی ئاینەکان( چونکە لە ناو کاکڵەی مرۆڤبووندا هێزێک هەیە کە مرۆڤ بەرەو پێشەوە کێش دەکا . ڕەنگە ئەم حاڵەتە مرۆڤ بباتە بارودۆخێکەوە کە مرۆڤە باڵاکە نامۆ دەرکەوێ بە بەراورد بە مرۆڤە لە سرووشت جێماوەکەدا. بەڵام ئەم حاڵەتە، مرۆڤبوونی ڕاستەقینەیە و پێویستە بەرەو پێشچوون بکرێتە پێوەری مرۆڤبوون نەک پێوەری خولانەوە (تەواف کردن) ی ئاینەکان.

قۆناغی سەرەتایی مرۆڤایەتی ، بریتیە لە هێزە شەیتانیەکە (مەبەستم سیحروجادوو، لایەنی شەڕانگێزی و بەڕەڵڵایی و پەرتەوازەیی و نەبوونی هیچ یاساو ڕێسایەک بۆ ژیان) کە دەسەڵاتداربووە ، مرۆڤە سەرەتاییەکان لەم بارۆدۆخەدا سەرقاڵ و پشت بەستوو بوون بە تێرکردنی غەریزەو لایەنە ئاژەڵیەکەی خۆیانەوە.
عەقڵ پاشکۆو وابەستەی غەریزەکان بوو.تەنها ڕۆڵی جێبەجێکردنی پێدرابوو، بواری بیرکردنەوەی نەبوو. دواتر قۆناغێکی تر هاتە پێشەوەو ، مرۆڤی گواستەوە قۆناغێکی تر کە بریتی بوو لە پەنا بردن بۆ هێزێکی تر کە مانا بە مرۆڤبوون ببەخشێ، ئەویش بریتی بوو لە قۆناغی ئاین . لەم قۆناغەدا،مرۆڤایەتی توانی زاڵ بێ بەسەر قۆناغەکەی پێشوداو ئەو زاڵ بوونەی ناو لێنا ، زاڵ بوونی دەسەڵاتی خودا بەسەر شەیتان داو چەندین سیناریۆی تێدا کردە چیرۆک و لە دواییدا لە ڕێگەی ئیمان و باوەڕەوە سەپاندی بەسەر خەلکدا . هەڵبەتە کاتێک بیروباوەڕ دەچێتە قۆناغی سەپاندنەوە کە خەلک قەبووڵی نەکەن . ئەمەش ئاسایی بووە . چونکە خەڵکانێک هەر لەسەر بارودۆخ و زەمەنی ڕابردووی قۆناغی سیحروجادوودا ژیاون و قەبووڵی قۆناغی نوێیان نەکردوە . بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی ئاین (دەسەڵاتی خودا) لە ڕێی کودەتاوە دەسەڵاتی ئاین سەپێنراوە بەسەر ئەو خەلکانەدا کە قەبووڵیان نەکردوە.
بەڵام دواتر ئەو ئاین سەپاندنە بۆتە کەلتوورو چۆتە قۆناغێکی ترو هەرکەسێک لە ئاین لایدابێ ، بە بێباوەڕو هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دراوەو حوکمی کوشتن و سەربڕینی بەسەردا سەپێنراوە . کەواتە لەوە تێگەیشتین کە سەپاندن ، بەهۆی قەبوڵ نەکردنەوە بووە . ئەمەش شتێکی ئاساییە کە هەر بیروباوەڕێک ، کۆمەڵێک قەبووڵی دەکەن و کۆمەڵێکی تر قەبووڵی ناکەن ، لەوانەیە ئەوانەی کە قەبوڵیشیان کردوە ، لە قۆناغی دۆگمابوون و چەقبەستوویی بیروباوەڕەکە ڕەتی بکەنەوە.
بەهەرحاڵ قۆناغی فەلسەفە هاتە پێشەوە کە بەتەواوی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی و مرۆڤایەتی لە ئاین و لە ژێرباری لاهووتیەت تاڕادەیەک دەرهێنا. بەڵام بەهۆی پتەوی بیروباوەرەوە، فەلسەفە نەیتوانی

بەربە لێشاوی بیروباوەڕی لاهووتیەت بگرێ بەهۆی زۆری خەڵک بەچوار دەوریەوە. بۆیە زانست هاتە پێشەوەو مرۆڤایەتی بردە قۆناغێکی ترەوەو زۆربەی بیروباوەڕە پێشینەکانی خستە ژێرپرسیارەوە لە ڕێی زانست و سەلماندنەوە.
بێگومان مرۆڤایەتی بەوەشەوە ناوەستێ . چونکە بوونی مرۆڤ بەو کوالێتیە هۆشمەندیەی کە هەیەتی ، دەبێ بگاتە قۆناغێک کە لەگەڵ کاتدا هەنگاو هەڵگرێ . ئیتر قۆناغەکانیتر دەبنە شایەدحاڵی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سیستمی کلاسیکی خێزانداری و وە لانانی غەریزەو تێپەڕاندنی پشت بەستن بەهەستەکان و ئەزموون کردنی ڕۆبۆتیەتی مرۆڤبوون و سەربەستی ڕەهای تاک و پێویست نەبوون بەهیچ شتێک و بەهیچ کەسێک و خوڵقاندن بەبێ زاوزێ کردن و داگیرکردنی گەردوون و سەرداری کردنی گەردوون و کۆنتڕۆڵ کردنی گەردوون و لەناو بردنی مردن و پێویست نەبوون بە خۆراک خواردن و پێویست نەبوون بەهەڤژین و سێکس و جێگرتنەوەی کۆمەڵێک حەزو ئارەزوو کە لە ڕێگەی خەیاڵەوە دەبێتە خەیاڵی زانستی و دەکرێتە ڕاستگەڕ (واقیع) ئەگەر دروستتر بڵێم : مرۆڤ دەگاتە ئەو قۆناغەی کەوا ئەو خودایەی ناخی دەکاتە خودایێکی ڕاستەقینەی بینراوی هەست پێکراو ،بەشێوەیێک کە هیچ شتێک لەبەر دەست و لەژێردەستیدا دەرناچێت و بەرامبەر هیچ شتێکێش دۆش دانامێنێ

ئێمە پەیامبەری ڕاستەقینەین.

هەموو شتێک لە ناواخنیدا هەڵگری پەیامێکی خوداییە بۆ دەوروبەرەکەی خۆی . یان بە دیوێکی تر بوونی هەر شتێک پەیامێکە. مرۆڤیش بەو پێیەی

کە بەشێکە لەو بوونە ، هەڵگری پەیامێکە . بە گەیاندنی ئەو پەیامەش مرۆڤ دەبێتە پەیامبەر . بەڵام ئایا مرۆڤ چۆن پەیامەکانی دەوروبەری خۆی وەردەگرێ و بۆ کوێی دەبات و چیی لێ دەکات؟ هەستەکانی مرۆڤ پەیامنێری مرۆڤن . پەیامەکانی دەوروبەر دەگەیەنن بە هۆشی مرۆڤ . تاوتوێیان دەکات و هەڵیاندەسەنگێنێت. داڕشتنەوەی پەیامەکان لە ڕێی

هۆشمەندیەوە دەبێتە ئاگایی و مرۆڤ دەبێتە پەیامبەرر ئەو ئاگاییە بە شتەکان و کەسەکانی دەوروبەری. بەڵێ هەموو شتەکان پەیامی خودان و مرۆڤیش پەیامبەریانە.

بەو پێیە هەریەک لە ئێمە نوێنەرێک و پەیامبەرێکە لەسەر زەوی. ئێستا ڕێژەی دانیشتوان کە هەشت ملیارە ،واتە هەشت ملیار پەیامبەر هەیە هەریەکەو بە ئاستی خۆی. بەڵام ئەوەی کە دەبێتە دەرخستەی پەیامبەرێتی هەریەکێک، بریتیە لەوەی کە لەو پەیامەی پێت ڕاسپێرراوە تێ بگەیت و بزانی چۆن دەیگەیەنی . زۆرجار زانایێکەو نازانێ چۆن ئەو پەیامەی خۆی بگەیەنێ . بۆیە تەنها کەسێک یان چەند کەسێک پێی دەزانن . جاری واش هەیە نەزانێکە ، بەڵام دەزانێ چۆن ئەو پەیامەی خۆی ئەگەر شتێکی سادەش بیگەیەنێ.

## هەرچیت هەیە پێویستیە نەک ڕێزو شەڕەفمەندی + (تفضیل وتشریف)

تا ئێستا وا تێگەیەنراوین کە ئەو جوانی و ڕێک و پێکی لەش ولارو عەقڵ و مەعریفەو زیرەکی و تواناو ئەندامەکانی جەستەو هەست و ئیحساس و هەرچی هەیە، ئەوا ڕێز لێنانی خودایە بە مرۆڤ کەپێی بەخشیوە. بەڵام بەڕاستی پێویست بوون نابێتە بەخشین بەڵکو ئەمە خودی خودایە بۆتە خاوەنی پێویستیەکان ،واتە من پێویستم بە بیرکردنەوەیە بۆیە خودا بۆتە عەقڵ بۆ من تاکو بەو هۆکارەوە بیربکەمەوە. پێویستیەکان هۆکاری خودایین بۆ ڕاهی کردنیان لەلایەن ئێمەوە.
بۆ نموونە من پێویستم بە چاوە بۆ بینین ،بۆیە خودا بۆتە چاو بۆ من من پێویستم بە دەست و قاچە بۆ کارکردن و هەنگاونان ، بۆیە خودا بۆتە دەست و قاچ بۆمن. هەموو بەشەکانی تر بەهەمان شێوە. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی هەر شتێک لە گەردووندا بەهۆی پێویستییێکەوەیە، وە لە هەر شتێکیشدا هەر بەشێک ، بەهۆی پێویستیەوە بوونی هەیە. بوونی منیش وەک مرۆڤ پێویستییێکی گەردوونیە و دەبوایەو دەبێ وپێویستە هەبم . تەسخیر بوون و ڕام بوونی پێویستیەکانش بۆ هەڵسوڕاندنی کارە پێویستەکانە .
با بە شێوەیەکیتر بیڵێین : حکومەت بۆ بەرگری وپارێزگاری لەو وڵات پێویستی بە منە . بۆیە مووچەم پێدەدات و جل وبەرگی سەربازی و چەک و تفاقم پێ دەدات. نەک ڕێزلێنان وبەخشین بێ بەمن.

هەرشتێک مرۆڤ دەستی پێی بگات ، ئامرازە.

ئەو شتانەی بوونیان هەیەو لە ڕێی هەستەکانەوە بوونیان سەلمێنراوەو وەهەر شتێکیش بەهۆی ئامرازێکەوە مرۆڤ هەستی پێ دەکات. هەموو ئەو شتانە ئامرازێکن بۆ ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی هەستەکاندان .
نموونەیەکی سادە . جاران کە میکرۆب نەدۆزرابۆوەو هەستی پێ نەکرابوو ، ئامانجی زانست ئەوە بوو کە داهێنانێک بکات بۆ ئەوەی ئەو نهێنیە بدۆزێتەوەو لێی تێ بگا . بەڵام کاتێک لە ڕێی داهێنانێکەوە (میکرۆسکۆب) گەیشت بەو ئامانجە ، ئەوا ئامانجەکە گۆڕاو ئەویش بوو بە ئامرازێک لە ئامرازەکان . ڕەنگە لەکۆتاییدا مرۆڤ هەموو ئەو شتانەی کە لە ئێستادا کردوویەتیە ئامانج ، کاتێ ئامانجەکە دەسەلمێنرێ ، هەموو ببنەوە بە ئامراز.
لەوانەیە ئامانجی مرۆڤ ببێتە دروست کردنی مرۆڤ لە داهاتوودا . ئەو کاتە مرۆڤە دروست کراوەکەش دووبارە دەبێتەوە ئامراز . ئێستا بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئێمەش لە لایەن هێزێکی شاراوەوە دروست کرابێتین ئایا ئێمەش هەر هەمان ئامراز نین بە دەست هێزێکی باڵاتر لەخۆمان؟؟؟

بۆیە هەرگیز لەسەروو خۆتەوە مەڕوانە . وامەزانە تۆ کۆتا خاڵی بوون و ژیانی ، چونکە چەندان خاڵی تر بەر لەتۆو لەدوای تۆ هەن. وامەزانە تۆ تاکە هێزی ئاگایی . چونکە لە وانەیە چەندین هێزی ئاگایی بەر لەتۆو دوای تۆ هەبن. وا مەزانە تۆ ئامانجی. بەڵکو لەوانەیە تۆ لە ناوەڕاستی هەموو ئامانجەکان دا بیت. وامەزانە تۆ هەموو شتێکی . چونکە تۆ تەنها بەشێکی لە گشت.

# بەشی چواردەیەم

# ئاین وئاینی مرۆڤایەتی

مەبەست لە دینپەرست، شوێنکەوتوانی ئاینن، واتە بیروبۆچونی ئاینەکەیان سەبارەت بە دونیا چۆنە ، ئەوانیش شوێنهەڵگری ئەو بیروبۆچوونەن. بەڵام لە ڕاستیدا بیروبۆچوونی زۆربەی ئاینەکان ئەوەیە کە دونیا شوێنێکی کاتیە دونیا بە بەراورد بە ژیانی دوای مردن هیچ نیە. دونیا نەفرەت لێکراوە. دونیا ئاست نزمیە . وازهێنان لە دونیا بۆ دونیاییێکی تری نەبڕاوە .
ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە وا لە دینپەرستەکان دەکا کە هەردەم بیر لە دونیاییێکی تر بکەنەوەو خۆیان بە نامۆو بە مێوان بزانن . وە خۆیان لە هیچ شتێک نەکەن بە خاوەن و هەمیشە بە ئاواتی زوو گەیشتن بە دونیاییێکی تر بن. وای لێکردوون دڕدۆنگ بن لەگەڵ دونیا. وە دونیاو هەرچی تێیدایە بە سووک و بێ نرخ دەزانن. تەمەنێکی کورت بە ئاوات دەخوازن. بەڵام خوداناسی ڕاستەقینە شوێن خودا کەوتوە لە هەموو شتێکدا. بۆیە شوێن ئەو بیروبۆچوونانە دەکەوێ کە ئاشنان بە خوداناسیەکەیەوە . وە لەبەر ئەوەی شوێندەستی خودا بەسەر هەموو شتێکەوەیە، بۆیە حەز دەکا زیاتر بزانێ . حەز دەکا تەمەنی دەیان هەزار ساڵ بێ بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی خودا بزانێ. لەهەر شتێکدا کە حەقیقەت دەدۆزێتەوە ،نرخ بۆ ئەو شتە دادەنێ ،تا وای لێ دێ نرخی هەموو شتەکانی دونیا دەزانێ و نرخ بۆ هەموو شتێک دادەنێ . حەز دەکات هەرگیز نەمرێ و هەمیشە دەربارەی خودا ،شتی تازە بزانێ.

ئەزموون لە ئاین و سەلماندنیش لە زانست.

ئاینی ڕاستەقینە پێویستە لەسەر بنەمای بابەتە ئەزموون کراوەکانەوە دامەزرابێ وپارێزگاری لە ئەزموونە سەرکەوتوەکان بکا . بۆ نموونە : مرۆڤێکی سەرەتایی بێنین کە هیچ دەربارەی تەزوی کارەباو کاریگەریی سوود وزیانەکانی نەزانێ . ئەو مرۆڤە کاتێک دەستی بەر تەزووی کارەبا دەکەوێ و زیانی پێ دەگەیەنێ ، ئینجا دەزانێ کاریگەری کارەبا بە دیوە نەرێنیەکە چیە . وەکاتێک بە بەرچاویەوە لە گڵۆپێک ببەسترێ و ژوورەکەی بۆ ڕۆشن کاتەوە، ئینجا دەزانێ کاریگەری کارەبا بە دیوە ئەرێنیەکەی چییە. واتە دوای ئەزموون کردن دەگات بە حەقیقەت و باوەڕ بەو حەقیقەتە دێنێ و دەبێتە باوەڕداری ئەو ڕاستیە .واتە: باوەڕ هێنان بە حەقیقەتە ئەزموونکراوەکان (باوەڕهێنان بە ڕابردوو)

بەڵام لە زانست دا سەلماندن شوێنی ئەزموون دەگرێتەوە وە دۆزینەوە شوێنی باوەڕ دەگرێتەوە ، وە داهاتوو شوێنی ڕابردوو دەگرێتەوە. واتە: هەر ئەو تەزووە کارەبایەی کە بووە ئەزموون بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکەو لە باوەڕدا شوێنی کردەوە، هەر ئەو تەزووە کارەباییە دۆزراوەتەوە لە لایەن زانستەوەو حەقیقەتەکەی سەلمێنراوە.

کەواتە تەزووە کارەباییەکە بۆ هەردوو مرۆڤەکە یەک حەقیقەتە . بەڵام بۆ یەکێکیان بووە بە باوەڕو بۆ ئەویتریان بووە بە دۆزینەوە.

زانست لە نێوان بەرداشی ئاین و دژە ئایندا.

لە ڕاستیدا کاتێک باسەکە دێتە سەرباسی زانست ، ئاین ناوی کۆمەڵێ زانات دەخاتە بەردەست کە چەندەها بەرهەمی نایابیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە. بۆ نموونە زاناکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی ( واتە موعتەزیلەکان) لەو لاوەش دژە ئاین ناوی کۆمەڵێ زانات دەخاتە بەردەست کە بێباوەڕو ئەتایستن.
بەڵام کاتێ بە دواداچوون دەکەی بۆ مەرامەکانیان ، بۆت دەردەکەوێ کە هەردوو لایەنەکە ،زانست تەنها بە پاشکۆی بیروبۆچوون و بیروباوەڕی خۆیان دەزانن . وە لە ڕێی زانستەوە دەیانەوێ شەرعیەت بدەن بە بیرو باوەڕیان. بەڵام لە ڕاستیدا وەزیفەی زانست ئەوەیە کە مرۆڤ بگەیەنی بە ڕاستیە سەلمێنراوەکان و هیچ پەیوەندیەکی بەو بەندو باڵۆرەی ئاین و بێ باوەڕیەوە نیە. زانست نیشانەیەکی سەربەخۆی خودایە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان و بێ نیازە لە پاشکۆیەتی بۆ هەر شتێک.
هەرچەندە زۆر سیناریۆ بە زانست دروستکراوە و زۆر سیناریۆ بەناوی زانستەوە داتاشراوەو زۆر جار زانست ڕام وملکەچ کراوە یان چەندین بابەتی زانستی شاردراونەتەوە . یان خودی زانست لە هەندێ حاڵەت و بیردۆزە کورتی هێناوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی زانستمان لەبەر چاوەو ڕۆژانە بەکاری دێنین و کاریگەری لەسەر هەر هەموومان داناوە بە دۆست ونەیارەوە. بۆیە حەقیقەتەکانی زانست ناتوانرێ نکۆڵیان لێ بکرێ.
چۆن وەزیفەی زانستە کە ڕاستیەکان بسەلمێنێ ، بەو شێوەیەش وەزیفەی ئێمەیە کە مەرجەع بوونی زانست لە گشت بوارەکان بسەلمێنین.

ڕەسەنایەتی و ئاین.

ئایا ئاین هیچ کاریگەریەکی هەیە بەسەر ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتیی مرۆڤەوە ؟ ئایا ئاین ڕۆڵی هەیە لەسەر ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتی مرۆڤ؟
لەنێو هەموو ژیانەوەران دا توخمی ڕەسەن و ناڕەسەن هەیە. بەهەمان شێوە لەنێو مرۆڤیشدا ئەو دوو توخمە هەیە. ڕەسەنایەتی واتە: ڕەفتاری مرۆڤ لەسەر هەمان ڕێچکەو ڕاستە شەقامی مرۆڤبوون . بەڵام ناڕەسەنایەتی واتە: لادان لەسەر ئەو ڕێچکەو ڕاستە شەقامە .
بەڵام ئایا ئاین دەتوانێ مرۆڤی ناڕەسەن بگۆڕێت و بیکاتە مرۆڤێکی ڕەسەن؟ بێگومان نەخێر . بۆیە لەو حاڵەتەدا ڕۆڵی ئاین دابەش دەبێ بەسەر دوو هێڵ .

یەکەم / ئەو ڕۆڵەی کە بەر ئاین دەکەوێ ، ئەوەیە کە حیللە شەرعی بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤی ناڕەسەن بدۆزێتەوەو بیگونجێنێ و بیسازێنێ لەگەڵ ئاین.

دووەم / یان ئەوەتا ئۆڤەری تەوبەی بۆ پێشنیار دەکات کە ئەگەر بە قەد کەفی دەریا تاوان بکا، بەیەک جار تەوبە ، هەمووی لەسەر دەسڕێتەوە. ئەو دوو هێڵەش تەنها سازش کردنە بۆ مرۆڤی ناڕەسەن و نایگۆڕێ ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر هانی دەدات لەسەر ناڕەسەنایەتی .

بەڵام مرۆڤی ڕەسەن بەرنامەڕێژکراوە بە ڕەسەنایەتی مرۆڤبوونەوە . ئیدی لە دەرەوەی ئاین بێ یان لەناو ئاین بێ ، مرۆڤی ڕەسەن ،هەر ڕەسەنە. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئاین هیچ ڕۆڵێکی نیە لە گۆڕینی مرۆڤێکی ناڕەسەن بۆ مرۆڤێکی ڕەسەن ، وە بە پێچەوانەوەش ناتوانێ مرۆڤێکی ڕەسەن بکاتە مرۆڤێکی ناڕەسەن . بۆیە تەنها دەتوانێ کاریگەری دابنێ لەسەر مرۆڤ بە کردنی گوناهـ لە ئاشکراوە بۆ نهێنی .

## ڕەوشت و ئاین

ئایا هەر بە ڕاستی ڕەوشت پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە یان تەنها بانگەشەی ئاینپەرستانە؟
ئەگەر سەیری جیهانی ئاینپەرستان بکەین دەبینین کە کۆمەڵەیەک تێیاندا ڕەوشت وئاکاریان جوان وبەرزە . بەڵام کۆمەڵەیەکی تریان تا بڵێی ڕەوشتیان نزم و ناشیرینە . لە بەرامبەریشدا دژەئاینەکان بەهەمان شێوە ، کۆمەڵەیەکیان ڕەوشتیان جوان و بەرزە بەڵام کۆمەڵەیەکی تریان تا بڵێی ڕۆچوون لە بەدڕەوشتی . بۆیە ئاین و بێدینی ناتوانن ڕەوشت دروست کەن یان هیچ کەس بە ڕەوشت کەن چونکە بیروباوەڕ هەڵبژاردەی عەقڵە . بەڵام ڕەوشت هەڵبژاردەی ویژدانە. ویژدان داینەمۆی ڕەوشتە ، هەر کەسێکی ویژدان زیندوو بێ ، هیچ بێ ویژدانیەک قەبوڵ ناکا جا چ ئاینپەرست بێ یان بێئاین.

کاریگەری ئاین لەنێو کۆمەڵگا،زاڵ بوونە بەسەر کۆمەڵگادا.

تا کۆمەڵگا لە خەونەکانی نزیکتربێ و خەونەکانی بە ئاسانی بە دەست بێ، کەمتر پەنا بۆخەیاڵ و وەهم دەبا . بەڵام کاتێ کۆمەڵگا بەگشتی وتاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ئاستەنگ بۆ خەونەکانی دروست دەبێ یان ڕاستتر بلێین ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێ و لە بازنەیەکی بەتاڵ دا دەخولێتەوەو ناتوانێ بگا بەخەونەکانی ، لەو حاڵەتەدا بۆ ئەوەی لە دەست ئازاری ویژدان ڕا بکات ،پەنا بۆ ئەو هێزە دەبات کە ویژدانی سڕ دەکات . بۆیە خەیاڵ و وەهم دەکاتە پەناگەیەک بۆ خۆ شاردنەوەو دەگەڕێت بە دوای هێزێک دا کە بازاڕی ساغکردنەوەی خەیاڵ و وەهم بێت . ئاین بەو پێیەی کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی لە دەست داوە لەوەی چەترێک بێ بۆ کۆکردنەوەی تێگەیشتنەکان لە دەوری مێزی خوداناسیدا )کاتێ دەڵێین خوداناسی ، واتە خودناسی لە چوارچێوەی ئەو هێزەدا کە وجوودی تێدا هاتۆتە بوون( بۆتە سەرچاوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان و وەهم و خەیاڵ بەناوی باوەڕو سیحرو جادوو بەناوی موعجیزەو هەڵوگێڕکردنەوەی هەموو حەقیقەتەکان و داڕشتنەوەیان بەگوێرەی پڕەنسیپە ئاینیەکان.
بۆیە لەو حاڵەتەدا کاریگەریەکانی ئاین لەنێو کۆمەڵگا بەگشتی و لەناخی تاک دا بەتایبەتی تەشەنە دەسەنێ و بڵاو دەبێتەوە بەشێوەیەکی زۆر خێرا. دوای بڵاوبوونەوەشیان بە گشت لایەکداو بەناو هەموو بابەتێکدا ،ڕۆڵی لەکاریگەریەوە دەگۆڕێ بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگا . لەو حاڵەتەشدا شێوازی خیتابی لە ئامۆژگاریەوە دەگۆڕێت بۆ فەرمان کردن بەسەر تاک و کۆمەڵگادا. تاک و کۆمەڵگاش تەنها لە پێناو ڕاکردن لە دەست ئازارەکانی ویژدانەوە )کە ئاین تۆمەتی گوناهی داوەتە پاڵی( قەبووڵی فەرمایشتەکان دەکات و دێوەزمەی ئاین خۆی لە تاک وکۆمەڵگا دەکات بە خودا.
خەڵک دێوەزمەی ئاین بەناوی خوداوە دەپەرستێ و تەقدیسی دەکات و ئاینیش هەموو توانا مرۆییەکان هەڵدەمژێت و تاڵانی دەکات و بۆ خۆی دەبات و سەروەریەکانی مرۆڤایەتی بەناوی خۆیەوە تۆماردەکات و دەسکەوتە مرۆییەکان لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و هەموو شتێکی مرۆڤایەتی بۆ خۆی بە حەڵاڵ دەزانێ .

سەبارەت بەو بابەتە ، پرسیارێک دێتە پێشەوە کە (بۆچی ئەو خودایەی ئاینەکان باسی لێوە دەکەن، هێندە لە خەمی ڕاست کردنەوەی هەڵەکەی خۆیدایە کە خوڵقاندنی مرۆڤە)؟
ئەریَ هەر بە ڕاست ، خوڵقاندنی مرۆڤ ،کارێکی هێندە هەڵە بوو؟ هەڵەکە لە کوێدا بوو؟
ئایا کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاوێشتەو دەرەنجام و بەرەنجامەکانی هەڵەکە لە چیدایە؟
ئایا ڕاستە مرۆڤ لە ژێر کۆنترۆڵی خودا دەرچووە وەک تیرێک کە لە کەوان دەرچووبێت و گەڕانەوەی نەبێت؟
ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە ئەو خودایەی ئاینەکان وێنای دەکەن کە ویستی لەهەر شتێک بێ ، دەبێ؟ ئەی بۆچی ویستی لەسەر ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیەی خۆی نەبوو، بەیەکجاری بنبڕی بکردایە؟
ئەریَ ئەگەر خودا ڕاستەوخۆ مرۆڤی دروست کردوە، بۆچی کەم وکوڕی ونەقسی هەیە؟
ئەریَ ئەگەر خودا لە لوتکەی کەماڵ دایە، ئەی بۆچی جێدەستی خودا بەسەر خەڵقی مرۆڤەوە ئەو کەماڵیەتە ناسەلمێنیَ ؟
ئەریَ ئەگەر خودا مرۆڤی بە کەم وکوڕی دروست کردوە، مرۆڤ خۆی دەبێ کەم وکوڕیەکانی خۆی ڕاست کاتەوەیان ئەوەی دروستی کردوە؟
ئەریَ ئەگەر مرۆڤ کامڵ بێ چ پێویستی بە دینە؟
ئەریَ ئەگەر نەقسە ، مرۆڤ خەتابارە یان خودا؟
ئایا بۆچی چەندین جار خودا زەمینی پاک کردەوە لە مرۆڤی خراپ و دووبارە سەری هەڵدایەوە؟
ئایا بۆچی هەموو جارێک ئەگەر ئەو نەیێتە ناو جەنگەکانەوە ئەوا کۆمەڵی خودا لەناو دەچن؟
بۆچی کۆمەڵی خودا ،هەمیشە لاوازو کزۆڵ و ملکەچ و بێدەسەڵاتە؟ وە کۆمەڵی بێ باوەڕ ، شارستانی و خاوەن هێزو دەسەڵات و زانست و تەکنەلۆژیاو چی و چی ترن؟
ئایا بۆچی کۆمەڵی خودا هیچ پێ نەبوو ، هیچ لەباردا نەبوو، هەردەم چاوەڕێی موعجیزەیەکن ڕوبدا لەناو هاوکێشەکاندا؟

ئەمانەو هەزارەها پرسیاری تری لەو شێوەیە ، گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن کە ئەو خودایە (بە پێوەری ئاین) هەڵەیەکی گەورەی کردوە لە خوڵقاندنی مرۆڤ و لە دەرەنجامی ئەو هەڵەیەدا، هیچ مرۆڤێکی خاوەن ژیری ئامادە نابێ خۆی ڕادەستی ئەو خودایە بکات و ئەویش ناچارە پەنا بۆ ئەو مرۆڤانە ببات کە باوەڕیان پێیەتی ، ئیدی چۆنیەتی ئەو باوەڕە بەلایەوە گرنگ نیە چونکە ئەوان باوەڕدارن لە پێناو باوەڕ . نەک باوەڕداری لە پێناو حەقیقەت.

ئیتر بە بۆچوونی ئاین ، هەموو شتێ ئاوەژوو بۆتەوە. پێناسەی ئەوان بۆ خودا بەم شێوەی (خودا هەڵەیەکی گەورەی کرد لەخولقاندنی ئەوبونەوەرە) هەر لەگەڵ خوڵقاندنیدا، خودا کەوتە جووڵە ،چونکە ئێستا خودا خاوەن کێشەیە ، بەرپرسیاریەتی کەوتۆتە سەرشان . دەبێ ئەو مرۆڤە فێری هەموو شتێک بکا. چونکە بەشێوەیەک نەیخوڵقاندوە بیروهۆشی بەکاربێنێ. ئەگەریش بەکاری بێنێ ، ئەوا لە دژی خودا بەکاری دێنێ چونکە خودا بۆی دەرکەوت کە دەبوایە کوالێتی عەقڵی باشتر دروست بکردایە. تازە بێ سوودە . تیرێکەو لە کەوانی خودا دەرچووەو گەڕانەوەی بۆ نیە. ئیدی ناچار دەبێ کۆمەڵێک کەس دەست نیشان بکا کە مەبەستی خودا بۆ مرۆڤ ڕوون بکەنەوە تاکو مرۆڤ لە خودا تێبگا. چۆن ؟چونکە
خودا، خۆی ناتوانێ ڕاستەوخۆ مرۆڤ تێبگەیەنێ. بەو بەڵگانەی کە ئەو نێرراوانە دەیخەنە بەر دیدی مرۆڤ ، ئەی بۆچی خۆی نایە ڕاستەوخۆ هەموو شتێک بۆ خەڵک ڕوون کاتەوە . ئاخەر خودا بەو شێوەیە نیە، ئەی چارە جیە؟ چارە ئەوەیە کە ئەو هەڵبژێردراوانە نوێنەرایەتیی خودا دەکەن ئیدی باوەڕ دەکەن ، ئەوە باوەڕدارن . خۆ ئەگەریش باوەڕ نەکەن ، ئەوا بێ باوەڕن. ئەگەر ملکەچ بن، ئەوا دەتانخاتە شوێنێکی زۆر خۆش . ئەگەر ملکەچ نەبن ، دەتانخاتە ناو ئاگرەوە. ئەی بۆچی نەیتوانی ئەو بەهەشت و دۆزەخە بێنێتە دونیاوەو هەرکەس خراپەکار بوو ، بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بیخاتە ناو دۆزەخ ، بۆ ئەوەی هەموو لایەک پەندو وانەی لێ وەربگرن؟ بە هەمان شێوە ، مرۆڤی چاکەکاریشی بە بەرچاوی هەموو دونیاوە بخستایەتە ناو بەهەشتەکەوە، بۆ ئەوەی خەڵک هان بدا بۆ ڕێگاکەی خۆی؟

ئاینەکان پێمان دەڵێن کە هەموو کارێکی خودا دەربارەی مرۆڤ هەڵە بووە، بەهەڵە دروستی کرد . ئینجا هەزاران پێغەمبەری نارد تا ئەو هەڵەیەی خۆی ڕاست بکاتەوە بەڵام بێ سوود بوو ، دووبارە هەڵەیەکی تری کرد کە بەهەشت و دۆزەخی خستە دونیایەکەی تر. هەڵەی کرد زانستی پێ بەخشی. هەڵەی کرد دونیای خستە ژێرڕکێفی. هەڵەی کرد ئازادی بیرکردنەوەی پێ بەخشی.

کەواتە بە گوێرەی ئاینەکان (ئەگەر بمانەوێ هەڵەکانی خودا بژمێرین ، هەر تەواو نابێ) هەر لەو ڕۆژەوەی کە خودا مرۆڤی خوڵقاندوە ، بەردەوام خودا

لە هەڵە کردن دا بووە. تا گەیشتۆتە ئاستێک ، ئیدی توانای لێ بڕاو چیدیکە نوێنەری نەنارد کە ئەمەشیان گەورەترین هەڵەیە ، کە توانای هەموو شتێکی هەبێ بەڵام توانای بەسەر کۆنترۆڵ کردنی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەی نەبێ . وە لە جیاتی دان نان بە هەڵەکەیدا، بکەوێتە تاوانبار کردنی مرۆڤ و هەموو تاوانی مرۆڤیش تەنها ئەوە بێ کە پرسیار دەربارەی بوونی خودا بکات.

لە کۆتاییدا شوێنکەوتوانی ئاین، گوێ بۆ ئاین دەلەقێنن و نەفرەت لە وجودی خۆیان دەکەن کە هیچ تاوانێکیان نیە لە هاتنە دونیای خۆیان . ئەوانی تریش کە دژە ئاینن، نەفرەت لە خودا دەکەن کە بۆچی خودا بەو شێوەیە دروستی کردوون.

ئاین پشت بە پۆلێن کردنی شتەکان دەبەستێ بەسەر جەمسەرەکانی (ڕاست و چەوت ، چاک و خراپ ، پاک و پیس ، ڕاست و درۆ .......) ئینجا تەقدیس کردنی لایەنە باشەکە وەک ( ڕاست ، چاک ، پاک ......) ئینجا مۆنۆپۆل کردنی بۆ ئاین و لە بەرامبەریشدا نەفرەت کردنی ( چەوتیەکان ، خراپیەکان ، پیسیەکان ....) بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکا کە ئەم بابەتانە ئەزەلین و پێکهاتەی وجوودین . چونکە ئەگەر جەمسەرە هاودژەکان نەبێ ، بوون نابێ . ئەگەر هەندێ زاناو بیرمەند پێیان وابێ : بوون ڕێکەوتە ، من پێم وایە بوون بەریەککەوتە نەک ڕێکەوت . بۆ نموونە سالب و موجەب بەریەک دەکەوێ و وجوودێک دێتە بوون ، نێرومێیەک بەریەک دەکەون ، بوونێکی تازە دێتە دونیا. بۆیە جەمسەرەکانی (جوانی و ناشیرینی ، ڕەش و سپی ، شەوو ڕۆژ ، ڕاست و چەوت ، پاکی و پیسی ، سالب و موجەب ......) ئەم جەمسەربەندیانە هۆکاری بەریەککەوتنن بۆ هێنانە بوونی ئەنجامێک .

سەرەڕای ئەمانەش ، تێگەیشتن لە دیوە ئەرێنی و نەرێنیەکانی جەمسەرەکان بە پێناسەی ئاین پێناس کراون. ئەگینا بە چ پێوەرێک ئەو ڕاستیانەی ئێستا ڕاستن؟ یان بە چ پێوەرێک ئەو چەوتیانەی ئێستا لەبەرچاومانن چەوتن ؟ ئەی گرێنتی چیە کە لەنێو خودی چاکەکەدا خراپیەک خۆی مەڵاس نەداوە ؟ ئەی گرێنتی چییە کە خراپە هەمیشە هەر خراپە ؟ کێ دەڵێ لە هەندێ کاتدا ئەو خراپەیە نابێتە هۆکارێکی بەسوود؟ بۆیە جەمسەرەکان سرووشتین ،دەسکردی مرۆڤ نین تا مرۆڤی پێ تاوانبار بکرێ. ئەگەر وابێ ، کەواتە سرووشت خەتابارە . ئەی ئەگەر سرووشت خەتابارە ، ئایا خەتاکە هی خۆیەتی یان ئەو یاسایانە کە ئەوی لێ پێکهاتوە؟ کێ خاوەنی یاساکانە؟ کێ یاساکانی بەو جۆرە داڕشتوە؟ بێگومان لەهەر ئاینپەرستێک بپرسی ، پێت دەڵێ: خودا . بەو پێوەرەی ئاینپەرست ، سەرچاوەی هەموو خەتاکان خودایە ، واتە خودا خەتابارە. دەی ئەمە ئەو تۆمەتەیە کە ناوی لێ نراوە دین و ئیمان . بەریەککەوتنی جەمسەرەکان هۆکاری دروست بوونی هەموو ئەو شتانەن

که هەستیان پێ دەکەین و هەستێکی خۆش یان ناخۆشمان پێ دەدەن و لە ڕێی ئەزموون کردنیانەوە دەبێتە مایە هۆشیاری وئاگاییمان. ئیدی پیرۆزکردنی لایەنێک بە بیانووی ئەرێنی و نەفرەت کردنی لایەنێک بە بیانووی نەرێنی ، هەڵوێستێکی نەشیاوە بەرامبەر یاساخوداییەکان . تۆمەتێکە ناوی لێ نراوە ئیمان.

سەرەتا دەبێ لە شوناسی ئاین تێ بگەین کە ئاین کاری چیە و ڕۆڵی چیە. بەو پێیەی مرۆڤ و کوالێتی مرۆڤبوون ئەوە هەڵدەگرێ کە بڵێین: مرۆڤ نەخشەی بچوککراوەی هەموو بوونەو کۆکراوەی خەسڵەت و سیفەتی هەموو بوونەوەرانە. وە لەسەرووی هەموو ئەمانەشداو ئەوەی کە مرۆڤی پێ جیادەکرێتەوە لە هەموو شتەکانی تر، هۆشە کە پلەیەکی بالاتری بەخشیوە پێی. بەو سیفەتەی کە خودا غەریزەیێکە لە مرۆڤدا. بۆیە ئەو هەستە گەشەسەندوە (لەڕێگەی عەقڵەوە) پێویستە لە کەنارگیری ناخەوە ئازاد بکرێت و ئاراستە بکرێت بەچواردەوری خۆیداو لە هەمان کاتیشدا ، گۆڕینەوەو سوودگۆڕکێ هەبێ لەنێوان ئەزموونی یەکتر لە زیاتر گەشەسەندنی ئەو هەستەدا ، لەو حاڵەتەشدا پێویستە وێستگەیەک و شوێنێک و مەقامێکی دیاریکراو هەبێ بۆ سوودبینین لە ئەزموونەکانی یەکترو دەوروبەر . لەو حاڵەتەشدا ئاین لە دایک دەبێ بۆ ڕۆڵ بینین وەک مەدرەسەیەک تاکو ئەو هەستە هەر لە قۆناغی سرووشتی و سەرەتایی خۆیدا بە چەقبەستوویی نەمێنێتەوە. ئەو قوتابخانەیە(ئاین) مرۆڤ بەرزتر دەکاتەوەو ڕێگاکەی بۆ کورتترو ئاسانتر دەکاتەوە. لەو حاڵەتەشدا ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەقینەی ئاین بریتی دەبێ لە ناساندنی خودا وەک خودی خۆی و ناساندنی ئەو حەقیقەتەو چۆنیەتیی مامەڵەکردنێکی تەندروست لەگەڵیدا . هەرچەندە بابەتی ئاین بە لا ڕێدا بردراوەو لەجیاتی ناساندنی خودا لەڕێی خوداناسانەوە، کراوەتە بڵندگۆی کاهینی ئاینەکان و ڕابەرانیان بەناوی خوداو بەدەمی خوداوە قسەیان هەڵبەستوەو فەرمانیان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە. کە ئەمەش لە ئێستادا ڕۆڵی سەرەکی و ڕاستەقینەی ئاینی بەلاڕێدا بردوەو تەڵخ و ناشیرینی کردوە. بۆیە ئەوەی لەسەرشانی ئێمەیە یا دەبێ ئاینی باو پاک بکەینەوە لەو هەموو چڵک و چەپەڵی و ژەنگ و ژارو تەپ و تۆزە، یان دەبێ لەنوێوە ئاینێکی تازە لەسەر هەمان بنەمای ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دابمەزرێنینەوە.

ئاینی مرۆڤ ،هۆش و ویژدانه.

هۆش وەک دەزگاییکی دەسەڵاتدارو بڕیاردەر . ویژدانیش وەکو ڕاوێژکارو نوێنەری ئەندامەکانی هەموو جەستە.
کاتێک کارێک دێتە پێشەوە جاری واهەیە عەقڵ ڕاوێژ بە ویژدان دەکا. جاری واش هەیە ویژدان ڕاپۆرت بەرز دەکاتەوە بۆ کردنی ئەو کارە یان نەکردنی . وە عەقڵیش هەندێ جار ویژدان دەکا بە پێوەرو هەندێ جاریش بڕیارەکانی خۆی . ئایا ئێمە ئەم قسانە لەخۆمانەوە دەکەین یان هەست بەو گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچوونە دەکەین لەناو خودی خۆمان کە دوو هێزی سەرەکی جوڵێنەری ئێمەن ؟ بەڵێ عەقڵ بەراوردکارو هەڵسەنگێنەری خودی کارەکەو بۆچوونی ویژدان و بڕیاردانە بەپێی ئەو ویستەی کە خۆی هەیەتی بۆ کردنی کارەکە یان نەکردنی.
ئەم حاڵەتە خاڵی هاوبەشە لەنێوان کۆی مرۆڤی سەرزەوی بێ جیاوازی و ئاین هیچ ڕۆڵێکی نیە لەو نێوەندەدا و لە دەرەوەی بڕیارەکانە. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە مەرجەعی باڵای بڕیاردان هەرخودی مرۆڤە .نەک ئاین یان هەربەرنامەیەکی تر . ئیدی سوود و قازانج هەرچیەک بێ خودی مرۆڤەکە بەرپرسیارێتیەکە هەڵدەگرێ .

ئاین هەستیاری دروست دەکات.

یەکێک لەو کارە دزێوانەی ئاین بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵانی شوێنکەوتەی خۆی دروست کردنی هەستیاریە
بۆ نموونە
باوەڕداران پاک وخاوێنن بەڵام هاوەڵپەرستان پیسن . بەو پێیە کەسێک شوێنکەوتەی ئەهلی ئەو ئاینە نەبێت ، ئەوانیتر لێی ڕادەکەن نەبادا دەستیان بەردەستی بکەوێ .
جۆرێکیتر لە هەستیاری . هەستیاری ڕەگەزیە کە هەر کاتێک دەستت بە دەستی ئافرەتێکی نامەحرەم بکەوێ، ئەوا خێرا یان دەبێ غوسڵێکی بۆ بکەی یان دەستنوێژێکی بۆ هەڵبگری.
جۆرێکی تر لە هەستیاری ، ئەویش هەستیاری بەرامبەر ئاژەڵان ،وەک سەگ کە بە گڵاو ناسراوە.
هەستیارییێکی تری شەرمهێن ئەوەیە کە هەر کاتێک دەستت بەرشوێنی وڕوژێنەری جەستەی خۆت کەوت ، ئەوا غوسڵێک یان دەستنوێژێک قەرزار دەبیت.
تەنانەت هەستیاری بەرامبەر هەندێ جۆری خەون. وەک ئەو خەونەی کە پێی دەڵێن (شەیتانی بوون) کە دەبێ خۆتی لێ پاک بکەیتەوە.
جۆرێکی تر لە هەستیاری ، ئەویش خۆ پاککردنەوە لە پاش وپێشی مرۆڤ کە دەستنوێژ دەشکێنێ .
جۆرێکی تریش هەر لەو بابەتە کە هاتنی بایە و دەرچوونی لە کۆم . هەروەها چەندین جۆری تریش کە ئاین بۆتە سەرچاوەی هەستیاری تەنانەت هەندێ لەو هەستیاریانە بۆتە نەخۆشی ، بۆ نموونە کەسێک چەندین جار غوسڵ لە خۆی دەردەکات و هێشتا پێی وایە غوسڵی لێ دەرنەچووە. ئەم نموونانەی کە باسم تایبەتە بە ئاینێک . ئەمە مانای وانیە کە ئاینەکانیتر باشترین . نەخێر ، ئەوانیتریش هەریەکەو کۆمەڵێک هەستیاری دروست کردوە بۆ خۆ جیاکردنەوەی هەندێ کەس بەناوی ئاینەوە لە هەندێ کەسیتر

مرۆڤ سەرداری چاکەو خراپەیە نەک ئاین.

دوو پۆلێن هەیە کە مرۆڤی پێ لە یەک جیا دەکرێتەوە . ئەویش بریتیە لە هەردوو جەمسەری چاک وخراپ .

بەڵام سەبارەت بە ئاین، هەریەک لەو دوو جەمسەرەش دابەش دەبن بەو شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم / خراپە

أ ـ ئەو کەسانەی کە بەناوی ڕەخنەگرتنەوە، هەرچی خراپەیە دەیدەنە پاڵ ئاین. واتە بەشێوەیەکی بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ ئاین ناکەن. تەنها ئامانجیان تانەو تەشەردانە لە ئاین و هیچ ئامانجێکی تریان نیەو هیچ پڕۆژەیەکی بەدیلیان پێ نیە لە بری ئاین.

ب ـ ئەو کەسانەی کە بەناوی ئاینەوە هەرچی خراپەیە دەیشەرعێنن و ڕێگە بەخۆیان دەدەن بۆ کردنی هەموو خراپەکاریەک بەناوی خوداوە
.

دووەم/ چاکە

أ ـ ئەو کەسانەی کە بەناوی ستایش کردنەوە ڕیکلام بۆ ئاینەکانیان دەکەن و هەرچی چاکە و ڕەوشت بەرزی کە مرۆڤ لە ڕێی ئەزموون و هۆشمەندیەوە دەستی خستوە، دەیدزن و بەناوی ئاینەکەی خۆیانەوە تۆماری دەکەن و لەسەر ئاینەکەی خۆیانی تاپۆ دەکەن.

ب ـ ئەو کەسانەی کە ڕەوشت بەرزی و ڕاستگۆیی و دڵپاکی و داوێنپاکی خۆیان دەبەخشن بە ئاین و لەسەر ئاین تاپۆی دەکەن و لەو ڕێیەوە بانگەشە بۆ ئاینەکەیان دەکەن . بە سپۆنسەری ئاین خۆیان نمایش دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا چاکەو خراپە دەرخستەی ناخی هەر مرۆڤێکەو ئاین هیچ ڕۆڵ وکاریگەریەکی نیە بەسەریەوە.

بۆچی باوەڕدارە ئاینداره‌كان سه‌ركه‌وتوو نه‌بوون و سه‌ركه‌وتووش نابن؟

باوەڕدارە ئاینداره‌كان (به‌ تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی كه‌ له‌ناو ئاینه‌كانیان دا قووڵ بوونه‌ته‌وه‌و ناویان لێنراوه‌ پیاوانی ئاینی و پێشه‌وایانی ئاینی و زانایانی ئاینی) زۆر هه‌وڵیان داو زۆر هه‌وڵیان داوه‌ كه‌ بیروباوەڕەكه‌یان له‌گه‌ڵ ئاینه‌كه‌یان بگونجێنن ، به‌ڵام سوودی نه‌بوه‌و سوودی نابێ . ده‌زانن بۆ؟ چونكه‌ ئاین له‌سه‌ر بنه‌مای پارێزگاری كردن له‌ داب و نه‌ریتی كۆمه‌ڵگاو به‌رژه‌وه‌ندی ده‌سه‌ڵاتداران دروست بوه‌ . واته‌ : دامه‌زراندن وگه‌شه‌سه‌ندنی ئاین له‌سه‌ر بنه‌مای داب و نه‌ریت و به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانه‌. به‌ڵام بیروباوەڕ له‌سه‌ر بنه‌مای سرووشتی مرۆڤایه‌تی دامه‌زراوه‌ . بۆیه‌ هه‌موو هه‌وڵێک بۆ تێكه‌ڵكردنی ئاین و بیروباوەڕ ، شكستخواردوه‌و بێ سووده‌.
هه‌ڵبه‌ته‌ كه‌ ده‌ڵێین بیروباوەڕ ، مه‌به‌ستمان ئه‌و ئیمانه‌یه‌ كه‌ به‌ به‌رگی ئاین پیرۆز كراوه‌.

ئاینپەرستیش هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەتایست.

ئەو کێشەو ململانێیەی لەنێوان ئاینپەرستان و ئەتایست هەیە بریتیە لە پەیامێکی ئاسمانی کە ئاینپەرستەکان باوەڕیان پێی هەیەو ئەتایستەکانیش بە درۆی دەخەنەوە. کەواتە ئەگەر ئەو کتێبە لەبەر دەستیان دەرێنین ، هەردوولا هیچ کێشەیێک لەنێوانیاندا نامێنێت و یەکسان دەبنەوە. ئەمە لەبەر چی ؟ چونکە ئاینپەرست تەنها لە چوارچێوەی ئەو کتێبەدا هەست دەکا خوداییێک هەیە . ئەگینا هیچ ئەزموونێکی خوداناسی نیە ، کەواتە خودا تەنها لەناو کتێبەکەدایە بەلای ئەوەوە . لەوە زیاتر هیچ خوداناسیەک بوونی نیە. بۆیە کاتێک ئەو کتێبەی لێ وەردەگریتەوە ، هیچ باوەڕێکی ئاینی لەلای نامێنێ . یا ئەوەتا دەگەڕێتەوە سەر باوەڕە سرووشتیەکەی خۆی ، یان دەبێتە بێباوەڕ
بەهەمان شێوە. ئەتایستیش تەنها ئەو خودایە ڕەت دەکاتەوە کە لەنێو پەڕاوە ئاسمانیەکاندا باس کراوە. وەگەرنا سروشتێکی پاکی هەیە بۆ قەبووڵ کردنی ڕاستیەکان کە لە فەرهەنگی خوداناسانەدا پێی دەگوترێت : خودا.
بۆیە ئەگەر ئەو کتێبەی لەبەر دەستدا نەبێ ، نازانێ یان ناتوانێ ڕەخنە لە خودا بگرێ . چونکە ئەو کاتە حەقیقەتی خودا دەچێتەوە دۆخی ڕاستەقینەی خۆی بە هەموو سلبیات و ئیجابیاتێکەوە. ئەو کاتە ئەویش لەو ڕێستەدا یان پێداچوونەوەیەک بە بابەتی خوداناسیدا دەکات و دەگەڕێتەوە سەر باوەڕە سرووشتیەکەی خۆی یان هەر سەرگەرمی بێباوەڕیەکەی خۆی دەبێ . لەو حاڵەتەشدا ئەو دوو خاڵە، دەبێتە خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەتایستێک و ئاینپەرستێک تەنها بە لابردنی بەربەستی پەڕاوە ئاسمانیەکان لەسەر ڕێگەکەیان.

# دزی کردن لە مرۆڤایەتی .

ئاین بە ئاڕاستەیەکە کە هەردەم لە هەوڵ دایە هەموو تواناکان لە ژێر دەستی مرۆڤایەتیدا بێنێتە دەر، وە بیکاتە بانگەشەیەک بۆ خۆی لە پێناو بەهێز بوونی پایەکانی و دەسەڵاتەکانی . ئەمەش بە مەبەستی بە کارهێنانی ئەو دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤایەتی و هەموو شت خستنە تای تەرازووی ئاین بەرامبەر بە ڕادەست کردنی مرۆڤایەتی . بۆ نموونە قاڕوون بە هێزو دەسەڵاتی خۆی سەروەت و سامانی بە دەست هێناوە )بمانەوێ و نەمانەوێ ، ئەو هێزە لە خوداوەیە بۆ ئەو مرۆڤە و بە هەموو مرۆڤێک بۆ دەست خستنی سەروەت و سامان ، هێزەکە لە خوداوەیەو ویست و تواناکە لە مرۆڤەوە(کەچی ئاین دڕدۆنگە لەگەڵ ئەو حەقیقەتەداو وا نیشان دەدا کە خودا تووڕە دەبێ و لەناوی دەبا بێگومان ئەو چیرۆکانەو تەواوی جیرۆکە هاوشێوەکانی ، هیچ حەقیقەتێکیان نیە جگە لە بانگەشە کردن بۆ ئاین کە لە هەوڵی ئەوەدایە هەوڵ و تواناکانی مرۆڤایەتی بدزێ بۆ ئاین بە ناوی خوداوە .

ئەرێ هەر بە ڕاست خودا تووڕە دەبێ؟ لە کاتێکدا تووڕە بوون بۆ یەکێکە کە کۆنترۆڵی خۆی و عەقڵی لە دەستدابێ؟ ئایا ئەم شوناس بەخشینە بە خودا لە جێی خۆیدایە ؟ یان ئایا خودا پێویستیی بەوە هەیە دزی بکات لە مرۆڤ و خۆی پێوە دەرخا؟ یان خودا پێویستی بەوە هەیە کە ئێمە دزی بۆ بکەین و هەوڵ و تواناکانی مرۆڤایەتی لە ڕێی ئاینەوە بۆ بدزین؟ ڕاستیەکە ئەوەیە کە خودا سەرچاوەی هەموو هێزێکە کە مرۆڤایەتی ویست و توانای لەسەرە بۆ بەکار هێنانی . بەڵام خودا ویست و تواناکانی مرۆڤی ئازاد کردوە لە چۆنیەتی دەستخستن و چیەتی دەستخستن وچەندێتی دەستخستن کە لە ڕێی هێزەکەوە دەستی دەخا. کەواتە مرۆڤ چۆن خودا ئازادی کردوە لە بەکارهێنانی ئەو ویست و توانایانە بۆ دەست خستنی سەروەت و سامان بەهەمان شێوەش مرۆڤی ئازاد کردوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەسکەوتانەدا لە چاکە یان لە خراپە ، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەو چاکەو خراپەیە لە دەست خودایە.

زۆر جاران گوێبیستی ئەوە دەبین کە بانگخوازی ئاینێک نموونە بە ئەزموونی کەسایەتیەک دێنێتەوە کە لەسەر ئاینەکەی خۆی نیە ،بگرە کەسەکە هیچ ئاینێکی نیە .
ئەمە لە پێناو جوانکردنی ئاینەکەی خۆیدا بە ئەزموونی خەڵکانی تر . دواتر بە تێپەڕ بوونی کات و سەردەم ئەم ئەزموونە مرۆییە دەبێتە بەشێک لە ئاینەکەو ئاینپەرستەکان بە موڵکی ئاینەکەی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن . لەو پێناوەدا ئاینە تازەکان سوودیان لە ئەزموونی ئاینە کۆنەکان وەرگرتوەو ئاینەکەی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کردوە.بۆ نموونە زۆربەی ئەو تەریقەت وتەسەووفانەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا بوونیان هەیە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی هیندۆسی و بوزی. بەڵام کەمترین ئاماژە بەو حەقیقەتە دەکرێ و زۆرترین ئاماژە بە چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنەکەیەتی بۆیە لەسەر بنەمای ئەو پێوەرە ئاینەکان پشکی شێریان بەرکەوتوە لە دزی کردن لە ئەزموونی مرۆڤایەتی و بەناو کردنی بەناوی ئاینی خۆیانەوە.

شتێکی سرووشتیە کاتێ مرۆڤ شتەکان بە دروستکراوی دەبینێ . چونکە ئەو کەل وپەل و ئامرازانەی کە لەبەر دەستیدایە هەمووی خۆی دروستی کردوە . کاتێ خۆی بە خالیقی ئەو شتانە دەبینێ ، بێگومان بیری بەلای ئەوەدا دەچێ کە ئەم گەردوونەش دەبێ خالیقێکی هەبێ . بۆیە لە دەرەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە بیروباوەڕێک لە دایک دەبێت و باوەڕ بەهێزێک دێنێ کە لەسەرووی مرۆڤ و مرۆڤبوونەوەیە.

ئەم باوەڕە لە لایەن ئاینەکانەوە سوودی لێ بینراوەو وەک کەرەستەیەکی ئاینی بەکار هێنراوەو لە کۆتاییدا هەر ئەو باوەڕە لە دژی سرووشتی مرۆڤایەتی بەکار هێنراوەتەوە. بەهۆیەوە باوەڕێکی ئاینی لە دایک بووەو جێگەی باوەڕە ڕاستەقینەکەی گرتۆتەوەو بۆتە سەرچاوەی هەڵمژینی باوەڕە ڕاستەقینەکەو گۆڕینی بە باوەڕی ژەهراوی ئاینی کە تێیدا لە هەموو لایەکەوە لە سرووشتی پاکی مرۆڤ دەدرێ.

لەو حاڵەتەدا باوەڕداری ڕاستەقینە دەردەکەوێ کە بە چ ئەزموونێکی ئیمانیدا تێپەڕ دەبێ و ئەوانە کە لە ناخەوە لاوازن و خاوەن ئیرادەی خۆیان نین و کۆیلەیی دەستی گرتوە بەسەر سرووشت و ناخ و بیریان، پەنا بۆ باوەڕە ئاینیەکە دەبەن . وە ئەوانەی کە لە ناخەوە بەهێزن و خاوەن کەسێتی و ئیرادەی خۆیانن ، دەبنە باوەڕدارە ڕەسەنە ڕاستەقینەکە. کە ئەمە سەختترین تاقیکردنەوەی ئیمانیە زۆرینەی خەڵک تێیدا دەرناچن.

بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ سرووشت یان گەڕانەوە بۆ ژیانی سەرەتایی مرۆڤ یان داتاشینی هەرجۆرە بیروبۆچوونێک بۆ قۆناغی سەرەتایی و دەسپێکی مرۆڤ نابێتە بنچینە و بنەما بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ژیانی مرۆڤ لە پێناو گەڕانەوە بۆ سەرەتا و پاشاگەردانی لە قۆناغی ئێستا و دەست هەڵگرتن لە دەسکەوتە مرۆییەکان بە بیانووی سەر لەنوێ داڕشتنەوەی ژیان لەسەر بنەما سرووشتیە سەرەتاییەکەی کە هیچ کەس و زانستیش نازانێ چۆن بووەو ناتوانێ دیاری بکا لە دروستی کە چۆن بووە. سرووشتی مرۆڤبوون ئەوەیە کە قۆناغەکانی شارستانیەت گەیاندوویەتی بە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ . ئەمە قۆناغەکانی شارستانیەت بووە کە مرۆڤی لەو قۆناغەوە گواستۆتەوە بۆ قۆناغی ڕستن وچنین و پۆشینی پۆشاک و دروست کردنی خانووبەرەو کۆشک و تەلار و پێک هێنانی دەوڵەت و حکومەت و داڕشتنەوەی یاسا بۆ مرۆڤی تازەی ڕاگواستراوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تازەو دوور لە یاساکانی جەنگەڵ ودارستان. ئاینیش خۆی لە خۆیدا بەرئەنجامی ئەو ژیارە بووە لە داڕشتنەوەی بیروباوەڕی تازەو یاسای تازەتر . کەواتە ئەو ڕاستیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕان دایەو گۆڕانکاریەکانی بە ئاڕاستەی دوور کەوتنەوەیە لە یاساکانی سرووشت کە بریتیە لە یاسای جەنگەڵ ودارستان بۆ سەردەمێکی نوێ بۆ داڕشتنەوەی مرۆڤبوون بەشێوەیەکی نوێ و مۆدێرن.
دەرەنجامەکانی ئەو ئاڕاستەیەش بریتیە لە بە تەصەننوع کردنی مرۆڤ )واتە: لە مرۆڤی سرووشتیەوە بۆ مرۆڤی دەسکرد نەک ڕۆبۆت چونکە ڕۆبۆت تەنها ئامێرێکە ،بەڵام مرۆڤی دەسکرد بەواتای گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سەرتاپای جەستەدا، بەڵام لەسەر هەمان بنچینەی جەستەکە( ئەمەش بە مانای ئەوە دێ کە لەم قۆناغەدا مرۆڤ هەموو لایەنە سرووشتیەکانی خۆی لە دەست دەدات یان لەناویان دەبات و بەدیلی دەسکردیان بۆ دەدۆزێتەوە.
بۆ نموونە : گۆڕانکاری لە سیستمی خۆراک )بەوە کە ڕەنگە چیتر پێویستی بە خواردن وخواردنەوە نەمێنێ لە ڕێگەی دەمەوەو چیتر پێویستی بە کرداری هەرس نەمێنێ و سەردەمی تازە پاک بکاتەوە لە پاشەڕۆ فڕێدان( یان چیتر پێویستی بە خەو نەمێنێت و بێهۆشکردنێکی چەند

چرکەساتی جێگەی بگرێتەوەو چیتر پێویستی بەوە نەمێنێ کە کاتێکی زۆر بە نوستن بەسەر بەرێت و کاتێکی زۆر لە شەوو ڕۆژێکدا زیاتر دەستەبەر بکا بۆ کارکردن وجوڵەکردن. یان چیتر پێویستی بە قسەکردن نەمێنێت و هێمای زانستی جێگەی بگرێتەوەو ڕزگاری بێ لەو هەموو هەراسانیانەی کە بەهۆی هەڵچوونە دەروونیەکان و دەربڕینیان بە دەنگێکی بەرز لە کاتی تووڕە بووندا. یان چیتر پێویستی بە غەریزەی سێکس نەمێنێت و چاندنی کۆرپەلە بەڕێگەی دەسکرد شوێنی بگرێتەوە.
دوا بزماریش کە شارستانیەت و پێشکەوتنی مرۆیی لە تابووتی لایەنی سرووشتی مرۆڤبوونی دەدات ، بریتیە لە نەمانی هەستەکان ،وەک هەست کردن بە تام کردن و بۆن کردن و بینین و بیستن وبەرکەوتن وچیتر مرۆڤ هەست بەسەرما وگەرماو ماندوو بوون وئازارو دڵخۆشی ودڵتەنگی و مەترسی و چی و چی نەمێنێ ، بەڵکو بە دیلیان بۆ دابین بکرێ بەشێوازێکی تازە.
بۆیە چیتر ئەو بلۆکبەندیەی کە ئاین پشتی پێ دەبەستێ ،چیتر لە مەیدانی ژیان جێگەی نابێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بە دەستی خۆی ڕێگا لە خۆی ون نەکات ، ئەوا چیتر پشت بە یاسا سرووشتیەکانیش نابەستێ و یاسای مرۆیی جێکەیان دەگرێتەوە.

# بەشی پازدەیەم

# ڕەوشتەکان

## پێداچوونەوە بە چەمکە ئەخلاقیەکان.

ئەگەر )مۆڕاڵ - ڕەوشت – ئەخلاق( لەنێو کۆمەڵگا بریتی بووبێ لەو کەلتوورو فەرهەنگ و داب و نەریت و بیرو باوەڕە کەڵەکە بوانەی کە تا ئێستا بەرگری و پارێزگاریی لێکردوون.ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرجاوەی ڕەوشت کە ویژدانە.

بەڵام مۆڕاڵ لەناواخنیدا نرخ و بەهایەکی خودایی هەیە. پێویستە ببەسترێتەوە بەو چەمکانەوە کە دەکەونە چوارچێوەی مۆڕاڵەوەو نرخ وبەهایان هەیە.

بۆیە من پێم وایە لە ئێستادا مۆڕاڵ واتە زانین ئاگایی هۆشمەندی مەعریفەت تێگەیشتن. لە بەرامبەریشدا بێ مۆڕاڵی واتە بێ ئاگایی ،نەزانی، ناتێگەیشتوویی، بێ مەعریفەتی.

چونکە هەریەک لەو چەمکانە بە دیوە نەرێنیەکەی ، کۆمەڵێ کێشەی بێ مۆڕاڵی دێنێتە ناو کۆمەڵگای مرۆیی .بەڵام ئەم بابەتە پیوەندی نیە بە میللەتانی دواکەوتوو یان پێشکەوتوو . بەڵکو لە ناو خودی هەر میللەتێکدا دیاردە ئەخلاقی ونائەخلاقیەکان بەدی دەکرێن .

هەرچەندە پێویستە یاسا ،ئەخلاق ڕێک بخا یان دروستی بکا ، بەڵام پێویستیشە لە هەمان کات دا کە ئەخلاق بنەمای ئەو یاسایانە داڕێژێ کە دووبارە ئەخلاق دروست دەکەنەوە . بۆیە زانین وتێگەیشتن وئاگایی ومەعریفەت دەبنە بەهای ئەخڵاق بۆ داڕشتنی یاساکان لە پێناو ڕاگرتنی ئەخلاق یان دروست کردنی ئەخلاق یان ڕێکخستنەوەی.

ئەگەرچی ئەخلاق  بە دیوە سرووشتیەکەی، لە ویژدانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام بۆ ئەمڕۆ یاساو زانست بە شێوەیەکی مەدەنیانە ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنەوەی .

ئاینەکان خۆیان بە دوو بابەتدا هەڵواسیوە بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵک ، ئەویش بریتیە لە (خودا ، ڕەوشت) دەپرسم ئەرێ ئەو دوو بابەتە، پێویستی بە توندوتیژی هەیە بۆ سەپاندن؟ ئەرێ خودا بابەتێکە دەبێ بە زەبری هێز لە مێشکی خەڵک بچەسپێنرێ ؟ ئەرێ ڕەوشتی چاک بە زەبری هێز بەسەر خەڵکدا دەسەپێنرێ ؟ ئەرێ سەپاندن و توندوتیژی کارێکی ئەخلاقین؟ ئەرێ درۆکردن لە پێناوی ئاین و حەقیقەتێک . درۆ هەڵبەستن بە دەمی خوداوە ئەخلاقێکی بەرزە؟ ئەرێ فەرمان دەرکردن و فەرماندان بەناوی خواوە ئەخلاقین؟؟ ئەەرێ درۆ کردن وڕیکلام کردن بۆ خوداو بۆ ئەخلاق کارێکی ئەخلاقیە؟

بۆیە لە ناو کاکڵەی (خودا، ڕەوشت) هەیە کە مرۆڤ بە شێوەیێکی تر ڕێک دەخاتەوەو دایدەبڕێنێ لە ئاژەڵان. چونکە ئاژەڵ ئاژەڵە ، ئەگەر هەست بەخوداش بکا،نازانێ مانای خودا چیە. ئاژەڵ نازانێ ڕێکاری ئەخلاقی چیە . ئێمە زۆر هەڵسوکەوت لە ئاژەڵان دەبینین و لەگەڵ ئەخڵاقی ئێمەدا هاودژن . ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئاژەڵان بەد ئەخلاقن، بەڵکو ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەخلاق سیفەتی مرۆڤبوونە .

کاتێک کە باسی ئەخلاق دەکەین، مەبەستمان پێوەرە ئاینیەکان نیە ،کە کۆمەڵێک یاسای خوێناوی وەک دەست بڕین و قاچ وقۆڵ بڕینەوەو پەنجە بڕینەوەو مل پەڕاندن و بەردباران کردن و خۆ هەڵقورتان لە هەموو وردەکاریەکانی ژیان و سیخوڕی کردن بەسەر پەیوەندیەکان و حەڵاڵ کردنی خوێن و سەروماڵی ئەو کەسانەی لەسەر ئاینێکی ترن و تاڵانی و داگیرکاری بەناوی خوداو سەپاندنی کەلتوورو یاساو زمان و فەرهەنگ و چی و چی . بەڵکو مەبەستمان لە ئەخڵاق بریتیە لەو بڕیارە ویژدانیانەی کە لە سرووشتی مرۆڤەوە دێن و هەڵوێست نواندن بە گوێرەی ئەو بڕیارو فەرمانانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لەگەڵ پێگەیشتن و تێگەیشتن و پێشکەوتنی مرۆڤ ، ڕەوشتیش بەرەوپێش و بەرەو هەڵکشان دەچێ.

هەرکارێک کە مرۆڤ بیەوێ بە ئەنجامی بگەیەنێ ، دەبێ پێوەرێک هەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی تاکو لەگەڵ هەڵسوکەوتی باو یەکبگرێتەوە . ئەو کاتە دەبێتە کارێکی دروست کە قەبوڵی گشتی بە دەست دێنێ ، لەو بارەدا دەبێتە ڕەوشتی پەسەند کراو. بەڵام ئاخۆ بە کام پێوەر؟ (عەقڵ و ویژدان) یان (دین و ئیمان)؟

عەقڵ و ویژدان ئەو دوو دەزگا خواییەن لە مرۆڤدا کە لەگەڵ گەشەی تێگەیشتنی مرۆڤ بەرەو پێش دەچن و پەرە دەسێنن. واتە: تا هۆشی مرۆڤ گەشەسەندووترو ویژدانی مرۆڤ زیندووتر بێ، ئەوا ڕەوشتی ئەو کەسە بەرزتر دەبێ . ویژدان ئەو ڕێنماییە خواییەیە کە مرۆڤ هیدایەت دەدا بە پەسەند کردن و نەکردنی هەر کاروکردارو جموجوڵێک و هەڵسوکەوتێک وە عەقڵیش ئەو دەزگا خواییەیە کە فەرمانی تێدا دەردەچێ لە کردن و نەکردنی هەر کارێک یان قەبوڵ کردن و ڕەت کردنەوەی هەر جۆرە هەڵسوکەوتێک.

بەڵام دین و ئیمان کراونەتە بەدیلی عەقڵ و ویژدان بۆ بنیاتنانی ئەو ڕەوشتەی کە خودی ئاینەکە دەیەوێ.

هەرخۆی دین بنەمایەکی ڕەوشتی نییە کاتێک مرۆڤەکان دایانڕشتوەو دەیدەنە پاڵ خوا ، واتە گەورترین درۆی ئاین ئەوەیە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت و بە ڕاستیەکی ڕەها دەیناسێنێ بەکۆمەڵگا.

سەبارەت بە ئیمانیش کە دەزگای دڵ کراوەتە شوێنی بڕیاردان بۆی لە جیاتی عەقڵ ، واتە ئیمان کودەتایەکە لە دژی بڕیاردان و ئیمان لە جێگای عەقڵ بڕیار دەدا. بۆیە دەبینین لە دروستبوونی کەلێن و بۆشایی ئەخلاقی لە نێو کۆمەڵگادا، ئیمان ئەو بابەتە بەوە چارسەر دەکا کە ئەمە لە پێناوی خوایەو بۆ ڕەزامەندی خوایەو بەو هۆیەوە بەهەشت بەدەست دێنی وئەمە شەرعی خوایەو دەبێ جێبەجێی بکەی. کە هەر خۆی سەپاندنی هەرجۆرە دین و ئیمانێک بەسەر مرۆڤدا ، کردەوەیەکی ئەخلاقی نیە تاکو بتوانێ ببێتە پێوەر بۆ ئەخلاق. بۆیە دەبینین زۆرترین دووڕوویی و گەندەڵی لەنێو وڵاتە دیندارەکانە وەک لە کۆمەڵگا بێ ئاینەکان ، من بانگەشە بۆ بێ ئاینی ناکەم بەڵام کۆمەڵگا ئاینیەکان ئەم ڕاستیەمان پێ دەڵێن.

لەنێو کۆمەڵگا ئاینیەکان تەنها ئەو ڕەوشتانە بڕیاری ڕەوشت بەرزی لەسەر دراوە کە ئاین واژۆی لەسەر کردوە . بۆیە دەبینین ئەگەر ڕەوشتێکی پەسەندکراوی جیهانی هەبێ لەنێو ئاین دا ، پیاوانی ئاینی دەیکەن بە بانگەشە گوایە ئاینەکەیان خاوەن و دامەزرێنەری ئەو ڕەوشتەیە لە کاتێکدا دامەزرێنەری بنەماکانی ڕەوشت سەرجەم مرۆڤایەتی بە پشت بەستن بە عەقڵ و ویژدان تێیدا بەشدارن ، نەک ئاینەکان . ئاینەکان ئەم ڕەوشتەیان مۆنۆپۆل کردوە بۆ خۆیان تەنها بۆ بانگەشەکردن بۆ ئاینەکەیان.

کۆیلایەتی و کۆیلەبوون سەرچاوەی هەموو بێ ئەخلاقیەکانە.

ئاین بەگشتی خۆی بە داکۆکیکارو پارێزەری ڕەوشت دەزانێ و هەموو لایەنە ئەخلاقیەکان شرۆڤە دەکات و ڕوونی دەکاتەوەو فەرمان بە ڕەوشت بەرزی دەکا . بەڵام هەرخودی ئاین دامەزرێنەری کۆیلایەتی و کۆیلە بوونەو کۆیلەش لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانی هیچ بەرپرسیارێتیەک و لێپرسینەوەیەک و باجێکی لەسەر نیە ، چونکە هەرچی دەیکات و ئەنجامی دەدات ، بە فەرمانی گەورەکەیەتی. کۆیلە ناتوانێ خۆی بێ چونکە یاسایەک هەیە کە شەرعیەت دەدا بە بە موڵک بوونی کۆیلە بۆ گەورەکەی . لەو حاڵەتەدا ( هەرچی پێیان گوتراوە دەیکەن - ویفعلون ما یؤمرون) بەو پێیەی کە بوونەتە موڵکی گەورەکانیان ڕێککەوتنێک هەیە لەنێوان کۆیلەو گەورەکە. ئەویش هەرچی لەنێوانیان دا دەگوزەرێ ، کەس مافی خۆخستنە نێوانیانی نیە . واتە کۆیلەو گەورەکە بوونەتە خێزانێکی تەواو. ئەم سیستمی کۆیلەبوونە بۆ ئاینیش هەروایە ، هەموویان کۆیلەن بۆ ئاینەکە . لەو حاڵەتەشدا گەورەی ئاینەکە شەرعیەتی تەواوی هەیە . تەنانەت گەورەی ئاینی وا هەیە ژنی هەموو شوێنکەوتوانی بە حەڵاڵ زانیوە بۆ خۆی . گەورەی وا هەبووە کچی شەشساڵانی بە حەڵاڵ زانیوە بۆ خۆی و کردویەتی بە هاوسەری خۆی. کەسیش ناتوانێ بە گوناهی بزانێ ، چونکە سیستمی کۆیلایەتی بەو شێوەیەیە ،کە (گەورەکە حەزی لێیەو کۆیلەکەش لاری نیەو قەبووڵی دەکات) بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی سرووشتی مرۆڤایەتی و مرۆڤ سەروەری و لایەنی ڕەفتاری مرۆڤانە . ئاینی وا هەیە فەرمانی بە کۆیلەو شوێنکەوتوانی کردوە بە کوشتن و تاڵان کردنی ئەو چین و توێژو گەلانەی کە لەسەر هەمان ڕێچکەی کۆیلایەتیدا ناژین. ئاینی وا هەیە ڕێگەی داوە بە حەڵاڵ کردنی ژنەکان و فرۆشتنی منداڵەکانی ئەو چین و توێژ و نەتەوەو گەلانەی کە
لەسەر هەمان ڕێچکەی کۆیلایەتیدا نین.
بۆیە بەو پێیە.ئاین بۆتە بنەمای کۆیلایەتی وکۆیلایەتیش بۆتە سەرچاوەی بێ ئەخلاقی.

# بەشی شازدەیەم
# عەشق و خۆشەویستیی مرۆیی

## خۆشەویستی و هێزی کێش کردن.

هێزی کێش کردن لەنێوان شتەکاندا، شتەکان بەرەو لای یەکتر ڕادەکێشن کاریگەری ئەو هێزەش نزیک بوونە یان پێکەوە لکان یان ئاوێتە بوونە. هێزی کێشکردن نیشانەی خۆشەویستیە لە گەردووندا ،بۆ نموونە ئەو هەسارەیەی ئێمە ژیانی لەسەر نەبووە سەرەتا. بەڵام بەهۆی هێزی کێش کردنەوە هەسارۆکەیەک خۆی کێشاوە بە زەویداو لە ئەنجامدا وردە وردە ژیان سەری هەڵداوە . تەنانەت ئەو هێزی کێش کردنە ئەگەر لەنێوان تەنەکان و گەردەکان و گەردیلەکان دا نەمێنێ ، ئەوا هەموو شتێک لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە

هێزی کێش کردن واتە خۆشەویستی خودا. کەواتە گەردوون بەهۆی ئەو خۆشەویستیە خوداییەوە بەو شێوەیە ئەستێرەو هەسارەکانی دیزاین کراون خۆشەویستی خودا لە گەردیلەوە تا گەردوون ، شتەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوەو هۆگری یەکی کردوون ، ئەگەر ئەو خۆشەویستیە لەنێوان زەوی وخۆردا نەمێنێ (هێزی کێش کردن) ئەوا لێک دوور کەوتنەوە ڕوودەدات و ژیان لەسەر زەوی نامێنێ .

کەواتە خۆشەویستی (هێزی کێش کردن) بنەمای ژیانە. ژیان لەسەر زەویش باشترین نموونەی ڕاستگەری (واقیعی) ئەو خۆشەویستیەیە. بۆیە ژیانی سەر زەوی پەیوەستە بەو خۆشەویستیەی نێوان زەوی وخۆر.ئەگەر ئەو خۆشەویستیە نەما، ژیان لەسەر زەوی نامێنێ . کەواتە هێزی کێش کردن واتە خۆشەویستی خودا، ئەگەر ئەو خۆشەویستیە نەبێ، ژیان نامێنێ لە وجووددا.بۆیە ئێمە سەرتاپای ژیانمان نوقمی ئەو خۆشەویستیە خوداییەیە وهیچ ڕقێکی خودایی بۆ هیچ کەسێک نیە. بە قەد ژمارەی ژیانی هەرشتێک لە هەر شوێنێکی دونیا ، خۆشەویستی خودا دەوری داوە. خۆشەویستی خودا تا ئەو ساتەی لە ژیان دای پارێزگاری تۆیە . تا ئەو ساتەی کە خۆشەویستی خودا کۆتایی دێ ،ئینجا مردن دەست پێدەکا.

بەڵام لێتان تێکەڵ نەبێ مردن مردنە ،جیاوازە لەگەڵ کوشتن . چونکە کوشتن کەسێکی تر لێی بەرپرسە.

## خۆشەویستی (غەریزەیی ) و خۆشەویستی ( ڕۆحی)

لە خۆشەویستی غەریزەیی دا هەموو شتێک بە بەڕامبەرە واتە تۆ لە ڕەگەزێکیت و ئەوەی کە خۆشت دەوێ لە ڕەگەزەکەی بەرامبەرە . واتە تۆ پێویستت بە هەست و سۆزی ئەوەو ئەویش پێویستی بە هەست وسۆزی تۆیە. ئینجا لایەنە هەڵچونیەکان بۆ نموونە کەسی بەرامبەر ڕووی خۆشە یان قسەی خۆشە یان بەڕێزە یان گرنگیت پێدەدا یان دڵسۆزتە .تۆ بۆیە خۆشت دەوێ ، بەڵام پێچەوانەکەی واتە ڕوو گرژ قسە ناخۆش بێ ڕێز پشتگوێخەر ئەمانە وات لێ دەکات ئەو کەسەت خۆش نەوێ . بارودۆخ کاریگەری هەیە بەسەر ئەو خۆشەویستیە ،ئەو خۆشەویستیە تەنها حەزە. لە سنووری حەز تێپەڕێ نامێنێ. کەواتە ئەو جۆرە خۆشەویستیە (غەریزەیی) بە بەرامبەرە.

بەڵام خۆشەویستیەکی ترمان هەیە (ڕۆحی) کە پێی دەڵێن عەشق. ئەم خۆشەویستیە بێ بەرامبەرە واتە لەو خۆشەویستیە تۆ ڕەچاوی ڕەگەزی بەرامبەرو جوانی و گەنجی ودەوڵەمەندی و زیرەکی و ناوبانگ و ڕێزو شکۆو پلەوپایەو قسەخۆشی و ڕووخۆشی و دڵسۆزی و هیچ شتێک ناکەی تۆ عاشقی کەسی بەرامبەرت دەبیت بێ بەرامبەر و هەرگیز ئەو خۆشەویستیە گۆڕانکاری وهەڵکشان وداکشانی بەسەردا نایە . وەفاداری وبێ وەفایی کەسی بەرامبەر هیچ لە عەشقەکەت کەم ناکاتەوە . بارودۆخ هیچ گۆڕانکاریەک بەسەر ئەو عەشقەدا ناهێنێ . ئەو خۆسەویستیە لە دەرەوەی ویستە. ئەو خۆشەویستیە حەز نیە بەڵکو هەستە . ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیە بنچینەی مرۆڤبوونە . لە مرۆڤبوونەوە سەرچاوەی گرتوە . پێویستە مرۆڤ لە خۆشەویستیدا بگات بەو ئاستە ، ئەگینا نەکەیشتوە بە پلەی مرۆڤبوون.

## عەشق چیەو چۆنە؟

لەوانەیە ئەم دەستەواژەیە تۆزێک سەخت بێ بۆ تێگەیشتن لێی ، بەڵام ڕوون کردنەوەی ئاسانە . چونکە خودا هیچ وێستگەیەکی بۆ جێ ژوان لەنێوان خۆی ومرۆڤ دا دانەناوە بۆ خۆشەویستی . چونکە پێویستی پێی نیە .
ئەمە سەبارەت بە خودا . بەڵام سەبارەت بە مرۆڤ ، ئەو بێ نیازیەی خودا لەگەڵ سرووشتی ئەودا ناگونجێ کە ئەویش بێ نیاز بێ . بۆیە ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ ئەو حاڵەتە کە پێی دەگوترێ: خوداناسی.. خوداناسی واتە: ئەو کەسە بەردەوام لە هەوڵ دایە کە لەڕێی وجودەوە خودا بناسێ .چونکە وجود وێنەدانەوەی خودایە . ئەو هەوڵدانەش ئەگەر بێ نیازی لە پشتەوە بێ ، بەرگەی چەند ساتێک ناگرێ و هەرەس دێنێ .بۆیە هەوڵدان و بە دوادا گەڕان پێویستی بە عەشقە . مرۆڤ ئەگەر بەدوای ناسینی خوداوە بێت دەبێت عاشق بێت .چونکە عەشق داینەمۆی هەموو جۆرە هەوڵدانێکە هەموو بەهرەکان عەشقیان لە پشتەوەیە ، عەشقی گەیشتن بە حەقیقەت ، عەشقی دۆزینەوەی هەستە شاراوەکان ، عەشقی گەیشتن بە جوانیەکان. بۆیە عەشق واتە هەوڵدان ماندوو بوون تێکۆشان بوێری پشوودرێژی ئارامگری .

عەشق داینەمۆی هێزە لە مرۆڤدا . کارو کاردانەوەیە لەنێوان عاشق و مەعشوق. کەواتە عەشق نوێنەری نێوان عاشق و مەعشوقە .
تا ئێرە. کەس وا تێنەگا کە ئێمە باسی عەشقی ڕەگەزی بەرامبەر دەکەین. نەخێر . ئێمە باسی عەشقێک دەکەین کە تێیدا خۆت ون دەکەی یان خۆت لێ ون دەبێ.عاریفان بانگەشە بۆ عەشقی ئیلاهی دەکەن . بەڵام ئایا خودا بابەتی عەشقە؟
عەشق واتە بە دواداگەڕان ،لێکۆڵینەوە،هەڵسەنگاندن، بە دوادا چوون، هەوڵدان ،شەونخونی . ئێمە لەو ڕێگەیەوە دەزانین کە ڕاددەی عەشقی کەسە عاشقەکە چەندە . بۆ نموونە : کەسێک عاشقی وەرزشە . هەوڵدانەکانی وخۆماندوو کردنەکانی و سەعاتی ڕاهێنانەکانی و چاودێری کردنی جۆری وەرزشەکە وخوێندنەوەی مەیدانی وکردارەکی بۆی ڕاددەی عەشقەکەی دەردەخا.
مرۆڤ مافی خۆیەتی تەنها عاشقی خۆی بێ .چونکە هەموو بەهرەکان لەنێو خودی خۆیدایە ،خودا بەهرەمەندی کردوە پێی .
لەو حاڵەتەدا کەسی عاشق لەڕێی عەشقەوە پەیامەکانی دەگەیەنێ بە بەهرەکانی (مەعشوقەکەی) مرۆڤی عاشق بەوەدا دەناسرێتەوە کە زۆرترین بەرهەمی هەیە لەسەر مەعشوقەکەی .چونکە مەعشوق سەرچاوەی عەشقە بۆ عاشق . بۆیە عاشقی ڕاستەقینە ،کەسە بەهرەمەندەکانن. کەسە ئاساییەکان عەشقیان نیە یان ڕاستگۆ نین لە عەشقەکەیان ، عەشق کەسانی نائاسایی دێنێتە بەرهەم . عەشق پەرجوو (موعجیزە) دەخولقێنێ، عەشق حالەتێکە مەحاڵ دەکاتە حاڵ. ئەگەر بە ڕاستی عاشقی خودایت ، کوا بەرهەمەکانی ئەو عەشقەت .عاشق بوون بە خودا زیکروتەهلیلە نیە بەڵکو خوێندنەوەیە ،خوێندنەوەی ئەو شتانەی کە لەسەر خودا نوسراون لەلایەن مرۆڤەوە. خوێندنەوەی ئەو شتانەی کە خودا نوسیویەتی لەسەر نەخشەی گەردوون. هەر شتێک لەگەردووندا پیتێکی نوسراوی خودایە.
لە کۆتاییدا : عەشق واتە بەهرە ، مەعشوق واتە بەرهەم ، عاشق واتە بەهرەمەندی بەرهەم هێنەر.

## خۆت خۆش بوێ .

نزیکترین کەس لەخۆت خۆتی . هەمیشە لەگەڵ خۆتی . هەمیشە لەخۆت تێدەگەی. دڵسۆزترین کەس بۆتۆ خۆتی. هەر خۆت یەکەم کەسی باجی شکستەکانی خۆت دەدەی . خۆت موڵکی خۆتی. هەر خۆت سوودمەندی یەکەمی لە دەسکەوت وسەرکەوتنەکانی خۆت.
بۆیە بۆ ئەوەی خۆت هەردەم بارگاوی بکەی بە متمانەی تەواو بەخۆت. دەبێ خۆت خۆش بوێ . لە سەرێکیترەوە لەنێو هەموو بوونێکدا خودا هەیە بۆیە ئەگەر ڕاست دەکەیت و بانگەشەی ئەوە دەکەی کەخودات خۆش دەوێ و دەبێ خۆشت بوێ ئەوا دەبێ بوونی خۆتت خۆش بوێ. بەو پێوەرە هەرکەسێک بێئاگا بێ لەخۆی. واتە بێ ئاگایە لە خودا . هەر کەسێک خۆی نەناسێ خودای نەناسیوە. ڕقی لەخۆی بێ ڕقی لە خودایە .کەواتە تۆ چۆن بیت لەگەڵ خۆت بەو شێوەیەی لەگەڵ خودادا.
بەڵام سەرچاوەی ئاشت بوونەوە لەگەڵ خۆت خۆشەویستیە لەگەڵ خۆت. واتە خۆت بەر لە هەموو شتێک خۆش بوێ .ئینجا دواتر ئەم و ئەوت خۆش بوێ و هەرشتێکی ترت خۆش بوێ، ئەوەش بزانە کە هەرکەسێک دژی خۆی وەستایەوە. ئەوا دژی خودا وەستاوەتەوە.

بنەمای نەگۆڕ (چیت بۆ خۆت پێخۆشە ، بۆ هەمووانت پێخۆش بێ)

ئەم بنەمایە هیچ چینایەتیەک و جیاکاریەک ناهێڵێ . هەموو مرۆڤەکان یەکسان دەکاتەوە لەبەردەم مرۆڤبوون دا. هەرچەندە مرۆڤ مافی خۆیەتی کە ڕەچاوی هەوڵ و ماندوو بوونەکانی بکرێت لە گەیشتن بە هەر پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی و بەپێی ئەو ئاستە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و مافی پێ بدرێ.
بەڵام لە ڕوانگە سرووشتیەکەوە کە چۆن خولقاوین و چۆن هاتوینەتە دونیاوەو چۆنین ، دەبێ هەموومان وەک یەک مافمان ڕەچاو بکرێ.
دەمێنێتەوە بڵێین : هەرچی بۆ خۆمان پێمان خۆشە ، بۆ بەرامبەرەکەشمان پێمان خۆش بێ . واتە لە ڕووی مرۆڤبوونەوە دەبێ لێی بڕوانم کە تۆ مرۆڤیت و هەرچی بۆ خۆت پێم خۆشە،بۆ هەموو مرۆڤێک پێت خۆش بێ ئەم پێوەرە هەموومان یەکسان دەکاتەوە لەبەردەم هەر مافێکدا.
بۆ نموونە : تۆ حەزت لێیە دوو ژنت هەبێ ،دەبێ بەهەمان شێوەش حەز بکەی کە هەر ژنێکت دوو مێردی هەبێ . ئەمە حەقیقەتی ئەو بنەمایە نەگۆڕە کە هەرچیم بۆ خۆم پێخۆشە ،بۆ هەمووانم پێخۆش بێ.

# بەشی حەڤدەیەم
# جیاوازی و یەکسانی

ئایا ئەرک و وەزیفە بەپێی توانایە یان تەشریفە؟ ئایا ئێمە ڕاسپێرراوین بە وەزیفەی خودایی؟
ئێمە هەموومان پێغەمبەری خوداین. دەرگای پێغەمبەرێتی دانەخراوە . تا وجوود هەبێ پێغەمبەرێتی هەیە ، چونکە هەر بوونێک پەیامێکی خۆی پێیەو دەیگەیەنێ . وە لە ڕێگەی ئەو پەیامەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێ.
بەڵام ئەرک و وەزیفەی پەیامبەرێتی هەر بوونێک لەگەڵ بوونێکی تر جیایە . بەو پێیە ئەرک و وەزیفەی پەیامبەرێتی لە مرۆڤ دا . بریتیە لە ڕێکخستنەوەی ڕۆڵ بینین و مانا بەخشین بە شتەکان . مرۆڤ چەقی گەردوونە .
بەڵام ئایا مرۆڤەکان هەموویان وەکو یەکن لەم ڕۆڵ بینینە لەسەر ستەیجی زەمین؟ نەخێر. مرۆڤەکان بەپێی هۆشمەندی ژیرمەندیان دابەش دەبن بەسەر ڕۆڵ بینین لەسەر ئەو ستەیجە.
ئەوانەی کە هۆشمەندی تەواوو تەندروستن . وە ئەوانەی کەسانی نۆرماڵ و ئاسایین لەگەڵ ئەوانەی کە کەسانی لاوازو ناتەندروستن. ئەو سێ پۆلێنەش بەپێی ویستەکانیان دابەش دەبن بەسەر دوو کۆمەڵەی چاک و خراپ. . چونکە تەشکیلەو پێکهاتەی مرۆڤ لەسەر بنەمای دابەش کردنی دەسەڵات لەنێوان (خودا و خود) دامەزراوە، واتە: دەسەڵاتی عەقڵ لە هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی هەر مەسەلەیەک لە لایەنی چاکی وخراپی و دەسەڵاتی ویژدان لەسەر بڕیاردان لە کردن و نەکردنیان و ئەم دوو دەسەڵاتە دەسەڵاتی خودان لە مرۆڤدا . لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتی خود کە بریتیە لە دەسەڵاتی ویست (مشیئة، ارادة)
بۆ نموونە : کارێک دێتە پێشەوە، عەقڵ داکۆکیی دەکاتەوە لە چاکی کارەکە ویژدانیش بڕیار لەسەر کردنی دەدات ، ئەمە دەسەڵاتە خوداییەکەیە . لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتە مرۆییەکە خۆی دەزانێ بیکات یان نەیکات. چونکە بڕیاری کۆتایی لای خۆیەتی لە کردن و نەکردنی. مەرجیش نیە هەموو کاتێک گوێڕایەڵی کردنی عەقڵ و ویژدان باش بێ ،وە مەرجیش نیە کە گوێڕایەڵی نەکردنی عەقڵ و ویژدان خراپ بێ . چونکە ویستیش )مشیئە( کە ئیجتیهاد بنچینەیەتی، هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکەو کاتی ئەنجامدانەکە

دەکا. بەپێی بارودۆخیش، مەرج نیە هەموو چاکەیەک چاک بێ ، وە مەرجیش نیە هەموو خراپەیەک خراپ بێ .
بەهەرحاڵ، دەگەڕێینەوە سەر بەشی یەکەمی بابەتەکەمان کە مەبەستەکەمان لەوەدایە. ئەرک و وەزیفەکان بە گوێرەی ئاستەکانی کەسی هۆشمەندو کەسی ئاسایی و کەسی نائاسایی وناتەندروست دابەش بکەین. کەسە هۆشمەندەکان و بە تواناکان ئەرکیان قورسترە لە گرتنە ئەستۆی هەموو جومگەکانی ژیان .کەسە ئاساییەکان ئەرکیان ژیانکردنێکی ڕۆتینیانەیە بۆ چێژ بینین لە ساتەکان وە کەسە ناتەندروستەکان ونائاساییەکانیش کۆنترۆڵ و چاودێری دەکرێن لەلایەن دوو پۆلێنەکەی ترەوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە ویست و دەسەڵات لە هیچ پۆلێنێک بە هیچ بیانوێک بسەنرێتەوە . بۆ نموونە بەناوی پسپۆڕی و زانا بوونەوە دەسەڵاتی ڕەها بدرێ بە چینێک و چینەکانی تری لێ بێ بەش بکرێ. بەو پێیە جیهان لە شێتخانەی بێ مانایی ڕزگاری دەبێ و چیتر کەس بۆی نیەو نابێ یەخەی خودا بگرێ ، ئەو کاتەی کە دەزانین ڕۆڵی ئێمە چیەو چۆن ڕۆڵ بینینەکان دابەش دەکەین . کەواتە ڕۆڵی سەرەکی مرۆڤایەتی لەسەرزەمین بریتیە لە ڕێکخستنەوەی ڕۆڵەکان و مانا بەخشین بە شتەکان.

جیاوازی نێوان شوناسی مرۆڤ و شوناسی ژیانەوەران

ژیانەوەران هەموو زیندەوەروگیانەوەرو ڕووەکەکان دەگرێتەوە. هەموو ئەو بەشانە شوناسیان پاراستنی ژینگەیە بە پلەی یەک .واتە: گیانەوەران و زیندەوەران و ڕووەک وەزیفەیان بریتیە لە ژینگە پارێزی و هاوسەنگی . هەر بەشێک لە مانە ئەرکێکی ژینگەپارێزی پێ سپێرراوە. غەریزەی خۆتێرکردن ڕۆڵ دەبینێ لەو کردارەدا. بە نەبوونی هەر بەشێک لە مانە ، هاوسەنگی ژینگەو سرووشت تێک دەچێ.

بەڵام ئەرکی مرۆڤ ڕێکخستنەوەیە بە پلەی یەک . واتە: لە پێناو هاوسەنگی ڕاگرتندا مرۆڤ دەبێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ . ئەمەش پێویستی بە عەقڵیەتێکی ڕێڤەبەری هەیە لە چۆنیەتی دیزاین کردن و داڕشتنەوەی نەخشەی ژیان لەسەر زەوی.

کەواتە جیاوازیەکە لەوەدایە کە ژیانەوەران غەریزە هەڵیان دەسووڕێنێ بۆ کرداری ژینگەپارێزی. بەڵام مرۆڤ عەقڵ هەڵی دەسووڕێنێ بۆ کرداری ڕێکخستنەوەی سەر زەوی.

## جیاوازی ئێمە لەگەڵ ئاژەڵان چیە؟

بۆچی ئێمە لە سرووشتدا لە ئاژەڵ دەچین و یەک پۆلێنین لەگەڵ ئاژەڵان . کەچی ئێمە خاوەن شارستانیەتین و چەندین قۆناغی مرۆڤبوونمان بڕیوەو چەندین بەرگی سرووشتیانەمان لەبەر خۆمان داکەندوەو چەندین بەرگی دەسکردانەمان پۆشیوەو بە چەندین هەنگاو لە پێشەوەی ئاژەڵانین؟؟ بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئێمە لە ئاژەڵان زیرەکترو هۆشمەندترین. نەخێر. بەڵکو جیاکاریەک هەیە کە ئێمەی پێ لە ئاژەڵان جیا دەکرێتەوە . ئەویش بریتیە لەوەی کە ئێمە پەیوەندیەکی گرێدراوو هەماهەنگ لەنێوان هەستەکان و هۆشمان دا هەیە. کەچی ئەو پەیوەندی و هەماهەنگیە لەنێوان هەست و هۆشی ئاژەڵان دا نیە. چۆن؟؟

بۆ نموونە : ئەگەر وێنای دیمەنێکی سەرەتای مرۆڤایەتی بکەین کە مرۆڤ لە سەرەتاترین قۆناغی مرۆڤبوونیدایە لەگەڵ ئاژەڵێک لە شەوێکی تاریک وساردی زستان دا. هەردووکیان سەرمایانە. لەو کاتەدا برووسکێک دێت و لە دارەکەی تەنیشت ونزیکی ئەوان دەدات و ئاگری تێبەر دەبێ . دەبینین مرۆڤەکەو ئاژەڵەکە بە هۆکاری گەرمی و ڕووناکیی ئاگرەکە، لەو ئاگرە نزیک دەبنەوە. ئیدی هەردووکیان هەست بە ئارامی و ڕووناکی و گەرم بوونەوە دەکەن. بەڵام بۆ ئاژەڵەکە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ ، مەگەر بە ڕێکەوت جارێکیتر حاڵەتێکیتری لەو شێوەیە ڕووبداتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە هیچ پەیوەندی و هەماهەنگیەک لەنێوان هۆش هەستی ئەو ئاژەڵەدا نیە کە هانی بدا بیر لەو حاڵەتە بکاتەوەو سوودی لێ ببینێ. بەڵام بۆ مرۆڤەکە وا نیە . چونکە پەیوەندی وهەماهەنگی هەیە لەنێوان هەستەکانی و هۆشی ، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە چۆن سوود لەو ئاگرە وەربگرێت و بۆ کاتێکی زیاتر بەکاری بێنێ، ئەم حاڵەتەی بیرکردنەوەیەش دەبێتە ئەزموون کە چۆن وا بکا بەشی چەند ڕۆژی تریشی بکا، ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن خۆی ئاگر داگیرسێنێ . ئەم حاڵەتی پەیوەندی وهەماهەنگیەی نێوان هەست و هۆشی مرۆڤ لە حاڵەتێکی سرووشتیەوە گۆڕاوە بۆ حاڵەتی سوودگۆڕکێ و لە ئەنجامدا بۆتە هەوێنی بیر کردنەوە لە ژیانێکی شایستەتر و خۆشترو ئارام ترو باشتر و جوانترو ئاسانترو بەنرخ و بەهاترو چی وچی.

کەڵەکە بووی ئەو ئەزموونەش ، بۆتە بەردی بناغەی شارستانیەت و پێشکەوتن و گۆڕانی مرۆڤ لە باری سرووشتیەوە بۆ بارێکی دەسکردانە. بۆیە دەبینین کە ئاژەڵان هەروەک خۆیان ماونەتەوە . کەچی مرۆڤ گۆڕانکاری گەورە گەورەی چاوەڕوان نەکراوو پێشبینی نەکراوی بەخۆوە بینیوە.

## جیاوازی لە نێوان پێدان و پەیداکردن

باوەڕداران لە ژێر کاریگەری بانگەشەکارانی ئایندا هەردوو بابەتی پێدان و پەیداکردنیان تێکەڵ کردوە . بۆ پەیدا کردنی پاروە نانێک دەڵێن خوا پێمانی دەدا . هەرشتێک پەیوەندی هەبێ بە بەخشین و پێدان لە لایەن خوداوە لە پێشتر دابین کراوە . خودا ڕزق و ڕۆزی و نان نابەخشێ بەکەس بەڵام هۆکارەکانی پەیداکردنی نان و ڕزق و ڕۆزیی بە مرۆڤ بەخشیوە وەک عەقڵ و دەست و قاچ و هێزو بازوو ویست و خواست و بەدواداگەڕان. . بۆیە بۆ داوا کردنی ڕزق و ڕۆزی ، پێویست ناکا لە خودا بپاڕێیتەوە ، چونکە خودا هیچ وێستگەیەکی لەو شێوەیەی لەنێوان خۆی و مرۆڤدا دانەناوە بەڵکو ئەو وێستگەیە لە نێوان کۆمەڵایەتی بوونی ژیانەوەران و زیندەوەران دایە . کە دەبێ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی قووڵ و بەتین هەبێ لە نێوان مرۆڤەکان دا بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی و هاوسازی و هاوڕێکی و یەک تیمی لە کارکردن دا بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوت و ڕزق و ڕۆزی..
بێنە پێش چاوی خۆت . تۆ خواردن دەخۆیت بۆ ئەوەی ڕزق و ڕۆزیی هەموو بەشەکانی جەستەو ئەندامەکانی جەستەو خانەکانی جەستەت بدەیت. بەڵام ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە تۆ هۆکاری دابین کردنی ڕزقەکەیت بەڵام ناتوانی ڕاستەوخۆ بەو شێوە ئامادە کراوە خۆراک بدەی بەهەموو بەشەکانی جەستەت . بەڵکو تۆ کۆئەندامێک تایبەت بەو کارە ڕادەسپێری کە ئەو کارە بکات بەبێ ئەوەی تۆ کۆنترۆڵت هەبێ بەسەریداو ئاگات لێی بێت . بەڵکو ئەو کۆئەندامە سەربەستە و لەلایەن جەستەوە بەرنامەڕێژ کراوە بۆ ئەو تایبەتمەندیەو دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. پێدان و پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزیش بە هەمان بازنەی سووڕی خوداناسیدا تێپەڕ دەبێ.

# بەشی هەژدەیەم
# خێرو چاکە یان یارمەتیدان

هەردوو چەمکەکە بریتیە لە دەست گرتنی کەسێک کە پێویستە . بەڵام ئایا کام دەستگرتن مرۆڤانەترە؟
سەرەتا باسی خێرپێکردن دەکەین کە زیاتر لای خەڵک بەرگی ئاینی بەسەردا دراوەو بە پیرۆز دانراوە. چونکە خێرکەر پێی وایە لە پێناوی خوا دەیکات . گرنگی نادا بەلایەنی دەروونی کەسی خێرپێکراوو سەرەنجام و دەرەنجامی خێرەکەی . بەڵکو پێی وایە خێرێکی کردوەو دێتەوە ڕێگەی و خوا بۆی دەنووسێ.تەنها بیری لەسەر خێرەکەیە نەک دەرەنجامەکەی . بۆیە دەبینین لەو وڵاتانەی زۆرترین ڕێژەی خێرکردنی تێدایە ، زۆرترین ڕێژەی هەژاری و سواڵکەری تێدایە . ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە خێر، کەسە خێرپێکراوەکان تەمبەڵ و بێکار دەکات . چونکە لە بەرامبەر ئەو خێرەی کە پێیان دەکرێت ، هیچ شتێک فێر نابن جگە لە چاوداگرتن لە ئاست خێرەکەو هەمیشە چاولەڕێی خێرپێکردنن .وە خێر حاڵەتێکی کاتی نیەو بەردەوامە . بۆیە ئەو کەسەی کە پشت بە خێر دەبەستێ، دەزانێ خێرەکە بەبەردەوامی دێت ، بۆیە پشت بە هەوڵ وماندوو بون و تێکۆشان وکارکردن نابەستێ.
بەڵام یارمەتیدان حاڵەتێکە تۆ کەسێک لە تەنگانەیەک دەردێنیت و لە هەڵوێستێکی ناخۆش ڕزگاری دەکەیت و یارمەتی دەدەیت تا ئەو کاتەی دەکەوێتەوە سەر ڕێگەی خۆی ، ئەو کاتە خۆی پێویستی بەتۆ نامێنێت و ڕێگەکەی خۆی دەگرێت. کەواتە یارمەتیدان حاڵەتێکی کاتیە بۆ ڕزگارکردنی کەسێک لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر. لە لایەکی ترەوە ، یارمەتیدان بۆ ئەوەیە کە زەمینەسازیەک بکەی بۆ ئەو کەسەی کە پێویستی بە کارێکە تاکو هەلی کارێکی بۆ برەخسێنی. وە یارمەتیدان مرۆڤ هان دەدات بۆ پشت بەستن بە هەوڵ و تەقەلاکانی مرۆڤەکە خۆی .
لە کۆتاییدا دەڵێم خێرپێکردن مرۆڤ زەلیل دەکات و لە مرۆڤبوون دایدەشۆرێت . بەڵام یارمەتیدان هەستێکی مرۆڤانەیەو ویژدانی مرۆڤی یارمەتیدەر ئارام دەکات و دڵخۆشیی دەدا بەو مرۆڤەی کە یارمەتی دراوە.

## کام خێر؟

باسی خێر دەکەین بەو چەمکە ئاینیەی کە خەڵک دەستی پێوە گرتوەو قەناعەتی پێ هاتوەو باوەڕی پێیەتی .
بابای خێرخواز پێی وایە کە خێرکردن دێتەوە ڕێگەی هەر لە دونیا، خۆ ئەگەر لە دونیا نێتەوە ڕێگەی، ئەوالە دوارۆژ دێتەوە ڕێگەی . پێی وایە خودا دێتە ناو باسەکەوە بۆ وەڵام دانەوە.
بەڵام لە ڕاستیداو لە ڕاستگەڕیدا (لە حەقیقەت و لە واقیعدا) نە خودا دێتە ناو باسەکەوەو نە وەڵام دەداتەوەو نە لێرەو نە لە شوێنێکیتر ، هیچ خێرێک نایەتەوە ڕێی هیچ کەس . تەنها ئەوەیە کە لە بواری کارمادا بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەرچاو دەکەوێ . ئەویش بەو شێوەیە نیە کە بە خوزەعبەلاتی ئاین ڕازێنراوەتەوە.
پێمخۆشە بڵێم : واز لە جیهانی وەهم وخەیاڵ بێنن و لە ڕاستگەڕیدا بژین ئەو خێرەی کە دەیکەیت ، مەیکە بە منەت بەسەر خوداو بەسەر ئەو کەسەی کە خێری پێ دەکەی ، وە بەشێوەی قەرز خێر مەکە تاکو چاوت لەوە بێ خودا یان کەسە خێرپێکراوەکە ئەو قەرزەت بدەنەوە، تۆ هەرچی دەیکەیت، تەنها لە پێناو مرۆڤبوونی خۆت وسەلماندنی مرۆڤسالاری و دڵنیاییدان بە ئارامی ویژدانە، چیتر لەخەیاڵدا مەژی و چیتر خێر بەنیازی منەت و بەقەرز مەکە. خێر بکەو لەبیری کە.
خێر یان یارمەتیدان ،پێوەرێکە بۆ جوامێری ومەردایەتیی مرۆڤ لە کاتی هەڵوێست نواندندا. ئەوەی کە ئەو جوانیە دەردەخات ئەوەیە کە چاوت لەوە نەبێ لە جێگەی ئەو خێرە ،خێرت پێ بکەنەوە.

## چاکەکردن بەخشندەییەو قەرز و فەرز نیە

کەماڵی مرۆڤبوون چاکەکاریەکەیەتی ئەگەر مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە چاکەکار بوو ئەوا بەرەو کەماڵ بوونی مرۆڤبوون چووە . چاکەکردن نەک بە ماناو مەفهومی ئاین کە پێی وایە تۆ ئەگەر چاکەیەک بکەی دەبێ بێتەوە ڕێت یەک و یەک یان یەک و دە یان یەک بە سەد . یان پێی وایە ئەگەر چاکەکار نەبیت ئەوا لە بەرامبەردا خراپەکاری هەیە . کەواتە بە تێگەیشتنی ئاین بۆ چاکەکاری ئەوا چاکەکردن دەبێتە قەرز و ئەو قەرزە وەردەگریتەوە ئەگەر لەو دونیایە نەبوو ئەوا لە دونیاکەی تر. یان پێی وایە چاکەکردن فەرزەو هەردەبێ مرۆڤ چاکەکار بێ.
بەڵام لە بنەڕەت دا ئەمە شووناسی ڕاستەقینەی جاکەکاری نیە. چونکە چاکەکاری لە بەخشندەییەوەیە. مرۆڤ بەهۆی چاکەکاریەوە دەبێتە کەسێکی بەخشندە .مرۆڤی بەخشندەش چاوی لەوە نیە کە شتێک بە یەکێک ببەخشێ، ئەوا لە بەرامبەردا شتێک یان دە شت یان سەد شت وەربگرێتەوە . چونکە ئەو کاتە ئەوە چاکەکاری نیە . بەڵکو کرداری دانوستاندنە .واتە شتێک دەدەیت و لە بەرامبەردا شتێک دەسەنیت . نەخێر ئەو کاتە چاکەکاری دەگاتە مانای ڕاستەقینەی خۆی کە هیچ شتێک لە بەرامبەریدا وەرنەگری وە مرۆڤیش ئەو کاتە دەگاتە کەماڵی مرۆڤبوون کە چاوی لە پاداشتی چاکەکانی نەبێت. کورد دەڵێت: چاکە بکەو بیدە بە ئاوا.

ئەو کاتەی کە دەپاڕێیتەوە،دەبیتە کۆیلەو لە مرۆڤبوون دادەشۆڕێیت.

پاڕانەوە ، بەرهەمی سەردەمی کۆیلایەتیەو دواتر بە ئاین پیرۆز کراوەو ڕازێنراوەتەوە.. مرۆڤ کۆکراوەی هەموو گیاندارانی سەرزەمینە لە سیفات و ئاکارەکان . لە پوچترین سیفات و ئاکارەوە تاکو مانادارترین سیفات و ئاکار ، لە نزمترین سیفات و ئاکارەوە تاکو بەرزترین سیفات و ئاکار . لە بێنرخترین سیفات و ئاکارەوە بۆ بەنرخترین سیفات و ئاکار. بەو پێیەی کە مرۆڤ ،تێکەڵەیەکی هەموو گیاندارانی سەر زەمینە لە سیفات و ئاکارەکان و لە بەرامبەریشدا هۆشێکی مەزنی هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردن و بەراورد کردن و هەڵپاچین و لێک هەڵوەشاندنەوەو شەن و کەو کردنی هەموو سیفات و ئاکارەکان . بۆیە پێویستە ئەو سیفەتەش )پاڕانەوە( بخاتە ژێر ئەو نەشتەرەوە. وە بەراوردی بکات لەگەڵ ئەو مرۆڤبوونەی کە دامەزراوە لەسەر هۆش وبیر. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە پاڕانەوە سیفەتی گیانەوەرێکی لاوازی بێ دەسەڵاتە ، کە دەبێ مرۆڤ لەو قۆناغەوە دەربازی ببێ بۆ قۆناغی باڵا کە شکۆی نەفسە و ڕێگە بەخۆی نەدا )تەنانەت لە پێناوی خوداش ، یان تەنانەت لە خوداش( بپاڕێتەوە. چونکە خودا ، مرۆڤی بە هێزێکی لە ڕادەبەدەری پڕ لە موعجیزە بارگاوی کردوەو ڕادەستی ویست و ئیرادەی مرۆڤی کردوە بۆ بەکارهێنان و چۆنیەتی بەکارهێنانی. .

بۆیە هەموو جۆرە پاڕانەوەیەک لەسەر مرۆڤ حەرامە، چونکە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەشۆڕێت و دەیباتەوە بۆ قۆناغی کۆیلەبوون.

# بەشی نۆزدەیەم
# پارێزگاری و پاکبوونەوە

## ژینگەپارێزی یان بەرهەمداری؟

سەرچاوەی هەموو زیندەوەرێک دەگەڕێتەوە بۆ پیسی و پاکی . ئەو زیندەوەرانەی کە لە پیس بوون و تێک چوون و بۆگەن بوونی شتەکانەوە پەیدا دەبن و دەبنە مشەخۆری پیسیەکە و ئەو شوێنە یان ئەو ژینگەیە لەو پیسیە پاک دەکەنەوە ، ئەمە پۆلێنی ژینگەپارێزیە.
بەڵام پۆلێنی بەرهەمهێن بریتین لەو زیندەوەرانەی کە لە شتە پاکەکانەوە پیدا دەبن . کاری ئەمانە بریتی نیە لە پاک کردنەوەی ژینگە. بەڵکو کاری ئەمانە بریتیە لە بەرهەم هێنان ، چونکە خۆیان لە پێکهاتەی بەرهەمەوە پەیدا بوون ئەم بەشەیان زۆر زیاترە لە کۆمەڵەی ژینگەپارێزان.
بەڵام ئایا مرۆڤ لەم نێوەندەدا سەربەکام پۆڵێنە ؟ ژینگە پارێزە یان بەرهەم هێن؟ یان هەردووکیان؟ یان هیچیان؟ مرۆڤ کاتێ شوناسی خۆی دۆزیەوە ئەو کاتە خۆی دەناسێت و بە وەزیفەی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ .
هەرچەندە لەم نێوەندا ئاین و زانست کێشمەکێشیانە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ بەرەو لای خۆیان کێش بکەن . ئاین بە شوناسی ژینگەپارێزی و زانستیش بە شوناسی بەرهەمهێنان.
بەڵام ئەمە ماوەتەوە سەر مرۆڤ کە چۆن خۆی یەکلایی دەکاتەوە. وە دەوەستێتە سەر تەواوی مرۆڤایەتی کە بنەچەی مرۆڤ بەرنەوە سەرکام شوناس.

تەنانەت مرۆڤ دیوی ڕاستەقینەی تاوانەكانیشی لێ شێوێنراوە جا یا بە ئەنقەست یان بەهۆی بیروباوەڕ یان بەهەر هۆكارێكی تر . بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤ پێویستە پاك بكرێتەوە تا دەگاتەوە سەر پلێتەكەی خۆی كە بریتیە لە شكۆمەندی . لە شكۆمەندیشدا سەرفرازی و سەربەستی وسەربەخۆیی هەیە. كە پێویستە لە (پاڕانەوەو ملكەچی وكۆیلەیی و خۆڕادەست كردن و خۆ دانەواندن وخۆ چەماندنەوەو خۆ بە كەم زانین و خۆ بە كەم دانان و خۆ بچووك كردنەوە) پاك بكاتەوە . كە ئاین كراوەتە پاسەوان و بەرگریكاری ئەم خەسڵەتانەو مرۆڤی ئیمانداری لەسەر ئەو بنەمایانە داڕشتۆتەوە كە مرۆڤ لە شكۆمەندیی مرۆڤبوون دادەماڵێ.

بێگومان ئەمەش كاتی زۆری پێویستە. چونكە ئاین بەرامبەر هەر یەكێك لەو خەسڵەتانە كۆمەڵێك ئیمتیازو دەسكەوت و خەڵاتی خەیاڵی بۆ مرۆڤ داناوەو كردویەتی بە مەرجی ئاینداری بەسەر شوێنكەوتوانیەوە. بۆیە سەرەتا پێویستە ڕەگەزەكانی مرۆڤبوون دەست نیشان بكرێ و سەرلەنوێ چوارچێوەی بۆ داڕێژرێتەوەو نرخ و بەهای بۆ دەست نیشان بكرێ و نرخ وبەهای بۆ بگەڕێنرێتەوە.

# بەشی بیستەم
# غەریزەو ئافرەت

لە کرداری غەریزەی مرۆڤ دا پەرچەکرداری قەبوڵ کردن و ڕەت کردنەوە لە سەرەتای قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتیدا بۆتە کەلتور لەنێو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا . کەڵەکە بووی ئەم هەموو بڤە و وا مەکە کە کەلتوی لەسەر بنیات نراوە، تەنها بۆ خەفە (کبت ) کردنی غەریزەی مرۆڤ بەکار هێنراوە. بەڵام کاتێک دەبێتە ڕێگر لەبەردەم نەوسی سرووشتیانەی مرۆڤ ، ئەوا کەلتوور بەو هەموو پاڵپشتی و پشتیوانیەی کە لە لایەن موحافیزکارەکانیەوە هەیەتی هێشتا ناتوانێ بەرامبەر ویستی مرۆڤ (لەسەر غەریزەی سرووشتیانەی خۆی ) خۆی بگرێ. بۆیە پێویستی بە هێزێکی تر هەبووە کە لەگەڵیدا یەک بگرێ تاکو هاوسەنگی بۆ خۆی بگێڕێتەوەو پارسەنگی بەلای خۆی و هاوپەیمانەکەیدا بشکێنێتەوە. کاتێک هیچ هێزێکی وای دەست ناکەوێ، ناچار دەبێ کە هەر خۆی هێزێکی تر وەک بەدیلی هاوپەیمانەکە دروست بکا کە بریتیە لە (ئاین) دوای دروست کردنی ئەو هێزە دەسکردە لەسەر بنەمای )حەرامە و گوناهە(کە هەمان موڕادیفی (بڤەو مەکە) بەو نازناوە تازەیەوە دێنێتە کایەوە و لەگەڵیدا یەک دەگرێ لە دژی غەریزەی سرووشتیانەی مرۆڤ و موحافیزکارەکان دەیکەنە سەنگەری بەرگری لە خۆیان وهێرش بردن بۆ سەر دژەکانیان.

بە درێژایی مێژوو لە هەندێ شوێن سەرکەوتوو لە هەندێ شوێن دۆڕاوو لە هەندێ شوێن وەک یەک . بە دڵنیاییەوە موحافیزکاران لەدواڕۆژدا گەر بزانن چەکەکانیان کەڵکی ئەو جەنگەیان تیا نامێنێ ئەوا پەنا بۆ هێزی سێیەم دەبەن کە زمانی سەردەمەو پێی دەڵێن (زانست) لە ژێر ئەو ناونیشانە، دەروونناسی و کۆمەڵناسی و سرووشتناسی و پزیشک ناسی ، بەشێوەیەکی یاسایی دەیشەرعێنن لەسەر بنەمای (قەدەغەیەو یاساغە) بەڵام هیچ هێزێک ناتوانێ خۆی بگرێ بەرامبەر غەریزەی سرووشتیانەی مرۆڤ کاتێ ویستی لەگەڵ دابێ.

## پێکهاتەی غەریزەیی

ئێمە باسی پێکهاتەی لایەنی هێزی مرۆییمان کرد کە پێکهاتوە لە سێ هێزی سەرەکی (من، خودا، ئەهریمەن) لێرەشدا باس لە پێکهاتە غەریزەییەکانی دەکەین.
یەکەم / زایەندی (غەریزەی جنسی) کە پاڵنەری وەچەخستنەوەیە بە شێوەیەکی سرووشتی.

دووەم/ غەریزەی تێرکردن کە دابەش دەبێ بەسەر سێ جۆر

ا- ڕووەکخۆر

ب -گۆشتخۆر هەرچەند مرۆڤێک نیە بەتەنها گۆشتخۆربێ

ج- ڕووەک وگۆشتخۆر

سێیەم / هەست وسۆز کە شیکاری ڕووداووشتەکانی دەوربەری دەکات وە کاردانەوەی دەبێ بۆیان.

چوارەم/ عەقڵ و ئاوەز بۆ هەڵسەنگاندن و ئەزموون کردن وکۆگاکردنی یادەوەریەکانە.
هەر چوار غەریزەکە مرۆڤ بە ئاراستەیەکی ڕێک وڕاست دا دەبات بە مەرجێک هاوسەنگی وئەندازەگیری هەبێ لەنێوانیان . بەڵام ئەگەر بارەکە لاسەنگ بوو بەلای یەکێک لەو چوار غەریزەدا ئەوا ئاڕاستەکەی تێک دەچێ و مرۆڤ هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات. هەرچەندە لەوانەیە لەگەڵ پێشکەوتن مرۆڤ پێویستیی بەهەندێک لەو غەریزانە نەمێنێ و بابەتی تازەی زانستی شوێنی بگرێتەوە.
کەواتە ئەو پێکهاتە ماددی و مەعنەویانە لە پێناو بوون و مانەوەی مرۆڤە تا مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ خودو دەوروبەر بکات و هاوسەنگی سرووشت ڕابگرێ ، وەک وەزیفەیەکی خودایی کە لەسەر شانیەتی.

ئافرەت لەنێوان خۆ ڕووت کردنەوەو جوانی دەرخستندا.

زۆر قسە لەسەر پەرگیری جۆری خۆنمایش کردنی ئافرەت کراوە ، ئاین دەیەوێ ئافرەت بەشێوەیەکی نەویستراو لە پەڕۆو قوماش لوول بدات و ئەنتی ئاینیش دەیەوێ هیچی لەبەردا نەمێنێ و لە هەموو پۆشاکێک دایماڵێ ئایا پێت وایە هیچ کام لەم دوو بەرنامەیە شیاوی شکۆو جوانیی ئافرەت بێ جارێ لە پێشدا دەبێ ئەوە بزانین کە جل و بەرگ دروستکراوی دەستی مرۆڤ و داهێنراوی عەقڵی مرۆڤ و بەرهەم هێنراوی مرۆڤە . سەرەتا بۆ خۆپاراستن لە سەرماو گەرماو خۆ حەشاردان لە دڕندە گۆشتخۆرەکان بەکارهێنراوە ، دواتر بەگوێرەی پێشکەوتنی مرۆڤ لە وەستاکاری لەو پیشەیەدا دیزاینی نوێی وەرگرتوەو بۆ جوانی بەکار هێنراوە ، وە شانازی کردنی مرۆڤایەتیش بەو داهێنانە مەزنە ، پیرۆزی داوە بە پیشەکەو بەرهەمەکانی و بەکارێکی خودایی لێکدراوەتەوەو لە پەرتووکە ئاسمانیەکاندا بەناوی خوداوە جۆری پۆشینە کەلتووریەکان کراون بە فەرمانی خوداو بەسەر خەڵکیدا سەپێنراون . بەڵام لە ڕاستیدا ،شوێنە گەرم و ساردەکانی زەوی کاریگەری هەیە لەسەر جۆری پۆشاکەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگاش لە ڕێکخستنەوەی ژینگەی لەبار بۆ ژیان کردنیش کاریگەری دادەنێ لەسەر جۆری پۆشینی جل و بەرگ.
بەڵام لە ئێستادا چۆتە قۆناغێکی ترەوە ئەویش بریتیە لە گوزارشت کردن لە چینە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا و ناسینەوەی پیشەکان بەهۆی جۆری پۆشینی جل و بەرگە فەرمیەکانەوە. کەواتە لە ئێستادا جل وبەرگ بۆتە پێناس و شوناسی کەسێتی مرۆڤ ، کە ئافرەتیش بەشێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگایە.
بەڵام ئەوەی کە زیاتر لە لایەن ئایندارەکان ودژە ئاینەکان تیشکی خراوەتە سەر ،ڕووت کردنەوە یان داپۆشینی ئافرەتانە بە گوێرەی ئایدیاکانیان .
لە ڕاستیدا حەقیقەتێک هەیە کە دەبێ هەموو لایەک بیزانن کە گەنجی وجوانیی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بە تایبەتی دوو بەهرەی خوداییین پێویستە نیشان بدرێن نەک بشاردرێنەوە. بەڵام چۆنیەتیەکەی چۆنە ، بەم نموونەیە باسی لێوە دەکەم .

بێنە پێش چاوت درەختێک گوڵی گرتوە تۆش بە بیانووی ئەوەی کە هیچ تۆزوخۆڵێک نەنیشێ لەسەری . گوڵەکە داپۆشی و لە هەستی بینینی دەوروبەر دابیڕێنی وبێبەشی بکەی ، ئایا ئەو جوانیە هیچ مانایەک بەو هەستە دەگەیەنێ؟ ئەمە بۆ ئایندارەکان جێ دێڵم .

وە ئەگەر درەختەکە گوڵەکەی بەدەرەوە بێت و گەڵاکانی لێبکەیتەوەو ڕووتی بکەیتەوە (بەنیازی ئەوەی کە گوڵەکە جوانیەکەی جوانتر دەرکەوێ)ئایا ئەو گوڵە هیچ جوانیەکی بۆ دەمێنێتەوە؟ ئەمەش بۆ بێ ئاینەکان جێدێڵم

لە ڕاستیدا گەڵا (واتە جل وبەرگ بۆ درەخت) دیزاینی ڕێکخستنی درەخت و گوڵەکەیەو هەموو کەم وکوڕیەکانی درەخت و گوڵەکە دادەپۆشێ. بۆیە لە ئەفسانەکانی ئاینیشدا باس لەو دوو کەسە ئەفسانەییە دەکات بەناوی (ئادەم وحەوا) کاتێک کە تاوانەکە ئەنجام دەدەن ، ڕووت دەبنەوەو خۆیان بە گەڵا دادەپۆشن ،واتە گەڵا ڕەمزی جل و پۆشاکەو گوزارشت لە داپۆشین دەکات.

مرۆڤ خۆی ڕێکخەرەوەی کەسێتی خۆیەتی و پۆشاکیش بەشێکە لەنێو ئەو خۆ ڕێکخستنەوەیەدا . بۆیە مرۆڤ بە تەواوی ئەگەر ڕووت بێ ناشیرینەو ئەگەر بەتەواویش داپۆشراو بێ هەر ناشیرینە . بەڵکو پێویستە ئەو شوێنانەی دەرخەری جوانین (نەک هەستی سێکسی وڕوژێنەر) ئەوا بەهرەی خودایین ودەبێ نیشان بدرێن و نابێ بشاردرێنەوە. بەڵام شوێنە هەستیارو وڕوژێنەرەکان پێویستە دابپۆشرێن.

# ئافرەت و سەروەری بڕیاردان.

هەموو بوونێک سەروەری خۆی لە خودی خۆیدایە. ئافرەتیش بەهەمان شێوە. بێنە پێش چاوی خۆت : وڵاتێکی وەکو عێراق نەتوانێ سنوورەکانی خۆی بپارێزێت و داوا لە وڵاتێکی وەکو ئێران یان تورکیا بکات کە سنوورەکانی بۆ بپارێزێ . کاتێک سووپای ئەو وڵاتە دێتە ناوەوە بەناوی پاراستن، ئایا وڵاتی عێراق هیچ سەروەریەکی بۆ دەمێنێتەوە؟؟ بێگومان نەخێر . چونکە ئەو وڵاتەی کە هاتوە بۆ پارێزگاری کردن ، بەرنامەو ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیەو بە بیانووی پاراستن دەیسەپێنێ بەسەر ئەو وڵاتەدا.

بۆیە کاتێک ئاینەکان چارەنووسی ئافرەت دیاری دەکەن و بەناوی خوداوە سەروەریەکەی پێشێل دەکەن، دەبنە دەمڕاستی ئافرەت لە مارە کردن و جیابوونەوەو میرات و ئیش وکارو وەزیفە. تەنانەت بە بیانووی پاراستنەوە لەنێو بەرگ و لیباس و سەرپۆش ونیقاب وحیجاب وچوار چێوەی ماڵ بەندی دەکەن . واتە ئاین پێی وایە کە دەبێ هێزێکی دەرەکی ،ئافرەت بپارێزێ و ئەو هێزەش بریتیە لە پڕەنسیپە ئاینیەکان (کە لەلایەن خودی پیاوانەوە داڕێژراون) کەواتە ڕێڕەوو ڕێچکەی ئەو پاراستنە ، دەچێتەوە سەر بنەمای پیاوسالاریەوە بەناوی خوداوە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ئافرەتە کە دەبێ بە دەستی خۆی سەروەری خۆی بپارێزێ و بەرگری لە خۆی بکا . واتە پێویستە ئافرەت ،هێزە ناوەکیەکەی خۆی بەگەڕ بخات و بەکاری بێنێت. نەک پەنا بۆ هێزی دەرەوەی خۆی ببا کە بریتیە لە (خانەوادەو باوک و براو مێردو کوڕ) چونکە هەموو ئەمانە بەرامبەر پاراستنی ئافرەتەکە بەرنامەو ئەجێندای خۆیان هەیەو بەسەریدا دەیسەپێنن.

سرووشتی ڕاستەقینەی ئافرەت بریتیە لە گەڕانەوە بۆ سەربەخۆیی لە بڕیاردان و هەڵبژاردن و پارێزگاری لەخۆکردن

ئافرەتی بەهێز خۆی بڕیار دەدات و پارێزگاری دەکات لە خۆی. نەک ئەوانیتر.

بنەمای هاوسەرگیری لەنێو ئاینەکان بریتیە لەوەی کە دەبێ هەردوو هاوسەرەکە لەسەر هەمان ئاین بن . ئەمە کارێکی دروست نیە . کە دەڵێین دروست نیە واتە کارێکی خوا کردە نیە بەڵکو لە لایەن پەیڕەوکارانی ئاینەوە داڕێژراوە.
دێینە سەر ئەوەی هاوسەرگیری دروست کامەیە؟ لە ڕاستیدا هاوسەرگیری دروست بریتیە لە خۆشەویستی . ئاین هیچ ڕۆڵێکی نیە لەو خۆشەویستیەدا. ڕەنگە دوو کەس هەمان ئاینیان خۆش بوێ و لە پێناوی ئاینەکەیان هاوسەرگیری بکەن . بەڵام ئەم هاوسەرگیریە لە پێناوی ئاینە نەک لە پێناوی هاوسەرگیری .
ئەگەر ئافرەتێک هاوسەری هەبێت و کەسێکی تری خۆش ویست ئەوا لە ڕاستیدا خۆشەویستەکەی هاوسەریەتی نەک ئەو کەسەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ کردوە و بە پێچەوانەوە پیاوێک ژنی هەیە و کەچی ژنێکیتری خۆش دەوێت لەم حاڵەتەدا کام ئافرەتەی خۆشدەوێ ئەو هاوسەری ڕاستەقینەیەتی ئەویتر تەنها دەبێتە هاوڕێ بۆی.
بەو پێوەرە سێ لە چواری هەموو هاوسەرگیریەکانی کۆمەڵگای ئێمە ناتەندروست و بەتاڵە. خودی ئاین لێی بەرپرسە . سەرەڕای ئەمەش ئاین بۆتە بەربەست لەبەردەم دوو کەس کە یەکتریان خۆش دەوێت و بە هۆکاری جیاوازی ئاینی هاوسەرگیریەکە حەرام دەکا واتە ئاین ڕێ خۆشکەرە لە پێناو حەرام کردنی حەڵاڵەکان وحەڵاڵ کردنی حەرامەکان .

هیچ کات سێکس دوو کەس ناکا بەهاوسەری یەکتر . چونکە سێکس غەریزەیێکە پێویستی بەتێرکردنە .تەنها چەند کاتێکی دیاری کراو دەخایەنێ . کەواتە سێکس هەرگیز ناتوانێ دوو کەس بکاتە هاوسەری ڕاستەقینە لەبەر ئەوەی کورت خایەنە. بەڵام خۆشەویستی هەموو چرکەساتێکەو بۆ هەتاهەتایە.
دەمێنێتەوە بڵێین کەوا بڕیاردان ڕێگە بەهاوسەرگیری دروست دەدا . ئەویش بە داواکاری دروست و قەبوڵ کردنی دروست . داواکاریەکە بە ئەوپەڕی قەناعەتەوە بێت و قەبوڵ کردنی داواکاریەکەش بە ئەوپەڕی ئازادیەوە بێت و هەردوو کەسەکە بڕیار لەسەر هاوسەرگیریەکە بدەن. ئەم حاڵەتە بەردی بناغەی هاوسەرگیری دروستە نەک ئەوەی کە ئاینەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و خۆشەویستی ڕاستەقینەی هاوسەرگیری بە خۆشەویستی ئاینەوە گرێ دەدەن و لێڵی دەکەن یان لەناوی دەبەن .

## هاوسەڕگیری لە فەرهەنگی خوداناسانەی مندا

هاوسەرگیری لە فەرهەنگی خوداناسانەی مندا دەبێتە سێ چین .

چینی یەکەم / (هاوسەرگیری نموونەیی)
هاوسەرگیری ئەو کچ وکوڕانەی کە بە هۆی هۆکارێکەوە خۆیان وکەسایەتی و دامێنیان دەپارێزن تا دەچنە ناو پڕۆسەکەوە . بەڵام بەو مەرجەی کە لەژێر گوشاروفشاری کۆمەڵگاو ئایندا نەبێ. واتە ئەو کچ وکوڕانەی بە باوەڕەوە داوێن پاکن لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری و ئەو داوێن پاکیەشیان لە پێناوی هاوسەرگیریەکی نموونەیی بێ . بەڵام ئەگەر داوێن پاکیەکە بە باوەڕەوە نەبێ ، دوای هاوسەرگیری وچوونە ناو پڕۆسەی هاوسەرگیری دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بۆ بەلا ڕێدا بردنی داوێن

پاکیەکە، ئەمە پرۆسەکە تێک دەدا. لەگەڵ ئەمانەشدا هەر هۆکارێک ببێتە مایەی داوێن پاکی کچان وکوڕان ( جا چ ئاینی بێت ، یان داب و نەریت ، یان پەروەردەی خێزانی ، یان هەر هۆکارێکیتر) مایەی ڕێزو دەستخۆشی و بەرز نرخاندنە.

چینی دووەم / ( هاوسەرگیری ئەزموونی)
ئەم جۆرە هاوسەرگیریەی نێوان ژن و پیاوان ئەوانە دەگرێتەوە کە چەندین کەس بەر لە هاوسەرگیری ئەزموون دەکەن تاکو دەگەن بە ئەستێرەی بەختیان ( واتە هاوسەرگیری لەسەر بنەمای بەرژەوەندی) ئینجا دەچنە ناو پرۆسەکەوە . بەڵام ئەمەش مەرجی خۆی هەیە . چونکە ئەگەر هەر لەو کارە بەردەوام بێ و دوای هاوسەرگیریش لە پەیوەندیدا بێ لەگەڵ چەندین کەسیتر لە ڕەگەزی بەرامبەر ئەمە کێشە بۆ هاوسەرگیریەکە دروست دەکا . واتە ئەو کەسە کە دەچێتە ناو پرۆسەکەوە دەبێ بڕیاری ئەوەی دابێ کە دڵ و داوێنی خۆی پاک کردبێتەوەو بە پاکیش ڕایبگرێ لەناو پرۆسەکەدا.

چینی سێیەم / (هاوسەرگیری حەز)
ئەم جۆرە هاوسەرگیریە تەنها بۆ ئەو کەسانە دەبێ و دەشێ کە باوەڕی تەواویان بە ئازادی تاکە کەسی هەیە ( واتە لەسەر بنەمای ئازادی تاکە کەسی دامەزراوە ) نە پیاوەکە پەیوەندی هەیە بە ئازادی تاکە کەسی ژنەکەیەوە ، وە نە ژنیش پەیوەندی هەیە بە ئازادی تاکە کەسی پیاوەکەیەوە. هەردووکیان بەو شێوەیە ڕێک دەکەون یان ڕێککەوتوون کە هاوسەری یەکتر بن لەسەر بنەمای ئازادی تەواو.

بە هەر حاڵ / من لە فەرهەنگی خوڕاناسانەی خۆمدا هاوکێشەیەک هەیە کە بریتیە لەوەی (چیت بۆ خۆت پێخۆشە ، بۆ ڕەگەزی بەرامبەریشت ئەوەت پێ خۆش بێت) . واتە : ئەگەر داوێن پاکیت بۆ خۆت پێخۆشە ، بۆ خێزانەکەشت ئەوەت پێخۆش بێ . ئەگەر حەزت کرد دوو ژنت هەبێ ، دەبێ حەز بکەی کە هەردوو ژنەکەت دوو مێردیان هەبێ .

قسەیەک لەسەر جێندەر.

بەو پێیەی بەشێکی دانەبڕاوین لە سرووشت و نەگەیشتوین بەو ئاستەی کە پێشکەوتن وشارستانیەت سەر بکا بەهەموو کون کەلەبەرێکداو سەرلەنوێ دارشتنەوەی مرۆڤبوون وکەسێتیی مرۆڤ . لەلایەک لەبەر ڕێگریە ئاینی وکلتوری فەرهەنگیەکان و لەلایەک دەست نەگەیشتن بەهەموو ڕێگەچارەکان. بۆیە قسەمان لەسەر ئێستای ئەو بابەتەیە کە وڕوژێنراوەو پێی دەڵێن (جێندە ر)

واتە حەزی هاوڕەگەز کە لەنێو ئاژەڵانیشدا ئەو هەست وغەریزە هاوڕەگەزخوازیە هەیە . ئێمە قسەمان لەسەر بۆچوونی کۆمەڵگا نیە لەسەر ئەو بابەتە . بەڵکو قسەمان لەسەر خودی حاڵەتەکە هەیە کە کەسی هاوڕەگەزخواز یان هاوڕەگەزباز لە دەروونیدا بوونی هەیە . ئەمە هەستێکە پەیوەندیی بەغەریزەوە هەیە نەک ویست . بۆیە سەرکۆنە کردنی ئەو حاڵەتە ڕەفتارێکە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە. بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی بابەتیانە لێی بڕوانین. چونکە هەستێک کە لە دەرەوەی ویست بێ و پەیوەندیی بەغەریزەوە هەبێ . تاوانێکی گەورەیە بەناوی شەریعەت و یاسا سزای بەسەردا بسەپێنرێ.

لەهەمانکاتیشدا ڕەواجدان بەو دیاردەیە لەلایەن کۆمەڵێک بازرگانی پۆڕن وسوودمەند لەو ڕەفتارە، دووبارە تاوانێکی گەورەیە . چونکە ڕێژەیەکی کەم لە خەڵک گیرۆدەی ئەم حاڵەتەن . بەرزکردنەوەی ڕێژەکە بەهۆی بەکارهێنانی دەرمان و نەشتەرگەری و شێواندنی جەستەی مرۆڤ ، تاوانێکی گەورەیە. کەواتە هەم سەرکوت کردن و هەم برەوپێدانی هەردوو حاڵەتەکە تاوانە . بەڵکو پێویستە لە بری سزادان یان ڕێگەپێدان چارەسەریەکی ڕیشەیی بۆ ئەو حاڵەتە بدۆزرێتەوە.

# بەشی بیست ویەکەم

# گوناهـ وتاوان

لە بنەڕەتدا شتێک نیە بەناوی تاوان.

ئەوەی هەیە تەنها بێ مانابیە ، مرۆڤ لەنێو دەریای بێماناییدا چاو بە ژیان هەڵێدێنێت و وەزیفەی سەرەکی ئەو بریتیە لە داڕشتنەوەی مانا بۆ شتەکان بەگشتی و بۆ خودی خۆی بەتایبەتی ،تەنانەت داڕشتنەوەی مانا بۆ خودا چونکە خودا بێ مرۆڤ بێمانایە. با هەموو شتێک هەبێت و مرۆڤ نەبێ ، ئایا هیچ شتێک بە ( خوداوەش) هیچ مانایەکی هەیە؟؟؟ بێگومان داڕشتنەوەی هەموو ماناکان لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن. بۆیە مرۆڤ پێویستە بەزنجیرەیەک ئەزمووندا تێپەڕێت کە هەر ئەڵقەیەکی لە چاو ئەڵقەکەی پێشووتر ،ڕێکوپێکتر دەردەکەوێ ، وە ئەڵقەکانی پێشووتر ،پڕ هەڵەو کەم وکوڕی دەردەکەوێ. بۆیە ئەو هەڵەوکەم و کوڕیانە ناکرێ بەتاوان ئەژمار بکرێن ، چونکە لەهەناوی ئەزموون کردنی ئەو هەڵەوکەم وکوڕیانەدا ڕاستیە ئانیەکان لە دایک دەبن و دەبنە بەردی بناغەی مانا بەخشین بە خوداو بەشتەکان و بە خودی مرۆڤیش . لەو بوارەدا نابێ بە پێوەری ئاینەکان ،تۆمەتی تاوان بدەینە پاڵ ئەو ئەزموونانە.
ئەمە لە لایەک. لەلایەکی ترەوە ، هەر خودی هاتنە دونیای مرۆڤ )بەو پێیەی کە پرسی پێ نەکراوەو ڕوخسەتی لێ وەرنەگیراوەو هاتنە دونیا بەویستی خۆی نەبووە(بە پێوەری تاوان کە ئەو پێناسەیە هەڵدەگرێ بڵێین: تاوانباری سەرەکی دەبێتە ئەو کەسەی کە بەبێ پرس و ڕوخسەت هەڵدەکوتێتە سەرت و بەبێ ویستی خۆت ،واژۆت پێدەکا. بەو پێیە خودا بە تاوانباری سەرەکی دادەنرێت، ئەگەر شتێک هەبێت بەناوی تاوان و هەموو شتێکیش بگرێتەوە. بۆیە لە ڕیشە هەڵکێشانی تاوان لە ڕەگەوە ، سەرەتا خودا لە تاوانباری تەبرئە دەکات ئینجا هەموو شتێک و مرۆڤیش .
بێنە پێش چاوی خۆت . کۆمپانیایەک کۆمەڵە ئامێرێک بە کوالێتیەکی خراپەوە دروست دەکات. بە پێوەری تاوانباری، دەبێ خاوەن کۆمپانیاکە تاوانبار بکرێ نەک ئامێرەکە. بەڵام لە ڕاستیدا ، ئایا دەتوانین ئامێرەکە تاوانبارکەین ،چونکە خراپە؟ یان داوای لێ بکەین بەخۆی خۆی چاک کات؟ نەخێر . کەواتە ئەم کوالێتیە خراپە ئەزموونێکە لەنێوان کۆمپانیاو خاوەن کۆمپانیاو خودی ئامێرەکەش کە بوار دەڕەخسێنێ بە دووبارە داڕشتنەوەی ئامێرەکە لەسەر شێوەیێکی ڕێک و پێکتر .

بێگومان ئەگەر تەماشا کەین مرۆڤایەتیش هەمان قۆناغی بڕیوە. بەڵام بە پێی باوەڕی ئێمە کە پێمان وایە خودا بوونی گشتەو سەرچاوەی هێزە بۆ هاتنە دونیای بوونی تایبەت (خود) بۆیە پرۆسەکە لەنێو خودی مرۆڤەکەدا ئەنجام دەدرێ ،واتە خودی مرۆڤ بەرهەمی کۆمپانیاکەیەو سەرچاوەی هێزەکەش لەنێو ئەو خودەدا خاوەن کۆمپانیاکەیە (واتە خودا) وە ئامادەگی مرۆڤیش نمایشی کوالێتی کاڵا خوداییەکەیە. بۆیە سەر لەبەری خورافەی تاوان بنەمایەکی پڕوپووچی ئاینەکانە بۆ چاوترسێن کردنی شوێنکەوتوانیان و هیچ پەیوەندیەکی بە فەرمانەکانی خوداوە نییە.

لە ڕاستیدا هیچ تاوانێکی سرووشتی بوونی نیە . بۆ نموونە شێرێک ئاسکێک دەخوا، ئەمە تاوان نیە .چونکە خودا نیشانەیەکە لە هەردوو گیانلەبەرەکەدا .لەو حالەتەدا ژیانێک لەنێو خودی ئەم دیاردەیەدا دێتە بوون.لێرەدا بابەتەکە لە دوو حاڵەتدا خۆی دەبینێتەوە.

یەکەمیان/ ئەگەر ئاسکەکە کەمتەرخەم بێ لە دەربازکردنی ژیانی خۆی لە دەست شێرەکە، ئەوە نیشانەیەکە بۆ ئێمە کە هەر کەسێک کەمتەرخەمی بکات لە دەربازکردنی ژیانی خۆی لە دەست تەنگ و چەڵەمەکان ، ئەوا شایستەی ئەوەیە کە ببێتە خۆراکی کائینێکی تر کە بە دوای ژیانەوەیە.

دووەمیان/ ئەگەر ئاسکەکە لەڕولاوازو نەخۆش بوو ئەوا شایستەی لەناوچوونە بۆ پاک کردنەوەی زەوی لێی و شێرەکەش لەو حاڵەتەدا دەبێتە ژینگە پارێز.

بۆیە بەو پێوەرە هیچ تاوانێکی سرووشتی بوونی نیە . بەڵکو ئەوەی کە ئێمە پێناسمان کردوە بە تاوان ئەوا ژیانێکی تازەی تێدا دەخولقێ. تاوانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە داهێنراوی مرۆڤەو مرۆڤ خولقاندویەتی . بۆ نموونە : دزی کردن، کوشتنی بەناهەق بەلاڕێدا بردنی حەقیقەتەکانی ژیان، گزی کردن، فێڵ کردن خیانەت کردن ودەیان تاوانی لەو جۆرە کە مرۆڤ لە صناعەی عەقڵی خۆی بەرهەمی دێنێ و بەویستی خۆی بەکاری دێنێ . کەواتە لە بنەڕەتدا هیچ تاوانێک بوونی نیە جگە لە تاوانە بەرهەم هێنراوە داهێنراوەکانی بیری مرۆڤ.
بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە بیرکردنەوە بە ڕەهایی لە ژێر کۆنترۆڵ و ویستدایە .بۆیە ویستی چاک ، بیری چاک دەخولقێنێ . وە بیری چاکیش کارو کردەوەی چاک دەخولقێنێ . ویستی خراپیش بیری خراپ دەخولقێنێ وە بیری خراپیش کارو کردەوەی خراپ بەرهەم دێنێ . لێرەوەیە کە تاوان سەرهەڵدەدا.

ناشیرین کردنی جوانیەکان و جوان کردنی ناشیرینیەکان.

مەبەست لە چەمکی تاوانەکان ، ناساندنی ڕووی ڕاستەقینەی تاوانەکانە نەک ئەو هەڵوێست و خوڕەوشت و نەریتانەی کە بە تاوان ناسێنراون . بۆیە بە چاکم زانی چەند جۆر تاوانێک بە نموونە بێنمەوە (نەک کۆی گشتیی تاوانەکان، چونکە تاوان بەپێی کەسێک وبارودۆخ و کات و شوێن و ژینگەو کۆمەڵگا دەگۆڕێ.

یەکەم / (ناشیرین کردنی جوانیەکان وجوان کردنی ناشیرینیەکان) .

هەڵبەتە ئەوانەی ئەو جۆرە تاوانە ئەنجام دەدەن ، زوڕناژەن و چەرچیی ئاینێک یان ئایدیایەک یان فەرهەنگێکن . ئێمە هەوڵ دەدەین لەسەر هێڵە گشتیەکە ئەو بابەتە شەن وکەو کەین نەک تەنها فۆکس بخەینە سەر ئاینێکی دیاریکراو یان فیکرو فەرهەنگێکی دیاریکراو یان خوونەریتێکی دیاریکراو . تەنها لەکاتی نموونە هێنانەوە ڕێگە بە خۆمان دەدەین. نموونەی جوان کردنی ناشیرینیەکان واتە : دەقێک هەیە کە کۆمەڵێک کەس بە ڕاستی دەزانن و تەنها خۆیان پێیان وایە ڕاستە . کەچی دەیانەوێ بۆ هەموو دونیای بسەلمێنن کە ڕاستە . بەڵگە زانستیەکانی بۆ خوار دەکەنەوە . تەئویلی بۆ دەدۆزنەوە ،ڕەواجی پێ دەدەن ، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بۆ دەخەنە گەڕ ، سەدان فیلم و دۆکیۆمێنتی بۆ تەرخان دەکەن . دەیان ملیار دۆلاری تێدا خەرج دەکەن. دەیان زانای بۆ ئامادە دەکەن کە دکتۆراو پسپۆڕیی لەو بوارەدا بەدەست بێنن. دەیان کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسی زانستی بۆ دەبەستن. کە بارتەقای هەموو ئەو چالاکیانە تاوانبارن . چونکە ئامانجیان جوان کردنی ناشیرینیێکە ، یان بە ڕاست دانانی هەڵەیێکە. وە پێیان وایە کارێکی تاسەر ئێسقان چاکیان کردوە.
یان بە پێچەوانەوە ناشیرین کردنی جوانییێک . دەبینین شوێنکەوتەوهەڵگرانی بیروباوەڕێک ، ڕاستیەک هەیە . بەڵام ئەو ڕاستیە لەنێو دەقی پەیڕەوو پڕۆگرامەکەی ئەوان دا نیە . بەڵکو ئەو ڕاستیە لە لای شوێنکەوتوانی بەرنامەیێکی ترە . بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە دەزانن

ڕاستیەو بە هەموو بەڵگەیێک سەلمێنراوە ڕاستە ، بەڵام ئەوان هەموو هێزێکی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ناو زڕاندنی ئەو ڕاستیەو ناشیرینکردنی ئەو جوانیە. لەو پێناوەدا دەیان دیبەیت و کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفڕانس و سیمینارو گۆڤارو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنی بۆ تەرخان دەکەن و پارەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکەن کە بە قەد هەموو ئەو ڕەفتارانەیان تاوان بارن و کەچی وا دەزانن کارێکی چاکیان کردوە.

دووەم / ناپاکی )خیانەت)

کەس نیە لە ئێمە ناپاکی لێ نەکرابێ یان ناپاکی نەکردبێ، بۆیە هەموومان دەزانین ناپاکی چیە. بەڵام گەورەترین ناپاکی یان ناپاکی ڕاستەقینە ، ئەو ناپاکیەیە کە مرۆڤ لە خۆی دەکا. چۆن؟
عەقڵ ماڵی ڕاستەقینەی خودایە .لەنێو عەقڵیش دا شوێنێک هەیە بۆ بیرکردنەوە ،ئەو شوێنە حەرەمی خودایە نەک بۆ هیچ کەسێک نیە بچێتە ناویەوە، بەڵکو تەنانەت مرۆڤ خۆیشی دەبێ بە دەستنوێژەوە بچێتە ناویەوە.
بەڵام کەسێک بەناوی شوێنکەوتەییەوە ئەو حەرەم و جێگەیە ڕادەستی کەسێکی تر جگە لە خۆی دەکات، ئەوە ناپاکی کردنە لە خۆت. یان کەسێک بەناوی فەنابوون لە عەشق ، عەقڵی خۆی خالی دەکاتەوە لەو حەقیقەتانەی کە خودا لەڕێی بیرکرنەوەوە پێی دەبەخشێ. ئەوەش ناپاکی کردنە. ناپاکی کردنیش یەکێکە لە تاوانەکان.

سێیەم / خۆ گەورە بینین.

لە ڕاستیدا مرۆڤ مافی خۆیەتی خۆی بە گرنگ بزانێ و هەست بکا بوونەوەرێکی گرنگە لە ژیان . بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە هیچ بوونێک لە پێناو ئێمەدا خودا نەیهێناوەتە بوون. بەڵکو بەهۆی پێویستییێکەوەیە هەر بوونێک بوونی هەیە. وە بوونی ئێمەش بەهۆی پێویستییێکەوەیە لە ژیان .

خۆ ئەگەر هەر هەموومان یەکتر قڕ کەین وکەس نەهێڵین، ئەوا خودا بەهۆی پێویستی بوونەوە کۆمەڵە مرۆڤێکی تر دەخولقێنێتەوە بۆ پڕ کردنەوەی پێویستیەکانی ژیان (هەر بۆیە من باوەڕم بە بیردۆزی پەرەسەندن نیە)

بەڵام گەورەکردنی بوونی مرۆیی بە زوومی کامێرای ئاین و ئایدیاو فەلسەفەو زانست و چی وچی، تاوانێکی گەورەیە مرۆڤ دەخاتە بارودۆخێکی خەیاڵ پڵاوی . بەڵکو پێویستە مرۆڤ وا حاڵی بکرێ کە ئەویش بوونێکە وەک هەر بوونێکی ترو هەر بوونێکیش بەهۆی پێویستییێکەوە هاتۆتە بوون. وە هیچ بوونێک فەزلی نیە بەسەر هیچ بوونێکی تردا.

چوارەم / چەمکە ئەفسوناویەکان.

هەندێ چەمک هەن لەنێو کۆمەڵگاو ئاین پیرۆزی کردوون یان داب ونەریت بەرگریکاریانە وەک (حەیا، شەرەف ، ئەدەب، عەیب، شەرم زۆر جۆری تر) گوایە ئەو چەمکانە مرۆڤ ڕێک دەخاتەوەو دەیخاتەوە سەر سکەی مرۆڤبوون . بەڵام لە ڕاستیدا ئەو چەمکانە سرووشتی نین و نامۆن بە سرووشتی مرۆڤ و مرۆڤ دوور دەخەنەوە لە حەقیقەتی خۆی. وە بەربەستن لەبەردەم هەنگاونانەکانی مرۆڤ بۆ پێشەوە.هەر یەک لەو چەمکانە بیانوێکە بۆ ڕێگری کردن لە کۆمەڵێ هەست و ئیحساس و دەسکەوت وخەون وخولیای مرۆیی.
لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک تاوان کراوە بە ئامانج وەک ( عیززەت ، غیرەت ، شکۆ، ڕێز ،سومعەو شەهامەت ووو)
بۆ ئەوەی خەڵک بەو ئاڕاستەیەدا گوزەر بکاو لە ڕێچکەی مرۆڤبوونی ڕاستەقینە بیخلیسکێنن. زۆر جار هەنگاوی زۆر چارەنوسساز کراوە بە قوربانی یەکێک لەو چەمکانە. کە ئەمە تاوانێکی گەورەیە چارەنووس بکرێتە قوربانی چەمکە ئەفسوناویە هەڵبەستراوەکان بە کەسێتیی مرۆڤەوە.

پێنجەم / ڕێگری کردن لە بیرکردنەوە.

خودا بۆیە بۆتە بیرکردنەوە بۆ مرۆڤ ، چونکە هەر خودێک پێویستی بەو بیرکردنەوە خوداییە هەیە ، هەر خودێک مافی خۆیەتی بەو بیرکردنەوە خوداییە ، خودا بناسێ . تەنها بەو بیرکردنەوە خوداییەش دەروون ئارام دەبێ .
بەڵام کاتێک کاهینێک یان کەسێک بە ئیددیعای پێغەمبەرێتیەوە ڕێگری لەو سرووشتە خوداییە دەکات و نایەڵێ ئەو خودە وەک خۆی بیربکاتەوە، ئەوا دەچێتە خانەی ڕێگری کردن . ئینجا کۆمەڵێک بیانوشیان بە دەستەوەیە بۆ ڕێگری لێکردن وەک ئەوەی کە ئەوان هەڵبژێردراوی خودان یان لەلایەن خوداوە ڕاسپێردراون یان گوایا زاناترن لە خەڵکی عەوام و کۆمەڵێک بەڵگەی هەڵبەستراو دەخەنە پاڵ خوداو بەدەمی خوداوە قسە دەکەن . بۆ ئەوەی ڕێگری لە خەلک بکەن . لە ڕاستیدا ئەم ڕێگریە بەناوی خوداوە گەورەترین تاوانە . چونکە خودا ڕێگەی بیرکردنەوەی بۆ مرۆڤ کردۆتەوەو ئەوان دایدەخەن .

شەشەم / خۆشەویستی

ئایا ڕاستە خودا پێویستی بە خۆشەویستی مرۆڤ هەیە؟
ئایا ڕاستە خودا منەتباری خۆشەویستیی مرۆڤە؟
ئایا ڕاستە خۆشەویستی قووڵ دەبێ بۆ خودا بێ؟
خۆشەویستی خەسڵەتێکە کە خودا لەو ڕێیەوە شتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، خۆشەویستی بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانە. خۆشەویستی خەسڵەتێکە لەنێو هەموو شتێکدا بوونی هەیە چونکە خودا لەنێو هەموو شتێکدایە
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا خۆشەویستی لەنێوان شتەکانە. نەک لەنێوان شتەکان وخودا. چونکە خودا شت نیە ، وە شتێکیش نیە لە دەرەوەی شتەکان.
کەم کردنەوەی ڕێژەی خۆشەویستی بۆ شتەکان و دانە پاڵ خودا لە چەند ڕوێکەوە تاوانێکی گەورەیە. چونکە خۆشەویستی مافی هەرشتێکە بەسەر

شتەكانی دەوروبەری خۆی. خۆشەویستی پیاو مافێكە بەسەر ژنەكەیەوە،خۆشەویستی ژن مافێكە بەسەر پیاوەكەیەوە. هەموو شتێک مافی ئەو خۆشەویستیەی هەیە كە ئاین داوێتیە پاڵ خودا.
هەرخۆشەویستیەكیتر ئەو خۆشەویستیە فاسید بكا . لەژێر هەر ناوێک بێ پەسەندكراوێكی حودایی نیە تەنانەت ئەگەر بۆ خوداو بەناوی خوداوەش بكرێ.
دوو جۆر خۆشەویستیمان هەن (ڕۆحی، غەریزەیی) هەردوو خۆشەویستیەكەش بۆ ڕێكخستن و پتەوكردنی پەیوەندیەكانە لەگەڵ یەكتر خودا ئیلهامبەخش وهێزی خۆشەویستیە لە هەردوو ڕەگەز بۆ یەكتر نەک خۆشەویستی خۆی بخاتە نێوان هەردوو ڕەگەزو ڕێگری لە خۆشەویستی هەردوو ڕەگەزەكە بكات. لەگەڵ ئەمەشدا كە خودا هێزی خۆشەویستیە، خۆی هیچ پێویستیێكی بە خۆشەویستی نیە .
هەموو جۆرە خۆشەویستیەک بۆ خودا ، تەنها درۆیێكی گەورەیەو تاوانێكی گەورەیە ، بەڵكو ئێمە شتێكمان هەیە پێی دەڵێین (ئینساف و وەفاداری) واتە: دەبێ لە هەموو كارو كردارەكانماندا وەفادار بین بەو هێزە خوداییە لەهەموو بوارەكانی ژیاندا.

حەوتەم / ناچار كردن بە چەمكە ویژدانی وئەخلاقیەكان.

هەر ئاینێک مۆنۆپۆلی چەمكە مرۆییەكان بكا ، ئاینی تیرۆری كەسایەتی مرۆڤە . وەک چەمكەكانی میهرەبانی سۆز ڕێز خۆشەویستی بەخشندەیی دڵسۆزی پاكوخاوێنی ڕاستگۆیی دەستپاكی دڵپاكی و چەندین خەسڵەتی تر كە موڵكی مرۆڤایەتین و لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ هاتونەتە دونیاو لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی هەر تاكێكدا شێلدراون و هیچ پەیوەندی بە صەنعەتی ئاینەوە نیەو هەموو ئاكارە سرووشتیەكان موڵكی مرۆڤن و داتاشینی كەسایەتیەكی ئاینی بۆی ، بیدعەتی هەموو ئاینەكانە كە بەردەوام بانگەشەی بۆ دەكەن .
گەورەترین تاوان لەو بوارەدا ئەوەیە كە ئەم ئاكارانە لە خوداوە هەڵدەقوڵێن و لەسەر هەڵسوكەوتی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەنگدانەوەی هەیە. مۆنۆپۆل

کردنیان لە لایەن ئاینەوە ، سەندنەوەی مافی خودایەتیە بەسەر ئەو چەمکە ویژدانی و ئەخلاقیانەدا.
ئاینەکان لە پێناو ناچارکردنی کۆمەڵگا مۆنۆپۆلی ئەو خەسڵەتە خودابیە سرووشتیانەیان لە مرۆڤدا کردوەو داویانەتە پاڵ ڕابەرانی ئەفسانەیی ئاینەکانیان کە ڕەنگە لەسەردەمانی خۆیان دا هەرگیز بەو شێوەیە نەبووبن بەڵام بابەتەکە هێندە تەمەللوک دەکەن بەسەر ڕابەرانی ئاینەکانیانەوە، وەک ئەوە وابێ کە بەر لە ڕابەرەکەیان ئەو خەسڵەت و سیفەتانە هەر وجوودیان نەبووبێ و ئەمان داهێنەری بووبێتن. بۆیە خەڵکێکی زۆر لەبەردەم هەژموونی ئەو کاریگەریەدا خۆیان ناگرن وتەسلیم بە ئەمری واقیعەکە دەبن. ئەوانیش ئەو ڕادەستبوونە پیرۆز دەکەن و دەڵێن : شانازیە کە خۆت ڕادەستی خودا کردوەو ملکەچی ئەویت و خۆت بەکۆیلەی ئەو دەزانیت و لێی دەپاڕێیتەوە ، لە کاتێکدا حەقیقەتی خودا لەگەڵ هەریەک لەو حیساب وکیتابانە دژەو هەرگیز حەقیقەتی خودا قەبوڵی ملکەچی وکۆیلایەتی ودەست پان کردنەوەو خۆڕادەست کردن نیە. ئەم ناچارکردنی کۆمەڵانی خەڵک تاوانێکی گەورەی ئاینەکانە.

هەشتەم / ڕادەستبوون (تەسلیم بوون – ئیسلام)

ئەمە کەلتووری جەنگە. بە بەرگی ئاین داپۆشراوەو چەمکەکە پیرۆز کراوە. لەجەنگدا کامە لایەن دۆڕاوو بەزیو بوایە بەلایەنەکەی تر ، دەبوایە خۆی ڕادەست (تەسلیم) بکات. بۆیە خۆڕادەست کردن بە هەر هێزێک لە دەرەوەی خۆت ، دان نانە بە شکستی خۆت و دان نانە کە تۆ دوژمنێکت هەیە و لە بەرامبەریدا چۆکت داداوە .
واتە :ئەو هێزەی کە داوای خۆڕادەست کردنی (ئیسلام) ی لێکردووی ، تۆ بە دوژمنێکی دۆڕاوو شکست خواردوو بەزیو دەزانێ . جا بۆ ئەوەی پاک بیتەوە لە خودی خۆت ، پێویستە خۆت ڕادەست کەی بە ئەو. بۆیە ئیسلام (خۆڕادەست کردن) تاوانێکی گەورەیەو خۆتانی لێ بپارێزن سرووشتی مرۆڤ هیچ جۆرە خۆسەپاندنێک بە نیازی خۆڕادەست کردن قەبووڵ ناکا. بۆیە خۆتان ئامادە کەن بۆ مردن ، بەڵام نەکەن تەسلیم بن.

نۆیەم / کۆیلایەتی  (عەبد - عیبادەت – عبودیەت)

تاوانێکی تری قێزەون کە بەرگی ئاینی بەسەردا دراوە ( یان دەتوانم بڵێم هەر خودی ئاین لەو چەمکە قێزەونانە پێکهاتوە) بریتیە لە کۆیلایەتی (عەبدایەتی)  ئەمەش لە یاسای کۆیلایەتیەوە وەرگیراوە . واتە تۆ دەبیتە کۆیلەی کەسێک یان بەرنامەیەک یان هێزێک و  بەشێوەیەکی فەرمی تۆ دەبیتە موڵکی ئەو هێزە .
یاسای کۆیلایەتیش ئەوەیە کە گەورەکەت هەرچۆنێکت بەکار بێنێ،دروست وشەرعیەو دەتوانێ کڕین و فرۆشتنت پێوە بکات و سێکست لەگەڵ بکات و هەموو کاروبارێکت پێ ڕاپەڕێنێ و تۆش بەبێ سێ ودوو دەبێ گوێڕایەڵی بیت.
ئاین هەڵساوە ئەو تاوانە گەورەیەی بەناوی خوداوە تۆمار کردوە بە (بەکۆیلە بوون)  بۆ خودا. کە لە ڕاستیدا نە خودا هێندە بێدەسەڵاتە تاکو کاروبارەکانی خۆی بە ئێمە ڕاپەڕێنێ ،وە نە پێویستیشی بە کۆیلەیە. بۆیە هەموو جۆرێکی کۆیلایەتی ڕەت کەنەوە، چونکە تاوانێکی قێزەونە.

دەیەم / هەموو جۆرە هاوسەرگیریەکی نهێنی وکاتی و مارەیی تاوانە.

هەر هاوسەرگیریەکی نهێنی و کاتی و کڕینی بەناوی مارەیی ،بەهەر ناوێک وهەر دینێک و هەر مەزهەبێک وشەرعێک وفەتوایەک و یاساییێک تاوانێکی قێزەونە . چونکە لە ئەنجامدا ئەوە گرێبەستێکی نێوان دوو جەستەو ڕۆحە.
ئەمە لەسەرێکەوە. لەسەرێکی تریشەوە ،هەموو جۆرە هاوسەرگیریەکی کاتی باتیڵ وتاوانە، چونکە نیازی هاوسەرگیری ڕاستەقینەی لەسەر  دانامەزرێ و هەردوولا چاوەڕوانی تەواو بوونی ماوەی گرێ بەستەکەن . بەو پێیەش ئەو دوو هاوسەرە تەنها بە جەستە لەلای یەکترن وەک دوو مێوانی نامۆ و هیچ چەترێکی هاوسەرگیری کۆیان ناکاتەوە.هەموو جۆرەکانی هاوسەرگیری نهێنی و کاتی ،تەنها بۆ چێژی سێکسیە نەک بۆژیانی هاوسەرگیری. ئەمەو جگە لە هاوسەرگیری

بەرامبەر بە بڕێک پارە ) مارەیی ( کە تێیدا ژنەکە وەک کاڵایەکی سێکسی کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت وەک لە زۆربەی ئاینەکان دا کاری پێ دەکرێت .
ئەم جۆرە هاوسەرگیریەش تاوانێکی گەورەیەو دژی پیرۆزی وبنەمای هاوسەرگیری ڕاستەقینەیەو ئافرەتەکە لە شکۆوە دادەبەزێنێتە ئاستی کاڵای سێکسی و دەیکاتە کۆیلەی پیاو. بۆیە خۆتان لەو سێ جۆر هاوسەرگیریە بە دوور بگرن ،چونکە تاوانی گەورەن.
ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە تەنها دەتوانرێ ناوی گرێبەستی نیکاح (گان- سێکس ) یان لێ بنرێ و لە دەرەوەی پیرۆزیەکانی هاوسەرگیری شەرعیەتیان پێ بدرێ و ڕەواجیان پێ بدرێ. نەک وەک هاوسەرگیری . بەناوی دین ، پیرۆزی هاوسەرگیری گڵاو مەکەن.

## یازدەیەم / ڕووداو یان ویستی خودا؟

لە فەرهەنگی خوداناسانەی مندا ویستی خودا بۆتە حوکم و جێبەجێش کراوە بەر لە ڕووداوەکان . بەڵام هەڵە تێگەیشتن لەو چەمکە کارەسات دەخوڵقێنێ بۆیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە .
با بزانین ویستی خودا چۆن بەر لە ڕووداوەکانە . بۆ نموونە خودا ویستی لەسەر بوو کە زەوی ببێ ،بوو، ویستی لەسەر بوو ژیانی لەسەر ببێ ،بوو ویستی لەسەر بوو مرۆڤ ببێ، بوو. ویستی خودا بەو شێوەیە گوزەر دەکا بەردەوام . وە هیچ بەریەککەوتنێک لەنێوان ویستی خوداو ویستی مرۆڤ دا نیە . وەک دوو هێڵی تەریب لە تەک یەکەوە دەڕۆن .
بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ویستی خوداو مرۆڤ تێکەڵ بکرێ و دواتر بەسەر خوادا ساغ بکرێتەوە، لەو حاڵەتەدا بەهەردوو بارەکەدا . تەنها خودا ناشیرین کردنە . چۆن؟
بۆ نموونە بەبارە چاکەکەدا ،مرۆڤێک وڵاتێک بنیات دەنێت و ئاوەدانی دەکاتەوە. دەڵێن ئەمە بەویستی خودا بوو . نەخێر هەروەک پێشتر گوتمان ویستی خودا لەوەدا بوو کە ئەو مرۆڤە بوونی هەبێ . بەڵام ویستی خودا لە چاکەو خراپەی ئەو کەسەدا نیە. بەڵکو خودا ویستی داوە بەو مرۆڤە کە

ئازادە لە هەڵبژاردەی چاکە یان خراپە. واتە هەر خودی ئەو مرۆڤە ئەگەر ویستی لەسەر بوایە، دەیتوانی وڵاتێک وێران بکات. بەبێ ئەوەی خودا یارمەتی دابێ لە چاکە کردن و دەستی گرتبێ لە خراپە کردن.
تێکەڵکردنی ویستی خوداو ویستی مرۆڤ کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە گرووپێک هەڵدەستن بەئەنجامدانی سوتاندنی بازاڕێک ، دواتر هەرخۆیشیان لەناو بازاڕەکەدا دەڵێن : ئەمە ویستی خودای لەسەر بوو کە ئەو کارەساتە لەو بازاڕەدا ڕوویدا ،دیارە خێری پێوەیە. کەسانێکیش کە مێشکیان بەو جۆرە بیروباوەڕە شۆراوەتەوە ، باوەڕ دەکەن و دەڵێن : شوکور بۆ خودا کە ئێمەی تاقی کردۆتەوە بەو کارەساتە . نەخێر ئەمە پەردەپۆشکردنی تاوانەکەیە بەوەی کە تاوانەکە دراوەتە پاڵ خودا. بۆیە خاوەنی ئەم جۆرە ئیمانە ،گەورەترین تاوانبارە کە تاوانێکی وا گەورە دەداتە پاڵ خودا.

دوازدەیەم / بەکارنەهێنان وخراپ بەکارهێنانی عەقڵ.

خودا بۆتە عەقڵ بۆ تۆ بۆ ئەوەی بەدروستی بیربکەیتەوە لەو شتانەی مانادارو بەهادارن و دەرەنجامی هەموو بیرکردنەوەیەکی لەم شێوەیە سرووشی خودایە (وەحی)
بیرکردنەوە واتە بەکارهێنانی عەقڵ ودەرەنجامەکەشی واتە وەحی . بەڵام کاتێک تۆ خراپ بەکاری دێنی ،ئەوا حەتمەن دەرەنجامەکەشی باش نابێ. چۆنیەتی بەکارهێنان پەیوەستە بە ویستەوە . عەقڵ دەزگای لێکۆڵینەوەو شیکار کردن وهەڵسەنگاندن وبەراورد کردن ودۆزینەوە و داهێنان و بەرهەم هێنان و شیتەڵ کردن وجیاکردنەوەو کۆمەڵێک بابەتی لەو شێوەیە. مرۆڤ بۆ تەندروستیی وجوود هاتۆتە بوون ،بۆیە پێویستە بەکارهێنانی هەموو ئەندامەکانی بەشێوەیەکی تەندروست بێ لە پێناوی تەندروستی گەردوون.
بەکارنەهێنان و خراپ بەکارهێنانی عەقڵ تاوانێکی گەورەیە . خراپ بەکار هێنان و بەکارنەهێنان هیچ جیاوازیەک لەنێوانیان دا نیە.

سێزدەیەم / ئەوەی ئەمڕۆو دوێنێی وەک یەکە.

سرووشتی مرۆڤ وایە کە هەموو دەم و هەمیشە حەز بە بیستنی هەواڵی تازەو نوێ دەکا . ئەگەر بچینە بنج و بناوانی ئەو بابەتە ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم حاڵەتە دەرهاوێشتەی ئەوەیە کە سرووشتی مرۆڤی لەسەر دامەزراوە کە هەر چرکەساتێک دەبێ فێری شتێکی تازەو زانینی شتێکی تازە بێ . فێربوون وزانین دوو پێویستی هەمیشەیی ئارامشی ویژدانین بۆ مرۆڤ . بۆیە لە دەرەوەی فێربوون و زانین دۆگمایی و چەقبەستوویی هەیە کە مرۆڤ دەوەستێنێ و دەیکاتە ئامێرێکی ڕۆبۆتی ڕۆژانەیی . بەو پێیە مرۆڤ لەو حاڵەتەدا نرخ وبەهای مرۆڤبوون لە دەست دەدات و نرخ و بەهای کارو پیشەکەی لەسەر دادەنرێت . خۆ ئەگەر توانای ئەو کارو پیشەیەی تیا نەما ، ئەو کاتە بەتەواوی نرخ و بەها لە دەست دەدا، مەگەر یاسا مافی چەندین ساڵ خزمەتکردن بۆ ئەو کەسە دابین بکات و ڕۆڵی چەندین ساڵەی لەبەر چاو بگرێ . ئەم نرخ و بەهایەش هەر لە دەرەوەی خۆتەوە بۆت دابین دەکرێ و هەرگیز وەک ئەو نرخ وبەهایە نیە کە خۆت بۆ خۆتی دادەنێی .

بۆیە فێربوون زانینی بەردەوام نرخ و بەهای مرۆڤبوونتەو لە دەستی نەدەی لە بیرت نەچێ ئەوەی شتێکی تازە فێر نەبێت و لە حاڵی ئەمڕۆ نەزانێ . تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوە.

چواردەیەم / تاوان بە ناوی خوداوە.

چەند جۆرە تاوانێک کە بەناوی خوداوە ئەنجام دەدرێت ، لە چەند خاڵێکدا کورت و پوختی دەکەینەوەو دەیخەینە بەر دیدەتان.

1 - تەمەللوک کردنی خودا . وەک تاپۆ کردنی خودا لەسەر ڕێچکەو ڕێبازێک و ئاین و مەزهەبێک و کردنەوە دەرەوەی خەلکانی جگە لەمانە.

٢- قسە کردن بە ناوی خوداوە بە بیانوی وەحی و لیقاو ئیلهام و حستنەدڵەوەو چەندین شێوەو شێوازیتر کە خەڵکانێک خۆیان پێکردوە بە ڕابەری ڕۆحی لەو خەڵکە.

٣- ترساندنی خەلک بە خودا. وەک وەسف کردنی خودا بە سیفەتی (غضب شدیدالعقاب ، منتقم ، مضل) یان نەفرەت کردنی خودا و حیساب و کیتاب و لێپێچینەوەو چاودێری کردن و خودا لە بۆسەدان و مەکرو فێڵ و خەڵەتاندن و سەرلێشێواندن و چەندین ناوو ناتۆرەی تر گوایە ئەمانە سیفەتی خودان.
٤- ترساندن بە شتی نادیارو خەیالی و وەهم بە بیانووی باوەڕ هێنان بە غەیب . وەک ترساندن بە عەزابی قەبر ، ترساندن بە دۆزەخ .
٥- خۆهەڵواسین بە خۆشەویستی خوداوە. وەک عەشق و خۆشەویستی و سۆزو سووتان و کڕوزانەوەو لالانەوەو فەنابوون و توانەوەو چەندین شێوەیتر کە خودا پێویستی پێی نیەو پێویستیەکی خودایی نیە بەسەر کەسەوە.
٦- ڕیکلام کردن بۆ خودا. وەک ئەوەی خودا جوانە یان خودا بەهێزە یان خودا بەسۆزە یان خودا میهرەبانە یان چی وچیی تر .
٧- خودا بەرجەستەکردن . وەک بەرجەستەکردنی خودا لە تەنێک شێوەیەک پەیکەرێک گیانەوەرێک وێنەیێک .

٨- بەکارهێنانی مەقامی خودا. وەک خودا ڕاستە ، خودا زانایە ، خودا ڕێنماییکەرە . خودا ئاگادار ،خودا چاودێرە ، خودا یارمەتیدەرە ، خودا بەخشندەیە. بۆ مەرامی تایبەتی و بۆ ڕێچکەو ڕێبازێک .
٩- بەراوردکردنی خودا . وەک خودا گەورەیە . خودا تاک و تەنیایە. لەگەڵ شتەکانیتر

١٠- بەکارهێنانی سۆزوعاتیفەی خەڵک . وەک ئەوەی پێشەوا ئاینیەکان لە مینبەرەکانەوە بانگەشەی پێدەکەن .

١١- دزی کردن بۆ خودا. وەک ئەو هەوڵ وکۆشش و تواناو لێهاتوییانەی مرۆڤایەتی و درانەپاڵ خودای ئاینێک.
١٢-درۆکردن بۆ خودا . وەک پێداگیری کردن لەسەر هەندێ بیردۆزەو بابەتی زانستی سەقەت و درانە پاڵ خواو ملکەچ نەکردن بۆ ڕاستیە زانستیە سەلمێنراوەکان.

١٣-شەرعیەتدان بەناوی خوداوە . وەک تالانی و کوشت وکوشتارو کۆکردنەوەی غەنیمەت و حەلاڵ کردنی قەدەغەکراوەکان بەناوی خوداوە

١٤ - لارکردنەوەی ڕاستیەکان بە گوێرەی چەند دەق و پرەنسیپێک کە بەناوی خوداوە تۆمار کراون.
١٥-هێناانەخوارەوەی پلەو ئاستی خودا بۆ جەدەل ونیقاشە مرۆییەکان.

١٦- خۆ دانە پاڵ خودا بۆ بەدەست هێنانی چەند دەسکەوتێک یان بۆ شکاندن و ملکەچ پێکردنی خەڵکانێک کە وەک ئەو بیر ناکەنەوە.
بێگومان خاڵەکان زۆر لەوە زیاترن . بەڵام ئەم خاڵانە ڕێنمایی و ڕێ ڕۆشن کەرەوەن بۆ خاڵەکانی تریش.

پازدەیەم / ئاڵوودە بوون

یەکێکی تر لەو تاوانانەی کە هەستی پێ ناکەین یان بە تاوانی نازانین بریتیە لە ئاڵوودەبوون .
لە ئالوودەبوونیشدا تەنها ئەو ڕووە بە تاوان ناسراوە کە مرۆڤ بە لایەوە قێزەونە .بەڵام لە ڕاستیدا خودی ئالوودە بوون تاوانەکەیە نەک ڕووەکانی تەنانەت ئالوودە بوون بە خوداناسی و ئاین و ئیمان و ئایدیۆلۆژیا وووو.
مەترسیدارن. چونکە ئالوودە بوون مرۆڤ بەرەو هەڵدێری لە خۆبایی بوون و شەڕەنگێزی و توندوتیژی و کەللەڕەقی و خۆ بەڕاست زانین و چەندین سیفەتی تر دەبات . دەرەنجامەکەشی لادەری و دۆگمایی و ون بوون و دۆڕان و ڕوو کردنە تونیلە تاریکەکانی ژیانە
بۆیە هاوسەنگی باشترین حاڵە مرۆڤ تێیدا لەنگەر دەگرێ. وە پێیەوە دەبێتە کەسێکی سەرکەوتوو لە هەر بوارێکدا .

شازدەیەم / تاوانی   (من دەزانم)

زانین دوای ئەزموون کردن و فێربوون دێت و مرۆڤ بە زانینەوە نەهاتوەتە دونیا. ئەو زانینە کەڵەکە بووەی لای مرۆڤ بەرهەمی فێربوونە لە دەوروبەرو ئەزموون کردنە لەلایەن خۆیەوە. لە دەرەوەی  ئەم دوو بابەتەدا شتێک نیە بەناوی زانین.
پەنا بردن بۆ دەستەواژەی  ( دەزانم) جۆرێک لە پچڕان دروست دەکا لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی . چونکە پێی وایە ئیدی پێویستی بە دەوروبەر نیەو نابێ . مرۆڤبوونیش بە سیفەتی ئەوەی ئەرک وبەرپرسیاریێتیە لەسەر شانی هەریەکێکمان ، هەر جۆرە دابڕان و دۆگمایی وچەقبەستوویەک تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنەکەی. کە ئەمانەش لێکەوتەی   (دەزانم) بۆیە مرۆڤ بۆ خۆپاککردنەوە لە تاوانی (دەزانم) تەنها پێویستە شێوازی دەربڕین و مامەڵەکردن لەگەڵ زانین بگۆڕێ لە  (دەزانم) ەوە بۆ ( دەبێ بزانم)
( دەبێ بزانم) مرۆڤ ئاشنا دەکاتەوە بە دەوروبەرو دەربازی دەکا لەتاوانی ( دەزانم) و مرۆڤ دەوروبەر بەهەند وەردەگرێ و بە گرنگی وبایەخەوە لێی دەڕوانێ و دەیاننرخێنێ.

حەڤدەیەم / هەست بریندارکردن

تاوانێکی تر لەو تاوانانەی لەبەر ئەوەی کە هێندە شاراوەیە کەم جار هەستی پێ دەکەین مەگەر زۆر زیرەک بین لە خوێندنەوەی ڕوخساری بەرامبەرەکانمان ئەویش بریتیە لە بریندارکردنی هەستی کەسی بەرامبەر جا مەرج نیە ئەو بریندارکردنە بە قسەیەک بێ ،چونکە جاری وا هەیە تەلمیحاتێکی ڕوخسار کەسی بەرامبەر تێک دەشکێنێ کە هەرگیزاو هەرگیز چاکبوونەوەی بۆ نەبێ . دەبێ چەندان کەس بەهۆی هەست بڕینداربوونەوە خۆیان کوشتبێ؟ دەبێ چەندەها کەس لە ئەوپەڕی سەرکەوتوویی ژیانەوە بەرەو شکستخواردوویی داکشابن.

تاوانی بریندارکردنی هەستی کەسی بەرامبەر هێندە گەورەیە کە هەرگیز داوای لێبوردن و داوای لێخۆش بوون و داوای بەخشین ناتوانێ سارێژی بکا. تاوانێکە تەنها بە سارێژ کردنی هەستی کەسە بریندارەکە بەشێوەیەک کە هیچ شوێنەوارێکی برینەکە بەسەر هەستەوە نەمابێ ، ئینجا ئەگەر بتوانێ بیسڕێتەوە ، ئەگینا بەهیچ شتێکی تر ناسڕێتەوە.

هەژدەیەم / تاوانی ڕەخنەگرتن

ئێمە چەندین جۆرەی ڕەخنەمان هەیە وەک ( ڕەخنەی سیاسی ، ڕەخنەی ئەدەبی ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ، ڕەخنەی زانستی ، ڕەخنەی خودی ، ڕەخنەی سینەمایی ، ڕەخنەی هونەری) هەر جۆرێک لەو ڕەخنانە دابەش دەبێ بەسەر ( ڕەخنەی ڕووخێنەر ، ڕەخنەی هەڵنان ، ڕەخنەی پیاهەڵدان ڕەخنەی بابەتی) لە نێویان دا ڕەخنەی بابەتی دابەش دەبێ بەسەر ( ڕەخنەی بێ بنەما ، ڕەخنە لەسەر بنەمایەکی زانستی) لەنێو هەموو جۆرەکانی ڕەخنەدا تەنها ڕەخنەی بابەتی (ئەویش بەو مەرجەی کە لەسەر بنەماییێکی زانستی بێت) و بەدەر لەوەش دەبێ ئەو ڕەخنەیە دوور بێ لە نیازی خراپ و تەنها نیازمەندی هەڵسەنگاندنی بابەتەکە بێ بەبێ لایەنی . تەنها ئەو جۆرە ڕەخنەیە دروست و تەندروستە ، جۆرەکانی تر دەچنە خانەی تاوانباری نەک ڕەخنە .

چونکە ئەرکی ڕەخنە ئەوەیە ببێتە پاڵپشت و پشتگیری لە بابەتێکی هەڵسەنگێنراو . بۆ ئەوەی بابەتەکە پاک بکرێتەوە لەهەر کرچ و کاڵیەک و خوێنەریش لە ڕێی ڕەخنەکەوە تەنها بەدواداچوون بۆ خاڵە بەهێزەکانی بابەتەکە بکات . ترازان لەو ئەرکە ڕاستەقینەیە ،ڕەخنەگر دەکاتە تاوانباری ڕەخنە.

زۆرن ئەو ئاینپەرستانەی کە بەناوی خوداوە کارەکانیان ڕاهی دەکەن . بۆ نموونە : دایک وباوک لە پەروەردەکردن وبەخێوکردنی منداڵ ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕن . بەڵام بەدڕەوشتیە ئەگەر ئەو منداڵە لە تەمەنی هەڕەتی لاویدا بە دایک و باوکی بڵێ : خودا ڕزقی داوم و بەخێوی کردووم ،وە خودا لە ڕووی ڕەوشتەوە پەروەردەی کردووم وهیدایەتی داوم. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ بنەماییێکی نیە، لەگەڵ ئەوەشدا بێڕێزیکردنە بە دایک و باوک .

یان کەسێک چەندین ساڵە تووشی حاڵەتێک بووەو دوعا دەکا کە چاک بێتەوە کەچی هیچ کاریگەریەکی نیە .بەڵام لە کۆتاییدا ڕێنمایی دەکەن بۆ لای دکتۆرێک و ئەویش نەشتەرگەریەکی سەرکەوتووی بۆ ئەنجام دەدا و چاک دەبێتەوە . کەچی لە جیاتی دەستخۆشی وسوپاسگوزاری لە دکتۆر ، دەست بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان ودواتر کڕنۆش دەبا بۆ خوداو دەڵێ: زۆر سوپاس خودایە، وەڵامی دوعاکانت دامەوەو ئەو دکتۆرەت کردە هۆکار بۆ نەخۆشیەکەم .بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی بێ ئینسافی وبێ مۆڕاڵیە . چونکە ڕۆڵی سەرەکی دکتۆر بێ بایەخ دەکرێ وتەنها وەک ڕۆبۆتێکی هۆکارەکان سەیر دەکرێ . نموونە زۆرن بۆ  ئەم باسە، بەڵام مشتێک نموونەی خەروارێکە.

ڕەوشتی جوان ئەوەیە کەماف بدەی بە هەر کەسێک کە ڕۆڵیان بینیوە لە بنیات نان وداڕشتنەوەی کەسێتی تۆ ،هەروەک چۆن نرخ دەدەی بە هێنانە دونیات لەلایەن خوداوە وەک ئەو شێوە هەبووەی ئێستات.

لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی فیزیایی ئەو دیاردەیە بوونی هەیە . بەڵام بەو شێوەیەش نیە کە ئاین تێی گەیاندووین کە هەر کارێک ئەنجامی بدەین ، بەو شێوەیە دێتەوە ڕێمان ، بۆ نموونە: تۆ کردەوەیەکی خراپ (زینا) دەکەی. ئەوا کاردانەوەکەشی بە هەمان شێوەیە. بۆ نموونە کەسێک لەگەڵ ئافرەتێکی سۆزانی زینا دەکات. کاردانەوەکەش ئەوەیە کە دەبێ خێزانەکەشی ئەوە بکات. هەرچەندە داوێن پاکیش بێ . بەڵام ئایا ئافرەتێکی سۆزانی کە بە ئازادیی خۆی کارێکی وا دەکات. بۆ دەبێ لە بەرامبەردا ئافرەتێکی داوێنپاک باجەکەی بدات و هەمان کردەوەی بەسەردا بێتەوە )چونکە کارو کاردانەوەیە( ئایا ئەمە بڕیارێکی ستەمکارانە نییە؟ بەڵێ کارو کاردانەوە بوونی هەیە ، بەڵام بەو شێوە داسەپاوەش نیە کە لە پێناوی یاساکەدا هیچ کەسێکی بێ تاوان مەحکوم بێ بە داسەپاندنی هیچ بڕیارێکی نابەجێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاروکاردانەوە لە هەر شتێکدا ڕێژەییە.
بۆ نموونە : من تۆپێک دەکێشم بە دیوارەکەی بەرامبەر خۆمدا . ئەوە کارەکەیە. کاتێ تۆپەکە بۆ لای من دەگەڕێتەوە ،ئەوە کاردانەوەکەیە. بەڵام ئەو هێزەی من کێشام بە تۆپەکە ، یەکسان نییە بە هەمان هێزی کە بۆم دەگەڕێتەوە. ئەو هێزەی کە بۆم دەگەڕێتەوە، نیوەی ئەو هێزەیە کە من ئاڕاستەم کردبوو . هەرچەندە تا لە دیوارەکە نزیکتر بم ، گوڕی هێزەکە زیاترە . تا لێی دوورتر بم ، گوڕی هێزەکە کەمترە.
بەڵام بە شێوەیەکی فیزیایی ئەگەر بە ئاڕاستەیەکی لار تۆپەکە بکێشم بە دیوارەکەدا ، ئەوا ڕاستە کارەکەی من کاردانەوەی دەبێ ، بەڵام ئاڕاستەی کاردانەوەکە بە لایەکی تردایە نەک بۆ لای خۆم . کەواتە هۆکارەکانی کارو کاردانەوە زۆرن . نەک هەر خێرێک بکەیت و بۆت بگەڕێتەوەو هەر شەڕێکیش کە بیکەی بۆت بگەڕێتەوە.

# بەشی بیست و دووەم
# ترس و مردن

مرۆڤ بە سرووشتی خۆی هەست بە ترس دەکا ،چونکە مەترسیەکانی پێشووتری ئەزموون کردوە. بەڵام لێرەدا بەراوردێک هەیە لەنێوان هەست کردن بە ترس و وەهمی ترس . وەهمی ترس بریتیە لە ترسە ئەزموون نەکراوەکان، کە لەوانەیە هەندێک لەو ترسانە بوونیان نەبێت یان بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست لە قەبارەی خۆی گەورەتر کرابن.
تا ئێرە باسی ترسە سرووشتیەکانە. بەڵام چەندین ترسیش هەن کە مرۆڤ خۆی دروستی کردوون .وەک ترسە پڕوپووچە ئاینیەکان یان ترسە دروست کراوەکانی ناو ڕووداوەکان و چیرۆک وداستانەکان وئەفسانەکان بەڵام جۆرێکی تری ترس بەهۆی کارو بەرهەمی دەستی مرۆڤ دێنە کایەوە وەک مەترسی تەزووی کارەبا ،چەکە کۆکوژەکان، زیرەکی دەسکردو چەندین بابەتی تر .
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مرۆڤ تاکە بوونەوەری ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو جۆرە ترسەکان و مەترسیەکانە . کە دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێت و هەرچی ترسە بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەمە ئەرکێکە لە ئەرکە مرۆییەکانی مرۆڤ کە دەبێ زاڵ بێ بەسەر ترس دا تەنانەت ئەو مەترسیانەش کە بە دەستی خۆی دروستی کردوون و دروستیان دەکات ، مرۆڤ نابێ ترس بکاتە کۆت و پێوەندی هەنگاونانەکانی .

## گیانبەخشینی پیرۆز یان شەهیدبوون؟

ئێمە بەرامبەر هەر شتێکی بە نرخ وبەهادار شتێک دەبەخشین تا بە دەستی بێنین. ئایا دەبێ چ شتێک لە ژیانی مرۆڤ بەهادارتر بێ تا مرۆڤ شتێکی بەهادارتری لە بەرامبەر دابنێ؟ بێگومان ئەوەی کە لە ژیانی مرۆڤ بەهادارترە شکۆیە. مرۆڤبوون واتە شکۆمەندی ، مرۆڤ کە شکۆی نەما یان شکۆمەندیی لە دەست دا لە مرۆڤبوون دادەشۆرێ. تەنها لە ڕووی جەستەوە لە مرۆڤ دەچێ . بۆیە تەنها لە پێناو بەرگریکردن لە شکۆمەندیدا دروستە گیان ببەخشی.ئەم گیانبەخشینە پیرۆزترین هەڵوێستی مرۆڤبوونە لە پێناو شکۆمەندیدا.

لە بەرامبەر گیانبەخشینی پیرۆزدا لە ئاین شتێک هەیە پێی دەڵێن شەهیدبوون . بەڵام شەهیدبوون بە هەموو ئەو پێناسانەی کە هەیەتی ،تەنها بەرگری کردنە لە ئاین وخودای ئاین و پیرۆزیەکانی ئاین و هیچ پەیوەندیەکی نیە بە شکۆمەندی مرۆڤەکانەوە. دەکرێ کە سێکی زۆر هیچ وپووچ بە پلەی شەهیدی بگات بەو پێوەرانەی کە لەنێو ئاین دەستنیشان کراون. تەنانەت شەهیدبوون لکێنراوە بە باوەڕی ڕاستەقینە بە ئاینەوە.

# ئۆباڵی مردن بە ئەستۆی کێ؟

لەنێو هەموو پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤدا هەست و هۆش هەیە. واتە هەربەشێک یان هەر خانەیەکی لەشی مرۆڤ بگری هەست و هۆشی تێدایە کە هەریەکەو کارو وەزیفەی سەربەخۆو تایبەت بەخۆی هەیە . هەستەکانی مرۆڤ بریتی نین لە تەنها پێنج هەستەکە (بینین ، بیستن ، تام کردن ، بۆن کردن ، بەرکەوتن) چونکە ئەمانە دەرچەکانی هەستن . بەڵکو چەندین هەستی شاراوە هەن کە بەتێپەڕبوونی پرۆسەی ئەزموون کردنی ژیان دەردەکەون.

بەڵام سەبارەت بە هۆش ، هاوشانی هەر هەستێک لەنێو هەر پێکهاتەیکی لەشدا هۆش هەیە . کاری هەستەکان بریتیە لە گواستنەوەی وێنەی هەر ڕووداوێک یان بوونێک یان شتێک بۆ هۆش ، هۆشیش شیکاری دەکات و ئەنجامێک دەدات بە دەستەوە . ئەم کاروچاڵاکیەی نێوان هەست و هۆش دەبێتە ئاگایی لە مرۆڤ دا . واتە (هەست + هۆش = ئاگایی ) هەست بریتیە لە بەشە مرۆییەکەی مرۆڤ . وە هۆشیش بریتیە لە بەشە خواییەکەی مرۆڤ . لە ئەنجام دا دەبێتە ئاگایی لە مرۆڤ دا.

هەست و هۆش وەک دوو لای دراوێک وان لە مرۆڤدا ، هیچیان بێی ئەویتر نابێ . لەناوچوونی هەرکامێکیان یەکسانە بەلەناوچوونی ئەویتر . کە لە ئەنجام دا دەبێتە سفر بوونەوەی ئاگایی (کە ئێمە پێی دەڵێین مردن) کاتێک مرۆڤ ئاگایی نامێنێ ( واتە لایەنە مەعنەویەکەی مرۆڤ) ئەمە دەبێتە هۆی لە جووڵە کەوتنی جەستەی مرۆڤ ( لایەنە ماددیەکەی مرۆڤ) لەو حاڵەتەدا ئەو جەستەیە هیچ جوڵەیەکی ماددی و مەعنەوی تێدا نامێنێت و کۆتایی بە ڕۆڵی خۆی دێنێت لە دونیاو لە ژیان.

کاتێ جەستە دەچێتە ئەو بارودۆخەوە ، ئیتر ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگا کە مشوورێکی بخۆن و بەهەر شێوازێک کە شایستەیە بە هەڵگرتن یان لەناو بردنی جەستەکە . جا لەو حاڵەتەدا هەڵکەندنی گۆڕ بۆ جەستەکە یان سووتاندن یان بەهەر شێوەیەکی تر . بەهەرحاڵ ئەمە دەوەستێتە سەر بیروباوەڕی کۆمەڵگاو نەریتی کۆمەڵگا ڕێزگرتن لەو مردوە دیاری دەکات (هەرچەندە بە هەر شێوەیەک بێ هەر دروستە ، بە مەرجێک جەستەکە لەبەر چاو ون بکرێ و نەبێتە ڕێگر لەبەردەم زیندوەکان ونەبێتە مایەی پیس بوونی ژینگە)

# بەشی بیست و سێیەم

# دونیایێکیتر

ئایا خودا پاداشت و سزای هەیە؟

لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە ویستی خۆی نەهاتۆتە دونیاوە، بەڵکو بەویستی خودا هاتۆتە دونیاوە ، ناچێتە عەقڵیشەوە کە خودا لەگەڵ ویستی خۆیدا لە ململانێ و لە جەنگدابێ ، سزای ویستی خۆی بدا ، بۆیە هەر بۆ چوونێک دەربارەی سزای خودا لە دونیایەکی تر ڕاست نیە. خودا سزادانی نیە .
سەبارەت بە پاداشتیش ، هەروەک گوتومە : خودا ڕاستگەڕە )واقیعیە( واتە هەموو شتێک دێنێتەوە ڕێگەت ، تۆ هەوڵ دەدەیت و بەرامبەر ئاستی هەوڵدانەکەت ،خودا پاداشتت دەداتەوە بە سەرکەوتن یان دەسکەوت وسوودو قازانج.
کەواتە: خودا سزادانی نیە .ئەوە خۆتی سزای خۆت دەدەی بەبڕیاردانی هەڵە لەسەر خودا و پشت کردن لەهەوڵ وتواناکانت بۆ سەرکەوتن و دەسکەوتنەکانت. بەڵکو خودا پاداشتی هەیە، پاداشتی خوداش بریتیە لەو سەرکەوتن و دەسکەوتانەی کە لەڕێی هەوڵ و کۆششەکانت بەدەستی دێنی و خوداش سەرچاوەی هێزو وزەی ئەو هەوڵ وکۆششانەیە.

خودا سزادانی نیە ، بەڵکو یاسای هەیە بۆ سزا.

گوتمان: پاداشتی خودا واتە : سەرکەوتن ودەسکەوتی سەرکەوتن. سەرکەوتنی کەسێک کە هەموو دەوروبەرەکەی پێی دەزانن و دەست خۆشیی لێ دەکەن. بەڵام کاتێک کەسێک لەنێو هەموو سەرکەوتوەکان دا پلەی یەکەم بە دەست دێنێ، پێی دەڵێن: ئەستێرە و هەموو خەلک هەست بەو سەرکەوتنە دەکەن ، ئەمە پاداشتی خودایە کە لە ڕێی هەموو خەڵکەوە بۆ ئەو کەسە ئاماژەی پێ دەدرێ . وە ئەو کەسەش خۆی هەستی پێ دەکات. بەڵام کەسی شکستخواردو ، کەسێکە کەمتەرخەمی کردوە لەو ئەرکەی کە پێی سپێیردراوە یان بەجوانی پێی هەڵنەستاوە. بۆیە لە کاروانی چرکەکانی کاتدا جێ دەمێنێت و لە کاتێکی درەنگتردا بە ڕێ دەکەوێ . لەو کاتەدا کەسی شکستخواردو چۆتە ناو یاساکەوە (یاسای سزا) ، چونکە ئەسڵ وایە مرۆڤ لەگەڵ کات دا ڕێ بکا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانی . چونکە هەموو تەنەکان ،گەردیلەکانیان بەردەوام لە جووڵەدان بەو جوڵە/کاتەی کە پێویستە بۆیان ، مرۆڤیش بەهەمان شێوە پێویستە پابەند بێ بەو جووڵە/کاتەی کە پێویستە بۆ ئەرکی سەرشانی.
بەڵام لەبەر ئەوەی کە کەسی دۆڕاو مەحکوم نابێ بەشکست خواردن و لەوانەیە لە دەرفەتێکی تردا باشتر هەنگاو هەڵنێ بۆ ئەوەی بە پێش کاروان بکەوێتەوە. بۆیە دەڵێین : خودا سزا دانی نیە ، بەڵکو یاسای سزای هەیە .
هەرکاتێک یاساکە بیگرێتەوە، ئازار دەچێژێ.، بەڵام دەرفەتی هەیە بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆزەخە ڕزگار کات ، نەک وەک ئەوەی کە خودا شوێنێکی هەبێ بۆ ئازاردان و هەتاهەتایی تیایدا بمێنێتەوەو ئەو کەسە بێ بەش بێ لە ئۆڤەرە خوداییەکان.

## پاداشت و سزا تەنها درۆیێکە.

پاداشت وسزا  کە داهێنراوێکە وەکو هەموو داهێنراوەکانی تری ئاین بۆ فریودان و چاوترساندنی مرۆڤ . کە بەهۆیەوە سێ بەشی خەڵکی سەر زەوی پی ڕاوکراوە  بۆ ئاین و لە ڕێگەی ئەم بیروباوەڕە پڕوپوچە  خەلک وەک  نێچیر کەوتۆتە داوەوە.
بەو  سیفەتەی کە ئاین خودا بە خالیق دەزانێت و مرۆڤیش بە مەخلوق ، با بزانین ئایا پاداشت وسزا بۆ کامیان شیاوترە. بێنە پێش چاوی خۆت . تۆ داوای ئۆتۆمبیلێک دەکەی لە کۆمپانیایەک . بەڵام ئۆتۆمبیلەکە بە کوالێتیەکی خراپەوە بە دەستی تۆ دەگات. تۆش دەچیت سکاڵا لە دژی کۆمپانیاکە تۆمار دەکەی .داواکاری گشتیش ڕەزامەندی لەسەر سکاڵاکەت دەردەبڕێت و ماف بە سکاڵاکەت دەدات و هەڵدەستێ بە پێی یاسا سزا دەردەکا بۆ ئەم کۆمپانیایە. بەڵام ئاخۆ  سزاکە بەر کامیان دەکەوێ ؟ خاوەنی کۆمپانیاکە  (خالیقی ئۆتۆمبیلەکە) یان ئۆتۆمبیلەکە (مەخلوقەکە)؟ واتە : ئایا ئەو  کاتە دروستکارەکە سزا وەردەگرێ بەپێی یاسا یان دروستکراوەکە؟ بێگومان  لەو حاڵەتەدا دروستکراوەکە هیچ تاوانێکی نیە. بەڵکو تاوانبارەکە دروستکارەکەیە.
بەو پێیە بە گوێرەی یاسای وجوودی ئەگەر پاداشت و سزایێک هەبێ ئەوا بۆ خالیقی مرۆڤە نەک مرۆڤ واتە : ئەگەر مرۆڤ کوالێتیەکەی باش بوو ئەوا دەبێ خودا پاداشت بکرێ ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ کوالێتیەکەی خراپ بوو ئەوا دەبێ خودا سزا بدرێ ،بەو پێیە مرۆڤ هیچ تاوانێکی نییە لەسەر ئەو کارو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدات چونکە مەخلوقە.
بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە. ئایا خودا چ پێویستی بە پاداشتە؟ کێ پاداشتی بکا؟ یان کێ خودا سزا بدا؟ کێ دەتوانێ خودا سزا بدا؟ ئەم پرسیارانە بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کە پاداشت و سزای دونیاکەی تر ،تەنها درۆیێکەو هیچی تر.

هەر بیروباوەڕێک لێکەوتەی بابەتێکە .سەرچاوەی هەر بابەتێکیش دەرەنجامێک یان ڕووداوێکە . باس وخواسی دونیاییێکی تر چەندین ڕەهەندی هەیە کە بە هەموویانەوە بیروباوەڕێکی لەم شێوەیەی ئێستای لێ وەبەر هاتوە. بوونی پێشکەوتن و شارستانیەت و دۆزینەوەی نوێ و دابین کردنی هۆکارەکانی ژیانێکی نموونەیی و خەیاڵ ئامێزو پڕ لە خەیاڵی زانستی و بەرزبوونەوەی چینێک بەهۆی دەست گرتنیان بە زانستەوەو بەرەو پێش چوونیان لە چاو تروکانێکدا و ون بوونیان لە چاو تروکانێکدا کە ڕەنگە بەهۆی هۆکارەکانی شارستانیەتی سەردەمی خۆیان هەسارەی تازەیان دۆزیبێتەوە کە هەزاران جار لە ژیانی سەرزەوی خۆشترو شایستەتر بوو بێت و ڕوویان لەوێ کردبێت و تەنها چیرۆکەکانی ئەوان بۆ ئێمە مابێتەوەو بووبێتە مایەی لە دایک بوونی تێگەیشتنێکی لەو شێوەیەی ئێستا کە پێمان وایە ژیانێکی تر هەیە تێیدا بە هەمیشەیی دەمێنینەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دۆزینەوەی شوێنێکی شایستە کە ئێمە ناومان لێناوە بەهەشت بەوە دەبێ کە دەست بگرین بە هۆکارەکانی پێشکەوتن و شارستانیەتی تازە . نەک وەهمی شوێنێکی لەو شێوەیە . چونکە ئەو وەهمە کە ئێمە ناومان لێناوە باوەڕ ، بەسەر باڵی خەیاڵەوە نامانگەیەنێتە شوێنی شایستە بە ژیان .

بەڵێ ژیانی ئێرە شایستە نیە بە کەسێک کە جوانتر بیر دەکاتەوە .بەڵکو تەنها شایستەیە بە کەسێک یان کەسانێک کە قاچیان لێرە چەقیوەو ناتوانن لێی دەربازبن .

ژیانی ئێرە بە بەراورد بە تواناکانی مرۆڤ زیندانێکە . زیندانێکی گەورەی نموونەیی کە هەموو شتێکی تێدا دابین کراوە بۆ مرۆڤ .بە مەرجێک کە هەست بە بێزاری و بێ تاقەتی نەکا. بەڵام لە کۆتاییدا ئێرە هەر زیندانە . ژیانێکی شایستەتریش بەندە بە توانا مرۆییەکان و ئەوانەی کە لە ئاست ئەو توانا مرۆییانەن .

من پێم وا نیە هیچ شارستانیەتێکی پێشین لەناو چووبێ . بەڵکو تەنها لەو زیندانەی ئێرە ئازاد بوون و لە شەقەی باڵیان داوەو هەڵفڕیون بۆ دارستانە چڕوپڕەکەی نێو گەردوون و شوێنێکی شایستەتریان دۆزیوەتەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە کە سەرکەوتووش نەبووبێتن و شکستیان هێنابێ و کۆتاییان بریتی بووبێ لە جیرۆکێکی تراژیدی.

ڕێ کردنی مرۆڤ بەسەر هەمان ڕەوتی شارستانیەتی پێشین هەمان سیناریۆ دووبارە دەکاتەوە، هەروەک دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بەڵام لە هەموو حاڵەتەکان تەنها چینە پێشکەوتووخوازەکە هەلی ژیانی شایستەیان دەبێت و ئەوانی تر تەنها چیرۆک. واتە چینێک خاوەنی ژیانە ڕاستەقینەکەو چینەکەی تریش خاوەنی ژیانە وەهمیەکە . چینێک خاوەنی ژیانە بەهەشتە ڕاستەقینەکەو چینێکیش خاوەنی بەهەشتە ئیمانیەکە، چینێک خاوەنی هۆکاری زانستی گەیشتن بەو شوێنەو چینێک خاوەنی دروست کردنی ئاینێک بە خەیاڵی هەڵفڕین بۆ ئەو شوێنە. چینێک خاوەن ویست و توانا بۆ گەیشتن بەو شوێنە ،چێنیکی تر خاوەن خەونبینین بەو شوێنە . چینێک خاوەن چێژ بینین لەو شوێنە، چینێکیش تەنها خاوەن بۆن کردنی ئەو شوێنە .

بە هەرحاڵ هەر ئەوانە سەرکەوتوون کە دەست دەگرن بە هۆکارەکانی زانستەوەو هەر ئەوانەش دۆڕاون کە دەست دەگرن بە هۆکارەکانی خەون وخەیاڵ و وەهمەوە.

 له كۆتاییدا

## ئاگاتان لە تەڵەی ناوبانگ بێ.

کەس نیە لە ئێمە خۆزگە بە بەناوبانگبوون نەخوازێ. هەموومان سەرقاڵی خوێندنەوەی ژیاننامەی ئەو کەسانەین و هەوڵی بۆ دەدەین . کەواتە هەوڵدانەکانمان لەسەر بەناوبانگ بوون چڕ کردۆتەوە نەک لەسەر گەیشتن بە ڕاستیەکان . ئاگاداری هەوڵدانەکانتان بن . ئاگاداری کۆشش و ڕەنج و ماندووبوونەکانتان بن .

ئەوانەی بەناوبانگن و لە ژیاندان . دەتوانن بچن و لە دەمی خۆیانەوە ڕاستیەکان ببیستن . بەهۆی ناوبانگەوە ناتوانن هەموو جل و بەرگێک بە دڵی خۆیان بپۆشن . ناتوانن بچنە هەموو شوێنێک . ناتوانن هەموو قسەیەک لە هەموو کات و شوێنێک بکەن . دەبن بە دیل و بەندی نێو قەفەسی ناوبانگەکەیان.

ئەمەو جگە لەوەی ناوبانگ ناچارت دەکا بە کردنی هەندێ شت کە خۆت باوەڕت پێی نیە . جگە لەوەش چەندەها کەس بەهۆی ناوبانگەوە ناویان لەکەدار بووەو ناوبانگ لە خشتەی بردون .بەهۆی ناوبانگەوە لە لوتکەوە هەڵخلیسکاون و کەوتونەتە ژێری ژێرەوەی لوتکەکە.

ئەمانە بەڵگەن کە هەوڵ و تواناکان بۆ ناوبانگ نیە لە بنەڕەتدا بەڵکو هەوڵدان و تواناکان بۆ گەیشتنە بە ڕاستیەکانی ژیان.

زۆربەی ئەوانەی ئێستاو ئەوانەی لە مێژوودا ناوبانگیان دەرکردوە . بەهۆی بەرژەوەندیەکانەوە بووە یان دەستێک هەبووە لە پشتەوە کە کاراکتەرەکەی وەک بووکەڵە بەکار هێناوە. بۆ مەرامەکانی و لە بەرامبەردا شکۆی ناوبانگی پێ بەخشراوە . ناوبانگ تەنها سەراب و تراویلکەیەکە کە هەوڵ دەدەی بیگەیتێ و وا دەزانی ئاوە بۆ ژیان کەچی نازانی تەنها سەرابەو ڕەنگدانەوەو تێکشکانەوەی خەیاڵەکانی خۆتەو هیچیتر.

فریو مەخۆ بە بەناوبانگ بوونەوە ڕێگە ڕاستەکەی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان بەرنەدەی.

# پێڕست


خوداییێکی ڕاستەقینە لە مرۆڤێکی ڕاستەقینەدا 1
وتەی نووسەر 3
پێشەکی 6

بەشی یەکەم

چیەتیی خودا

ڕاستیەکی بنەڕەتی 9
ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکان 10
خودا چییە؟ 11
بناغەی چییەتی وچۆنیەتی خودا 12
خودا چیە؟ خودا کێیە؟ خودا چۆنە؟ 13
خودا چیی لە ئێمە دەوێ؟ 14
حەقیقەتی گشت وحەقیقەتی ڕەها 15
حەقیقەتی وجوود وحەقیقەتی خودا 16
هەموو شتێک سەربەخۆیەو سەربەخودایە 17
چۆن وێنا خودا بکەین ؟ 18
جیهانی ماددە ، وێنەدانەوەی خودایە 19
چۆن بزانین ئەو خودایەی کە وێنامان کردوە، ڕاستەقینەیە؟ 21
شێوەی خوداو تێگەیشتنی مرۆڤ 23
خوداو بوون 24
جیاوازیی خوداو بوون 25
بوونی خودا یان خودابوون؟ 26
هەبوون کاردانەوەی هۆکارێکە 27
یەکیەتیی بوون 28
خوداو مانا 29
توانای مرۆڤ و مانای خودا 30
ئێمە تەنها مانا بە خودا دەبەخشین 32
ئایا خودا بەبێ وجوود ، هیچ مانایەکی هەیە ؟ 33
حەقیقەتی خودا 34

ئایا خودا ڕاستیەکی بنەڕەتیە یاخود ڕاستیەکی سەلمێنراو؟ 35
مانای خودا + حەقیقەتی خودا = جوان کردنی خودا 36
خودا – بوون – ئاگایی - ژیان – کات – مردن 37
خودا بنچینەی هەبوونەو سەرچاوەی ئەندێشەیە 38
خودا لەنێو شتەکان دایەو شتەکانیش لەنێو خودا دان 39
گەر خودا هەموو شت بێ ، ئەی چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین ؟ 40
خودا نە ژمارەیەو نە ژمارە یەک 41
من یەکەم نەک خودا 41
خودا لە ماهیەتی هەر شتێکدا یەکە نەک لە دەرەوەی شتەکان 42
فۆبیای (هیچ ) 43
خودا ، بوونێکی دیاریکراو نییە 44
خودای ( گشت ) و خودای (خود ) 45
جیا کردنەوەی خودای ڕاستەقینە لە خودای دەسکرد 46
جۆرەکانی خودا 52
هەستی هاوتەریب 54
هەرچیی دەربارەی خودا دەیڵێین تەنها بەشێکی ڕاستیەکەیە 56

## بەشی دووەم

## ناسین و باوەڕ بوون بە خودا

موعجیزەی ئیمان 58
باوەڕ بوون بە خودا 59
چۆن باوەڕ بنیات بنێین ؟ 63
پایەکانی باوەڕ 64
تازە بوونەوەی باوەڕ بوون بە خودا 65
بیرو باوەڕ بنچینەی عەقڵە 66
کەی (ئیمان ) باوەڕ گەندەڵ دەبێ ؟ 67
هەر پڕو پاگەندەیە دەبێتە بیروباوەڕ 69
ئایا خودا لەنێو باوەڕدا جێگەی دەبێتەوە؟ 70
باوەڕداری واتە ئازادبوون لە بێ مانایی 71
دۆگمایی لە بیروباوەڕ 73
ئیمان یان مەعریفە؟ ئیسلام یان قەبووڵ کردن؟ 74
پێوەری کوفروئیمان یان هۆشیاری و ناهۆشیاری ؟ 75

هۆشیارو ناهۆشیار 76
عیرفانیەت سەرووی ئیمانە 77
خودا لە باوەڕەوە بۆ ناسین 78
خوداناسی لە تای تەرازووی ناسین وزانین دا 79
ناسینی خودا پێویستیی بە زانین هەیە 80
هەر شتێک هۆکارێکە بۆ خوداناسی 81
بەشی سێیەم
هەست و هۆش وخودا
خوداناسی تاسە وتامەزرۆییە نەک سۆزو عەشق 84
خودا هۆشە ،بوونیش هەستە 85
خوداو هەست 86
خودا لە هەستەوە بۆ ئاگایی 87
خودا پڕیەتی لە هەستی شاراوە 89
ئەو کاتە خودا خۆی بە مرۆڤ ناساند ، کە هەستی پێی کرد 90
تەنها عەقڵ ، ماڵی خودایە 91
پەیوەندی کردن بە خوداوە لە ڕێی عەقڵەوە ، نەک گفت وگۆی 92
خودا بیر کردن وبیرکردنەوەیە (زیکرو فیکر) 93
تا تێگەیشتنمان بەرزتر بێتەوە ، خوداناسیمان فراوانتر دەبێ 93
بەشی چوارەم
مەقام و حاڵی خودا
هیچ گفت وگۆیەک لە نێوان مرۆڤ و خودا ڕووی نەداوە 95
ناوی ڕاستەقینەی خودا 96
سەرچاوەی هێز (خودای پەروەدگار ) سەرچاوەی وزە(خودای 97
گەڕاندنەوەی مافی خودایێتی بۆ خودا 99
بە لاڕێدا بردنی حەقیقەتی خوداناسی 100
خودای ڕیکلام یان خودای بابەتی ؟ 101
خوداو سیفەت 102
داڕشتنەوی چەمکی بەخشندەیی 103
خاوەندارێتی 104
خودا سەرچاوەی هێزو وزەیە لە هەموو شتێکدا 105
خودا لە هەموو شتێکدا بێ مەبەستە 106

کام ئایەت ( نیشانە ) لە خوداوەیە ؟ 107
خودای حاڵەتە دەروونیەکان 108
خوداو بەکارهێنان 109
ئایا یادی خودا حاڵەتە یان حەرەکەت ؟ 110

بەشی پێنجەم

ویست و مەبەستی خودا

خودا بۆ ئێمە مەبەستە 112
ئایا خودا مەبەستە یان ئامانج؟ 113
خودا سەرپەرشتیارە 114
ویستی خوداو ویستی مرۆڤ 115
هەموو شتێک لە خوداوەیە ، تەنها (ویست ) لە مرۆڤەوەیە 116
خوداو ویست و مرۆڤ و بڕیاردان 118
توانا هێندەی ئازادیە 119
ئایا خودا دەسەڵاتدارە ؟ 120
کاریگەری خودا 122
تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی خودایی 123
ئایا خودا گوڕ تینە یان بەردەست و مەئمور ؟ 124

بەشی شەشەم

دروشم و پەرستشی خودایی

خوداپەرستن 126
چ بپەرستین 128
خودا پەرستی واتە حەقپەرستی 129
بەندایەتی 130
چۆن دەگەین بە خودا ؟ ( گەیشتن بە خودا) 132
بە ڕۆژوو بوون 133
دوعاو پاڕانەوە 134
ناردنی هەست لە بری دوعاو پاڕانەوە 135
وەڵامدانەوەی دوعا 136

بەشی حەوتەم

سۆزو ڕەزامەندیی خودا

میهرەبانی (هاوسەنگیە لەنێوان شتەکان ) 138

فراوانی ، میهرەبانیی خودایە 139
سۆزی خودایی 140
بازنەی سۆز 141
میزاجی خودا 142
نیشانەی ڕەزامەندی خوداو ناڕەزایی خودا 143
نیشانەو ئاماژەکانی خودا 144

## بەشی هەشتەم
## هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر خودا

ئایا خودا فێڵ لە مرۆڤ دەکات ؟ 146
تەنیایی بۆ چی ؟ تا کەی ؟ 147
گاڵتە بە خودا مەکەن 148
پشت بە خودا بەستن یان پشت بە خود بەستن ؟ 150
هیچ هیوایەک لەسەر خودا هەڵمەچنن 151
بەهرەکان هۆکارن بۆ ڕزق و ڕۆزی ، 152
بەختەوەری لە ناخ دایە نەک لە ئاسمان 154

## بەشی نۆیەم
## پیرۆزیەکان و نەفرەتیەکان

پیرۆزیەکان 156
پیرۆزیی بۆ چیە ؟ 156
پیرۆزیی خودا 157
نەفرەتیەکان 158

## بەشی دەیەم
## حوکم و شەریعەت و یاساو فەرمانەکانی خودا

جیاوازی لە نێوان فەرمانە خوداییەکان و فەرمانە مرۆییەکان 160
حوکمی خودا ئەزەلیە 161
یاسای خودا لەگەڵ شەریعەتی ئاینەکان هاودژە 162
قانون یان شەریعەت ؟ 163
بنەمایەک بۆ حەڵاڵ و حەرام بەبێ گەڕانەوە بۆ ئاین 164

## بەشی یازدەیەم
## خوداوەندو شەیتان

خوداو شەیتان ، دوو دەسەڵاتی خۆ سەپێنی نهێنی
یەکەم / بازنەی داخراوی سرووشت 166
دووەم / مەدح و سەنای خوداوەند 167
سێیەم / خودا یان خوداوەند ؟ 168
چوارەم / جیا کردنەوەی خوداوەندی ئاسمانی لە خوداوەندی 170
پێنجەم / هەردوو دەوڵەتەکە داکۆکی لەسەر یەک جۆر خودا 172
شەشەم / خوداوەندی پیرۆزیەکان و خوداوەندی نەفرەتیەکان 173
حەوتەم / کێ دەڵێ خوداو شەیتان دوژمنی یەکترن ؟ 174
هەشتەم / دەسەڵاتی شاراوەو دەسەڵاتی ئاشکرا 175
نۆیەم / ڕێککەوتن لەسەر گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ ڕابردوو 176
دەیەم / دەستاو دەست کردنی دەسەڵات لەلایەن هەردوو هێزەکەوە177
یازدەیەم / ململانێی ڕاستەقینەی هەردوو هێزەکە 178
دوازدەیەم / فیتنەی خوداو شەیتان 180
سێزدەیەم / خودا بۆ کۆیلەیی و شەیتان بۆ بەڕەڵڵایی 181
چواردەیەم / باوەڕداری کۆیلەو بێباوەڕی ئازاد 182
پازدەیەم / بەکار هێنانی جۆری ڕەگەز 183
شازدەیەم / ئاماژەکان دیارن 184
حەڤدەیەم / ڕقی پیرۆز 185
هەژدەیەم / مەرامی هەردوو هێزەکە دیارە چیە 186
نۆزدەیەم / دژایەتی و جەمسەربەندی 188
بیستەم / بەرهەمی هەردوو دەسەڵاتەکە 189
بیست و یەکەم / مرۆڤی (ئاژەڵی ماڵی) مرۆڤی ( ئاژەڵی کێوی)190
بیست و دووەم / مردن 191
بیست و سێیەم / ترسنۆکیی هەردوو خوداوەندەکە 192
بیست وچوارەم / هێز لە نهێنیدا 194
بیست و پێنجەم / جەنگی ناخ و جەنگی ڕووکەش 195
بیست وشەشەم / ئاگاداری هێز بەلاڕێدابەر (خادع) بە 196
بیست و حەوتەم / وەسوەسەی شەیتان وخوداوەند (بەشی یەکەم)197
بیست و هەشتەم / وەسوەسەی شەیتان وخوداوەند (بەشی دووەم )198
بیست ونۆیەم / کۆنتڕۆڵی نەفس وعەقڵ لەلایەن ئەو دوو هێزەوە198
سییەم / بەهرەکان 200

سی ویەکەم / حوکمەکان 201
سی ودووەم / ڕواڵەت 202
سی وسێیەم / داهێنان 204
سی وچوارەم / پەیوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بەو دوو دەسەڵاتە205
سی وپێنجەم / سەرهەڵدانەوەی هەردوو هێزەکە بەئاشکرا 206
سی وشەشەم / ئاشکرابوونی هەردوو دەوڵەتە نهێنیەکە 207
سی وحەوت / هەرسێ باس و خواسەکەی ژیانی ڕۆژانەمان 208
سی و هەشتەم / دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەسەر زەویدا 209

بەشی دوازدەیەم

وجوود

کاریگەریی شت و نا شت بەسەر یەکترەوە 211
سووڕی ئەبەدییەت 212
حلودیەتی وجوودیەت 213
گەشە کردن بەنێو کات دا 216
لە لاوازیەوە بۆ بەهێزی 217
هۆش دیزاینەری خەلقە 219
هەست وسۆز خولقێنەرە 220
خۆراک بخۆر دروست دەکات ، کەواتە سرووشت خالیقە 221
ئەزموون گەردوون ڕێک دەخا 222
ژیان ئەزموونە 223
ژیان تۆوێکە ، کام سەرزەمین لەبار بێ ، لەوێ گەشە دەکا 224
بوون وژیان هەر هەبووەو هەر دەشمێنێ 225
دروست بوونەوەو لەناو چوون 227
مردن وژیان 229
حەیاتی بەرزەخ یان قۆناغی هەڵوەشانەوە 230
خورافاتی زیندوو بوونەوە 232
لەناو بردن و خوڵقانەوە 233
خوداکردە چیەو دەسکردە چیە 233
خودا بەرهەم هێنە ،سرووشت بەکار هێنە 234
پرسیارەکان ، وەڵامەکانیان لەناو سرووشت دایە 235

بەشی سێزدەیەم

مرۆڤبوون


وزە خوداییەکەی ناو جەستە 237
دەوڵەتی قووڵی نهێنیی ناو جەستە 238
یەکانەیی بوونی جەستە 239
بنەمای نەگۆڕ لە سرووشتی مرۆڤدا 240
مرۆڤ بۆچی هاتۆتە دونیاوە؟ 241
ئەرکی مرۆییمان و ئەرکی خوداناسیمان 242
مرۆڤ تاقیگەی خوداناسیە 243
هەرکەس بەپێی ئاستی خۆی بەرپرسە 244
مرۆڤی فێرکراو یان مرۆڤی فێربوو؟ 245
مرۆڤبوون لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە 246
مرۆڤ پێک هاتوە لە ( حەز ، خودا ، شەیتان ) 247
جۆری ویستەکانی مرۆڤ 248
ویستی خودایی ( ویستی مانەوە ) 250
ویستی مرۆیی ( گۆڕانکاری ) 251
ویستی شەیتانی ( چەقبەستوویی ) 252
مرۆڤ بەرپرس نیە بەرامبەر بەو شتانەی کە هەستیان پێ ناکا253
هەست و بیرکردنەوە 254
حەقیقەتی هۆشمەندیی مرۆڤ 255
ئاگایی بەرەنجامی هۆشە، هۆشیش بەرەنجامی واقیعە 256
ئازاد کردنی عەقڵ بە ڕەهایی 258
نوێخوازی 259
هێزو بەرژەوەندی ومانەوە 260
سرووشتی مرۆڤ و بەرژەوەندیی دەسەڵات ووووو 261
سرووشت و تێگەیشتن و عەقڵی شۆراوەتەوە 263
جیاوازی لەنێوان یاسای خوداو یاسای مرۆیی 264
حوکم بۆ مرۆڤە نەک خودا 265
کەی مرۆڤ دەگاتە دوا لوتکەی مرۆڤبوون یان مرۆڤی باڵا 266
ئایا بەڕاستی مرۆڤ دەتوانێ ببێتە بەدیلی خودا؟ 267
ئێمە پەیامبەری ڕاستەقینەین 269
هەرچیت هەیە پێویستیە نەک ڕێزو شەرەفمەندی 270

هەر شتێک مرۆڤ دەستی پێی بگات ،ئامرازە 271
بەشی چواردەیەم
ئاین وئاینی مرۆڤایەتی
دونیا لە ڕوانگەی دینپەرست وخوداناسیدا 273
ئەزموون لە ئاین و سەلماندنیش لە زانست 274
زانست لەنێوان بەرداشی ئاین و دژە ئایندا 275
ڕەسەنایەتی و ئاین 276
ڕەوشت وئاین 277
کاریگەری ئاین لەنێو کۆمەڵگا ، زاڵ بوونە بەسەر کۆمەڵگا278
ئاین ژمێریاری هەڵەکانی خودایە 279
جەمسەرەکان وئاین 282
ئایا ئاین پێویستە بۆ مرۆڤایەتی ؟ 284
ئاینی مرۆڤ ، هۆش و ویژدانە 285
ئاین ، هەستیاری دروست دەکا 286
مرۆڤ سەرداری چاکەو خراپەیە نەک ئاین 287
بۆچی باوەڕدارە ئایندارەکان سەرکەوتوو نەبوون 288
ئاینپەرستیش هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەتایست 289
دزی کردن لە مرۆڤایەتی 290
دزی کردن لە ئەزموونی مرۆڤایەتی 291
دزینی باوەڕی مرۆڤایەتی 292
کۆتا بزمار لە تابووتی سرووشتی مرۆڤ 294
بەشی پازدەیەم
ڕەوشتەکان
پێداچوونەوە بە چەمکە ئەخلاقیەکان 296
ڕەوشت (ئەخلاق ) 297
ئایا هۆش و ویژدان ڕەوشت دروست دەکا یان دین وئیمان 298
کۆیلایەتی وکۆیلەبوون سەرچاوەی هەموو بێ ئەخلاقیەکانە 300
بەشی شازدەیەم
عەشق و خۆشەویستیی مرۆیی
خۆشەویستی وهێزی کێش کردن 302
خۆشەویستی غەریزەیی و خۆشەویستی ڕۆحی 303
عەشق چیەو چۆنە؟ 304

عەشق وعاشق و مەعشوق 305
خۆت خۆش بوێ 306
بنەمای نەگۆڕ ( چیت بۆ خۆت پێ خۆشە....) 307
بەشی حەڤدەیەم
جیاوازی و یەکسانی
ئایا هەموومان یەکسانین لە وەزیفەی سەرشانمان؟ 309
جیاوازی نێوان شوناسی مرۆڤ و شوناسی ژیانەوەران 211
جیاوازی ئێمە لەگەڵ گیانەوەران چیە ؟ 312
جیاوازی نێوان پێدان وپەیدا کردن 313
بەشی هەژدەیەم
خێرپێکردن یان یارمەتیدان؟
یارمەتی دان یان خێرپێکردن؟ 315
کام خێر؟ 316
چاکەکردن بەخشندەییەو قەرزو فەرز نیە 317
ئەو کاتەی کە دەپارێیتەوە، دەبیتە کۆیلەو لە مرۆڤبوون..... 318
بەشی نۆزدەیەم
پارێزگاری وپاکبوونەوە
ژینگەپارێزی یان بەرهەمداری؟ 320
پاککردنەوەی مرۆڤ 321
بەشی بیستەم
غەریزەو ئافرەت
پێکهاتەی غەریزەی مرۆڤ 323
پێکهاتەی غەریزەیی 324
ئافرەت لەنێوان خۆ ڕووت کردنەوەو جوانیی دەرخستندا 325
ئافرەت و سەروەریی بڕیاردان 327
هاوسەرگیری 328
هاوسەرگیری لە فەرهەنگی خوداناسانەی مندا 329
قسەیەک لەسەر جێندەر 331
بەشی بیست ویەکەم
گوناهو تاوان
لە بنەڕەتدا شتێک نیە بەناوی تاوان 333
تاوان داهێنراوی مرۆڤە 335

ناشیرین کردنی جوانیەکان و جوان کردنی ناشیرینیەکان 336
یەکەم / ناشیرین کردنی جوانیەکان و جوان کردنی .... 336
دووەم ناپاکی (خیانەت) 337
سێیەم / خۆگەورە بینین 337
چوارەم / چەمکە ئەفسوناویەکان 338
پێنجەم / ڕێگری کردن لە بیرکردنەوە 339
شەشەم / خۆشەویستی 339
حەوتەم / ناچارکردن بەچەمکە ئەخلاقی و ویژدانیەکان 340
هەشتەم / ڕادەستبوون (تەسلیم بوون – ئیسلام بوون ) 341
نۆیەم / کۆیلایەتی (عبد – عابد – عبید ) 342
دەیەم / هەموو جۆرە هاوسەرگیریەکی نهێنی تاوانە 342
یازدەیەم / ڕووداو یان ویستی خودا؟ 343
دوازدەیەم / بەکار نەهێنان وخراپ بەکار هێنانی عەقڵ 344
سێزدەیەم / ئەوەی ئەمڕۆو دوێنێی وەک یەکە 345
چواردەیەم / تاوان بەناوی خوداوە 345
پازدەیەم / ئاڵوودە بوون 347
شازدەیەم / تاوانی ( من دەزانم ) 348
حەڤدەیەم /هەست بریندار کردن 348
هەژدەیەم / تاوانی ڕەخنەگرتن 349
نۆزدەیەم / ڕێگە بەخۆدان بەناوی خوداوە 350
کارما ، کاروکاردانەوەوتاوان 351
بەشی بیست و دووەم
ترس ومردن
ململانێی ترس 353
گیانبەخشینی پیرۆز یان شەهیدبوون؟ 354
ئۆباڵی مردن بە ئەستۆی کێ؟ 355
بەشی بیست وسێیەم
دونیایێکیتر
ئایا خودا پاداشت و سزای هەیە؟ 357
خودا سزادانی نیە، بەڵکو یاسای هەیە بۆ سزا 358
پاداشت وسزا تەنها درۆیێکە 359

دونیاییێکیتی ،وەهم وخەیاڵ یان ڕاستەقینە لە کۆتاییدا 360
ئاگاتان لە تەڵەی ناوبانگ بێ 362

بۆ پەیوەندی کردن بە نووسەری ئەم کتێبە:
ژمارە تەلەفۆن : 07515245481
فەیسبووک :
https://www.facebook.com/profile.php?id=100092508582882&mibextid=ZbWKwL
تیلیگرام : t.me/fuadosman

## ڕازی دڵ

ئەمە ئەو گوزارشتەیە کە باس لە حاڵەتێکی مرۆیی دەکا ، وە پەیوەستە بە عەقڵەوە . چونکە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەن لە مرۆڤ ڕوو دەدا کە تەنها پێویستە خۆی وخۆی بێ و کەسیتر لەنێوان دا نەبێ. وەک ئەو پیلان و بیرۆکە داهێنەرانەو ئەو گوزارشتە تایبەتیانەی کە لە ئێستادا بە هزروبیری مرۆڤ دا دێن و هێشتا کاتیان نەهاتوە . هەروەک سەعیدی نورسی دەڵێ : هەندێ شتم نووسیوە بۆ ڕۆژاواییەکان کە دوای سێ سەد ساڵیتر ئینجا تێی دەگەن . بەڵام وتنی هەندێ لەو ڕاستیانە لە ئێستادا ، گوتەبێژ ئازار دەدەن ، لەو کاتەدا زۆر گرنگە مرۆڤ ئارامیی خۆی تاقی بکاتەوەو خۆی هەڵسەنگێنی کە چەندە سەنگین ودامەزراوە . مەرج نیە هەموو ڕاستیەک بۆ وتن بێ. هەندێ ڕاستی هەن کە خودا تەنها بە تۆی دەبەخشێ بۆ ئەوەی تەنها تۆ بیزانی ، ئەمە نهێنیی خودایە لای تۆ ، تۆش نهێنیی خودا بپارێزەو مەیدرکێنە . دڵخۆش بە بەوەی کە هەندێ ڕاستی

هەن کە نە پێشتر و نە ئێستاو نە خەڵکانی دواتریش نەیان بیستوەو نایزانن . ئەمە شەرەفێکە تەنها بەتۆ بەخشراوە ، بەڵام ئەم شەرەفەش هەر لە خۆوەو بێ هۆکارو بە خۆڕایی نییە . بەڵکو بۆ ئەوەیە بەدیوێکیتر گوزارشت لەو ڕاستیە بکەیت و لە ڕاستگەڕیدا (واقیع) بەشێوەیەکیتر پڕاکتیزەی بکەیت. هەندێ ڕاستی هەن دێن بە مێشکتدا ، هێندە ناسک و کورت مەوداو تیژڕۆن ، ئەگەر نەیان نوسیتەوە ، زوو لە بیرت دەچنەوەو لەناو دەچن . مرۆڤی کەمتەرخەم کەمتر لەو پشکەی بەردەکەوێ ، نا پشکی زیاترت بەرکەوێ ، بزانە تۆ گرنگی پێدراوی خوداکەی خۆتی . هەندێ ڕاستیش هەن کە دێن بە مێشکدا ، هێندە ڕێک وئەندازەیین ، ڕەنگە دەزگایێکی زەبەللاحی وەکو دەزگای ناسا تا ئێستا هەستی پێ نەکردبێ ، وتنی ئەو ڕاستیانەش بەبێ بەڵگەو بێ سەرچاوە ،دەتخاتە بارودۆخێکەوە کە ببیتە مایەی گاڵتە پێکردنی چوار دەوری خۆت . بۆیە تەنها خۆت بیزانەو کەس نەیزانێ ، بەڵام با بەدیوێکیتر لە ژیانی ڕۆژانەت دا ڕەنگدانەوەی هەبێ بەسەر کۆمەڵگادا. یان ڕێگایەک بدۆزەوە بۆ چۆنیەتی پڕاکتیزە کردنی ئەو ڕاستیانە.